



# فەریناز سمبوڵی ڕاپەڕینە

## لە پەراوێزی گیان لەدەست دانی فەریناز خۆسراونی و راسانی مەهاباد

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:


١- «نامووس» غەدرێک لە ژن.......................................................... کوێستان فتووحی ..... ٥

٢- «رۆژهەڵات، تامەزرۆی شۆڕشێکی بەربەرین»...................................................... سمایل زارعی ..... ٨

٣- شەقام نابێ تەنیا بێ!...................................................................... خالید محەممەدزادە ..... ١٥

٤- مەرگی کچە کوردێک، دنیای لە ئێران هێنایە دەنگ.............................................. ئازاد کەریمی ..... ١٧

٥- خالید عەزیزی: تێبکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکاندا دروست بکەین.............................................. ٢٠

٦- رقی پیرۆزی مەهاباد، لە میدیا جیهانیەکاندا.................................................... ئاگری باڵەکی ..... ٢٦

٧- پاساوی تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟........... عومەر باڵەکی ..... ٣٠

٨- ڕووداوەکەی مەهاباد زۆر مەسەلەی بۆ ڕوون کردینەوە........................................... هیوا سەلیمی ..... ٣٣

٩- جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان هەندێ چالاکی سیاسیی ناوخۆ و دەرەوە.................... برایم جەهانگیری ..... ٣٧

١٠- ڕووداوی مەهاباد و ئێمە؟............................................................... برایم فەڕشی ..... ٤٠

١١- دەقی وتووێژی هەفتەنامەی "رووداو" لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک.................................

.................................................................................. هەڤپەیڤین: ئومید بەرین ..... ٤٢

١٢- وتووێژی عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەگەڵ ڕۆژنامەی عەرەبیی "المستقبل"....................... مەسعوود مۆوەممەد ..... ٤٧

١٣- خالید عەزیزی بۆ ئاژانسی "ئانادۆڵ": "ستراتیژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە......... فەخرەدین ئیبراهیم ..... ٤٩

١٤- هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان.......................................................... قادر وریا ..... ٥٢

١٥- بەهاری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.............................................. سامان فەقێ نەبی ..... ٥٥

١٦- راسانی مەهاباد، وانەیەکی دیکەی خەبات............................................ عەبدوڵڵا بەهرامی ..... ٥٧

١٧- شکاندنی تابۆکانی بێ دەنگی...................................................... کوێستان عومەرزادە ..... ٥٩

١٨- مەرگی تراژیکی فەریناز خوسرەوانی وهەڵوێستی جەماوەری و نەتەوەیی خەڵکی مەهاباد..... لوقمان زەهرایی ..... ٦١

١٩- ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتای بە قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی هێنا!......................

..................................................................................... محەممەد سولێمانی ..... ٦٤

٢٠- بەرهەڵستکارییەکەی شاریی مەهاباد، سەلماندنی رەوابوونی خەباتی مەدەنی لەکوردستان... ئەنوەر ئەسەدزادە ... ٦٦

٢١- ڕووداوی هۆتێل "تارا" و سێ هەڵوێستی جیاواز........................................... جەعفەر کوردپوور ..... ٧١

٢٢- بۆ جەستەی ژن بە خواست یا ناخواست هەمیشە گرێدراوی کارەساتە؟.......................... شەهلا دەباغی ..... ٧٣
٢٣- قەیرانی ڕێکخستن و راگەیاندن لەهەناوی رووداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا............... عەزیز شێخانی ..... ٧٦
٢٤- ڕاپەڕینی مەهاباد، بانگەوازی قۆناغی نوێی شۆڕش........................................ جەلیل ئازادیخواز ..... ٧٩
٢٥- چرکەساتی فەریناز خوسرەوانی و گریمانەی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی....................... د.عادل باخەوان ..... ٨٢
٢٦- ڕێبوار سیوەیلی: رۆژهەلات هەرگیز بێدەنگ نەبووە.................................. دیمانە: هیدایەت جان ..... ٩٠
٢٧- " فەریناز" قوربانییەکی دیکەی توندوتیژی شوێنی کار..................................... سروە فەتاحی ..... ٩٤
٢٨- زەمین لەرزەکەی فەریناز.............................................................. تانیا کورد میرزا ..... ٩٧
٢٩- فەریناز خوسرەوانی پەردەی هەلمالی.................................................... عومەر عەلی غەفوور ..... ٩٩
٣٠- فەریناز و زەنگێک..................................................................... نەجیبە قەرەداغی ..... ١٠١
٣١- بۆ پارتەکانی رۆژهەلات................................................................ هیوا مەجید ..... ١٠٤
٣٢- خەبات لە پێناو رزگاری.................................................................. مێهدی قودوسی ..... ١٠٦
٣٣- هەموو دنیا لە سابلاخ دەروانێ............................................................ بەدران ئەحمەد حەبیب ..... ١٠٨
٣٤- پیلانی ئیتلاعات دژ بە ئیعتباری فەریناز خوسرەوانی و رابوونی مەهاباد پووچەڵ بکەینەوە.... خەلیل غەزەلی ... ١١٠
٣٥- ناسیۆنالیزمی ناموس: هەڵچوونەکەی مەهاباد........................................... کامیار سابیر ..... ١١٣
٣٦- فەریناز خوسرەوانی؛ شۆڕشە!............................................................ هیوا ناچار ..... ١١٧
٣٧- مەهێلن تاوانباری روداوەکەی مهاباد بنوێت!.............................................. ئیسماعیل زادە ..... ١١٩
٣٨- قسە سەیرەکان! تووڕەبوونی خەڵک لە سەر شەرەفی ژنە، یان؟................................ هانا عەلی ..... ١٢١
٣٩- گیانلەدەستدانی فەریناز نابێت بەئاسانی تێپەڕێت!........................................ لاوژە جواد ..... ١٢٣
٤٠- دیوەکەی تری مەرگی فەریناز.......................................................... گەزیزە باپیری ..... ١٢٥
٤١- هەرگیز یەکسان نین، تەنانەت لەمەرگیشدا................................................ سەبری بەهمەنی ...... ١٢٧
٤٢- فەریناز سمبوڵی ڕاپەڕینە.............................................................. ئاشنا عومەر ..... ١٢٩
٤٣- بزووتنەوەی مەدەنی ـ خەباتی شار...................................................... جیهان کەرەمی ..... ١٣١
٤٤- شایەتە دەست پاکەکانی کارەسات......................................................... مەنسوور تەیفووری ..... ١٣٣
٤٥- کورد و ناموس....بۆ شۆڕشگێرە درۆزنەکان.................................................. شێروان حوسێن لەبەرواری ..... ١٣٧
٤٦- بەیاننامەیەک، بۆ مافخوازی یان بێدەنگی؟!................................................. ئاوارە وڵات ..... ١٣٩
٤٧- گیان لەدەستدانی فەریناز نابێ بە ئاسانیی تێپەڕێ!....................................... لاوژە ماهیە ..... ١٤٢
٤٨- کورتەی بۆچوونەکانی مەسعوود مەناف لە بەرنامەی "دەنگی ڕۆژهەلات"ی سەبارەت بە رووداوەکانی مەهاباد ...... ١٤٤
٤٩- حزبەکانی رۆژهەلات یەکگرتوو نین.................................................. دیمانە: هیدایەت جان ..... ١٤٦



سەرچاوە
Serchawe

٥٠- بابەتێکی سایتی "آذریها" (ئازەرییەکان)، لەمەڕ رووداوەکانی مەهاباد............. وەرگێڕانی: ئەحمەد تاشک .... ١٥٠
٥١- لە فەرخوندەوە تا فەریناز، زێهنییەتی دژی ژن و ژنکوژی .............. هاوپرسەیەک لەگەڵ نەجیبە قەرەداغی ......
...................................................................................... حەسەن قازی ..... ١٥٣
٥٢- رووداوەکانی مهاباد لە وتووێژ لە گەڵ کاک ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە......... گۆڤاری لیڤین ..... ١٦٠
٥٣- مافی بەکارهێنانی "لەگەڵتانین! ................................................ ناسر فەتحی ..... ١٦٥
٥٤- کارەسات! ......................................................................... برایم جەهانگیری ..... ١٦٧
٥٥- بەیانیت باش مەهاباد ئەی قەڵای پیرۆزی ئازادی (هونراوە)................................... خاڵە قازی ..... ١٦٩
٥٦- پەیام و ڕاگەیاندراوی حیزب و ڕێکخراوەکان ............................................................ ١٧٠
٥٧- بۆڵتەنی هەواڵ .......................................................................................... ٢٤١
٥٨- پۆستر و وێنە ........................................ دیزاین و ئامادەکردنی: ئاگری باڵەکی ..... ٣٤٤



## «ناموس» غەدرێک لە ژن



### کوێستان فتووحی

زۆر جار مرۆڤی وڵاتی ئێمە لە ژێر ناوی چەمکی «ناموس»دا ژیانی لێسەندراوەتەوە یان بە ترس و خۆفەوە درێژەی بە ژیان داوە. «ناموس» تەنیا وشەیەکی رووت و بەتاڵ نیە، بەڵکوو چەمکێکە لە نێویدا دیوارێک لە ستەم هەڵچنراوە. لە نێو ئەم چەمکەدا مرۆڤ لە مرۆڤ بوون بەتاڵ کراوەتەوە. کاتێک ئینسان ئازادییەکانی لێدەسەندرێتەوە، هەموو جووڵەیەکی لەژێر تارمایی ترس دایە، مرۆڤێکی داڕووخاو و بێ ئیرادە دەبێ.

لە کۆمەڵگەی «ناموس»تەوەردا کە ئێمەش بەشێکین لەو کۆمەڵگایانە، ترس سەرتاپای ژیانی مرۆڤەکان بە پیاو و ژنەوە دادەگرێ. ترس لە دەستدرێژی، ترس لە لەدەستدانی «پاکیزەیی و پیرۆزایەتی»، ترس لە سووکایەتی و بەلاڕێداچوون، ترس لە تۆڵەکردنەوە، کە ئەمانە هەموویان دەچنەوە نێو قالبی چەمکی «ناموس»ەوە.

### فەرینازی دووجار قوربانی

پیاوانە دەستی پێکرد و پیاوانە کۆتایی پێهات! تەنیا مردنەکەی بە مانای راستەقینە ژنانە بوو! هەڵبەت ئەمنیش ژنانە خۆشبین بووم، پێم وانەبوو هەموو کێشەکان دەکەونەسەرەوەی کێشەکەی فەریناز و دواتر کێشەکەی ئەو وەک تارای سووری بەر هەتاو کاڵ دەبێتەوە.

... «بۆ دیفاع لە فەریناز رێگا زۆرن و خەڵک وا زوو ناکشێنەوە، چونکە غەدری «ناموس» لە کۆمەڵگەی ئێمەدا غەدرێک نیە بۆ لێخۆشبوون ببێ»!

پێشبینییەکان وەک بیرکردنەوەکانم نەبوون، هەر لە ناشتنەکەیڕا دەرکەوت فەریناز هەر زوو کەوتە پەراوێزەوە. هەژارانە تەرمەکەی بەبێدەنگی و بە شاراوەیی بەرەوگۆڕستان برا، تەنانەت ژنانیش (بەرادەی پێویست)خۆیان نەکرد بە خاوەنی کێشەکەی، هەر بۆیە زەحمەتیان بەخۆیان نەداو نەچوونە ژێر دارەمەیتەکەی!

بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و تەنانەت بەشێکیش لە حیزب و راگەیەنەکانیش کە هەمووکات ئیدیعای پێشڕەوایەتیان کردوە، چەمکی «ناموس» وەک بەهایەک لە وتەو لێدوانەکانیادا دووبارە دەبۆوەو وەک پیرۆزییەک چاویان لە مردنی فەریناز دەکرد.

لە حاڵێکدا ئینسانێک گوماناوی گیانی لەدەست دابوو ئایا کوشتیان یان خۆی کوشت؟ لەهەر حاڵدا بووە قوربانی ناپاکی و هەستی گڵاوی کەس یان کەسانێک کە وەک زۆر ژن و کچی دیکەی ئەم نیشتمانە بووە هۆی گیان لەدەست دانی. بەڵام ئەگەر ئەو پێناسەیەی ئێستا بۆ «ناموس» هەیە نەبوایە، رەنگە فەریناز لە ئێستادا لە ژیاندا مابا و بەشێوەیەکی دیکە دیفاعی لە مافی خۆی کردبایە. بەڵام ئەو باش دەیزانی ژیان لە نێو ترس و گوماندا چەندە دژوار دەبێ!

لەو رووداوەدا کەس بەدوای ئەم پرسیارەدا نەگەڕا ئەگەر فەریناز خۆی فڕێ نەدایەو گیانی لەدەست نەدایە، دوای ئەم رووداوە –هەوڵی دەستدرێژی کرانەسەری- چۆن لەو کۆمەڵگەدا ژیانی بەسەر دەبرد؟ ئایا ئەو خەڵکەی دوای مەرگی بۆی وەدەنگ هاتن ئەوکاتیش پشتیوانی دەبوون؟ چۆنیان مامەڵە لەگەڵ کەسێک دەکرد کە دەستدرێژی کراوەتەسەر؟ یا هەوڵی دەستدرێژی کردنەسەری دراوە؟ ئایا ئەگەر ئەو کەسەی ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتەسەر فەریناز، مۆرەیەکی سەربە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوایە، ئەو پشتیوانیە لە فەریناز دەکرا؟ وڵامەکان روونن و ئەگەر وەک زۆر بابەتی دیکە خۆی لێ لانەدەین لەلای هەموومان ئاشکرایە.

فەریناز وەک هەر مرۆڤێک خاوەنی مافی سروشتی خۆی بوو، واتە ژیان بەبێ ترس، بەڵام ترس گیانی لێسەند. خۆی کردە قوربانیی پارێزگاری لە»ناموس». خۆ ئەگەر مابا‌ش دیسان هەر دەبووەوە قوربانی «ناموس». ئەگەر مەرگی هەڵنەبژاردایە و توانای دیفاعیشی لەخۆی نەبوایە و دەستدرێژی کرابا سەر، دیسان ئەو بەجۆرێکی دیکە دەمرد، چونکە ئەو کۆمەڵگەی ئەوی تێدا دەژیا بەچاوێک لێیان دەڕوانی کە مەرگ هەزارجار باشتر دەبوو لە ژیانەکەی. ئەو بەتاڵ دەبۆوە لە مرۆڤ بوونی، چونکە نێوەرۆکی ژن «ناموس»ە. ئەو مۆتەکەیەی زۆری لەسەر کوژراون و زۆری لەسەر «بێئابڕوو» کراون! هەر بۆیە پێش ئەوەی گیانی لێبستێنن خۆی گیانی لەخۆی سەندوە.

رووداوەکە کۆتایی پێ هات یان کۆتایی پێدێ، بەڵام ئایا لاپەڕێکی نوێ لە وەزعی ژن و مەسەلەی «ناموس» لە کوردستان هەڵدەرێتەوە؟ ئایا «ناموس» بەوزووانە لە جەستە یان سێکسوالیتەی ژن دێتەدەر یان هەر بەشێک دەبێ لە هۆوییەتی ژن.



سەرچاوە
Serchawe

### «نامووس» بەبێ ژن و ژن بەبێ «نامووس» چ بێواتان!

«نامووس» برینێکی کۆنە و بەهەر لێککەوتنێک قەتماغەی ئەو برینە هەڵدەکەندرێ‌و خوێن لەوبرینە دێ. دەڵێن لە رابردوودا شەڕی «نامووس»بە خوێن نەبێ ئاشتبوونەوەی نەبوو! زۆربەمان نموونە و چیرۆکی زۆرمان لەلایە. پیاوان بۆ لێدان و تۆڵەکردنەوە و سووکایەتی بە یەکتر هەر جەستەی ژنیان داوەتە بەر چەقۆ و زەهری «نامووس». راستییەکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی کورد ئێستاش ڕێگەیەکی دوور و درێژی لەپێشە کە «نامووس» پێناسەبکاتەوە و لە جەستەی ژنی دەربێنێ.

زۆربەمان سەرەڕای ئیدیعاکانمان، کە هەر کات باسی چەمکی «نامووس» دەکرێ، ئێستاش نەمانتوانیوە یان نەمانوێراوە «نامووس»بە ژنەوە پێناسە نەکەین. کەم ژن هەیە بە ئاشکراو لە تریبوونێکەوە روو بەخەڵک بلێ «من نامووسی هیچ پیاوێک نیم، بەڵکوو مرۆڤم و خاوەنی هەموو ئەو مافانەم کە مرۆڤ دەبێ لێی بەهرەمەند بێ». زۆر جار لەم دەستەواژەیە کە ژن بەکاری دێنێ واتە (من نامووسی پیاو نیم) کەڵکی خراپ وەردەگیرێ. بە باوەڕی من ئەوە بەو مانایەیە مرۆڤ روح و جەستە و بیر و هۆشی هی خۆیەتی و کەسیش مافی ئەوەی نیە بۆمەبەستێکی تایبەتیی و بەرژەوەندیخوازی لە جەستەو بیرو هۆشی کەسی دیکە کەڵک وەربگرێ. بۆیە دەبێ رووناکبیران و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ ئەو شەهامەتەیان هەبێ «نامووس» پێناسە بکەنەوە و ڕێگە نەدەرێ چی دیکە کەڵکی ئامرازی لەو جەستەیە وەربگیرێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## «ڕۆژهەڵات، تامەزرۆی شۆڕشێکی بەربەرین»



**سمایل زارعی**

ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە شاری مەهابادو بە دوای کوژرانی کیژێکی کورددا ڕوویدا، ڕاشکاوانە ئەو پەیامەی بە هەموان گەیاند کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێوچان و سوورتر لە جاران هەوڵ بۆ گۆڕانکاری قووڵ و گرینگ دەدا و تەنانەت لەو پێناوەدا ئەگەر دەرەتانی هەبێ، دەست بۆ شۆڕشێکی بەربەرینیش دەبا. سەبارەت بە وردەکارییەکانی چۆنییەتی یان تەنانەت هۆکاری ڕوودانی کوژران یان خۆشکوژی بە تۆپزی »فەریناز خوسرەوی« زۆر گوترا، نووسرا و دیترا کە پێویست ناکات بچینەوە سەریان، بەڵام ئەوەی لەم وتارەدا ئاوڕی لێ دەدرێتەوە وردبوونەوەیە لە هاتنە سەر شەقامی بە لێشاوی خەڵک لە ڕۆژهەڵات و هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو چەشنە هاتنە سەر شەقامانەیە. لەبۆیەش بە وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی کە لە شاری مەهاباد و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵات دا ڕوویان دا، جارێکیتر دیتمان تینی پشکۆی شۆڕش و هەستانەوەیەکی بەهێز لە بن خۆڵەمێشی سەرکوت و زەبرو زەنگی زیاتر لە سێ دەیەی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەنگی خواردۆتەوە و درەنگ یان زوو، بە هەر بیانوویەک بێ ئەو گڕە کڵپە دەستێنێ و بە دەوروپشتی خۆی دا پەل داوێژێ. لە کەس شاراوە نیە کە ڕاستە ڕووداوی گیان لە دەستدانی کیژێک بووە بیانوو و سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکان، بەڵام کەسیش نیە نەزانێ کە شێوازی سەرکوتی بێبەزەییانە و شەڕفرۆشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی دا لە لایەک و لە لایەکیتریشەوە ڕەوتی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ترسی لە مۆتەکەی شۆڕش و گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە و هەم هاووڵاتییانی کوردیش لە هەمبەر کێشە و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان دا نەک هەر بێدەنگ نابن، بەڵکە بۆ ئەستاندنی مافەکانی خۆیان کەڵک لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرن و بۆ وەدیهاتنی مافە ڕەواکانیان تەنانەت دەست بۆ شۆڕشێکی نوێش دەبەن. خراپ نیە وەبیر هەموو لایەکی بێنینەوە کە پاڵنەری هاتنە سەر شەقام لە



سەرچاوە
Serchawe

مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان، جیا لە داکۆکی کردن لە »کەرامەت و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تاکێکی کورد»، بەڵکوو لێپرسینەوە لە گیانی مرۆڤێک و جگە لەوەش نارەزایەتی بەو هەموو زەبر و زەنگ و سەرکوت و ئازارایە کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی خۆی دژ بە کوردی رەچاو کردوە. رەنگە خراپ نەبێ، وەک بەڵگەی هەرە زیندوو بۆ ئەو زەبرو زەنگە ئەوە بێ کە تەنانەت هاوکات لەگەڵ ئەوەی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە سەر شەقام، نارەزایەتییەکی گەورەش لە شاری تەورێز سەبارەت بە کێشەی بوونە یەکەمی تیمی فووتباڵی ئەو شارە هاتە ئاراوە و لێکدان و نارەزایەتییەکی زۆریش هاتە گۆڕێ، کەچی نە کۆماری ئیسلامی ئەو توندوتیژییەی لە کوردستان دا و بەرامبەر بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کردی لە تەورێزیش نواندی و نە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک خەڵکی تەورێز زۆر زوو دامرکانەوەو وازیان لە داواکەی خۆیان هێنا. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە خەڵکی کوردی ناڕازی سەر شەقام کردی، جگە لە جەنایەت و کردەوەی نائینسانی، رێک کۆپی و هەوڵێک بوو بۆ سەرکوتی خەڵک بە شێوازی سەرکوتی شۆڕش و جووڵانەوەیەکی بەربەرینی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکی زۆرترمان لە باسەکەدا هەبێ، واباشە هەر لە دەلاقەی شێوازەکانی سەرکوتی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بچینەژوور:

## شێواز و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی:

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وێڕای ئەوەی بە توندترین شێوە پەلاماری نارەزایەتییەکانی دا و هەموو هەوڵێکیشی بۆ بەرگرتن لە پەرەسەندی زیاتری نارەزایەتییەکان دا، هەوڵی بۆ چەواشەکاری لە رووداوەکە دا و بە بڵاوکردنەوەی کورتە فیلمێک کە پتر لە شانۆیەکی گاڵتەجارانە دەچێ هەوڵی بۆ کەلێن خستنە نێوان و دڵکرمێ کردنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ناڕازی دەدات. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی زۆر باش لەو راستییە تێگەیشتووە کە داوای و مەبەستی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام هەر تەنیا بە پرسی مەرگی خوالێخۆشبوو «فەریناز خوسرەوی» نەدەبەسترایەوە و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای کۆمەڵێکی زۆر مەبەستی دیکەوەیە کە لە هەر دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕێی ئەو داوایانە کەڵک وەردەگرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەوڵێکی جینایەتکارانە بۆ سەرکوت و کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان، تەنانەت دەستی لە ئابڕوو و کەرامەتی بنەماڵەیی فەرینازی کۆچکردووش نەپاراست. ئەوەی لێرەدا و لەم قۆناغەدا بۆ زۆر کەس پرسیارە، ئەوەیە کە مادام کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سەرکوتی نارەزایەتییەکان دەست لە هیچ جەنایەتێک ناپارێزێ و بە زەبری چەک و بە قڵت و بڕی خەڵکی ناڕازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەوڵ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی پڕ لە زەبر و زەنگی خۆی دەدا، تاکی ناڕازی کورد دەبێ دەبێ چ بکات و چلۆن بچێتە پێش کە بە کەمترین خەسار، باشترین و گونجاوترین مەبەستی خۆی بپێکێ؟ تاکی ناڕازی کورد دەبێ چاوکراوە و وریا بێ و لانیکەم بە هەڵسەنگاندنی شێوازی بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی لە تەورێژ و لە کوردستان دا ئەو راستییەی بۆ دەرکەوێ کە ئەو حەساسییەتەی بە بزووتنەوە و نارەزایەتییەک لە کوردستان هەیەتی، قەت بە هیچ کوێی دیکەی وڵاتی ئێران ئەو هەستیارییە لە کۆماری ئیسلامییەوە هەست پێ ناکرێ، لەبۆیەش بە توندترین شێوە هەموو چەشنە بزاوتن و هەستان و راسانێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێ. خراپ نیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە کە دەڵێین کۆماری ئیسلامی بە

هەموو شێوەیەک و هەوڵ بۆ سەرکەوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ناڕازی کوردی دەدا ئاماژە بە چەند هەوڵێکی ئەم وایبانەی کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە بکەین:

ئا: تەقەکردن بە گازی فرمێسک ڕێژ و بە چەکی فیشەک ساچمەیی کە تا ئاستی مردن جێی مەترسییە،
ب: تێکردنی هێزێکی زۆر و زەوندی دژە شۆڕشی سەرکوتکەر،
ج: ئاوساندنی بارودۆخی شارەکانیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزە نیزامییە سەرکوتکەرەکانی،
د: هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەریناز کۆچکردوو،
ە: خۆدامالێن لە کێشە سەرەکییە و تاوانبارکردنی هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەشەسەندنی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتییەکان، و...
و: هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆدامالێن لە کێشەی سەرەکی و کارکردن بۆ بە لاڕێدابردنی ناڕەزایەتییەکان.

کەوابوو لە بنەڕەت دا، هۆکاری هەر چەشنە توندوتیژییەک دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی کاربەدەست و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و لەو بارەوە هیچ تاوانێک ناکەوێتە سەر خەڵکی ناڕازی، بەڵام هەر ئەوە بە تەنیا بەس نیە و واباشە کە ئەرکی شێوازەکانی بەرەوڕووبوونەوە دژی کۆماری ئیسلامی دابەش بکرێ و هەر توێژ و کۆمەڵێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکێکی تایبەتی خۆی لەسەر شان بێ بۆ ئەوەی هەمووان یەکدەست بتوانن وڵامی زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە.

## دابەش کردنی ئەرکی بەگژداچوونەوە:

خراپ نیە تاکی ناڕازی کورد لەو ڕاستییەت بگات کە نە هاووڵاتییانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هاووڵاتییانی ئازەری لە وڵاتی ئێران دان کە کەس بە هانای کەسەوە نەیەت و کەس لە پشت کەس ڕانەوەستێ و نە کۆماری ئیسلامیش وەک تەورێز سەیری کوردستان دەکات. ڕاسان و ناڕەزایەتیی هاوکاتی لە شارەکانیتری ڕۆژهەڵات و بەشەکانیتری کوردستان و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش و هەروەها مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ ئەوەی تاکی کورد لەو ڕاستییە دڵنیا بێتەوە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوویە و تاکی ناڕازی تەنیا نیە و هاوڵاتییانی کوردی لە هەر کوێیەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش پشت و پەنا و یارمەتیدەری تاکی ناڕازین.

هەر وەک ئاماژەی پێدرا، کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردن و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ و لەو پێناوەش دا تەنانەت جیاوازی ناخاتە نێوان هیچ کەسێکی ناڕازییەوە و سیاسەتی »شەلم، کوێرم، ناپارێزم«ی گرتۆتە بەر، بەڵام پێویستە تاکی ناڕازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر وریا و بە هاوئاهەنگی و لێک تێگەیشتنی زۆرترەوە بەرەوڕووی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بێتەوە و بە بڕوای من دابەشکردنی ئەرکەکان بۆ شێوازی بەگژداچوونەوە دژی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو ئاڵتەرناتیڤانەیە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ. هەتا ئێمە زۆرتر هاوئاهەنگیمان هەبێ و تا پتر هەوڵ بۆ لێکتێگەیشتن بدەین، پتر لە

مەبەستەکانمان نزیک دەبینەوە و زۆرتر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژی یەکگرتوویی بنەماڵەی گەورەی کورد پووچەڵ دەکەیەنەوە، بەڵام چۆن ئەرکەکان دابەش بکەین و کێن ئەوانەی دەبێ ئەرک وەئەستۆ بگرن؟

ئا: کەسایەتی و رۆشنبیران، چ لە نێوخۆی و چ لە دەرەوەی وڵات. ئەرکی ئەو کەسانە رۆشنگەری و تێگەیاندنە و پێویستە ئەو کەسانە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی، شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە هەوڵ بدەن کەس و کەسانی بێئاگا لە راستی رووداو و داواکان تێبگەیەنن و کار بۆ ئەوە بکەن کە لایەنگر و هاودەنگی زۆرتر بۆ ناڕازییەکان کۆبکەنەوە. ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە کە لە لایەن کەسایەتی و رۆشنبیرانەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ رووداو و جووڵانەوەکان بکرێ، بەڵام زۆر گرینگە دەربڕینی روانگەکان لەو رەوتی ساردکردنەوە و تاوانبارکردنی بزووتنەوەکەدا نەبێ. سەرباتی ئەوەش گرینگە کە ئەوان ببنە دەنگی راستەقینەی ناڕەزایەتی و داواکانی خەڵک و لە هەموو رێگاکانی کۆمەڵگا، راگەیاندن و ناڕەزایەتی سەرشەقامەوە هەوڵ بۆ گڕ و تین پێدان بە رەوتی ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی لەبار کە لە قازانجی گشتی نەتەوەکەمان دا بێ بدەن.

ب: حیزب و لایەنە سیاسەتی و مەدەنییەکان، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات. ئەوەی کە وەک حیزب و لایەنی سیاسی لە دەرەوەی وڵات چاودێری و پەیسەری رووداوەکانی نێوخۆ دەکات پێویستە زۆر وریا و وردبین بێ لە شێوازی مامڵەکردن لە شێوازی راگەیاندن و گەیاندنی دەنگی ناڕازییەکان بە ئەندام، لایەنگر و گوێگری خۆیان هەم لە دەرەوە و هەم لە نێوخۆی وڵات. زۆر گرینگە وا نەکەین داواکانی خەڵک بە لاڕێدا بچن و لە دەلاقەی حیزبییەوە هەوڵ بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بدرێن، چونکە ئەزموون دەریخستووە کە توێژە ناڕازییەکان هیچ کات بە دەنگی تاکە حیزبێک و بۆ تاکە داوایەک نەهاتوونەتە سەر شەقام و ئەو کارەی ئێمە رەنگە زەربە لە بەردەوامبوونی ناڕەزایەتییەکانیش بدات. لایەنە مەدەنییەکانی نێوخۆش پێویستە لەسەر شانیان، بە هەر شێوە و شێوازێکی بۆیان دەلوێ پشت و پەنای ئەوانە بن کە هاتوونە سەرشەقام و بێدەنگ دانەنیشتن. بێدەنگبوونی ئەوان جۆرێک هەوڵە بۆ دڵساردکردنەوەی ئەوانەی کە دەنگی ناڕەزایەتییان هەڵبڕیوە و هەر ئەم بێدەنگبوونەی ئەوان گەورەترین بەڵگە دەبێ لەسەر ئەوەی ئەوان وەک پێویست ئەرکی خەباتی مەدەنی خۆیان بەجێ نەگەیەنن. با هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە دوو نموونەی زیندوو بدەین کە یەکیان بە خراپ و ئەویتریان بە باشی لێکەوتەوە. یەکەم ئەوەی کەسان و کەسانێک لە دەرەوەی وڵات بە فیتی حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرتر بە هێزێکی سەرەکیتر لە باکووری کوردستانەوە گرێدراوە، بە دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان بە شێوەیەکی تەواو حیزبییانە و بە هێنانی وێنە و سێمبولی حیزبییەوە تەنانەت دەنگیان تا ئاستی راگەیاندنی هەواڵی ئەو ناڕەزایەتییە لە سەر سایتی فەرمی ئەو حیزبە زیاتر نەچوو و تەنانەت زۆریشیان گلەیی و گازندە هاتەوە سەر. نموونەیەکی بە پێچەوانە و باش ئەوە بوو کە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کە تا ئێستاش سەربەخۆیی سیاسی خۆیان پاراستووە بە هاندانی خەڵک بۆ مانگرتنێکی گشتی لە رۆژ و کاتێکی دیاریکراودا وای کرد کە هەم خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵی بە بزووتنەوە و هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات خۆش بێ و هەمیش دەستکەوتی ئەوەی لێکەوتەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دەستبەسەر کرابوون ئازاد بکرێن. خۆ ناکرێ ئەوەش بە دەستکەوتێک نەژمێرین کە ئەم هەڵوێستە باشەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات هاندانێکی باشی خەڵک بوو بۆ یەکگرتوویی و لە تەنیشت یەکتری راوەستان.



سەرچاوە
Serchawe

ج: ئەوانەی ناڕازین، بەڵام لەسەر شەقام نین، ئەرکە لەسەر شانیان کە بەر لەوەی هەوڵ بۆ بەگژداچوونەوە و ناڕەزایەتی ئاشکرا بدەن، خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی باشیان لەسەر کۆی گشتی ناڕەزایەتییەکانی گەلی کورد هەبێ و دڵنیا بن لەوەی کە دەربڕینی ناڕەزایەتی ئەوانیش بە هەر شێوەیەکی گونجاو دەتوانێ لایەک لەو ئەرکە گەورە و نیشتیمانییە وەخۆ بگرێ و یارمەتیدەر دەبێ بە خێراتر و کاریگەردارتربوونی رەوتی ناڕەزایەتییەکان و وەدیهاتنی داوا رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. رێگای ئەم دەربڕینانەش هەمیشە هەر ئەوە نیە کە هەمووان بێینە سەرشەقام، بەڵکە بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان لە ئینتێرنێت (تۆڕە کۆمەڵایەتیی و سایتەکان دا)، بە باسکردن لەگەڵ کەس و کەسانی نزیک و تێگەیاندنیان لە راستی رووداوەکان، بە ئیرادەکردن بەوەی کە بتوانن «نا» بەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بڵێن و دەیان و سەدان رێگای گونجاویتر دەتوانن بەشێک لە ئەرکی ناڕەزایەتی دەربڕین وەخۆ بگرن.

د: ژنان و کچانی کورد. ژنان و کچانی کورد پێویستە زۆر باش لەو راستییە تێبگەن کە ئەوان لە نێو بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی کورددا جێگە و پێگەی جێی رێز و شیاوی خۆیان هەیە کە ئەوەش دوو لایەنەیە و بەر لە هەموو شتێک بەرهەمی هەوڵی بێوچان و شان بە شانی کیژان و ژنانی کورد بۆ وەدیهاتنی مافە رەواکانی گەلی کورد بووە، بەڵام هەروەک زۆر جاری دیکەش گوتراوە، ژنان لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا دوو جار دەچەوسێنەوە، جارێک بە هۆی کولتووری دواکەوتوویی کۆمەڵگای خۆمان و جارێکیش لە لایەن دوژمنانی کوردەوە. راستییەکی حاشاهەڵنەگر کە کۆماری ئیسلامیش زۆری لێترساوە ئەوەیە کە رەوتی گۆڕانکاری کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە نێو کۆمەڵگای کورددا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زۆر لەمێژە ئەو رەوتە بەردەوام لەبەرەو پێشچوونێکی باشتر و باشتردایە، هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی بەردەوام بۆ شکاندنی ئیرادەی بەهێزی ژنی کورد لە رۆژهەڵات رێگا و هەوڵی جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە و بە دڵنیاییەوە رووداوی دڵتەزێنی »فەریناز»ی کۆچکردوو نە یەکەمین و نە دوایین هەوڵی کۆماری ئیسلامی دەبێ. جارێ بە خنکاندن و فڕێدانی تەرمی خوێندکارێک، جارێک بە کوشتنی جێی شک و گومانی خوێندکارێک لە خوێندنگایەکی ئێران، جارێکی دیکەش بە بەرداکردنی جلی ژنی کورد بە تاوانبار یان هەڵەکارێک لە روانگەی کۆماری ئیسلامی دا و گێرانیان بەناو شاردا و... ئەرکە لە سەر ژنی کورد لە لایەک لەگەڵ دەنگی ناڕازییەکان بکەون و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ رۆشنگەری زۆرتر سەبارەت بە ماف و ژیان و داواکانیان بدەن. ئەوە راستە کە وەک سروشتی ئەخلاقی و ئینسانی هەر پیاوێکی بەویژدانیش کاتێک پێشێلکرانی مافی ژنان دەبینێ، ئەرکە لەسەری کە دەنگ هەڵبڕێ و داکۆکی لە مافی ژنان بکات، بەڵام هیچ کەس وەک ژن خۆی، ناتوانێ بەرگریکەر و هەوڵدەرێکی باش بێ لە پێناو ماف و ئازادییەکانی دا.

## چ بکرێ باشە؟

چ ئەمجارە و چ جارێکیتر، پێویستە بزانین کە چیمان کرد و چیمان نەکرد؟ خراپ نیە پلانمان هەبێ کە لە کات و دۆخی ئەو چەشنەدا چ بکەین باشە؟

### یەکەم: بەردەوامبوون لە ناڕەزایەتی دەربڕین دا:

ئەو قسەیە زۆر باوە کە دەڵێن ئەوەی کە لە خەباتکردن دا بەردەوامە ئەگەری بردنەوە و وەدەستخستنی داوا و مافەکانی هەیە، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کە ناڕازی نیە نەک قەت بە هیچ ماف و داوایەکی ناگات، بەڵکە هەمیشەش دۆڕاوە. راستییەکەی ئەوەیە کە هەتا ئێمە بەردەوامتر و سوورتربین لە سەر ناڕەزایەتی دەربڕینمان، پتر سەرنجمان دەدرێتێ و زۆرتریش دەتوانین مافەکانمان دەستەبەر بکەن و لە گەیشتن بە مەبەستەکانیشمان نزیکتر دەبینەوە.

**دووهەم: گۆڕینی شێوازەکانی ناڕەزایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام:**

هاتنە سەرشەقامی تاکی ناڕازی کورد گەورەترین و کاریگەردارترین رێگا و شێوازە بۆ خستنەڕووی داوا و ویستەکان، بەڵام بە دابەشکردنی ئەرکەکان و هەروەها بە بەردەوامی ئێمە لە رێگای جۆراوجۆرەوە وا دەکەین کە ناڕەزایەتییەکان هەر بە یەک شێوە دەرنەببڕدرێن و زەخت و سەرکوتیش لەسەر ئەو کەسانەی لەسەر شەقامن کەمتر دەکرێتەوە. جگە لەوەش گەیاندنی دەنگی تاکی ناڕازی بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان، ئێران و جیهان دەبێ لە رێگای تاقیکردنەوەی شێوازەکانی راگەیاندن، سیاسی، حقووقییەوەو هتد بێ.

**سێهەم: پەرەپێدانی زیاتر بە ناڕەزایەتییەکان بۆ هەموو شار و شارۆچکە و شوێنێکی کوردستان:**

پەرەئەستاندنی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتییەکان لە لایەک هەم یارمەتیدەر دەبێ بەوەی کە فشارەکان لەسەر ناڕەزایەتییەکان لە ناوچەیەک کەم ببنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە یەکدەنگی و یەکگرتوویی کورد بۆ وەدیهاتنی ماف و ویستەکانی دەردەخات. ئەوە وا دەکات کە کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەتوانێ بە مەبەستی چەپەڵ و دژە ئینسانی خۆی بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان بگات، بەڵکوو ترس لە پەرەسەندنی زیاتری ناڕەزایەتییەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران بە دڵنیاییەوە وای لێدەکا کە بەرامبەر بە ویست و داواکانی گەلی کورد چۆک دابدات. سەرەرای ئەوانەش، هەتا ئێمە رێژەمان وەک ناڕازی دژ بە کۆماری ئیسلامی زیاتر و لە شوێن و ناوچەی زۆرتر خۆپیشاندان دەرببڕین، پتر سەرنجی دنیای دەرەوەش بۆ پرسی کورد لە وڵاتی ئێران دا رادەکێشین کە لە کورتخایەن و درێژخایەن دا دەتوانن ببنە فاکتەر و هۆکاری گرینگ بۆ چارەسەری کێشە و پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

**چوارەم: بەرینترکردنی داواکانی ناڕەزایەتییەکان:**

ئەزموونی خەبات دژ بە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەریخستووە کە هەتا بە کەمتر رازی بی، ئەو کەمترت پێ ڕەوا دەبینێ. جگە لەوەش تاکی کورد دەبێ ئەو راستییە بزانێ کە مافەکانی ئەو رەوان و هیچ کات نابێ چاوپۆشییان لێبکرێ. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە بەردەوام دووپاتبوونەوەی داوا و ویستی گەلی کورد بۆ وەدیهاتنی مافە رەواکانی خۆی لە لایەک کولتوورێکی دروست هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات و لە لایەکی دیکەشەوە سووربوونی کورد بۆ وەدەستخستنی ئەو مافانە دەگەیەنێ.

**پێنجەم: سووربوون لەسەر گەیشتن بە وڵام و داواکانمان:**

تاکی ناڕازی کورد نابێ تەنیا بە مەبەستی نیشتنەوەی رق و بێزاری دژ بە کۆماری ئیسلامی بێتە سەر شەقام، پێویستە لەبیرمان بێ

کە دەربڕینی نارەزایەتیی بۆ گەیشتنە بە مەبەست و داوایەک. کۆماری ئیسلامی دەریخستووە کە تەنانەت لەو جێیانەش کە نەیتوانیوە بەرامبەر بە نارەزایەتییەکان هیچ شتێک بکات و بەری نارەزایەتییەکانی بۆ نەگیراوە، کەچی هیچ کات گوێی لە داواکانیان نەگرتووە و زۆر جارانیش تەواو بە پێچەوانەی ئەو داوایانە هەڵسوکەوتی کردوە. تەنانەت خراپمان نەگوتووە کە جاری واهەبووە لە نارەزایەتییەکان کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیکاتە ئەزموون بۆ شێوازی بەربەرەکانی بێبەزەییانەتر و سەرکوتی هەرچی زیاتریش. بۆیە سووربوون و بەردەوامی لەسەر نارەزایەتییەکان و لەبیر نەکردنی ئەم چەشنە نارەزایەتییانە لە مێژووی خەباتی هەر تاکێکی نارازی دا وا دەکات کە کۆماری ئیسلامی هیچکات دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسێ کە لە نێوان نارەزایەتییەکان دا دەرفەتی خۆ رێکخستنەوەی هەبێ و شێوازی هەرچی دژە مرۆڤانە و جینانەتکارانەی دژ بە نارەزایەتییەکان بگرێتە بەر.

### شەشەم: کۆدەنگی هێزو لایەنە سیاسییەکان و دیاریکردنی کات و شوێنی هاوکات بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکان:

کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە خەڵک لەودا بەسەر بیر و باوەڕی جۆراوجۆر و هێز و لایەنی جۆراوجۆردا دابەش بووە. ئەوە هەم دەکرێ باش و هەمیش دەکرێ خراپ بێ، بەڵام کۆدەنگی هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکان لە رۆژ و کاتێکی دیاریکراودا وا دەکات کە هەم یەکگرتوویی لە نێو کورددا دروست بکات و هەمیش کولتووری پێکەوە کارکردن و پێکەوەهەڵکردن لە نێو کۆمەڵگای کورددا زیاتر بکات کە هەرچەندی ئێمە بیرو بۆچوونمان سەبارەت بە بابەتەکان جیاواز بێ، لە کۆتاییدا ئێمە یەک چارەنووسمان هەیە و دەبێ هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەو چارەنووسە بە باشترین شێوە بدەین. سەرەڕای ئەوانەش ئەو کۆدەنگییە وامان لێدەکات کە هەم بە کۆمەڵگای ئێران و هەم بە دنیای بسەلمێنین کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە باری تێگەیشتنی سیاسییەوە پێگەیشتووە و دەتوانێ ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووی کۆمەڵگایەکی دێمۆکرات بێ. ئەوە سەرباری ئەوەی کە ئەو کۆدەنگییانە هەم فشارەکان کەمتر دەکاتەوە و هەمیش زۆر هاسانتر دووژمن بەچۆکدا دێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی : ٢٠ی مەی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## شەقام نابێ تەنیا بێ!



**خالید محەممەدزادە**

لەم چەند ساڵەی دواییو لە دوای نارەزایی دەربرینەکان بۆ کوشتنی شوانەی سەید قادر، هیچ خۆپیشاندانو رووداوێک بە قەد کاردانەوەکانی گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی لە مەهاباد، نەیتوانی پرسی کورد لە ئێران بۆ جارێکی‌تر میدیایی بکاتو بیهێنێتە نێو بیروڕای گشتی کوردستانو جیهان.

ئەگەرچی رووداني هەردوو رووداوەکەو ئەو کاردانەوە گەورەی بە دوای خۆی هێنا، جارێکی تر پێگەیەکی وەک شاری مەهابادی خستە رۆژەڤەوە کە چون شارێک دەتوانێ نارەزاییەکەی بکات بە نارەزایی هەمووانو شارێکی تریش ناتوانێ نارەزاییەکەی بکات بە نارەزایی گشتی!

بەڵام کاردانەوەو جۆری بە دەنگەوە هاتنی ئەم خۆپیشاندانو نارەزاییە جەماوەرییە ئەوەشی پێ وتین کە توانایی ئانالیزەکردنو رێکخستنەوەی نارەزاییەتییەکان دەبێ یەکێک لە کاردانەوەکان بێ بۆ ئەوەی شەقام بە تەنیا نەمێنێتەوە.

با لەوە گەرێین لە هەر حاڵەتێکی هاوشێوە لە شەقام، بە پلەی یەکەم پەراوێزێک دروست دەکات بۆ لێکترازانی چالاکانی کوردیو سەنگەرگرتن لە یەکتر، بەڵام ئەگەر چالاکی مەدەنیو سیاسی، حیزبو رێکخراوەکان ناتوانن جووڵێنەری شەقامو خواستی گشتی بن، بێگومان دەتوانن لە گشتاندنی خواستو نارەزایی شەقامو بوون بە تریبونی ئەم نارەزاییە بۆ ئاستی جیهانی هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگرن.

ئەگەرچی فەلسەفەی جووڵانی شەقام بە پێچەوانەی کۆی تێزەکانی سەدەی پێشوو لە »هێزی پیشرەو»و «خیتابی شۆرشگێرانە» لە



سەرچاوە
Serchawe

ئێستادا گواستراوەتەوە بۆ سەر شانی جووڵەی هاووڵاتیو جمەی خۆرسکی شەقام، بەڵام بە گۆڕانی ئەم معادلەیەش، دیسان ئەرکی هێزە گۆرانخوازەکان پاڵپشتی شەقامو بە دەنگەوە هاتنە تا ئاستی پاراستنو دەستێوەردانی مەدەنیانە بۆ بەرزراگرتنی داخوازییەکانیانە نەک دوورگرتن بە بیانووی ئەوەی هەر بە دەنگەوە هاتنێک دەبێتە هۆی لێدانی خەباتی مەدەنیانەی خەڵک.

لە دۆخی جووڵانو نارەزایی شەقام، دوورەپەرێزیو چاوەڕوانی دەبێ جێگەی خۆی بدات بە هاوکاریو پاڵپشتی مەدەنیانە تا ئاستی بوون بە تریبونی ئەم نارەزاییەو پێکهینانی بەستەری زیاتر بۆ نارەزایی گشتیترو هاتنە مەیدانی زیاتری هاووڵاتی، بە جۆرێک کە هاووڵاتی هەست بە دەنگدانەوەی ناڕەزایی خۆی بکاتو هەست بەوە بکات کە تەنیا نیەو لە دەرەوەی کۆی سیستمی توتالیتەرو لە نێو کۆمەڵگای مەدەنییش گوێی لێدەگیریتو بە دەنگەوە هاتن هەیە.

ناڕەزایی گەورەی مەهابادو چەند شارێکی دیکە پێی وتین ئەم کۆمەڵگایە هەڵگری ناڕەزایی گەورەو خواستی گەورەیە کە بە هیچ جۆرێک لەم سیستمە بە دی نایەت، بەڵام ئەم نارەزاییو خواستە ئامادەیە ئەوەشی پێوتین ئەم نارەزاییە لە بێ سازمانیو بێ مودیرییەتیو بێ رێبەری دا دەناڵێنێ. بێگۆمان هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان ئەگەر رێبەری نەکرێن دەکرێت لە دواجار هەڵگری خەساری گەورەو نائۆمیدی گەورە بێ، لە دۆخێکی ئاوادا، ئەگەر خواستی جیاوازی رێکخراوەکان ناتوانن پێکهێنەری کۆدەنگییەک بێ، بێگۆمان خواستو نارەزایی شەقام دەتوانێ کۆکەرەوەی ئەم هێزانە بێو دەکرێت خۆرانان بە نارەزایەتییەکانی شەقام، تەرجومە بکرێتەوە بە گشتاندنو بە دەنگەوە هاتنی شەقام.

لە هەر حاڵدا ئێمە ئەزمونێکی ترمان لە بەستێنی ناڕەزایی جەماوەری و کاری رێکخراوەیی بەرهەم هێنا کە دەکرێت ئەم دوو بەستێنە زیاتر ئانالیزەوو پۆلێن بەندی بکرێن، بە جۆرێک کە خەسارەکانی هەتا بێ کەمتر بکرێتەوەو کاریگەری گەورەی لێ بکەوێتەوە، کاریگەرییەک بتوانێ بەستێنی نوێو دەرفەتی نوێو هێزی کاریگەری نوێو مەیدانی بخولقێنێ بەوەی ئەم کۆمەڵگایە مل بە سەرکوت کردن نەداتو ئەم کۆمەڵگایە بە تەنیا ناهێلرێتەوە.

ئەوەشی پێ وتین کە لە ئامادەیی جەماوەری بۆ خستنەوەی نارەزایی گەورە، هەتاکوو ئێستاش کۆمەڵگای مەدەنی لە نێوخوی رۆژهەڵات لە پاراستنو پشتگیری کردنی ئەم ناڕەزاییانە لاواز هەڵسوکەوت دەکاتو ناتوانێ ببێ بە بەشێک لە ناڕەزایی گشتیی شەقام.

لە راستی دا راسانی جەماوەریو نارەزایی شەقام لە ئەگەری بە تەنیا مانەوەی گۆمانو پرسیار تەنیا رووبەروی حیزبەکان ناکاتەوە کە درەنگ عەمەل دەکەن، بەڵام ئەم چاوەڕوانیەشی لە کۆمەڵگای مەدەنیو رێکخراوو چالاکانی مەدەنی هەیە کە بەشێک بن لەو بە دەنگەوە هاتنە، بە جۆرێک کە وەک تریبونو پاڵپشتی شەقام هەنگاو هەڵبگرن نەک بیدەنگیو خەڵوەت نیشینی هەڵبژێرن.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی مەی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## مەرگی کچە کوردێک، دنیای لە ئێران هێنایە دەنگ



**ئازاد کەریمی**

کەمتر لە دوو هەفتە پێش ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی کچێکی مەهابادی بە ناوی فەریناز خۆسرەوانی بڵاوکرایەوەو ئەم هەواڵەش لەگەڵیدا هاوپێچ کرابوو: فەریناز خۆسرەوانی کارمەندی هوتێل تارا لە مەهاباد لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکە کەوتوەتە خوارەوەو گیانی لە دەست داوە، هەروەها «نادرمەولودی» بەڕێوەبەری ئەم هۆتێلەش دەستی لە کوژرانی ئەم کچەدا هەیەو ویستویەتی بۆ وەرگرتنی « بڕوانامەی پێنج ئەستێرە» بۆ هۆتێلەکەی، بڕیاری داوە فەریناز بە مەبەستی چەوساندنەوە( سوء استفادە)ی سێکسی بدا بە بەرپرسێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئێران کە تورکێکی خەڵکی تەورێزە، بەڵام فەریناز ملی بەم سووکایەتییە نەداوە و بە ناچاری خۆی فڕەداوەتەخوارەوەو گیانی لە دەستداوە.

بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردانەوەی توندی لێکەوتەوەو دەستبەجێ شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکانێکی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا. هۆکاری سەرەکی ئەم دەنگدانەوە بەرچاوە بێجگە لە مردنی ئەو کچە کوردە بە شێوازێکی ناشیرین(خۆکوشتن یا کوشتن)، دەرکەوتنی کەسێکی غەیرە کوردی سەربە دەزگای هەواڵگری ئێرانی واتە « ادارەی اطلاعات» لە رووداوی مەرگی فەریناز خۆسرەوانی بوو.

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە شێوازی خۆڕسک و بێ ئەوەی لە لایەن کەس یان لایەنێکەوە پلانو نەخشەی بۆ دارێژرابێ کاتیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتیو سەرکۆنەکردنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دیاری کردو قسەی خۆیان بردەسەرو بڕیاری کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینیان بە کردوە ئەنجامدا. هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم رژانە بەردەرکی «هۆتێل تارا»و هەموو دەوروبەری شوێنەکایان کۆنترۆڵ کرد و کاردانەوەی توندیان لە بەرانبەر تووڕە بوونی خەڵک نواند. دیارە هەتا ئەو کاتە لێدوانێک لە لایەن هیچ کاربەدەستێکی ئێرانیەوە بە رەسمیو غەیرەرەسمی سەبارەت بەم بابەتە بڵاو نەکرایەوە وەک ئەوەی هیچ شتێک لە گۆڕێدا نیە.

کاتێ هێزە ئەمنیەتییەکان تەقەیان لە خەڵک کردو وێنەی برینداربوونی چەند کەس بە خێرایی لە فەیسبووکو پێگە ئنتێرنێتیەکان بڵاو بوونەوە، شاڵاوێکی توندی تووڕەیی بەرپابوو و باسی ئەوە هاتە گۆڕێ شارەکانی دیکە بۆ دەربڕینی هەستی هاوخەمی بۆ کوژرانی فەرینازو بریندارەکانی بەردەم هۆتێل تارا دێنە سەر شەقام، دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە گۆایە نووسینگەی سەرۆک کۆماری ئێران بڕیاری داوە بەرنگاری خۆپیشاندەران نەبنەوەو هێزە ئەمنییەکان تەقە لە خەڵک نەکەنو دواتر ئەوەش باسکرا ئەو هەواڵە ڕاست نیەو نووسینگەی حەسەن ڕووحانی ئەو بابەتەی بڵاو نەکردوەتەوە.

کوژرانی ئەو کچە گەنجە مەهابادیە لە ماوەیەکی زۆرکەمدا ڕووی نیگای هەموو جیهانی بەرەو ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

ئەو چاوەی کە ماوەیەک بوو دەگوترا هیچ دیمەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابینێ. دیسانەوە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتەوە ئەجێندادی سیاسی جیهان... کۆماری ئیسلامی هەرچەندە» شۆک» بوو بەڵام بە گوێرەی ئەزموونی درێژخایەنی لە سەرکوتکاری بەتایبەت دژ بە کورد لە ئەوپەڕی دڵەڕاوکێو ترسدا هێزێکی یەکجار زۆری هەناردەی سنەو مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان کردو هەروەها بۆ وێنە بەرنامەیەکی چەواشەکارانەی بە پەلەی بە ناوی «ڕێزگرتن لە کوژراوانی کوردی سەر بە ڕژێم» کە لە فەرهەنگی جەماوەریو نوسراوەیی هەموو نەتەوەی کورددا بە «جاش» دەناسرێن ڕێکخستو ئەم کارناواڵە پێکەنیناویە وەرزشییەی سازکردو ڕایگەیاند خەڵکی سەقز بە یادی «جاشە» کوژراوەکانەوە دەچن بۆ ڕێپێوان و شاخەوانی! هەرچەندە لە سەردەشتو سنە و مەریوان خەڵک لە گەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان کەوتنە بەربەرەکانێیەوە بەڵام بارودۆخی کوردستان بە دژواری لە لایەن هێزە سەرکوتکەرە تایبەتییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە کۆنترۆڵ کرا... سەرەڕای ئەم ڕووداوانە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی « بەیاننامە» یەکی ڕەسمی پشتگیری لە ڕاپەڕینەکەی مەهاباد کردو ڕووداوی مەرگەساتی خەمباری کوژرانی فەریناز خۆسرەوانییان سەرکۆنە کردو داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەموو نەتەوەی کورد لە سێ بە شەکەی دیکەی «کوردستانی گەورە» کورد پشتگیری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕاپەڕینەکەی مەهاباد بکەن. دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر حیزبو پارتە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان سەردانی بارگای حیزبی دێموکراتی کورستانیان کردو یەکریزیو یەک هەڵوێستی گەلی کوردیان لە چوار پارچەی کوردستان سەبارەت بە ڕووداوەکەی مەهابادو مەرگی گوماناوی کیژێکی مەهابادی ڕاگەیاندو داوایان لە کۆماری ئیسلامی کرد هەرچی زووترە وردەکارییەکانی ئەم مەرگە ساتەو هەروەها سزادانی ئەو هێزانەی کە تەقەیان لە خەڵکی بەردەرکی هۆتێل تارا کردوە بە کردەوە نیشان بدەن. هەروەها پشتگیری خۆیان لە خۆپیشاندرانی مەهابادو هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند... لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی «لێبوردەیی نێونەتەوەیی» لە ڕاگەیاندراوێکدا داوای لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد ڕێز لە مافی خۆپیشاندەرانو نارەزایەتی دربڕینی ئاشتیخوازانە بگرنو ئەوەش دەڵێ: ئێمە بە بەڵگەنامەوە دەیسەلمێنین ئێران مێژوویەکی درێژی لەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هەیە، بۆیە پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی بە کارهێنانی هێز، لێژنەیەکی بێ لایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی پێک بهێنێ.

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕای جیهانی هاتە دەنگو بە گشتی کەشێکی پڕ لە زەختو گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. دەزگا



سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە چوار گۆشەی جیهانەوە بەشێوازێکی بێوێنە بە دواداچوونیان بۆ ڕووداوەکانی مەهابادو شرۆڤەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. بۆ نموونە کاناڵە هەرە بەناو بانگەکانی «الجزیرە«، «المستقبل»، سکای نیوز، بی بی سی، کاناڵ ٢ی ئیسرائیلو میدیاکانی تورکیاو سعودیو وڵاتانی دیکەی عەرەبیو چەند کاناڵی تەلەڤزیۆنی هەرێمی باشووری کوردستان شرۆڤەی کەشو هەوای ئاڵۆزاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکرد.

بەهەرحاڵ هەرچەندە هەندێ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بابەتی «هۆتێل تارا»یان کرد بە مانشێتی خۆیان، بەڵام هۆتیل تاراو سوتاندنی، لە چاو گەورەیی کارەساتی کوژرانی کارمەندەکەی خۆی واتە فەریناز خوسرەوانی و بریندار بوونی چەند گەنجی دیکەی خۆ پیشاندەر هیچ نەبوە، هەروەها لە قاودانەوەی ئەم روداوانە لە لایەن گەلی کوردوە، سەرنجی ڕای جیهانی، بەرەو بابەتی هەستیاری نێونەتەوەیی دۆزی کورد لە پارچەیەکی زۆر گرینگ بۆ گەلی کوردو بۆ هەموو جیهان ڕاکێشا... ئەوەش «دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»ە کە هەموو کات وەک «پاشنەی آشیل»ی ئێران وایەو ئەزموون نیشاندەری ئەو راستیەیە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەیەو بەکراوەیی دەمێنێتەوە...

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی مای ٢٠١٥

## **خالید عەزیزی**: تێبکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکاندا دروست بکەین




**لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهاباد (گیان لە دەستدانی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی) بەهۆی ئەوەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم رووداوە و کاردانەوەو دەنگدانەوەکان لە ئاستی کوردستان و جیهاندا بەرانبەر بەو رووداوانە و کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار، تلویزیۆنی کوردکاناڵ رۆژی چوارشەمە ٢٣ی بانەمەڕ وتووێژێکی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی پێک هێناوە کە بەشێک لە پیادەکراوی ئەو وتووێژە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی «کوردستان».**

**کوردکاناڵ**: کاک خالید زیاتر لە یەک حەفتەیە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەرێ، پێمان باشە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زمانی جەنابتەوە ببیسین

**خالید عەزیزی**: پێشەکی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو خانمە دەکەم کە بە هۆی ئەو ڕووداوە ناخۆشە گیانی لەدەستدا هەروەها ئارەزووی زوو چاکبوونەوە دەکەم بۆ بریندارانی ئەو ڕووداوە، هیوادارم ئەوانەی کە لە زیندان دانو زیندانیان کردوون بە زوویی ئازادبنو بگەڕێنەوە ناو بنەماڵەکانی خۆیان.

لە ڕاستیدا ماموستا هێمن شێعرێکی جوانی هەیە عینوانی ئەو شێعرە «ڕقی پیرۆز»ە. دەبێ بڵێم ئەوە ڕقێکی پیرۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک کە لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرن لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکاری دێنن. جەوهەری ئەو کێشەیە دوو لایەن تێیدا بەشدارە؛ لایەنێک کۆماری ئیسلامییە کە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی، بە سیاسەتی بە ئەمنییەتی کردنی کوردستان، تەحقیر کردنی کورد وەک نەتەوەیەک، بەو سیاسەتانەی کە تەوەجو بە کوردستان ناکا، تەبعیز لە کوردستان هەیە، بێکاری لە کوردستان زۆرە، فەقری ئیقتسادی لە کوردستان زۆرە، مەجالو دەرفەتی کار لە کوردستان کەمە، کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی لە کورستان



سەرچاوە
Serchawe

هەیە کە پێی بێ تەوەجۆن، لەسەر یەک لە کوردستان جیاواز لە هەمووی ئەوانە بە لەحازی نەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا مەوریدی ئیعترازو ڕقو کینی کۆمەڵانی خەڵکە. لایەکی دیکەی ئەو قەزیە کۆمەڵانی خەڵکن کە لە کۆماری ئیسلامیدا مافەکانیان وەبەر چاو ناگیرێ، ئیحترام بۆ حەقو حقوقەکانیان دانادرێ، بە تایبەت کە لە هەڵبژاردنی ئەخیری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک باس لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی حیزبو هەروەها ئەقەلیەتهای میللی مەزهەبی ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن، هاتنە گۆڕێ، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک نەهاتە پێشێ تەنانەت لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆریش ئێعدام کراوە، زیندانەکان هەروا خەڵکیان تێدایە، هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران وەزاڵە هاتوون، ڕقێکی پیرۆزیان هەیە، لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرنو لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنن. لەو بەینەدا کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی تەوەجۆ بە خواستەکانی ئەو خەڵکەی خۆپێشاندانیان دەکرد، بکا هێزی ئەمنییەتی هێنا لە موقابیلیاندا ڕاوەستا و خەڵکی تەحریک کرد کە بەداخەوە ئەو ڕقە بوو بەهۆی ئەوە ئەو هۆتێلەش بسووتێ کە ئەو ڕووداوەی لێ ڕوودا.

**کوردکاناڵ**: لە پێوەندی لەگەڵ تەعامولو بەرخوردی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە گشتی و ئەحزابی سیاسی چ لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە دەرەوە، جەنابت چۆنت بینی؟ کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە ڕوانینی خۆی دەربڕی:

ئەوەندەی پێوەندی بە چالاکانی سیاسییەوە هەیە هەر کەسە بە جۆرەی تواناو ئیمکانی خۆیی لە نێوخۆیی وڵات هەوڵی داوە، لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر فعالینی سیاسی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر بە خۆپێشاندانو تەزاهۆرات ئەو هەوڵیان داوە پێوەندی بگرن بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەو لایەنانە کە بە جۆرێک دەکرێ دەنگی نارەزایەتی ئەو خەڵکە [لە دژی] جمهوری ئیسلامی بە دنیا بگەیەنن ئەوانیش هەوڵو تێکۆشانێکی زۆریان داوە.

بەنیسبەتی بەرخوردی ئەحزاب دەکرێ بڵێم ئەحزابی کوردستانی بە گشتی بەرخوردێکی مەسئولانەیان بووە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە ڕاستیدا لە تەواوی ئەو چەند ڕۆژە هەوڵمان داوە بە لەبەرچاو گرتنی هێندێک حەقیقەت جۆرێک کۆمەک بە مەسئەلەکە بکەینو تێکۆشاوین مەهاباد تەنیا نەمێنێتەوەو کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لەو حەرەکەتەی مەهاباد بکەن.

... ئێمە لە حیزبی دێموکرات حەولمان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ هەمووی ئەو لایەنانە بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە پێوەندییان بە بڵاو کردنەوەی ئەو خەبەرانە هەیە بە زمانەکانی جۆراوجۆر ئەو خەبەرانە بڵاو بکەنەوە ئەو شوێنانەی کە لە ئاستی «سازمان ملل» یا لە ئاستی «ئەمنستی ئێنترناشناڵ»یا لە ئاستی ئەو شوێنانەی کە لە لەحازی ئینسانی دیفاع لە حقوقی بەشەر دەکەن، دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنانە بگەیەنین.

...ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حەدی خۆماندا لە هەموو بوارەکاندا هەوڵمان داوە کارمان بۆ کردووە کە ئاکارەکانو کردەوەکانی جمهوری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی دونیادا ڕوون بکەینەوەو تێبکۆشین پشتیوانو یارمەتیدەر بۆ مافە



سەرچاوە
Serchawe

ئینسانیو دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بکەین.

**کوردکاناڵ**: ئەم ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەی مەهاباد روویدا شتێک بوو چاوەڕوان نەکراو بوو لە پڕا ڕووی‌دا بەرخوردەکان جیاواز بوون جۆراوجۆر بوون بەڕای جەنابت ئەو ئەزموونانە چیە کە چالاکی سیاسی کورد ئەحزاب چالاکی مەدنی کورد چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە بەتایبەتی ئەحزاب دەبێ لە ڕووداوێکی ئاوادا بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەربگرن؟

لە ڕاستی‌دا ئەو ڕووداوانە کۆمەڵێک ئەزموونو تەجروبەی بۆ ئێمە تێدا هەیە، یەکەم چەندین لایەن ئێمە لە ڕووداوانە هەر لایەنێک بە پێی بۆچوونی خۆی حەولی داوە خوێندنەوەی خۆی بۆ بکا و بەرچاوڕوونی دروست بکا کە ئێمە لە ئیدامەی ئەوەدا چۆن ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوەو چۆن لەو پەیوەندیەدا خۆمان ڕێک بخەین. لێرەدا سەیر نیە ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبێ من بە شتێکی تەبیعی دادەنێمو ئەو بۆچوونە جیاوازانە ئێمە دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکەم پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵاتدا دەمێکە جموجۆڵ و چالاکیو فەعالیەتی سیاسی لە گۆڕێ‌دا هەیە، لانیکەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ئەو جموجۆڵ و فەعالیەتە سیاسیانە لە نێوخۆی وڵات بووە هەمیشە بە هەموو فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات گوتوە لە هەموو فورسەتەکان کەڵک وەربگرن، فورسەتی قانوونی، سیاسی، حیزبی، ئەدەبی، فەرهەنگی، مافی ژنان، ژینگەپارێزی، مەسائلی کۆمەڵایەتی بێ، خۆتان ڕێک بخەن مەوزوعاتو داواکانی خۆتان بێننە گۆڕێو خەڵکی بۆ سازمان بدەن. لەو پەیوەندیەدا پێمخۆشە ئاماژە بە شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە زۆرجار دێنە سەر پێناسە کردنی ئەو فەعالیەتە واتە فەعالییەتی مەدەنی کە ئێستا ئەو نێوەی بەخۆیەوە گرتوە، ڕاستیەکەی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ماوەی سی‌وپێنج ساڵی ڕابردوودا نەسلێک کە لە شۆڕشو فەعالیەتو تێکۆشانو کاری حیزبی‌دا هەبووە ئەو نەسلە ئێستا یا لە دەرەوەی کوردستانە، تا ڕادەیەک پەرتەوازە بووە، نەسلێکیش لە نێوخۆی وڵاتە ئێستا پێگەیشتووە و بە تەبیعەتی وەزعیەتی ئەوێو واقعیاتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی سەیری ئەو مەسئەلانە دەکا. بۆیە دروست کردنی پردێک بەینی ئەو دوو بۆچوونە دەتوانێ کۆمەک بە ئێمە بکا، ڕەنگە نەسلێک لە دەرەوەی وڵات بە جۆرێک تەعامول بکەن لە چەندوچۆنی فەعالیەتی فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات باش تێنەگەیشتبن یا باش مەوقعیەتی ئەوان لە بەرچاو نەگرن، جاری وایە بە سازشکاریان دابنێن یا نێوو ناتۆرەیان لە سەردابنێن، بەجۆرێک ڕخنەیان لێ بگرن بڵێن ئەو شێوەکارەو ئەو شێوە بەرخوردەی ئێوە جۆرێک سازان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی یا جۆرێک دانی چرای سەوزە بە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێم‌وایە ئەو بۆچوونە ناتوانێ بۆچوونێکی واقع‌بینانەو مەعقولو موتاعادل بێ. ئەگەر ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین حیزبە سیاسییەکان بە تەبیعەتی مەوقعیەتی خۆمانو پرۆژەی سیاسی خۆمانو بەرنامەی سیاسی خۆمان بەوجۆرەی کە بۆمان عەمەلیە تەعامول لە گەڵ وەزعی نێوخۆ دەکەین ئەگەر وایە ئێمە فاکتۆرێکین لەو سێناریۆیە، ئەگەر چالاکانی سیاسی بە جۆرەی وەزعیەتی خۆیانو تەبیعەتی مەوقعیەتی ئەوەیو چەندوچۆنی مەوقعیەتی ئەوەیو تەعامول لە گەڵ وەزعیەتەکە دەکەن تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دەکەن ئەوانیش فاکتۆرێکن. ئەگەر ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیش بە جۆرێک ڕەنگە دووربن ڕاستەوخۆ لە نێوخۆی وڵات نەژین، بەڵام دڵیان بۆ وڵاتو ڕزگاری وڵاتەکەیان لێدەدا، دەبێ لەو سێ بۆچوونە پردێک دروست بکەین. جاری وایە کە باسی خەباتی مەدەنیو خەباتی چەکداری دەکرێ، بەعزێک پێیان وایە خەباتی مەدەنی ئەڵترناتیویەکە لە موقابیل خەباتی چەکداریو ئەوانەی دیفاع لە خەباتی چەکداری دەکەن جاری وایە پێیان‌وایە خەباتی مەدەنی بە مەعنای ئەوەیە مافی

دیفاعی مەشروع له خۆت تەنانەت بە شێوەی چەکداری لە لایەکەی دیکە دەستێننەوە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین ئەو ناوچەیە نێوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە تەبیعەتی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکۆکیەکان جۆرێکە هەمووکەس موسەلەحە، بۆ موسەلەحن؟ هەمووی ئەوانە کە لێیان دەپرسی بۆ موسەلەحن دەڵێن بۆ دیفاع لە خۆمان.

لە ڕونگەی ئێمەوە لانیکەم وەک میلەتێک بۆ مافەکانی خۆمان تێدەکۆشین دیفاعێکیَ مەشروعە. خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتو چالاکیی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کاری جەمعێکەو دەتوانن بیبەنە پێشێ، بەڵام ئەو حەقە با لە خەڵکی دیکە نەستێننەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە مەجبوور بوین بە شێوەی چەکداری دیفاع لە خۆمان بکەین ئەوەیش حەقی مەشروعی ئێمەیە.

جمهوری ئیسلامی هیچ مەجالێکی بۆ ئێمە نەهێشتوەتەوە ئەگەر جمهوری ئیسلامی مەجال بدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە تەزاهوراتو خۆپێشاندانەکانی خۆیان بکەن، داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، خەڵک لەوێ ئیحساسی ئەوە بکا کە بە شێوەیەکی ئازادانە دەتوانێ شتەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ ڕەنگە لەو حاڵەتەدا تۆ دیفاعی مەشروع بە شێوەی موسەلەحانە کەمڕەنگ بکەیەوە، بەڵام لە حاڵی ئێستادا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەمووی ئەوانە حەقی میلەتی کوردە لە کوردستانی ئێران لە کوێ چی پێویست بوو لەویان کەڵک وەربگرێ بۆ خەباتەکەی خۆی.

**کوردکاناڵ**: هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بەرخوردی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ ئەو ڕووداوەی مەهاباد کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە بۆ کوردکاناڵ دوا:

جمهوری ئیسلامی لەماوەی سی‌وپێنج شەش ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە بەرخوردەکانی بە ئیعترازاتی خەڵک هەمیشە ئاوا بووە لە قانوونی ئەساسی ئێراندا لە بەندی بیستحەوتدا دەگوترێ خۆپێشاندانو تەزاهورات بە شەرتێک موسەلەحانە نەبێ بە شەرتێک دژی مەبانی ئیسلام نەبێ ئازادە. خۆپێشاندانەکەی مەهابادو خۆپێشاندانەکەی سەردەشتو دەیان خۆپێشاندانو تەزاهوراتی دیکە یا گردبوونەوەو لەدەوری یەک هالانی پێشووی خەڵک لە کوردستانی ئێران هیچی لەو خانەیەدا پێناسە ناکرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەشی تەحەمول نەکرد یانی بە گوێرەی قانوونەکەی خۆی کە بەندی بیستو حەوتی قانوونی ئەساسی ئێرانە حەق بە خەڵک دەدا کە بە شێوەیەکی ئازادو هێمنانە خڕ ببنەوە ئیعترازی خۆیان ڕابگەیەنن، تەنانەت ئەوەشی تەحەمول نەکرد، بۆیەش تائێستا تەعامولی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لە گەڵ قەزیەی کورد تەعامولێکی ئەمنیەتی، نیزامی، غەیرەمەدەنیە و غەیرە قانوونیە.

**کوردکاناڵ**: لە پێوەندی لەگەڵ کاردانەوە جیهانییەکان بەو ڕووداوەی مەهاباد سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گوتی:

هەم لە ئاستی میدیا جیهانییەکاندا، هەم لە میدیاکانی کوردیدا، تاڕادەیەکی زۆر باسی کرا و مەوزوعەکەیان تەنیا مەحدوود نەدەکردەوە بە ڕووداوە کە لەو هوتێلە ڕوویداوە، بەڵکوو ئەهاتنە سەر ئەوباسە ئەو ئیعترازو ناڕزایەتیانە کە ڕیشەی لە سیاسەتەکانی غەڵەتو نامەسئولانەو دژی کوردی کۆماری ئیسلامیدا هەیە وکۆمەڵانی خەڵکی لە کوردستانی ئێرانی وەزاڵە هێناوە. ..

**کوردکاناڵ**: کاک خالید بەم خوێندنەویە، لە ئاستی جیهانیدا بە جرەقەیەکی ئاوا مەسەلەی کورد لە ئێران دەکەوێتە بەر زومی میدیا جیهانییەکان، لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی چالاکانی ناوخۆ لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیەوە بگرە تەنانەت نوێنەرانی کورد لە مەجلسی شورای ئیسلامی و کەسایەتیە ئاینیەکان و دواتر ئەحزابی سیاسی کورد دەبێ چۆن بێت؟

لایەنانەی کە پێویستە ئێمە تەئکیدیان لە سەر بکەین، یەکەم ئەوەیە لە ڕاستیدا لە نێوەخۆی وڵات دەبێ تێبکۆشین پردێک لە نێو جیاوازیەکاندا دروست بکەین. ڕووداویوا دێتە پێشێ نەیەبینە نێو ئەوباسانە ئەرێ حیزبەکان چیان کرد حیزبەکان دەبێ چی بکەن، حیزبوخەڵک یا ئەوەی لەو دوایەیدا دەڵێن حیزبو ڕووناکبیران، عدەیەک ڕخنە لە حیزبەکان بگرن حیزبەکان ڕخنە لە عدەیەک بگرن، چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات بە تەبیعەتی خوێندنەوەی خۆیان قەزاوەتێک بکەنو لە دنیای مەجازیدا جاریوایە ڕخنەکان جۆرێک بگرن هێندێک خەڵک لە دەرەوە بە خۆێ بگرێ هێندێک خەڵک لە دەرەوە جۆرێک ڕخنە بگرێ کە ئەوە تەشەتوتێکو بەربڵاویو نارێکو پێکو لێکدابرانێک لە نێو ئێمەدا دروست بکا، ئێمە وەزیفەمانە ئەوە بە جۆرێک مودیریەت بکەین کە لە داهاتوودا هەمووی ئێمە کە جەمعێکین لە نێو ئەو گۆڕەپانە سیاسیەدا هەینو لە داهاتوودا لە موقابیل ئەو سێناریو ناڕوونانەی کە دێنە پێشی ئامادەگی زۆرمان هەبێ مودیریەتی بکەین. دوو کاتێک ئێمە باسی خۆپێشاندان دەکەین لە نێوەخۆی وڵات بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی مەجالی ئەوەی نەمێنێ کە زۆر بە ڕاحەتی هەر نێوێک پێی خۆش بوو لە سەر ئەو خۆ پێشاندانەی دابنێ، من داوام ئەوەیە ئەوانەی ئەندامی مەجلسن خەڵک دەنگیان پێداون و ئێستا نوێنەرن لە مەجلسی ئێران، ئەوانەی کە فەعالی سیاسی ئێرانن، نوخبەگان ئەوانەی شت دەڵێنو شت دەنووسن و خەڵک قسەیان لێ وەردەگرێو تەوجویان پێ دەکەنو دەتوانن لە سەر ئەفکاری عمومی تەئسیریان هەبێ، مامۆستایانی ئایینی و هەموو ئەو چینوتوێژانەی کە بە جۆرێک لە کۆمەڵگادا دیارن، لەو تەزاهوراتانەدا بەشداری بکەن، لەو تەزاهوراتانەدا یا لەگەڵدا بن، لەگەڵدا بوونی ئەوانە لەو تەزاهوراتانەدا سبەینێ کەسێک کە نمایندەی مەجلیسە کە تەزاهورات دەکرێ یا ئەو بگیرێ نەخەیر یا ئەو لەوێ بێ بڵێ ئەو تەزاهوراتەی ئێمە دەکەین لە سەر مافەکانی خۆمانە هەرەکی ئێوە دەڵێن کە ئینتزارتان هەیە نەخێر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە کە ئێوە لێیدەترسێن، ئەوەیش دەیبینن زۆر هێمنانەیە جا ئەگەر وایە دەبێ دیفاعی لێ بکەن ئەوان دەبێ دیفاعی لێبکەن ئەوان هەڵبژاردراون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆیە دیفاع لە مافەکانی خەڵک بکەن، خۆپێشاندان یەکێک لە مافەکانی سەرەتایی خەڵکە قانوونی ئەساسی ئێرانیش ئاماژەی پێداوە جا ئەگەروایە ئەوانیش دەبێ لەو خۆ پێشاندانەدا بن. ئەگەر موقایسەیەکی نسبییش بەینی ئێرانو تورکیەش بکەین دەبینین ئەو مەجالە هەیە لە تورکیە ئەندامانی مەجلسی تورکیە، نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە بۆ خۆیان دێن لە نێو خۆپێشاندانەکاندا دەبن جاریوایە لێشیان دەدەنو زیندانیشیان دەکەن با ئێمە لە کوردستانی ئێران ئەوە بکەین بە عادەت، با بیکەین بە عادەت نوخبەگانو مامۆستایانی ئایینیو نوێنەرانی مەجلسو فەرمانداڕانو شارداڕەکانو کەسایەتییەکان و شورای شارەکان بچنە نێو خۆپێشاندانەکان، باعەقلیەتی دەسەڵاتو عەقلیەتی ئەوانەی لە نێو دەسەڵات بە جۆرێک بە دوای حەلێکدا دەگەڕێن لە کاناڵیئەوانەوە باشتر لەو بابەتەوە مەعلوماتی پێ بدرێو متەوجەی قەزیەکە بن. دانیشتوەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە دانیشگاکان ئەوانەی ئەهلی قەڵەمنو شت دەنووسن تێبکۆشن ڕەوشەنگەری بکەن لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان.

**کوردکاناڵ**: لە درێژی ئەو باسەدا کاک خالید گوتی: هەروەها پارێزەران کە بە لەحازی حقوقیو قانوونی، باش قانوونی ئێرانو



سەرچاوە
Serchawe

وەزعیەتی ئەوێ دەزانن، بەڵام پارێزەر ئەرکیەتی دیفاع لە خەڵک بکا، دیفاع لە موەکلی خۆی بکا. بە باوەڕی من دەستیان بە تەواوی ئاواڵەی بۆ دیفاع لەوانە.

بە باوەڕی من ئەرکێکی حقوقی قانوونی وەکیلەکانە، ئەرکێکی میللی نەتەوەیی و ئینسانی ئەوانە کە لە سەرتاسەری ئێرانو لە کوردستان دیفاع لەوانە بکەن کە گیراونو هەوڵ بدەن بە لەحازی قانوونی کۆمەکیان بکەن ئازاد بکرێنو لە هەمان کاتیشدا ئەو فشارە لە سەر کۆماری ئیسلامی دابندرێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامیو مەئمورینی کۆماری ئیسلامیو دەزگاکانی ئەمنیەتییەکانیانن لە کوردستان تێدەکۆشن کوردستان ئەمنیەتی بکەن، پتر خەڵک موسەلەح بکەن، پتر بیکەنە بەهانە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بەتایبەت کە ئێستا لە ناوچەکەدا نیگەرانی ئەوەن کە ئایا کۆماری ئیسلامی لەوهەموو کێبڕکێو کێشانە کە دەیکا بەرەو کوێ دەڕوات.

ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٢ی مەی ٢٠١٥

**تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە رووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. رەحمان نەقشی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## رقی پیرۆزی مەهاباد، لە میدیا جیهانیەکاندا



**ئاگری باڵەکی**

جاناتان رەنداڵ لە کتێبی قاسملووی کوردان دا دەڵێ: «مهابادێک سێمبولی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەمدایە» ئەمە وتەی نوسەرێکی ئەمریکاییە کە ئاوا باس لە مەهاباد دەکات. ئەگەر باس لە ناسیۆنالیزمی کوردی دێتە پێش یەکەم جار ناوی مەهاباد دێت، کاتێک کە باسی سەرکردە ناسیۆنالیستەکان دەکرێ شاری مەهاباد پشکی شێری بەردەکەوێ، کاتێک باس لە بەرخۆدان و رقی پیرۆز دەکرێ دوبارە شاری مەهاباد دەبێتە ناوەندی ئەو ڕاسان و ڕاپەرینانە، بەدرێژایی سەدەی رابردوو زۆربەی هەرە زۆری شۆرش و جووڵانەوەی کورد کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەری‌هەوڵداوە بەشی زۆریان لە ناوچەی مەهاباد بوون، لە جووڵانەوەی مەلا خەلیل رابگرە تا دەگاتە ژێکاف و کۆماری کوردستان، ئەمانە نموونەی خەروارێک لە خەبات تێکۆشانی ئەو شارەن. کەباس لە پێشمەرگە و شەهیدانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ مەهاباد پشکی شێری بەردەکەوێ بە هەزاران شەهید و بە هەزاران پێشمەرگەی ناوچەی مەهاباد لە ریزی هێزەکانی رۆژهەڵاتی و بگرە بەشەکانی دیکەش دا بوونیان هەیە، ئەو ئامارانە بۆ شارێکی نەچەندان گەورە لە حەشیمەت دا بەڵام گەورە لە بەخشەندەیدا بەردەوام ناوەندی سەرنجی میدیایەکانی درەوە بووە.

رۆژی ١٣ی بانەمەڕ، کات ٤ی ئێوار شوێن شاری مەهاباد «هوتێل تارا»، گیان لەدەست دانی «فەریناز خوسرەروانی» لەرووداوێکی دڵتەزین دا ، خەڵکی مەهاباد رۆژی دواتر دەستی تاوان بۆ کاربەدەستێکی حکوومەتی و خاوەنی هوتێل رادەکێشن.

رۆژی ١٥ی بانەمەڕ خەڵکی خوێن گەرمی مەهاباد دوو رۆژ دوای ئەم تاوانە کە دەبینن خەریکە مەرگی کچێکی کورد پەردەپۆش دەکرێت، بریار دەدەن کە نارەزایەتی خۆیان بە گوێی حکوومەت بگەیەنن.

رۆژی ١٧ی بانەمەڕ، خەڵکی شاری مەهاباد دەرژێنە سەر شەقام بە نیشانەی نارەزایەتی دەچنە بەردەم هوتێل تارا، خۆپێشاندانێک کەدەتوانی پێناسەی بکەین بەوەی کە مەهابادییەکان بۆ پارێزگاریی لە کەرامەتی ژن ڕاپەرین.

بەداخەوە هەروەک چاوەروان دەکرا، نارەزایەتی خەڵکی مەهاباد بۆ ئەنجام دانی عەداڵەت بە چەک و توندوتیژی وەڵامدارایەوە. ڕاسانی ئەوجارەی خەڵکی مەهاباد لەدوای ماوەیەکی زۆر کپ و بێ دەنگی گۆمی ئارامی ئەو ناوچەیەی شڵەقاند، کە ماوەی چەندین ساڵە باڵی بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە، ئەو بێ دەنگیە بەشێوەیەک بوو کە زۆر لە سیاسییەکوردەکانی پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا دەیانگوت کە شۆرش لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نەماوە، بەڵام رقی پیرۆزی مەهابادییەکان وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە پێیان وایە بەرخۆدان و خۆراگری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نیە.

بەڵام گرینگی نارەزایەتی مەهابادییەکان کاتێک دیار کەوت کە چەند کاتژمێرێک داوی سەرهەڵدانەکە بە دەیان کاناڵی راگەیاندنی جیهانی هەواڵی ئەو نارەزایەتیەیان بڵاوکردەوە، چەندین کەناڵی راگەیاندنی ئەوروپایی و ناوچەکە سەدرێری هەواڵەکانیان لە سووریە و یەمەنەوە کردە رۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهاباد. کەناڵی (الجزیرە) یەکێک لە گەورەترین کەناڵەکانی جیهان لە هەردوو کەناڵی خۆیەوە (عەرەبی و ئینگلیزی) ئاوا باسی ڕاسانی مەهاباد دەکات: «نارەزایەتییەکانی کوردەکان لە ئیران بەهێز وەڵامدراوە». ئەلجەزیرە لە چەند گەشتی هەواڵی داو لە راپۆرتێکی دوردێژدا باسی نارەزایەتی کوردەکان دەکات دژ بەحکوومەتی ئێران و شاری مەهاباد بە ناوەندێکی گەورەی شۆرش لە کوردستانی ئیران پێناسە دەکات.

کەناڵی (الجزیرە) لە وتووێژێک لەگەڵ بەرێز خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگیەکی تایبەتی دا بەو رووداوانە، کاک خالید لەو دیمانەیەدا گوتی: بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ.

**کەناڵی CNN بەشی عەرەبی لە چەند راپۆرتی جۆراوجۆردا بەم شێوەیە باسی لە رووداوەکانی مەهاباد کرد:** خۆکوژی کچێکی کورد فریناز خوسرەوانی «بوعزیزی مەهاباد»، CNN فریناز بە محەمەد بوعزیزی تونسی بەراورد و دەڵێ ئەگەر لە تونس لەسەر خۆسوتاندنی لاوێک بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد، ئێستا لە ئێران کچێکی کورد بە ناوی فریناز خوسرەوانی بۆ دیفاع لەوەی کە کاربەدەستێکی حکوومەت دەستدرێژی نەکاتە سەری خۆی دەکوژێ (٢).

**لەراپۆرتێکی دیکەی کەناڵی CNN لەسەر رووداوەکانی مەهاباد ، دەڵێ:** «رووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانی ئێرانیان نوێ کردوە». لە راپۆرتەکەدا باس لە پێشینەیەکی مێژووی دەکات کە کوردەکان چۆن بوونە قوربانی دەستی حکوومەتی مەرکەزی، کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا وەک نموونە دێنێتەوە و دەڵێ رووداوەکانی مەهاباد برینی کوردەکانیان سەر لەنوێ تازە کردوە.

**کەناڵی سکاڵی نیوز ( SKY NEWS)** بریتانیایی لە چەندین راپۆرتی وێنەیی و ڤیدیۆیی دا گرینگیەکی تایبەتی دا بە

خۆپێشاندانی مەهابادییەکان، لەو پەیوەندیەدا لە یەکێک لەراپۆرتەکانی دا ئێشارەی بەوە کرد کە ٣٠٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد بەدەست هێزە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون. ئەو کەناڵە لەگەڵ ئەوەی باسی کرد کە کوردەکان کەمە نەتەوەن لە ئێراندا بەڵام تا ئێستا هەر وەک هاووڵاتی پلەدوو سەیر دەکرێن و داواکاری کوردەکان لەلایەن حکومەتی تارانەوە بە گیران و ئێعدام وەڵامدراوەتەوە.

هەروەها لە راپۆرتێکی دیکە دا کەناڵی سکاڵی نیوز (SKY NEWS) هەوڵێ داوەکە ڕووداوە مێژووییەکان بەیەکەوە گرێ بداتەوە، ئەو دەنووسێ ئەو شارەی کە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی لێ لە سێدارە درا ئەورۆ دوای ٧٠ ساڵ لەهەمان شار خەڵک دژی دەسەڵات دووبارە ڕاپەڕیونەوە.

ڕۆژنامەی Aftenposten سوێدیی لە راپۆرتێکی ڕۆژنامەیی و ڤیدیۆیی دا تیشکی خستە سەر ڕاسانی خەڵکی مەهاباد و شاری مەهاباد وەک پایتەختی کوردستان دەست نیشان دەکات و دەڵێ کچێکی کورد بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە ترسی دەستدرێژی کاربەدەستێکی حکوومەتی خۆی لە تەبەقەی ٤ی هوتێل تارا را دەخاتە خوارەوە.

دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەی مەهاباد بە جۆرێک بوو کە ڕۆژنامەکانی تاران نەیانتوانی ئەو کارەساتە وەک کارەساتەکانی تر پەردەپۆش بکەن و بەشی زۆریان ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕ لە لاپەرەی یەکەمەکانیان دا ئێشارەیان کردبوو بە ڕاسانی خەڵکی مەهاباد.

لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر کە ماتۆری وەرێخستنی ئەو نارەزایەتیانە بوو، بەدەیان هەزار پۆست بە دەیان زمانی جیاواز لەسەر ڕووداوەکانی مەهاباد بڵاوبۆوە، گرینگی ئەو کارە لە حالێکدا دیار دەکەوێ کە سەفیری هولەند لە تاران یوس دوما (JOS DOMA) لە تویتێری خۆی کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بەو ڕووداوە و گیان لەدەست دانی فەریناز.

فشارەی میدیا جیهانییەکان لەسەر ڕاسانی مەهاباد بە شێوەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی دژکردەوەی نیشاند بدات و هێزێکی زۆر ڕەوانەی کوردستان بکات و هەر ئەمەش وایکرد کە Amensty internatinal لەبەیانامەیە دا داوای لە حکوومەتی ئێران کرد کە نابێ هێز بەکار بهێنێت دژی خۆپێشاندەران .

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لە سەرنجی میدیا جیهانییەکان بە ڕووداوەکەی مەهاباد. بە پێ ئامارەکانی ماڵپەری گوگل Google تەنها لە ماوەی ٣ ڕۆژدا زیاتر لە ٣٥٠٠ جار ناوی مەهاباد لە کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی دا نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە.

کوردکاناڵ وەک تاکە کەناڵی کوردی ڕۆژهەڵات و تلویزیۆنی ڕووداو وەک کەناڵی باشووری کوردستان ئەو ڕووداوانەیان ڕاستەوخۆ بڵاودەکردەو بەشی زۆری ئەو هەواڵانەی کە لەکورد کاناڵ و ڕووداو دا بڵاو دەبوونەوە، لەلایەن کەناڵە خاریجیەکانەوە وەردەگێراوە سەر زمانەکانی دیکەی جیهان و بۆ خوێنەرانی خۆیان بڵاو دەکردەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

هەرلێرەدا پێویستە بگوترێ کە جێگای کەناڵی راگەیاندن بەزمانی ئینگلیزی لە نێو ئێمەی کوردا خاڵیە، بوونی وەها کەناڵێکی راگەیاندن بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان بە شێوەیەکی تر لە کوردەکان بڕوانێت.

ڕووداوی مەهاباد هەرچییەک بوو ئاوا بەو ئاسانیە دامرکاندانەوەی لەلایەن حکوومەتی تارانەوە ئاسان نیە. هەربۆیە پێویستە کە ئەو هەواڵانە بە میدیایی بکردرێت.


سەرچاوە:

1 - http://www.aljazeera.com/news/2015/05/150507171113919.html
2 - http://arabic.cnn.com/world/2015/05/10/iran-kurds-ptotests
3 - http://arabic.cnn.com/world/2015/05/11/mahabad-iran-kurds
4 - http://www.skynewsarabia.com/web/article/
5 - http://www.skynewsarabia.com/web/video/744599
6 - http://www.aftonbladet.se/nyheter/article20757810.ab
7 - Twiter, Facebook
8 - Www.kurdistnukurd.com


ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٠ی مای ٢٠١٥

## پاساوی تەقەکردن لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟



**عومەر باڵەکی**

رووداوی گیان لەدەستدانی فەریناز خۆسرەوانی‌و دژکردەوەی خەڵکی شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان بەو رووداوە ماوەی زیاتر لە حەوتوویەکە بۆتە جێگەی باس‌و خواستی میدیا کوردستانی‌و جیهانییەکان‌و لە روانگەی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. لەو وتارەشدا دەمانهەوێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە گرینگە کە بۆچی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد بە چەکی گەرم تەقەتیان لە خەڵکی خۆپێشاندەر کرد؟ کێ‌و کام بەرپرس مەسئولیەتی ئەو تەقەکردنە لە ئەستۆ دەگرێ‌و بە کام ئیزن‌و ئیجازە فەرمانی ئەو تەقەکردنە دراوە؟ ئەو پرسیارانە مەبەست ئەوە نییە شکو گومان بخەینە سەر تێڕوانینی ئەمنی‌و دوژمنکارانەی بەرپرسانی بەرزی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردستان‌و خەڵکی کوردستان، بەڵام تەنیا مەبەست ئەوەیە کە ئەو هێزە بەناو ئەمنی‌و ئینتیزامییانەو بەرپرسانیان خۆیان چەندە پابەندن بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی.

بەپێی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی ئێران خۆپێشاندەرانی مەهاباد بە پێشێلکاری قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیان نەکردوە، چونکە لەو ئەسڵەدا دەڵێ» هەموو جۆرە خۆپێشاندان‌و رێپێوانێک ئازادە بەو شەرتە چەکدارانە ودژایەتی لەگەڵ بنەمای ئیسلام نەبێ». ئەگەر ئەو ئەسڵە شی بکەینەوەو لەگەڵ حەرەکەت‌و داوای خۆپێشاندەرانی مەهاباد پێکی بگرین بۆمان دەردەکەوێ ئەو خۆپێشاندانە نەک چەکدارانە نەبووەوخۆپیشاندەران دەستیان بەتال بووە، بەڵکوو هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا دا نەبووەو لەراستی‌دا نە مەبەستی خۆپێشاندانەکەو نە شوعارو لێدوانەکانی نێو خۆپێشاندەران بە هیچجۆر پێوەندی بە دینی ئیسلامەوە نەبووە. ئەگەر وایە هێزە ئەمنیەتییەکان بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لەگەڵ خۆپێشاندەران جووڵاونەوەو بە سەرنجدان بە قانوونەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش بۆمان دەردەکەوێ کە هێزە ئینتیزامی‌و ئەمنیەتییەکان خۆیان قانوونشکێن بوون. ئەوەتا لە مادەی ٤ی قانوونی هێزە ئینتیزامییەکان بەو شێوەیە باس لە کەڵکوەرگرتنی چەک دەکا.... کاتێک مەئموورین ناتوانن پشێوی‌و نائارامییەکان کۆنترۆڵ

بکەن بەو مەرجانەی خوارەوە دەتوانن لە چەک کەڵک وەربگرن.

ئەلف: بۆ بڵاوە پێکردن پێشتر لە کەرەسەی دیکە «غەیرە چەک» بەپێی ڕێو شوێن کەڵک وەرگیرابێو کاریگەر نەبووبێ.
ب: پێش ئەوەی چەک بەکار ببرێ خۆپێشاندەرانو نارازییان تێگەیەندرابن کە چەک بەکار دەهێنن.

بەپێی ئەو مادە قانوونییە بێت دەبوایە لە شاری مەهاباد پێشتر هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ بڵاوپێکردنی خۆپێشاندەران لە کەرەسە باوەکانی وەک ماشێنی ئاوپرژێنو شتی لەو بابەتە کەڵکیان وەگرتبایەو کاتێک دەستیان بۆ چەک دەبرد تەقەی هەواییان کردبا، بەڵام ئەوەندەی لە وێنەو فیلمو دێکیۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە خۆپێشاندانەکەی خەڵکی مەهاباد دەبینین نەک هیچ ماشێنێکی ئاوپرژێن یا کەرەسەکانی باو لە دنیای مردێرندا نابینین، بەڵکوو بێ سێو دوو، بێ هیچ پاساوێک هێزە ئەمنیەتییەکان راستەوخۆ و روو بە خۆپێشاندەران بە چەکی گەرم تەقەیان کردوە.

لە کۆتایی مادەی ٤ی یاسای هێزە ئەمنیو ئینتیزامییەکان تێبینییەک هاتووە کە دەڵێ: « هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی بارودۆخە نائارامییەکان لە ئەستۆی «شوورای تأمین استان و شهرستان»ە و یاسادانەر بۆیە ئەوەی هێناوە کە هێزە ئەمنیەتییەکان بێ بڕیارو تەئیدی ئەوانە ناتوانن لە خۆوە دەست بۆ چەک بەرن.

پرسیار ئەوەیە ئایا هێزە ئەمنیەتییەکان سەرسەری تەقەیان لە خۆپێشاندەران کردوە یان شوورای تەئمینی ئوستانو شار دەستووری تەقەیان داوە؟ هەرکام لەوانە بێت پێویستە وەڵامی خەڵک بدەنەوە کە هەڵسەنگاندنو تێروانینیان بۆ ئەو خۆپێشاندانە لەسەر چ ئەساسێک بووە کە بڕیاری تەقەکردنیان بەو بەربەرینیە بە هێزە چەکدارەکان داوەو لە بەرامبەردا خەڵکی بێ چەکو بێدیفاع بریندار بوونو ئێحتمالی شەهیدبوونیشیان لێ دەکرێ.

لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر رووداوی تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانی مەهاباد لە هەرکامە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری دێموکراسیو ئازادی روویدابا بێ سێو دوو هەموو ئەو پۆلیسانەو تەنانەت فەرماندەی پۆلیسی ئەو شارەش لەلایەن دادگاوە دەستبەسەر دەکران و تەنانەت فەرمانداری ئەو شارەش کە رووداوی لەو چەشنە تێیدا رووی داوەدەستی لەکار دەکێشاوەو دەچوو بەرەی خەڵکەوە.... چونکە لەو وڵاتانە مرۆڤ بایەخی خۆی هەیەو گیانی مرۆڤەکان بە مادییات هەڵنەسەنگێندرێ و لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراسی بەڕێوەدەچن لە حاڵەتی ئاوا دا قەت زیانو زەرەری مادی وەپێش زیانو زەرەری گیانی ناخەن. بەڵام بەداخەوە ماوەی ٣٦ ساڵە لە ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی ئەوەی بایەخی نییە گیانی مرۆڤەکانە. ئەوەتا دوای خۆپێشاندانەکەی خەڵکی نیشتمانپەروەری مەهاباد کاربەدەستانی ئیداریو لەشکری لە رادەو پلەی جیاوازدا لە سەر ئەو بابەتە هاتوونەتە قسەو بەجێگەی ئەوە بایەخ بە هەستو سۆزی خەڵک بدەنو بەداخ بوونی خۆیان لە مەرگی فەرینازو بریندارەکانی خۆپێشاندانەکە دەرببڕن، کەوتوونەتە هەڕەشە کە چیدیکە خزمەتی مەهاباد ناکرێو سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو شارە ناکەن. هەر وەکی بڵێی لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا بە دەیان کارخانەو کارگەیان لە مەهابادو ناوچەی مەهاباد دامەزراندبێو بە هەزاران هەلی کاریان بۆ لاوانی ئەو شارە رەخساندبێ کە ئێستا



سەرچاوە
Serchawe

وا هەڕەشەیان لێدەکەن. ئەگەر مەهاباد پێشکەوتنێکی بۆ خۆیەوە دیبێ ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی دڵسۆزو بە ئەمەگی ئەو شارە کە هەموو کاتو لە هەموو دەورانەکاندا هەوڵیان داوە شارەکەیان لە هەموو بوارێکەوە پێش بکەوێ‌و ناوو ناوبانگی کوێر نەبێتەوە.

بەڵام کۆماری ئیسلامی‌و تەنانەت نیزامی پاشایەتی بەچاوی ئەمنییەوە ڕوانیویانەتە کوردستان‌و شاری مەهابادیش جیا نەبووە لە کوردستان‌و پرسی نەتەوەیی کورد، هەر بۆیە لە بەرامبەر هەر داواو وکردەوەیەک کە لەلایەن کورد بە گشتی یان تاکەکانی کورد رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی تاران بۆتەوە بەجێگەی دانیشتن‌و لێکحاڵی بوون بە توندوتیژی‌و چەک وەڵامی کوردو داخوازیەکەی دەراوتەوەو خۆپێشاندانە نارەزاییەتیەکەی خەڵکی مەهاباد بە مەرگی گوماناوی فەریناز‌و ئاکامەکانی دەرخەری ئەو راستییەن، چونکە هەتا ئێستا هیچ دام‌و دەزگایەکی دەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوەی لە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کە روو بە خۆپیشاندەرانی دەست بەتاڵ کردوویانە، نەکردووەو هیچ کەسیش لەو پێوەندییەدا دەست بەسەر نەکراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر نوێنەری مەهابادو هەموو نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران بێنینەوە کە ئەوە ئەرک و وەزیفەی ئەوانە کە لەو رووداوە بەگشتی‌و تەقەی هێزە ئینتیزامییەکان رووبە خەڵک بەتایبەتی بکۆڵنەوەو داوای بەسزا گەیاندنی بکەرانی ئەو رووداوە بکەن‌و لە هەمان حاڵدا بە دوای تیمارکردنی بریندارەکان‌و قەرەبوو کردنەوەیاندا بڕۆن‌و لە هەوڵی ئازادکرانی دەستبەسەرەکاندا بن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وا بکەن خەڵک بە نوێنەری خۆیانتان دەزانن‌و پێچەوانەوە خەڵک لێتان دڵساردو بێئومێد دەبێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥



## ڕووداوەکەی مەهاباد زۆر مەسەلەی بۆ ڕوون کردینەوە



**هیوا سەلیمی**

ڕۆژی چواری مەی ٢٠١٥ هەواڵی گیان لەدەستدانی "فەریناز خوسرەوانی"، ڕووبەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا کوردییەکانی تەنیەوە، هەواڵێک کە ئاماژەی بە ڕووداوێکی دڵتەزێن دەکرد، ڕووداوێک کە چەندین ڕووداوی هاوشێوەی وەک گیانلەدەستدانی "سەحەر چوبینی"، "سومەیە فەیزووڵڵاپوور" و چەندین ژنی تری لە مانگەکانی پێشووتر زیندوو دەکردەوە. ڕووداوە تراژیکەکەی ئەمجارەش هاوشێوەی ئەوانی ڕابردوو، بووە پانتایی هۆنینەوەی چیرۆک و ڕۆمانی جیاجیا. هەندێک باسیان لە خۆکوشتنێکی شەرەفپارێزانە کرد، تاقمێک باسیان لە قەزا و قەدەر کرد و گرووپێکیش ڕووداوەکەیان بە ترس لە ئابڕووچوون گرێداوە. گێڕانەوەی ڕووداوەکە و داڕشتنی سیناریۆکان تا ئێستاش بەردەوامە و لە نەبوونی سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ و تەندروست پێدەچێ تائەبەد کۆمەڵێک ناڕوونی هەروا بە ناڕوونی بمێنێتەوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە هەر لایەن و توێژێک لە سۆنگەی بەرژەوەندی و ئارەزووە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیەوە بەسەرهاتەکەی بەسەرکردەوە، خافڵ لەوەی کە ئەم ڕووداوەش هاوشێوەی چیرۆکی دڵتەزێنی گیانلەدەستدانی دەستکەخوشکەکانی "فەریناز" لە ڕابردوو، باس لە کەشێکی تایبەت بۆ ژنان دەکا، باس لە پێگەی ژن لە چوارچێوەی یاسا داسەپێندراوەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەکا، باس لە بارودۆخی نالەباری کرێکاران و بە تایبەت کرێکارانی ژن ئەکا و باس لە چارەڕەشی و هاوچارەنووسی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردستان دەکا.

پاش هاتنەئارای بارودۆخەکە نارەزایی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای تەنیەوە، نەبوونی متمانە بە سیستەمی دادوەری و ناڕەزایی بە مەرگی گوماناویی "فەریناز" شەقامی جوڵاند و هەزاران هاووڵاتی لە کردەیەکی هاوبەش و لە بەستێنی چەندین دەیە ئەزموونی نارەزایی و خەبات، رژانە سەر شەقام و داوای ڕوونکردنەوە و سزادانی تاوانبارانی ڕووداوەکەیان کرد. هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێران وەک پیشەی هەمیشەیی روبەڕووی جەماوەر بوونەوە و لە ئاکامدا ڕێڕەوی خۆپیشاندانە هێمنانەکان بە توندوتیژی



سەرچاوە
Serchawe

گۆڕدرا. پرسی نارەزایی و خۆپیشاندان تەنیا بە مەهاباد نەبەسترایەوە، ژنان و پیاوانی سەردەشتیش رژانە سەرشەقام و لە چەندین ناوچەیتری کوردستانیش بە شێوازی جیاجیا پشتگیری لە خۆپیشاندەرانی مەهابادی کرا. هاوکات دیاسپۆرای پرژوبڵاوی کوردیش توانی تا رادەیەک جوڵە بە خۆی بدا، هەرچەند وەک پیشەی هەمیشەیی "حیزب حیزبێنێ" بەشێک لە پتانسیلەکانی کوردانی دەرەوەی وڵاتی بە فیرۆ دا. خۆپیشاندانی خەڵک و وتنەوەی درووشم لەدژی حکومەت و بارودۆخی هەیی، جۆری کاردانەوەکان، ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتنەئارای خۆپیشاندانەکان و چەند پرسێکی تر هێماکانی خۆپیشاندانەکەی مەهاباد و نارەزاییەکان لە ناوچەکانی تر بوون، چەندین هێمای گرنگ کە لە رەوتێکی دیالکتیکدا چییەتی راستەقینەی ڕووداوەکە پێکدێنن و لێکدانەوەی ئەو هێمانە دەتوانێ وێنەیەکی درووستر لە مەهاباد و ڕووداوەکانی ئەم ماوە بەدەستەوە بدات.

١- کورد لە چەند دەیەی ڕابردوو بە سیاسەت وەفاداربووە، کوردستان هەرێم و جوغرافیایەکی هەمیشە ئامادە بۆ سیاسەت بووە و سیاسەتی رزگاریبەخش بنەمایەکی پتەوی شەقامی کوردی لە ئێران پێکدێنێ. کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی چەکدارانەی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێکانی، ڕووداوەکانی پاش راپەڕینی گەلانی ئێران لە ٥٧، دامەزران و هاتنەئارای رێکخراو و جەمعییەتەکان، هاوینی ٨٤ و چەندین نموونەی هاوشێوە کورتەیەک لە کارنامەی سیاسی گەلی کورد لە ئێرانە و بێگومان دەیان نموونەیتریش بۆ داهاتوو بەڕێوەن. لە بەستێنی ئەم مێژووە سیاسیە دەکرێ باس لە گرێدراوبوونی خۆپیشاندانەکانی مەهاباد و سەردەشت و نارەزاییە هاوشێوەکان بە ڕابردوو بکرێ، دەکرێ باس لە شەبەحی سیاسەت وەرزی لە دەرفەت و کاتی گونجاو لەم ناوچە بکرێ و دەکرێ باس لە پشکۆکانی ژێر خۆڵەمێش بکرێ. خەباتی چەکداری، خۆپیشاندان و داگیرکردنی شەقام، مانگرتن و چەندین شێوازیتری خەبات بە پێی کات و دەرفەت بوون و هەریەک لەم تاکتیکانە حزووری جدییان لە پانتایی سیاسی کوردستاندا نمایشت کردوە و دەکرێ ئەم ڕووداوەش لەم چوارچێوەدا پۆلین بکەین. لە کوردستان سنووری نێوان هەر کارەسات، هەر گەمە و هەر نارەزاییەکی ئاسایی لەگەڵ پرسی موتالباتی گشتی سیاسی دیوارێکی تەسکە، دیوارێک کە بە خێرایی دەڕوخێ و کۆمەڵێک چەمکی وەک بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕش و راپەڕین قوت دەکاتەوە. دۆسیەی سیاسی کوردستان دۆسیەیەکی کراوەیە، داواکاری و موتالباتی ناسراوی هەیە و ئەم دۆسیە تا گەیشتن بەو داواکاریانە هەروا بە کراوەیی دەمێنێتەوە. ئەگەر وابێ جێی خۆی نیە کە بڵێین: "سەرجەمی برینداران و دەستگیرکراوانی ئەم ڕووداوە بیانوویێک بۆ پاڵەوان بوون و شانازییان هەیە؟"

٢- کوردستان نموونەیەکی واقعی و تراژیک لە دواکەوتوویی ئابووری و هەژارییە، نموونەیەک کە وەک "تەمێکردن" و دەرسێکی عیبرەت و چاولێکەری ئاراستەکراوە و هەروەک چۆن کاربەدەستانی حکومەت و نوێنەرەکانیان لە کوردستان باسی لێدەکەن، پرسی گەشەی ئابووری کوردستان بە پرسی رادەی بە ناو "ئاسایش"ەوە گرێدراوە. مەگەر هەر ئەوە نەبوو کە خاوەنی هوتێلە سووتاوەکەش پاش ڕووداوەکە لە لێدوان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن باسی لەوەکرد کە "ئێمە ویستمان بە هێنانی سەرمایە بۆ کوردستان گەشە و ئاوەدانی بۆ ئەم ناوچە بێنین و بەڵام ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە کوردستان بۆ سەرمایەگوزاری ئەمن نیە و سەرجەمی پرۆژەکانمان رادەگرین؟" یان ئەوەی کە بەشێک لە بە ناو چالاکانی ناوخۆ دەستبەجێ هاواریان لێ هەستا و باسیان لەوەکرد کە ئەم مەسەلە گورز لە ئابووری کوردستان دەدا و رەوتی بە ناو گەشەی ئابووری! لە کوردستان تووشی وەستان دەکا؟ ئاسایش لە رەوانگەی ئەوانەوە بێدەنگ بوونە، ئەمنییەت لە روانگەی ئەوانەوە دەستبەرداربوون لە خواست و هیواکانە و دواجار تەرجەمەی ئاسایش لای ئەوان بریتیە لە ملکەچبوون

و کرنۆشبردن بۆ گوتاری بە ناو شۆڕشی ئیسلامی و پشتکردن لە سیاسەت. لە کوردستان هیچ ناوەندێکی پیشەیی بەهێز بوونی نیە، هیچ پرۆژەیەکی جدی ئابووری لەئارادانیە و پشکی کوردستان لە لانیکەمەکانی بودجە و گەشەی ئابووری نزیک بە سفرە. ئەوەی لە کوردستان بە ناوی گەشەی ئابووری باسی لێدەکرێ، هەموو شتێکە بە غەیری گەشەی ئابووری. کردنەوەی هوتێلی بەرز و کەشخە، بونیادنانی پاساژی چەند سەد دوکانی و کردنەوەی بالاخانەی بەرز بەرز و چراخان هیچ نانێک بە سفرەی خەڵکی هەژاری کوردستان زیاد ناکا، باسکردنێکی لەوشێوە زیاتر لە منداڵ خەڵەتاندن و زیاتر لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک دەچێ و ئەوان بەنیازن بە ڕۆژی ڕووناک کەڵەگایی بکەن و مانایەکی پێچەوانە لە ئابووری و گەشە بەدەستەوەبدەن. ئامارەکان باس لە بوونی سوپایەکی گەورەی بێکار لە کوردستان دەکا، باس لە کەلێنێکی چینایەتی بەرچاو و بەرجەستە دەکا و باس لە دروستبوونی نەفرەتێکی گەورە و پتانسیەلێکی بەهێزی ڕاپەڕین لە ناو چینی هەژار و ستەملێکراوی کوردستان دەکا. بێ هۆکار نییە کە یەکێک لە درووشمەکانی بەردەم هوتێل تارای مەهاباد "مەرگ و نەمان بۆ سەرمایەدار"ە، درووشمێکی تەواو سیاسی کە بەردەنگەکانی لە هەموو فەزای کۆمەڵگا، لە سیستەمی سیاسی و ئابووری وڵات، لە چینی دارا و سەرمایەداری خۆجێی و لە سەرمایەدارە رانت خۆرە تازە بە پارە و سەرمایە گەیشتووەکان دەکاتە نیشانە. سوتاندنی هوتیل تارا لە بەستێنی ئەم حەقیقەتەدا جێگەی تێڕامانە، شوێنێک کە وەک نوێنەر و هێمای سەرمایەداری خۆجێی دەکرێتە ئامانج و خاپوور دەکرێت. ئایا پارتە بەناو چەپەکان لە پتانسیەلێکی لەوشێوە ئاگاداران یان ئەوەی کە هاوشێوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە فەزای بە ناو ئەگەرەکانی پلاماری سەربازی ئەمریکا، کراوات بەستن و دیدار لەگەڵ دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان خەون بە گەیشتن بە کورسییەکانی دەسەڵاتەوە دەبینن؟

٣- ڕووداوەکەی مەهاباد کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە. بەشێک لە کاردانەوەکان لە میدیای عەرەبی و تورکیدا بینرا و بیسترا، بابەتێک کە زیاتر خۆی لە چوارچێوەی تمووح و بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی وڵاتانی عەرەبی و تورکیادا دەبینێتەوە و لەبەرچاوی جوانی کورد و ڕەوابوونی داواکارییەکانیان نەبوو. بەشێکیتر لە کاردانەوەکان پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بوو، ئەو پارتانەی کە بۆ زیاتر لە دوو دەیە دەبێ بە کردەوە خەباتیان راگرتووە و لە باشووری کوردستان گرساونەتەوە. بێگومان لێکدانەوەیەکی خەسارناسانە لە جۆری مامەڵەکردن و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی پارتە کوردییەکان لە ڕووداوەکە دەتوانێ خزمەت بە پەیوەندی تەندرووستی نێوان حزب و خەڵک و هاوکات هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی پارتەکان بدا.

لە سەرەتای ڕووداوەکە پارتەکان بێدەنگ بوون، چاوەڕوانی ڕووداوێکی لەوشێوە نەبوون و لە کەش و هەوای دوورکەوتنەوە لە خەڵک و بە قەولی خۆیان دیپلۆماسی جیهانی و ناوچەییدا سەرقاڵی بە ناو چالاکییەکانیان (خۆخەڵەتاندن) بوون. پاش هاتنەئارای خۆپیشاندانەکان مەکینەی ئێعلامی و ڕاگەیاندنی پارتە بەرهەڵستکارەکان کەوتە کار، رووبەری لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامانی ئەو پارتانە پڕبوو لە واتاکانی "بۆ پێشەوە" و چرکە لە دوای چرکە سروودی شۆڕشگێڕانە لە تەلفزیۆن و رادیۆکانیانەوە بڵاودەکرایەوە. لە هەڵپەهەڵپی خۆیاندا دەستیانکرد بە هۆنینەوەی چەمکی شۆڕش، بەشێکیان هەلەکەیان بە گونجاو زانی و بۆ سەدەمیان جار راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کەوتنە پاڕانەوە لە ڕژێم و بۆ جارێکیتر پرسی پێداویستی دانیشتن و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتیان دووبارەکردەوە و لە هەمووی کۆمیکتر چەند لایەنیش باسیان لە ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە کرد، تەنانەت پارتێکیش بە قەولی خۆی "چالاکی وڵامدانەوە"ی ئەنجام دا. لە سەرجەمی ئەم پرۆسە کورتەدا بێسەرەوبەرەیی پارتە سیاسییەکان ئاشکرا بوو،

توانای مانۆڕ و ئامادەبوونی ئەوان دەرکەوت و غایب بوونی پلان و بەرنامە بۆ دەرەفەت و ڕووداوێکی کتوپڕی لەوشێوە خۆی نیشان دا. ئۆپۆزیسیۆن لە لێکدانەوەی زەرفییەت و تواناکانی بزووتنەوەیەکی لەوشێوە عاجز بوو، لە ناسینی شوناس و چییەتی واقعی خرۆشانێکی لەوشێوە بێبەری بوو و لە هەمووی گرنگتر لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی دروستی نارەزایییەکی لەوشێوە پەککەوتوو بوو.

لایەنێکیتری پەیوەندیدار بە پرسەکە تەیفێکی ناهاوشێوە لە بەناو ئیسلاحتەڵەبانی ناوخۆی کوردستان و بە تایبەت مەهاباد بوو. بەشێک لەم بەناو ئیسلاح تەڵەبانە تا ئێستاش بێدەنگیان هەڵبژاردووە، بەشێکیان هاوشێوەی دەسەڵاتداران خۆپیشاندەران و خەڵکی نارازییان تۆمەتبار و تاوانبارکردوە و بەشێکیشیان بە وتار و وتەی ناکۆک و دژبەیەک هەوڵیانداوە "نە سیخ بسوتێ و نە کەباب". لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاو لە ئیسلاحتەڵەبان بە کردەوە لە ئەتەمسفۆری گوتاری حاکمدا هەناسە هەڵدەکێشن، بە ئاسانی جێگەی حاکم و مەحکوم دەگۆڕن و بە سانایی خەتێک بەسەر هەر چەشنە نارەزایی و کردەیەکی هاوبەشی سیاسیدا دێنن. ئەوان تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بڕوایان بە کردەی سیاسی هاوبەش هەیە و تەنیا لە کاتی کۆکردنەوەی دەنگەکان باس لە لانیکەمی مافی هاووڵاتی بۆ تاکەکانی کوردستان دەکەن. جێگەی خۆی نیە پرسیار لەم بە ناو چالاکانە بکرێ کە لە کاتی لەسێدارەدانی گەنجانی کورد بە تۆمەتی بیرجیاوازی لە کوێن؟ لە کاتی کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی سەرسنوور لە کوێن؟

خاڵێکی جێگەی سەرنج لە وتە و سەرنجی بە ناو ئیسلاحتەڵەبان باسکردن لە خەبانی ناتووندوتیژی یان ئەوەی کە بە فارسی پێی دەڵێن "مبارزه بدون خشونت"، گوتارێک کە زیاتر لە جۆک دەچێ و خۆشیان باش دەزانن کە سەرچاوەی سەرجەمی توندوتیژییەکان دەسەڵات بووە. خودی وێنەکانی بەردەم هوتێل تارای مەهابادیش نیشانی ئەدا کە جەماوەری نارازی دەستپێشخەری توندوتیژی نەبوون، ئەوان کۆمەڵێک خواستی رەوایان بووە و بەڵام هەروەک چاوەڕوان دەکرا وڵامی داواکارییەکان داپڵۆسین و سەرکوت بووە. گەلی کورد لە ئێران و بزووتنەوەکەی هیچ کات و هیچ سەردەمێک بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانی پەنای بۆ توندوتیژی نەبردوە، سەرجەمی مەیدانەکانی وەک چالاکی پێشمەرگانە، موقاوەمەتی جەماوەری، خۆپیشاندان، مانگرتن و هەتادواتر لە چوارچێوەی مافی رەوا و مەشروعدا بوون و هیچ کەس و هیچ یاسایەک لە هیچ سەردەمێکی و لە هیچ شوێنێکی جیهان توانای زەوتکردنی ئەو مافەی لە تاک و کۆمەڵگا نەبووە و نیە. باسکردن لە نەبوونی توندوتیژی لەلایەن بەشێک لە ئیسلاح تەڵەبان هیچ پەیوەندی بە ناوەڕۆکی باسەکەوە نیە و ئەم تێرمە زیاتر لە ئاراستەی دەعوەتکردن و بانگهێشتکردنی گەل بۆ ئینفعال و پەڕگیری بووە، بانگهێشتکردن بۆ خزانە ناو ماڵەکان بووە و زیاتر لەئاراستەی سەندنەوەی چەمکی بەرپرسیاریەتی لە تاک و کۆمەڵگا بووە. ئەگەر بڕیاربێ ئەوان ئامۆژگاری و لێدوانی لەوشێوە بدەن، باشتر وانیە بێدەنگ بن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٥

## جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان هەندێ چالاکی سیاسیی ناوخۆ و دەرەوە



**برایم جەهانگیری**

لەمێژەو لەسەر زۆر کێشەی بەردەم کۆمەڵگا و لەسەر زۆر هەڵچوون و نارەزایەتی دەربڕینی کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو لە چنگ سیستەمی فاشیستی مەسەبیی ئێران جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان چالاکانی ناوخۆ و دەرەوە زەق وئاشکرایە. ئەوەی لەسەرەتای ئەو نووسینەدا دەم هەوێ باسی بکەم ئەمەیە کە هیچ کەس و لایەنێک چاوەڕوانی ئەوەی نییە کە چۆنی ئێمەی خۆش نشین و هەندەران نشێن بە خەیاڵی ئاسوودە و بێترس و دڵەڕاوکێلە دژی رێژیم دەنووسین ئەو دۆستانەی ناوخۆش هەر ئاوها بنووسن، ئەگەر ئەو دیدە هەبێ کە یەکجار کەمە نامەنتیقی و نەبەجێیە.

بەڵام خۆ ناکرێ کاتێ باسی ڕووداوەکان دەکرێ بۆ پاساوی ئەوەی تۆ بتوانی باسێکی بە خشکە لە ڕووداوەکان بکەی هەندێ هەق ناهەق بکرێ و ناهەق بە هەقدار بقەبڵێنرێ، با بەڕوونی ٣ بابەتی مێژوویی دوور ونزیک بۆ ئەو مەبەستە بێنمەوە:

١- هەندێ دۆستانی ناوخۆ کاتێ باسی ڕوداوەکانی سەرەتانی بە ناو شۆڕشی ٥٧دەکەن و باسی کوردستان و بەرەوڕووبوونەوەی کورد و حکوومەت دەکەن هەمیشە هەوڵی ئەوەیانە ئەوە بسەلمێنن کە لە شەڕی بەرگریدا ئەوە کورد بووە کە لەجیاتی زمانی سیاسیی و مەدەنی زمانی چەکی هەڵبژاردووە و شەڕ و کاوڵکاری تووشی کورد کردووە و کوردستانی لە چەندەها پرۆژەیی بازرگانی و پیشەسازی وەپاش داوە چون شەڕ بۆتە هۆی ئەوە کە کوردستان میلیتاریزە بکرێ و کەس ئامادەی سەرمایە گوزاری لە کوردسان نەبێ.

٢- لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢ی خورداد و بە تایبەتی دوای دەغەڵکاریەکەی دەسەڵات لە کاتی دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نژاد دا ، خەڵک لە غەدر و ستەمێک کە بەرامبەر دەنگدان وق ئاکامی دەنگدان لێیان کرا و لە جیات مووسەوی، ئەحمەدی نژادیان بە کەڵەگایی کردە سەرۆک کۆمار شەپۆلێک نارەزایەتی تاران و هەندێ شاری دیکەی ئێرانی گرتەوە وبە جۆرێک شەپۆلی تووڕەی کۆمەڵانی خەڵک وەرێ کەوت کە وەک سێڵاو خەریک بوو هەمووشت دەگەڵ خۆی ڕامالێ، ئەو کاتیش دووبارە ئەو روانگەیە و

ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە خەڵکی بە بە کار هێنانی توند و تیژی تاوانبار کرد و پێی وابوو کە ڕێڕەوی خۆپێشاندانەکان گوڕدراو بە لاڕێدا چوو. ئیدی باسی ئەو هەموو پاسدار و بەسیجی و لیباس شەخسی و حیزبوللاهییە نەکرا کە ڕۆژێ وەک کەمتیار لە شەقامەکان دا بەربونە گیانی کچان و کورانی لاو کە خوازیاری گۆڕان کاری بوون، بەتایبەتی دوای تەقە کردن لە نەدا ئاقا سوڵتان و خەڵتانی خوین کردنی ئەو کچە بێگوناهە ئیتر شەپۆلی تووڕەیی خەڵک پایە و بناخەی ڕێژێمی هێنایە لەرزەوە زۆتر ناوەند و پێگەی سەرکوتکەران بەدەستی خەڵک تار ومار کراو ئاگری تێبەردرا.

٣- لە تازەترین حەڵەتی دا و دوای ئەوەی کە خەڵکی وەزاڵە هاتوو بەرامبەر مەرگی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی کە لە تەبەقەی ٤ هوتێل تارادا کەوتە خوارەوە (یان بۆ ئەوەی دەستتدرێژی بەکرێتەسەری خۆی فرێداوەتە خوارەوە) خەڵکی قارەمان و چاونەترسی مەهاباد بە تایبەتی لاوان ڕژانە سەر شەقام و لە ڕووبەرووی هوتێل تارا کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان وەڕێ خست. چی پێنەچوو کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، سپا و هێزی ئینتیزامی بەربوونە گیانی خەڵک و بە تفەنگی ساچمە زەن و بە هاویشتنی گازی فرمێسکهێنەر و تەقە کردن دەیان کەسیان بریندار کرد و خەڵکەکەیان ئەوەندەی دیکە تووڕە وبیزار کرد و ئەو کارەش بە ڕواڵەت بۆ بەرگری لە هوتێلێک کە ئیتر ئێستا ببووە خاڵێکی نیگەتیو و بێزراوی ئەو ڕووداوە. دوای ئەو تەقە و گازی فرمێسک ڕێژ هاویشتنە لە ماویەکی کورتدا و لە ڕووبەرووبوونەوەی خەڵک و هێزە ئینتیزامیەکان بە گوێرەی هەواڵ و ویدۆ بڵاوکراوەکان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم مەیدانیان چۆل کرد و خەڵکی تووڕە و دڵ و جەستە برینداریان دەگەڵ هوتێل تارا بە تەنێ هێشتەوە، زۆر ئاسایی و سرووشتیە لە وەها حاڵێکدا ئەو خەڵکە هێرش بەرنە سەر هوتێلەکە و بیسووتێنین و لێکدانەوەی ئەو کارەش هێندە سادەیە وەک ئاو خواردنەوە وایە. ڕێژیم بە ئانقەست وای لە خەڵک کرد کە ئەو هوتێلە بسووتێنن.

لەو هەرسێک حاڵەتی سەرەوە ڕا حەز دەکەم ئاماژە بەیەکەم ڕوانگەی نادروستی ئەو دۆستانە بکەم و وەبیریان بێنمەوە و لە تویی ئەو پرسیارەدا کە دڵنیام هیچ وڵامێکیان بۆی نییە بڵێم دۆستان ئەرێ حیزبی توودە کە ببووە بە کەوا سووری پێش لەشکری ڕێژیم و نەک دژایەتی ئەو ڕێژیمەی بیرای ببرای نەدەکرد بەڵکوو وەک هێزێکی دژی ئیمپریالیستی ناوچەکە سەیری دەکرد و بە هەموو نرخێک دیفاعی لێدەکرد، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان چەکی بە دژی ئەو ڕێژیمە هەڵگرت؟ ئایا خەباتی توند و تیژی دەگەڵ ئەو ڕێژیمە کرد؟ ئایا فیدائیانی خەڵکی ئێران - ئەکسەریەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەگژ ڕێژیمداهاتنەوە ؟ خۆ ئەوان لە خزمەتکردن زیاتر چیدیکەیان بەرامبەر بەو ڕێژیمە لە کارنامە دانییە و نەبووە؟ ئەی بۆچی ئەو دووە کەوتنە بەر هێرشی دەسگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم و ئاداریان لە سەر پاداریانەوە نەما؟

بەڕێزان، با بە چاوێکی واقع بینییەوە بڕوانینە مەسەلەکان، ئەگەر ناتوانین و دەرفەتی باسکردنی ڕاستیەکانمان نییە با بە زمانی نووسین، با بە خشکە و بە مۆر پاکانە بۆ ڕێژێمێک نەکەین کە دەستی هەتا مڵان بە خوێنی نووسەر و شاعیر و سیاسیی وچالاکی مەدەنی، ژن و پیاووڵاوی ئەو وڵاتە سوور بووە! ئایا حیزبی دێمۆکڕات و کۆمەڵە لە هەڵبژاردنەکانی سەراسەری بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئەو کات بەشداریان نەکرد؟ ئایا نوێنەرە کوردەکان خۆیان ئامادە نەکرد تا خەباتی سیاسیی وپارلەمانی دەست پێبکەن؟ ئایا لە بیرتان چۆتەوە بۆ مەجلیسی خیبرەگان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دوکتور قاسملووی نەمر بە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار دەنگ

بوو بە نوێنەری ی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە مەجلیسی خیبرەگان؟ ئەوانە یانی چی؟ یانی کورد ویستوویە و تەمای جیدیی بووە کە بەشداری لە خەباتی سیاسیی ومەدەنی و پارلەمانی دا بکات. بەڵام لە وڵام دا و لە سەر هەندێ تەقە و شەڕی و قووەشەری پاسداری داگیرکەر و پێشمەرگە، فەرمانی بەنی سەدر بۆ پاک کردنەوەی کوردستان لە ئەشراری بەدوادا هات، فەرمانی جیهادی خومەینی بە دژی گەلی هەژار و ستەملێکراوی کوردستانی بە دوا داهات؟ ئەوانە راستیەکن حاشاکردن لێیان بمان هەوێ و نەمانهەوێ دەچیتە خانەی پاکانە کردن بۆ ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی رێژیم دەرهەق بە هەموو خەڵکی ئیران و بەزیادەوەش بەرامبەر خەڵکی کورد کردوویە؟ کەبوودوەند و کوردپوورەکان پێشمەرگە نەبوون و چەک و نارجۆکیان لە دژی رێژیم بەکار نەهێنابوو چما وا چەند و چەندین ساڵە بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە لە کونجی بەندیخانەی ستەم و بێدادی دا دەتلێنەوە؟ ئیعدامی چالاکانی سیاسیی و بێچەک خۆ شتێک نییە لەبەرچاوان ون بێ و بتوانرێ حاشای لێبکرێ. ئەوە شانۆی زیندووی هەر رۆژەو هەفتەو مانگمانە کە بە بەرچاومانەوە ملیان بە پەتی سێدارەی بێدادییەوە و جەستەی بێگیانیان لە ساتەکانی کوتایی ژیاندا بەسەر دارەوە لە جۆلانەدان.

دۆستان، ماوەتەوە بڵێم ئەو رێژیمە بە هەموو پێوەر و پێوانەکان رێژێمی فاشیستی مەسەبی سەدەکانی ناوەڕاستە، ئەو رێژیمە تەنانەت رێگا بە ئێوەش و لە ئێوە ئەمینتر و ئارامتریش نادا تا رێکخراوێکی مەدەنی ئازاد پێک بێنن و بتوانن لە رووداوەکان دا بە گوێرەی پێویست شوێندانەر بن، خۆ ئەگەر دیکتاتۆریەت و فاشیەتی ئەو رێژیمە رێگای ئەوەی دابا کە چەند ساڵ لەمەوبەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی شکلیان گرتبا بە دڵنیاییەوە ئاکامی زۆر مەسەلە و بابەت گۆڕانی جیدیان بەسەر دا دەهات، ڕەنگە چارەنووسی هوتێکل تاراش بەو ڕۆژە نەگەیشتبا، بەڵام ئایا ئەو رێژیمە دەرفەتی هەناسە کێشانی بۆ کەس هێشتۆتەوە؟

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێم ڕەنگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا چەند کەسێک هاندەری سووتاندنی هوتێل تارا بووبێ بەڵام بەگشتی نە تاکی کوردی هەندەران، نە چالاکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و نە حیزبەکانیش هیچیان دەگەڵ سووتاندنی هوتێل تارا نین و نەبوون ، بەڵام ئێستا کە هوتێلەکە سووتاوە تاوانباری سەرەکی نابێ جێگۆکێی پێبکرێ و رێژیم کە لەو رووداوەدا سەتا سەت تاونبارە تەبرەئە بکرێ و خەڵک ولاوانی دڵبریندارو جەستە بریندار بەخەتابار بناسرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی کوردستان بیری ئازاد - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## ڕووداوی مەهاباد و ئێمە؟



**برایم فەڕشی**

مرۆڤی کورد لەو وڵاتە بە تەنیا لە گەڵ دەوڵەت، هێزەکانی ئیداری، نیزامی و ئەمنیەتی ڕووبەڕوو نییە، بەڵکوو لە گەڵ بەشێک لە کوردەکانیش ڕووبەڕووە، کە بوونەتە پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئیداریی، نیزامی، ئەمنیەتی، بازرگانی و سەنعەتی کۆماری ئیسلامی ئێران! ئەو بەشە لە کورد کە دەستڕۆیشتوو، بوروکرات، تێکنۆکرات ، زەنگین، سەرمایەدار، نوخبە، مێدیاکار، هونەرمەند، نووسەر و خاوەن دەزگایە، دژبەرێکی نوێی کورد و شەریکێکی تازەی سیستمەکەیە! ئەم دیاردەیەیە کە نیشانەی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بنج و بنەوانی کۆمەڵگا و چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانە، دیاردەیەکی شاراوە نییە، هەرچەند لە چاو دوور بێ و بەئەنقەست لە لایەن نوخبەی کورد و دام و دەزگای سیاسی و عیلمییەوە باسی لێوەنەکرێ!

ئەوەی هاووڵاتیانی شاری مەهاباد، هێرش دەبەنە سەر دەزگای کەسێکی کورد کە لەلایەن ڕژیمەوە بە هێزی نیزامی و ئەمنیەتی پارێزگاری لێدەکرێ، ئەم ڕاستییە دەردەبڕێ، کە بەشێک لە نوخبە و سیاسی کۆن و نوێی کورد، بۆنەتە دەست و چاو و گوێ و باسک و تەنانەت مێشک و دڵی حکوومەت و هاوبەش لە گەڵ ئەو دەجولێنەوە. ئەوانە نە جاش و مووچەخۆر و بەکرێگیراو، بەڵکوو شەریک و بەشداری سیستم و دەستەڵاتن. هەموو شارەکانی کوردستان پڕە لە "مەولودی" و "هوتێل تارا" و کەس و دەزگاکانی هاوشێوە. جگە لە کوردستان لە تاران، تەورێز، ئیسفەهان، باکوور و باشووری ئێران، خێڵی نوێی کورد بە سەرمایە و تەکنیک و لێهاتووی فەنی و زانستی و هونەری خۆیانەوە، تێکەڵاو بازاڕ و سیاسەت و ئیدارەی ئێران، لە گەڵ هاوتەباری فارس و تورکی خۆیان بوون. ئەوانە لە مەهاباد و کوردستان بە کوردی و لە باقی شوێنەکان بە تورکی و فارسی، لە وڵاتانی عارەبی ناوچە بە عارەبی و لە مامەڵاتی ئورووپا و ڕۆژئاوا بە زمانی تر دەدوێن.

گەر پێشتر کورد لە ڕۆژهەڵات دەزگاکانی حکوومەتی بەردەباران دەکرد، ئەمڕۆ و سبەی دەبێ دەزگای ئەو کوردانە بەردەباران بکات کە دەکەونە نێوان حکومەت و خەڵک. ئەوەش جگە لە سەرکەوتنی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی و تێکشکانی پلان و بەرنامەی هەموو

لایەنەکانی کورد، ناوێکی تری نییە.

ڕووداوی مەهاباد گەلێک ڕاستی دیکەش دەخاتە ڕوو، ئەویش چۆنیەتی مێدیا و مێدیاکاران و خێڵی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ژۆرنالیستی کوردە. لە شاری مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر دەیان و بگرە سەدان کەس خۆیان بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەزانن و لە گۆوار و بلاڤۆک و ماڵپەر، ڕۆژانە دەنووسن! چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کەسانێک لەو نووسەر و ژۆرنالیست و گۆوار و ماڵپەڕانە وەشوێن ڕاستی خەبەرەکە بکەون و پەردەی تارمایی لە سەر ڕووداوەکە هەڵدەنەوە و ڕاستی ڕووداوەکە بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئەوەش ڕووی نەدا و بەردەوام وەک ڕووداوەکانی پێشو، بەناوی خەبەر و زانیاری لە کاناڵی ناڕوونەوە، ڕاست و ناڕاست بلاوکراوە. ئاکامی ئەم چەشنە ژۆرنالیسم و ڕۆژنامەنووسی و مێدیایەش، هەڵچوون و سەرکوتکردن و بازاڕگەرمی مێدیای بێ ئاکامە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی دەیان وەکیلی ناوبەدەرەوەی کورد هەیە، کە پارێزگاری هێندێک لە پەروەندە سیاسییە گرنگەکانی ئێران و کوردستان بوون. لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی مەرگی (ف/خ) نە ناوێک لەوانە هەیە ونە لە زمان ئەوانەوە، زانیاری بڵاو کرایەوە. لە بێخەبەری ئەوانە و بێدەنگی تەواوی مێدیای شاری مەهاباد و شارەکانی دی، مەیدان بۆ بڵاوکردنەوەی، هەرچەشنە ڕاستی و ناڕاستییەک، ئاواڵە کرا.

لاوازترین و بێ پرنسیپترین بازنەی ئەم ڕووداوە، بە ناو حزبەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە زۆرترین دەوریان لە لێڵ کردنی ڕووداوەکەدا هەبوو. ئەوان کە ئیدیعای بوونی دام و دەزگای نهێنی دەکەن، نە تەنیا نەچوون بە دوای ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکەدا، بەڵکوو کەوتنە هەڵوەهەنگامەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئیسباتیان کرد نە تەنیا قۆڵ و باسک و ئەندامی نهێنییان کار ناکات، بەڵکوو سەری حزبەکانیشیان لە کار کەوتووە.

مەرگی دڵتەزێنی کیژێکی کورد لە مەهاباد، دەکرا ببێتە ڕووداوێکی سیاسی گرنگ، بۆ لەقاودانی ژیانی ژنان و ڕیسواکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دام و دەزگاکانی. هەروەها لە قاودانی باری نالەباری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، بەڵام لە بەر سستی و دوورەپەرێزی هەموو ئەو لایەنانەی کە باسکرا، بوو بە ڕووداوی بەردەباران و سوتاندن و هاویشتنی ئەو جنێوانەی کە لە ویدیۆکاندا دەبیسترا، کە خۆی دوپاتکردنەوەی بێ ڕێزی بە ژن بوو، کە لێرە دایک و ژن و کچی خاوەن هوتێل مەبەست بوو. ئەوە تراژیکترین بەشی ئەو ڕووداوەیە، کە سیاسەتی نەتەوەیەکی گەورە، ئاوا دابەزێ. سووچی ئەم تاوانەش دەکەوێتە سەر شانی هەموومان. هێشتا لەو وڵاتە خەڵک هەیە کە بێتە سەر شەقام، بەڵام کە نوخبە و سیاسی و حزب مەیدانی چۆڵ کرد، بەردەباران جێگای دەگرێتەوە، ئەوەش سەرەتاییترین کەرەسەی ئینسان بووە، بۆ خۆپاراستن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوت : مانگی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## دەقی وتووێژی هەفتەنامەی "رووداو" لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**هەڤپەیڤین: ئومید بەرین**

**رووداو**: نارەزایەتییەکەی مەهاباد، پرسێکی سیاسی بوو یا کۆمەڵایەتی؟

**خالید عەزیزی**: لەئێراندا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵن، تەنانەت جاری وایە لە وڵاتانی دێمۆکراتیکیش پرسی کۆمەڵایەتی دەبێتە پرسێکی سیاسی و هەندێک لایەنیش لەو ناوە هەوڵ دەدەن داواکارییەکانی خۆیان زەق بکەنەوە، هەرچەندە پرسەکەی مەهاباد کۆمەڵایەتی بوو بەڵام لە درێژەیدا بوو بە سیاسی، هۆکاری ئەوەش زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی و پشتکردن لە داخوازییەکانی خەڵکە کە بەستێنی ئەوە دەرەخسێنێت .

**رووداو**: ئایا توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا پاساو هەڵگرە؟

**خالید عەزیزی**: من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان، بەڵام هۆکاری ئەو توندوتیژییە ئەوە کە حکومەت وڵامدار نییە و گوێ لە داواکاری خەڵک ناگرێت، خەڵک لەناچارییەوە پەنای بۆ دەبەن. لە وڵاتانی دیموکراتیکیش توندوتیژی روودەدات، بەڵام بەو جیاوازییە کە بەرهەمی کاردانەوەیەکی کورت ماوەیە، بەڵام لە ئێران بەهۆیی کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی خەڵک ئەو بەستێنە لەمێژە رەخساوە .

**رووداو**: پێت وانیە کە توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا نەزۆکە و شۆرشی لێناکەوێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: لە روانگەی من ئاگردانی هۆتێلەکە کارێکی باش نەبوو، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیتوانی کارێک بکەن کە ئەوە روونەدات، ئەوان زۆر بە ئەزموونن لە جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەر، من پێموایە ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە بەکردەوەکانی خەڵکی هاندا، هێزە ئەمنییەکان دەیانویست وێنایەکی توندیژ لە خەڵکی کوردستان نیشان بدەن و روو بەدەرەوە بڵێن کە ئەوە هۆتێل ئاگر دەدەن ، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران مودیرییەتی قەیرانی کرد، بۆ ئەوەی نارەزایەتییەکە بە رێرەوێکی ئارامدا نەڕوات و نەگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان .

**رووداو**: دووای سوتانی هۆتێل تارا هێزە ئەمنییەکان پاشەکشەیان پێکرا! بۆچی؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک کە زانیان نارەزایەتییەکان گەورە دەبێتەوە پاشەکشەیان بە هێزە ئەمنییەکان کرد، بۆ ئەوەی خەتا لەسەر شانی خۆیان لاببەن و پرۆپاگەندەی پێوە بکەن، واتە لە قۆناخی یەکەمدا خەڵکیان وروژاند بۆ ئەوەی توند و تیژی رووبدات و لە قۆناخی دووهەمدا پاشەکشەیان بەهێزە ئەمنییەکان کرد. بە پێی ماددەی ٢٧ی دەستووری ئێران، خۆپیشاندانەکەی مەهاباد رەوا بوو، نە کەس چەکی پێبوو و نە لە دژی ئیسلام بوو، بەڵام ئەوان یاسای خۆشیان پێشێل دەکەن و ئەو مافە لە خەڵک دەستێننەوە ،هۆکارەکەشی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە پرسی کورد، دەسکەوتی کورد لە پارچەکانی دیکە هیوا و ئومێدی بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتیش دروست کردووە و حکومەت لەوە دەترسێت.

**رووداو**: نارەزایەتییەکە چۆن دەیتوانی رووالەتێکی مەدەنییانەتر و بەردەوامی تری هەبا؟

**خالید عەزیزی**: با خۆپیشاندان واسەیر نەکەین کە تەنیا دەبێ کاردانەوە بێ بەرامبەر کردەوەیەکی حکومەت، با بژاردە و رۆشەنبیرانی ئێمەش کە لەناو خۆدا کار دەکەن بەشداری نارەزایەتییەکان بن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ لەلایەنی مەزهەبییەوە، کەڵکی خراپ لە هەستی مەزهەبی وەرگرێت و لە دژی هەستی نەتەوەیی ئێمە بەکاری دێنێت، با مامۆستایانی ئاییینیش بەشداری خۆپیشاندانەکان بن، ئەوە یارمەتی دەرە کە نارەزایەتییەکان درێژەی هەبێت و دەستی حکومەت دەبەستێت بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەو بە ئاسانی ئەو جۆرەیکە پێی خۆشە لێکدانەوە بکات. ئەگەرچی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە هەر حاڵەتێکیدا رەوایە و مافی خەڵکە با بیکەن بە عادەت و لەوەبەدواوە بەشێوەیە نارەزایەتی دەرببرین .

**رووداو**: بەشێک لە میدیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەوەی بەڵگەیان لەبەردەست بێت،ئەو تۆمەتانەی دەخوانە پاڵ خاوەن هۆتێلەکە پشتراستیان دەکردەوە، چەندین هەواڵیشیان بڵاو کردەوە کە دواى دەرکەوت دورن لە راستی! ئەوە زەبر لە پرستیژی ئێوە نادات؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە دەسپێڕاگەیشتووی میدیاییمان سنووردارە و جار واهەیە زانیاری راست ناگاتە میدیای ئێمە و ئەوە قبوڵ دەکەم.

**رووداو**: لەلایەن هەندێک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبەکانی رۆژهەلاتەوە، لەناویاندا حیزبی ئێوە، هێرش کرایە سەر چالاکڤانانی

سیاسی نێوخۆی رۆژهەلات، بەوە تۆمەتباریان کردن کە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزن! لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: پێوستە هەموو لایەکمان کاتێک باسی کوردستانی ئێران دەکەین، هەرکەسە بەپێی گرێدراوی پێگەی جوگرافیایی، حیزبی و تاکە کەسی خۆی دادوەری نەکات، ئەوە تووشی هەڵەمان دەکات، هەڵوێستی چالاکڤانانی ناوخۆ و دەرەوە کە زیاتر لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا هەوڵوێست دەگرن، یا هەڵوێستی حیزبەکان سەبارەت بە رووداوەکەی مەهاباد، زۆر شتی تێدابوو کە دەبێ لەیی فێر بین ،کوردستانی ئێران موڵکی هەموو لایەکمانە، نابێ هیچ لایەک حوکم لەسەر لایەنەکەی دیکە بدات، کاری چالاکڤانانی ناوخۆ بەرز دەنرخێنم ،دەبێ لەیەک حاڵی بوونێک هەبێ و خۆ بپارێزین لە بەکارهێنانی وشەی خائین و جاش و خۆفرۆش ،کە ئەو رەفتارە لەدژی زمانی بەیەکەوەبوون و یەکگرتووییە .

**رووداو**: لەسەر تۆڕە کۆمەلایەتییەکان باس لە دەسپێکی شەڕی چەکداری و تێکهەڵچوون دەکرا، بەڵام هیچکات بەشێوەی فەرمی پشتراست نەکرانەوە!

**خالید عەزیزی**: کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان لە دەستی ئێمە بەدەرە، هەندێک کەس بە پێی حەز و خولیای خۆیان بیر دەکەنەوە و دەیانهەوێ وەها وێنایەک لە رووداوەکە پیشانی رای گشتی بدەن کە خۆیان حەزیان لێیە وابێ، ئەو کێشەیە بەهۆی دابران و نەبوونی گوتاری هاوبەش لەنێو لایەنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دروست بووە، لە نەبونی گوتار و حەرەکەتێکی هاوبەشدا بوشای سەرچاوە دروست دەبێت .

**رووداو**: چالاکڤانان و رۆژنامەنوس ناوخۆی رۆژهەڵات لە دوو لاوە لەژێر گوشاردان، ئێران مۆرکی سیاسی بوون و جیاخوازیان لێدەدات و هەندێک لە پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش مۆرکی "جاش" بوونیان لێدەدەن! ئەوە هەمان رەفتاری کۆماری ئیسلامی نییە؟

**خالید عەزیزی**: لە هەمانکاتدا کە کار بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک دەکەین، بەش بەحاڵی خۆم لە ئەگەری شێوانی داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانم، کە لە ئاکامی نەبوونی سەرچاوەیەکی هاوبەشدا، کەش و هەوایەک دروست بێت کە ئێمە تەیدا زەرەرمەند بین، رەوایە کە لەوەها کەش و هەوایەکدا رەخنەگران و راگەیەندنکارەکان نیگەرانیان هەبێت. بەڵام گەشبینم چوونکە رووداوی هاوشێوەی ئەوەی لە مەهاباد روویدا فێرمان دەکات ، ئێمە ئێستا لە دەستەڵات و کۆمەڵگای خۆمان دورین، بە شیوەیەی ئاشکرا تەنیا هەوڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەندامانی خۆمان هەیە. حیزبێک لەلایەنی سیاسیەوە قەت ناتوانێت باش بیر بکاتەوە کە ئەگەر تەنیا بە گوێرەی ئەقڵییەتی ئەندامانی خۆی بیر بکاتەوە و ئەو شتەی دەیڵێت رۆژانە لەناو کۆمەڵگای خۆیدا فیت بەگی بۆ نەیەتەوە، ئێمە دورین لە کۆمەڵگای خۆمان و زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر کارەکانی ئێمە رایان دەردەبرن خەڵک نینە،

زۆربە خەڵکانێکن کە لەدەرەوە دانیشتوون یا ئەندامی خۆمان یا خەڵکی دەگمەن لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانن،ئەوەش گەورەترین کەمایەسی ئێمەیە.

**رووداو**: وابزانین ئێوە لە رۆژهەلات بوونەتە دەستەلات، من بابەتێکی رەخنەگرانە لەسەر ئێوە بلاو دەکەمەوە، دلنیاییم پێدەدەن کە هەرەشە و مەترسیم بۆ دروست نەبێت؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە دلنیات دەکەمەوە کە شتی وا روونەدات، بەلام لە نیگەرانییەکان تێدەگەم، بەو هۆکارە کە کەش و هەوای دیالۆگ لەنێو ئێمەدا پۆلاریزە بووە، ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان لە خانەی لەیەکدانی یەکدی، بچووک کردنەوە و دابران داین، جا مادام فەرهەنگی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر ئاوابێ، بێگومان ئەندامانی ئەو حیزبانەش لە رێبەرانی خۆیان شت فێر دەبن و هەوڵ دەدەن لە دژی دژبەرانی خۆیان و کۆمەڵگاشدا بەکاری بێنن. بە نیگەرانییەوە سەیری دەکەم ، بەلام تا ئەو جێگای پەیوەندی بە من و حیزبی منەوە هەیە، هەوڵ دەدەم فەرهەنگ سازی بۆ بکەم . ئێمە لە بەفەرهەنگ کردنی ئەساس نامەی خۆشماندا سەرکەوتوو نەبووینە، فەرهەنگ لەو شوێنانە دروست نابێ کە حیزبەکان لە کوردستانی عێراق تەیدان ، بەڵکوو لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت .

**رووداو**: کاردانەوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی مەهاباد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە هەوڵماندا لە چەند بواردا کاری بۆ بکەن، یەکەم، بە خەڵک بڵەیین کە خۆپیشاندان و نارەزایەتی مافی ئێوەیە و دەبێ شارەکانی دیکەش پشتیوانی لێبکەن ، دووهەم راکێشانی پیشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بوو، سێهەم بە میدیایی کردنی ئەو پرسە لەئاستی جیهانیدا بوو، کە بە خۆشییەوە، بە هاوکاری لایەنەکانی دیکە ئەوە مسۆگەر بوو.

**رووداو**: سەرکۆنسوڵی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی بنکەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد؟ بۆچی؟

**خالید عەزیزی**: رووداوەکانی مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهانیدا هەبوو ، پرسیاریان لەسەر خوێندنەوەی ئێمە لەو رووداوە و بارودۆخی رۆژهەلاتی کوردستان و مەهاباد، لەسەر داواکاری خۆیان هاتن و میوانداریمان کردن، لە روانگەی خۆمەوە کارێکی باشیان کردووە ،ئەمریکا زلهێزە و دەبێ لە دەلاقەی راستییەکانەوە رووداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ببینێت، ئێمەش بەرچاو روونییەکمان لە بارودۆخی رۆژهەلاتی کوردستان پێدان .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی : ١٩ی مای ٢٠١٥

تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە رووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. رەحمان نەقشی

## وتووێژی عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەگەڵ ڕۆژنامەی عەرەبیی "المستقبل"




**مەسعوود موحەممەد ڕۆژنامەنووسی چالاکی کورد کە بۆ چەند ڕۆژنامەو گۆڤاری ئینگلیزی و عەرەبی دەنووسێ، لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وتووێژێکی دەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ڕێک خستوە کە ڕۆژی پێنج شەممە ١٤ی مای (ئەیار)ی ٢٠١٥ لە ڕۆژنامەی "المستقبل"دا بڵاو کراوەتەوە. دەقی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووس بەم جۆرەیە:**

**هەولێر – مەسعوود موحەممەد**

**"پیری خەباتگێڕانی کوردی ئێران" عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەوەی لە مەهابادو شارە کوردییەکانی دیکەی ئێران ڕووی دا، ڕاپەڕینێکی گەلی بوو، و حیزبە کوردییەکان لەو ڕاپەڕینەدا لەپشت کۆمەڵانی خەڵک ڕاوەستان. حەسەنزادە لە دیدارێکی تایبەت دەگەڵ "المستقبل"دا ئاواتی خواست کە هەموو کوردەکان پشتی مەهابادو شارە ڕاپەڕیوەکانی ئێران بگرن و گلەیی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کرد کە پشتگیرییەکی زۆری لە ڕاپەڕینی کوردەکان نەکردوە. لە باری نێودەوڵەتییەوە، پیری خەباتگێڕانی کوردی ئێران ئومێدێکی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیەو داوای هاوپێوەندییەکی پتری وڵاتانی عەرەبی دەگەڵ کوردی ئێران دەکا.**

**ئەوەی خوارەوە دەقی وتووێژەکەیە:**

**لەبارەی ئەو بڵێسەیەوە کە ئەو ڕاپەڕینەی لێ کەوتەوە حەسەنزادە گوتی:** "ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە (مای) کچەکوردێکی خاوەن بڕوانامەی لیسانس (بەکالۆریۆس) بە ناوی فەریناز خوسرەوانی کە لە هۆتێل "تارا"ی شاری مەهاباد کاری دەکرد دەکەوێتە بەر هەڕەشەی دەستدرێژیی یەکێک لەپیاوانی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران و لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی هەڵاتنی نابێ، بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارو دەسبەجێ گیانی دەردەچێ".



سەرچاوە Serchawe

"ئەو ڕووداوە دەبێتە هۆی تووڕەیی توندی کۆمەڵانی خەڵک و داوای بەربەرینی ئەوان بۆ لێپرسینەوەو سزادانی تاوانبارەکە. کاتێک خەڵکەکە دەبینن کاربەدەستانی ئێران هیچ بایەخێک بە داخوازەکەیان نادەن، ڕۆژی ٧ی مانگ هێرش دەکەنە سەر ئەو هۆتێلەی تاوانەکە لەوێ ڕووی داوەو ئاگری تێ بەردەدەن، چونکە هێندێ زانیاری هەبوون کە خاوەن هوتێلەکە ئەون و بەستێکی دەگەڵ تاوانبار هەبووە. لەو ڕووداوەدا چەند کەسێک بریندار بوون و ژمارەیەکیش لە خۆپیشاندەران گیراون کە تائێستا نازانرێ لە کوێن و چییان بەسەر هاتوە".

**لەبارەی هەڵوێستی حیزبە کوردییە ئێرانییەکان بەرامبەر بەو ڕووداوەوە، حەسەنزادە گوتی:** "سروشتییە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی کوردی ئێران پشتی کۆمەڵانی ڕاپەڕیویان گرت و بەتوندی ئەو تاوانە چەپەڵەیان مەحکووم کرد، هەروەک هەڵوێستی تەماشاچییانەی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر بەو ڕووداوە دڵتەزێنەشیان ڕیسوا کرد".

**دەربارەی نەخشی حیزبەکان لەو ڕاپەڕینەدا کە لە مەهابادەوە تەنیوە بۆ شارەکانی دیکەش، باوەڕی وا بوو کە:** "ئەم ڕاپەڕینە دژکردەوەیەکی کۆمەڵانی خەڵک بەرامبەر بەو دەستدرێژییە تاوانبارانەیە بووە کە کراوەتە سەر ئەو کیژەو بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەو سیاسەتی بێ موبالاتی و کەمتەرخەمییە کە کاربەدەستانی ئێران بەرامبەر بە هەر دەستدرێژییەک کە پیاوەکانی بۆ سەر هاونیشتمانە کوردەکانی دەکەن. بەڵام شاراوە نیە کە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەرکام بەپێی توانای خۆی خەڵکیان هەیەو هەموویان بە جیددی تێدەکۆشن پشتگیریی کۆمەڵانی تووڕەی خەڵک بکەن و هانیان بدەن بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم دەرهەق بە هاونیشتمانانی ئێران و بەتایبەتی کوردەکان ڕەت بکەنەوە".

## بەهاری ئێرانی

**بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، حەسەنزادە گوتی:** "بەڕاشکاوی بڵێم ئەمن چاوەڕوانیی هەڵوێستێکی چالاکانەترو کاریگەرترم لە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەبوو، کەچی بەشی زۆریان یان تەنیا وەک خەبەرێکی سادە ڕووداوەکەیان بڵاو کردەوە یان بە "دڵ گەورەیی"! بەپەنایدا تێ پەڕین و ئاوڕیان لێ نەدایەوە".

## چاوەڕوانی لە عەرەب

**لەبارەی ئەوەوە کە کوردی ئێران چ ئومێدێکیان بە دەوڵەتانی عەرەبی هەیە، حەسەنزادە گوتی:** "ئەوەی لەبارەی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە گوتم دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دەگرێتەوە، بەو جیاوازییە کە زۆر پێوەندیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و هتد.. وڵاتانی عەرەبی بە گەلانی ئێرانەوە گرێ دەدەن. بۆیە جێی خۆیەتی چاوەڕوان بین گەلانی عەرەب پشتیوانییەکی زۆرتر لە خەباتی ئەو گەلانە لە پێناوی ڕزگاری لە دیکتاتۆری و گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیدا بکەن".

## هاوپێوەندیی کوردەکان

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە داخوا کوردەکانی عێراق و تورکیەو سووریە پشتیوانی لە کوردی ئێران دەکەن، ڕوونی کردەوە:** "لەم ڕۆژانەی دواییدا هەستمان کرد برا کوردەکانمان لە عێراق و تورکیەو سووریە دوای دەستدرێژی بۆ سەر کیژەکورد فەریناز خوسرەوانی، پشتیوانییەکی باشیان لە ڕاپەڕینی خەڵکی مەهاباد کرد. بەڵام لەحاڵێکدا پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو هەڵوێستە شەریفەیان دەکەم ناتوانم بیشارمەوە کە ئەمن وەک هەر کوردێکی ئێرانی چاوەڕوانی پشتیوانیی بەربەرینترو کاریگەرترم لێیان هەیە، بەتایبەتی لە براکانمان لە کوردستانی عێراق کە بەخۆشییەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەپێشترن".

**لەبارەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە، گوتی:** "زۆر بەڕاشکاوی بڵێم ئەمن لەکۆنەوە باوەڕم وا بووەو ئێستاش هەر وای دەبینم کە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی کوردستانی بەمانای تەواوی وشەکە لەو هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو نەتەوەییەدا کە کوردی تێدا دەژی، ئاواتێکی دوورەدەستە. ئارەزوو دەکەم ئەمن بە هەڵە چووبم و کۆنگرەیەکی لەو بابەتە لە زووترین کاتی گونجاودا پێک بێ".

**ڕوو بە کوردەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆریشدا گوتی:** "شتێک کە ئەمن لە کوردەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەموو جێیەکی ئەم جیهانەم دەوێ و بە ئاواتی دەخوازم هەر ئەوەیە کە پاڵ وێک دەن و پشتی یەکتر بگرن و لە خەباتی ڕزگاریخوازانەیاندا پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن، چونکە پێم وایە هەموو یارمەتییەکی دەرەوە -ئەگەر هەبێ- تەنیا هۆیەکی لاوەکی و یارمەتیدەری تواناکانی خۆمانە. بە هیچ جۆرێکیش مەبەستم ئەوە نیە یارمەتیی خێرخوازان لەو ڕێبازە خەباتگێڕانەیەدا بەکەم بگرم".

**دەربارەی ئەوە کە داخوا بە دەسکەوتەکانی کورد ڕازییە، گوتی:** "قسەیەک هەیە کە دەڵێ گرنگ ئەوە نیە مرۆڤ بە زیندوی سەری لە خەباتی خۆیدا سەر دەکەوێ یان نا، گرنگ ئەوەیە ئەوکاتەی دەمرێ بتوانێ بڵێ ئەوەی لەتوانامدا بوو کردم... ئەمن ناڵێم هەموو شتێکم کردوە بەڵام ویژدانم ئاسوودەیە لەوەی توانیومە بۆ گەلەکەمی بکەم. شانازییش دەکەم کە حیزبەکەمان هیچ هەڵەیەکی وای نەکردوە کە زیان بە مەسەلەی کوردو قازانجەکانی بگەیەنێ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٤ی مای ٢٠١٥

تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە ڕووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. ڕەحمان نەقشی

## خالید عەزیزی بۆ ئاژانسی "ئانادۆڵ": "ستراتیژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"



**سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، خالید عەزیزی باسی رەوشی ناوچەکە و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران دژی ئەو وڵاتە و هەروەها مافی خەباتی چەکداری و نموونەبوونی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات.**

**هەولێر – فەخرەدین ئیبراهیم**

دوای مەرگی گوماناوی کچە کوردێک بە نێوی فەریناز خوسرەوانی کە کارمەندی هوتێلێک بوو لە شاری مەهاباد، شەپۆلێکی نارەزایەتی شارە کوردییەکان و تەنانەت کوردەکانی خستە سەر شەقام و داوا لە حکوومەتی ئێران کرا لەسەر ئەو رووداوە روونکردنەوە و تاوانبار یان تاوانبارانی بە سزا بگەیەنێ. خەڵکی مەهاباد پێیان وایە بە هۆی ئەوەی کەسێک ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر فەریناز، ناوبراو ناچار بووە لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکە خۆی بخاتە خوارەوە. خۆپێشاندانەکەی شاری مەهاباد توندوتیژی لێکەوتەوە و هۆتێل تارا کە ئەو شوێنە بوو رووداوەکەی لێ قەومابوو، ئاگری تێبەردرا. نارەزایەتییەکان چەندین شار و تەنانەت رەوەندی کوردی لە ئەورووپاشی گرتەوە و داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کرا کە ئەو دۆسیە پەردەپۆش نەکرێ و لە دادگایەکی دادپەروەرانە یەکلایی بکرێتەوە. دوای ئەو شەپۆلە نارەزایەتییە، کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە سەر تۆری کۆمەڵایەتییەکان بانگەوازی بەرێوەبردنی مانگرتنێکی گشتییان لە کوردستانی ئێران کرد کە بریارە ئەمرۆ پێنج شەممە بەرێوە بچێت. ئاژانسی ئانادۆڵو ئەو پرسەی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان خالید عەزیزی تاوتوێ کرد و بەریزیان بەو شێوەیە دوان:

### دەقی دیمانەکە:

**پرسیار**: خوێندنەوەیەکی گشتیتان بۆ رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی ئێران بەدوای رووداوی فەریینازی خوسرەوانی چییە؟

**خالید عەزیزی**: "ئەوەی لە کوردستانی ئێران رووی دا کۆمەڵێ فاکتۆر بەشدارن. فاکتۆری سەرەکی لێرەدا کۆمەڵانی خەڵکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەدوای ٣٦ساڵ خەبات و تێکۆشان بەدژی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ئەو حکوومەتە دان بە مافەکانیان نانێت و مافی نەتەوەییان لەبەرچاو ناگرێت. لایەکی دیکەی دۆسیەکە خودی ئێرانە کە هەتا ئێستە تەواوی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بە سەرکوت و بەمیلیتاریزەکردنی کوردستان وەڵام داوەتەوە. لە نەتیجەدا لە کوردستان رقێکی پیرۆز هەیە خەڵک بەگشتیی نارازین هەر دەرفەتێک کە دێتە پێشێ کەڵکی لێوەردەگرن. رووداوی مهاباد ئەو دەرفەتەی هێنایەگۆڕێ کە لە راستیدا خەڵک بەئیعترازکردن، ویست و داخوازییەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ. بەبڕوای ئێمە بۆ جارێکی تر دۆسیەی کوردستانی ئێران لە میدیاکان و گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا بووە رۆژەڤ".

**پرسیار**: بەهۆی ئەو رووداوانەوە کە لە کوردستانی ئێران رووی داوە ئەمڕۆ پێنجشەممە چالاکی مەدەنی نێوخۆ، وەکو رۆژی مانگرتنی گشتی دیارییان کردووە، چ پەیامێکتان بۆ ئەو مانگرتنە هەیە؟

**خالید عەزیزی**: "یەکەم ئێمە پێمانوایە مانگرتن، خۆپێشاندانی خەڵک لە کوردستانی ئێران مافی تەواوی ئەو خەڵکەیە. هەر کردەوەیەکی هێمنانە کە خەڵک مافەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ ئەوە هەقێکی سرووشتی خۆیانە و نابێ ئەو هەقەیان لێ بسێنیتەوە تەنانەت ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ دەستووری ئێرانیش هەرچەند ۆارادۆکسی زۆرە بۆ نموونە لە شوێنێک مافێکت دەداتێ و لە شوێنێکیتر لێت دەستێنێتەوە، لەوێشدا دەرفەتی خۆپێشاندان و مانگرتن هەیە. ئێمە هیواداریین ئەو مانگرتنانە لە پەرەسەندندا بێت بەتایبەت ئێستە کە کەسانێک گیراون و دەبێ بە فشاری هەموولایەکمان دەوڵەتی ئێران ناچار بێت تەعامولێکی مەعقوڵانە و مەسئولانەیان لەگەڵدا بکات و هەموولایەک هەوڵ بدەین لە پێناوی ئازادکردنیاندا".

**پرسیار**: لەپاڵ ئەوەی کە بەردەوام باسی پاڵپشتی لە خەباتی مەدەنی دەکەن بەڵام باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەگەری دەسپێکردنی شەڕی چەکداری لەلایەن ئێوەوە دژی ئێران لەئارادایە، ئەم ئەگەرە هەتا چەند بەهێزە؟

**خالید عەزیزی**: "پێشەکی پێمخۆشە بڵێم لەو رۆژەی کە دانوستانی خەڵکی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران '١٩٧٩' لەئارادا بوو، بەتایبەت حزبی دیموکرات کە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانە بوو بەڵام ئێران قبووڵی نەکرد و شەڕی بەسەر کورد داسەپاند، لەو رۆژەوە هەتا ئێستە هیچ ئاگربەستێکی فەرمی لە نێوانماندا نەبووە و نییە. ئەوەی کە ئێمە شەڕی چەکداریمان راگرتبوو بەرەچاوکردنی کۆمەڵێک تێبینی بوو. ئێمە لە هەمانکاتدا کە رێز بۆ چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆیی وڵاتەکەمان دادەنێین بەڵام هەرگیز پێمان وانییە کە خەباتی مەدەنی دەبێ وەکو ئەڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر خەباتی چەکداری چاوی لێ بکرێت هەروەها بەپێچەوانەیشییەوە. ئێمەی کورد پێویستیمان بە خەباتی مەدەنی، خەباتی چەکداری و خەباتی دیپلۆماسیش هەیە. خەباتی چەکداری لە روانگەی ئێمەوە لە روانگەی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەقی مەشرووعی خۆمانە دیفاع لە خۆمان بکەین. هەرگیز ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێران دەسپێ نەکردووە بەتایبەت لە ناوچەیەکدا کە هەمووکەس چەکدارە. ئەمریکا، تورکیا، عێراق هەموویان چەکدارن. ئێران دەیان هێزی چەکداری هەیە بۆچی بۆ ئێران رەوایە کە هێزی سوپای پاسدارانی هەیە و لە هێزی دیکەش لە

کوردستان بۆ بەرگریی لە خۆی کەڵکوەردەگرێت ئەی بۆچی ئەم ماف و هەقە بۆ ئێمەی کورد و پێشمەرگەی کوردستان رەوا نییە کە بەرگریی مەشرووعی چەکداریی لە خۆمان بکەین؟ بۆیە بەباوەڕی من لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لە کوردستانی ئێران دەبێ ئەو مافە بۆ خۆمان مەحفووز بکەین کە هەرکاتێک بەدرووستمان زانی، بەپێویستمان زانی، خەباتی چەکدارانە وەک مافی بەرگریی مەشرووع لە خۆمان کەڵکی لێوەر بگرین".

**پرسیار**: لەم خۆپێشاندانەی دواییدا لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە ئێوە تۆمەتبار کراون بەدەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە و هەروەها چەند چالاکێکی نێوخۆییش هەمان خوێندنەوەیان بۆ رووداوەکان هەیە. چۆن وەڵامی ئەم پێکدادانە دەدەنەوە؟

**خالید عەزیزی**: "ئێمە لە خەباتێکی بەرین و بەربڵاو دژی ئێرانین و ئێستە کە ئەم دۆخە لە گۆڕەپانێکی گەورەی میدیایی بەدژی ئەو دەسەڵاتە هاتووەتەگۆڕێ، هیوادارم ئەوانەی لە نێوخۆ لە دەرەوە و ئێمەش وەکو حزبەکانی سیاسی بەجۆرێک رەفتار نەکەین کە یەکتر بێشێنین. بێگومان چالاکی نێوخۆی وڵات بەپێی دۆخی ئەوێ هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوانەی دەرەوەی وڵات و ئێمەش هەروتر. کەوایە ئێمەی کوردی ئێران هەمووومان لە یەک کەشتی داین و هەمووومان بەیەکەوە دەبێ بیگەیەنینە شوێنی مەبەست. من رێزم بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هەمووولایەک هەیە و دەیشبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە هەمانگیمان بەیەکەوە هەبێت چونکە ستراتیژی سەرەکی ئێران ئەوەیە بەشێوازی جۆراوجۆر لە نێوانمان ناکۆکی دروست بکات".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە رووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. رەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان



**قادر وریا**

بانگەوازێک کە کۆمەڵێک چالاکیی مەدەنیی نیوخۆی وڵات لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووە بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردبۆوە، سەرەڕای زاڵبوونی کەشوهەوایەکی بە تەواوی نیزامی و ئەمنییەتی بە سەر شارەکان دا، ڕۆژی ٢٤ی بانەمەڕ بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە بەشێک لە شارەکانی دوو پارێزگەی ڕۆژهەڵات(پارێزگەی سنەو پاریزگەی ورمێ)، وڵامی خۆی لە لایەن خەڵکەوە، وەرگرتەوە.

دیارە بانگەوازەکە هی کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆ بوو نەک هی حیزبو لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو. بەڵام ژمارەیەک لە حیزبەکانو ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەو گەیاندنی پەیامی ئەو کۆمەڵە چالاکەی نێوخۆ، درێغیان نەکرد. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتگیرییەکەی لەم بانگەوازە لەباوەڕ بەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنیی نیوخۆو حەرەکەتەکانیان بۆ هێنانە گۆڕو بەرگری لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەرکێکی نەتەوەییو ئەخلاقیو خەباتگێڕانەیە. جگە لەمەش هەر وەک لە بەیاننامەی ئەم حیزبە لە بارەی خۆپیێشاندانی ١٧ی بانەمەڕی مەهابادا هاتبوو، پێویستە "خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی بسەلمێنن کە خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد بە تەنیا نینو لە بەرامبەر سەرکوتو دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی هەر شارو ناوچەیەک، یەکگرتووانە دێنە مەیدان".

بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە لە ڕۆژانی پێشتردا داوا دەکرا خەڵکی شارەکانی کوردستان بڕژێنە سەر شەقامو بە خۆپیێشاندان تاوانی هێزە حکوومەتییەکان دژی خەڵکی نارازایی مەهاباد مەحکووم بکەن. دیارە لە چەند شارێکو بە

تایبەتی شاری سەردەشت، خەڵک لە کەشوهەوایەکی بە تەواوی پۆلیسیو میلیتاریزەدا بە دەنگی ئەم پەیامەوە چوون، کە وەک دیتمان بە توندی کەوتنە بەر پەلامارو تەنانەت تەقەیان لێ کراو چەندین کەسیشیان گیرانو رەوانەی بەندیخانە کران.

پەنابردن بۆ دوکانو بازارداخستنو مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانیان لە هەلومەرجێکدا کە شوێنە گشتییەکانو شەقامو کۆڵانو دەوراندەوری شارەکان بە هێزی درندەی نیزامیو سەرکوتکەر تەنراون، بۆ هێندێک بارودۆخ بیرۆکەیەکی دروستەو ئەگەر خەڵک بە شێوەیەکی بەرین بە پێشوازییەوە بچن، هەم پەیامێکی ڕاشکاوو کاریگەر دەدەن بە دەسەڵاتو بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە، هەم تێچووی گیانیی هەڵویستەکەیانو نارەزایەتیدەربڕینەکەیان،کەمتر دەبێتەوە.

لە مانگرتنی پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕدا، ڕێژەیەکی بەرچاوی بازاڕیان لە شارەکانی مەریوان، سنە، پاوە، مەهاباد، سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار و شنۆ و هێندێک شارو شارۆچکەی دیکە، بە تایبەتی لە بەرەبەری نیوەڕۆوە،دوکانو بازاڕیان داخست. دیارە لە هێندێک شارەکان ڕێژەی داخرانەکە لە شارەکانی دیکە زیاتر یا کەمتر بوو. بەڵام ڕوویەکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە، خۆبواردنیخەڵک لە چوونە نێو بازاڕو، مانەوەیان لە مالەکانیان دابوو. ئەم کارە وای کردبوو ئەگەر بەشێک لە بازاڕییەکان بە هەر هۆیەک دوکانەکانیشیان دانەخستبوو، بە هۆی مانەوەی خەڵک لە مالەکانیانو نەهاتنیان بۆ نیو بازاڕ، ڕوخساری مانگرتن بەو شارانەوە دیار بێ.

لە هەڵسەنگاندنی مانگرتنی ئەمجارەدا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە هەتا جێبەجێکردنی، ماوەیەکی کەم بە دەستەوە بوو. جگە لەمەش لە ئاستی حیزبەکانو چالاکانی دەرەوەی وڵاتیشدا پشتیوانیەکی هاودەنگ، تێکڕاییو بەرین وەڕێ نەکەوتبوو. تەنانەت لە نیوخۆی وڵاتیشدا بانگەوازی مانگرتن، کەمترین کاری بۆ کرابوو. بەو حالەشو سەرەرای زاڵبوونی ئەو کەشوهەوا پۆلیسی و ئەمنییەتییەش، دیتمان لە زۆرێک لە شارەکان بەشێک لە خەڵک بە پێشوازییەوە چوون. بەر بوونی بەشێک لە گیراوانی ئەم دوایانەی شاری سەردەشتیش لە ڕۆژی مانگرتنەکە دا، یا لە بەرامبەر گرەو و بارمتەش دا بووبێ،دەبێ بە دەسکەوتی ئەم مانگرتنەی بزانین کە یەکێک لە داواکانی، ئازادکرانی گیراوەکانی ئەم دوایانە بوو.

پێشوازیی ڕێژەیی خەڵکی ڕووبەرێکی بەرچاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتن، نیشاندەری بوونی ئیرادەی خۆڕاگریو هەبوونی زەمینە بۆ بەشداری لە حەرەکەتی مەدەنیو نارەزایەتیدەربڕین لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. بە دڵنیاییەوە ئەم پێشوازییەو بەشدارییە – یا لە ڕادەی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی ٥ ساڵ لەمەوبەریش دا نەبووبێ- نیشاندەری پوتانسیەلێکی بە هێزی نارەزایەتیدەربڕینو وەدەنگهاتن لە نیو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە، کە پێویستە بکرێتە دەسمایەی حەرەکەتی هەڵسەنگێندراو بۆ هاتوو.

یا هەم کۆسپو لەمپەرەکانی خەباتی جەماوەریو کەم ئەزموونیو کەموکوورییەکانی خۆمان لە وەڕێخستنو بەرەوپێشبردنی جۆرو شێوەکانی خەباتدا ببینینو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین، هەم ئەو زەرفییەتو ئامادەییانە بۆ نارەزایەتیدەربڕینو خەباتی مەدەنی لە نێو خەڵکی خۆماندا ببینین، ڕێزی لێ بگرین و هیوای پێ ببەستین. گرنگ ئەوەیە خەڵکەکەمان گەیشتوەتە ئەو بڕیارە کە تەنیا

بە خەباتو بەرخۆدانو نارەزایەتیدەربڕینو ململانێ لە گەڵ زۆرداریو ستەم، دەتوانێ خۆی لە بندەستیو ڕۆژڕەشی ڕزگار بکا. دیارە کە ئیرادەی خەباتکردنو بڕیاری وەلاتانی ژێردەستیو بێمافی هەبێ، دۆزینەوەی فۆرمو جۆری کاریگەری خەباتو ئەزموون وەرگرتن لە لاوازیو کەموکورتیەکانی حەرەکەتەکانی تا ئێستاشی بە دوا دێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سوپاسو پێزانینی خۆی بە هەموو ئەو کەسانە ڕادەگەیەنێ کە بە دەنگ بانگەوازی چالاکانی نێوخۆوە چوونو لە مانگرتنی ٢٤ی بانەمەڕ دا بەشدار بوون. هەر وەها جارێکی دیکە سڵاو بۆ خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی کوردستان دەنێرێ کە لە دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانی خەڵکی مەهاباد، لە هەر دەرفەتێک بۆیان هاتوەتە پێش، بۆ نارەزایەتی دەربڕینو داوای سزادانی تاوانبارانو ئازادکردنی ڕۆڵە بەندکراوەکانیان ، هاتوونە مەیدان.

دڵنیاشین زۆر بەرەنگاربوونەوەی پڕشکۆتر لە پێشمانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٥

---

## بەهاری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان



**سامان فەقێ نەبی**

ئاورلەخۆبەردانی لاوێکی تونسی نەک تەنیا ئەو وڵاتە، بەڵکوو باکووری ئافریقای و رۆژهەڵاتی ناڤینیشی هەژاند. لە راستی دا راچڵەکانی کۆمەڵگا بە هۆی رووداوێکی دڵهەژێن لە زانستی کۆمەڵناسی دا خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و لە رەهەندی جیاوازەوە تەفسیر کراوە. خۆسووتاندنی لاوە تونسی یەکە کە بە چرکەساتی دەسپێکی "بەهاری عەرەبی" ئەژمار دەکرێ، وێکچوونی لە گەڵ رووداوی دڵتەزێنی خۆکوژیی "فەریناز خوسرەوانی" لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیەو دەکرێ هەژانی شاری مهابادو ئەگەری تەشەنەسەندنی ئەم خۆپێشاندانانەو بەرین بوونی بازنەی نارەزایەتییەکان لە داهاتوودا بە دەسپێکی "بەهاری کوردی" لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەم بدەین.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا زۆر جار رووداوی خۆکوژی تەنانەت بە ئاشکراو لە بەرچاوی خەڵک و لە سەر شەقامەکانی "ئێران" روویانداوەو سەرەرای بە میدیایی کردنیان لە لایەن "ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی" یەوە هیچکامیان نەبوونەتە هۆکارێک بۆ راچڵەکانی کۆمەڵگای "ئێران" و دەسپێکی "بەهاری ئێرانی" لەم وڵاتەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی بەستێنی لەبارو ئەزموونی مێژوویی لەو بارەوەوە و بە هۆی رووداوی خۆکوژیی "فەریناز خوسرەوانی" ئەگەری ئەوە هەیە کە بەهارێ کورد لەم بەشە لە کوردستان سەرهەڵبدات.

ئاشکرایە کە ژیلەمۆی دانەمرکاوی ئاگری رق و قینی جەماوەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەستی پەنگخواردووی تۆڵەی جەماوەری کە پتر لە سێ دەیەیە ئەم خەڵکە پێوەی دەتلێتەوە، وایکردوە کە لە هەر دەرفەتێک دا راپەرین و سەرهەڵدان رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە و راسانی جەماوەری بەرانبەر بە کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە شارو بگرە شاخیش بێتە ئاراوە و زایەڵەی ئەم بەهارە

کوردییە لە نێو باقیی گەلانی ئێرانیش دا دەنگدانەوەی ببێ و شەپۆلی رووخانی رێژیمە دیکتاتۆرو دژەگەلییەکان، رێژیمی کۆماری ئیسلامیش مەحکووم بە نەمان بکات.

حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەوڵی بەردەوامی ئەوە بووە کە لە رێگای پەرەپێدان بە قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان وەک هەژاری، بێکاری، گیرۆدەکردنی لاوان بە مادە هۆشبەرەکان و برەودان بە فەحشا، کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەتۆمیزە بکات و هەستی هاوپێوەندی و هاوهەڵوێستی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا نەهێڵێ. بەڵام ئەم پیلانە رەوانییە دژ بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە و راسانی ئەم جاری خەڵکی شاری مهاباد وەک زەنگێکی مەترسیدار بۆ رێبەران و کاربەدەستانی رێژیم لەم شارەئەژمار دەکردرێ و هەر بۆیەش ئێستا کە هەوڵی دام و دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی رێژیم بۆ ئەوە چڕ کراوەتەوە کە پێش بە "بەهاری کوردی" لە ئێران بگرن.

سیمبولی ئەم بەهارە کچێکی کوردە کە خۆکوژییەکەی هێمایەکە بۆ دژایەتی سیستمێک بە ناوی "کۆماری ئیسلامی" کە لە گوتاری زاڵ بە سەر ئەم سیستمەدا؛ ژنکوژی، پیاوسالاری و هەڵاواردن بۆتە نەریت و بەها. "فەریناز" بە کوشتنی خۆی ژیان و شەرافەتی بۆ گەڵەکەی کردە دیاری و هەوێنێک بۆ دەسپێکی ئەگەری "بەهاری کوردی" بۆنیشتمانە داگیرکراوەکی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

## راسانی مه‌هاباد، وانه‌یه‌کی دیکه‌ی خه‌بات



**عه‌بدوڵڵا به‌هرامی**

رووداوی تراژیکی کوژرانی فه‌ریناز خوسره‌وانی به‌راده‌یه‌ک ویژدانهه‌ژێن بوو که ویژدانی هه‌موو کوردێکی وشیاری هه‌ژاند. بۆیه نه‌ده‌کرا خه‌ڵکی شاری مه‌هابادی مه‌کۆی کۆمارو پێشه‌واو هه‌زاران قاره‌مانی مه‌یدانی خه‌باتی ئازادیخوازانه‌ی کوردستان وه‌ک هه‌میشه پێشه‌نگبوونی خۆیان نیشان نه‌ده‌نه‌وه‌و به‌رانبه‌ر به‌م تاوانو سته‌مه ویژدانهه‌ژێنه بێده‌نگ بمێننه‌وه. بۆیه ئه‌مجاره‌ش وه‌ک پووشپه‌ڕی ۱۳۸٤ ئه‌م شاره بۆوه به ده‌روازه‌ی هه‌ستانو هه‌وێنی راپه‌رینێکی سه‌رانسه‌ری له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان.

خه‌ڵکی خه‌باتگێڕی مه‌هاباد به‌و خۆپێشاندانه مه‌زنه‌یان نیشانیان دایه‌وه که خه‌ڵکی کوردستان بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه له‌گه‌ڵ سته‌مو زۆرداری ته‌نیا یه‌ک رێگایان له به‌ر ده‌مدا ماوه‌ته‌وه، که ئه‌ویش بریتییه له ناڕه‌زایه‌تیو به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری. چونکه خه‌ڵکی ئه‌م شاره‌و به‌گشتی هه‌موو خه‌ڵکی کوردستان به ئه‌زموونێکی دوورودرێژ که له ساڵانی ره‌شی ده‌سه‌ڵاتی رێژیمی ئیسلامیدا کۆیان کردۆته‌وه ده‌زانن که ناکرێ چووکترین متمانه به ده‌زگا به‌ناو دادپه‌روه‌رییه‌کانی ئه‌م رێژیمه له کوردستان بکرێ.

خه‌ڵکی مه‌هابادو کوردستان باش ده‌زانن رووداوی کوژرانی فه‌ریناز خوسره‌وانی درێژه‌ی سه‌رکوتو سته‌مکارییو بێدادییه‌کی سیستماتیکه‌یه که هه‌ر له یه‌که‌م رۆژه‌کانی هاتنه سه‌ر کاری ئه‌م رێژیمه کۆنه‌په‌رستو دژه کورده‌وه ده‌ستی پێکردووه‌و هه‌روا درێژه‌ی هه‌یه. بۆیه ده‌کرێ بڵێین راسانی ئه‌وان، راسانه له دژی بێمافیو سه‌رکوتی ده‌یان ساڵه‌ی ئه‌م رێژیمه دژی خه‌ڵکی کوردستان.

راسانی خه‌ڵکی مه‌هاباد له‌گه‌ڵ پشتیوانیو هاودڵیی خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتو به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستان رووبه‌ڕوو بۆته‌وه، به چه‌شنێک که چاوه‌ڕوان ده‌کرێ له بچووکترین ده‌رفه‌تدا راسانی شارو ناوچه‌کانی دیکه‌ی رۆژهه‌ڵاتی لێبکه‌وێته‌وه. رووداوه‌کانی رۆژانی رابردووی



سه‌رچاوه
Serchawe

شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانو ئەو کەشە قورسە ئەمنییەتییەی لەو ناوچانە زاڵ کراوە نیشانەی روونی ئەم راستییەیە. جگە لەمە کەشی زاڵ بە سەر بیروڕای گشتیی ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵات دەریدەخا خەڵکی ئەو ناوچانە بە چاوی هیواوە دەڕواننە راسانی خەڵکی مەهاباد.

روون بوو کە راسانی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد سەرکوت دەکرێو ئەمجارەش هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی ئیسلامی بە چەکی جۆراوجۆر رووبەڕووی خۆپێشاندەران دەبنەوە. هەر واش بوو. بە پێی زانیارییەکان دەیان کەس بریندارو ژمارەیەکی زۆر زیاتریش قۆڵبەستو زیندانی کراون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە ی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد بە بێ سڵکردنەوە لە سەرکوتو لە سایەی وەرو بڕوای پتەوی خەڵکی ئەم شارە بە مافە نەتەوەییەکانیانو بێزاریی لە ستەمو سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤانەو کوردانەیان هاتە ئاراوە. ئەمە راستییەکە کە دەبێ لە پێشدا دەسەڵاتدارانی تاران تامی تاڵی ئەو بچێژنو دەبێ بزانن نرخی گیانی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەو سووکایەتی بە کەرامەتی رۆڵەکانی کوردستان هێندەش کەم نیە کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە. ئەوە دژکردەوەیەی تا ئێستا دیتوویانە لانیکەمی ئەو تێچوویەیە کە دەبێ بیدەن. بە دڵنیاییشەوە ئەگەر فشاری قورسی سەرکوت و داپڵۆسینی نامرۆڤانەو دڕندانە دەرفەت بدا لە سەرانسەری کورستان نرخی سەرەڕۆییەکانیان دەدەنەوە. چونکە ئەوە راستییەکە کە کوردستان لە ئاکامی سەرکوتی دەیان ساڵەدا نەک چۆکی دانەداوە، بەڵکوو بۆتە بۆمبێکی مەزنی ئامادەی تەقینەوە بە رووی بێدادگەرانو چەوسێنەراندا.

دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرەستی تاران دەبێ باش لەم راستییە ئاگادار بن کە ئەگەریش توانیبێتیان بە هێزی زۆرو پڕچەکو سەرکوتکەر شەقامەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن، بەدڵنیاییەوە نەک ناتوانن هەموو رێگاکانی بەرەنگاربوونەوە لە رۆڵە خەباتکارەکانی کوردستان بگرن، بەڵکوو دەبێ چاوەڕاوان بەرەنگاریی توندو رادیکاڵیش بن.

راسانی ئەمجارەی خەڵکی مەهاباد کە بەدڵنیاییەوە پشتیوانیو هاودڵیی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشی لە پشتە، دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئەزموونو هەڵسەنگاندنێکی وردتر بۆ حیزبو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەزموونی ئەمجارە دەریخست کە: یەکەم، پێویستیی یەکگرتوویيو هەنگاو و گوتاری هاوبەش لە هەر کاتێک زیاتر هەست پێدەکرێو درێژەدان بە پەرتەوازەیی دەرفەتی زێڕین لە کیس بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدا. دووەم، هێنانە ئارای میتۆدی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا بۆ خەباتو بەرەنگاربوونەوە. لانیکەم ئەزموونەکانی دوو دەیەی رابردوو دەریانخستوە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە میتۆدەکانی پێشووی خەبات، پێویستە میتۆدی نوێ بۆ خەبات دابڕێژرێ.

بە دڵنیاییەوە یەکگرتوویيو داڕشتنەوەی ستراتژیی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای پوتانسیەلو هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبە سیاسییە شۆێندانەرەکانی دەتوانێ وزەو گوڕێکی تایبەت بە کۆمەڵانی خەڵک ببەخشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## شکاندنی تابۆکانی بێ دەنگی



**کوێستان عەمەرزادە**

رووداوی ئەم داوایەیی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان کە لە شاری مهاباد ڕویدا، دەکرێ وەک سەرهەڵدانێکی نوێی خەڵک و چالاکی مەدەنی سەیر بکرێت کە لە لایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی وەرێخرا. ئاشکرایە کە هەر راپەرینێک کە روودەدات یان ئامانجی سیاسی و یان کۆمەلایەتی تەنانەت کولتوریشی لە پشتە کە لە لایەن کۆمەلێک خەڵک رێکدەخرێ و هەوڵی بە دی هێنانی هێندێک ئامانجی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە. هەروەها دەتوانین بلێێن کە ئەو راپەرینانە دەکرێ وەک بزوتنەوەیەکی سەر تاسەری چالاکانی مەدەنی یان نارەزایی خەلک بێنە ئەژمار. راپەڕینی ئەم جارە بە گیانی فەرینازی روسور دەستی پێ کرد و چالاکوانان و لاوانی شارەکانی مەهاباد و سەردەشتی و چەند شاری دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانی هێنایە سەر شەقام. هەر ئەو راپەرینە لە رۆژهەڵات قەتیس نەمایەوە ،بەلکوو کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە کوردان لە پارچەیکانی دیکەی کوردستانیش هاو غەم و پیشتیوانی یەکن .

جێگەی خۆشحالییە کە گەنجانی کورد هەستی نەتەوەی و ئاستی هۆشیاریان بەرزە بۆ تەوە . ئەگەر بە دیقەتەوە سەیر دواین خروشانی خەڵک لەو بەشەی کوردسان بکەین بی گومان هەم هۆکار و هەم ئامانجی ئەم نارەزایە دەبینین. بە باوەری من هۆکارەکەی تەنها لە بەر مەسەلەی شەرەف و کەرامەتی کیژێک نەبوو بەلکو ئەوە خۆی بیانوێەک بوو تا خەڵکی ئەم شارە هەستنە سەر پێ و دەنگی نارازیان بەرزکەنەوە ئەو دەنگەی کە چەندین ساڵە بە هەموو شێوازێک سەرکوت دەکرێت.

ئەوە ڕون و ئاشکرایە کە ئەو راپەرینەی ئەم دوایە پەیوەندیەکی تەواوی بە بارو دۆخی سیاسی و رامیاری ئەو رۆکەی ئێرانە و کوردستانەوە هەیە ،بەهۆی ئەو سیاسەتە ی کە کۆماری ئیسلامی لە ماوە ٣٥ ساڵ لە ئێراندا بەڕیوەی دەبات، وەک هەستکردنی خەڵک بە نا عەدالەتی و سیستەمی حوکمرانی نەبونی ژنانێکی ئاسایی و زۆر شتی تر.

بێ گومان ئێمە لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی دەیان رووداو و کارەساتی ناخۆش بووین کە رووبەروی خەڵکی ستەم لێکراوی ئەو بەشەی کوردستان بۆتەوە، بەڵام دەکرێ گیان لەدەست دانی فەریناز وەک دەسپێکێکی گرینگ بێت بۆ سەر هەڵدان و شۆڕشێکی نوێ کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو سەرکوتانەی کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێت. گیانی فەریناز کردنەوەی هەموو ئەو پەنجەرانەیە کە چەندین ساڵە لە نەبوونی هەوایەکی ئازادو گیانێکی پر لە سەر بەستیدا خەریکەخەفە بکرێت، مەرگی ئەو کیژۆلە رووسوورە بوو هۆی ئەوە کە تابۆی بێدەنگی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بشکێت .

گڕوتینی ناڕەزایی و هەست وئیحساسی ئەو خەڵکە، هەزاران مانا و ئاماژە لە خۆدا هەڵدەگرێت هەم بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران کە خەڵک چیدیکە لە ئاست داخوازییەکانیان بێ دەنگ نابن .

ئەو توندو تیژیانە و ستەمانەی کە روبەرووی مرۆڤەکان دەبێتەوە لە لایەن رژیمە دیکتاتۆرەکان لە ئەنجامدا دەبنە مایەی سەرهەڵدانێکی بەرین هەر وەک چەند مانگ و ساڵ لە مەوە پێش لە ئەفغانستان کە بە گیان لە دەستدانی فەرخوندە و ئەو لاوە کە لە تونس جەستەی خۆی کردە رۆشنایی رێبازی دیموکراسی لە ولاتانی عەرەبیدا. بەو هیوایە کە ڕاپەڕینی ئەم جارەی مەهاباد بتوانێت گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئامانجەکانی نزیک کاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٥



## مەرگی تراژیکی فەریناز خوسرەوانی وهەڵوێستی جەماوەری و نەتەوەیی خەڵکی مەهاباد.




**لوقمان زەهرایی**

دوای ئەوەی رۆژی سێ شەممە ٥ - ٥ - ٢٠١٥ هەواڵی دڵ تەزین وتراژیکی خۆکوژی کچە کوردێکی مەهابادی کە بۆ بەرگری لە شەرەف وناموسی خۆی و بۆ ئەوەی دەستی پیس وچەپەڵی عەجەمێکی چڵکاو خۆری سەر بە دەزگای ئینسان کوژی " ئیتلاعات " ی ڕێژیمی پەت وسێدارە نەیگاتێ لە مێدیاکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو بۆوە، خەڵکی مەهاباد لە رۆژی پێنج شەممە ٧ - ٥ - ٢٠١٥ بۆ نیشانی دانی نارەزایەتی بەو کردەوە چەپەڵەیە و بۆ ئەوەی داوای سزادانی قاتڵانی فەریناز واتە هەم ئەو عەجەمە بێ ئەخلاق و داوێن پیسە و هەمیش خاوەنی هۆتێلەکە کە کوردێکی خۆفرۆش وهاودەستی عەجەمە تاوانبارەکەیە بکەن لە بەردەم هوتێلەکە کۆبونەوە. بە هۆی شەڕفرۆشی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری پەت وسێدارە تێکهەڵچوون دروست دەبێ و خەڵکی تورە و وەزاڵەهاتوو لە زولم و زۆری عەجەمان و داگیرکەران هەڵدەکوتنە سەر هوتێلەکە و دەیسوتێنن.

لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی داگیرکەری کۆماری پەت وسێدارە لاوێک دەبێتە قوربانی و بە دەیان لاوی دیکەش بریندار دەبن و بە دەیانی دیکەش دەسبەسەر دەکرێن و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان و زیندانە مەخوفەکان دەکرێن و شاریش لە دوای ئەو ڕووداوانە بە بوون وتێخزاندنی هێزێکی زۆر لە پاسدار و بەسیج و جاشە خۆفرۆشەکان میلیتاریزە کراوە و خەڵک کەوتونەتە ژێر چاوەدێری توندی سیخوران وچەکدارە کوردکوژەکان کە لە شارەکانی دەوروبەریش راهێناویانن.

دژکردوە و ڕاسانی خەڵکی مەهاباد و قەبول نەکردنی ئەو تەحقیر وسووکایەتیە جێگای تێڕوانین و لێوردبونەوە و لێ فێربوونە و بە ئاشکرا دیارە کە ئەو ڕاپەرینە ئاکامی هەڵچوون و سۆز وعاتیفەیەکی کاتی نیە و بە پێچەوانەوە سەرچاوە لە زولم و زۆرێکی لە ڕادەبەدەر دەگرێ کە لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتی ڕەش وچەپەڵی کۆماری پەت و سێدارە بە پێی پلان و بەرنامە و بە شێوەیەکی بەردەوام وسیستماتیک لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر تاکوو ئەورۆشی لە گەڵ بێ بەرێوە چووە و بەرێوە دەچێ. سیاسەتێکی نژاد پەرەستانە دەولەتی داگیرکەری فارس کە هیچ مافێکی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابوری بە



سەرچاوە
Serchawe

کوردی رۆژهەلات ڕەوا نابینی و کوردی رۆژهەلات له ژێر سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی ودینی و زمانی وئابوری دەسەلاتدارانی شیعەی حاکم به سەر ئێراندا تەحقیر دەکرێ.

لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ئەو ڕاپەرینەی رۆلە بە ئەمەگەکانی شاری پێشەوای هەرگیز نەمر قازی مەحەممەد، جگە لە کاربەدەستانی ورد ودرەشتی رێژیمی مەلایان کەسانێکیش هەن کە کوردن و بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان و بۆ خۆشیرین کردن لە بەردەم دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی رێژیمی داگیرکەر کەوتونەتە سەرکۆنە کردنی ئەو ڕاپەرینە و بە قەولی خۆیان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لە رێگای یاساییەوە بە ئاشکرا ئاو لە ئاشی رێژیم دەکەن و بە ماستاوکردن وچاپلوسی خەریکن کردەوە دژە ئینسانی ودژە ژن و جەنایەتکارانەکەی قاتلانی جوانە مەرگ فەریناز پەردەپۆش بکەن وهەمان بەیت وبالۆر کاویژ دەکەنەوە کە کاربەدەستە دز و بێ ئەخلاقەکانی رێژیم لە کوردستان نۆتەکانیان نوسیوە وموسیقای مەرگی پێ دەژەنن.

ئەو هاتنە سەرشەقامەی خەلکی مەهاباد ترس وخۆفی خستۆتە نێو دڵ ودەرونی کاربەدەستانی رێژیمی داگیرکەر وهەژاندنێکی نوێیە لە خەبات و بەرخۆدانی جەماوەری یان بە جەماوەری بوونی خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان لە هەمبەر سیاسەتی ئینکار وهەلاواردنی رێژیمی داگیرکەری تاران وئەو پەیامە ئاشکرایەشی بۆ هەموو رۆژهەلاتی کوردستان وبۆ حیزبە سیاسیەکانییش پێیە کە ئەگەر یەک ریز ویەکگرتوو نەبین و بە یەکگرتوویی داوای مافە خوراوەکانمان نەکەین دەرەقەتی سیاسەتی فرتو فێل وسیاسەتی چەواشەکاری وپڕ لە درۆ و دەلەسەی پان ئیرانیست وپان شیعیستەکان نایەنن ولە ژێر پێێ ئەواندا هیندەی دیکە سووک وتەحقیر دەبین و دەپلیشێنەوە. ئەوە پەیامێکی گرینگە بۆ حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵات کە دەست لە سیاسەتی مندالانەی دژایەتی کردنی یەکتر و یەکترسڕینەوە هەڵبگرن و لە جیاتی شەڕە دندوکە و شەڕە جنێو و شەڕە کورسی، هەموویان لە دەوری یەکتر کۆببنەوە وهەوڵ بۆ لێک نزیک بونەوە و تێکەڵ بونەوە و ئاشتەوایی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و یەک دەنگ و یەک ئامانج رێبەری خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەئەستۆ بگرن و کوردایەتی بکەن بە سیاسەتی سەرەکیان لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی دژە دێموکراتیک ودژە ئینسانی ودژە کوردی داگیرکەری رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەگەر لە تونس مەرگی گەنجێکی کرێکار کە لە داخی زولم و زۆری دەسەڵاتی " بن علی " خۆی سوتاند و مەرگی تراژیکی ئەو جەوانە بوو بە هۆی ڕاپەرین و سەرهەڵدانی میلیۆنان کەس لە خەڵکی ولاتانی عەرەبی و بەهاری عەرەبی لێکەوتەوە و ڕووخانی دەسەڵاتی دێکتاتۆری لە میسر و لیبی و تونسی بە دوای خۆیدا هێنا و و تەخت و بەختی دیکتاتۆرەکانی دیکەی ولاتانی عەرەبی و یەک لەوان دەسەڵاتی ڕەشی بەشار ئەسەد و حیزبی بەعسی سورییەی وەلەرزین خست، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش مەرگی فەریناز خوسرەوانی کە لەوپەری مەزلومییەت دا و بۆ پاراستنی شەرافەت وکەرامەت و ناموسی خۆی و بۆ دیفاع لە ژن بوونی خۆی لە نوهومی چوارەمی هوتێل " تارا " را خۆی هەڵدایە خوارەوە و بووبە قوربانی، دەتوانێ سەرەتایەک بێ کە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بەرەو یەکریزی وهاودەنگی وهاوخەباتی زیاتر و چڕۆپڕتر ببا بۆ ئەوەی داوای جێ بە جێ کردن و وەدەست هێنانی مافە سیاسیە وئینسانیەکانیان بکەن.

ئەو ڕاپەرین و بەرخودان و خۆپێشاندانانە نابێ تەنیا لە داخوازی سزادانی قاتلانی فەرینازی جوانەمەرگ دا کۆبکرێنەوە، بەڵکوو دەبێ ببێتە هەوێنی هێنانە بەرباسی داخوازە سیاسی ونەتەوەیی و زمانی و ئابورییەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. ڕێژیمی مەلایان بۆ ئەوەی ئەو سەرهەڵدان و خۆپێشاندانانە پەرەنەستێنێ زۆر سەیر نیە کە بێتوو بە جۆرێک قاتلانی فەریناز بگرێ و زیندانیان بکا و بە خەلکیش بلێ ئەوە داخوازەکەم جێ بەجێ کردن و تاوانباران بە سزای خۆیان گەیشتن. هەربۆیە لە ئەگەری ڕوودانی شتێکی لەو چەشنە و لێکۆلینەوە وهەڵسەنگاندنی مەسەلەکە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە و بەستنەوەی بە شتێکی شەخسی وبنەمالەیی ، ئەو کات خەڵک ناچار بە بێدەنگ بوون دەکەن ومنەتیش لە سەر خەڵک دەکەن کە بە قسەیان کردوون و دەزگای دادوەری بە ئەرکی خۆی هەستاوە و تاوانبارانی سزاداوە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تەنیا بە یەکێتی و یەکگرتوویی و بە ڕێکخستن وپلان وبەرنامەی تۆکمەیە کە دەکرێ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچی زیاتر و رۆژ لە گەڵ ڕۆژ پتر بەرەوە بە جەماوەریترکردن ببردرێ و لە ئاکامدا وای لێبێ کە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بە ژن و پیاوەوە، بە گەورە و بچوکەوە ، بە گەنج و پیرەوە بە هی خۆیانی بزانن و خۆیانی تێدا ببیننەوە، بۆئەوەی بە خەباتێکی یەکگرتوانە بە مافە سیاسی ونەتەوەییەکانی خۆیان بگەن وکۆتایی بە سووکایەتی وتەحقیر بوون وبێبەشی دەیان ساڵە بێنن.

ئەوەی ئەورۆ گەلێک گرینگە و دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، خۆپاراستن لە تەک ڕەوی، لە خەباتی تەک حیزبی و خۆ بە دوورگرتن لە بە تەک حیزبی کردنی ئەو ڕاپەرینە و خۆپێشاندانانەییە و لێدانی مۆرکی تەک حیزبی لەو ڕاپەرین و سەرهەڵدانانە دەتوانێ هەڵەیەکی سیاسی گەورە و کوشندە بە دوای خۆیدا بێنێ و خزمەتێکی گەورەش بە کۆماری سێدارە دەکا بۆئەوەی بە دەستی کراوە سەرکوتی خۆپێشاندەران بکا و تۆمەتی " محارب و دژە شۆڕش و تەجزیە تەلەب و بەستراوەیی بە ئامریکا وئیسرائیل" لە خۆپێشاندەران بدا.

بە پێچەوانەوە، بە نەتەوەیکردن و بە جەماوریکردنی هەرچی زیاتری ئەو ڕاپەرین و بەرخۆدانانە دەتوانێ کۆماری سێدارە بە چۆک دابێنێ و پاشەکشەی پێبکا و پشتیوانی خەڵکانی دیکەی ئێران و دونیای دەرەوەش بۆلای خۆی و داخوازە ڕەوا وئینسانی وبەرحەقتەکانی کوردی رۆژهەڵات ڕابکێشی. هەروەکوو چۆن ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی واتە ئەمنێستی ئینترناشنال هاتە جواب وهەڵوێستی لە دژی سیاسەتی سەرکوت و توند وتیژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری سێدارە بە نیسبەت خۆپێشاندەرانی مەهاباد گرت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

## ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتای بە قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی هێنا!



**محەممەد سولێمانی**

ڕووداوە سیاسی و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی مەهاباد و شارەکانیتری کوردستان، نادروستی و بێمانای ئەو دەنگۆیانەیان سەلماند کە باس لەوەی دەکرا،

کە گوایە " شتێک بەناوی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی مابێت یان هەلومەرج و زەمینەی ئەوتۆی بۆ لە ئارادابێت و بەخێرای خەبات سەرهەڵبداتەوە و جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە بەرەیەکی بەرین و بەهێزدا ڕێبەری و ڕێنوێنی بکرێنەوە و تێکۆشانی سیاسی مەترسی لە سەر حکوومەتی ناوەندی ئێرن دروست بکاتەوە ". بەدڵنیایەوە هەتا کوردێک لەو بەشەی کوردستاندا بژیت خەبات و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئامانجگەلێکی سیاسی و نەتەوەیدا وەک هەمیشە درێژەی دەبێت و کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسیش ناتوانن پێشی ڕەوتی نوێی بەرخۆدانی کوردانی ڕۆژهەڵات بگرێ و، لە مێژە زۆر لایەن و هەتا حکوومەتی ئاخوندیش لەسەر ئەو مەسەلەیە کاردەکەن و دەیان هەوێت بڵێن شۆڕشی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توشی هەرەس و نسکۆی گەورە بووە و بۆ جارێکیتر ناکەوێتەوە سەرپێی. بەداخەوە ژمارەیەکی دیار لە سیاسی یەکانی کوردستانی بەشەکانی تری کوردستان لەسەر ئەو بیروڕایەبوون کە بووژانەوەو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی سیاسی و سەربەرزکردنەوەیان، بە شتێکی زۆر مەحاڵ لە قەڵەمدەدا و بەجۆرێک باسی هێزە سیاسی یەکانی ڕۆژهەڵات و خەباتی سیاسی و مەدەنیانەی ئەو بەشەی کوردستان دەکرا کە کاریگەریەکی ئەو تۆیان بەسەر ڕووداوەکانی وڵاتدا نەمابێت. بەڵام ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەمدوایانە و نائارامیەکانی کوردستان، بەدڵنیایەوە بە بێ زەمینەی پێشوەخت و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو هەر لە خۆیەوە و خۆ ڕسکانە نەهاتۆتە ئاراوە و ئەو کەس و دەستەیەش کە نەیاری بزووتنەوەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بە زمانی چەواشاکاری و بەلارێدابردنی ئامانجی ڕاپەرینی جەماوەری هاتوونەتە سەرخەت و بەداخەوە لە ئاستی بەرزدا هەڵویستی سیاسی و پشتیووانی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەو بەشەی کوردستان وەک چاوەڕواندەکرا، لێیان نەبینرا. هەر چیەک بێت

ئامانج لەو ڕاگەیاندن و دەنگۆیانەدا، چاندنی تۆوی نائومێدی و خاوکردنەوەی هەستی بەرەنگاری و تێکۆشانی سیاسی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لێکدەدرێتەوە. ڕاستە بە هۆکار و دەلیلی جۆر بەجۆر خەبات لەو بەشەی کوردستاندا، چەند ساڵێکە بەرەوکزی هەنگاوی ناوە و جێگای خۆیداوە بە خەباتی سیاسی و مەدەنیانەی نێوخۆی کوردستان و ئەو بابەتەیش لە هەموو وەختێک زۆرتر حکوومەتی ناوەندی سەخڵەت و نیگەرانکردوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پێگە و نفووزی بەرفراوانیەتی و هەرگیز لە کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی سیاسی دانەبڕاوە و بەڵکوو ئاستی پەیوەندییە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی بەباشترین شێوە دەرەنجامەکانیان لە قۆناخی ئێستای خەباتی سیاسیدا دەرکەوتووە و کاریگەری پەیام و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی بەسەر ڕووداوەکاندا دیاربووە و ناکرێت ڕۆڵی ئەو هێزەنەی کوردستان بە کەم سەیر بکرێت.

هێزێکی وەک حدکا کە خاوەنی کۆدەنگی و پشتیووانی بەربڵاوی خەڵکی کوردستانی بەدرێژای مێژووی سیاسی لە پشت بووە، ئەگەر ئەو هاوکاری و پشتیوانیە بەرفراوانتر نەبووبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەدڵنیایەوە بەرەو کزیش نەچووە. کاتێک خەباتی چەکداری و هەڵسوڕانی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران فیدای پاراستن و سەقامگیری ئەزموونی حوکمڕانی باشوری کوردستان کرا و ئاستی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری حیزبی دێمۆکرات پێینایە قۆناخێکی تازە و ناسک لە کوردستاندا و حیزب بیری لە ڕێگای پەیوەندی گونجاوتر کردەوە هەتا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دانەبڕێت و بە بەرنامە و ڕایەڵکەی ترەوە خەباتی خۆی بەڕیتە پێش و بۆشایەکانی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکانی بە ڕێگای کاناڵەکانی تر دا پڕبکاتەوە کە لێرەدا جێگای ئاماژە پێدانیان نیە.

کۆدەنگی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ جارێکیتر ئەو ڕاستیەی سەلماند کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەو بەشەی کوردستاندا ڕیشەی قوڵ و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی کە بەشێکی شارەکانی کوردستانی گرتووە، بە بێ هۆکار و زەمینەی پێشوەخت بەدڵنیایەوە ڕووینەداوە. گەلی کورد بەیەک دەنگی هاتەمەیدان و سەرەڕای جیاوازی سیاسی و فیکری، بەڵام بەیەکەوە و لە تەنیشت یەکتریدا بە گژدوژمنی هاوبەشدا چوونەوە کە ئەمە خاڵی گرینگ و جەوهەری ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریە سەیر دەکرێت. زۆر کەس و لایەنی سیاسی پێیان وابوو شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەسانای سەر هەڵناداتەوە، بەڵام نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان بەمەبەستی مەحکووم کردن و بەسزاگەیاندنی هۆکارانی بکۆژی "فەریناز خوسرەوانی " زۆر باش رووخساری هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی پێشانداوە.

شاری مەباهاد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شاری لانکی جووولانەوەی ڕزگاریخوازی ناوبانگی بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. "لە شاری کۆمار و ئاڵا و پێشەوا ، گەلی کورد بەدڵنیایەوە هەر ئەو یەک هەڵوێستیان لێ چاوەڕواندەکات " . ڕاپەرینی ئەوجارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخی سیاسی ئێستای خەباتدا، کۆتای بە سەرەتای قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی لەو بەشەی کوردستان هێنا. جێگای خۆیەتی دەست خۆشی و هەزاران ئافرین بنێرین بۆ ئەو تێکۆشەرانەی چاو نەترسانە، هاتنە مەیدان و داوای بەسزاگەیاندنی تاوانبارانیان کردوە. ئەگەر بێت ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەر بەو جۆرە کورد بەیەکەوە و بە هاوبەشی بەشداری پرسە گرینگ و هەستیارەکان بکەن،بەدڵنیایەوە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە سانای بۆی ناچێتەسەر ئەوەی پێی خۆش بێت و کەیفی لێبێت دەرهەقی گەلی کورد ئەنجامی بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

## بەرهەڵستکارییەکەی شاریی مەهاباد، سەلماندنی ڕەوابوونی خەباتی مەدەنی لە کوردستان



**ئەنوەر ئەسەدزادە**

باسی ئاسایشی تاک لە سەرجەم کۆمەڵگا جیهانییەکاندا باسێکی گرنگو سەلمێنراوە. بەو واتایە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی یەکێک لەئەرکە هەرە گرنگو هەستیارەکانی ئەوەیە کە بەتەواوی توانا لەرێگەی جومگە جیاوازەکانی دەسەڵاتەکەیەوە بتوانێت ئاسایشی هاوڵاتیانی خۆی بپارێزێت. لەهەمانکاتدا دەبێت یاسایەکی دیمۆکراتیکو روونی هەبێت تاکوو بتوانێ ئەم ئاسایشە گەرەنتی بکاتو لەئەگەری پێشێلکردنی، بەشێوەیەکی گونجاو لێپرسینەوە لەکەسی تاوانبار بکات. لەم رووەوە هەر سیستمێکی سیاسی پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بەشێوەیەکی دڵسۆزانە بخاتە گەڕ تاکوو تاکەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بەشێوەیەکی تەندروستو لەسەر بنەمای رێزگرتن لەیەکتر پەروەردە بکات. هەر دەسەڵاتێک وەک ئەرک لەسەرشانییەتی بەمەبەستی جێخستنی عەداڵەتو دەستەبەرکردنی بواری کۆمەڵایەتی تاکەکانیو هەروەها کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانو هێنانە خوارەوەی کەلێنی نێوان هەژارو دەوڵەمەندو لە پاڵ ئەوانەشدا خولقاندنی دەرفەت بۆ گەشە پێدانو چالاککردنەوەی کەسانی هەژارو سڕینەوەی هەژاری، بەشێوەیەکی هەمەلایەنە هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ. ئاسایشی هاوڵاتیان بریتیە لە بایەخدان بەهاوڵاتی بە بێ لەبەرچاو گرتنی هیچ هەڵاواردنێکو تاکی هەر وڵاتێک دەبێت بۆ دابین بوونی ئاسایشی خۆی توانای ئەوەی هەبێت خۆڕاگری بکات لەخۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتو هەروەها لەئەگەری هەر جۆرە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەڕەشەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگادا. بێ گومان جێ بەجێنەکردنو وەدینەهێنانی ئەوانەی باسی لێوەکرا لەگەڵ زۆر فاکتەری دیکە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیو هەروەها سەرهەڵدانی دەیان دیاردەو خەساری کۆمەڵایەتی.

ئەگەر چاوێک بخشێنین بەسەر کۆمەڵگای ئێرانو بە تایبەتی کوردستان، رۆژ بە رۆژ شاهیدی توندوتیژییە کۆمەڵایەتییەکانو هاتنە خوارەوەی ئاستی ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردین لە ناوچەو شارو گوندە جیاوازەکان. ئەمەش بێ گومان بۆتە هۆی مەترسی بۆ زۆربەی تاکی کۆمەڵگای کوردی کە خۆی لەبەرامبەر دەیان کێشەو خەساری کۆمەڵایەتی کە لەلایەن کەسانێکی دیاریکراوەوە تەنگیان

پێهەڵدەچنرێو دەبێتە هۆی کەوتنە مەترسی ئاسایشی بنەماڵەیی‌و شەخسیان.

بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەبێت کە کۆمەڵناسان باس لە پەرەسەندنی توندوتیژیە کۆمەڵایەتیەکان لەئێران‌و کەمتر خەمی بەرپرسانی پێوەندیدار لەم بابەتەدا دەکەن. توندوتیژی کۆمەڵایەتی وەک دەوترێ بەرهەمی بارودۆخی ئابووری - کۆمەڵایەتی‌و کولتوری تایبەتە. هەژاری ئابووری، رەفتارو نۆرمە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان‌و بوونی هەندێک کولتووری دواکەوتویی کۆمەڵایەتی‌و گەشەکردنی جۆرێک لە کۆنە پەرەستی لە پێوەندییەکانی بنەماڵەکاندا وەک "دەمارگرژی وغیرەت‌و نامووس پەرەستی‌و شتی لەو جۆرە، دەبێتە هۆی خولقانی ئاڵۆزی‌و توندوتیژی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بێ گومان وەک دەبینرێ لەئێراندا رووداوی ناخۆشی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە چەند ساڵ لەوە پێش بینمان کە مەیدانی "کاج"ی شاری تاران کەسێک لە ناوەڕاستی شەقامەکادا کەسێکی دیکە بە چەقۆ دەکوژێ‌و هێزە ئینتزامییەکان تەنیا وەک بینەر چاویان لە رووداوەکە کردووە. لەکوردستانیش رۆژانەو لەهەواڵەکاندا شاهیدی ئەوەین کە لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە ئاسایشی شارۆمەندان تووشی مەترسی دەبێتەوە بەجۆرێک کە کەم کەس بە دڵنیایی تەواوە دەتوانێ ئەندامانی بنەماڵەی بنێرێتە دەرەوە.

یەکێک لەو رووداوە هەرە ناخۆشانەی کە لەم بوارەدا لە ماوەی رابردوودا خۆ خستنە خوارەوەی فەریناز خوسرەوانی بوو لە هوتێل تارای شاری مەهاباد، فەریناز بۆ بژێوی خۆیی‌و بنەماڵەی سەقاڵی کارکردن دەبێ لەو هوتێلەو لەلایەن خاوەنی هوتێلەکە گوشاری دەخرێتەسەر کە لەگەڵ یەکێک لە مەئمورانی بازەڕسی ببێتە رەفێق‌و پێوەندی جینسی لەگەڵ بگرێت، لەگەڵ دژایەتی کردنی فەریناز رووبە روو دە بێتە وە. بەڵام وا دیارە خاوەنی هوتێلەکە بەردەوام بووەو ناچار ئەو کچە بۆ رزگار بوونی گیانی‌و بۆ ئەوەی ببێتە سەنبولی هەمیشەیی ژیانی ئازاردیتوی نیشتمانی بەتایبەتی لەشوێنی کاردا خۆی لە نهۆمی چواری ئەو هوتێلەدەخاتە خوارەوەو تەرمی بێ گیانی لەسەر شەقامێکی مەهاباد دەکەوێت. لێرەدا گرتن‌و باسکردن‌و دۆزینەوەی تاوانبار دادەنێین بۆ دامودەزگای پێوەندیداری ئەو بابەتەو بەڵام بەکورتی چاوێک دەخشێنین بەسەر کەمتەرخەمی بەرپرسانی پێوەندیدار بەم پرسە گرنگەو هەروەها نارەزایەتی بەرینی خەڵکی شاری مەهاباد لەدژی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە.

هەواڵی خۆکوژی زۆر دڵتەزێنانەی فەریناز لەناوشاردا بڵاو دەبێتەوەو وەک پێویست بەرپرسانی پێوەندیدارو بەناو هێزەکانی پاراستنی گیان‌و ماڵی هاوڵاتیان بێ دەنگی رەچاو دەکەن‌و هیچ هەڵوێستێک بۆ بەدواداچوونی ئەم تاوانە ناگرنە بەر و تەنانەت هەواڵی ئەوەش بڵاوکرایەوە کە گوایە هێزە ئەمنیەکان هەرەشەیان لە بنەماڵەی فەریناز کردووە کە بۆیان نییە زۆر لە سەر ئەم پرسە بڕۆن و خۆمان هەوڵ ئەدەین کێشەکە چارەسەر بکەین، تا ئێرە ئەم قسە نامۆ نییەو ئەوە تاکتیکی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ جۆرها روداوی هاوشێوەی دیکەو بۆ ئەوەی بتوانن کەشی ناوخۆی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن سەرەتاییترین کاریان هەڕەشەکردن‌و چاو سوورکردنەوەیە لەو بنەماڵانەی وا کەسێکیان بۆتە قوربانی سیاسەتی دژە مرۆییەکانیان. ئەم بێ هەڵوێستیە وادەکات جەماوەر خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا ببینێتەوە. هەڵوێستی خۆی وەک هێزێکی بەرینی کۆمەڵایەتی بگرێت، پاشان بینیمان لەرێگەی هەندێک لەرێکخراوەکانی ژنان بەشێوی هاوبەش چەندین راگەیاندن بڵاو کرایەوە کە داوای لەخەڵکی شاری مەهاباد کردبوو کە بێدەنگ نەبن لەمەڕ ئەو روداوە دڵتەزێنە. وەک لەهەواڵەکاندا بینرا لەرێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە داواکرا بێنە شوێنێکی دیاریکراو لەدژی کەمتەرخەمی حکوومەت‌و هەروەها



سەرچاوە
Serchawe

لەدژی مەحکووم کردنی کردەوەی لەو جۆرە ناڕەزایەتی خۆیان نیشان بدەن. ئەوەی لە فیلمو وێنەکانی شاری مەهاباد دەرکەوتووە کە خەڵکی شاری مەهاباد خۆیان ئامادەیی ئەوەیان تێدا بووەو هاوکات لەگەڵ ئەوە بەدەم بانگەوازە جیاوازەکانەوە رۆیشتوونو بەشێوەی بەربڵاو هاتنە مەیدانو ناڕەزایەتیان لەدژی ئەم کردەوەیە نیشاندا. لێرەداو بۆ شیکردنەوەی ئەم باسە قسەکردن لەچەند خاڵ بەگرنگ دەزانین:

## سەلماندنی رەوابوونی خەباتی مەدەنی:

بڕیاری گرنگو دەستبەجێی خەڵکی شاری مەهابادو چالاکانی مەدەنیو سیاسی ئەو شارە خۆی لەخۆیدا هەڵگری گرنگی تایبەتە. ئەم جووڵە کۆمەڵایەتییە بەهێزە نیشانیدا کە سەرباری گشت رێگرولەمپەرو ئاستەنگەکان خەڵکی کورد توانای ئەوەی هەیە بە هێزی جەماوەری خۆیەوە بێتە مەیدانو دەنگی ئیعترازی خۆیان لەدژی هەر جۆرە کردەوەیەکی لەم جۆرە دەرببڕن. ئەم حەرەکەتە مەدەنی_ ئیعترازییە لەلایەکی دیکەوە نیشانەی شکاندنی فەزای ترسو وەحشەتێکە کە کۆماری ئیسلامی لەشارە کوردنشینەکاندا سەپاندوویەتی. هاتنە مەیدانی خەڵکی شاری مەهابادو وەڕێخستنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە نیشانەی چوونە سەرەوەی خۆوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکی شاری مەهابادو هەروەها درک پێکردنی واقعیی رووداوێکە کە لەئەگەری رووبەڕوونەبوونەوەی جیددی رەنگبێ داوێنی زۆر کەسی دیکە بگرێتەوە. بەرەنگاریو دەربڕینی ناڕەزایەتی لەو چەشنە لەدژایەتی جینایەتێک دەرخەری بوونی ئیرادەیەکی بەهێز لەپەرچەکردارنواندن لەدژی دیاردەی کوشتنو لەنێوبردنی ژنانە کە لە جەوهەری خۆیدا هەڵگری چەندین پەیامی گرنگە.

هەروەها پێویستە بوترێ ئامادەکارییەکان بۆ رێکخستنێکی جەماوەری بەمانای درک پێکردنی لایەنە گرنگەکانی بزاڤێکی مەدەنیو کۆمەڵایەتیەو ئەنجامی پۆزەتیڤی جووڵەکەش قورساییو بەهێزی جووڵە کۆمەڵایەتیەکە نیشان ئەدات. ئەم کۆبوونەوە ئیعترازییە لەدژی مەرگی دڵتەزێنی فەریناز خوسرەوانی بووە هۆی ئەوەی بەشێکی دیکە لەرێکخراوەکانی دیکەی ناوخۆی کوردستانو هەروەها بەشێک لە لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەی وڵات وێڕای هاوخەمی نیشاندان بەم کارە، پشتیوانی خۆیان لەخەڵکی شاری مەهابادو رێکخراوەکانی بەرێوەبەری ئەم کارە دەربڕن. گرنگی ئەمەش بێ گومان نیشانەی ئەوەیە کە هەستی یەکگرتویی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەهێز دەکات. پڕ ئاشکراشە کە کردەوەی لەو چەشنە دەبێتە هۆی ورە بەخشین بە چالاکانی مەدەنی شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاتنە مەیدان لەدژی هەر جۆرە نایەکسانیو سیاسەتێکی نامرۆڤانە لە کوردستان.

## سوور بوونی خەڵکی کوردستان لەسەر رێز گرتن لەمافی شارۆمە ندان:

هەروەها ئەم کۆبوونەوە مەدەنییە، بەرپرسانی حکوومەت لەواقعیەتێکی ئاشکرا ئاگادار دەکاتەوە کە کوردستان هەمووکات جێگەی تەڕاتێنی ئەوان نییەو ناتوانن هەر جۆرێک پێیان خۆش بێت لەگەڵ خەڵکدا بجوڵێنەوە. بەهێزیو قورسایی ئەم کۆبوونەوە نیشانیدا کە دەست بەجێ ترس کەوتە دڵی بەرپرسانی پێوەندیدارو وەک بینرا دەست بەجێی هێزی دژە شۆڕشیان نارده سەر شەقامەکان ئەمەش لەئاکامدا دەبێتە هۆی جێگیر بوونی بە شێنەیی ئەم شێوازە گرنگە لەخەباتی مەدەنی بۆ داهاتوو و هەروەهاش دەبێتە هۆی ئەزموونێکی بەنرخی کاری مەدەنی لە پێناو بەرەنگاری نواندن بۆ بەدەست هێنانی داواکاریی گشتیو جەماوەری.



سەرچاوە Serchawe

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانو پاشەکشە کردن بەدەسەڵات:

ئەگەرچی چەند ساڵ لەوە پێش شاهیدی حەرەکەتێکی بەهێزی دیکە لە شاری بۆکان بۆ مەرگی سومیەی فەیزوڵڵاپوور و هەروەها لەشاری مەریوان بووین لەدژی کوشتنی کچێک لەو شارەو بەدەممەوە هاتنی خەڵکی شارەکانی بۆکانو مەریوان بووین. ئێستاکەش ئەم حەرەکەتەی خەڵکی شاری مەهاباد دانی پەیامێکی گرنگە بە سەرجەم خەڵکی کوردستان کە لەدژی هەر ناعەداڵەتیو نایەکسانییەک بێنە مەیدانو نارەزایەتی خۆیان بەشێوەیەکی مەدەنیانە دەربڕن. لە هەمانحاڵدا پێویستە ئەوەش بوترێ ئەم جۆرە جووڵە کۆمەڵایەتیو مەدەنییانە، دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێتو تا ئاشکراکردنی تەواوی رووداوەکە دەبێت بەردەوامی ببێتو پاشەکشەی تەواو بەدەسەڵات بکات. بێ گومان کردەوەی نارەزایەتی مەیدانێکی بەربڵاوی بەرەنگاریو راوەستانی هێزی جەماوەرو دەسەڵات نیشان ئەدات.

## ناکامی بەرپرس بوونو نەبوونی دەسەڵات:

سەرەرِای رێزگرتن لە هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی شاری مەهاباد لەم دواییانەدا بۆ داکۆکیکردن لە ئاسایشی خۆیانو هاوڵاتیان هەر چەشنە کردەوەیەک بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم هەوڵە مەدەنییە، بەڵام لەراستیدا بەرپرسی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی تاکی کۆمەڵگا حکوومەتە. هیچ چەشنە پاساو هێنانەوەیەک بەرەوا نازانرێتو ئەوە حکومەتە کە لە پلەی یەکەمدا دەبێت لەهەموو بوارەکاندا ئاسایشی خەڵک بپارێزێت. چونکوو یەکەم فەلسەفەی بوونی حکوومەت هەر لە کۆنەوە پاراستنی ئاسایشی خەڵکو نەهێشتنی توندوتیژییە. هەرچەند هەمووومان دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئەو حکوومەتە نییە کە خەڵک بەدەنگی خۆی ئیزنی بەردەوام بوونی پێدابێت. خەڵکیش بەتایبەت خەڵکی کوردستان هیچ چەشنە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەگەڵ ئەم حکوومەتەدا واژۆ نەکردووە بۆ مانەوەی. بەڵام لەهەرحاڵدا ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەسەڵاتدارە کۆماری ئیسلامییەو ئەرکی سەرشانیەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو ئاسایشی تاک بپارێزێت.

جگە لەم حاڵەتە بێ گومان بەرهەڵستکاری کۆمەڵایەتیو بزووتنەوە مەدەنییەکان، هەڵگری ئەوە هەن کە سیستمێکی چەوتی وەک کۆماری ئیسلامی لەبن هەڵتەکێنن. هەرچەند ئەمە یەکەم جارنیە خەڵکی کوردستان دەستیان دابێتە ئەم شێوازە لە نارەزایەتی مەدەنی، بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی پێمان دەڵێت لەئەگەری بەردەوام بوونی وەها دۆخێکداو کەمتەرخەمی حکوومەتی ئیسلامی، ویستو داخوازییە رەواو مەدەنیو زۆرجاریش ناسیاسیەکانی خەڵک کەڵەکە دەبێتو لە ساتێکی چاوەڕوانەکراودا هەموویان پێکەوە ئەدرکێنو تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ساز دەکات. ئینجا خەڵک بۆ پاراستنی ئاسایشی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتیان بەجیددی لەهەوڵێکی سیاسیدا دەکەونە گەڕان بە دوای سیستمێکی نوێدا کە پەیمانی لەگەڵ واژۆ بکەنو ئاسایشیان بدەنە دەستی وەها سیستمێک.



سەرچاوە Serchawe

## پشتیوانیکردنی باقی شارەکانی کوردستان

پێویستە وەک بنەمایەکی گرنگی ئەخلاقیو سیاسیو بەمەبەستی بەرینتربوونەوەی هەرچی زیاتری نارەزایەتییەکانو هەوڵ بۆ پوچەڵ کردنەوەی بە لاڕێدا بردنی خەباتی مەدەنی خەڵکی شاری مەهاباد لەلایەن رژیمودەزگا پێوەندیدارەکانی، خەڵکی باقی شارەکانی دیکەی کوردستان مەهاباد و خەڵکە تێکۆشەرەکەی تەنیا نەهێڵنەوە. پێویستە دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی خەڵکی شاری مەهاباد بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی مەدەنیانە بیسەلمێنن کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەمنییەتی تاک بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی لە کوردستان پێڕەو ناکات، ئەوە خەڵکی وشیاری سەرجەم پارێزگا کوردنیشنەکانی کوردستانی رۆژهەڵات خۆیان دێننە مەیدانو یەک دەنگ و یەک هەڵوێست دژی نایەکسانییو هەلاواردنەکان دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە. پێویستە لەم دۆخە هەستیارەدا رۆشنبیرانوچالاکانی مەدەنی دەوری زیاتر بگێڕن لە ئاراستە کردنی خەباتی مەدەنیی خەڵکی مەهابادو باقی شارەکانی کوردستانو لە رێنوێنییە بنەماییەکانی خەباتی مەدەنی بێ بەشیان نەکەن. ئەزموون پیشانی داوین یەکڕیزی رەمزی سەرکەوتنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٥

---

# رووداوی هۆتێل "تارا" و سێ هەڵوێستی جیاواز



**جەعفەر کوردپوور**

رووداوی گیان لەدەستدانی کچێک لە هوتێل تارای مەهاباد بووە هۆی نارەزایەتی و رژانەسەر شەقامی رێژەیەک لە لاوان. بە سوتاندن و کاولکردنی هوتیلەکە کێشەکە پەرەیسەند و بریندار و گیراوی زۆری لێکەوتەوە.

ئەم کیشەیە چەندین هەڵوێستی جیاوازی لێکەوتەوە کە من دەمەوێت باسی سێ ئاراستەی سەرەکیی ئەم هەڵوێستانە بکەم. ئەوەی کە هۆکاری گیان لەدەستدانی کچەکە چی بووە، بۆ زور خەڵکی وەک من کە لە دووری رووداوەکەوەن هیشتاش نادیارە. بەڵام ئەوەی کە ئیمە دەیبینین هەڵوێستەکانە کە لە میدیا و سایتە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەتەوە. هەڵوێستەکان سێ لایەن وەخۆدەگرێت. یەکەم، لایەنی دەوڵەتە کە لە یەکەم ساتەکانی گیان لەدەستدانی "فەرینازی خوسرەوانی" دەیهەویست رووداوەکە خامۆش و بە بێدەنگیی چارەسەری بکات. بەڵام ئەو شتە بەوجۆرەی دەیویست سەری نەگرت و زۆر زیاتر لە خودی رووداوەکە دەنگی داوە و گەورە بۆوە. بەڵام ئەوەی دیارە دەوڵەت دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و نەیەڵێت زیاتر تەشەنە بکات. گەرچی بۆچوونی ئەوەش هەیە کە لایەنێک لە حکوومەت دەیەوێت لەو رێگایەوە کێشە بۆ دەوڵەتی رۆحانی ساز بکات و نانی لە میلیتاریزەکردنی ناوچەکە دایە، هەروەها ئەو خەڵکانەی دەیانویست سەرمایەکانیان لە مەهاباد بخەنەگەڕ بترسێن و خوش کردن و توریستیکردنی شاری مەهاباد فەرامۆش بکرێت. لایەنی دووەمی ئەو رووداوە، حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری حکوومەتن کە دەیانەوێت هاتا دەتوانن زیاتر تەشەنە بە رووداوەکە بدەن. ئەوان دەیانەوێت کە نارەزایەتییەکە تەنیا لە مهابادا نەمێنێتەوە و پەل بهاوێت بۆ شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان. بەشێک لەو حیزبانە بێ ئەوەی بەرنامە و پلانێکیان هەبێت بۆ دوارۆژی ئەو بزووتنەوانە، تەنیا پێیانخۆشە دەرفەتێک بۆ ریکلامکردن بقۆزنەوە. بەڵام چەند حیزبێکی کوردیی هەن کە دەیانەوێت ئەوە بکەنە بیانوو بۆ ئەنجامی چالاکیی چەکداریی خۆیان لە ناوچەکەدا. ئەوان دەیانەوێت بە بۆنەوەی ئەو نارەزایەتییانەوە رەوایی بدەن بە چالاکیی چەکداری بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر. وەک دەزانین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە سوریە و ئێراق، لیبیا و لەم دوایانەش لە

یەمەن زۆر حیزب و لایەنی چەکدار درووست بوون بە بێ ئەوەی دەنگ و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵ بوویێت و یان رۆژێک لە رۆژان لە خەڵکیان پرسی بێت ئەرێ ئێمە دەمانەوێت شەڕی چەکداریی بکەین و ئەو شەڕە بۆ ئێوە زۆر گران تەواو دەبێت، لەوانەیە ماڵەکانتان بسووتێن، باوکتان بکوژرێت، منداڵەکەتان نوقستان بێت، ژنەکانتان بە دیل بگیرێن و تەنانەت ئاوارە بن و زور کارەساتی دیکە کە ئەو شەڕانە بەدوای خۆیدا هێناویەتی. ئەو تاقم و رێکخراوانە کە دەستیان داوەتە چەک و شەڕ دەکەن خۆیان و ئەندامەکانیان وەها تێکەڵ بە شەڕەکە بوون کە تەنانەت جارێک نەیتوانیوە ئاوڕ لە ئاکامی شەڕەکە بدەنەوە و لە خۆیان بپرسن کە ئایا دەسکەوتی ئەو شەڕە ئەوە بوو کە ئێمە دەمانەویست و یان نا؟ وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێ هەڵگیرساندنی شەڕ ئاسانە بەڵام کۆتایی پێهێنان و ئاکامەکانی شەڕ شتێکی نادیارە. پرسیارێک لێرەدا دێتە گۆڕێ کە هەر کەس باوەڕی بە مافی مرۆڤ هەیە دەبێت لە خۆی بپرسێت کە ئایا ئەوان حەقیان هەیە بۆ مەبەستی خۆیان و رکەبەریی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کەسانێک لە شەڕەوە بگلێنن کە شەڕیان ناوێت و یان ناتوانن بەشداریی شەر و تێکهەلچوون بکەن؟ یان شەڕ بۆ ئەوان واتە کۆتاییهاتن بە هەموو شتێک وەکوو ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و بەشێکی زۆر لە رووناکبیران کە هیچ لە سیاسەت و دەسەڵاتخوازیی نازانن یان دەسەڵات و حوکمڕانییان ناوێت؟ ئایا ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لایەنگری مافی خەلک دەزانن بەخۆیان حەق دەدن بە بێ پرس و ئیجازە چارەنووسی خەلکانی دیکە تووشی ناخۆشی و کێشە بکەن؟ لایەنی سێهەم لەم رووداوەدا هەڵوێستی چالاکانی مەدەنی و رووناکبیرانە. چالاکانی مەدەنی و رووناکبیران لە رووداوەکانی پێشووتردا یان بێدەنگ دەبوون یان ئەگەر باسی بابەتێکیان کردبووایە تەنیا وەکوو هەواڵ دەیانگێڕاوە، بەڵام ئەمجارە هەڵوێستی باشیان گرت و دەنگیان دیار بوو. تەنانەت هەم لایەنی دەوڵەت و هەم لایەنی نەیارانی دەوڵەت داوایان دەکرد کە ئەوان بێدەنگ بن! بەڵام زۆر بوێرانە هەڵوێستیان گرت و قسەی خۆیان کوت.. ئەو جۆرەی کە من لێیان حاڵی بووم ئەوان لەگەڵ ئەوەی داخوازی روونکردنەوەی رووداوەکە بوون، رەخنەیان لە کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی حکوومەت گرت کە شەفاف نەبوون و بوونە هۆی گەورەبوونەوەی کێشەکە. دواتر شێوەی هەڵسوکەوتی هێزە نیزامییەکان بوون بە هۆی هاندان و تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەو لاوە دڵگەرمانەی مەهاباد. دیارە باسی زۆر هۆی دیکەی کۆمەڵایەتییش وەکوو بێکاریی لاوان و هەژاری و بێهیواییش هەن کە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. بەڵام ئەوان دەیانەوێت بە دیننەوەی هۆیەکانی ئەو رووداوە دۆزینەوەی رێگاچارەی حەلکردن ، کێشەکە لەوە زیاتر تەشەنە نەکات. ئەوان لەگەڵ ئەوە هەن کە خەڵک مافی خۆیەتی داوای ماف و پێویستییەکانی خۆی لە دەسەڵاتداران بکەن و تەنانەت رێپێوان بکەن و مان بگرن، بە بێ ئەوەی دوایی تووشی گیران و زیندان بن. بەڵام لەگەڵ چالاکیی توندوتیژیی و ئیحساسیی نین. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کە کام یەک لەم سێ ئاراستەیە واتە بێدەنگی، توندوتیژیی یان چالاکیی مەدەنیی خۆی لە دوارۆژی کوردستاندا دەبینێتەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٥

## بۆ جەستەی ژن بە خواست یا ناخواست هەمیشە گرێدراوی کارەساتە؟



**شەهلا دەباغی**

ئەفسانەی "فریناز خوسرەوانی" لە کار لە هۆتێلێک تا فڕین بەرو مەرگێکی پڕ لە تراژێدی لە هەمان هۆتێل و هەستانی خەڵکی شاری مەهاباد دوای مەرگی فەریناز ئایا دەتوانن ببنە خاڵی وەرچەرخان لە بیر و ئەندیشەمان سەبارەت بە جەستە و ئازادی ژن؟ ئایا چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی شار بیر لە پلانێکی تۆکمە دەکەنەوە کە کەرامەت و جەستەی ژن لە پەراوێز بێتە چەق بۆ ئازادی لە جەستە و نۆرم، ئەویش لە ژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتێکی مافیای ئائینی تاسەر ئێسقان دژەژن؟

ئایا ئەو ژنانەی ڕۆژانە بە رووح و جەستە دەکوژرێن بەڵام کەس نایانبینێ دوای فریناز دەگەنە ڕەهایی؟ ئایا حیزبەکان دوای ڕووداوی مەهاباد بیر لەوە دەکەنەوە کە بۆ دیسان، تاقولۆق و دوودوو، دەستیان کرد بە "بیانیە"ی حیزبی و ئەندامانیان بەردەوامن لە شەڕەچەقە؟ ئایا ئەفسانەی فرینازەکان دەبنە بنەمای تێفکرین و خەسارناسی؟ ئایا حیزب، ئێمەی تاراوگەنشین و بەشێک لە چالاکانی ناوەوە، کۆمەڵگای خۆمان ناسیوە تا بیرمەندانە هەنگاو بنێین؟ ئایا بازاڕی مەهاباد، و سەرمایەدارانی کورد، لەگەڵ نیشتمان ڕاستگۆن؟

لە دوای سوتاندنی هۆتێل تارا لە لایەن خەڵکەوە هێندێک لە چالاکانی ناو وڵات گلەیی دەکەن کە ئیتر لە شار سەرمایەگوزاری ناکرێ. پرسیارێک ئەوەیە کە سەرمایەداری کورد کەی ئەوەندەی بەروبۆی بۆ کوردستان بووە کە بە سوتانی هۆتێل تارا ئیدی گرو بگرێ و لە کوردستان سەرمایەگوزاری نەکا؟ کام سەرمایەی تولیدی و دەرفەت بۆ کار لە لایەن ئەوانەوە بۆ هەژارانی شار دەرووست کراوە کە ئێستا ئەوان بتۆرێن؟ مەگەر ئەوە فاکتێک نییە کە زۆربەیان تێکەڵاوی گەندەڵی و دەسەڵات بوون و پارەیان لە بانکەکانی تاران دەسووڕێ.

من خۆم هەرگیز بە لایەنگری "خشونت" نازانم و نامهەوێ تەنانەت کەوچێکی کەس بدزرێ بەڵام بیرمان بێ زوڵم لە ئەستووریدا

دەپسێ، ئەو کات کە خەڵکی هەژار برسییە و دەیان ساڵە وەک تاک و نەتەوە زوڵمی لێدەکرێ و لە کاتی وادا ڕووداوەکان کۆنترۆڵ ناکرێن.

کەسانێک لە ڕوانگەی ئەوە کە "فریناز خۆی بە مەیلی خۆی لە پێوەندی دا بووە، مەرگی فەریناز بە ئاسایی وەردەگرن و وای دەبینن کە لە دەرئەنجامی ترسی کە بنەماڵە بە ڕازی زانیوە" ڕەسەدی ئەو مەرگە دەکەن. بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا فەرق ناکا، یا فریناز قوربانی چوار ئەستێرە بوونی هۆتێل بووە یا بە مەیلی خۆی پێوەندی بووە. کوایە ئێمە دەبێ لە خۆمان بپرسین:

١- بۆ دەسەڵاتی مافیایی و سەرمایە لە جەستەی ژن بۆ ئامانجی خۆی کەڵک وەردەگرێ؟
٢- بۆ دەبێ ژنێک تەنانەت ئەگەر بە مەیلی خۆی بێ، لە نۆرم و حەسارەکانی ناو کۆمەڵگا وەها بترسێ کە وا بشڵەژێ و هەنگاو هەڵگرێ کە بە مەرگی تەواو بێ؟ تەنانەت ئەگەر وابێ کە فەریناز بە خواستی خۆی ویستبێتی بڕواتە "باڵکنی مجاور" و لە "تصادف" دا هەڵ خلیسکاوە، دیسان بەرپرسیارەتی دەسەڵاتە کە ژنان لە سیستێمێکدا دەژین کە ئەسیرن. دیسان پرسیاری گرینە ئەوەیە کە بۆ لەو سیستێمەدا پیاوەکە هەڵ نەخلیسکاوە؟ کە باسی سیستێم دەکەین، کولتور، تاک، دەسەڵات، ڕوانگە و نۆرم ... هەمووی مەبەستە.

ئێمە لەو ڕووداوەدا دیسان شاهیدی ئەوەین کە جەستەی ژن، شوێنی شەڕی دەسەڵات و دژ دەسەڵات، شوێنی هەواڵی ڕاست و ناڕاستە و هەموو زوڵم لە ژن، جەستەی ژن و ئازادی ژن دەکەن و هەموو ڕێگاکان بە برینداربوونی منداڵی کورد لە سەر شەقام تەواو دەبێ.

دیارە زۆر کەس هێندێک گومان دەخەنە سەر کۆی ڕووداوەکان بەڵام ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە ئەوەمان پێدەڵێن کە بەشێک لە گرفتەکان لە خۆمانە. بۆ دەبێ بە سەدان دەوڵەمەندی شاری مەهاباد کە دەڵێن ئیتر لە مەهاباد دا سەرمایەگوزاری ناکەن، تا ئێستا نەیانتوانیوە شەبکەیەکی مەدەنی درووست بکەن کە کاتێک ڕژیم هەر ئەسڵەن کوردستانی بۆ گرینگ نییە و بۆ وێنە کچێکی جەوان کە کامپیوتری خویندووە کاری خۆی دەست ناکەوێ، بتوانن ئیمکانی کار بڕەخسێنن. لە باشترین حاڵەتدا حەتا ئەگەر ژنان لە شارێکی بچووک لە هۆتیل کار بکەن بۆ دەبێ ئەمنییەتی کاریان نەبێ. ئەگەر فریناز بە دڵ و مەیلی خۆی چۆتە لای ئەو پیاوە بۆ دەبێ کۆمەڵگا هێندە ژن بە جەستە گرێ بدا کە لە نەهایەت دا بە ئیستیسال و دەرماندەگی بگا و لە باڵکۆن ڕا بکەوێ.

پرسیارێکی گرینگی تر ئەوەیە کە ئەگەر فریناز هەڵنەدێرابا یا هەڵنەخلیسکابا و نەمردبا و خەڵک بە ڕازیان زانیبا کە یا بە نەخشە و زۆر، یا بە مەیلی خۆی لەوێ بووی، چیان بەسەر دەهێنا؟ ئایا سەدان جار بە دەروون و هەست نەدەکوژراوە؟ ئایا هەموو بوون و ژیانی تاڵتر لە کرکرە نەدەبوو؟ ئایا خەڵک بۆ مافی تاکەکەسی فرینازەکان دەڕژانە شەقام؟

ڕووداوی مەرگی فریناز ئەو گرینگی یە بەرجەستە دەکاتەوە کە دەبێ جەستەی ژن ئازاد بکرێ لە ناموس و لە نەتەوە و خەبات دژی هەژاری لە کۆمەڵگایەک کە دەوڵەت بێکفایەت و بێ ئەخلاقە لە لایەن خەڵک سازمان بدرێ. هاتنە سەر شەقام مافی خەڵکە و دەوڵەتەکان بەرپرسیاری ژیانی خەڵکن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە چالاکانی ناو و دەرەوە دیسان پێک هەڵپڕژان. پێوەندی نێوان

دەرەوە و ناوەوە بە زەحمەتێکی زۆر و دوای ساڵەها درووست بووە و نابی بە هاسانی پردی نێوانیان برووخێ. پێویستە ناو و دەرەوەی وڵات زیاتر لێک تێبگەن. جۆرێک لە لێک تێنەگەیشتن دەبێتە هۆی زۆر خۆێیندنەوەی سەقەت کە یارمەتیدەر نییە.

## خەسارناسی ڕووداوی مەهاباد:

١- سەبارەت بە بنەماڵەی بەڕێزی خوسرەوانی: لەو هەل و مەرجەدا نابێ گرفتەکان و خەمیان زیاتر کرێ

٢- مافی تاکە کەسی فەریناز بپارێزترێ، بەتایبەت کە خۆی کە ژیاندا نەماوە

٣- ڕوداوەکە لە "نامووس" و "مالکیەتی خەڵک بۆ سەر جەستەی ژن" بێتە دەر

٤- بێ ڕێزی و بوختان بە چالاکانی ناو وڵات نەکرێ

٥- هەوڵ بدرێ خەبەرەکان وەک خۆی بدرێتە خەڵک

٦- هەوڵ بدرێ "خشونت" نەبێتە ڕوخساری داوای ڕەوا و بەرحەق

٧- هاتنە سەر شەقام مافی خەڵکە، خەڵک و لاوان لە ڕێگای مێدیاکان ڕێنوێنی کرێن کە دەست بۆ ماڵی خەڵک نەبەن تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە تاوانبار بێ

٨- هەوڵ بدرێ گوشاری نێونەتەوەیی بخرێتە سەر ئێران و کوردستان نەکەوێتە ژێر زەختی زیاتر و گیانی زیندانیان و گیراوەکان بپارێزترێ

٩- ئەو ڕووداوە نەبێتە بەهانە بۆ ج. ا. بۆ هێرش کردنە سەر باشوور

١٠- حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لە باشوور نەکەونە بەر زەخت

١١- چالاکانی ناوەوە نوێنەری هەموو هەژاران و ژنانی شار نین. پێگەی چینایەتی ئەوان کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ڕوانگەکانیان هەیە. هاوکات چالاکانی دەرەوەش نوێنەری هەموو خەڵک نین

١٢- هێزی خەڵک سازمان بدرێ، بێبەرنامەی هێزەکانی ناو و دەرەوە لەو ڕووداوە دا زۆر بەرچاوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی تریبونی فێمینیستانی کورد - ڕێکەوتی: مانگی مای ٢٠١٥

## قەیرانی رێکخستن و راگەیاندن لەهەناوی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا



**عەزیز شێخانی**

رۆڵ و نەخشی مێدیا و پارتەسیاسییەکان لەئاراستەکردنی خەباتی گەلانی پێشکەوتوو و تەنانەت گەلانی ژێردەستدا کاریگەر و بەرچاوە. پرۆسەی دیموکراسی و رێزگرتن لەدەسەڵاتی خەڵک، مافی تاک و کەمایەتیەکان لەزاری مێدیا و کردەو دەربڕینی پارتەسیاسییەکادا رەنگدەداتەوە. مێدیای گەلان ژێردەست و چەوساوەئەگەر خاوەنی تاکتیک و ستراتیژی کارکردن و دووربینیی و وردبینی سیاسی بن، لەسەردەمی ئەمڕۆدا زۆر کەلێن پڕ دەکاتەوەو لەوەگەڕخستنی وزەخانەی ناسینەی گشتیدا رۆڵی بەرچاو دەگێڕێ. رەوابوونی خەباتی گەلانی ژێردەست، بەستێنی ئەرێنی بۆ مێدیای خۆڕاگریی و تێکۆشانی پارت و رێکخراوەکان دەخوڵقێنێ.

رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنەمەیدانی خەڵک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بەرێژیمی ئاخوندەکان دەیسەلمێنن، کەکایەی مێدیا و توانای رێکخستنی پارتەسیاسییەکان زۆر لەوەکەمترە، کەچاوەڕوان دەکرێ. رێکخستن و تەشکیلاتی نێوخۆ لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەرفەتی گەشەکردنی ئاشکرای نەبووە نییە. ئەوەی سەر بەرێکخراوەسیاسییەکانەلەسەر وەزنی ساڵانی کۆنەو وڵامدەری رۆژ نییە. کوردەرۆژهەڵاتییەکان خاوەنی رێکخستن و مێدیایەکی وڵامدەر نین و بەکۆی هێزەسیاسیی و کوردەبەناو چالاکەکان هێشتا بۆیان نەلواوەلەو بارەوەهەنگاوەسەرەتایی و گرینگەکان هەڵگرن. ئەوان لەو رێگایەدا ئەوەندەچوونەپێش، کەبوونەسەمبولی پەرتەوازەیی و لەیەکتردان. هەر پارت و رێکخراوەبەتەشی خۆی ریسەکەی سیاسەت دەرێسێ و لەو بازارەشێواوەدا هیچیان بەکردەوەپێشرەو نین.

دووربینی و قووڵبیرکردنەوەلەکۆبوونەوەمەحفەلیەکانیاندا مانا و پێگەی خۆیان لەدەست داوەو هەر لایەی بەیاری خۆی هەڵدەڵێ. لەئاکامی رەچاوکردنی ئەو سیاسەتەنەرێنیەدا پارتەسیاسییەکان بەکردەوەبوونەپاشڕەوێکی گۆڕەپانەکەو لەتێپەڕاندنی ئەرکە راستەقینەکەدا سەرکەوتوو نەبوون. حیزب و پارتەرۆژهەڵاتییەکان بەچووک و گەورەبوونەپاشڕەوی رووداوەکان و هەر کامەیان

بەکردەوەچاوەڕوانی رووداوەگەورەکەدەکەن.

لەژێر سێبەری سیاسەتی سڕبوون و داتەپینی وزەو دابڕانەکاندا سیاسەت و هونەری سیاسیی مانای راستەقینەی خۆی لەدەستداوە. لای پارتەرۆژهەڵاتییەکان سیاسەت ئەو هونەرەمومکینەنییە، کەبۆ راپەڕاندنی کارەکان سوودی لێوەردەگیرێ. سیاسەت لای ئەوان بەمانای گەیشتن بەخاڵی هاوبەش و کۆکردنەوەی تواناکان لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافی کوردەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە.

سیاسەت لەروانگەی ئەو پارتانە، بەمانای دیتنی روخساری خۆیان و دەرکەوتن لەسیمینار و بڵاوکردنەوەی دروشم و وێنەی جوان و بەهاری لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. ئەوان بۆ شکاندنی یەکتر و لەمەیدان وەدەرنانی رقەبەرەکانیان نوقمی خەباتی ناوچەگەرایی و سەرپێکەوەنانی بەرژەوەندیخوازانەن.

مەحفەلەکان لەتێڕوانین و کردەی پارتەسیاسییەکاندا پێگەی یەکەم و یەک لاکەرەوەیان هەیە. بەگوێرەی یاسای نەنووسراو و کارپێکراوی مەحفەلەکان ئەوانەی دەکەونەدەرەوەی بازنەی مەحفەلەکان، بەنەبوو حیساب دەکرێن و هەتا بۆیان بکرێ، لەهێنانی ناوەکانیان خۆیان دەبوێرن. هەر کامەو بەجۆرێک لەدەزگای راگەیاندندا خەریکی خەتخەتێنی سیاسین و شەوانەرووداوەکانی بی بی سی، رادیۆ فەردا و بەشی فارسی ئەمریکا دەکەنەپێخۆری بینەر و بیسەر و بەشێوازی خۆیان هەڵیدەگێڕنەوە. ئەوان تەنانەت لەخەباتی رێکخستن و تەشکیلاتی نێوخۆدا لەسەدەی ٢١ دا و بەلەبەردەستدابوونی تێکنۆلۆژیی و ریکارەجۆراوجۆرەکانی پێوەندیگرتن، وەک پێویست ئاگاداری رووداوەکان نین. سەرکردایەتی پارتەسیاسییەکان قورسایی خۆیان و خەباتەکەیان لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا چڕ کردۆتەوە. بەواتایەکی دیکە، تێکۆشان و هەنگاونان بەرەو خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ، کردەو خەباتی مێدیا، رێکارەزۆروزەوەندەکانی رێکخستن و و ئۆرگانیزەکردن و هتد. لەکۆی وێنەبڵاوکراوەکان و وشەنووسراوەکاندا کورتکراونەوە. بەکورتیی و بەکوردی خەباتی زرەڤیرچواڵ و دابڕاو لەراستییەکانی کۆمەڵگا لەچڵەپۆپەدایە. بەباوەڕی ئەوان لەقسەو وێنەکان پرد بەرهەم دێن و ئازادیی و سەرکەوتن بەبڵاوکردنەوەی وێنەی سەیرانەبەهارییەکان دەستەبەر دەبن.

خەڵکی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا خاوەنی ناوەند و دەزگایەکی مێدیایی سەربەخۆ و نەبەستراوەبەحیزب نین. لەئەنجامدا خەڵکەکەلەدەوری مێدیایەکی باوەڕپێکراو و خاوەن پێگەدا کۆنابنەوەو بەشێوەی پچڕپچڕ بینەر و بیسەری دەنگ و رەنگی جۆراوجۆرن.لەژێر رەحمەتی ئەو مێدیایەدا پارسەنگی کوردایەتی و بەرپرسایەتی تێکچووە هەتا گەڕی شایی و سەیرانەکان تەواو نەبێ، باس کردن و چاولێکردن لەبابەتەکانی دیکەحەرام و بێزراوە! نەبوونی مێدیایەکی کارا و نەبەستراوەکاریگەری نەرێنی لەسەر کاملنەبوونی ئیرادەو رێکنەخرانی بیروڕای گشتیی خەڵک و کردەوەکانیان هەیە. شایانی باسە، کەتێڕوانینەجیاواز و پەرتەوازەبوونەکان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر کردەی کۆمەڵگادا زۆر و بەرینە. مێدیای پارتەکوردییەکان وڵامدەری ئەمڕۆی رۆژهەڵات نین و نابن. خەڵکی کورد و رێژەیەکی بەرین لەخەڵکی کوردستان خۆیان لەدەنگ و رەنگەمەحفەلیەکاندا نابیننەوە، چونکەئەوان تەنیا دەربڕی رێژەیەکی کەم لەتاکەکانی نێو بازنەی حیزبەکانن. دەکارکردنی سیاسەتی مەحفەلی بوون، رادیۆ و تی فی پارتەرۆژهەڵاتیەکانیی لەبازنەیەکی داخراودا هێشتۆتەوەو و ژمارەیەکشی لەکارخستوە. بەوتەی خۆیان ژمارەیەک

لەچاوەدێرەحیزبییەکان لەژێر خوێندنەوەی مێدیای فارسی زمان  شرۆڤەی هەواڵ و باس و خواسیکورد و کوردستان دەکەن!

خەباتی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا  پێویستی بەهێز و وزەو بوونی ئاسۆیەکی روون هەیە، کەخوڵقێنەر و کارساز بێ، نەک پاشڕەو و پەرتەوازەکەر. بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەو چڕترکردنەوەی قورسایی لەنێوخۆی کوردستاندا  پێویستیمان بەدوورکەوتنەوەلەشەڕەپەڕۆ هەیە. هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن، کەبۆ زاڵبوون بەسەر دۆخی نەخوازراوی ئەمڕۆدا، نەخشەو رێکاری کردەیی و نەتەوەییمان دەوێ. پێهەڵاگوتن بەیار و دۆی خۆ، بەکەڵکی ئەمڕۆ و داهاتوومان نایەت. سیاسەتی خۆگەورەکردنەوەو پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە پارت و حیزبەکان زیاتر پەراوێز دەخا. درێژەدانی سیاسەتی رابردوو بازنەی تێکۆشان بەرتەسکتر و بچووکتر دەکاتەوە. لەئاکامدا حیزب دەکاتەکلوبێکی ناوچەیی و لادەر لەئەرک و ئامانجەسەرەکیەکان.

مێدیای پارتەسیاسییەکان بەکردەوەدەنگی  مەحفەلیەکانن و بەهیچ پێوانەیک ناتوانن دەنگی کورد و کوردستان بن. ئێستا بۆ هەموو پارتەسیاسییەکان دەرکەوتوە، کەچەندەبێ هێز و شەکەتن، چونکەهێز لەیەکگرتندایە.  رەوتی سەرکەوتن بەنێو خەڵکدا تێدەپەڕێ، نەک بەکۆڵانەتەنگەبەرەکانی مەحفەلەخۆییەکان، کەنوقمی ناوچەگەرایی و گەندەڵین.

 بووژاندنەوەی خەبات و بەجەماوەریکردنی بزوتنەوەی رەوای کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە رێکخستنی پتەو و خاوێن، بەرهەمهێنانی باوەڕ و متمانەی خەڵک و مێدیایەکە، کەروخسار و رووداوەجیاوازەوەک هەن پێشان بدات و لەخوڵقاندنی بیروڕای گشتیی رۆڵی کارای هەبێ.  پێویستەمۆدێلی حیزبایەتی  بگۆڕین و پاشاکانی سیاسەت لەرۆژهەڵات ناچارکەین واز لەکورسی بێنن. ئەوانەی بەساڵانەبەناوی کوردایەتی و حیزبایەتی شەو و ڕۆژ لەرۆژنامە، رادیۆ و تی ڤی خۆیان کردۆتەقارەمان و خەڵکیان پەراویز ختسوە، گونجاوەلاق لەسەر زەوی بن و نەبنەدۆنکیشێی گۆڕپانی کوردایەتی. لەسەرمانە، کە ئازایەتی خەڵک و هەڵسووڕانی تێکۆشەرەنێوخۆییەکان بکەینەسەمبولی هەڵگەڕانەوەدژ بەزۆرداران. با کەشێک بخوڵقێنن، کەخەڵک زیاتر لەهەمیشەباوەڕیان بەسەرکەوتنی خۆیان هەبێ و بزوتنەوەی مافخوازی خەڵک لەنێوخۆدا رەگ و  ریشەدابکوتێ. چیرۆکی سەرکەوتنی خەبات بەشێوازی کۆن و لەسەر دەستی ئەم و ئەو کۆتایی هاتوە.

خەڵک دەبێ  رۆڵی گەورەبگێڕن و ببنەئەکتەری چالاک و شانازی بەخۆیان و بزوتنەوەکەیان بکەن. خەڵکی ئێمەپێویستی بەو رێگانیشاندەرانەیە، کەبەهەموو شێوازێک لەبەرەی خەڵکدان و خەڵک بەسەرچاوەی دەسەلات و شەرعییەت دەزانن و لەسەر خوێنی رۆڵەی خەڵک نابنەبازرگان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا  -  ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## ڕاپەڕینی مەهاباد، بانگەوازی قۆناغی نوێی شۆڕش



جەلیل ئازادیخواز

رامان لە ڕووداوی مەهاباد لە زۆر ڕووبەرەوە شیاوی وەستان و سەرنجە، ڕوودانی ئاوەها کارەسات گەلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕووبەری ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئەگەر ڕووداوێکی نەخوازراو ناشایستیش بێت، ئەگەری بوون وروودانی هەیەوبووە ودەبێت. سادەوساویلکانەیە کە خوێندنەوەمان بۆ ئەم کارەساتە تەنیا خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گزە ناسانەبێت. لەکۆمەڵگایەکی کراوەی تەندروستدا کە یاسا سەرەوەرە و کۆی نەریت وڕێسا کۆمەڵایەتیەکان دور لە دەست تێوەردانی دەسەڵات وئایدۆلۆژی کردن، ڕۆڵی شیاو وکۆمەڵایەتی ومێژووی خۆیان دەبینن. خەسارناسی ئەم رووداو و دیاردانە بێ گومان وەک خەساری کۆمەڵایەتی و ناتەندروست بوونی کولتوری کۆمەڵگاو ناکارای میکانیزمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی جێگای باسن و دەخوازێ بەوردی بکەونە بەر باس و شرۆڤەکردنەوەی تازە. بەپرێنسیپ نەبوونی ماڤی ئازادی وسەربەستی لە پەیوەندی وبڕیاروهەڵس وکەوتدا، کەوتنە مەترسی ئەم ماڤ و پرێنسیپانە لە هەرشوێن و وڵاتێک و ببنە ئامانجی دەست درێژی بۆکردن رێک تەندروستی کۆمەڵگاو تەندروست بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخەنە مەترسیەوە، بۆیە شیاوی رامان وخوێندنەوەی وردن بۆ خەسارناسی کۆمەڵایەتی ورەفتاری وکولتوری ویاسای ژیان وکۆمەڵگا. کۆمەڵگای ئازادو کراوە ویاسا پارێز بۆ وڵام دانەوەی ئەم جۆرە خەسارو ڕووداونە. میکانیزمی شیاو وگونجاوی خۆی هەیە کە سەرەڕای ئەم میکانیزم و ڕێسایانەش کۆمەڵگا دەبێ بۆخۆی خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانە بیت لە:

کۆمەڵگا دەبێ ویژدانی گشتی تەندروست وباوەڕ پێکراوی هەبێت کە لە ناسنامەی خۆیدا خولقاندبێت و بە دەر لەهەموو گوشار وگۆپاڵ وبە ئایدۆلۆژیا بارگاوکردنی، تاک بەتاکی کۆمەڵگا لە سازدان و خولقانیا هاوبەشی خۆیان هەست پێبکەن.

بنەڕەتیترین بنەمای هاوبەشی ژیانی کۆمەڵایەتی و یەک لە کۆڵەکەکانی شارستانی بریتیە لە باوەڕ بەیەکبوون، بوونی متمانە لە ئاستی ئاقاری گشتی وکۆی کۆمەڵگادا زامنی پیکەوە ژیانێکی خۆ خوازو بە بەرئەنجامە. بێ لایەن بوون وسەربەخۆ بوونی دەزگای

دادوەریی ومتمانەی جەماوەر بەم دەسەڵاتە وبڕیارەکانی.

دەبێ بڵێم لەمێژە کۆمەڵگای ئێران لە سای دەسەڵاتی تۆتالیتەری مەلا تیئۆکراتەکانەو، بارگاوکردنی ژیان و کۆمەڵگا بە ئایدۆلۆژیا ومیلتاریزە کردنی هەموو ئاقارەکانی ژیان زۆر لە بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوژینی تەندروستی کۆمەڵایەتی لاوازو نەماو بی متمانە بوون. ئەوەی کە هەر رووداوێکی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە لەکۆی کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەتی تر لە کوردستانی خۆرهەلاتدا ، راستەو خۆ دەبێتە ڕامیاری ویەکسەرە شرۆڤەو خوێندنەوەی رامیاری بۆ دەکرێت، لە راستیدا تاوان و ئۆباڵەکەی لەئەستۆی دەسەڵاتەو سەرپاکی ئەو دیسکۆرسە پیاوسالارانە سەرمایە چەقەیە کە رژێم لە ماوەی تەمەنی خۆیدا لە وڵاتدا رەواجی داوە.

ئەمرۆ دەسەڵاتی توتالیتەر وئایدۆلۆژیکی ئێران بەهۆی پەیرەو کردنی بە مەزهەبی کردنی کۆمەڵگاو سەرتاپای ژیانی کۆمەڵایەتی و هەوڵ بۆ تێکشکان وپاککردنەوەی ناسنامەی مێژویی وکولتوری دێرینەساڵی گەلانی ئێران راستەوخۆی کۆیەکی بەرفراوانی جەماوەری ئێران کە خاوەنی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی نین دەکەونە دەرەوەی بازنەی هاوشاری بوون و کۆیە لە ماڤە مەدەنی و نیشتمانی وهاوشاری بوونیان ڕاستە وخۆ و ناڕاستە خۆ لێ زەوتکراوە ودەکرێت.

لە راستیدا ئەم سنوربەندییە و بەخۆی و نا خۆی زانینانە لەلایەن دەسەلاتەوە گەشتۆتەئاستێ کە هەتا سنوری هەلاواردنی دینی ومەزهەبیشی تێپەڕاندوە. پەیرەوکردنی جۆرە سیاسەتێکی ئاپارتایدی لەکۆی رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا ئیتر بە زەقی خۆیان نیشان دەدەن. هەڵاواردنی رەگەزی، زمانی، دینی، ئەتنیکی، کولتوری و .....هتد کۆی ئەو میکانیزمانەن کە دەسەڵات بۆ بە سەربازخانەکردنی کۆمەڵگای ئێران و، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلانی ئێران بەکاریان دێنێ و هێناوە. هەموو فاکتەر و کۆڵەکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەگەر رووخاو وێران نەکردبێ وای لاواز وناکارا کردوون کە بە هیچ جۆرێک جێگای متمانەو باوەڕپێکردن نێن. بە تایبەتی دەسەڵاتەکانی دادوەریی وجێبەجێکار، کە بێ ئەم لاوئەولا وەک دووباسکی بەهێزی سەرکوت ولەناوبردن و سڕینەوە لە خزمەت دیسکۆرسی دەسەڵاتی فەرمانڕانی ناوەندیدان. کاتێ کە بنەماکانی ژیانی هاوبەش و دەسەڵاتەکانی دادوەریی و جێبەجێکار یەکسەر لێکهەڵوەشاونەتەوە وبوونیە ئامرازی دەسەڵات وگوتاری توتالیریزم و بەمەزهەبی کردنی کۆی کۆمەڵگا، ئاساییە کە هیچ متمانەیە لە کۆمەڵگادا بە دەسەڵات و میکانیزمەکانی دەسەڵات نامێنێت و باوەڕی کۆمەڵایەتی و ویژدانی گشتی کۆمەڵگا دەکەوێتە قەیران ونەخۆشکەوتنێکی هەرە دیارەوە کە ئاخێزگەو بنەمای هەموو ئەمانەش دەسەڵات خۆیەتی وبەس. لە کوردستان سەرەڕای هەموو هەڵاوردنە ، مەزهەبی ، رەگەزی ، نەتەوەی ، کولتوری وڕامیاریەکان داپلۆسین و سەرکوتانەوەی ئازادییەکان جۆرە گەمارۆیەکی ئابووری کە کوردستانی لە گەشە و ئاوەدان بوونەوە خستوە زاڵە. هەرجۆرە داخوازییەکی جەماوەر لە کۆی ئەم ڕووبەڕو ڕەهەندانەدا بەگرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان وەڵام دراوەتەوەو دەدرێتەوە. سەرەڕای ئەمەش بچوک ترین داواکاری جەماوەری کوردستان بە رامیاری ناوزەد دەکرێت وڕاستەوخۆی شقڵی ڕامیاری لێدەدرێ. خوازیارانی رەوانەی زیندان و سزای قورس دەکرێن. سی و حەوت ساڵ سەرکوتانەوە، زیندان، گرتن و کوشتن و دەست بەسەرکردن و دوورخستنەوە کارنامەی رژێمی ناوەندی ئێرانە لە کوردستاندا. لەم دۆخەدا ئایا جەماوەری گەل جگە پەنا بردن بۆ هێزی خۆی و متمانە نەبوون بە کۆی دەسەڵات ریگایەکی دیکەی لە بەردەمدایە ؟! بێ گومان نا.

لە ڕووداوی مەهاباد بۆ جاری چەندەم جەماوەری کوردستان ئەم راستیەیان سەلماند کە هیچ باوەڕ و متمانەیەک لەلایەن خەڵکی کوردەوە بە رژیم ناکرێت ونەکراوە. بۆ بەدەستهێنانی ماڤی نەتەوەیی وادادوەریی کۆمەڵایەتی وهەموو بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی، کاروانی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە خۆرهەڵاتی نیشتماندا ناوەستێ. رەنگە شێوەی کارکردن و میتۆدو باری بەرخۆدان و هەستانەوەی لە چرکە ساتەکانی زەمەندا بگۆڕێت، بەڵام ناوەستێت، ئەمە پەیامی راپەڕینی مەهاباد و بزوتنەوە جەماوەرییە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بووە دەبێت. بۆیە دەبێ بڵێین راسانی جەماوەری شاری مەهاباد هەڵچوونە لە ماف کوژی وسەرکوتانەوە و بە پەراوێزکردنێک کە ریشەی لەتەمەنی رژیم دایە. ئەم راپسکانە، راپسکانە دژ بەهەموو گوشار و چەوسانەوەکانی تەمەنی رژیم و هەوڵە بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیە رەواکانی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی نیشتماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥

## چرکەساتی فەریناز خوسرەوانی و گریمانەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی



د.عادل باغەوان

### سەرەتا

ڕۆژی یەکشەم، ٣ی مایسی ٢٠١٥، کچێکی ٢٥ ساڵانەی مهاباد، بەناوی فەریناز خوسرەوانی، لە نهۆمی چوارەمی ئوتێل تاراوە خۆی فڕێدایە خوارەوە. فەریناز کە لە هەمان ئوتێلدا کاری دەکرد، چەند خولەکێک دواتر گیانی دەسپێرێت و دەمرێت. هەرچەند تا ئێستە، هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی ئەم تراژیدیایە نەدرکێنراوە، بەڵام یادەوەری دەستەجەمعی، چەندین چیرۆکی جیاوازی بەدەوردا دروست کردووە.

لە هەر یەکێک لەم چیرۆکانەدا، تاوانبارێک بەچەندین شوناسی جیاوازەوە ئامادەیە. ئەو جارێک کارمەندێکی دەزگەی هەواڵگریی ئێرانە، جارێکی تر کارمەندێکی دەزگەی گەشتوگوزارییە. جارێک بازرگانێکی هاوڕێی خاوەنی ئوتێلەکەیە، جارێکی تر هەموو ئەمانە پێکەوەیە.

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، دۆزینەوەی شوناسی ڕاستەقینەی ئەم ئەکتەرە تاوانبارە بۆ دادگەکان، دەبێت بە فەرمانی یەکەم و دەکەوێتە سەری سەرووی لیستەکەوە. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵات لەسەر بنەمای "ئۆتۆریتاریزم" بینا کراوە، پرسیاری سەرەتا و یەکەم و باڵا بریتی نییە لە پرسیاری دادگەکان و دادوەرەکان، چونکە گریمانەی شاردنەوەی ڕووداوەکە وەک ئەوەی کە هەیە، زۆر بەهێزە و هیچ یەکێک لە هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە، ناتوانێت ڕێگریی لێ بکات. لەم تاییە لە کۆمەڵگەدا، پرسیاری سەرەکی بریتییە لە چەمکی "تەعبئە/مۆبیلیزاسیۆن"؛ واتە تا چ ئاستێک ئەم تراژیدیایە، کە لە بناغەدا چیرۆکی خەمگینی کچێکی خێرنەدیوە لە ژیان، دەتوانێ جەماوەر ساز بدات و بیهێنێتە سەر شەقامەکان و لە دەوری پرۆژەیەک کۆی بکاتەوە؟ چۆن مەرگی

فەرینازی خود، تاک، تاقانە، دەبێت بە بنەمای ڕاچڵەکین و بیناکردنی وشیارییەکی دەستەجەمعی، نەک بەتەنیا لە شاری مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵکو لە باشوور و باکوری کوردستان و تەنانەت لە دیاسپۆرای کورد لە ئەوروپایشدا؟

لە ٧ی مایسی ٢٠١٥ دا، تەنیا چوار ڕۆژ پاش مەرگی فەریناز، شاری مهاباد دەبێ بە شانۆی یاخیبوونێکی جەماوەریی گەورە و پاش بەریەکەوتن لەگەڵ دەزگەکانی پۆلیسدا، چەندین کەس بریندار دەبن و دواتر ئۆتێل تارایش دەسووتێت. لە هەمان ڕۆژدا، خۆپیشاندانێک لە سلێمانیی باشووری کوردستان و خۆپیشاندانێکی تر لە ئامەدی باکوری کوردستان، بۆ پشتیوانی لە جەماوەری تووڕەی مهاباد، ڕێک دەخرێن. تەنانەت لە چەندین شاری ئەوروپیشدا، برۆکسل، کۆلن، پاریس، دیاسپۆرای کوردی نارەزایی دەردەبڕێت و پشتیوانی لە مهابادیەکان دەکەن.

ئێمە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای ئەکشنەوە، ئەم ڕووداوە چۆن دەخوێنینەوە؟ چی لە مهاباددا ڕوو دەدات و چۆن ناوی بنێین؟ وەڵامی سلێمانی و ئامەد، بخەینە چ چوارچێوەیەکەوە؟ ئایا دەتوانین باس لە دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی "ترانس-کورد" بکەین؟ ئایا دەتوانین وەڵامی باشوور و باکوری کوردستان وەک ئامادەیی "وشیارییەکی دەفگرتوو" بە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەخوازراو پێناسە بکەین؟

## بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چییە؟

سەرەتا با گومان بخەمە سەر ئەو تێزەی کە ڕووبەرێکی گەورەی مێژووی ململانێی لە کوردستاندا داگیر کردووە و پێی وایە، تەنیا و تەنیا پڕۆژەی سیاسی و "ئەکشنی" سیاسی و بزاوتی سیاسی دەتوانن گوزارشتی تەندروست و گشتیبن لە بەرژەوەندی و داواکاری و خەون و خواستەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و پێکەوە کۆیان بکاتەوە و سازیان بدات و ئاراستەیان بکات. لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەژموونی ئەم فیکرەیە وای کردووە کە زۆربەی چوارچێوەکانی تری "تەعبەئە/مۆبیلیزاسیۆن"، نەک هەر دوور بخرێنەوە، بەڵکو بەچاوێکی سووک و بێ بایەخەوە تەماشا بکرێن. لە کاتێکدا تێزی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، دروستبوونی، پەیامی، جووڵانەوەی، وەڵامەکانی،...، نەک هەر "وەحدانیەتی" ئەو فیکرەیە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بە دڵە زیندووەکەی هەر کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای ململانێ بینا کرابێت. بێگومان هیچ کۆمەڵگەیەکیشمان نییە کە لەسەر بنەمای ململانێ بینا نەکرابێت، ئەگەر نا ئەوە هێشتا کۆمەڵگە نییە و لە قۆناغی پێش دروستبوونی کۆمەڵگەدایە. کەواتە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چییە؟

بەشێکی گرنگ لە ڕۆشنبیرانی کورد کە ئێستە کاتی ئەوە نییە ناوەکانیان ڕیز بکەین، هەر لەگەڵ ڕژانە سەر جادەی چەند کەسێک، هەر لەگەڵ چەند هوتافکێشانێکدا، هاوارکردنێکدا، نارەزایی دەربڕینێکدا، یەکسەر باس لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن، وەک ئەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یەکسان بێت بە خۆپیشاندان. تەنانەت لەم هەفتەیەشدا و لەگەڵ مردنی فەریناز و خۆپیشانەکاندا، دروست وەک لە ١٧ ی فێڤریوەری ٢٠١١ دا و لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا، ئەم بۆچوونانە ڕژانەوە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان. لەڕاستیدا ئەوانەی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر نارەزایی و یاخیبوونێکدا دێن و باس لە بزووتنەوەی



سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵایەتی دەکەن، هەموو ئەوانەن کە قسە دەکەن بۆ ئەوەی هیچ نەڵێن و گوتارەکانیان پڕە لە بۆشایی؛ چونکە تەنیا جۆرێکی تایبەت لە "جووڵانەوەیەکی دەستەجەمعی" بریتییە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، نەک هەموو "جووڵانەوە دەستەجەمعییەکان".

ئەم جۆرەیش لە جووڵانەوەی دەستەجەمعی، بریتییە لەو کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتییەی کە ڕەخنە لە هەژموونێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دەگرێت و گومانی لەسەر دروست دەکات و لەڕێگەی پێشنیارکردنی چوارچێوەیەک لە بەهای جیاوازەوە دێت و پرەنسیپە گشتییەکانی کۆمەڵگە، لەژێر هەژموونی گرووپی هەژموونداردا دەردەهێنێت و بە ئاراستەی تردا دەیانبات. ئەم کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتییە "تەعبئەکراوە"، لە ململانێیەکی قووڵدایە لەگەڵ بەرامبەرێکدا کە دەیەوێ هەموو گرەوەکانی لێ بباتەوە.

لێرەوە رووبەرەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زۆر فراوانترن لەوەی کە کورت بکرێتەوە لە گرووپێکی بەرژەوەندی، یان لە کارتێکی فشاری سیاسیدا. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لێرەیە بۆ ئەوەی گەردوونی کولتووری کۆمەڵگەیەک دەستکاری بکات و سەرلەنوێ نەخشەی چۆنیەتیی ئامادەبوون لەنێو ژیاندا دەستنیشان بکاتەوە.

ئەم پێناسەیەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕاستەوخۆ دوو جۆر لە جووڵانەوەی دەستەجەمعی، یاخیبوونی دەستەجەمعی، خۆپیشاندانی دەستەجەمعی لە پانتاییە گشتییەکاندا دوور دەخاتەوە و دەیانخاتە چوارچێوەی "مەفهومیی/کۆنسێپتیول"ی ترەوە.

جۆری یەکەمیان بریتییە لە کۆی ئەو ڕاپەڕین، یاخیبوون، جووڵانەوە و دەرکەوتنە دەستەجەمعییانەی کە ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە بەرەنگاریکردن یا ڕیفۆرمکردنی ڕەگەزێک یان چەند ڕەگەزێکی نەخۆش و زیانبەخشی سیستمی کۆمەڵایەتی/ سیاسیی کۆمەڵگە. واتە ڕاپەڕیوەکان، یاخییەکان، خۆپیشاندەرەکان نایانەوێ کۆی سیستمەکە بگۆڕن، بەڵکو هاوار بۆ ڕیفۆرمکردنی چەند ڕەگەزێکی سیستمەکە دەکەن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەم ڕیفۆرمخوازانە دروست نابێت. زانستە کۆمەڵایەتییەکان پراکتیکی ئەم ئەکتەرانە ناو دەنێت: دەرکەوتنی دەستەجەمعی نەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

جۆری دووەمیشیان بریتییە لە کۆی ئەو جووڵانەوە و بزاوت و گرووپانەی، کە لەڕێگەی پرۆژە دەستەجەمعییەکانیانەوە، دەیانەوێ کاراییی بەسەر میکانیزمەکانی بڕیاردانی سیاسی دابنێن و ڕێگە نەدەن بەتەنیا نوخبەیەکی هەمیشەیی چوارچێوەی هەموو بڕیارەکان دەستنیشان بکات. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، خەباتی ئەم گرووپانە بە "ململانێی دەستەجەمعی" نەک بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت.

## چرکەساتی فەریناز

لە چرکەساتی فەرینازدا، ئێمە چەند ڕەگەزێکی گرنگمان لە بەردەستدایە، کە هەر یەکێکیان ئاستێکی تایبەت دەستنیشان دەکەن و وەک ماشێن کۆمەڵێک مانا بەرهەم دەهێنن.

ڕەگەزی یەکەم بریتییە لە ئامادەیی بەهێزی "ئەکشنێکی دەستەجەمعی"؛ واتە هەزاران کەس، لە چەندین رووبەری جیاوازدا (مهاباد، سلێمانی، ئامەد، ئەوروپا)، پێکەوە دێنە سەر جادەکان و پێکەوە هاوار دەکەن و پێکەوە دەجووڵێنەوە. ئامادەبوونی ئەم ڕەگەزە، خۆی لەخۆیدا، بازدانە بەسەر تەواوی ئەو "من"ە تاکانەدا کە یەکێک لە بانگکردنە بەردەوامەکانی بریتییە لە خۆپاراستن و دەرگەداخستن بەسەر خوددا و نزیکنەبوونەوەیە لە مەترسی. ئەکشنی دەستەجەمعی گوزارشتە لە خواستی گرێدانی خود بەوانی ترەوە، گوزارشتە لە ئارەزووی دابەشکردنی چوارچێوەیەکی پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، جۆرێکە لە مەودا وەرگرتن لەگەڵ کورتکردنەوەی خود لە دوو کەوانەدا، هەنگاونانە بەرەو خۆخستنە سەر شانۆ لەنێو کۆلێکتیڤێکدا.

هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەبێ ئەم رەگەزە لە دایک نابێت، بەڵام هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش تەنیا بەم ڕەگەزە دروست نابێت. لە 2005دا نەوەی پەراوێزخراوی شارەکانی ناوچەی پاریس ڕاپەڕین و زیاتر لە دوو هەزار ئۆتۆمبێلیان پێکەوە سووتاند، بەڵام نەیانتوانی پێکەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. لە حەڤدەی فێبریوەی ٢٠١١ دا، هەزاران کەس ڕژانە بەردەرکی سەرا، بەڵام نەیانتوانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، چونکە دواتر وەک کارتی سیاسی لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەکار هێنران.

بەداخەوە لە ئێستەدا ئێمە هیچ داتایەکی وردمان لەسەر ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم "ئەکشنە دەستەجەمعییە" دەکەن، لە بەردەستدا نییە. زۆر گرنگە بزانین ڕێژەی ژنان چەندە، لە کاتێکدا کۆی ئەکشنەکە لە مردنی ژنێکەوە دەست پێ دەکات. بەڵام بەپێی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی کە لە بەردەستدان، بەشداری ژنان یان هەر نییە، یان تەواو لاوازە. زۆر گرنگە ئاستی بروانامە، تەمەن، رووبەری نیشتەجێبوون و پیشەی بەشداربووان ورد بکرێنەوە، کە بەداخەوە لە ئێستەدا ئەمە بۆ ئێمە زەحمەتە.

ڕەگەزی دووەم بریتییە لە وشیارییەکی ناڕوون بەرامبەر بە هەلومەرجێکی ناڕوون. بێگومان ئەوەی کە جەماوەری هێناوەتە سەر شەقامەکان، هەر لە مهابادەوە تا ئامەد، وشیارییەکی دەستەجەمعییە بەرامبەر بە هەلومەرجێک. وشیاری ئەو بنەما باڵایەیە کە ڕێکخەری هەنگاوەکانی مرۆڤ و ئاوێزانکردنیەتی بە گشتێک لە چرکەساتی جووڵاندا. بێهودە نییە کە سۆسیۆلۆگێکی گەورەی وەک کارل مارکس، وشیاری دەکات بە یەکەم مەرجی لەدایکبوونی چینی کۆمەڵایەتی و پێی وایە بەبێ وشیاری، ئەستەمە ئێمە بتوانین باس لە کۆمەڵگە وەک چین و لە کۆمەڵگەی چینەکان بکەین. پاش کارل مارکس، بەتایبەتی پاش بەجێهێشتنی کۆمەڵگەی پیشەسازی و پێنانە نێو رووبەرەکانی کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازییەوە، ئیتر سوپایەک لە سۆسیۆلۆگ، لە پێش هەموویانەوە ئالان تورێن، گەورە سۆسیۆلۆگی فەرەنسی، دێن و رووبەرەکانی بنەمای وشیاری فراوان دەکەن، دەیکەن بە مەرجی سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. بێگومان ئەم وشیارییە وەڵامە بە پرسیاری: ئێمە چیمان دەوێت؟ کاتێک کە ئەکشنێکی دەستەجەمعی، توانای ئەوەی نییە وەڵامێکی روونی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئیتر تەنیا وەک ئەکشنی دەستەجەمعی دەمێنێتەوە و نابێت بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

لە چرکەساتی فەرینازدا، وشیارییەک ئامادەیە کە وا لە مهاباد و سلێمانی و ئامەد و شارەکانی تر دەکات لە ماڵ بێنە دەرەوە و پێکەوە خۆپیشاندان بکەن. بەڵام گرفتی ئەم وشیارییە لەوەدایە کە لێڵە، نەگەیشتووە، روون نییە و ناتوانێ بەشێوەیەکی

یەکلاکەرەوە وەڵامی پرسیاری ئێمە چیمان دەوێت؟ بداتەوە. بۆ بەشێک لە خۆپیشاندەران، رووداوی فەریناز، ئەگەر ئێمە گریمانەی یەکەم وەربگرین، لە ڕەچەڵەکدا فاکتێکی کۆمەڵایەتی رووتە (تاوانبارێک دەیەوێ دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سەر کچێک)، ئەوەی دەبێت دادگەیی بکرێت، بەتەنیا خودی ئەو کەسەیە کە بەتاوانەکە هەستاوە. بۆ بەشێکی تر، خاوەنی ئوتێلەکەیش دەبێت وەک تاوانبارەکە دادگەیی بکرێت. ئەم دوو بەشە پێکەوە لەنێو ئەو تێزەدان کە پێیان وایە ڕەگەزێکی سیستمی سیاسی لە ئێراندا نەخۆشە و دەبێت چارەسەر بکرێت. ئەگەر ئەم تێزە هەژموون بەسەر کۆی خۆپیشاندەراندا بکات، بەدڵنیاییەوە ئەکشنە دەستەجەمعییەکەیان نابێ بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بەخێرایی دەمرێت.

بەشێکی تری خۆپیشاندەران، باس لەوە دەکەن کە سیستمی سیاسیی ئێران، ڕۆژانە چەندین چالاکی کورد زیندانی دەکات و هەموو کەرەستەکانی ئەشکەنجەدانیان لەسەر تاقی دەکاتەوە و لە کۆتایشدا دەیانکوژێت. ئەوەی خۆپیشاندەران گوزارشتی لێ دەکەن، بەتەنیا ناڕەزایی نییە بەرامبەر بە مردنی فەریناز، بەڵکو ناڕەزاییشە بەرامبەر بە ئیدارەی دەوڵەت و ڕژێمی سیاسی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کورد لە ئێراندا. ئەم بەشە گرنگە، دەخوازێ خۆپیشاندانەکان وەک کارتێکی فشاری سیاسی بەکار بێنێت و لەڕێگەیەوە چەند دەستکەوتێکی سیاسی بۆ دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی ڕەمزی حزبێکی دیاریکراو، یان چەند حزبێکی دیاریکراو، بەدەست بێنێت. بەدڵنیاییەوە مانەوەی لە چوارچێوەی ئەم تێزەشدا، ئەکشنە دەستەجەمعییەکە ناکات بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و تەنیا لە چوارچێوەی ململانێی سیاسیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم ململانێیە بێ مانایە و هیچ دەرەنجامێکی بەهادار بەدەستەوە نادات.

بە پێچەوانەوە، ململانێیش وەک هەر چوارچێوەیەکی تری جووڵانەوەی دەستەجەمعی، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەبێ ئەوەی بگاتە ئاستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لەو گریمانانەی کە دەکرێت ئەم وورووژانە بەشەرییە لە شارەکانی کوردستاندا بکات بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی تەمەندرێژ، بریتییە لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئامانجەکان کە چوارچێوە گشتییەکەیان دەکرێت گۆڕینی ئاراستە گشتییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەیەک بێت، کە لە کۆڵانێکی داخراودا چەقی بەستووە. پەرینەوەیە بۆ ئەو داواکارییانەی کە هەلومەرجی سەرهەڵدانی جۆرێکی تر لە ژیانی کولتووری ئامادە دەکات؛ ژیانێکی کولتووری کە لەسەر بنەمای مافە یونیڤێرسالەکانی مرۆڤ دامەزرابێت، نەک مافە لۆکاڵییەکانی کەسێک یان گرووپێک.

ئەم گریمانەیەش دەمانبات بەرەو ڕەگەزی سێیەم: دەستنیشان نەکردنی بەرامبەرێکی شوناسدار. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەرامبەرێکی دەستنیشانکراوی روون و ئاشکرای هەیە. ئەم بەرامبەرە وەک دوژمن تەماشا ناکرێت و کار لەسەر لەناوبردنی فیزیکیی ناکرێت، بەڵکو ئەکتەرێکە کە دانوستانی لەگەڵدا دەکرێت، ململانێی لەگەڵدا دەکرێت، دەخرێتە بەردەم چەندین گرەوی گەورەوە. بزووتنەوەی تۆتالیتێر، بەرامبەرەکانی وەک دوژمن وێنا دەکات، دوژمنێک کە دەبێت لەڕێگەی ئاگر و ئاسنەوە لەناو ببردرێت. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی بەسروشتی خۆی بزووتنەوەیەکی دیموکراتخوازە، زەبروزەنگ ناکات بە سەنتەری کارەکانی،

پلانی کوشتنی بەرامبەرەکەی دانانێت، کەرەستە تیرۆریستییەکان بەکار ناهێنێت. بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی ئامانجە باڵاکەی بریتییە لە دابینکردنی مافە یونیڤێرسالەکانی مرۆڤ، ئیتر چوارچێوەکانی جووڵانەوەی بەوردی دەستنیشان دەکات و دەزانێ لە بەرامبەریدا کێ وەستاوە.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو ئەکشنە دەستەجەمعییەی کە لە ئێستەدا شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە، بریتییە لە ونبوون لەنێو پرۆسێسی دەستنیشاناکردنی "بەرامبەر"دا. بەرامبەر کێیە؟ دوژمنێکە کە دەبێت لەناو ببرێت یان ئەکتەرێکە کە دەکرێت دانوستانی لەگەڵدا بکرێت ؟ ئایەتوڵا عەلی خامەنەییە یان فەرمانبەرێکی دەزگەی گەشتوگوزار؟ حکوومەتەکەی ڕۆحانییە یان بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتێل تارا؟

لەنێو ئەو گوتارە کەمانەی کە چوڕ چوڕ پێمان دەگەن، هەموو ئەم ئەکتەرانە ئامادەن و ئەمەش پەردەیەکی ئەستوور بەسەر بەرامبەردا دەدات و جۆرێک لە لێکدژیی؛ کە مەرج نییە هەمیشە لە وشیارییەوە سەرچاوەی گرتبێت، خودی خۆپیشاندانەکان دەکوژێت. ئامادەنەبوونی توانایی بۆ دەستنیشانکردنی "بەرامبەر"ێکی وێناکراوی پێناسەکراوی شوناسدار، چانسی پەرینەوە بەرەو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەواو دادەبەزێنێت و لە باشترین دۆخدا دەیخاتە بەردەم دوو گریمانەوە: گریمانەی خرۆشان و کپبوونەوە لەنێو ناوچەکانی سۆزدا و گریمانەی بەکارهێنانی وەک کارتی سیاسی. من پێم وایە هەردوو گریمانەکە وەک یەک چانسی خۆ بەدیهێنانیان هەیە.

## گریمانەکان

لە گریمانەی یەکەمدا، ئێمە یادەوەرییەکی دەستەجەمعیمان هەیە کە دوو وێنەی کێشاوە. وێنەی کچێک کە وەک شەرەفی کورد خراوەتە سەر شانۆ. کچێکی بەشەرەف کە بۆ ئەوەی بەئازادی بژی و لە ژێر هەژموونی کەسدا نەبێت، لە هۆتێلێکدا کاری کردووە. لێرەوە ئەم یادەوەرییە ترادیسیۆنێلە، دێت و وێنەیەکی ئەفسانەیی بە فەریناز دەبەخشێت. لە بەرامبەریشدا، وێنەی ئەو پیاوەی کە ویستوویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەر، لە شێوەی ئەژدیها، دێو، وەحشێکی زەبەلاحدا دەکێشێت. وەحشێک کە دێت و پەلاماری لاشەی پاکی فەریناز دەدات و دەیەوێ شەرەفی هەتک بکات. فەرینازیش کە ڕەمزی پاکێتییە، بۆ پاراستنی بەرائەتی خۆی، وەک قارەمانێک بەرگری دەکات و گیانی خۆی دەسپێرێت و ژیان بەجێ دێڵێت.

ئەم یادەوەرییەی کە لەنێو زۆنەکانی سۆزدا دروست دەبێت، کە هیچ ڕەهەندێکی عەقڵانی نییە، ئاگر لە هەست و سۆزی هەزاران کەس بەردەدات، دەیانوروژێنێت، شێتیان دەکات، دەیانهێنێتە سەر جادەکان، ئۆتێلێکیان پێ دەسووتێنێت و پاش چەند ڕۆژێک لە خۆپیشاندان، هەڵچوونەکان کپ دەبنەوە، شەپۆلەکان ئارام دەبنەوە، یاخیبوونەکان کاڵ دەبنەوە و سەر لەنوێ ژیان لەسەر هەمان مۆدێلی پێشوو دەست پێ دەکاتەوە.

کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە تا ئەم چرکەساتەش وەک ڕووبەڕێکی ناحەز لەلایەن سیستمی سیاسیی ئێرانەوە وێنا دەکرێت، چانسی ئەوەی نەبووە کە بە پرۆسێسێکی چڕی پیشەسازیی وادا تێ بپەڕێت کە دەستکاری پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تراددیسیۆنێلەکانی بکات. لەم کۆمەڵگەیەدا، تا ئێستەش بەها تراددیسیۆنێلەکان، وەک بنەمای باڵای ڕێکخستن، چوارچێوە بۆ چۆنیەتیی ژیانی تایبەت و گشتیی گرووپەکان دەستنیشان دەکەن. لێرەوە، هەژموونی گریمانەی یەکەم بەسەر خۆپیشاندەرەکاندا، بەهێزە و لەپێشمانەوە ڕێ دەکات. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم جۆرە لە ئەکشنی دەستەجەمعی، کە مۆرکی سەرەکی کۆمەڵگەی تراددیسیۆنێلە، کۆمەڵگەیەک کە کار لەسەر چەمکەکانی تۆڵەسەندنەوەی شەرەف دەکات، بەهایەکی ئەوتۆی نییە، چونکە چۆن لە دایک دەبێت ئاوایش کۆتایی پێ دێت، بەبێ ئەوەی بتوانێ دەستکاری ئاراستە باڵاکانی کولتووری کۆمەڵگە بکات.

گریمانەی دووەمیش بریتییە لە بەکارهێنانی وەک کارتی سیاسی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دروست وەک باشوور و باکور و ڕۆژئاوا، تا ئێستەیش حزبی سیاسی هەژموونداترین مۆدێلی جووڵانەوەی دەستەجەمعییە و کۆنترۆڵی هەموو "مەواریدە" سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینییەکانیشی کردووە. لە هەر جێگەیەکی کوردستانەکاندا، هەر ڕووداوێک ڕوو بدات، ئەگەر حزب ڕاستەوخۆ لە پشتییەوە نەبێت، ئەوە هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ بەکاری بێنێت و بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. باشترین نموونەیش، خۆپیشاندانە گەورەکانی ١٧ ی فێبریوەری ٢٠١١ی سلێمانی بوون.

لە سەرەتادا کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بێ حزب نەبوو، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە باسیان لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ دەکرد، تەنانەت منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی کە ئومێدێکی ڕێژەیی بەرزیان بەم خۆپیشاندانانە هەبوو. ئەوانەی کە لە رووکەشدا جووڵانەوە دەستەجەمعییەکەیان بەڕێوە دەبرد، چەند ئەکتەرێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون، گوتارەکان، بەروارەکان، لێژنەکان، ...، لە ژێر سەرپەرشتیی ئەم ئەکتەرانەدا بوون. بەڵام دواتر دەرکەوت کە لە پشت پەردەکانەوە، حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لەڕێگەی ژووری عەمەلیاتی هاوبەشەوە، بەرنامەیان بۆ دادەنا، بەڕێوەیان دەبرد، خەڵکی خۆیان دەرژاندە نێو بەردەرکی سەرا. لە کۆتاییشدا، هەر ئەو حزبانە، بزووتنەوەکەیان رووت و قووت کردەوە و وەک کەرەستەیەک، تەنیا کەرەستەیەک، بەکاریان هێنا.

ئەوەی کە ئێستە لە مهاباد و شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت باشوور و باکوریش روو دەدات، لە بەردەم هەمان گریمانەدایە.

لە ئامادەنەبوونی وشیارییەکی بەهێز بە هەلومەرجی خۆپیشاندان لەلایەن خۆپیشاندەرەکانەوە، لە ئامادەنەبوونی پرۆژەیەکی کولتووری گلۆبالدا، لە ئامادەنەبوونی توانایی دەستنیشانکردنی ئەو بەرامبەرەدا کە دەبێت گرەوەکانی لێ ببرێتەوە، لە ئامادەنەبوونی وشیاری بەو جەماوەرەی کە دەبێت گوزارشتی لێ بکرێت، حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، بە ئاسانی دەتوانن تەواوی ئەکشنە دەستەجەمعییەکە، وەربگێڕنە سەر کارتی سیاسی و لە دۆخە جیاوازەکاندا بەکاری بێنن.

یه‌كێك له‌ تراژیدیاكانی كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌ بریتییه‌ له‌وه‌ی كه‌ تا ئێسته‌یش، هه‌موو خه‌ونه‌كانی گۆڕانكاری به‌ بزووتنه‌وه‌ی سیاسی ده‌سپێرێت و له‌ ده‌ره‌وه‌ی سیاسه‌ت ناتوانێ وێنای گۆڕانكاریی ره‌گوڕیشه‌یی بكات. له‌ كاتێكدا له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی پۆست پیشه‌سازیدا، له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی سه‌رده‌می گلۆبالیزاسیۆندا، ئه‌وه‌ی به‌ بزووتنه‌وه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌كرێت، به‌ ١٠٠حزبی سیاسی ناكرێت. به‌داخه‌وه‌ ئێمه‌ هه‌میشه‌ كاتێك ده‌گه‌ینه‌ كه‌ناری ده‌ریا كه‌ كه‌شتییه‌كه‌ رۆیشتبێت، كاتێك ده‌گه‌ینه‌ وێستگه‌ی شه‌مه‌نه‌فه‌ر كه‌ شه‌مه‌نه‌فه‌ره‌كه‌ رۆیشتبێت!.

ئه‌م بابه‌ته‌ درێژه‌ی ده‌بێت و هێشتا كۆتاییه‌كه‌ی نه‌نووسراوه‌...

سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی وشه‌ نێت - رێكه‌وتی: ١٩ی مای ٢٠١٥

## رێبوار سیوەیلی: رۆژهەڵات هەرگیز بێدەنگ نەبووە




**هیدایەت جان**

**رێبوار سیوەیلی،** نووسەر و روناکبیری کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "وشە" خوێندنەوەیەکی فکری و کۆمەڵناسانە بۆ رووداوی خۆکوشتنی "فەریناز خوسرەوانی" لە مهاباد و خۆپێشاندانەکان دەکات و لەبارەی هەڵوێستی رۆشنبیرانی کورد بەرامبەر بەو رووداوانە بە زمانێکی تاتە ئامێزەوە دەڵێ " تۆ بڵێی یارییەکانی تۆپی پێ و ئەو شتانە نەبووبێتە هۆی بێدەنگییان؟! هیوادارم ئەوانیش خەریکی بیرکردنەوە بن، نەک بەدیار گۆڵی شاشەوە، بیریان بچێتەوە کە لە واقیعیشدا گۆڵیان لێ دەکرێت". هاوکات رەخنە لەو رۆشنبیرانەی ناوخۆی رۆژهەڵات دەگرێت کە تانە لە خۆپێشاندەرانی شاری مهاباد دەدەن و وەک ئاماژەی پێ دەکات "ئەگەر کەسانێک هەبن، بەتایبەتی لە نێو چالاکانی شارەکەدا پشتگیریی خەڵکەکە وەک کارێکی توندوتیژانە لەقەڵەم بدەن، ئەوە نەک هەر پاساوێکی باشە بۆ جاش و کاربەستەکانیان، تا بەردەوام بن لە دەستدرێژی و گشتاندنی نیگا فاحیشەییەکەیان بەسەر گشت کچانی کورددا، بەڵکو ئەو جۆرە لێکدانەوانە جگە لە خۆبچووککردنەوە، خۆ بەکۆیلەکردن و خۆبەکەمزانی ئەو کارەکتەرانەی (دامەزراوەی چالاکیی مەدەنی) بەرهەمیان دێنێت، هیچتر نیە".

**هیدایەت جان**: خۆکوشتنی فەریناز خوسرەوانی و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکەی مهاباد لەلایەن هەندێک لە چالاکانی مەدەنی ناوخۆی رۆژهەڵات رووبەڕووی تانە بووەتەوە و پێیان وایە خۆپێشاندەران توندوتیژییان بەکار هێناوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو رووداوانە چۆنە؟.

**رێبوار سیوەیلی**: ئەوە خۆپیشاندان نەبوو، بەڵکو تەقینەوەیەکی خۆڕسکی کوردەکان بوو لە ئاست مامەڵەی کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی کە بووە هۆی بیداربوونەوەی زنجیرەیەک ئەزموون و یادەوەریی و ئەو پەرچەکردارەی لێکەوتەوە و بووە هۆی خرۆشاندنی

هەستی مرۆیی و کوردیانەی بەشێکی زۆری کوردی بەشەکانیتریش و ئازادیخوازانیش لە جیهاندا.

ئەو ڕووداوە لە خۆفڕێدانە خوارەوەی فەرینازەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە بێدەنگبوون و خۆخواردنەوەی لەمێژینەی ویژدانی کوردبوونەوە لە ئاست زنجیرە قەنارەکان و سمێڵ لێکردنەوەی پارسانەکان و سووکایەتی بەردەوامی کارگێڕ و پەرلەمانیی کۆماری ئیسلامییەوە بە کوردەکان و هاووڵاتییانی ئەو دەڤەرە دەست پێ دەکات. ئەم ڕووداوە هێندەی ئەوەی باس لە بەرگریی فەریناز لە ناموسی خۆی، بە مەرگی خۆی دەکات، ئەوەندەش زیاتر ئەو نیگا سووکبینەی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمایەکی شۆڤێنیستانەی فارس سەنتەر، ئایینسەنتەر و پیاوسالارەوە دامەزراوە، ئاشکرا دەکات کە لە ڕێگەی کارمەند و جاشەکانیانەوە، لێوەی تەماشای کچانی کورد دەکەن.

لەو نیگایەدا هەر پیاوێکی کورد بەشی قەنارە و زیندان و هەر ژنێکی کورد بەشی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسییە. پاشی سی ساڵ زیاتر، ئەم نیگایە لە شوێنێکی پەردەپۆش و شاراوەی وەک زیندانەکانەوە، دێتە ناو هوتێلەکان و بە ئاشکرا لەسەر شەقام خۆی مانیڤێست دەکا. ڕۆحێکی داعشیانە و ڕقێکی فەندەمەنتاڵیستیانە لەم کارەدا هەیە، بۆیە ئەو پەرچەکردارەی لە مهابادێ ڕووی دا پڕاوپڕی ئەو هەستکردن بە ئازار و کۆڕانە بوو کە خەڵک لەبەر زۆر هۆکار لە سینەی خۆیدا هەڵیگرتووە. هەرچەندە ناکۆکییەک لە نێوان بەرگریکردنی خەڵک لە شەرەفی فەریناز وەک کچەکوردێک و قبووڵنەکردنیان بۆ دەستدرێژیکردنە سەری لە لایەک و لەلایەکەی تریش بوونی هەزاران فەریناز لە کۆمەڵگەی کوردستانی و بێدەنگی خەڵک لە ئاستیاندا هەیە، بەڵام فاکتەری دوژمن و جاشەکانی کە لێرەدا کارمەندێکی کۆماری ئیسلامیی و ئەوکەسە لە هوتێلەکەدا کە ئاسانکاریی کردووە، بەهانای ئەم دووڕوویییەی کۆمەڵگەی کوردستانی پیاوسالارەوە دێت و کۆی هەستانەکە وەک کارێکی بەرگریکەرانە و ئازادیخوازانە خۆی پێناسە دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر کەسانێک هەبن، بەتایبەتی لە نێو چالاکانی شارەکەدا پشتگیریی خەڵکەکە وەک کارێکی توندوتیژانە لەقەڵەم بدەن، ئەوە نەک هەر پاساوێکی باشە بۆ جاش و کاربەستەکانیان، تا بەردەوام بن لە دەستدرێژی و گشتاندنی نیگا فاحیشەبییەکەیان بەسەر گشت کچانی کورددا، بەڵکو ئەو جۆرە لێکدانەوانە جگە لە خۆبچووککردنەوە، خۆبەکۆیلەکردن و خۆبەکەمزانی ئەو کارەکتەرانەی (دامەزراوەی چالاکیی مەدەنی) بەرهەمیان دێنێت، هیچتر نییە. چالاکیی و چالاکانیی مەدەنیش دیاریی و نێوێکی تری سیستمی سەرمایەدارییەت و سەرمایەدارییەتی خۆرهەڵاتیانەی مشەخۆرە بۆ دەستەمۆکردنی نەوەکان و بە سرووشتیکردنی ئەو ناڕەزایەتیانەی لە کۆمەڵگەدا هەن. چ لەم دیو و چ لەودیو، خەریکە ئەم چالاک و ڕێکخراوە بەناو مەدەنیانە دەبنە مەکۆی بەرهەمهێنانی مشەخۆری و دامرکاندنەوەی هەر بزاڤێکی خۆڕسکی جەماوەری و فیلتەرایزکردنی بەناو کۆمەڵێک لێکدانەوەی خۆشکێنەوە و خۆبچووککەرەوەی ئەوتۆدا، کە نە شیش دەسووتێنن و نە کەباب..

لنگاوقووچکردنی ڕووداوەکە، واتە نەبینینی ئەو هەموو توندوتیژیە فیزیکی و جەستەیی و سێمبوولییەی لەسەر کوردەکان لەو شارەدا پیادە دەکرێت و لێکدانەوەی حەرەکەتی جەماوەریی شەرەفمەندانە بۆ پشتگیریی لە قوربانییەکی وەک فەریناز، بە (توندوتیژی)، لە کاتێکدا ئەوە توندوتیژی هۆکار نیە و پەرچەکردار و کاردانەوەیە، هیچمان پێناڵێت کە هۆگربوون بە ڕژێمەوە، لەژێر پەردەی چالاکانیی مەدەنیدا، لە دۆخێکی موعتادیدایە.

**هیدایەت جان:** ماوەیەکی زۆرە رۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگییەکی قورسی بەسەردا زاڵ بووە، بەڵام ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتییە وای کرد بێدەنگییەکە بشکێ، بەبڕوای ئێوە ئاراستەی ئەو رووداوە دەتوانێ وا بکات رۆژهەڵاتی کوردستان بە رۆژەڤ بکاتەوە و لەو بێدەنگییە دەری بێنێت؟.

**رێبوار سیوەیلی:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بێدەنگ نەبووە، ئەوانە لە زیندانەکان و بەردەم قەنارەکانیشدا دەنگیان هەبووە، بزووتنەوە ئاپۆرەییەکانی شارەکانی وەک سنە و کرماشان و ناوچەی هەورامان، هەمیشە بیستراون، خەباتی ژنان و بزووتنەوەی چالاکە مانگرەکان بەردەوام بوون، لەولاتریشەوە خەباتی دیپلۆماسی و پەرلەمانتاری بەردەوام بووە،. بەڵام سرووشتی کۆماری ئیسلامی و جۆری مامەڵەکردنی زیدە لە سنوور بێشەرمانە و دڕندانەیە و لەودیو سنوورەکانی ئەو وڵاتەیشەوە بەدوای نەیارانی خۆیەوەیەتی. مهاباد ئەم دەنگە کپانەی کردنە هاوار و ئەم هاوارەش گرنگە ببیسترێ و گرنگیشە لە ناوەوەڕا ببیسترێ. من دەزانم لەنێو شارە کوردییەکاندا هەمیشە مەسائیلگەلێک هەن وایان کردووە لە ئاست یەکتردا پشتگیر نەبن و بگرە سووکایەتی و نیگایەکی کەمبینانە و نزمنۆڕیی لە ئارادایە، ئەمەش دیسانەوە بەرهەمی رژێمەکانە و کولتووریزە بووە، بۆیە هیواخوازم گشت شارەکانیتر هاواری مهاباد ببیستن، چونکە ئەم هاوارە لە قووڵاییەکانی ناخی کوردبوونەوە هاتووە و بیرەوەریی دەستەجەمعیانەی ئێمە لە ئاست ئیستبداد دا دەخرۆشێنێت. ئەمە هەمان هەست و ئازارە کە دەبێتە بناغەی شۆڕشێکی سەراپایی لە وێژداندا. خۆئەگەر ویژدانەکان بێداربوونەوە، ئەم شۆڕشە بە دوای ئامانجەکانی خۆیدا فۆرمیی دیکەش دەدۆزێتەوە. لە دوای ئەوەی لە مهابادێ ڕووی دا ئیتر مانای زۆر شت دەگۆڕێت: مانای چوونە سەرکار، چوونە سەیران و چوونە سەرشەقام. کەس ناتوانێت نێوەڕۆ خەوێ بکات و پاشان هەستێ و وابزانێ بارودۆخەکە زۆر باشە و وڵات دیموکراتیزە بووە و رژێم گوێدەگرێ. ئەوە گەمژەیی و خۆگەوجکردنە وا بیر بکەینەوە، رژێمێک رەفتاری لەگەڵ خەڵک دەگۆڕێت، بەبێ ئەوە بیرکردنەوەی لە ئاستیاندا بگۆڕێت.

**هیدایەت جان:** میدیاکانی باشوور لە ئاست ئەو رووداوە تا رادەیەک بە حەزەرەوە هەڵسوکەوتیان کردووە، هۆی ئەمە چییە؟ بۆچی تا ئێستا زۆربەی حزبەکانیی باشووری کوردستانیش بێدەنگییان لە ئاست ئەو رووداوە نواندووە؟.

**رێبوار سیوەیلی:** میدیاکانی باشوور و حزبەکانیش تا ئەندازەیەکی زۆر چاودێرن، بەڵام زیاد لە پێویست خۆیان سانسۆر دەکەن. ئەوانە تا ئەندازەیەکیش هەندێ پابەندیی و پێویستییان بە کۆماری ئیسلامیی هەیە کە دەبێت لە پێناویدا چاوپۆشی بکەن لە پشتگیریی ئەم هەستانە جەماوەرییانە. لە کوردستانی ئەمدیودا کولتووری مشەخۆی و دەستبەکڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبا ئەو حەسانەوە و خەولێکەوتن و گەوجییە ئاشکرا دەکات کە شۆڕشەکان لە رابردووی خۆیان و شۆڕشگێڕەکان لە رۆحیی بەرگریی دادەبڕێت، بۆیە ئەگەر بێدەنگیی و ساردیی هەیە بەمانای ئەوەیە لەمێژە مەودایەک کەوتووەتە نێوان شۆڕشگێڕەکانی دوێنی و مووچەخۆر و خاوەن پێگەکانی ئەمڕۆوە. ئەم ساردییە لە ئاست کۆبانێشدا هەبوو، بەڵام دواتر خرۆشێکی تێکەوت (بەتایبەتی لە فەیسبووکدا) و پاش ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوێ کە جێی شانازیی و دڵخۆشیی من بوو.

**هیدایەت جان:** رەنگدانەوەی ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتییانەی شاری مهاباد کە دوو کوژراو و زیاد لە ٢٧ برینداری لێ کەوتووەتەوە لەناو رۆشنبیرانی باشووردا چۆن دەبینی، ئایا دەکرێ لە ئاست ئەو رووداوە بێدەنگی هەڵبژێرن؟.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕێبوار سیوەیلی**: ڕووداوەکە تازەیە و کاری ڕۆشنبیرانیش بیرکردنەوەی دووبارەیە، نەک نواندنی هەڵوێستی لەپڕ، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریی لە هەستی نەتەوەیی و مرۆیی لە دژی ستەمکاری بیرلێکردنەوەیەکی ئەوتۆی ناوێت، بۆیە دەبێت بێدەنگییەکەیان لە شوێنی تر سۆراخ بکەین، تۆ بڵێی یارییەکانی تۆپی پێ و ئەو شتانە نەبووبێتە هۆی بێدەنگییان؟! هیوادارم ئەوانیش خەریکی بیرکردنەوە بن، نەک بەدیار گۆڵی شاشەوە، بیریان بچێتەوە کە لە واقیعیشدا گۆڵیان لێدەکرێت.

ڕۆژی ٤ی ئەم مانگە ئایار/مایۆ لە هوتێل "تارا"ی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کچە کوردێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ستەمەی کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی ئێران ویستی بەرامبەری ئەنجامی بدات خۆی لە هوتێلەکە خستە خوارەوە و گیانی لەدەست دا, ڕووداوەکە دواتر تەشەنەی کرد و بەرفراوان بوو بۆ ناوەندەکانی دنیا، سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە لە 7ی مانگ ناڕازییانی مهاباد ڕژانە سەر شەقام بە دەنگی بەرز ستەمی دەسەڵاتدارانیان ڕەت کردەوە و کاردانەوەی ڕووداوەکە بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## "فەریناز" قوربانییەکی دیکەی توندوتیژی شوێنی کار



سروە فەتاحی

سەبارەت بە خۆکوژی فەریناز‌ی کرێکاری لاوی مهابادی و ئەو تراژدیایەی ناخمانی هەژاند و زامەکانمانی کولاندەوە.

لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و کۆنەپەرەستی ئێمەدا رۆژ نییە کە هەواڵی خۆکوژی ژنێک نەبیستین و بە پێی لێکدانەوەی خۆمان شرۆڤەی نەکەین، خۆکوشتنی هەر ژنێک بردنە ژێر پرسیاری ئەو کلتوور و داب و نەریتە کۆنەیە کە بە سەر کۆمەڵگەکەمان دا زاڵە. کۆمەڵگەیەک کە ئاینی ئیسلامی قسەی یەکەم دەکا و تا سەر ئێسقان دژی بەرەوپێشچوونی ژنە و بە هەر شێوەیەک کە بکرێ دژی ژنان دەوەستێ.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی خۆی جگە لە نەهامەتی هیچ شتێکی‌تری بۆ کۆمەڵگەی ئێران پێ نەبووە. لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی‌دا نەتەنیا بارودۆخی ژنان بەرەو باشی نەچووە بەڵکوو رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ. ساڵەهایە بە بەردەوامی لە هەوڵی شکاندنی ژن و قەتیس مانەوەیان لە چوارچێوەی ماڵدا دەدا، بەڵام ئەو ژنانەی کە دەیانهەوێ لەدژی یاساکانی پیاوسالار و کۆنەپەرست دا راوەستن جۆرەها کێشەیان لەبەردەمە و هیچ پشتیوانێکیشیان نییە.

خۆکوژی فەریناز خوسرەویان پەردەی لە سەر "دەردی شاراوەی ژنی کرێکار" هەڵدایەوە، ئەو ژنانەی کە بۆ بژیوی ژیانیان روو لە کرێکاری دەکەن بەڵام لە لایەن پیاوانی بیرتەسکی خاوەنکاریانەوە بەرەورووی ئازار و توندووتیژی سێکسی دەبنەوە.

فەریناز ئەو کچە لاوە مەهابادییە کە سنوورەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری خۆی بەزاند و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێک لە ناگوزیرییەکانی ژیانی رووی لە دنیای دەرەوەی ماڵ کرد و دەستی بە کرێکاری لە هۆتێلێک دا کرد لە هەنگاوی یەکەمدا وەک پارویەکی حازر بۆ حەزی

خاوەنکار لێیان روانییوە نەوەک مرۆڤێکی کە بۆ ئیدامەی ژیانی و پێداویستییەکانی هاتبێتە بازاڕی کار.

فەریناز بە دەست پێکردنی کرێکاری لە هۆتێل دا نەیدەزانی کە چ کێشە و گرفتێک لە پێش ژنانی کرێکارە و نەیدەزانی کە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ویستە چەپەڵەکانی هەندێک پیاوی سەدە ناوەڕاستی دەبێ لە گیانی خۆی دەست بکێشێ.

خاوەنکارەکەی فەریناز بۆ ئەویکە دڵی مەئموورانی ئیتلاعاتی رابگرێ پریناز وەک کەرەستەیەک پێشکەش بە یەکێک لە مەئموورەکان دەکات، بەڵام پاش ئەوەیکە فەریناز بۆی روون دەبێتەوە کە چ پیلانێکی قێزەونیان بۆ داڕشتووە لە رووی ناچارییەوە خۆی لە نهۆمی ٤ی هۆتێلەکە دەخاتە خوارێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

فەریناز یەکەم ژن نییە کە رووبەرووی وەها داوایەک دەبێتەوە و هەوڵ دەدرێ کە کەڵکی سێکسی لێ وەرگیرێ و بە دڵنیاییەوە دوایین ژنێش نابێ. بە یادکردنەوەیەک لە رەیحانە جەباری ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هیچ یاسایەک لە ئێران پشتیوانی لە ژنان ناکا بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتانە دووپاتو چەند پات نەبنەوە، بەڵکوو زیاتری ئەو رووداوانە هەر لە لایەن دەستوپێوەندەکانی رژیمەوە روو دەدەنەوە کە پشتیان بە دەسەڵات و ملکەچ نەبوونی هەموو یاسا و رێسایەکیش گەرمە. رەیحانە یان دەبوو ملکەچی ویستی دەستدرێژیکەر بێ یان لە بەرابەریدا راوەستێ، لە دوای ئەو رووداوە نە تەنیا یاسای ئیسلامی پشتیوانی لێنەکرد بەڵکوو تاوانباریشی کرد و حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاند.

لەو کۆمەڵگە ئیسلامییەی ئێمەدا هەر رۆژەو ژنێکە کە دەبێتە قوربانی توندوتیژی. ئێستاش رووداوی دەستدرێژی کردنە سەر سومەیەی ١٧ ساڵە و پاشان کوشتنی لە بۆکان لە بیر نەکراوە، هەر ساڵێک دوای کوشتنی سومەیە تەرمی بێگیانی کچە خوێندکاری کورد شەیدا حاتەمی لە خەوتنگەی زانکۆی ورمێدا دۆزرایەوە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ هۆکاری مردنی شەیدا لە پشتی پەردەدا ماوەتەوە و پاشان کوشتنی ئەوین عوسمانی بە دەستی هێزەکانی رێژیم و دێزەبەرخۆنە کردنی ئەو رووداوە و دەیان ژنی بێتاوانی دیکە کە هەر یەکە و لە لایەن پیاوانێکەوە و بە هێنانەوەی پاساوێک گیانیان لێ ئەستێندراوە و بوونەتە قوربانی توندوتیژی ئەو کۆمەڵگە سوننەتی و ئایینییە.

ژنان کە بیاینهەوێ لە بەرابەر نابەرابەری و کۆنەپەرستی دا راوەستن دەبێ لە گیانی خۆیان مایە دانێن. رووداوی فەرخوندەی ئەفغانی و رەیحانە جەباری و فەرینازی مەهابادی سەلمێنەری ئەو راستییەن.ژ

لە بەرەبەرەی نەورۆزی ئەمساڵیش دا رووداوی کوشتنی دڵتەزێنی فەرخوندە لە ئەفغانستان دنیای هەژاند. فەرخوندەی ئەفغانی کە دژی خورافە و کۆنەپەرستی بوو لە لایەن پیاوانی بیرتەسکی ئیسلامییەوە بەردباران کراو و پاشان سووتێنرا. ژنانی ئەفغانی بۆ نارەزایەتی لە بەرابەر کردەوەی پیاوانی بێبەزەیی وڵاتەکەیان تەرمی فەرخوندەیان تا سەر گۆڕەکەی بە شانی خۆیان هەڵگرت. پاش چەند رۆژ لە نێوخۆی ئەفغانستان و لە دەرەوە بە بەشداری ژنان و پیاوان چەندەها خۆپیشاندانیان کرد و خوازیاری دەستبەسەر

کردنی تاوانباران بوون. تا رادەیەک فشارەکان بۆ سەر دەزگا حکوومەتییەکان زۆر بوو کە لە ماوەی چەند رۆژ دا رێژەیەکی زۆر لە تاوانباران دەستبەسەر کران و زۆر ئاشکرایانە و لە بەر دەم راگەیەندنەکاندا دادگایی دەکران. و هەر لەو پێوەندییەش دا سێ کەس لە کاربەدەستانی دەوڵەت لە سەر کارەکەیان وەلا نران.

ئەمە تا رادەیەک یانی ژنانی ئەفغانستان و چالاکانی ئەفغانی توانییان دەوڵەت بخەنە ژێر فشارەوە و کارێک بکەن کە تاوانباران بە تایبەت ئەو مەلایەی کە تاوانباری سەرەکی بوو لە کوشتنی فەرخوندە دا دان بە تاوانەکەی خۆیان دا بێنن و بدررێنە دادگا.

رووداوی خۆکوژی فەریناز تەنیا رووداوێکە لەو هەزاران رووداوەی کە بۆ ژنانی وڵاتەکەمان رووی داوە، بەڵام ئەوەیکە لێرەدا جێگای پرسیارە ئەوەیە کە ئێران بە گشتی و کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەتی بۆ تا ئێستا نەیتوانی وەها فشارێک بۆ کاربەدەستانی حکوومەتی بێنێ کە رووداوی فەریناز و سومەیە و شەیدا و ئەوین و .... دەیان ژنی دیکە دووبارە نەبێتەوە؟

ژنانی چالاک و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ دەبێ چی بکەن تا دەنگی فەریناز و پەریناز‌ەکانی وڵاتی ئێمە بە دنیای دەروە و بگات و لە بەرانبەر دووبارە بوونەوەیان دا راوەستن؟ تۆ بڵەی هۆکار ئەوە نەبێ کە دۆخی ئێمەی ژن لە ئێران و کوردستانی رۆژهەڵات لە ئەفغانستانیش خراپتر نەبێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## زەمین لەرزەکەی فەریناز



**تانیا کورد میرزا**

کەم نین ئەو ژنانەی لە جیهاندا دەستدرێژی و توندوتیژییان دەکرێتە سەر لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی دنیادا، وەلێ ژنانی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنە قوربانی بەبێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت، چیرۆکەکانیان بنووسرێتەوە و دەستدرێژیکارەکان بدرێنە دادگە و سزا بدرێن. بەپێچەوانەوە ژنەکان کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن و هەموو شت لەوێدا کۆتایی دێت، ژمارەیەکی کەمی ئەوانەی دەبنە قوربانی دەبن بە رۆژەڤی خەڵک و رۆژنامە و تیڤییەکان لەبارەیانەوە دەدوێن. بەم دواییانە کوشتنی کچێکی ئەفغانی لەسەر شەقام و بە بەرد لە بەرامبەر سووتاندنی نوشتەیەکدا، بووە جێی باسی زۆربەی وڵاتان و بزووتنەوەکانی ژنان، ژنانی ئەفغانستان کاردانەوەی توندیان پیشان دا و نەیانهێشت پیاوان بەشداری بکەن لە بە خاکسپاردنی تەرمی فەرخوندەدا، بۆیە ئەم کاردانەوە توندەی ژنان، دادگەییکردنی تاوانبارانی بەدوای خۆیدا هێنا و توندترین سزایان بەسەردا سەپێندرا کە لە سێدارەدان و زیندانی تا هەتایی بوو، ئێستە ژنێکی ئەفغانی توانی شۆڕش لە بزاڤی ژنانی ئەوێدا دروست بکات، توانی یاسا لە بەرژەوەندیی ژنانی قوربانی وەرچەرخێنێت و نرخ بۆ خوێن، لاشە و ژیانی ژنان بگێڕێتەوە!.

دواتر و بەر لە چەند رۆژێک لە مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان، فەریناز ناچار دەکرێت بەوەی مردنی لە ژیان خۆشتر بوێت، ناچار دەکرێت بە خۆکوشتن! زۆرێک لە کوردان ئەمە وەک سەرەتای شۆڕشێکی سیاسی لە رۆژهەڵاتدا باس دەکەن، ئەگەر خوێنی ژنێک کۆمەڵگەیەک راچڵەکێنێت و بتوانێ مافەکانی کوردانی ئەوێ بسەلمێنێت، چی لەوە باشتر؟، بەڵام دەپرسین داخۆ پاش ئەمە گەرەنتی چییە ژنان خۆیان یاساکان لەگەڵ پیاواندا دەنووسنەوە، هەر خۆیشیان سزا بۆ تاوانباران دەبڕنەوە؟ گەرەنتی چییە خۆکوشتنی فەریناز دەتوانێ کۆمەڵێک یاسای ژندۆست و مرۆڤدۆست بچەسپێنێ؟ دیوەکانی پشت خۆکوشتنی فەریناز چەند شتێکمان پێ دەڵێن:

**یەکەم**؛ لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی، کارکردن بۆ ژنان لە دەرەوەی ماڵ قەدەغەیە و جێی مەترسییە، ئەوەی چەندین ساڵە پیاوان باسی لێوە دەکەن، ئێستە لە هوتێلێکدا لە مهاباد کردیانە راستی! خۆکوشتنەکەی فەریناز ئەوەی پێ گوتین کە لە کۆمەڵگەکانی

پیاوسالاردا دوو رێگە هەیە بۆ ژنان، ئەوانیش: ماڵەوە، یان بوون بە قوربانی چڵێسیی خاوەنکار لە دەرەوە.

**دووەم**؛ خۆکوشتنەکەی فەریناز گوتی یاسای کارپێکراو لەو کۆمەڵگەیانەدا تەنیا و تەنیا یاسای پیاوسالارییە کە باڵاترە لە هەموو یاساکان.

**سێیەم**؛ فەریناز بۆی روون کردینەوە لە نەبوونی سیستم و یاسا بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانبارەکەی، پێی گوتین کۆمەڵگە ئیتر هەرگیز ئەو وەک جاران قبووڵ ناکاتەوە کە کچ بوو!، پەیامی فەریناز دەڵێ ئەوە پرسی شەرەفە تۆمەتبارەکەی خودی وشەی شەرەفە کە پاڵی پێوەنا خۆی بکوژێت، نەک یەک کەس و یەک پیاوی دیاریکراو!. وەلێ بەداخەوە ئەوەی دەبینین ئەوەیە ئەوانەی ناڕازین، هەمان تەوەر باس دەکەنەوە، بگرە تۆخ و تۆختری دەکەنەوە ئەویش شەرەفی خۆیانە، شەرەف هەر ئەو وشەیەی لە باشووری کوردستان هەتا ئەمڕۆ زیاد لە ٢٢ هەزار ژنی لەسەر کوژراوە، بەبێ ئەوەی شەهیدبوونی هیچ کامێک لەوان بووبێتە هۆی چەسپاندنی تاقە یەک یاسا لە بەرژەوەندی سەلامەتی و کەرامەتی ژنان، بەبێ ئەوەی تاوانباران بە سزا گەیەندرابن!.

داخۆ ئەوانی تر کەمکاری ناکەن بەرامبەر بە پەیامەکانی فەریناز، داخۆ دەتوانن راستی پەیامەکە کە کارکردنە لەسەر زیهنیەتی پیاو، وەک خۆی بچەسپێنن و کاری بۆ بکەن؟ داخۆ فەریناز و پەیامەکانی نابنەوە پێخۆر؟، وەلێ هەر چۆنێک بێت جووڵەی مەهابادییەکان و هاتنە دەنگیان، ئاماژەی دڵخۆشکەرن بۆ گەڕاندنەوەی نرخ بۆ خوێن و ژیانی ژنان بۆ مەقامە راستەقینەکەی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - رێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥



## فەریناز خوسرەوانی پەردەی هەڵماڵی



عومەر عەلی غەفوور

لە حەدیسێکی قودسیدا هاتووە، خودا لە بەراوردکردنی گەنج و پیر لە رووی رەوشت و ئاکارەوە فەرموویەتی: (تۆبەکارانم خۆش دەویٚ، بەڵام خۆشەویستیم بۆ گەنجی تۆبەکار زیاترە. رقم لە خراپەکارانە، بەڵام رقم لە پیری خراپەکار زیاترە). دیارە لەبەرئەوەی گەنج بەسروشتی تەمەنەکەی ئەگەری سەرپێچیکردنی زیاترە و تۆبەکردنی فەزیلەتە، بەڵام پیر ئیتر بەبەریەوە نەماوە و ئەسڵ وایەتۆبەکار و دوور لە خراپە بیٚ،ئەگەر وانەبیٚ پیری ئاخرشەڕە!.

قیاس لەسەر ئەم پێوەرە، دەکریٚ بڵێین: "بەرپرسی بەدینی بەڕەوشتم خۆش دەویٚ، بەڵام خۆشەویستیم بۆ بەرپرسی بێدینی بەڕەوشت زیاترە. رقم لە بەرپرسی بێدینی بێڕەوشتە، بەڵام رقم لە بەرپرسی بەدینی بێڕەوشت زیاترە"، دیسان بۆ رژێمەکەیش دەکریٚ بڵێین: "رژێمێکی دینیم خۆش دەویٚ کە رێگری لە بێڕەوشتی و هەوەسبازیی بەرپرسانی دەکا، بەڵام خۆشەویستیم بۆ رژێمێکی لادینی کە رێگری لە بێڕەوشتیی بەرپرسانی دەکا، زیاترە. رقم لە رژێمێکی لادینییە کە بەر بۆ بێڕەوشتیی و هەوەسبازیی بەرپرسانی شل دەکا، بەڵام رقم لە رژێمێکی دینی کە بەر بۆ بێڕەوشتی و هەوەسبازیی بەرپرسەکانی شل دەکا، زیاترە".

با خوێنەری بەڕێز ئەم رێسایە بەسەر رووداوی دڵتەزێنیی خۆ خستنەخوارەوە و مردنی خاتوو (فەریناز خوسرەوانی) تەمەن ٢٦ ساڵ، لە هۆتێلێکی شاری مهابادی کوردستانی رۆژهەڵات لە ٤ی ئەم مانگە، کە دەگوتریٚ لە ترسی دەستدرێژیی سێکسی بەرپرسێکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردووە، جێبەجیٚ بکا.

ئەڵبەت من وەک نووسەرێکدەمەویٚ ئەو زانیارییانەی بۆ شیکارییەکانم پشتیان پیٚ دەبەستم کۆنکریتی و ورد بن، نەک لەسەر گومان و وەهم و (وتی وتی) و تۆمەتی بیٚ بەڵگە دامەزرابن، پێش لێکۆڵینەوەکان لەبارەی وردەکاری و هۆی راستەقینەی ئەو رووداوەناکەوم، بەڵکو ئەو رووداوە تەنیا وەک حاڵەتێک کە گریمانەی راستبوونی لیٚ دەکریٚ، یان حاڵەتێکی گریمانەیی کە رێی تێدەچیٚ شتی وا رووبدات، بەکار دێنم، چونکە رۆژانە رووداوی کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەت، هەروەها پیاویش دەبیستین، بەبیٚ ئەوەی زانیاریی ورد

لەبارەی حەقیقەتی رووداوەکان ئاشکرا بکرێن، زۆرجاریش بابەتەکە دەبێتە بابەتی شەڕێک، لەوانەیە رووداوە دڵتەزێنەکە دوور و نزیک پێوەندی بەو شەڕەوە نەبێ.

بەڵام لە سایەی رژێمە داخراو و تاکڕەوەکاندا، کە دەسەڵات مەرکەزییە، شەفافیەت و ئازادیی چاودێری و بەدواداچوون و لێپرسینەوەی بێلایەنانە نییە، هەمیشە ئەو تاوانانەی بەرپرسێک لە بەرپرسانی رژێمەکە تێیەوە دەگلێن، لێژنەکانی لێکۆڵینەوە لێژنەی کارتۆنین و نەک بەهیچ ئاکامێکی راستەقینە لە بەرژەوەندیی قوربانییەکان ناگەن، تۆڵە لە ستەمکار وەرناگرنەوە و ماف بۆ ستەملێکراو ناگێڕنەوە، بەڵکو هەر خۆیان دەبنە ئامرازی بە لارێدابردنی کەیسەکە و دیزە بەدەرخۆنەکردنی و داتاشینی سیناریۆیەکی وەهمی بۆ ماجەرای رووداوەکەو بەرپرسە بەدڕەوشت و تاوانبارەکان وەک بەرزەکی بانان لە بەرپرسیارێتی و دادگەییکردن قوتار دەکات، ئیتر لەوەبەدووا کەسیش بۆی نابێ فزە لەوبارەیەوە بکات، چونکە لێژنەی پسپۆڕ و بێلایەن! بابەتەکەی ساغ کردووەتەوە!.

ئەم جۆرە رووداوانە، لە باری راستبوونی ئەو وردەکارییانەی باس دەکرێن، ئەگەر لە سایەی رژێمێکی سیکۆلاردا روو بدەن مایەی شەرمەزارییە، بەڵام ئەگەر لە سایەی رژێمێکی ئاینیدا روو بدەن شەرمەزارییەکی گەورەترە، چونکە ئەو جۆرە رژێمانە پیاوان و بەرپرسانیان نەک بەبەڕەوشت، بەڵکو بە پاسەوانی داوێنپاکی و پاکیزەیی و رەوشتی کۆمەڵگەیشدەناسێنن، جا لە بارێکدا بەرپرسێکی ئیتلاعات یان هەر دەزگایەکیتر هێندە لەڕووی رەوشتییەوە دابەزێ کە نەک سڵ لە تاوانی بەرتیلخۆری و ناپاکی لە کارەکەی نەکاتەوە، بەڵکو بۆ هەقبایی ئەو تاوانە تاوانێکی گەورەتریش ئەنجام بدات، بەوەی چاو ببڕێتە ئابڕووی کچانی وڵاتەکەی، تا رازی بێ پەروەندەی خاوەن هۆتێلێک بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئیمزا بکا، وەک لە گێڕانەوەکاندا باس دەکرێ.

ئەم جۆرە رەفتارانە چەندە برینێکی قووڵە لە رۆحی هەر کوردێک و هەر مرۆڤێکی ویژدان زیندوو بەڕەوشتدا، هێندەیش دەبنە دومەڵێکیکیشێرپەنجەیی لە جەستەی ئەو رژێمەی بەرواڵەت پاکیزەیی و رەوشت بە دنیا دەفرۆشێتەوە، کەچی بەرپرسانی رەفتاری لەو شێوە قێزەونیان لێ بوەشێتەوە.

بۆیە ئەگەر بەرپرسانی باڵای ئێران لە خەمی ئەوەدان ئەو خۆرەیەی لەڕێی ئەو جۆرە بەرپرسانەوە داویەتییە جەستەی کۆمارە خەونەکەیان، ریشەکەن بکرێ و هەرەسی پێ نەهێنێ. هەروەها ئەگەر بەڕاستی دژی ئەو جۆرە تاوانەن کە لە سایەی ئەواندا بەرانبەر خەڵکی هەژار، بەتایبەت ژنان، دەکرێ، کە بەشوێن پەیداکردنی بژێوی خۆیان و خانەوادەکانیانەوە پەنا بۆ کارکردن لە شوێنە گشتییەکان دەبەن. ئەگەر پەرۆشن بۆ ئەوەی تووڕەیی خەڵک لەوە زیاتر پەرە نەسێنێ، پێویستە بەزوویی سەرەداوەکانی ئەو رووداوە ئاشکرا بکەن و تاوانباران بە سزای عادیلانە بگەیەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - رێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## فەریناز و زەنگێک



نەجیبە قەرەداغی

تا هەشتی گولاندا ئێران خۆی دەخەلەتاند کە دەکرێ بە زیادکردنی هەژمۆنی خۆی لە ناوچەکە ناوخۆ بێ دەنگ بکات، پێی وابوو کە دەکرێ بە دەستێکی ئاسنی شەڕ لەبەرامبەر کۆمەڵگە بکات، بە سێدارە و ترس و تۆقاندن باتە دڵی گەلەوە، بەڵام هەموو شتێک لە هەشتی گوڵانەوە پێچەوانەی ئەوەی نیشاندا.

فەریناز خوسرەوانی کارمەندی ئۆتێل تارا لە مهاباد، لەو شارەی کە بۆ گەلی کورد سەمبولێکی مێژویی و واری پێشەوا قازی محەمەدە و وەک پایتەختی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێ، دەستدرێژی کردنە سەر فەریناز بۆ گەل، بۆ خەڵکی مهاباد و رۆژهەڵات، بەواتای دەستدرێژیکردنە سەر گەلی کورد بە گشتی بوو. گەل تا دوو رۆژی دوای ڕوداوەکە بێ دەنگ بوو، دەیانویست تێبگەن ئەو کێشەیە چیە؟ بۆچی ئوتێل تارا؟ بۆ ئەو ڕوداوە کە بەسەر کچێک کورد هات؟ پاشان نە لە لایەن خاوەن ئۆتێلەکە و نە لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە هیچ کارێک نەکرا، دوای ئەوەش گەل کاری خۆی کرد و ئۆتێلەکەی سوتاند. سوتاندنی ئوتێل تارا پەیامێکی زۆر ڕوونە لە لایەن گەل بۆ دەوڵەت. پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە کە پیلانێکە و بە ئاگاییەوە بوو؟ هەموو زانیاریەکانی کە دوای ڕوداوەکە بلاو بۆوە نیشانی دەدات کە ئەو ڕوداوە وەک ئەوانەی پێشووتر سیاسەتێکی سیستەماتیکی دەوڵەتە. ڕوداوەکە لە ژووری ٤٠٩ی هۆتیلەکە و لە نهۆمی چوار ڕوویدا و دەگوترێ کەسی هێرشکار ژوورێکی لە ئۆتێلەکەدا هەبوو و ئەندامی ئیتلاعاتە و لە فەرمیەتدا وەک پشکنەر کار دەکات. بۆ ئەوەی کە ئۆتێلەکە بکرێتە ٥ ئەستێرە دەبوو کە خەلاتێک بە تاوانبار بدرایە، ئەو خەلاتە فەرینازە. ئەو زانیاریانە بەسن بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بزانێ لەوێ چی ڕووی داوە. ئاوەژوو کردنەوەی ڕوداوەکە بە هەر ڕێیەک بێ، دەمانگەیەنێتە هەمان ئەنجام.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام هەندێ کەس و لایەن و دەزگای راگەیاندنی ئێرانی و تەنانەت کوردیش نیشانی دەدەن کە ڕوداوەکە کێشەیەکی شەخسی بووە و دەبێ زۆر گەورە نەکرێ. ئەوانەی وەها دەڵێن یان بە ئاگاییەوە بێ یان بێ ئاگایی ڕاستەوخۆ و بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لە خزمەتی زهنیەتی ڕژێمدان، یان گرنگی ئەو ڕوداوەی کە ڕووی داوە نازانن و هەستی پێ ناکەن. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە یان لە دەرەوەی سنوری رۆژهەڵاتی کوردستان پاسیف کراون یان لەناوخۆدا بونەتە داردەستەی رژێم و هیچ کاریگەریەکیان نەماوە لەسەر ئەو بەشەی کوردستان یان راستەوخۆ بەرژەوەندیان لەگەل رژێم هەیە. ئەگەر دەوڵەت وا بیر بکاتەوە ئەوە شتێکی ئاساییە لەبەرئەوەی کە کاری دەوڵەت کوشتن، سێدارە، دەستدرێژیە و لەو کارەی خۆیدا وەستایە، بەڵام کارەسات ئەوەیە کە بەشێک لە کورد وا بیر بکاتەوە.

لەو باوەڕدام چەند پرسیارێک بۆ ڕوون کردنەوەی ئامانجەکە گرنگە. داخۆ بەدەر لە کاربەدەستانی رژێمی ئێران کەسێک دەکرێ کارێکی بازرگانی و ئابوری وەها گەورە لە هەرێمەکە بکات وەک کردنەوەی ئۆتێلێکی پێنج ئەستێرە؟ ئۆتێلێکی پێنج ئەستێرە چ کاری هەیە لە شارێکی کە زۆربەی لە دۆخی هەژاریدان؟ سەرمایە و قازانجەکەی بۆ کێ کۆدەکرێتەوە؟ داخۆ لە ئۆتێلێکی وەهادا بۆچی ژوورێکی تایبەتی بۆ کەسێکی ئیتلاعات تەرخان دەکرێ؟ بۆچی ئەو کەسە هەوڵیدا دەستدرێژی بکاتە سەر فەریناز (ئەگەر پەیوەندی لەگەڵیشی هەبوو بێت)، چ بوو کە لە دوای ڕوداوەکە و لە شەو و رۆژێکدا تاوانبار ون بوو و پاشان چۆن بوو دوای راپەڕینەکان گیرا؟ ئەگەر ئەو ڕوداوە شەخسیە داخۆ ڕوداوی شەیدا حاتەمی لە زانکۆی ورمێ و ڕەیحانە جەباری لە تاران چین؟ هەمووش ڕوداوی شەخسی بوون؟ داخۆ ئەشکەنجەی سەر شیرین عەلەمهولی بەر لە سێدارەدانی و سەپاندنی و رادەست بوون دیسان ڕوداوێکی شەخسیە؟ بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لە زیندانەکان و دەرەوە لە جوگرافیای کوردستاندا ڕوداوێکی شەخسیە؟ هەموو ساڵ کوشتنی سەدان کاسبکاری سەر سنور چیە؟ هەر ساڵ لە سێدارەدانی سەدان کەس چیە؟ ملیتاریزەکردنی کوردستان و بە تایبەتی گواستنەوەی هێزێکی مەزن و جبەخانە لەم چەند مانگەی دواییەدا چیە؟.

هیچ شتێک لە کوردستان شەخسی نیە، تەنانەت چۆلەکەیەک بێ ئاگاداری ئیتلاعات بە ئاسمانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نافڕێ، هەر ڕوداوێکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدات مرۆڤ ناتوانێ بە پێوەری ئاسایی بینین مامەڵەی لەگەل بکات و شرۆڤەی بکات.

بە پێچەوانەوە دەبێ گەلی کورد و ژنانی کورد هەموو سیاسەتێکی رژێم بخەنە ژێر پرسەوە، لە زیانەکانی سەر تاک و کۆمەلگەی کورد بکۆڵنەوە، نەخاسمە ئەوەی بەسەر فەریناز هێنرا سیاسەتێکە کە هەم جەستەی ژن داگیر دەکات و هەم بە سیاسەتێکی چەپەڵ دەیەوێ کۆمەڵگە بێدەنگ بکات.

لاوانی کورد بە هێرشی سەر ئۆتێل تارا نە تەنیا تۆڵەیان لێکردەوە؛ بەڵکو زەنگێکی وشیار کردنەوەیان بۆ ئێران لێدا کە کەرامەتی گەلی کورد هێڵی سورە. دەبێ هەڵوێستی وەها نەک تەنیا رۆژێک هەر رۆژ بەردەوام بێ. خۆرێکخستن کردن، بێ ناوبەر پێشخستنی سیاسەتی خۆپاراستن و پێشخستنی ئیرادەی گەل دەبێ ببێتە ئەولویەتی کارەکان. هەڵوێستی لاوانی کورد و ئێرانی لە خەونێک وشیار کردەوە ئەویش خەونی سەرخۆش بوون بە هەژمونی خۆی لەناوچەکە بوو. لاوان وتیان کاتێ ئیوەیە لە کەسی ژنێکدا دەستدرێژی بکەنە سەر کەمەراتی گەلی کورد چەند خۆتان بەهێز ببینن ئەوە ئاگری سەرهەڵدان دەتانسوتێنێ، ئەو ئاگری سەرهەڵدانە

هەڵوێستی گەلی کوردە لەبەرامبەر رژێم و کەسانێکی دەیانەوێ بە سەرمایەی چەپەڵ کۆمەڵگە داگیر بکەن و کەلتورەکەی لەناوبەرن بەو ئاگرە دەسوتێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی تەڤگەری ئازادی - ڕێکەوتی: ١٥ی مانگی مای ٢٠١٥

## بۆ پارتەکانی رۆژهەڵات



**هیوا مەجید**

لە مێژووی سیاسیدا، مەرج نییە ئامانجە سیاسییەکان هەموو کاتێک پێشوەختە پلان بۆ دارێژراو بەدی بهێنرێن. هەروەها مەرج نییە ئامانجە سیاسییەکان لە رێگەی هێزێکی چەکداری یان سیاسییەوە دەستەبەر بکرێن. بەڵکو دەکرێ ئامانجە سیاسیەکان لە ساتەوەختی روودانی رووداوێکی بچووکی کۆمەڵایەتییەوە دەست پێ بکات و ئەمە ببێتە چرکەساتی مێژوویی و تەقینەوەی بورکانێک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسییەکان کە لەوانەیە پارتە سیاسییەکان لە ماوەی چەندین دەیەی خەباتەوە ئەم چرکەساتەیان دەستەبەر نەکردبێت. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ رووداوێک روو دەدات و لە رەهەندی کۆمەڵایەتییەوە دەردەچێت، تەنیا رەهەندێک کە دەکرێت رەهەندی سیاسییە. لە لایەکی ترەوە، هیچ بزاڤێکی خۆرسکی جەماوەری یا پلان بۆ دارێژراوی سیاسی - کۆمەڵایەتی بە ئامانج ناگات ئەگەر پارتێک یان نوخبەیەکی سیاسی سەرکردایەتیی نەکات. هەر لە شۆڕشی فەرەنساوە بگرە تا لە شۆڕشی رووسیا دەرباز دەبێت و بەشۆڕشی ئیسلامیی ئێران و توونس دەگات. ئەگەرچی دەستەبەرکردنی ئامانجە سیاسییەکان پێوەندی راستەوخۆی بەقەبارەی کاریگەریی رووداوەکە و ژمارەی بەشداربووان لە نارەزایی دەربڕینەکەدا هەیە بۆ چۆک پێدادانی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام مەرجی یەکلاکەرەوەش نییە. ئەوەی کە لە سابلاغ رووی دا، خرۆشێکی جەماوەری وەرگرتووە و تەشەنەی سەندووە بۆ شارەکانی تریش. با توونسمان لە بیر نەچێت کە چۆن ئاگر لە خۆبەردانی گەنجێک لەسەر گرفتی ئابووری نەک تەنیا لەسەر کارلادانی دەسەڵاتدارانی لێ کەوتەوە، بەڵکو کۆی سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتەی گۆڕی و سەرلەبەری وڵاتانی عەرەبی لەخۆ گرت. بەڵام با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە توونس پارتی سیاسیی زۆر بەهێز و تەنانەت لێکجیاواز و ناکۆکیش هەبوون کە تەنیا خاڵی هاوبەشیان دژایەتی دەسەڵاتی سیاسی بوو، توانییان ئەم دەرفەتە زێڕینە بقۆزنەوە و مۆبیلیزەی وڵاتە نارازییەکانی خۆیان بکەن. ئەمە خاڵی لێکجیاکەرەوەی پارتەکانی رۆژهەڵات و پارتەکانی توونسە. واتە پارتەکانی رۆژهەڵات هێشتا لە دۆخی پەسیڤبووندا دەژین و ئەکتیڤ نەکراون. ئەگەر ئێوە بەم رووداوە ئەکتیڤ نەکرێن کە هیچ هەوڵ و تەقەلای ئێوەی تێدا نییە، بەڵام دەرفەتێکی زێڕینە لە بەردەم ئێوە کە دەکرێت ببێتە پەڵێکی رەشی مێژوویی لە نێو چاوانتان ئەگەر هەلی نەقۆزنەوە. دەرکردنی بەیاننامە و پشتگیریکردن لە جەماوەر و سەرخۆشیکردن لە کەسوکاری قوربانییان، زۆرتر بە کردەی رێکخراوێکی لاواز دەچێت تا بە هەڵوێستێکی توندی سیاسی.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم بەیاننامە و سەرخۆشییانە، وەبیر هەڵویستی هەندێ سەرکردایەتیی پارتەکانی رۆژهەڵاتم دێنێتەوە کە لە کاتی هێرشکردنە سەر باشوور، ١٠ تا ١٥ کەسیان کە "ئار پی جی"یان لەسەر شان بوو و هەڕەشەی رووخانی کۆماری ئیسلامییان دەکرد!. من مەبەستم ئەوە نییە لەم کردانە کەم بکەمەوە یان رەتیان بکەمەوە، چونکە دەزانین پێشمەرگە چەند پایەبەرزە و رۆژهەڵاتییەکان شانبەشانی باشوورییەکان لە بەرەکانی جەنگدان، بەڵام مەبەستم ئەوەیە ئەمە بەس نییە. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، لەوانەیە دوور بێ لە ئێوە، فاتیحە لەسەر گۆڕەکانتان بدەین یان چاوەڕوانی ئاڵۆگۆڕێکی هەرێمی گەورە بین تا سڕەی بەئاگابوونی پارتەکانی رۆژهەڵات بێت کە ئەمەش زۆر سەختە. بۆیە پێشنیاز دەکەم لەم دۆخە خۆدزینەوەیە دەرچن و بەکردارەکی کار بکەن، مەرج نییە ئەم رووداوە ئامانجەکانتان بەدی بێنێت، بەڵام باشترین دەرفەتە بۆ بەلانی کەمەوە دووبارە رێکخستنەوەی جەماوەر، زیندووکردنەوەی حزب و ترساندنی دەسەڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## خەبات لە پێناو رزگاری



**مێهدی قودوسی**

## بۆ فەریناز

زۆرجار بۆ وەدەست هێنانی مافێکی گشتی وا دەخوازێت کە تاکەکان ببنە قوربانی. خەبات لە پێناو دەستخستنی مافێکی گشتی کە پێکهاتوو لە هەمان تاکەکان، ئەو تاکانەی کە رەنگبێت زۆرێکیان ئامادە نەبن بە شێوەی کردەیی و هەمە چەشنە لە مافەکانی خۆیان پشتیوانی بکەن و لە هەموو رێگایەکەوە هەوڵ و تەقەلای بۆ بدەن. مرۆڤەکان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان ناچارن کە بەردەوام سەرقاڵی خەبات بن و لەم میانەشدا جاروبار کچان و کورانی ئازادیخواز و تێکۆشەر گیانی خۆیان بەختبکەن و تروسکەکانی هەڵگیرسان و رێکخستنی دەریا پەنگخواردووەکان لە تووڕەیی و رقە پیرۆزەکان لە پێناو سازکردنی کۆمەڵگایەکی شیاو و مرۆڤانە هەڵبکەن. "فەریناز" نموونەیەک لەم لاوانەی سەردەمی ئێستا بوو کە لە ساتەکانی لووتکەی تەنیایی و بێ دەسەڵاتیدا تەسلیمی دۆخی زاڵ نەبوو و جارێکی دیکە سەلماندی کە ئیرادەی ئینسانە یەکسانیخواز و عەداڵەتخوازەکان نەک بە پووڵ دەکردرێت، نەک بە زەبری دەسەڵات و کلتووری دواکەوتووانە و پیاوسالارانەی هەندێک بیرتەسکی ئایینی کە بە حوکمی یاسا دەستی رەشی بە سەر هەموو کۆمەڵگادا گرتووە.

فەریناز و فەرینازەکان خەباتکارانی رێگای سەربەخۆیی فیکری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنانن، ئەوان قوربانیانی توندوتیژییەکانی شوێنی کارکردن بوون کە بە دەگمەن پێش دێت هەواڵ و زانیارییەکان لەو بارەیەوە بدرکێن و باس کردن و تاوتوێکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە کە لە شوێنی کارەکانیاندا رووبەڕووی دەبنەوە هەم لە ماڵەوە هەمیش لە نێو کۆمەڵگا بڤەیە و هەموو کات تاوانباری سەرەکی لە روانگەی گشتییەوە هەر" ژنی کرێکار" ناوزەد دەکرێت.

ژنان بۆ گەیشتن بە هەر یەک لە مافەکانیان سەرەتا دەبێت لە بواری ئابوورییەوە خۆیان سەربەخۆ بکەن و چاوی لە دەستی باوک،

برا، و هاوسەرەوە نەبێت کە باریی گوزەران و بژێوی ژیانی دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پەیوەست بن بە بازاڕی کارەوە کە لە بەرانبەردا دەیان کێشە لەوانە رێگریکردن لە لایەن ئەندامانی بنەماڵە، نەبوونی کار، کە ئێستاکە بە پێی ئامارە رەسمییەکان ئاماری بێکاری لە نێوان ژناندا دوو بەرابەری پیاوانە، ئەو ئەزیەت و ئازارانەی کە لە شوێنی کارەکانیاندا لە لایەن پیاوانی هاوکاریانەوە رووبەڕوویان دەبێتەوە، کە جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و کەلامی و رەوانی و زۆرخاڵی دیکە لە خۆدەگرێتەوە.

فەریناز کە بۆ پاراستنی کەرامەت و پێگەی ئینسانی خۆی لە بەرانبەر پاسەوانانی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی خۆی لە چوارەمی نۆهەمی هۆتێلێک کە تێیدا  وەک کرێکارێک سەرقاڵی کارکردن بوو دەخاتە خوارەوە و بەو کارەی جێگە و پێگەی ژنانی کورد لە سەرانسەر جیهاندا مەزنتر و درەوشاوەتر دەکاتەوە و بە مەرگی خۆی هاوارێکی سەردا کە رەنگبێت بە دەیان ساڵ کار و چالاکی بەردەوام کاریگەری و کارتێکەرییەکی بەو ئاستە لە سەر جۆری بیرکردنەوە و عەقڵیەتی گشتی دانەنێت. فیداکردنی پڕبایەخترین شتێک کە هەر مرۆڤێک هەیەتی، کۆتایی هێنان بە ژیانێک کە مافی هەر تاکێکە تەنیا بە هۆی بێ پشتیوانی و بێ دەسەڵاتی لە بەرانبەر چەند تاریک پەرەستی پشت ئەستوور بە یاساو، کۆمەڵگایەکی بە تاڵ لە کلتووری یەکسانی رەگەزی و بوارەکانی دیکە.

لێرەدایە کە دەبێت کچان و کوڕان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و عەداڵەتخوازی کورد لە سەرجەم شار و گوندەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بێنە مەیدان و بە سازکردن و رێکخستنی ناڕەزایەتی بەرین لە بەردەم دامودەزگا حکومەتییەکان، جارێکی دیکە پێناسە و شۆناسی راستەقینەی خۆیان بۆ هەمووان ئاشکرا بکەن. ئەو جێگە و پێگە ئینسانیەی خۆیان کە ئێستاکە بەرەبەرە بۆ کۆمەڵگای جیهانیش خەریکە ئاشکرا دەبێت روونتر و راشکاوانەتر و لە سەرشەقامەکان لە پێش چاوی هەموو میدیا و راگەیاندنە جیهانیەکانەوە ئاشکرای بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوسۆی رۆژهەڵات  -  رێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥





سەرچاوە
Serchawe

## هەموو دنیا لە سابڵاخ دەڕوانێ



**بەدران ئەحمەد حەبیب**

هەموو سەرهەڵدانێکی گەورە لە مێژوودا، لە ڕوودانی بچووکەوە دەست پێ دەکا وەک چۆن ئاگری گەورە لە ئاگری بچووک دەکەوێتەوە. ئەوەی لە سابڵاخدا رووی دا، دەسپێکی راپەڕینێکی سەرتاسەرییە هەرچەندە، کە خۆهەڵدێرانی کێژۆڵەیەک لە نهۆمی چوارەمی ئوتێلێکەوە ڕوودانێکی وا بچووکیش نەبوو. هاندەری ئەو خۆهەڵدێرانە هەرچییەک بێت، دیارە ئەو کیژۆڵەیە لە دەستی جەور و ستەمێک رای کردووە، کە هەموو جەور و ستەمێکی کۆمەڵایەتی، سیستەمێکی سیاسیی ستەمکارانەی لە پشتەوەیە.

سیستەمی کۆماری ئیسلامی، نە باوەڕی بە مافی سیاسیی خەڵک هەیە نە بە مافی نەتەوەیی و نە مافی مرۆڤ. سیستەمێکە، هیچ ڕووەتێکی سیاسی و مرۆڤییانە کۆی ناکاتەوە بە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی. وێڕای ئەمە، پشتی گەلی خۆی داچەماندووە لە بن باری گرانی ئابووری. سیاسەتێکی دەرەکیی وا بەڕێوە دەبات، تۆ لە هیچ ڕێیەکەوە ناتوانی بیبەیتەوە سەر بەرژەوەندیی گەلی ئێران. لەبەرئەمە دوور نییە، بچووکترین جووڵانەوە لە هەر ساتێک و لە هەر ئاوەدانییەکی ئەو وڵاتەدا، سەرتاسەری وڵاتەکە بتەنێتەوە. ئەوانەی لە خەمی لەرزینی کۆماردا داچڵەکیون و باری پرسە دای گرتوون، با لە ئێستەوە قوڕ بگرنەوە نەوەکا دوایی بە فریا نەگەن.

کوردی هەر سێ پارچە دەبێ لە پشتی کوردی رۆهەڵاتەوە بوەستن ئەگەرهاتو تەکانی هەڵسانەوەیان دا. ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی هەموومان کوردین. کوردبوون با لەولاوە بوەستێ، کۆماری ئیسلامی جگە لەوەی نووزەی لە کوردی رۆهەڵات بڕیوە، بزاوی سیاسیی لە هەر سێ بەشەکەی تریشدا سڕ کردووە بە جۆرێک ئەگەر هەموو دنیا لە پشت رۆنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەوە بوەستێ، نەتوانێ بیهێنێتە دی. خۆتان دەبینن، هەر جارێکی باسی جودابوونەوەی کوردستانی باشوور هاتبێتەوە گۆڕێ، باسی جودابوونەوەی سلێمانیش لە کوردستان هاتووەتەوە گۆڕێ. نموونەیەکی تر: کوردی رۆئاوا، جۆرێک ئازاییان نواند لە بەرگری بۆ کۆبان، هەموو دنیا بۆیان داچەمێتەوە، بەڵام سەت هێندەی تر قوربانی بدەن، داهاتووی رۆئاوا روون نییە لەبەرئەوەی کۆمار خاوەن

بڕیارە نەک کورد. بە هەمان شێوە، بزاوی سیاسیی باکور هیچ ئاسۆیەکی نییە تاوەکو پارتی کرێکاران لە کلکایەتیی کۆماردا بژی.

من پێوەندیم بە حزبی کوردییەوە نییە لەم قسانەدا. بەرگریش لە دڵداریی هیچ لایەنێک ناکەم لەگەڵ ئەردۆغاندا. کۆماری ئەردۆغان و کۆماری ئیسلامی بە هەمان پلە تاوانبارن لە دروستکردنی داعش و پەلاماردانی هەولێر و کارەساتی شنگال. هەموو کوردێکیش ئەم راستییانە دەزانێ با زمانیشی نەبزێوێ. بەڵام ئاخۆ کەس لە بەری سلێمانیدا دەتوانێ بەرگری لە ئاخاوتنی نۆکەرێکی وەک عادل موراد بکات، کە دەڵێ ئێران تاکە وڵاتێکی هێمنە لە هەموو رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا و نابێ ئێمە بهێڵین بشێوێ. تاکە وڵاتێکی هێمنە راستە، بەڵام یەک بستە زەوی نەماوە لەم ناوچەیەدا کۆمار نەیکاتە گۆماوی خوێن بۆ خەڵکەکەی. سیستەمێک ئێتواری ئەمە بێ، رۆژێک دێت زەویی ژێر پێی خۆشی بکەوێتە لەرزەوە.

بە کورتی، جگە لەوەی کوردی رۆهەڵات خاوەنی هیچ مافێک نین و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە مرۆڤی حسێب نەکردوون، کوردی هەر چوار بەشەکەی تریش دیلی کۆمارن و تا ئەو کۆمارە مابێ ناتوانن بە هیچ مافێک بگەن. بە درێژای ئەم ساڵانەی دوایی، تارمایی شەڕی ناوخۆ لە بەرچاوماندا دێت و دەچێ لەبەرئەوەی کۆمار دەتوانێ لە هەر چرکەیەدا حزبێکی کوردی بکاتەوە بەگژ حزبێکی تری کوردیدا. لەمەوە، لەرزینەوەی کۆشکی کۆماری ئیسلامی، وەک رابوونەوەی کوردی ئێمەیە لە بن چنگی مۆتەکەدا. ئەوانەی ئەڵقە لەگوێ و پاشکۆی کۆماریشن، رەنگە لە کەوتنی کۆماردا سوودمەندتر بن لە ئێمە، لەبەرئەوەی لە هەموو کەوتنێکی کۆشکی خاوەن کۆیلەدا لە مێژوو، نۆکەر و کۆیلەی گوێ لەمست، سوود وەرگری یەکەمین بوون و بۆ خۆیان رزگاریان بووە لە نۆکەری. کۆماری ئیسلامی هێندەی کۆیلە هەیە لە رۆهەڵات و باشووردا، سەرێکی تۆڕی فەیسبووک بدەی سەرت دەسوڕمێ. وەک پەندە کوردییەکەی دەڵێ دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە، لەگەڵ یەکەمین کرژی لە رۆهەڵاتدا، رووی خۆیان خستە روو.
کوردی رۆژهەڵات، وێڕای زەبەللاحیی سیستەمی داپڵۆسینەکەی کۆمار و ئەو ژمارە زۆرەی نۆکەر و ئەڵقە لەگوێ، کە هەیەتی، نابێ بسڵەمێنەوە لە راپەڕین. لە دنیادا سیستەمێکی دیکتاتۆرییانەی جۆری سۆڤیەت نەبوو، کە بە سووکەپاڵێکی گەلی خۆی هەرەسی هێنا. کۆماری ئیسلامیش دەردەچێ جۆرێکە لە هیشکەکەڵەک و ئەو دێوە نییە، کە خۆی بادەدا. وەک بنەواش هیچ ئازادییەک بە دیاری لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە خۆ من شەیدای رژانی خوێن نیم. پیرەمێردیش، کە گوتی (قەڵغانی گوللە سنگی کچان) و بێکەسیش، کە گوتی (داری ئازادی بە خوێن) و دڵداریش، کە گوتی (با بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان)، تامەزرۆی خوێنێک نەبوون لە لاوی کوردەوە بتکێ.

ئەم کرژییەی، کە دوای راپەڕینی شاری سابلاخ هەموو کوردستانی رۆهەڵاتی گرتووەتەوە، سەرنجی دنیای بۆ خۆی بەکێش کردووە. کەڵەگایی کۆماری ئیسلامی لە ناوەخۆدا و بە تایبەتی بەسەر کوردەوە، بووەتەوە جێی باس. یەک هەنگاوی ترە و دنیا بۆ دۆزی رۆهەڵات هەڵدەسێتەوە وەک چۆن بۆ کۆبان هەڵسایەوە. نابێ لاوەیلی رۆهەڵات گوێ بە راگەیاندنی چەواشە و ئاخاوتنی جاش و جاشقەڵەم بدەن. هەموو سەرهەڵدانێکی گەورە لە مێژوودا، ئەم جۆرە زبڵەی لەگەڵدا بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## پیلانی ئیتلاعات دژ بە ئیعتباری فەریناز خوسرەوانی و رابوونی مەهاباد پووچەڵ بکەینەوە



**خەلیل غەزەلی**

کاتێک خەبەری خۆخستنەخوارەوەی "فەریناز خوسرەوانی" لە قاتی چوارەمی هوتێل "تارا" مەهاباد بەشێوەی بەرین لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو بوەوە و هۆی ئەوکاری فەریناز دەم بەدەم گەڕا، هەژانێکی پڕ تەوژم کۆمەڵگەی کوردیی لە رۆژهەڵات و هەر چوارپارچەی کوردستان و تاراوگەی و بەتایبەت شاری مەهابادی گرتەوە. دەنگدانەوەکە بەشێوەیەک بوو کە کاربەدەستانی حکوومەت حەپەسان و چاوەروان بوون وەک شێوە مەرگەکانی دیکە (دەسدرێژیی کاربەدەستێکی حکوومەتی و کوشتن یا خۆکوشتنی قوربانی) دەبێ و کۆمەڵگەیان وا لە چنگ گرتوە کە کەس فزەی نایەت.

بەڵام وەک دیتمان حیسابەکانی کاربەدەستانی حکوومەت هەڵە بوو و جۆش و خرۆشی کۆمەڵگە نیشانی لە بوومەلەزە دەدا. بۆیە بەڕێوەبەرانی شار(مەهاباد) و ئوستان وەخۆ کەوتن و بە مەبەستی دامرکاندنەوەی کەش وهەوای تووڕە و مولتەهەب، و خۆ ئامادەکردن بۆ هەر رابوون و هاتنەو شەقامێک، کەوتنە مەزڵووم نمایی و ڕایانگەیاند کە تاوانبار گیراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. هەر لەو فەرماندار و بەرپرسانی ئوستانەوە بگرە تا خاوەنی هوتیل هاتن بە بەژن و باڵای "فەریناز خوسرەوانی"دا و بەڵێنیان دا بەشێوەی شەفاف هەموو ڕاستییەکان روون دەکەنەوە.

حکوومەت بەوکارانە مەبەستی دامرکاندنەوەی خەڵک و خۆ ئامادەکردن بوو. بەڵام لاوان و خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد، مەودایان لە حکوومەت بڕی و رۆژی دواتر بەشێوەی جەماوەری لە پێش هوتێل کۆبوونەوە. حکوومەت بە ناردنی هێزی ئینتزامی و ترساندنی خەڵک ویستی بڵاو بە خەڵک بکات، بەڵام خەڵکی تووڕەو توانیان بەسەر هێزی ئینتیزامیدا زاڵ بن(گەرچی ژمارێکی زۆر لاو بە تفەنگی ساچمەیی بریندار بوو و ژمارێکیس گیران)سەرەنجام پەلاماری دڕندانەی هیزی ئینتزامی خەڵکی تووڕەکرد و وێرای ڕاونانی سەرکوتگەران، هوتێلەکەیان ئاگر تێبەردا.

هەر ئەو رۆژە و تـا شـەو، حکـوومەت زانی ئەمجـارە خەڵـک ترسیان شکاوە، دەستی کـرد بە رەوانەکردنـی هێـزی سـەرکوتگەر (لەوانە دەستەکانی گـاردی ویـژەی دژ بە "اختشـاش"، لومپەنەکـانی لیبـاس شەخسی و هێزی نیزامی و ئینتیزامیی) بـۆ شـارەکانی کوردسـتان و لەوانە مەهابـاد، سنە، مەریـوان، بـانە و... بەشێوەیەک کە رۆژی دواتـر "حکـوومەت نیزامی"یەکـی ڕانەگەیەنـدراوی بەسـەر شـارەکانی کوردستاندا حاکم کرد.

هاوکات حکوومەت کەوتە رەشبگیری و بەکارهێنانی "رەبر و زەنگی کوێر"(هەر کەس بەردەس کەوت لێبدە)، بەو شیوە تـوانی فەزایەکـی ترس و خۆف بەسەر شـارەکاندا بسـەپێنێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیعتـراز و خۆپیشـاندان لە چەنـد شـار وەک سەردەشت و سنە و ... بەڕیوە چون . گەرچی حکوومەت توانیـویە بە رژانـدنی بەکرێگیراوانی شەقـامی شـارەکانی کوردسـتان داگیـر بکـات، بەڵام رق و قینـی پەنگ خواردووی خەڵک هەر ئان و سات ئیمکانی تەقینەوەی هەیە. بۆیە حکوومەت لە ترسان، دەستی پێشی گرتـوە کە پـاش نەکەوی و شانبەشانی پێکهێنانی فەزای ترس و خۆف و مێلیتاریزەکردنی شەقامەکان، دەستیکرد بە تەعەروزی تەبلیغاتی.

یەکەم هەنگاو لەم بوارەدا سازکردنی سناریویەکی دەسکرد بۆ چۆنیەتی کـوژرانی "فەریـناز خوسرەوانی" بـوو. بەوشیوە کە وەک پیشـەی هەمیشەیی کە پەروەندە سازی و بەڵگە دروست کردن دژی نارازیـان و نەیاران، بە دروست کردنـی گرتەیەکـی ویـدیویی ویسـتی وا ئیلقـا بکات کە پیاوە حکوومەتیەکە کە تـا دوێنێ "ددانی بە تـاوانی خۆیدا نابوو"، بێ تـاوان نیشان بدات و ئەوجار "فەریـناز " بوە تـاوانبار.

لەو پێنـاوەدا گرتەیەکی ویـدیویی بڵاو کـرایەوە کە دەیەوێ بیسـەلمێنێ کە "فەریـنـاز خوسـرەوانی" هیچ تەعەروزێکی پـێ نەکـراوە و بەخواستی خۆی چوەتە ژووری کابرا. ئەو گرتەیە لە لایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە دروست کراوە و دەیانەوێت لەلایەک بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی پیاو سالار، ئەو خانمە بێ ئابروو بکەن، هەروەها لەلایەکی دیکەوە سـەرنجی بیـروڕای گشتی چەواشە و بەلارێدا بەرن.لە جەعلی بوونی ئەو گرتەیەدا هیچ گومان نیـیە. چوونکە وەک پێشتر ئیشـارەی پێکـرا، هەر رۆژی رووداوەکە دادسـتانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و فەرمانداری مەهابـاد بەڕاشکاوی ڕایانـد گەیـان کـابرا تـاوانبـارە و دانـی بە تـاوانی خۆیـدا نـاوە. جیـا لەوەش ئەگەر کەسێک بە رەزای خۆی بچێتە ژوورێکەوە بۆ لە بـالکونەوە خۆی فرەدەداتە خورەوە؟

## بەڵام گرتەکە ویدیویەکە:

کوری خاوەن هوتێل وتوویە کە لە رۆژی ئاگرتێبەردانی هوتێل "هـارد دیسک"ی کامپیوتێری هوتێل دزراوە و خەڵـک ئەو ویـدیویان تێدا دیتوە و دەست بە دەست دەیگێڕن.هەر کەس چاو لەو گرتە ویدیویە بکات دەزانێت کە مونتـاژ کراوە. بـاشە خەڵـک بـۆ دەبـێ بێن شتێک مونتاژ بکەن کە خۆیـانی پێ بێ ئیعتبار بکەن؟

جیا لەوەش ئەو شیوە مونتاژە بە روونی دیارە کە کاری ناوەندە ئەمنەتیەکـانی ئێـرانە و بە ئامـانجەوە دروستیان کـردوە. حکوومەتی ئێران بۆ ئەوکارانە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ناوەندی تـایبەتی بۆ جەعلی سەنەد و دروست کردنی "بەڵگە" بە دژی نەیارانی

**خۆی هەیە. بۆ دەوڵەتێکیش دروست کردنی ئەو ویدیویە کارێکی زۆر ئاسانە.**

**ئەرکی سەرشانی هەموانە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانەی ناوەندە ئەمنیەتیەکان بەشێوەی بەرین تەبیلغی جەعلی بـوونی ئەو گرتیە بکەن**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥**

# ناسیۆنالیزمی نامووس: هه‌ڵچوونه‌که‌ی مه‌هاباد



**کامیار سابیر**

خۆکوشتنی کچێکی مه‌هابادیی بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستدرێژیی سێکسیی نه‌کرێته سه‌ر، یان کوشتنی به ئه‌نقه‌ستی له‌لایه‌ن که‌سانی ئیتلاعات و خاوه‌ن هۆتێله‌وه بۆ به‌ژێره‌وه‌کردنی گه‌نده‌ڵیی ئیداریی و ئه‌خلاقیی له هوتێل تارای شاری مه‌هابادا، ئه‌وه‌نده‌ی کاری دادگا و لێکۆڵینه‌وه‌یه له تاوانێک ده‌رهه‌ق به مرۆڤێک کراوه و له‌و نێوه‌نده‌دا به قوربانیی بووه، ئه‌وه‌نده کێشه‌ی سیاسیی نییه. ئێمه‌ی کورد، کاتێ له بابه‌تێکی وادا، هه‌موو مووی له‌شمان ره‌ق ده‌بێت و به‌رچاومان ره‌ش ده‌بێت و هه‌موو شتێ له کونجی نامووس، ئه‌خلاق و شه‌ره‌فه‌وه، سه‌یر ده‌که‌ین، نه‌ک هه‌ر زیانی سیاسیی زۆره، به‌ڵکو ئه‌مه میراتی فه‌شه‌لێکی سیاسیی و کولتووریی دوورودرێژی ئه‌و ناسیۆنالیزمه کوردییه‌یه که له‌وپه‌ڕی فه‌شه‌لی خۆیدا، ده‌یه‌وێ به ده‌روازه‌ی گه‌نده‌ڵییه‌کی ئه‌خلاقییدا وه ژوور بکه‌وێته‌وه و له‌سه‌ر شانۆ ده‌رکه‌وێته‌وه.

له چه‌ند رۆژی رابردوودا، زۆرینه‌ی حیزبه کوردستانییه‌کانی هه‌موو به‌شه‌کانی کوردستان، پێشبڕکێی ئه‌وه‌یان ده‌کرد، به‌یاننامه‌ی گراوییتر و حه‌ماسییتر بنووسن. هه‌ندێکیان جورئه‌تیشیان ناکرد و له‌ڕێی میدیای سێبه‌ره‌وه، په‌یامه‌کانیان ده‌گه‌یاند. هه‌ر میدیای کوردیی و نووسه‌ری کورد و ده‌سگای جۆراوجۆری کوردیی بوو، تووشی هه‌یه‌جانی سیاسیی بوون و باڕۆمه‌تری نه‌ته‌وه‌ییان به‌رزبووه‌وه. ئیتر کۆکتێلێک له‌و نێوه‌نده‌دا دروست بووبوو، راست و چه‌پ، ناسیۆنالیست و کۆمۆنیست، فێمینیست و ئیسلامیست، هه‌مووی هه‌ر ئاگری لێ ده‌بووه‌وه و ره‌جمی جمهوریی ئیسلامیی ئێران و ئیتلاعات، شیعه‌ی رافیزه و رژێمی ئاخوندیی و..تاد ده‌کرد. ته‌نانه‌ت، هه‌ندێکیان حه‌ماسی نه‌ته‌وه‌ییان کڵپه‌ی ده‌کرد و داوای به‌هاری کوردییان! ده‌کرد.

ئاغایانی کۆمۆنیست( ئێرانیی و عێراقیی) له ئه‌وروپاوه که ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان، له ئاساییشی کۆمه‌ڵایه‌تیی رژێمه بۆرژوازییه‌کانی " به‌قه‌ولی خۆیان" رۆژئاوادا، زامن کردووه، کاتێ نه‌یانتوانی حکومه‌تی وه‌همی کارگه‌ریی و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دابمه‌زرێنن، ئێستا، له ده‌رچه‌ی نامووسی ناسیۆنالیزمه‌وه، ده‌یانه‌وێ کرێکارانی ئێران و عێراق به‌ره‌و راپه‌ڕین و سه‌ره‌ونخونکردنی

رژێمەکان بەرن! بە هەموو عەقڵی خۆیان و کۆمۆنە و بەئەشەفیزمەکەیانەوە دەڵێن " برۆخی جمهوری ئیسلامیی"! کابرای نەتەوەیی و ئیسلامیی" سونیی" لە کۆمۆنیستەکان زیاتر، دەمارەکانیان رەپ بووە و دەیانەوێ بە بەکوشتدانی هەندێ گەنجی بێکار و بێ ژیان و بێ گوزەران، دەرگای دۆزەخ، لە مەهابادەوە، بەسەر کورددا بکەنەوە. بەم پێودانگەش، بە ئەندێشەی سیاسیی خۆیان، دەیانەوێ یەکێک لە وەحشییترین و ئایدیۆلۆژییترین رژێمەکانی ناوچەکە برۆخێنن.

ئیتر ئێوەی رۆشنبیری کورد، ئێوەی ئەکادیمیست و سیاسەتمەداری کورد، بۆ ئەوەی نەڵێن بێدەنگییت کردووە، بۆ ئەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە ( ئەمجارەیان بە تەحالوف لەگەڵ هەندێ لە کۆمۆنیستەکان و ئیسلامییەکاندا) پێت نەڵێن پیاوی ئێران و ئیتلاعاتیت، بۆ ئەوەی لە کاروانی بەهاری کوردیی! دوا نەکەویت، دەبێ موجامەلە بکەیت، دەبێ شیعر بنووسیت، دەهۆڵی گەرمبوونی کۆڕوکۆبوونەوە بکوتی و سەرە داوێک لە کەمپەینی شەرمەزارکردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانییدا بگریت و لەگەڵ عەوام و زۆرینە و شەقامی باودا، رێ بکەیت! هەر هیچ نەبێ دەبێ هەندێ گەمەی زمانەوانیی و کولتووریی و سەفسەطەی رەنگاوڕەنگ، بنووسیت.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە، ساڵانە جمهوریی ئیسلامیی ئێران، دەیان لاوی کورد بە کرێندا هەڵدەواسێت، هەموو جۆرە نووزەیەکی ئازادیی رادەربڕینی خامۆش کردووە و بە زیندان و سێدارە، هەڕەشە لە لاوانی کوردستانی ئێران دەکات، بەڵام هیچ دەرچەیەک لە دەرچەی کوشتنی ناموس، شەرەف و ئەخلاقی کوردیی لە مەهابادەوە، باشتر ئیشتیهای ئەم ناسیۆنالیزمە بێتاقەت و بێ زەخیرەیەی نەکردەوە، بۆ ئەوەی قسە لەسەر موغامەراتی نەتەوەیی بکات.

ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەیت، کوشتنی ئەو کچە، هیچ پێوەندییەکی بە کێشەی سیاسیی کورد و مەسەلەی کوردبوونەوە نییە. لە سەرانسەری ئێراندا، ئاخوندە سیاسییەکانی ئێران، کاربەدەستە ئەمنیی و سەربازییەکانی ئێران، هەفتانە و مانگانە، دەیان کچی جوان و قەشەنگی ئێرانیی ( لە هەموو نەتەوە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران) بە گەرووی حەزیا سێکسیی و نا مۆراڵییەکانی خۆیاندا دەکەن. دەیان هەزار لاوی ئێرانیی، ساڵانە تووشی کابووسی مەوادی موخەدیر دەبن و لە دونیای رووناکدا بەنگ دەبن و لەهەموو کایەکانی ژیان، دوور دەکەونەوە و بە شێنەیی بەرەو مەرگ دەڕۆن. تاوانەکانی جمهوری ئیسلامیی زۆرن و قوربانییبوونی ئەم کچە، یەکێکە لە هەزاران، لە ساڵێکدا. ئەم کچە کوردە، دەکرا ئازەریی بووایە، فارس بووایە یان تەنانەت ئۆکرانییش بووایە، بەهۆی کولتووری زاڵی پیاوسالاریی و حەزیای سێکسی پیاوانەوە، بە هەمان چارەنووس بگەیشتایە.

تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر ئەم کچە، نە لەبەر ئەوە بووە کە کورد بووە، نە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە مەهابادیی بووە، نە سەرە داوێکیش بە کێشەی ناسیۆنالیزمی کوردیی و نەتەوەی کوردەوە، پێوەندیی هەیە. ئەوە بەتاڵیی و فەشەلی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە دەیەوێ ئەم کێشەیە بە سیاسیی بکات و لەم کەناڵەوە، هەندێ ئیفرازاتی ئایدیۆلۆژیی لە شیعار و لە حەماس هەڵبرێژێت. دەبووایە ئەو گەنجانەی پەلاماری هۆتێلەکە دەدەن و دەیسووتێنن، مانگرتنی سەراسەرییان بگرتایە و شاریان کلۆم بدایە و یەخەی دادگا و سەرانی رژێمیان بگرتایە، نەک ناسیۆنالیزمی ناموس، پاساو بۆ راونانی بیزنس و ئابووریی لە کوردستانەوە، بۆ شارەکانی تری ئێران بهێنیتەوە و بڵێت لەشفرۆشخانەیەک! سوتاوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو حیزب و سیاسییانەی داوای راپەڕین و شۆڕش! لە خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران دەکەن، حەرفێک لە سیاسەت و هاوکێشە ئیقلیمیی و نێودەوڵەتییەکان نە تێگەیشتوون و نە تێدەگەن. ئەگەر عێراقی صەدام حوسێن، کلیلی دۆزەخی بۆ عێراق و ناوچەکە جێهێشتبێت، ئەوە ئێرانی ئیسلامیی، کردنەوەی گەورەترین دەرگای دۆزەخە نەک هەر بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بەڵکو بالانسی جیهانییش تێکدەدات. دواتر ئەم ئەکشنە ناعەقڵانییە، ئەم سەرگەرمییە سیاسییە، کەی کۆتایی پێ دێت، لە تەواوی ئێراندا، تۆ چاوت لەوە بێت تەنیا چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان، گەنجەکانی بڕژێنە سەر شەقامەکان و شەڕی مەرگ لەگەڵ پاسدار و ئەرتەشدا بکەن؟

ئەم رووداوانەی مەهاباد، رقی جەماوەریی و هەندێ گەنج هەڵدەستێنێت کە پەلاماری هۆتێل بدەن و ئاگری تێبەردەن، جارێکی تر توێشووی بەتاڵی ئەو ناسیۆنالیزمە ئۆردوگانشینییەی حیزبەکانی ئەو پارچەیەی کوردستانی تەکاندەوە کە چۆن فەشەلە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان، لەڕێی ناسیۆنالیزمی ناموسەوە، بۆ ئەجێندای جیاواز جیاواز، دەهێننەوە مەیدان. مەگەر ژمارەی هەزاران ژنی کوژراوای هەرێمی کوردستان، لەژێر دادگا و قانوونی حیزبەکان و حکومەتی هەرێمدا، لەماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، چەند جار بە ژمارەی هەموو تاڵە قژەکانی ئەو کچە قوربانییەی مەهاباد دەبێت؟ مەگەر چەند هەزار کچ و ژن لە کوردستانی عێراقدا، بوونە قوربانیی ناموس و ئەخلاقی کوردیی و شەرەفی ناسیۆنالیزم، لە پێناوی چڵێسییە سێکسییەکانی پیاوانی بیزنس و سیاسەتمەدارە نەتەوەییەکانی کورددا؟ ئەی بۆچی ئەم ناسیۆنالیزمە ناموسسزەی هەرێم، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەنزین بە ناسیۆنالیزمی ناموس لە پارچەیەکی تردا، دەکات ؟

مەگەر مۆتیڤی ئەم ناسیۆنالیزمە ناموسدار و شەرەفپارێزەی کورد کە دەیەوێ لە مەهابادەوە شۆڕش! هەڵبگیرسێنێتەوە، بە چەپڵە و چەقەنەی ئەو ناسیۆنالیزمە کوردییەی هەرێمی کوردستان، بەیاننامە نانووسێت، کە هەزاران ژنە ئێزیدییان لە کشانەوەیەکی سەرکەوتووانەی عەسکەرییدا، بۆ وەحشییترین میلیشیای دینیی" داعش" بەجێهێشت؟ مەگەر هەزاران ژنی کوردی ئێزیدیی، بە کۆمەڵ و بەتاک، تەعدای سێکسییان لە لایەن داعشەکەی تورکیاو قەطەر و سعودییەوە لێنەکرا؟ بەئاشکرا و بە ئایاتی قورئانیی و بە حەدیثی صەحیحیش، خوێن و گۆشت و سێکسی سەبایا ئێزیدییەکانیان، حەڵاڵ نەکرد و بە شانازییشەوە رایاندەگەیاند بۆ خودای دەکەن! ئەی ئەم ناسیۆنالیزمە ناموسپەرستە، ئەوکات لە کوێ بوو؟

پێویستە ئەوە بگوترێ، خەڵکی شاری مەهاباد و گەنجانی ئەو شارە، مافی خۆیانە ناڕەزایەتیی دژی دەسەڵات و قانوونەکانی جمهوری ئیسلامیی و دادگاکانی و پیاوە ئەمنیی و عەسکەرییەکانی دەرببڕن و جێگەی پشتیوانییکرنیشن، بەڵام کاتێ ئەم حەماسە لە سوتاندنی هۆتێلێکدا بەتاڵ دەکەنەوە، کێشەیەکی ئەخلاقیی دەکەن بە کێشەیەکی سیاسیی و حیزبە کوردییەکانیش، مامەڵەی سیاسیی بەمەوە دەکەن، ئیتر لێرەدا دەبێ بگوترێ، ناڕەزایەتییەکانتان چووە گیرفانی کۆمەڵێ حیزبەوە کە خۆیان ماوەیەکی زۆرە جگە لە سەرخوراندن، هیچ چالاکییەکی تریان نەبووە. چووە گیرفانی هەندێ حیزبی هەرێمەوە کە سەودای لەگەڵ جمهوریی ئیسلامییدا پێدەکەن. بەدڵنیاییشەوە، هەر حیزبێکی سیاسیی، بیەوێ لە دەرچەی ئەم کێشە ئەخلاقییەوە، خەڵکی کوردستان بەرەو راپەڕین هانبدات، جگە لە ئینتیحارێکی سیاسیی، شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت.

له کۆتاییدا، ئەم ناسیۆنالیزمە نامووسپەرستە، بە بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەکی مۆنتاژکراوی ئیتلاعات و خاوەن هوتێلەکە، دەیەوێ خۆی بدزێتەوە و خۆی بشارێتەوە کاتێ مەسەلەی نامووسەکە لە رای گشتیی و مۆبدا پێچەوانە دەبێتەوە! ئیتر لە تەریقییدا شتێکی پێ نامێنێت، جگە لە چوونەوە کون نەبێت. ئەگەر هەر لەسەرەتاوە ئەم کێشەیە بە سیاسیی نەکرایە، خوێنی قوربانییەکەش بەمشێوەیە بزر نابوو. دەرفەتێکی باشیش بۆ خەڵکی کوردستان، دروست دەبوو کە ملهوڕییەکانی دەوڵەتی ئێران لە شوێنێکدا رابگرێت. ئێستا، لافاوی حەماسەتی نامووسپەرستیی لەنێوان گومان و یەقیندا، نیشتەوە، لەم نێوەدا، کەسوکاری قوربانییەکە زەرەرمەندی سەرەکیی بوون و هەندێ حیزبی کوردییش، تیجارەتێکی باشیان پێوە کردو سەرکوتکارییەکانی جمهوری ئیسلامییش درێژەی دەبێت! دەکات لەخراپترین دۆخدا، ئەم هەڵچوونەی مەهاباد، دەرسێکی تر بۆ خەباتی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا،لە پشت سەری دەنێ و گەنجانی کورد، دەبێ کەڵکی لێوەربگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## فەریناز خوسرەوانی؛ شۆڕشە!



**هیوا ناچار**

**ئاخۆ یەکێتی و پارتی، هاوکاری خرۆشانە جەماوەریەکەی مەهابادو خۆرهەڵاتی کوردستان دەکەن؟**

یەکێک لەهەرەخاڵە گرنگەکانی هەرشۆڕشێک، خاڵی دەستپێکە، سەرەتای هەڵگیرسانی هەرشورِشێک، ڕووداوێکە بۆ بڵێسەو چەخماخەی تەقینەوەی ڕق وتووڕەیی جەماوەر(بەڵام جەماوەر؛ هاوکاری ماددی و مەعنەوەیی و چەکداری و سەرکردایەتیکردنی دەوێ)و هەڵڕشتنی هەموو نارەزایەتیەکانە بەڕووی ستەمکاران وتاوانباران، بەتایبەتیش پادشاو دیکتاتورو دەسەڵاتە تاکڕەو ملهوڕەکان.

بینیمان ساڵی ٢٠١١ تەنها خۆسوتاندنی گەنجێکی تونسی(محمەدالبوعزیزی)، بەهاری عەرەبی هێناو تونسی کردە مەنجەنیقستان بۆ (زین العابدین بن عەلی) و دەسەڵاتەکەی و تاروماری کرد! بەڵام محمد البوعزیزی تەنها بڵێسەی هەڵگیرسانی شورِشی تونس نەبوو، بەڵکو بووە هۆی تەنینەوەی ئاگری شۆڕش و تەقینەوەی تووڕەیی جەماوەر بەڕووی چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی دیکتاتۆری تری وەک: لیبیاو میصر ولابردنی دەسەڵاتە ئیسلامی و ستەمکارەکانیان، تەنانەت ئێستاش دیارە چۆن سوریاو یەمەن بەئاگری ئەو شۆڕشە دەتلێنەوە.

ئێستاش، ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ٧ی مانگی شاری مەهاباد کە "فەریناز خوسرەوانی" تەمەن ٢٦ ساڵ تیادابووە قوربانی دەسەڵاتێکی ئاخوندی ئیسلامی دیکتاتۆر، هیچی کەمتر نیە لە ڕووداوەکەی محمد البوعزیزی، بگرە بەسۆترو ناویژدانتریش. فەریناز کچێکی پێشوازیکەری هۆتێل بەڵام ئازاوکلپەستێن، بەشوەیەکی بێشەرمانە لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتی ئایینی وملهوڕی ئیتلاعاتی(بەپێی سەرچاوەکان) ئێرانەوە خەریکبووە دەستدرێژی سێکسی بکرێتەسەر، بەڵام فەریناز ئەم ملکەچیە نارِەوایە پیاوسالاریەی رەتکردۆتەوەو نەویستووە خۆی بەدەستەوەدا. لەهەمانکاتدا ئەگەرچی هەوڵەکان بۆدەستدرێژیکەر نەچۆتەسەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەریناز ترسی کەلتوری پیاوسالاری و ناموسپەرستی هەبووە یاخود ئەگەرو گریمانەی ئەوەش دەبوو لەماڵەوەش سەرکۆنەو ڕووبەڕووی هەرەشەی

ناموسپەرستی خێزانی بکەوتایە، کەواتە دونیای ڕۆشن بۆ "فەریناز" نەمابوو لەم هەسارە ئیسلامیە- ناموسپەرستیە، بۆیە فەریناز بێدەرەتان مەرگ بەئاسامان دەبەخشێت و شورش بە گەل.

جا ئەوەی ماوە ئاماژەی بدەین لێرە، ناکرێ گەلی کورد چیتردەستەوستان بوەستێ و هەر ڕۆڵی بینەربیینێ لەم ڕووداوە کۆنەپەرست و نامرۆڤانە، لەم سوکایەتیە نەتەوەیی و سیاسیانە، بەڵکو دەکرێ گەلی کورد بەگشتی و خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، ئەم ڕووداوی هوتێل (تارای مەهاباد) بەهەند وەربگرێ و لەدەستدانی فەرینازی جوانەمەرگ بۆ ئازادی بقۆزێتەوەو بیکاتە کڵپەی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی مەزن لەسەرجەم شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان. ئەویش بە ڕژانی جەماوەر بۆ سەرشەقامەکان و هەڵبڕینی دەنگی تووڕەیی و ناڕەزایی بەڕووی بنکەو بارەگاکانی ڕژێمە ئاخوند ئیسلامیەکەی - چەپەڵەکەی ئێران.

بەڵام ئەم خۆپیشاندان و خرۆشانەو ئەم <<شۆڕشە>> پشتگیری هەرچوارپارچەی کوردستانی دەوێ لە هەموو ڕوویەکەوە؛ چ ماددی بێ یان مەعنەوی یاخود چەکداری، دەکرێ پارچەکانی تری کوردستان ڕۆڵی گەورەی تێدا بگێڕن: چ باکور، چ باشور چ ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان! ئەی ئاخۆ دوو حیزبە گەندەڵەکەی باشور(یەکێتی وپارتی) بە(گۆڕان)یشەوە، ئایا تاچەند دەرک بەم شۆڕشە دەکەن و هاوکاری ئەم ڕووداوەی فەرینازومەهاباد دەکەن؟! بەڵام پرسیارە گەورەکان: ئاخۆ یەکێتی چیتر دێتەوە هۆش و واز لە قاسم سلێمانی دەهێنی و هاوکاری ئەم شۆڕشە بکا؟! یان ئاخۆ پارتی چەندەها ساڵە نان و پیاز بەکوردەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە دەخوا- تۆ بڵێی دەستی ئەم شۆڕشە بگرێ! یاخود بەڕاست ئایا گۆڕان دەتوانێ واز لەبێدەنگی بهێنی و تاوی ئەو خرۆشان و ناڕەزایی (شۆڕش)ە جەماوەریەی خۆرهەڵاتی کوردستان بدات؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوپشتی - ڕێکەوتی: ٩ی مەی ٢٠١٥



## مەهێڵن تاوانباری روداوەکەی مهاباد بنوێت!



ئیسماعیل زادە

**لەنێوان فەریناز، خاوەنی هۆتێل، کەسی بەرامبەری فەریناز، خەڵکی نارِازیو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کێ تاوانبارە؟**

**دەکرێ لەدوو گرتەی گشتیدا روداوەکەی مهاباد بخوێندرێتەوە.**

**١- تا بە ئێستا لێکدانەوەی روداوەکە لەبەرامبەر ڕاوەستانی دوو جۆر بیرکردنەوەی بەدواوە بووە: ێ. بیرکردنەوەی بەگژداچوونەوە. ب. بیرکردنەوەی هێوربونو چاوەڕوانکردن.**

**بەگژداچونەوە: بیرکردنەوەیەک کە دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت لەبچوکترین دەرفەتدا بەگژ سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بچێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە هەمان بیرکردنەوەی لایەنی شۆڕشگێڕانەیەو پێیوایە کە هێزی دەسەڵاتدار جگە لەزمانی گرژو چەک بەهیچ شتێکی دیکە ناچار ناکرێت لەهەمبەر مافەکانی کوردا چۆک دابدا. لایەنگرانی ئەم بیرکردنەوەیە بەگشتی حیزبە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامیو لایەنگرانەکانیانە.**

**هێوربون و چاوەڕوانیکردن: بیرکردنەوەیەک کە پاساوەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ بێئاکامبونی زمانی شۆڕشگێڕانەو توندوتیژیی. نزیک بەچوار دەیەیە نەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناچار نەکردووە بەمافەکانی کورد بەڵکو بۆتە هۆی زیاتر دواکەوتویی کوردستان. لایەنگرانی ئەم بیرکردنەوەیە زیاتر لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژینو هەرچەشنە کاردانەوەیەکی توندوتیژانە روو بەحکومەت رەتدەکەنەوەو چاوەڕوانن گوتاری گرژی دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا بێت.**

**٢- پێموایە پێش هەموو شتێک دەکرێت ئەم پرسیارە بکرێت کە کێ تاوانبارە! ئەو خەڵکانەی کە نارەزایەتییان دەربڕیوە؟ حکومەتی سەربازیی ئێران؟ خاوەن هۆتێلەکە؟ ئەو کەسەی کە پەیوەندیی لەگەڵ گیانبەختکردودا سازکردووە یان فەریناز؟**

ئەگەر لەخاوەن هۆتێلەکە یان ئەو کەسەی پەیوەندیی لەگەڵ گیانبەختکردودا سازکردووە یان لەفەرینازدا بەدوای وەڵامی پرسیارەکەدا بگەڕێین بچوککردنەوەی رووداوێکی تراژیکە هەتا ئاستی لادانی کەسەکان لەئەخلاقی باوی کۆمەڵگا کە دەکرێ لەهەموو وڵاتێکی گەشەکردووی دنیاشدا روو بدات. دەمێنێتەوە دەسەڵاتی "ئیسلامی – سەربازی"ی ئێران‌و خەڵکی ناڕازیی. بەدرێژایی هاتنەسەرکاری حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان خۆپیشاندان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریانهەڵداوە کە چەخماخەی زۆربەیان کوژرانی کەسێک بووەو جۆری دژکردەوەی خەڵکو گەوهەری خۆنیشاندانیان نارەزایەتییەکی هاوچەشن بووە دژ بەسەرلەبەری سیستەم‌و ناوەرۆکی حکومەتی فەناتیکی ئیسلامیی ئێران. لەبەرامبەریشدا چەکەکانی کۆماری ئیسلامی سینگی رێپێوانی هێمنانەی خەڵکی ناڕازیی پێکاوە، پێنج نمونە:

**بۆکان:** کووژرانی کچێک لەساڵی ١٩٩٢دا کە سەرهەڵدانی جەماوەری‌و خوێناویی بەداوە بوو.

**سنە:** رێپێوانی خەڵتانی خوێنی سنە لەسێی رەشەممەی ١٩٩٨دا.

**مهاباد:** سەرهەڵدانی خوێناوی ساڵی ٢٠٠٥ بە بۆنەی گیانبەختبونی شوانە سەید قادر.

**سەقز:** خۆپیشاندانی خوێناویی خەڵکی سەقز دژ بەکوژرانی شوانە سەید قادر لەساڵی ٢٠٠٥ دا.

**مهاباد:** نارەزایەتی و راپەڕین بەدژی خوڵقێنەرانی کارەساتی مەرگی فەریناز خۆسرەوانی لەمانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٥ دا.

بەدرێژایی نزیک بەچوار دەیە داگیرکرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، جگە لەزیندان‌و سێدارەو دەرکران‌و پاشکەوتویی لەگشت بوارەکانەوە هیچ شتێکی دیکە داهاتوی خەڵک نەبووە. بێبەقابون بەسەرلەبەری سیستمی حکومەت زیاتر تەشەنەی سەندووە، رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ خێرێکی لەحکوومەتی داگیرکاری ئێران پێنەگەییشووە چ بگا بەوەی لەدەستیبدات. لەکەشوهەوایەکی ئەوتۆدا کە کارەساتێکی کۆمەڵایەتییش روودەدا سەرەڕەمی دژکردەوەکان بەرەو سینگی داگیرکار دەبێت.

دامودەزگا سەربازی‌و ئاساییش‌و ئیداری‌و بەناو دادوەرییەکانی ئێران باش دەزانن کە لەرووی سایکۆلۆژیی زاڵی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە داگیرکارن، بکوژی مافی ئەوان، متمانەپێنەکراون. بۆیە پێش ئەوەی کارەساتی مەرگی مرۆڤێک لەدوو کەسدا بچووک بکرێتەوە و تاوانی دژکردەوە بخرێتە پاڵ ناڕازییان، جێی خۆیەتی کە بنەماکانی لەبیر نەکرێن.

وەکو ئاماژەی پێکرا لەروی سایکۆلۆژییەوە هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەتایبەتیی کەشوهەوای زاڵی مهاباد بێمتمانەییە بەدەسەڵات‌و لەئەگەرەکان "نا" بەداگیرکار دەخوڵقێنن‌و بەبەگژیدا دەچنەوە، دەسەڵاتی ئیسلامی – سەربازیی ئێران کە ئەو یەکە گرینگە دەزانێت بۆ بە خێرایی بۆ روونکردنەوەی بەڵگەمەندی کارەساتەکە هەنگاوی نەناو و بەجێگەی روونکردنەوەی بەڵگەمەندی رووداوەکە پیلانگێڕی بۆ دادەتاشێ؟

ئایا خەڵک بیانوو بۆ سەرکوتکران‌و دواکەوتوییان بەدەستەوە دەدەن یان پلانی گشتی‌و ئاشنای حکوومەت لەکوردستان بیانوو داتاشینە بۆ درێژەدان بەسەرکوت‌و تواندنەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - رێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## قسە سەیرەکان! تووڕەبوونی خەڵک لە سەر شەرەفی ژنە، یان؟



**هانا عەلی**

سەیرترین و نا مەسئولانە ترین بۆچۆن، لەسەر خودکوژی فەریناز خوسرەوانی و پێشهاتەکانی دوای کارەساتەکە بە ڕای من، بەستنەوەیەتی بە شەرەف و شەرەف پارێزی پیاوی کورد!

بەڕێزانێک پێیان وایە کاردانەوەی خەڵک هۆکارەکەی ئەوەیە قوربانیەکە کوردەو تاوانباریش فارسە بۆیە کوردەکان ئاوا تووڕە بوون. کەسانێکی تریش، پێیان وایە ئەگەر قوربانی کوڕێک بووایە، خەڵک ئاوا تووڕە نەدەبوو. واتا حەشاماتێک کورد، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەموو ڕەوەندی دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەلات، مەسەلە مەسەلەی شەرەف پارێزی ژنە!

جارێ من هەر نازانم ئەو برادەرانە ئاگایان لە هەواڵی ڕوداوەکە نیە، کە ئەو پیاوەی فەرینازی وادار کردووە، بچێتە ژێر زەوقی سەرمایەدارێکی فارسەوە، هاوزمان و هاونەتەوەی فەرینازە؟ ئەو ڕایە جیاوازانە! نازانن کە ئەو کابرایە کوردە و خەڵکی کوردستانە و ناوی نادر مەولوودیە یان چی؟!!

بێگومان دەزانن، وەلێ هەوڵدان بۆ دەبڕینی ڕای جیاواز لەم کاتەدا نە پێویستە، نە لە هەموو کەسێک دێت، نە دەشتوانن بەرگەی بینینی ڕاستیەکانی شکاندنەوەی ئەو ڕایە سەرسورهێنەرانە بکەن!

من گومانم نیە، کە وادار کردنی فەریناز بۆ خۆ هەڵدانی لە چوارەم نهۆمی هۆتێلێکەوە، ئەگەر لە باشوور بووایە، یان وەک کوشتنی هەموو کیژۆڵەکانی ترمان، بێ دەنگەی لێدەکرا، یان لە کۆمەڵێک ژنانی چالاکی ڕێکخراوەکان زیاتر، کەس خۆی لێ تێنەدەگەیاند. لیست و مێژووی سالانێکی ژن کوژی لە باشوور ئەمەی وتووە. بەلام ڕۆژهەلات باشوور نیە. پیاوانی مەهاباد، شاعیر و قسە زلەکانی

باشوور نین، کە لە باشترین حاڵەتی، نارەزایی دەربریندا، خۆیان ماندوو دەکەن و دوو دێڕ لە سەر کچە پارچە پارچە کراوەکان دەنووسن، یان وێنەی پرۆفایلی فەیسبوکەکانیان، دەکەنە وێنەی ژنەی قوربانی و تەواوی مێدیا جۆراو جۆرەکانیشمان، ناوی بکوژ و قەسابەکان، بە چەند پیتێک، بڵاو دەکەنەوە!

خەڵکی مەهاباد و سەردەشت و سنە، هەولێر و سلێمانی و کەرکوکەکەی ۲۵ ساڵ لەمەوبەرە، کە ڕێگە گرتن لە سووتانی تایەیەکی سەیارە لە نەورۆزدا، دەبوویە شەڕی سەدان گەنج و پۆلیس و گرتن و دەستبەسەر کردن. ئێران ۳٦ ساڵە، واتا لە ساتی هاتنە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیەوە، بە سەر ئاگرێکی داخەوەیە. ساڵ نیە نەک بە تەنیا لە کوردستانەکەی، بەڵکو لە پایتەختی فارس نشینی ئەو وڵاتەشدا، خۆپێشاندان و دەنگی گەورەی مردن و برۆخێ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران نەبیسترێت و نەبینرێت!

هەر بە ڕاست ئەو دیدە جیاوازانە! ئەو مێژووە لە خەبات و تووڕەیی خەڵک، بە کورد و فارس و تەواوی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران نازانن و بێ خەبەرن لێی یان چۆنیە، من تێناگەم!

کوردانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا، جیاوازی گەورەیان لە فەرهەنگی ژیان کردن و ژیان دۆستیدا، لە گەڵ باشوور هەیە. ئەمن کچی باشوورم، بەڵام ئەوە ڕاستیەکە، هەرکەس پێی نەازنێت، مانای وایە نایەوێت ببینێت. ژنی کورد، لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستاندا، بە ئەندازەی باشوور، بێنرخ و بێکەس نەکراوە. خێزانی هیچ کام لە بەشەکانی تری کوردستان، هێندەی خێزانی باشوور، بێدەربەست نین، بۆ ژیانی کچەکانیان. ڕۆشنبیرانی هیچ کام لەو پارچانەی کوردستان، بێ شعور و بێ دڵ نین، وەک لە باشوور هەن و وەک ڕۆژی ڕوون، لێمانەوە دیارە!

ئەو بەڕێزانەی کەیسی فەریناز دەبستنەوە بە شەرەف و شەرەف پارێزی، هەموو خەڵکی باشوورن بە داخەوە، کە دیسانەوە، ئیسپاتیان کرد، بێئاگا و بێ خەبەر لە زۆر بابەتی دونیایی کورد بوون، قاچیان لێ درێژ کردووەو دەنووسن و دەڵێن!

فەریناز ئەمرۆ، بوعەزیزەکەی تونسە، کە ئەگەر سیاسی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شتێک فێر بووبن، لە مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەرینەکان، ئەوە ئەم مەرگەی فەریناز، دەبێتە داگیرسانی مۆمی ئازاد کردنی سێهەم بەشی کوردستان.
فەریناز، ئەمرۆ وەک کچە گەریلایەک، سارد بوونەوەی جەستەی خۆی، کردووە بە داخ کردنی پیاوەتی و پیاوگەرایی، دواتر بەر پێ لەقەدانی فاشیزمێک، کە سەدان ساڵە، نەتەوەو نیشتمانەکەی، خاپوور دەکات.

ئەمرۆ سابڵاخەکەی قازی تێدا لە سێدارەدرا، خوێن گەرم و دڵ گەرم، هاواری ئازادی و ژیانی سەربەستانە دەکات، ئەگەر پێمان ناکرێت، لە گەڵیان بین، با هۆکاریش نەبین، بۆ ناشیرین کردنیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ۹ی مەی ۲۰۱۵

## گیانلەدەستدانی فەریناز نابێت بەئاسانی تێپەڕێت!



**لاوژە جواد**

فەرینازی خوسرەوانی کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵ لەشاری مهابادی کوردستانی ئێران کە وەک پێشوازیکەری میوان لەوتێل تارای شاری مەهاباد کاری دەکرد، لەنهۆمی چوارەمی ئەم وتێلەوە خۆی فڕیدەداتە خوارەوەو بەم شێوەیە گیانلەدەستدەدات.

بەداخەوە ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ٤ - ٥ - ٢٠١٥ فەریناز هاوچەشنی ئەو ژنە کرێکارانەی لەسەرتاسەری جیهانو بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی کە ڕۆژانە لەشوێنی کاردا شاهیدی تەحەڕوشو دەستدرێژی سێکسین، ڕوبەڕوی کارەسات دەبێتەوە.

بەپێی پلانی لەپێش دارێژراو بەرپرسێکی ئیتلاعات بەهاوکاری خاوەن وتێلەکە دەیانەوێت دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر ئەو کچەو بەم مەبەستە لەژورێکی وتێلەکە لەنهۆمی چوارەم دەرگای بەسەر دادەخرێت، دیارە فەریناز لەڕێگای تەلەفۆنەوە هانا دەبات بۆ هاوڕێیەکی، بەڵام پێش ئەوەی کەس فریای بکەوێت، کچێکی گەنج و بێ فەریادرەس چارەیەکی نامێنێت ئەوە نەبێت کە لەپەنجەرەی نهۆمی چوارەمەوە هەوڵی گەیشتن بە نهۆمی سێهەم بدات، بەڵام هەوڵەکەی سەرناگرێتو دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات. لەبەرامبەر ئەم تاوانە گەورەدا سەرانی ڕژێم هەرەشە لەخانەوادەی فەریناز دەکەن کە دەمی خۆیان داخەن و هیچ جۆرە لێدوانێک نەدەن بۆ ڕاگەیاندنەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی وڵات.

ڕژێمی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، ماوەی ٣٥ ساڵە بەزەبری ئاگرو ئاسن لەم وڵاتە حوکم دەکات، داپۆشینی ئیسلامی لەم وڵاتە کردۆتە ئیجباری بەسەر ژناندا، لەبەرامبەردا ژنان و کچانی ئەم وڵاتە بە تەحەمول کردن کوشتن و زیندان، سوکایەتی تێزاب پاشین بە سەر وچاو و ئەندامانی تری جەستەیان، نەچونەتە ژێر باری ئەم حوکمەوە. ئەم ڕژێمە ٣٥ ساڵە کۆمیتەی "امر بە معروف و نهی از منکر" ئەشکەنجەی خەڵک دەدەن، بەدڕەوشترین دڕندەکانی مێژوو کاربەدەستی ئەم ڕژێمەنو دەخالەت لە ژیانی تایبەتی

خەڵک دەکەن، داوای ناسنامە لە هەر کچ و کوڕێک دەکەن کە بەیەکەوە لەپارکو شوێنە گشتیەکان دەبینـدرێن. ئەشکەنجەی ئەوانە دەدەن کە بە دڵی ئەوان حیجابی ئیسلامیان ڕیعایەت نەکردوە. لەملاشەوە ئەشکەنجەی ژنان دەدەن و دەستدرێژیان دەکەنە سەر، تا ئێستا چەندین کەیسی ئیعدامی ژنان لەم وڵاتە هەبووە بەهۆی ئەوەی کە پارێزگاریان لە گیانی خۆیان کردوە و مەئمورانی ئیتلاعاتیان کوشتوە.

بەڵێ ڕژێمی کەسیفی دژە ژنی ئیسلامی تا ئەم ساڵانەی دوایش بەناوی بەدڕەوشتیەوە بە ئاشکراو لەبەرچاوی خەڵک ژنانی بەردە باراندەکرد، تا ئیستاش گەنجانو هەلسوڕاوانی سیاسی ئەم وڵاتە تۆمەت دەخاتە پاڵ و لە مەیدانە گشتیەکان هەڵدەواسێت بەناوی دەستدرێژیکردنە سەر خەڵک، بەڵام خۆیان بەئاشکرا هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر کچانی گەنج دەدەن. ئەوان ژنان شەلاق لیدەدەن بەناوی فەسادەوە بەڵام خۆیان بەئاشکرا چەندین نوسینگەی ڕەسمی لەشفرۆشی شەرعیان کردۆتەوەو سیغەی تێدا ئەنجام دەدەن.

بەدوای ناچاربوونی فەریناز بە خۆکوشتن کە هیچ ڕێگایەکی تری نەبوو لە قبوڵکردنی دەستدرێژی یان خۆکوشتن بەملاوە، جارێکی تر ڕژێمی دژە ژن لەم وڵاتە کەوتۆتە بەر نارەزایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی خەڵک بەتایبەتی لە شاری مهاباد وە شارەکانی تری ئێرانیش. وەرن با پشتگیریان بین.

ئێمە ژنانی وڵاتانی کەلتور داسەپاوی ئیسلامی هەمومان توشی ئەم دەردو ئازارە دەبینەوە هەر ئێستا ژنانی کرێکار لە کوردستانی عیراق لەگەڵ هەمان کێشەی گێچەڵ و دەستدرێژی بەرەو ڕوون. من پێموایە خەڵکی نارازی لە مهاباد و شارو شارۆچکەکانی تر زۆر جەسورانەو ڕێکخراو بێنە مەیدان و داوای لێکۆڵینەوە بکەن لەم کەیسە، داوای پێکهێنانی لیجنەیەکی بێلایەن بکەن کە خۆیان ئەندام بن تێیداو تاوانباری سەرەکی ئەم تاوانە بدۆزرێتەوەو بە سزا بگەیندرێت. بۆ ئەمەش هەموو ئازادیخوازو یەکسانیخوازان ئەوانەی بەخەم ئینسان و ئینسانیەتن، بەخەم گەڕانەوەی بەهای ئینسانین بۆ ئینسان، بێنە مەیدان و نارەزایەتی دەرببڕن، لە شارەکانی کوردستان هەر ئێستا کە ماوەیە بەردەوام سەران جمهوری ئیسلامی دێنو کۆبونەوە دەکەن بەتایبەتی لە شاری سلێمانی بەردەمی ئەم شوێنانە بگرینو خۆپیشاندان بکەین بەردەمی نوسینگەو کۆنسولخانەکانی ئێران بگرین، دەبێت ڕژێمی دەستدرێژیو سوکایەتی بەژنانو کچان ناچار بەپاشەکشە بکەین، نەهێڵین فەرینازەکان لەنیوان مەرگو دەستدرێژی ناچاربکرێن یەکیان هەڵبژێرن. ئەم کەیسە تەنها کەیسی مهاباد، کوردستانی ئێران و ئێران نییە کەیسی هەمومانە.

دەبێت تەپڵی مەرگی ئەو کەلتورو عەقڵیەتە لێدەین کە ژنان تەنها وەک ئامرازی سێکس بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوی پیاو پێناسە دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## دیوەکەی تری مەرگی فەریناز



**گەزیزە باپیری**

مەرگی فەریناز خوسرەوانی، ئەو کچەی چەند رۆژێک لەمەوبەر لە شاری مەهاباد بەهۆی دەستدرێژییەوە لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلێکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، چەندین خۆپێشاندانی لە شارە کپکراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەگەر تەماشای دیوەکەی دیکەی ئەو رووداوە بکەین، تێدەگەین تا ئێستا کەیسی ژنان و کوشتنی ژنان زۆرتر وەک خودی کەیسەکە تەماشا نەکراوە.

ئەوەندەی کەیسی فەریناز بە سیاسی کرا ئەوەندە لایەنە مەدەنی و مرۆییەکەی لەبەرچاو نەگیرا. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژن وەک شەرەف دەبینرێت. ئەگەر مەسەلە دەستدرێژیی نەبووایە و بە هۆکارێکی دیکە فەریناز کوژرابا، ئایا دەنگی نارەزایەتی هەروا بەرزدەبووەوە؟ ئایا ئەگەر فەریناز نەمردبا و زیندوو مابایەوە، هەموو ئەم دەنگە نارازییانە ئامادەبوون پشتیوانی لێبکەن و لە جیاتی ئەوەی قسەی بۆ دروست بکەن، هاوکارییان دەکرد کە ئەم رووداوە ناخۆشە تێپەڕێنێ؟

مەرگی فەریناز دەریخست کە تا ئێستا ژن تەنیا وەک شەرەفی پیاو، شەرەفی کۆمەڵگە دەبینرێ و هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی لەم رووداوەی فەرینازدا کە دەستدرێژییە و دەچێتە خانەی شەرەفەوە، ئەو دەنگی نارەزاییانە بەرز ببنەوە. فەریناز یەکەم ژن و دوایین ژنی کورد نییە کە ببێتە قوربانیی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە. رۆژانە چەندان ژن بە هۆکاری نادیار ناچار بە خۆسووتاندن دەکرێن یان دەکوژرێن، بەڵام کەس دەنگێک بەرز ناکاتەوە، کەس بە هانای ژنانی کورد لەو پارچەیە ناچێت.

کەیسی فەریناز بە سیاسی کرا، دەنا بە هەمان شێوە رەیحانە جەباری نەیهێشت دەستدرێژی بکرێتە سەر و ئەو پیاوەی کوشت کە هەوڵی دا دەستدرێژیی بکاتە سەری. ئەدی بۆ لە ماوەی حەوت ساڵی زیندانیدا نارەزایەتیەکی ئاوا رووی نەدا. فەریناز و رەیحانە دوو ژنی قوربانی دەستی دابونەریتێکن کە ژن تێیدا تەنیا وەک شەرەف و خۆراکی پیاو دەبینن.

نامەوێ فەریناز و رەیحانە بەراورد بکەم، بەڵام هەردووکیان تەنیا دوای مەرگیان بەرگرییان لێکرا، نەک ئەوکاتەی کە زیندوو بوون.

ئێمە چالاکانی ژنان و خەمخۆرانی مافی مرۆڤ دەبێ نەهێڵین کەیسی فەریناز تەنیا دیوە سیاسییەکەی ببینرێت و لە چوارچێوەی سیاسەتدا مامەڵەی پێوە بکرێت. با مەرگی فەریناز سیگناڵێک بێ کە لە رێگەی دەربڕینی ناڕەزایەتی نەهێڵین ژنانی دیکە ئەو رووداوەیان بەسەربێت، جا لە دەستدرێژییەوە تا بێ مافکردنەکانی دیکەی ژنان. ئەگەر دەستدرێژیکار پیاوی رژێم بێ یان نا، گرنگ لەو ناوەندەدا ژنێک سووکایەتی پێکراوە، ژنێک مافی پێشێل کراوە و لە جیاتی ئەوەی وەک مرۆڤ ببینرێت، وەک شەرەف بینراوە.

مەرگی فەریناز مەرگێکی تراژیدی بوو، بەڵام هێندەی پیاوان لایەنە شەرەفەکەیان دیت و هاتنە سەرجادەکان، هێندە لایەنە مرۆییەکەی ئەو رووداوەیان وەک بێ مافکردنی ژنێک نەدیت. بەڵکو وەک سەودا و مامەڵەی رژێم و کچێکی کوردی رۆژهەڵات بینرا.

با هەموومان لە بەرامبەر هەر بێ مافکردنێکی ژناندا دەنگ هەڵبڕین، با لە پشت ئەو فەرینازەوە، فەرینازەکانی دیکە ببینین و بە ئامانجە مرۆیی و مەدەنیەکانمان بگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

---

## هەرگیز یەکسان نین، تەنانەت لەمەرگیشدا



**سەبری بەهمەنی**

هەواڵەکە کورت بوو. کچێک بۆ پاراستنی خۆی لەدەستدرێژی خاوەنکار لەنهۆمی چوارەمی هوتێلێک خۆی فڕێدایە خوارەوەو گیانی لەدەستدا. گەرچی هەواڵێکی یەک رەستەییە، بەڵام بەقەت بارستایی هەموو توندووتیژیەکانی سەر ژنان قورسایی لەخۆ گرتووەو وشە بەوشەی هەڵگری ئازاری چەوساندنەوەی ژنانە.

ژنان قوربانیانی بەردەوامی شێوازە جوراوجۆرەکانی توندوتیژین لەکۆمەڵگای پیاوسالاری پشت بەستوو بەئایینو نەریتدا. ئەوان نەک تەنیا لەبنەماڵە بەڵکوو لەشەقامو کۆڵانەکان، لەشوێنی کارو خوێندنگەکانیش ئەمنیەتیان نیەو هەرگیز دڵەڕاوکێ دەستبەرداری ژیانیان نابێت. لەکۆمەڵگایەک کە هەژاریو بێکاری لەرادەبەر بەرۆکی بەتاکەکانی کۆمەڵگا گرتووەو خەسارە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر لەهەر کاتێک پەرەی سەندووە بێ گومان ژنان زۆرترین گوشاری ئابووریو کۆمەڵایەتیان لەسەرەو نووکی تیژی گرفتەکان ژنانی گرتووەتە نیشانە. تا ئەو رادەیە کە بەئاسانی خاوەنکار بەمافی خۆی بزانێت مامەڵە بەجەستەی ژنانی کرێکارەوە بکاتو نەک تەنیا خاوەنی کاریان بێت، بەڵکو خۆشی بەخاوەنی روحو جەستەی ژنانی کرێکار دابنێت.

رۆژانە هەواڵی جیاواز دەبیستین لەسەر کوشتنو خۆکوژیەکان بەڵام کاتێک هۆکارەکانی شەنو کەو دەکەین لەپاڵ هۆکارە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان دیسان دینەوە سەر رۆڵی ئایین لەشکڵ گرتنی نورمە کۆمەڵایەتیەکانو لێکدانەوە ئایینیەکان بۆ ژیانی رۆژانەمان لەسێبەری یاسایەکی ئایینی. ئەگەر بە پشت بەستن بەکۆمەڵگایەکی خۆپارێزو خۆبوێر لەراستیەکاندا نەبێت چۆن دەکرێت ژیان ببێتە تراژدیای مەرگ. چۆن دەکرێت بەئاسانی دەست بۆ هەموو بەها ئینسانیەکان ببرێتو رێڕەوی ژیانی فەریناز، وەک ژنێک، وەک مرۆڤێک هەڵتەکێت بەڵام جیهانی ئێمەو خەونەکانمان هەڵنەتەکێنێ.

پیاوی خاوەنکار، پیاوی دەسەڵاتدار بەپشتبەستن بەدەسەڵاتێکی ئایینیو دژ بەژن نەبێت چۆن دەتوانێتو دەوێرێت کردەوەیەکی وا

ئەنجام بدات. دڵنیام ئەو کاتەی تواشای جەستەی فەرینازی کردووە کە لەنێوان ئاسمانو ئەرز ساتەکانی کۆتایی دەپێوا خەیاڵی لای ئەو وشەو رەستانە بووە کە هەمیشە ژنانیان پێی تاوانبار کردووەو یاساو رێساکانیش مۆری ئەرێنیان لەسەر داناوەو پیاوان دەرباز بوون لە سزا.

نابیستن پیاوێک لەبەر ئەوەی دەستدریژی کراوەتە سەری خۆی بکوژێت، پیاوێک بەهۆی توندووتیژی ژنەکەیەوە ئاگر لەجەستەی خۆی بەر بدا، پیاوێک لەشوێنی کارو لەلایەن خاوەن کارەوە هەوڵی دەستدرێژی کردنە سەری بدرێت، تیزاب بەدەمو چاویاندا بڕژێننو لەژێر ناوی پاراستنی شەرەف بکوژرێن. زۆر هەواڵی دیکە هەیە هەرگیز لەسەر پیاوان نابیستین بەڵام ژنان ئەکتەری سەرەکیو قوربانی یەکەمی ئەم چەشنە هەواڵو رووداوانەن.

کاتێک بۆ یەک چرکە بیری لێبکەینەوە خەیاڵ کەمەندکێشمان دەکات بۆ هەموو ئەو کاتو ساتانەی فەریناز پێدا تێپەڕ بووە. کە نەیوێراوە باسی گوشاری خاوەنکار بکاتو هیچ فریادرەسێک نەبووە هانای بۆ ببات چەند نائومێدانە بەڵام ئازایانە بڕیارێکی وەهای داوە. دڵنیام لەو کاتەدا هەنگاوەکانی دوا چرکەکانی ژیانی دەژمارد خەیاڵی لای هەموو ئەو ژنانە بووە کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قوربانیان توندووتیژین. خەیاڵی لای ئەوانەی بووە کە پێشتر لەو ئەم چرکەساتە بێ کۆتاییانەیان ئەزموون کردووەو ئەو هەواڵی بەسەرهاتیانی بیستووەو هەرگیز بە خەیاڵیشیدا نەهاتووە بە چارەنووسی ئەواندا تێپەڕێت.

ئاخۆ چەندجار بەدەم هەڵاتنو گریانەوە خەونو ئاواتە بەدینەهاتووەکانی هاتبێتە پێش چاو. ئاخۆ چەند جار بە خۆی وتبێت ئایا ئەمەیە چارەنووسی من. بەڵام دڵنیام هێشتا خەمی ئەوەی بووە کە ئەو نەکرێتە تاوانبار لەم رووداوە تەنانەت پاش مردنیشی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - رێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

## فەریناز سمبوڵی ڕاپەڕینە ...



**ئاشنا عومەر**

فەریناز ئەو خانمەیە لەرۆژهەڵات و لەشاری مەهاباد، قبوڵی ئەوەی نەکرد دەستدرێژی بکرێتە سەرو ژیانی خۆی بەخشییە سەربەرز مانەوەی. مەرگی بووە هۆکاری تەقینەوەی رقی خەڵکی مەهاباد، بەرانبەر بەدەسەڵاتی ئەو وڵاتە، و ئێستاش کورد لەهەموو جێیەکی وڵات و جیهان وەک ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەریان بەدەنگ دێن و پشتیوانی لەمەهاباد دەکەن. بەڵام، دەبێ بپرسین بۆچی رقی شارێک دەتەقێتەوە بەرانبەر بەکوشتنی ژنێک؟ ئایا مەسەلە ئەوەیە کەغەدر قبوڵ ناکەن کوشتنی بەناهەقی مرۆڤ قبوڵ ناکەن؟ من پێموا نییە، چونکە ئەوەتا رۆژانە گەنجەکانمان لەو وڵاتە لەسێدارە دەدرێن بەناهەق و راپەڕین و هەستان روو نادات لەسەریان. من وای دەبینم، بەشێکی زۆری هەستانی خەڵک بۆ مەسەلەی شەرەف و گەورەیی مانای تەعدا، دەستدرێژی دەگەڕێتەوە لەناوماندا، ئەمەش دیسان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە. مەبەستم نییە لەئازایەتی گەنجانی راپەڕیوو کەم بکەمەوە، لەوە جوامێرییەیان کەم بکەمەوە کەبەرانبەر توندترین دەسەڵات لەجیهاندا وەستاونەتەوە، لەکاتێکدا لەبەشی تری وڵات رووداوی تەعداکردن لەژنان هەبووە، بەبەرچاوی خەڵکی شارێکەوە کراوەو کەسێکیش غیرەتی ئینسان بوونی نەجوڵاوە رێگای بگرێت.

ناشمەوێ لێرەدا باسی لایەنی نێگەتیڤ بکەم، کە ئەویش قسە هەڵدەگرێ، بەڵام مادام مردنی فەریناز، بووەتە هۆی راپەڕین و هەستانی شارێک و میللەتێک، دەکرێ ئێمە کار لەسەر لایەنە پۆزەتیڤەکان بکەین، پشتیوان بین بۆ خەڵکی ئەو بەشەی وڵات، لەگەڵ ئەوان هاوار بکەین بۆ ئازادی ئەو بەشەی وڵات، هاوکاریان بین، لەگەڵیان بین. من شانازی بەوە دەکەم، ژنێک بەو شێوەیە بێت و ئەوەندە سەربەرز بمرێ، بەڵام دەبێ چۆن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، مردنی ژنێکی سەربەرز دەکەنە هەنگاوێک بۆ قسەکردن



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر ئازادییەکانیان، بۆ سنور دانان بەو هەموو بێحورمەتیەی بەخەڵکی ئەو وڵاتەوە دەکرێت، ئێمەش لەباشوری کوردستان، لەگەڵ پشتیوانیمان لەرۆژهەڵات، ئەم پرسە بەکار بهێنین بۆ کولانەوەی برینە کۆنەکانی ژنی کورد لەم بەشەدا، بۆ ئەوەی لەجێی سڕکردنی ئەو برینانە، هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین. با ئێمە ئەمە بکەینە دەرفەتێک بۆ پرسیار کردن لەخۆمان، ئاخۆ چەند ژنی هەڵگری هەمان گرفتی فەریناز لەم وڵاتەی ئێمەدا هەبن؟ کە بەرۆژی روناک تەعدایان لێ بکرێت، بەڵام ژیان و گوزەران و زۆر شت، دەرفەتی ئازایەتی فەرینازی لێ سەندبن؟ ناڵێم دەبێ ئازایی فەریناز بۆ خۆکوژی بکرێتە نمونەو ژنان چاوی لێ بکەن، بەڵام دەپرسم ئایا رێکخراوەکانی ژنان چەند لێکۆڵینەوەیان لەوبارەوە کردووە، تا ئەنجامەکەی بەئاشکرا لەم سەردەمی سۆسیال مدیاو کاریگەری میدیادا، بەکۆمەڵگە بگەیەنن و کۆمەڵگەکەیانی لێ ئاگاداربکەنەوە، لەپێناو بنەبڕکردنی ئەو دیاردانە؟ دەپرسم ئایا بۆچی تا ئێستا لێکۆڵینەوەو راپرسییەک نییە، کە گرنگی بەوە بدات، بۆچی لەهۆتێلەکان بۆ وەرگرتنی ژنان کەکار بکەن، گرنگی بەجوانی کارمەند دەدەن، نەک ویستی کار و بڕوانامەی کار ؟ ئایا ئامادەکردنیان بۆ پەلاماردان، یان بەکارهێنانی جوانییەکانیان نییە بۆ شتی تر؟ دەپرسم بۆچی راگەیاندنەکان گرنگی بەروخسار دەدەن لەوەرگرتنی ژندا، بۆچی هەر کارێک ژن بچێ پێش توانا سەیری جوانییەکەی دەکرێ، ئایا ئەوە یەکەم هەنگاوی بەفەرینازکردنیان نییە؟ ئەی بۆچی تا ئێستا راپرسییەک نەکراوە لەسەر ئەوەی ئەو جوانە هەڵبژێردراوانە، تاچەند رووبەڕووی هەوڵی ئیستغلالکردن بونەتەوە؟ تاچەند هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەریان دراوە؟ چی ناچاری بێدەنگی کردوون ؟ ئایا دەبێ ئێمە ئەوکارانە کاتێک بکەین کە فەرینازەکانمان خۆیان دەکوژن؟ تا کوشتنەکەیان بەکار بێنین بۆ تەقینەوەی رقی تری خۆمان، یان دەبێ بەر لەرووداو بیر لەهۆکارەکانی رووداو بکەینەوەو پێشی پێ بگرین . بەهیوای پاراستنی فەرینازەکان. بەهیوام چۆن رۆژهەکاتییەکان مەرگی فەریناز دەکەنە هەوێنی وەستانەوە بەڕووی بێدادی و ئەو بێ حورمەتییەی پێیان دەکرێت، باشوریش مەرگ و رۆحی فەریناز بکاتە هەوێنی کارکردن بۆ رێگری لەدەستدرێژی بۆ سەر کچان و ژنان لەجێگاکانی کارکردن.

سڵاو لەئازایەتی فەریناز، سڵاو لەگەنجان و خەڵکی بەورەی رۆژهەڵات

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ١٤ی مەی ٢٠١٥

## بزووتنەوەی مەدەنی - خەباتی شار



**جیهان کەرەمی**

دیاره نەتەوەیەکی بن دەست کە بە دوای دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆیەتی، دەبێ لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خۆی و وەگەڕخستنی گڕی خەبات کەڵک وەرگرێ.

مەرگی گوماناوی "فەریناز خوسرەوانی" رووداوێکی دڵتەزێن بوو کە چەخماغی لە رقی پەنگ خواردووی خەڵکی مەهاباد دا و وەک زۆربەی شۆڕشەکان کوت و پڕ دەستی پێ کرد و هێندێک شتی خوازراو و نەخوازراوی لێکەوتەوە و دوا لەرزەکانی ئەو بوومە لەرزەیە ئێستاش زۆر شوێن و بە تایبەت فەزای مەجازی دەلەرزێنێتەوە.

یەکێک لە و رووداوانەی کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی خەڵک لە بەر دەم هۆتێل تارا واتا شوێنی رووداوەکە قەوما، ئاگر دانی هۆتێلەکە بوو کە بوو بە هۆی سازبوونی دوو روانگە کە یەکیان وەها کاریکی بە شیاو و رەوا دەزانێ و پێی وایە کە ئەوە شوێنێکی سەر بە دەسەڵات و مەکۆی چێ کردنی پلانەکانی دەسەڵاتە و روانگەی تر کە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سووتاندنی هۆتێل وەک کارێکی بە پەلە و توند و تیژانە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتی زیاتر و بەهانە بۆ لەمپەرخستنی سەر پێشکەوتنی ئابووری شار لە لایان دەسەڵاتەوە.

جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە دەچێتەوە سەر دوو شیوە بۆچوون بۆ خەبات و شێوەکانی شوێندانەری شۆڕش. بۆچوونی یەکەم پێی وایە کە خەباتی مەدەنی لە گەڵ رێژیمێکی درەندەی وەک کۆماری ئیسلامی رێگەچارەیەکی شیاو نیە و ناتوانێ بگاتە ئاکامێکی ئەوتۆ. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کە زیاتر لە دەرەوەی وڵات و لە نێو حیزبەکان دا هەڵسوورن، باوەڕیان بە توند و تیژی و خەباتێکی

ئاگرین و بێ بەزەییانە هەیە. روانگەی دووهەم کە قایل بە خەباتێکی نەرم و درێژخایەن بە کەمترین تێچوویە و ئەبزاری نەرم و کاناڵی مەدەنی وەک باشترین کەرەسە دەزانێ.

لە دوای رووداوی هۆتێل تارا ئەو دوو بۆچوونە تێک ئالقان و بە تایبەت ئەو کەسانەی سەر بە بۆچوونی رادیکاڵ و توند و تیژ بوونی شۆرش، بە شێوەیەکی ناحەز و نابەرپرسیارانە هەلیانکووتا سەر لایەنگرانی خەباتی مەدەنی و ئەو کەسانەی کە وا لە ئاست توند و تیژیەکانی دوای رووداوەکە رەخنەیان هەبوو. لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە گۆرێ کە ئایا بە راستی ئەو دوو بۆچوونە دژی یەکترن؟ یا بە پێچەوانە تەواوکەر و پاڵپشتی یەکتر؟

ئەگەر چاوخشاندنێکمان بە مێژووی خەباتی وڵاتانی تر دا هەبێ، بەو ئاکامە دەگەین کە خەباتی مەدەنی دەتوانێ تەواوکەر و پاڵپشتی خەباتی سیاسی و نیزامی بێ و لە زۆر جێ کە مەجاڵ و دەرفەت بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری بوونی نیە، خەباتی مەدەنی و چالاکانی مەدەنی دەتوانن ژێلەمۆی ئاگری شۆرشی تەواوکەر زیندوو راگرن.

بە داخەوە رووداوەکانی ئەو چەند رۆژە نیشانی دا کە جگە لە لەوەی کە هیچ پردێکی پێوەندی لە نێوان ئەو دوو شێوە روانین و جۆری خەباتە نیە، بەلکوو زۆر بە ئاسانی دەتوانن تێک ئالقێن و لە بەرامبەر یەکتر راوەستن؛ لە حالێکدا کە ئەوە یەکێک لەو دەرفەتانە بوو کە دەکرا ئالقەیەکی پێوەندی لە نێوان ئەو دوو روانگەیە و تەنانەت بە قەولێک خەباتی شار و شاخ دا ساز کرێ.

نابێ لە بیر کەین کە ئێمەی کورد بە هۆی بەرگری و بەرخۆدانی درێژخایەنمان لە بەرامبەر یەکێک لە درەندەترین و لاسارترین رێژیمەکانی دنیا، هەموو کات لە مەترسی سەرکوت و هێرشی نیزامی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری داین و بۆ مانەوە و بەرگری نیازمان بە شۆرش و بۆ بەرەوپێش بردنی شۆرشیش نیازمان بە پێوەندی شار و شاخ، ژوورەوە و دەرەوە، رووناکبیر و شۆرشگێر هەیە.

بەرچەسب لێدان و رووخاندنی کەسایەتیە رووناکبیرەکان و خەباتکارانی مەدەنی، لە حالێکدا کە لە نێو وڵات دا و لە بن ددانی گورگ دا، دڵسوزانە خەریکی چالاکین، خەساری زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە کە کەلێن تێکەوتن و لێک دابرانی هەرچی زیاتری شار و شاخ و دەرەوە و ژوورەوە، تەنیا یەکێک لەوانە.

لە بیرمان نەچی کە بەشێک لەو کەسانەی کە هێستا لە دەرەوە و لە نێو حیزبەکان دا خەبات دەکەن، زەمانێک لە نێو گۆڤارەکان، بزووتنەوە خوێندکاریەکان، بزووتنەوە پیشەییەکان، ئەنجوومەنە ئەدەبیەکان و ... دا هەلسوور و خەباتکار بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## شایه‌ته ده‌ست پاکه‌کانی کاره‌سات



**مه‌نسوور ته‌یفووری**

وێنه‌که دابڕێژینه‌وه: ئیتلاعاتییه‌ک هێزی خۆی به‌کار دێنێت که دستدرێژی بکات. قوربانی و جه‌للاد رووبه‌ڕووی یه‌ک وه‌ستاون، شایه‌تیش ته‌نیا یه‌ک که‌سه، خاوه‌نکار، خاوه‌نی سه‌رمایه. ئه‌مه گشتیترین وێنایه که بتوانین بیکێشینه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بکرێ توخمه‌کانی دیکه‌ی هه‌ناوی دیمه‌نه‌که وێنه بکێشین.

سانایه، هێرشه‌که به‌رده‌وامه، قوربانی ته‌نیا یه‌ک رێگه‌ی هه‌یه: ته‌سلیم بێت.

ئه‌گه‌ریش حه‌زی نه‌کردبێت که ده‌ستدرێژی بکرێته سه‌ر، ئه‌وه ده‌توانێت خۆی به ده‌سته‌وه بدات و سبه‌ینێش رۆژی خودایه، سبه‌ی ئه‌وه رێکخراوه‌کانی مافی مرۆڤ هه‌ن، سبه‌ی ریفۆرمیسته‌کان هه‌ن، سبه‌ی قانوون هه‌یه، سبه‌ی دادگا هه‌یه و ئه‌و ده‌توانێت بچێت و شکایه‌ت بکات و مافی خۆی پێبدرێت.

لێمان تێکنه‌چێت، ئه‌مانه پێشنیاری به‌ره‌یه‌که‌ی هاوبه‌شه، تێکه‌ڵه‌یه‌ک له ریفۆرمیسته‌کان، ئیسلامیسته‌کان و لایه‌نگرانی خه‌باتی بێ توندوتیژی، ئه‌مه وه‌ڵامی یه‌ک به‌ره بوو به ئه‌و کچه‌ی که رێگه‌یه‌کی دیکه‌ی له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌م هاوکێشه‌ی جه‌للاد/قوربانی کرده‌وه.

"قوربانی"، به‌ڵام رێگه‌یه‌کی دیکه هه‌ڵده‌بژێرێت. ئه‌و ده‌زانێت که رێگه‌ی ریفۆرمیسته ده‌ست پاکه‌کان و رێگه‌ی دادگا له یه‌ک قانوونه‌وه دێن، ئه‌و نه ژیان به هه‌ر مانایه‌ک، به‌ڵکوو ژیانی مانداری هه‌ڵده‌بژێرێت، ئه‌و ده‌زانێت که جێگه‌یه‌ک هه‌یه و ده‌بێ هه‌بێت که "قانوون" پێی ناگات و نابێ بخرێته چوارچێوه‌ی قانوونه‌وه. ئه‌و رێگه‌یه‌کی دیکه ده‌کاته‌وه، که نه رێگه‌ی مه‌ئمووره‌که‌یه و نه رێگه‌ی ئه‌م "مدنی" یانه، نه رێگه‌ی "قازی" و"دادگاچی"یه‌کانه و نه رێگه‌ی ته‌سلیمه: دۆزینه‌وه‌ی رێگه‌یه‌ک به قیمه‌تی ریسکی

تەنانەت گیانیش، بۆ ئەوەی شتێک هەیە لە ژیانی رووت زیاترە، ئەوەی کە ژیانێک مانادار دەکات، ئەوانەی ڕۆژانە لە زوڵم ڕادەپەڕن، ئەوانەی ڕۆژانە لە ستەم بێزار و بێتاقەت دەبن و دەزانن یاسای زۆرداران و ستەمکاران هیچ رەواییەکی نییە لەمە تێدەگەن، ئەمە نەریتی چەوساوانە بە درێژایی مێژووی سەرکوت، بۆ تێگەییشتن لەم ستەمەش هەر تەنیا ئەوەندەی "مرۆڤ" بیت بەسە، پێویست ناکات "زانا"یەکی تایبەت و "مەدرەک"ێکی تایبەت و تیترێکی تایبەتت هەبێت بۆ ئەوە لە ستەم تێبگەیت یان تێگەییشتنەکەت ڕەوایی هەبێت. ئەوانەی بۆ ئەم تێگەییشتنەو هەست بە ستەم کردنەوە داوای "بەڵگە" لە چەوساوان دەکەن، دیارە لەم دیمەنەی سەرەوەدا لە کام بەرەدا وەستاون – بۆیان دەگەڕێینەوە.

بەڵام لایەنێکی سێهەمیش لێرەدا هەیە: خاوەنکار.

ئەو ئاگادرای ئەمە بێت یان نا نوینەرایەتی کێ دەکات، نوێنەرایەتیی ڕوونی کام چین و دەستە دەکات لە کۆمەڵگای کوردستان؟

روونتر بڵێین: کام چین و دەستەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ حاکمیەت تێکەڵن و نانی لەگەڵ دەخۆن؟

کێن کە بەرژەوەندیەکانیان بە دروستکردنی جۆرێک پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە دەستەبەر دەبێت؟ ئەم کابرا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی لەم ڕووداوە تایبەتەدا هەبێت یان نا، لەم دیمەنەدا نوێنەرایەتی چینێک دەکات لە کوردستان کە کاری شایەتبوونە، کاری ڕێگە خۆشکردنە، کاری فارس وتەنی "پااندازی" و کارئاسانییە بۆ دەسەڵات و بە تایبەت لە هەندێ ئاستدا بۆ دەزگا ئاسایشی و ئەمنیەتیەکان کە خۆیان زیاتر پتەو و جێگیر بکەن. تێکنۆکرات و خوێنەوارانی سەر بەم چینە لەگەڵ کابرای شایەت و کاربەدەستانی ئەمنیەتیدا بەڵام دوو شت مەمنووع دەکەن: خۆکوشتن و هاوکات هەرچەشنە ناڕەزاییەک کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەوان نەیەتەوە.

بۆ ئەوان خۆکوشتنیش مەمنووعە و ئەمە نیشانەی بێ بڕواییە بە "قانوون" و دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە، چونکوو "ڕیفۆرمیستی" نییە و "لەدەرەوەی" قانوونەوەیە. بەڵام لای ئەمان هاوکات شتێکی دیکەش هەیە کە زۆر مەمنووعترە: "خەڵک".

خەڵک لای ئەمان تەنیا یەک کاری هەیە : دەنگ بدات، جا دەنگ بدات بە شووڕای شار یان بە مەجلیس یان بە سەرۆکایەتیی کۆمار. خەڵک لە دەرەوەی ئەمەوە نایاساییە، هەرچی بکات ناڕەوایە و توندوتیژە. ئەمەشە نوێنەرانی ئەم چینە هاوکاتی دەزگا ئەمنیەتیەکان هاتوهاوارییانە کە: " بوودجە" دەگەڕێتەوە ئەگەر خەڵک بێتە سەر جادە. دیارە ئەوان لە شێوەی جۆراوجۆردا قسەکانی خۆیان رەنگ دەکەن، بەڵام کۆی باسەکەیان هەر لەم روانگە ئابووریە رووتەدا زیاتر رەنگ دەداتەوە. بەڵام کارەکە لێرەدا تەواو نابێت. پرسیاری ڕاستەقینەتر ئەوەیە کە: ئەو بوودجانەی ئەوان باسی دەکەن بۆ کێیە؟ بە قازانجی کێیە؟ دەچێتە گیرفانی کێوە؟

سەیرکردێکی ئاسایی بۆ نموونە بازاڕی زەمین و مڵک لە شارێک هەرە بچووکی کوردستان نیشاندەدات ئەم بودجانە دەستی کێ

دەکەوێت و لە ئەگەری نەمانی ئەم بوودجانەدا کێ زەرە دەکات. ئەم بازاڕەی مڵک بە دەستی هەندێ باندەوەیە کە توانای ئەوەیان هەیە نرخی مڵک تا دوای تاران ببەن، توانای ئەوەیان هەیە خۆیان نرخێک لە سەقز دیاری بکەن کە شان لە شانی تاران بدات و ئەمەش ناو بنێن: "پەرەسەندن و گەشە". ئەم باندانە بەڵام لە دواییدا کاریان چییە؟ بگەڕێینەوە بۆ دیمەنەکەی یەکەم، بۆ دیمەنی رووبەروبوونەوەی قوربانی جەلادەکە. با بپرسین ئایا بە هاتنی بودجەکانی ئەوان، قوربانیەکان رزگاریان دەبێت، ئایا ژیانیان دەگۆڕێت؟ یان ئەوەی دەگۆڕێت ژمارەی ئوتێلەکانی ئەم "مەدەنی"یانە و ژمارەی پرۆژەکانی "بساز بفروش" و ژمارەی "وام" تایبەتەکانی ئەوانە کە زیاتر دەکات.

لێرەوەش دەتوانین بە روونی ببینین کە چۆن ئەم چینە بیەوێ و نەیەوێت دەستی لەگەڵ حاکمیەت تێکەڵە. خۆشتریش ئەوەیە کاتی بەرخۆدانی یەکەمی خەڵکی کوردستان، قسەکانی ئەم کەسانە لە زمانی "بەنی سەدر" ەوە دەربڕا کە دەیگوت: "کوردستان چی دەوێت، خۆ ئێمە ماڵیاتیان لێ ناسەنین؟ و هتد". بێگومان ئەو گەرووی ئەم کەسانەی ئێستە بوو، هەرچۆن ئەمان ئیستە دەستی نادیاری سیستم و زمانی نادیاری سیستمن.

ئەو دیمەنەی یەکەم نیشاندەدات کێ لە کام بەرەدا وەستاوە و کێ بەرژەوەندیەکانی لە کوێیە و مانای "خەڵک" چییە و پیوەندیی ئەم چەمکە لەگەڵ "بێبەشان" روونتر ببێتەوە. وامان لێدەکات روونتر ببینین لە ئەگەری هەر روداوێک و هەر چەشنە سەرهەڵدانێکی "خەڵک" دا لە دەرەوەی یاساکان – کە پارێزەری بەرژەوەندیی ئەم چینەن لە رۆژهەڵاتی کوردستان- ئەم چینە بوودجە پەرستە کام بەرە هەڵدەبژێرێت.

بەڵام گەرووی ئەم چینە زمانی دیکەی دەربڕینیشی هەیە. ئەم رۆژانە خوێندمانەوە کە ئەو ناڕەزاییەی لە مەهاباد نوێنرا، بەرهەمی هەڵچوون و هەژان بووە بە " هەواڵ". لەم گوتەدا هەر ئەم دەستەیە دەیانەوێت "خەڵک" ئیجازە بگرێت بۆ ئەوەی توورە بێت، بۆ ئەوەی بۆی هەبێت هەست بە ستەم بکات و شێوەی خۆی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی ستەم بدۆزێتەوە. ئەم دەستە بە هەر سیاسەتێکی خەڵکی دەڵێت هەڵچوون، چونکوو ئەو لە دواییدا دەیەوێت هیچ نەکرێت بۆ ئەوەی "کاسبی" یەکەی ئەو تێکنەچێت. ئەم چینە "زانایی" بێ مەدرەکی خەڵک بە زانایی نازانێت و لای وانییە ئەوان دەتوانن هەست بە ستەم بکەن و بیناسنەوە و بۆ ئەم کارە دەبێ "نوخبە" رێبەری بێت، نوخبەیەک کە شەرعیەتی "زانین" ەکەی خۆی لە سیستم وەردەگرێت و ئەوە سیستمە بودجە بۆ زانینەکەی ئەم تەرخان دەکات.

روویەکی دیکەی ئەم گوتارە بەڵام روانگەیەکی رووکەشییە کە دەپرسێت بۆ ناڕەزاییەکان ژنی تیا نییە؟ ئەم گوتارە مویتەزەلەیە کە دیسان لە سیاسەت بەشی خۆی دەوێت و ئەمجارە ئەم بەشە بە پێی سێکسە. ئەم گوتارە بەڵام گەر تا دوا رادەی خۆی درێژە بدرێت دەبێتە ئەوەی کە " سێکس" بنچینەی خەبات و سیاسەت بێت، نەک سیاسەتی رزگاریدەر و ئیدەی هاوبەش، ئەم روانگە لە دواییدا ئەوەی لە بیریدەکات ئەوەیە کە سیاسەت ناتوانێ بە پێی " سێکس" دامەزرێت.

سەبارەت بەم چینە نوێزادە، رستەیەکی فرانتس نۆیمان(؟) هەیە کە رەنگە باش پێوەندیی ئەمان و ئەمنیەتیەکان روونبکاتەوە: "لە شەڕخوازاندا بەهرەیەک هەیە بۆ گۆڕان بۆ سەرمایەدار و لە سەرمایەدارانیشدا بە پێچەوانەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## کورد و ناموس....بۆ شۆرشگێرە درۆزنەکان



**شێروان حوسێن لەبەرواری**

دیسان لەم رۆژانە کەوتینەوە بەر گازاندەی لۆمەکاران، دیسان ددانەکانمان لێک قرساندەوە، چوینەوە ناو قاڵبەکەی جاران، ئەو کاتانەی کە مرۆڤی کورد هەولە پچڕاو و سڵ لێکراوەکانی خۆی بۆ سەرفرازی و سەربەستی شکست دەهێنێ، دەگەرێ بە دوای تاوانبارێک بۆ ئەوەی خۆی بە خاوێنی لێ بێنێتەدەر و رووی خۆی لە کارەساتەکان و نەگبەتی و نەهامەتی و بێ عەقلییەکانی خۆی بە چارۆگەی یەکێکی تر بسرێتەوە. لەم رۆژانە دیسان کەوتینەوە ناو رووداوێکی خەمناک و پر مەترسیدار لە مەهاباد. خەمناکە لە بەرئەوەی رووی پڕ خەندەی کچێکی خوێندەوار و مێرد منداڵ و نەوەیەکی خەم هەلگری بازووهەلکردووی دوارۆژی ئەم کۆمەڵگایە کەوتە بەر لێستنەوەی زمانی لێسەرێکی پیس و چڵپن. لە رووی ئەم ئافرەتە و لە کارەساتەکەی پەرتوکێکی پڕاوپڕ لە لەزمەی شەرم و پەڵەی کۆمەلگایەکی بە درێژایی هەزار سال عەییبدارمان وەبیردێتەوە. هەموو کاتێک پیرۆزیەکانی مرۆڤ ناکرێ بکرێتە سنگی مەحەک بۆ دەستەوتەکان و تەماحە بەرنامەکراوەکانی بە ناو سیاسەتمەداران و بازرگانەکانی شۆرشە درزۆناویەکەی شۆرشگێرە درۆزنەکان. لەم رۆژانە هەر لە کانگای بەسەرهاتەکەو کات و ساتی رۆحدانەکەی جەستەی ئەم کچە گولاوینە لێو سوورە گول خەشخاشە، هەندێ پارۆلەی نایڤو بێ سەروبن کەوتنە ناو بازاری فەیسبووک و ماڵپەڕە هەرزانباییەکانی میدیای کوردی نەگبەت کە باس لە ناموس و مۆڕاڵی دۆڕاوی کورد دەکەن و تەپڵ و کەڕەنای مێشک هەڵدری ناموس و حەیاو ئابرووی کورد لێ دەدەن کە بە دەست فارس و ئێرانی و پیاوە گورگنە تووکاویەکانی ئاخوندە دەکرێ. کوردیش ناهێلێ ئەم ناموسە ئەتک بکرێ و بۆیەکە خەلکی شاری مەهاباد بە دوای ناموسە ئەتک کراوەکان دا دەگەرێن و هەڵدەگەرێنەوە. دیسان هەڵەی مرۆڤی کورد کەوتەوە بەرچاومان و بێ ئەوەی فێرببێ لە رابوردوو. ئازاری گەلێک و چەوسانەوەی ئاوا قووڵ وجەرگ بڕ دەهێننەوە ناوگەڵی ئافرەت و کێشەی کۆمەلگەیەکی

برینداری بێ هەموو هەقێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و کلتوری و چارەنوسی، تەنهاو تەنها دەهێننەوە ناو گەل و ناموس. لە وولاتان و کەلتورانی جیهان،مۆڕاڵ و ناموس هەموو پێناسەیەکی تری هەیە، لەوەی پەیوەندی هەبێ بە ناوگەڵ. ئەمەیە کە کۆمەلگەیەک نەزانێ چی دەوێ؟ بۆ چی دەژی و چی شتێ لەم گەردوونە چاوەروانی دەکات کاتێک کە بەرنامەی بۆ ژیان نەبوو؟ مانای ژیانی نەزانی و پێکدادانی سیراعەکانی هەبوونی و نەبوونی لای گرنگ نەبوون و پێناسەکانی ناموس و مۆڕاڵ و سەرفرازی و سەربەستی و خاک و نەتوە لای بە مەشاعیر و هەستی سک پێناسە کرد، نەک بە ووزەی دەماغ و مێشک. ئەوانە لەبیریان کرد چەندەها ژنی ئاوا ناسک و نازدار بە دەستی کورد خۆی هانتە کوشتن و سوتان و ئەتک کردن. ئەی کە باسی ژنکوژەکان دەکرا، لە کوێ بوون؟ هەر لەپارچەی کوردستانی باشورت لە ٢٤ سالی رابوردوو سەدەها ژن گیانیان لە دەست دا بە دەستی کورد، لە کوێ بوون؟ بۆ ئەی ئەوان ناموسی کورد نین کە بە دەستی کورد ئەتک کران. بانێکەو دووهەوایە ئیستا دێیتە دەنگ و ئەوکات نا. ئیستا پەلاماری رژێمێک دەدەتیت و ئەوکات نا، ئێستا پارۆلەکانت بەرز دەکەیتەوەو ئەوکات نا. ئەمە کارەساتە کە مرۆڤی کورد ناموسی میللەتێکی حەق خوراو و زەوتکراو لەناو گەلی ئافرەت دا دەبینێتەوە. نیشانەی دواکەوتووی و بەخۆنەزانینە کاتێک ئەم هەموو خوێن رژتن و قوربانیدانە لە خۆتدا حەشاربدەیت و نەیخەیتە ناو چوارچیوەی پرۆگرامێکی نەتەوەیی و دارێژراو، بەلکو راوەستی تا هەموو ٥٠ سالێ فونکێک لە ناو گەلێکدا بێتە دەر و تۆش بە هێستریای خەلک و هەلەو قوربانیەکانی، لە سەرشانەکان سەرکەویتەوە . ئەم میللەتە دەبا ئەوکات بێتەدەر کە خوێنی دکتۆر قاسملۆیان رژت و جەستەیان بە ٣٨ گولە خەڵتانی خوێن کردو لەسەر مافووری میوانداری کردنی ئاخوندەکان، لە هەوڵی گفتووگۆی ئاشتیخوازانەی ئەم کەلەپیاوە. یان دوای ماوەیەکی کورتی تر کوشتنی شەرەفکەندی جێگری دکتۆر قاسملۆ و سکرتێری دیموکرات، یان بە دارەوەکردن و هەلواسینی شۆرشگێرانی گەل لە رۆرژهەلات، ئەی ئەوکات لە کوێ بوون، ئەم ناموسە بگێڕنەوە؟ یان ئەوانە لاتان ناموس نین، بەلکو شتی ترن. ئەم گەلە دەبێ لە پێناسەکان بگەرێ. کارەساتی فریناز خوسرەوانی کارەساتێکی کۆمەلایەتی و مۆڕالیە، چەوسانەوەی ئافرەتە لە لایەن مرۆڤی چاوبرسی و خاوەن کلتوری سیکسبازی و باوک سالاری و هیچی تر، جا ئەم مرۆڤە کورد زمان بێ یان زمانێکی تر زمان بێ. گرنگ ئەوەیە کە لە رۆژهەلاتی ناوەراستەو گیرۆدەی دەستی سیستەمێکی باوک سالاریەو لە شاری بێ ساحێبان دا دەژیت. ئەمەش کاری ئافرەتانە کە بێنە دەنگ و ئەم هەقە بستێننەوە و بپارێزن، تا ئافرەتان ئەم رۆڵە نەگرنە دەست لەکۆمەلگای من، نەک ئەمە بەلکو دەیەهای وەک ئەمە دووبارە دەبیتەوە. با هیچی تر شۆرشگێڕە درۆزنەکان نان نەخۆن بەم دیاردانەو کۆمەلگاش چەوواشە نەکەن زیاتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەیەک، بۆ مافخوازی یان بێدەنگی؟!



**ئاوارە وڵات**

مەرگی "فەریناز خوسرەوانی" و کاردانەوەی خەڵکی مەهاباد لە ئاست ئەو رووداوە، وێڕای پشتیوانی و هاوهەڵوێستیی ڕای گشتیی کورد و دەنگدانەوەی کۆی ئەمانە لە ئاژانسەکانی هەواڵی جیهاندا، سەرئەنجام بەرەی یەکگرتووی کوردیشی وەئاگا هێنایەوە و رۆژی ١٨ی بانەمەڕ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک، هەڵوێستی خۆی دەربڕی.

مشتومڕەکانی ئەم چەند رۆژەی خەڵکی کوردستان لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێک لێدوانی میدیایی، لەو ئاستەدا کە خۆپێشاندان بە کاردانەوەیەکی پێویست نەزانن و چاوەڕێی روونبوونەوە و ڕاگەیاندنی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامی بن، هانیدام لە قالبەندی "بەرەی یەکگرتووی کورد" و بەیاننامەکەیدا - کە ڕوانگە و لۆژیکی کاری بەڕێوەبەرانی بەڕێزی ئەو بەرەیە نیشان دەدات- رەخنە لەو جۆرە هزرین و تێڕوانینە بگرم.

سەرەتا لەمەوە دەست پێدەکەم کە ناوبردنی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد و سووتاندنی هۆتێل تارا(شوێنی روودانی تاوانەکە و تۆمەتباربوونی خاوەنی هۆتێلەکە بە تێوەگلان لە رووداوەکەوە) بە "سوءاستفادە عدە معدودی انسان غیر مسئول"، لە لایەن رێکخراوێکەوە کە خۆی بە داشداری مافەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لە "کردستان ایران" دەزانێت، جگە لە مەشرووعیەتدان بە سەرکوت، جگە لە بانگەوازیی بۆ بێدەنگی، ئەویش لە ژێر پەردەی پشتبەستن بە یاسا و لێکۆڵینەوەی دادگەدا، چ واتایەکی دیکەی هەیە؟

بەرەی یەکگرتووی کورد لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا و لەکاتێکدا پێشتر حوکمی نابەرپرسیاریی بۆ کۆمەڵێک لە خۆپێشاندەران

داوە، هیوای گەڕانەوەی ئارامی بۆ شارەکە دەخوازێت. بێ ئەوەی لەوە بکۆڵێتەوە کە ساڵانێکە زۆر بە وردی، چ پرۆسەیەکی رانتخۆریی سەرمایەپەرستی کۆمپرادۆری ناوچەکە و چ پرۆژەیەکی مارژینالیزەکردن، هەتککردن و موعتادکردنی هەڵوێست و شعوری کۆمەڵگای کوردی لە لایەن دامودەزگەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوەدەچێت و لە ئاکامیشدا چ "نائارامی"یەکی خوڵقاندووە. گەلۆ پێناسەی بەرەی یەکگرتووی کورد بۆ مەفهووم و چەمکی ئارامی و سەقامگیری چییە؟ ئایا ئارامی تەنها بریتییە لە دیالێکتیکی ئۆرگازمییانەی سەرمایە - بازاڕ - مشتەری، یان متمانە بەخشین بە هاووڵاتی لە ڕێی جێبەجێکردنی چەمکە مۆدێرنەکانی وەک مافی هاووڵاتی، دیموکراسی، یەکسانی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ....هتد؟ بە ڕای بەرەی یەکگرتوو، ئایا بەو هەموو نابەرابەری و هەڵاواردنە ئایینی و نەتەوەییەی لە کوردستان هەیە، دینامیزم و بەستێنی بەرقەراربوونی ئەو ئارامییە لەگۆڕێیە؟

دوایە، میکانیزمەکانی بەرقەراربوونی ئارامی چین؟ ئایا ئەمە تەنها ئەرکی دامودەزگەکانی دەسەڵاتە؟ ئایا بەشداریی هاووڵاتیی کورد لە پرۆسەی بەرقەرارکردنی ئارامیدا، واتا خۆ کڕ و کپ کردن یان پاسیڤیزە کردن و راگرتنی هەموو جۆرە چالاکییەکی مەدەنی و جەماوەری؟ ئەویش لە پێناو سەقامگیربوونی "ئارامییەکی درۆیین"دا لە سەر بەستێنێکی قەیراناوی پڕ لە ستەم و بێدادی؟!

مەبەست لە زەقکردنەوەی ئەو بابەتە کە گوایە؛ بڕیار بوو چەند رۆژیتر لە شاری مەهاباد کۆبوونەوەیەکی ئابووری ببەسترێت، چییە؟ ئەو روانگە سەرمایەگەرایانە چییە کە هەندێک چالاکی مەدەنی و سیاسیی رۆژهەڵات کردوویانە بە تەوەری قسە و بیرکردنەوەیان؟ ئایا بنەچەی پرسی کورد لە رۆژهەڵات، تەنها بۆ هەڵاواردنێکی ئابووری دەگەڕێتەوە و بە ڕاکێشانی سەرمایەی زیاتر و کپکردنی سەرمایە نەتەوەیی، مرۆیی و کەلتوورییەکانمان، پرۆسەی دابینکردنی مافەکانی کورد لە ئێران سەردەکەوێت و شتێکمان بە ناوی پرسی کورد نامێنێت؟

هەر بە گوێرەی داواکارییەکی دیکەی بەرەی یەکگرتووی کورد لەمەڕ "تمکین بە قانون و تأسی بە آن"، خۆپێشاندەران و خەڵکی ناڕازی بە پێوەری کام دەقی یاسایی دیموکراتیکی ئێران، متمانە بە مافیایەکی دەوڵەتی بکەن کە دەستی خستۆتە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکەوە و تا ئێستاش هیچ تاوانبارێکی خۆی رەوانەی (نا)دادگەکانی نەکردووە؟ لە ڕابردووی نزیکی ئەو ناوچەیەدا و بە تایبەتیش لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا، چەند تۆمەتبار و تاوانباری دەوڵەتیی ئەم جۆرە کەیسانە، پەلکێشی دادگە کراون و لایەنی مافخوراو لە ڕووی یاسایی و مەعنەوییەوە قەرەبوو کراوەتەوە و هۆی دراوەتەوە؟

ئەمە بۆ من و ڕەنگە زۆر کەسی دیکەش جێگەی پرسیار بێت کە؛ ئایا دەرکردنی بەیاننامەکەی بەرەی یەکگرتووی کورد جۆرێک لە "لە کۆڵ خۆ کردنەوە"(رفع تکلیف) و "نە شیش بسووتێ نە کەباب" نییە و بە سفارشتی حاج ئاغاکان و بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی ناڕەزایەتییەکان بۆ شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان نەنووسراوە؟

ئەوەندەی تێبینیم کردووە، بە بەرەی یەکگرتووی کوردیشەوە ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی رۆژهەڵات، بە هەر بیانوو و



سەرچاوە
Serchawe

پاساوێک کە خۆیان پێیان درووستە، دژی پەرەسەندنی نارەزایەتییەکە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانن و لەم پێناوەشدا لە هەوڵی دڵسارد کردنەوە و پەژیوان کردنەوەی کەسانێکدان کە دەیانهەوێت نارەزایەتی دەربڕن و کارێک بکەن. لە زۆربەی ئەو کەسانەدا روانگەیەکی بەرژەوەندیخوازانەی بازرگانی لە جۆری گەشەپێدانی سەرمایەداری و ئابووریی لۆکالییەوە زاڵە کە بەداخەوە لە گوتارێکی مافخوازانە بۆ تاک و کۆمەڵی کوردی داماڵراوە و ئامادەیە هەموو کێشە و خواستە نەتەوەیی، دیموکراتیک و رەگەزییەکانی تاک و کۆمەڵگەی رۆژهەڵات، لە بەر پێی ئەو "حاجی تمەن"ە کەشخەیە بکاتە قۆچی قوربانی. رووداوی مردن/کوشتنی "فەریناز خوسرەوانی" و جۆر و باکگراوندی رووداوەکە، بە رەهەندە رەگەزی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆیەوە و وروژاندنی باسوخواسی لەکیس چوونی سەرمایەگوزاری و دەرفەتی گەشەپێدانی زیاتری ناوچەکە، دەربڕی ئەوەیە کە ئەو توێژە راننتخۆرە سەرمایەدارە لەپێناو هەندێک ئیمتیازی بازرگانیدا، چۆن بە گەلەکۆمەکی ژن و کچی کورد وەک کالا و شیرنییەک پێشکەشی برپاربەدەستانی دەسەڵات دەکات. بۆیە کاردانەوەی کۆمەڵگە – تەنانەت ئەگەر بڵێین روانگەیەکی نەریتیی نێروەجاغی بۆ مەسەلەی ژن و ناموسیشی پێوە دیارە – هاوکات ئاخێز و هەستانی ویژدان و ئەخلاق/ئێتیکی کۆمەڵگە لەحاند ئیلیتێکی سەرمایەداری دەلاڵە کە ئامادەیە هەموو بەها مرۆیی و نەتەوەییەکانی بفرۆشێت و بە جەستەی ژنی کورد، جامەلووسکەیی بۆ مافیای ئیداری/ئابووریی کۆماری ئیسلامی بکات.

ناشێ مەرگی "فەریناز" خوێندنەوەیەکی رووکەشانە و ساکاری جینایی/پۆلیسی بۆ بکرێت و هەوڵ بدرێت لە ژێر ناوی یاسا و دادگە و شتی دیکەدا دیزە بە دەرخۆنە بکرێت. مەرگی "فەریناز" لە روانگەیەکیشەوە هێمای بوونی کێشەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و ناکرێ ئەم رووداوە لە گەڵ کێشەی نەتەوایەتیی کورد و کێشەی رەگەزیی ژنی کورد وەک هەموو ژنێکی دیکەی ئێران، موتوربە نەکرێت. بزووتنەوەیەکی سیاسی یان رێکخراوێکی مەدەنی کە بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ وەدیهێنانی مافە دیموکراتیکەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردی و داکۆکی لە بەها کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی بێت، دەبێ تا ئەو کاتەی شتێک بە ناوی "کێشەی کورد" و "کێشەی ژن" لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا نامێنێت، هەموو هاوکێشە و پەیوەندییەکی نێوان تاک/کۆمەڵی کوردی و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و جێندەریدا هەڵسەنگێنێت و لەو روانگەیەوە کە ئەم هاوکێشەیە پڕاوپڕە لە چەمک، واتا و پەیامی سیاسی، هەڵوێستێکی روون لە خۆی پیشان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## گیان لەدەستدانی فەریناز نابێ بە ئاسانیی تێپەڕێ!



**لاوژە ماهیە**

فەرینازی خوسرەوانی کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵ لە شاری مهابادی کوردستانی ئێران کە وەک پێشوازیکەری مێوان لە وتێل تارای شاری مەهاباد کاری دەکرد، لە نهۆمی چوارەمی ئەم وتێلەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوەو بەم شێوەیە گیان لەدەست دەدات.

بەداخەوە ڕۆژی دوشەمە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/٤ فەریناز هاوچەشنی ئەو ژنە کرێکارانەی لە سەرتاسەری جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی کە ڕۆژانە لە شوێنی کاردا شاهیدی تەحەڕوش و دەستدرێژی سێکسین، ڕوبەڕوی کارەسات دەبێتەوە.

بە پێی پلانی لە پێش داڕێژراو بەرپرسێکی ئیتلاعات بە هاوکاری خاوەن وتێلەکە دەیانەوێت دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر ئەو کچە و بەم مەبەستە لە ژورێکی وتێلەکە لە نهۆمی چوارەم دەرگای بەسەر دادەخرێت، دیارە فەریناز لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هانا دەبات بۆ هاوڕێیەکی، بەڵام پێش ئەوەی کەس فریای بکەوێت، کچێکی گەنج و بێ فەریادرەس چارەیەکی نامێنێت ئەوە نەبێت کە لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەمەوە هەوڵی گەیشتن بە نهۆمی سێهەم بدات، بەڵام هەوڵەکەی سەرناگرێت و دەکەوێتە خوارەوەو گیان لەدەست دەدات. لەبەرامبەر ئەم تاوانە گەورەدا سەرانی ڕژێم هەرەشە لە خانەوادەی فەریناز دەکەن کە دەمی خۆیان داخەن و هیچ جۆرە لێدوانێک نەدەن بۆ ڕاگەیاندنەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی وڵات.

ڕژێمی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، ماوەی ٣٥ ساڵە بە زەبری ئاگرو ئاسن لەم وڵاتە حوکم دەکات، داپۆشینی ئیسلامی لەم وڵاتە کردۆتە ئیجباری بەسەر ژنان دا، لە بەرامبەردا ژنان و کچانی ئەم وڵاتە بە تەحەمول کردن کۆشتن و زیندان، سوکایەتی تێزاب پاشین بە سەر وچاو و ئەندامانی تری جەستەیان، نەچونەتە ژێر باری ئەم حوکمەوە. ئەم ڕژێمە ٣٥ ساڵە کۆمیتەی "امر بە معروف و نهی از منکر" ئەشکەنجەی خەڵک دەدەن، بەدڕەوشترین دڕەندەکانی مێژوو کاربەدەستی ئەم ڕژێمەن و دەخالەت لە ژیانی تایبەتی خەڵک دەکەن، داوای ناسنامە لە هەر کچ و کوڕێک دەکەن کە بەیەکەوە لە پارک و شوێنە گشتیەکان دەبیندرێن. ئەشکەنجەی



سەرچاوە
Serchawe

ئەوانە دەدەن کە بە دڵی ئەوان حیجابی ئیسلامیان ڕیعایەت نەکردوە. لەملاشەوە ئەشکەنجەی ژنان دەدەن و دەستدرێژیان دەکەنە سەر، تا ئێستا چەندین کەیسی سێدارەی ژنان لەم وڵاتە هەبووە بەهۆی ئەوەی کە پارێزگاریان لە گیانی خۆیان کردوە و مەئمورانی ئیتلاعاتیان کوشتوە. بەڵێ ڕژێمی کەسیفی دژە ژنی ئیسلامی تا ئەم ساڵانەی دوایش بەناوی بەدڕەوشتیەوە بە ئاشکراو لەبەرچاوی خەڵک ژنانی بەردە باراندەکرد، تا ئیستاش گەنجان و هەلسوڕاوانی سیاسی ئەم وڵاتە تۆمەت دەخاتە پاڵ و لە مەیدانە گشتیەکان هەڵدەواسێت بەناوی دەستدرێژیکردنە سەر خەڵک، بەڵام خۆیان بەئاشکرا هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر کچانی گەنج دەدەن. ئەوان ژنان شەلاق لیدەدەن بەناوی فەسادەوە بەڵام خۆیان بەئاشکرا چەندین نووسینگەی ڕەسمی لەشفرۆشی شەرعیان کردۆتەوەو سیغەی تێدا ئەنجام دەدەن.

بەدوای ناچاربوونی فەریناز بە خۆکوشتن کە هیچ ڕێگایەکی تری نەبوو لە قبوڵکردنی دەستدرێژی یان خۆکوشتن بەملاوە، جارێکی تر ڕژێمی دژە ژن لەم وڵاتە کەوتۆتە بەر نارەزایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی خەڵک بەتایبەتی لە شاری مهاباد وە شارەکانی تری ئێرانیش. وەرن با پشتگیریان بین.

ئێمە ژنانی وڵاتانی کەلتور داسەپاوی ئیسلامی هەمومان توشی ئەم دەردو ئازارە دەبینەوە هەر ئێستا ژنانی کرێکار لە کوردستانی عیراق لەگەڵ هەمان کێشەی گێچەڵ و دەستدرێژی بەرەو ڕوون. من پێموایە خەڵکی نارازی لە مهاباد و شارو شارۆچکەکانی تر زۆر جەسورانەو ڕێکخراو بێنە مەیدان و داوای لێکۆڵینەوە بکەن لەم کەیسە، داوای پێکهێنانی لیجنەیەکی بێلایەن بکەن کە خۆیان ئەندام بن تییداو تاوانباری سەرەکی ئەم تاوانە بدۆزرێتەوەو بە سزا بگەیندرێت. بۆ ئەمەش هەموو ئازادیخوازو یەکسانیخوازان ئەوانەی بەخەم ئینسان و ئینسانیەتن، بەخەم گەڕانەوەی بەهای ئینسانین بۆ ئینسان، بێنە مەیدان و نارەزایەتی دەرببڕن، لە شارەکانی کوردستان هەر ئێستا کە ماوەیە بەردەوام سەران جمهوری ئیسلامی دێن و کۆبونەوە دەکەن بەتایبەتی لە شاری سلێمانی بەردەمی ئەم شوێنانە بگرین و خۆپیشاندان بکەین بەردەمی نوسینگەو کۆنسولخانەکانی ئێران بگرین، دەبێت ڕژێمی دەستدرێژی و سوکایەتی بە ژنان و کچان ناچار بە پاشەکشە بکەین، نەهێڵین فەرینازەکان لەنیوان مەرگ و دەستدرێژی ناچاربکرێن یەکیان هەڵبژێرن. ئەم کەیسە تەنها کەیسی مهاباد، کوردستانی ئێران و ئێران نییە کەیسی هەموومانە.

دەبێت تەپڵی مەرگی ئەو کەلتور و عەقڵیەتە لێدەین کە ژنان تەنها وەک ئامرازی سێکس بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوی پیاو پێناسە دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەی بۆچوونەکانی مەسعوود مەناف لە بەرنامەی "دەنگی ڕۆژهەڵات"ی ڕادیۆ ڕووداودا، سەبارەت بە ڕووداوەکانی مەهاباد.



- لە نەبوونی میدیایەکی ئازاد، کۆمەڵگای مەدەنیی چالاکدا، بە تایبەت بێدەنگیی سێ ڕۆژەی بەرپرسان و نەدانی زانیاریی پێویست بە خەڵک، دەنگۆیەک پەرەی پێدرا کە لە ئاکامدا خۆپیێشاندانەکەی مهاباد و ئاگرتێبەردرانی هوتێلەکەی لێکەوتەوە. خۆپیێشاندانێک کە بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوون، لە بەستێنێکی ناسیاسیدا هاتە ئاراوە و زیاتر ڕەنگدانەوەی نۆڕمێکی کۆمەڵایەتی بوو کە لە دەوری چەمکێک وەک "ناموس" دەخولایەوە. سەرباری ئەوەش خۆپیێشاندانی ڕۆژەکانی دواتر و ڕەنگدانەوەی ناڕەزایەتییەکانی ناوخۆ لە دەرەوە، ئاقارێکی سیاسی بەخۆگرت و ئەوجار هەندێک داخوازیی تر وەک سزادرانی تاوانباران، یەکسانی، ئازادکرانی گیراوەکان و هتد هاتنە بەر باس.

- خەڵک مافی خۆیەتی کە ناڕەزایەتیی دەرببرێ. ئاساییە کە مرۆڤ لە هەستییان، لە بێ متمانەیییان بەرانبەر بە دەوڵەت، ناوەندە سیاسی و ئەمنیەتییەکان تێبگا، بۆیە کە تا ئێستا چەندین دۆسیەی هاوشێوە ڕووی داوە بەڵام نزیک بە سەرجەمیان بێ ئاکام ماونەتەوە. دەکرا خۆپیێشاندان لە جێگەی ئەوەی کە ڕوو لە هوتێل و خاوەن هوتێل بێ، دەوڵەت و دامەزراوەکانی بە موخاتەب وەربگرێ و داخوازییەکانی بەرانبەر بەوان بێنێتە گۆڕ بەڵام وەزعەکە بە ئاقارێکدا ڕۆیشت کە خەڵک پێشی بە هوتیل گرت، هێزە ئاساییشییەکان پاش کەمێک دوور کەوتنەوە و عەمەلەن مەجال بۆ ئاگرتێبەردرانی شوێنەکە ڕەخسا.

- حیزبەکان، وەک دیاردەیەکی خۆڕسک لە خۆپیێشاندانەکە دەڕوانن و پاش دەستپێک، بۆ وێنە لە ڕێگەی میدیاکانەوە و بەو لێدوانانەی کە بڵاویان کردەوە، پشتیوانیان لێکرد و هەوڵیان دا کە ئاڕاستەیەکی پێ بدەن. حیزبی سیاسی، ئەجێندایەکی سیاسی هەیە و ئاساییە کە بیهەوێ لەو بەستێن و دەرفەتەدا هەندێک بەرژەوەندی و ئامانجی خۆشی بپێکێ. بەرژەوەندیگەلێک کە مومکینە هەمان بن کە وەک "بەرژەوەندی نەتەوەیی"ش پێناسە دەکرێن.

- ئەو پۆلینبەندی کردنەوەی کە لە لایەن هەندێک کەسەوە دەکرێ و بە "جاش - و - باش" دابەشکردنی کۆمەڵگا و چالاکان،

دیاردەیەکی ناشیرینە کە هەر بەین نا بەینێک دووپات دەبێتەوە. کەسانێک لە دەرەوەی وڵات هەن کە تێگەیشتنێکی دروستیان لەو ڕووداوانە نییە کە لە ناوخۆ ڕوو دەدات و ئەو دابڕانە[جەستەیی]ی کە لەگەڵ ناوخۆ هەیانە، پەرەی بەو تێگەیشتنە بە نیسبەت ڕووداوەکان داوە. قەڵشتێک کە جار نا جار وەک تۆمەتبارکردنی چالاکانی ناوخۆ بە جاش و دژەشۆڕش ڕەنگ دەداتەوە.

- لە ناوخۆش هەندێک دەنگ هەبوون کە ڕووداوەکەیان، زۆر تاکڕەهەندانە لێکداوە و یەکسەر بە سەرمایەگوزاری و وەستانی گەشەسەندنی ئابووری مهاباد و کوردستانیان گرێ داوە. شتێک کە دروست نییە و چ وێناچێ هوتێل هێمای سەرمایەگوزاری بێ، سەرمایەش ئەوەندە ڕەوەک بێ کە بە سووتانی هوتێلێک- ئەویش بە هۆکارێکی تایبەت- لە کوردستان دوور بکەوێتەوە. نوخبەکانی ناوخۆ دەیانتوانی بێ ئەوەی هێڵە سوورەکان ببەزێنن، خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ڕووداوەکە، هۆکاری ڕوودان و شرۆڤەی کاریگەرییەکانی بکەن.

- میدیا لە ناوخۆ ڕێگەی پێ نەدراوە گەشە بکات، ئەوەی کە هەشە تووشی سانسۆر و زەخت و گووشارە، خۆی دەوڵەتیش لەو ئامرازانەی لەبەر دەستییەتی کەڵکی بۆ بەخشینی زانیاری وەرنەگرت. لە دەرەوەی وڵاتیش میدیای سەربەخۆ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ نارەخسێ کە بە وردی ڕووداوەکان بگوازێتەوە و میدیای حیزبیش هەڵبەت کە ئامانجی تایبەتی خۆی لە مەسەلەکەدا دەخیل دەکات. پێشووتر میدیا ئەوەندە بەربڵاونەبوو کە بتوانێ ئەو هاوسۆزییە نیشان بدات کە لە نێوان پارچەکانی کوردستان شکڵی گرتووە و دەگرێ بەڵام ئێستا لانیکەم شایەتی ئەوە هەین کە لە پارچەکانی تری کوردستان، پشتیوانییەکی بەهێز لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵات دەکرێ و بە پێچەوانەش. ئەوە سەرمایەیەکی باشی مەعنەوی بۆ بزوتنەوەی کوردە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ١٢ی مای ٢٠١٥

## حزبەکانی رۆژهەڵات یەکگرتوو نین



**هیدایەت جان**

له دوای رووداوی گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی وەک کاردانەوە و نارەزایەتی دژ بەو رووداوە، خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە شاری مهاباد ئەنجام درا و رەنگدانەوەیەکی زۆری لەناو میدیا جیهانی و کوردستانییەکاندا لێ کەوتەوە، حزبەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان لە رۆژی پێنجشەم، ٧ی ئایار، پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپێشاندەران دەربڕی و میدیاکانیان تەرخان کرد بۆ رووماڵکردنی ئەو نارەزایەتییانە.

زۆربەی چالاکە سیاسییەکانی کوردستان پێیان وابوو ئەو رووداوە دەکرێ ببێت بە دەروویەک بۆ بەرفراوانکردنی ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتییانە و چاوەڕوانیان دەکرد حزبەکانی رۆژهەڵات، پلانیان بۆ ئەو مەبەستە دارشتبێ و ئەجێندای سیاسییان بۆ ئاراستەکردنی ئەو رووداوە هەبێت، بەڵام تا ئێستەیش سەرباری هەموو هەوڵەکانیان، نەیانتوانیوە ئەو خۆپێشاندانانە لە مهابادەوە بگوازنەوە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**محەمەد نەزیف قادری**، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە لێدوانێکدا بۆ "وشە" پێی وایە حزبەکانی رۆژهەڵات بەباشی ئەرکەکانی خۆیان لەبارەی ئەو خۆپێشاندانانە بەجێ هێناوە و رای دەگەیەنێت: "هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند خاڵی بنەڕەتیدا خۆی نواند و هەڵوێستەکانیان بەجێ بوو. یەکەم، شەرمەزارکردنی ئەو تاوانە بوو، دووەم، رێزگرتن لەو ئیرادە بەهێزەی خەڵکی مهاباد بوو بۆ دەربڕینی ئەو نارەزایەتییە و هەڵوێست گرتنیان بەرامبەر ئەو تاوانەی رووی دا و لە هەمووان گرنگتر، لەقاودانی سیاسەتی رژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساو هێنانەوەی ئەو تاوانە و بێ هەڵوێستییان بەرامبەر ئەو کەسانەی تاوانەکەیان خوڵقاندووە و ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانە و بەجێ بووە".



سەرچاوە Serchawe

**قادری پێی وایە هەڵوێستی حزبەکان زیاتر بۆ دەرخستنی سیمای حکوومەتی ئێران بووە، وەک ئاماژەی پێ دەدات:**

"کاتێک رووداوێکی لەو چەشنە روو دەدات، حزبە سیاسییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فەزا تەناهییەی کە ئێستە لە رۆژهەڵاتدا هەیە و رژێم هێزەکانی خستووەتە ئامادەباشییەوە و تەنانەت جووڵەی بە هێزەکانی کردبوو بۆ مهاباد و شارەکانی تری رۆژهەڵات، راستییەکە ئەوەیە تۆ هەر هەڵوێستێک وەردەگری، دەبێ هەڵوێستێک بێ کە زانیارییەکی دروستی لە پشت بێت، بۆیە هەڵوێستی ئێمە بۆ ئەو بابەتە زیاتر لەقاودانی سیاسەت و شەرمەزارکردنی ئەو تاوانە بوو کە لەلایەن کاربەدەستانی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا".

وەک روونی دەکاتەوە: "کاتێ کە تۆ کردەوەیەکی لەو شێوەیە شەرمەزار دەکەیت و پشتیوانی لە یەکریزی و یەکێتیی خەڵک دەکەیت، هەڵوێستی خەڵک لەو ناڕەزایەتییە کە دەربڕینی هەستێکی مرۆڤانەیە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئەو خانمە کوردە کە ئاوا بێ بەزەییانە گیانی لە دەست داوە، بەلای منەوە کارێکی جێگەی رێز و پێزانینە".

**رەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لێدوانێکدا بۆ "وشە" ئاشکرای دەکات:** "بەڕای من ئەوە بەدەست حزب یان لایەنەکان نییە کە خۆپێشاندانەکان سەرتاسەری بکەنەوە و بیبەنە ناو شارەکانی ترەوە، خوڵقێنەری هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، خەڵکەکەیە، خەڵکیش کاتێک دەست دەبەن بۆ بزووتنەوە و دێنە سەر شەقامەکان، کە بزانن دەتوانن کارێک بکەن، بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئامادەیە بۆ ئەوەی سەرتاسەری کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی راپەڕین بکات، بەڵام ئەوە هەلومەرجێکی تایبەتیتری دەوێت و ئێستەیش خەڵکی رۆژهەڵات رووبەڕووی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی وەستاوە و هەرکامیان توانی تەرازووی هێزەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە، دەستی خۆی دەوەشێنێت و کاری خۆی دەکات".

**مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ "وشە" روونی دەکاتەوە:** "دۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان دۆخێکی سیاسی و تەناهییە و هەر جووڵەیەکی ناڕەزایی لەوێ دروست دەبێت، حزبەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەجێندای سیاسیی خۆیان، دەچنە ناو جووڵەکەوە و وا ئاراستەی دەکەن کە خەڵکەکە یەکگرتووانە بەرەو ئەو ئامانجەی مەبەستییەتی بڕۆن، مادام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەجێندای سیاسی و تەناهیی تیادایە، حزبەکانی رۆژهەڵاتیش لەو پێوەندییەدا روانگەکانی خۆیانی تیادا باس دەکەن".

**هاوکات ئەحمەد ساڵحی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە – رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێی وایە حزبەکان خۆیان نەگەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە داوا لە خەڵکی رۆژهەڵات بکەن خۆپێشاندانی گشتی بکەن، بۆ "وشە" ئاشکرای دەکات:** "بۆ ئەو خۆپێشاندانە حزبەکانی رۆژهەڵات نەگەیشتنە ئەو باوەڕەی داوا لە خەڵکی کوردستان بکەن کارێکی هاوبەش بکرێت، جا چی مانگرتن یان خۆپیشاندان بێت، تەنیا ئەوە گوترا کە مهاباد تەنیا و بێ پشتیوان نییە، ئێمە وەک

کۆمەڵە کە چاومان لە فەزای تەناهیی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، پێمان وا نەبوو کە فەزاکە ئەوەندە هەڵدەگرێت کە داوا لە خەڵک بکەین بێنە سەر شەقام و خۆپێشاندان بکەن، لەبەر ئەوەی هەستمان دەکرد هێزەکانی رژێم خەڵک دەکوژن، تەواوی کوردستانیان میلیتاریزە کردبوو، هەر لەبەر ئەو لێکدانەوانە بوو کارێکی لەوە زیاتر نەکرا، نەک بەهۆی هەماهەنگ نەبوونی حزبەکان".

ئێمە پێمان وا نییە لە مهابادەوە بتوانین کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، ئەگەر بمانتوانیایە کارێکی زۆر گەورە بکەین، رەنگە ئەوەندەمان هەبایە کە مانگرتنێکی گشتی وەڕێ بخەین و رۆژێک یان دوو رۆژ بەردەوامی هەبێ و دواتر تەواو ببێت و تەنیا هێزی جەماوەر پێشانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەین، رووخانی کۆماری ئیسلامی لە تارانەوە دەکرێت، بۆیە پێم وانییە لەلایەن حزبەکانەوە کەمتەرخەمییەک رووی دابێت" ساڵحی وای گوت.

**رەزا کەعبی پێی وایە ناڕەزایەتی خەڵکی مهاباد لە ئەنجامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هێمای پێ دەکات:** "ئەو ناڕەزایەتییانە ئاکامی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداری سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە کوردستان کە ئەو وڵاتەی داگیر کردووە و یاسای داگیرکەری لە کوردستاندا بەڕێوە دەبات، لە ئێران، تەنیا لە کوردستان لەسێدارەدانی سیاسی هەیە، لە ئێستەدا زیاد لە ٣٠ کەس لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە گرتووخانەکانی رژێمدا سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە، بۆیە ئەو هەژاری و بێکارییەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو کوشتن و سەرکوتکردنەی رژێم دەیکات و هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کردووە بە سەربازگەی گەورە، لەو کەشوهەوایەدا خەڵک بیانوویەکی دەست دەکەوێ بۆ ناڕەزایی دەربڕین و ئەو ناڕەزایەتییەش، پێویستی بە رێکخستنە، بۆیە دەبێ بە دروشمی گونجا و سیاسەتێکی دروست پشتیوانی لێ بکرێت بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن داخوازییەکانیان بچەسپێنن".

لەو خۆپێشاندان و ناڕەزاییەی شاری مهابادەوە، دەرکەوت کە حزبەکانی رۆژهەڵات هیچ پێوەندی و هەماهەنگییەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نییە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک رەزا کەعبی ئاماژەی پێ دەدات، ئەوان خاوەنی ستراتیژییەکی هاوبەش نین بۆ رۆژهەڵات و دەڵێ: "هەماهەنگی لەنێو هێزەکانی رۆژهەڵاتدا نەبوو، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بەیەکەوە نەبوو لەسەر ئەو رووداوە و کاری هاوبەش و ستراتیژییەکی هاوبەشیشیان نییە بۆ بەرەوپێشبردن و رابەرایەتیکردنی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوەش خاڵی لاوازی بزووتنەوەی ئێمەیە لەو سەردەمەدا، ئەوەیش کاریگەرییەکی یەکجار نەرێنی هەیە و ئێمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە چەند ساڵی رابردوودا بەردەوام هەوڵمان بۆ دروستکردنی فەزایەکی هاوبەش لە نێوان حزبەکانی رۆژهەڵات داوە کە بەداخەوە نەگەیشتووینەتە هیچ دەرئەنجامێک".

**مستەفا مەولوودی هاوڕایە لەگەڵ کەعبی و دەڵێ:** "تا ئێستە حزبەکانی رۆژهەڵات پێشوەختە نەگەیشتوونەتە رێککەوتنێک کە ئەگەر پرسێکی لەم شێوەیە هاتە ئاراوە، بەیەکەوە هاوئاهەنگیی بکەن بۆ دەرکردنی راگەیاندن و بەیاننامەی هاوبەش، ئەو خۆپیشاندانەی مهاباد کتوپڕ روویان دا و دۆخەکە بەجۆرێک بوو کە نەدەکرا کاتەکە رابگری تا حزبەکان بەیەکەوە هاوفکری بکەن و

راوێژی هاوبەشیان هەبێ بۆ ساغبوونەوە لەسەر روانگەیەکی هاوبەش، بۆیە هەر حزبە و لە جێگەی خۆیەوە روانگە و هەڵوێستی خۆی بۆ ئەو خۆپێشاندانانە دەربڕی".

زۆربەی چالاکانی سیاسیی رۆژهەڵات پێیان وابوو، یەکدەنگ نەبوونی حزبەکانی رۆژهەڵات، وای کردووە خۆپێشاندانەکە لە مهابادەوە پەرە نەستێنێت بۆ شارەکانی تری رۆژهەڵات، مستەفا مەولوودی ئەوە بە هۆکاری سەرەکی نازانێت و ئاماژە دەدات: "یەکدەنگ نەبوونی حزبەکانی رۆژهەڵات، هۆکاری سەرەکی نەبوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندانەکەی مهاباد سەرتاسەری نەکرێت، وەک پێشتریش خۆپێشاندانی لەو شێوەیە رووی داوە و خەڵک هاتوونەتە سەر شەقام، حکوومەت لەبری ئەوەی گوێ لە داوای خەڵک بگرێت، خەڵکی سەرکوت کردووە، ئەو جارەیان کە خەڵک لە مهاباد هاتنە سەر شەقام، شارەکانی تریش بە زۆر و کەم هەماهەنگییان لەگەڵ کردن و هاوخەمی خۆیان دەربڕی، بەڵام رژێم لە ترسی پەرەسەندنی ئەو خۆپێشاندانانە، زۆر توندوتیژ و خوێناوی هەڵسوکەوتی کرد و بەربەستی بۆ دروست کرد، بەڕای من ئەو بەربەستە بەهۆی ناهەماهەنگی حزبەکان نەبوو، بەڵکو ترسی رژێم بوو لە خرۆشانی خەڵک، بۆیە بە خێرایی دەستی برد بۆ تەقەکردن لە خەڵک و گرتن و پاڵەپەستۆ خستنە سەریان".

دوابەدوای خۆپیشاندانی شاری مهاباد، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە کە پارێزەرانی رۆژهەڵات، دەستیان کردووە بە چالاکی لە ناوخۆی وڵات و جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەو دەنگۆیانەدا رای دەگەیەنێت: "پارێزەرانی رۆژهەڵات پێم وا نییە ئەو رۆڵ و کاریگەرییەیان هەبووبێت کە لە سۆشیال میدیادا باسی لێوە دەکرێت، بەڵام پارێزەرانی رۆژهەڵات کە سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستانن، هەر رووداوێکی سیاسی و تەناهی لە رۆژهەڵات بێتە پێشەوە، رۆڵی خۆیانی تیادا دەگێڕن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتێکی سایتی "آذریها" (ئازەرییەکان)، لەمەڕ ڕووداوەکانی مەهاباد



### ماڵپەڕی "ئازەرییەکان" لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوو حەوتووی

رابردووی شاری مهاباد و رۆژهەڵاتی کوردستان، بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە و لە دەستپێکدا خۆپیشاندانی خەڵکی مهاباد بە تێکدەرانە و بە دەست و پەیوەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان ناو دەبات. هاوکات ئاماژە بەو هۆکارانە دەکات کە بوونەتە فاکتەری سەرەکی ئەو نارەزایەتییانە و پەنجە لەسەر چەند خاڵێکی جێی سرنج لە پەیوەندی دەگەڵ سیاسەتی هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد لەو پارێزگایە دادەنێت. سرنجتان بۆ دەقی ئەو بابەتە رادەکێشین کە لە ماڵپەڕی "ئازەرییەکان" بڵاو بووەتەوە.

### وەرگێرانی: ئەحمەد تاشک

سایتی "آذریها" (ئازەرییەکان)، لەمەڕ ڕووداوەکانی مەهاباد بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا هاتووە:

تاوتوێکردنی ڕووداوەکانی مەهاباد لە روانگەی جۆراوجۆرەوە جێگای بایەخپێدانە، بە پێی راپۆرتی سایتی "آذریها"، کوژرانی ژنێکی جەوان کە بە هۆی کەوتنەخوار لە قاتی چوارەمی هوتێلێک لە شاری مەهاباد روویدا، بوو بەهۆی جموجۆڵی دژی تەناهی و تێکدەرانە لە لایەن دەست و پێوەندەکانی هەواداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد.

سەرەڕای هۆکاری بێبنەما و قەبوڵنەکراو، هەروەها سێناریۆکانی ئەو رووداوە پرسیار ئەوەیە، چ هۆکارێک لە ئارادایە کە رووداوێکی تێکدەرانە بەرەوە راسانێکی قەومی- تەناهی راکێش دەکرێت؟ ئایا هەر ئەوە نییە کە لە دوو ساڵی رابردوودا ژینگەی شار بە توندی ئاوسابوو و بەستەری هەڵگیرسانی ئاڵۆزییەکی لە پێشدا فەراهمکراو، چاوەڕوانی چەخماخە یان بەهانەیەک بوو؟!

بێشک بۆ بەدەستەوەدانی ئەو بەهانەیە، کۆی گشتی ئوستانداری ئازەربایجانی رۆژئاوا هۆکاری سەرەکییە. بە داخەوە بەدوای هاتنە سەرکاری "غولامعەلی سەعادەت"، گروپێک بە پاشەرۆکی دژی کوردانەوە، پۆستە سەرەکییەکانیان گرتە دەست ئینجا بە ئاکارەکانیان بوونە هۆی دەرکەوتنی دژکردەوە لە لایەن کوردەکان کە ٥٠٪ دانیشتوانی ئەو ئوستانە پیک دێنن.

ئەگەرچی شارەکانی شنۆ و مەهاباد و بۆکان و سەردەشت و نەغەدە و ورمێ زۆربەی دانیشتوانیان کوردە، کەچی هەست بە هەبوونی هیچ چەشنە رۆڵێک لە ئیدارەی ئەو شارانەدا ناکەن.

لەو شارانەدا خەڵکی چ کورد و چ ئازەری بە خۆشی و ئاسایش لەپاڵ یەکدا دەژین، بەڵام دەستی توندئاژووی پانکوردی و پانئازەری کە نیازی تایبەتیان هەیە، بە کردەوە تێکدەرانەکانیان دەیانهەوێ کەلێن بخەنە نیوان ئەو دوو بەشە.

لەلایەکی دیکە بە هۆی وەدەستگرتنی دەسەڵات لە نێو ئورگانەکانی ئیداری و ئوستانی بە شێوەیەکی خشۆک لەلایەن یەکیک لەو لایەنە توندئاژۆیانەوە، بالانس بە شیوەی نەرینی (منفی) گۆڕا و ئامانجی گروپی دووهەم کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە یەک ساڵی رابردوودا رووداوی سەیر و نامۆ لە ناوەندی ئوستان رووی داوە کە بە تێڕامانێکی دروست لەو پێشهاتانە، پێشبینی ئەو رووداوانەی ئیستا زۆر سانایە. سایتی "آذربها" پێشتر لەو بارەوە لە چەندین وتاری تایبەتدا هۆشداری دابوو.

### ئەو پێشهات و هۆکارانە بریتی بوون لە:

- هەڵبژاردنی ناوی تورکی بۆ شەقام و کۆڵان و گوزەری شاری ورمێ و "چاوبزێن"کردنی کوردانی ئەو شارە لەلایەن پانتورکیزم و سەرەنجام وەڕێخستنی شەڕێکی رەوانی بە دژی کوردەکان بە مەبەستی سوکایەتی و ئینکاری ئەوان.
- سرینەوە و لەناوبردنی تابلۆی دوکان و بازاڕان کە ناوی کوردی لەسەر بوون بە بەهانەی جۆراوجۆر.
- کردەوە تێکدەرانەکانی یەکێک لە نوێنەرانی شاری ورمێ بەناوی (نادر .ق) لە مەجلیسدا کە لەگەڵ جوڵانەوە تورکگەراییەکانی (پێوەندیدار بە دەرەوەی سنوورەکان) پێوەندی بەردەوام و ئورگانیکی هەبوو.
- هەوڵی جێگری ئاوەدانی ئوستاندار (آ. غ) بۆ سڕینەوەی دوو هەزار ناوی فارسی لە ئوستاندا بە گشتی.
- کۆکردنەوەی هەیکەلی فیردەوسی لە گۆڕەپانێکی شاری سەڵماس.
- پەیدابوونی هێندێک رۆژنامە و بڵاوکراوە بە پشتیوانی دەوڵەت کە ئەو سایت و بڵاوکراوانە رێڕەوێکی دژی کوردیان گرتۆتە بەر.
- دامەزراندنی کەسێکی قەومگەرای توندئاژۆ وەک جێگری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئوستان لەلایەن غولامعەلی سەعادەت (لە بەستەری نەشریات و بڵاوکراوەکانی ئوستانیدا) کە پیشینەی کردەوەی دژی کوردی هەبووە.

سروشتییە لە وەها حاڵەتێکدا کە هەوڵی سڕینەوەی کاریزما و نێودارانی ناوچەیی کورد دەدرێت، کۆگایەک لە ناڕەزایەتی دروست



سەرچاوە
Serchawe

دەبێت و بە چکۆلەترین زەربە دەتەقێتەوە.

وا دەردەکەوێ ئەگەر خوازیاری دووپاتنەبوونەوەی پێشهاتی لەو دەستە بین، دەبێ پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە پێکهاتەی ئیداری و سیاسی ئوستاندا بکەینەوە لەمەڕ پێشگیری لە قەومگەرایی تاکوو نەبێتە بەشێک لە "ئۆرگانیزمی ئوستانی".

گۆڕینی ئوستاندار و هێندێک لە جێگرەکان و هەروەها چاوەدێری زیاتر بەسەر کارکردی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی شار، تەنها بەشێک لەو گۆڕانکارییە گەورە دەبێت. بەشدارییپێکردنی کوردان لە ئورگانیسمی ئیداری و سیاسی ئوستان، قۆناغی دووهەمە.

هەڵبەت نابێ ئەو پرۆسەیە ببێتە هۆی پەیدابوونی قەومگەراییەکی دیکە.

رەنگە ئەگەر لە سەرەتاوە "فەرەیدوون هیمەتی" وەک ئوستاندار هەڵبژاردرابا ئەمرۆکە ئەو هاڵۆزییەمان لەنێو ئوستاندا نەدیتبا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٥

---

# لە فەرخوندەوە تا فەریناز، زێهنییەتی دژی ژن و ژنکوژی

## هاوپرسەیەک لەگەڵ نەجیبە قەرەداغی

## حەسەن قازی




**بینەرانی خۆشەویست! ئەم کاتەتان باش بەخێربێنەوە بۆ بەرنامەیەکی دیکەی "ڕاوێژ". لە یەکشەممە ١٣ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی لە شاری سابڵاغ خانمێک بە نێوی فەریناز خوسرەوانی لە هەلومەرجێکدا کە هەتا ئێستاش بە تەواوی دیار نییە ژیانی لە دەست دا و پێش ئەوەش لە ٢٨ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی لە شاری کابول ژنێکی بێ گوناح، ژنێکی بێ تاوان بە نێوی فەرخوندە بە دەستی کەسانی جاهیل و کۆنەپەرست کووژرا. دیارە ئەو دوو ڕووداوە لەگەڵ ئەوەشدا کە دیارە ڕەهەندی سیاسییان هەیە، بەڵام جارێکی دیکەش نیشاندەری ئەو زوڵم و زۆر و زەختەن کە لە سەر ژنان هەیە و دیارە ئەو زۆرداریيەش هیچ سنوورێکی نەتەوەیی ناناسێ. لە بەرنامەی ئەمجارەدا لەگەڵ هاوکارم نەجیبە قەرەداغی ئەو بابەتە تا و توێ دەکەین. دیارە بەڕێز قەرەداغی بێجگەلەوەی کە مێدیاکارێکی لەمێژینەیە، تێکۆشەرێکی مافی ژنانیشە و زۆر تەبیعی یە سەبارەت بەو بابەتە بکرێ بە یەکەوە بدوێین.**

**قازی: جا ئێستا با بێینەوە سەر ئەو ڕووداوەی کە لە مەهاباد هاتە پێشێ. لە ڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ڕووی شێوەی جووڵانەوەی کاربەدەستان لە ئاست ئەو مەسەلەیە، ئەگەر بەراوەردی بکەین لە گەڵ ئەوەی کە لە مەڕ کووژرانی فەرخوندە لە ئەفغانستان هەبووە. لە ئەفغانستان ژمارەیەکی زۆر پۆلیس لە بەر کەمتەرخەمی گیراون، ئەو پۆلیسانەی کە شاهیدی ئەو حادیسەیە بوون لە حاڵێکدا لە مەهاباد دوای کووژران یا خۆکوشتنی – دیارە ئەوەش ناڕوونە لە مەڕ فەریناز-، بەڵام بە هەر شێوەیەک بووبێ**



سەرچاوە
Serchawe

فەریناز قوربانی ڕوداوەکەیە. یانی ئەگەر ئێمە هیچ شتێکیشمان لە دەستدا نەبێ، ئەگەر کابرای کە بەوە تاوانبار کراوە کە پێوەندییان هەبووە یان ئەو چووە بیبینێ، ئەمنییەتی بێ، نەبێ، سەر بە ڕێژیم بێ، نەبێ هەرچییەکی بێ لەو چوارچێوەیەدا قوربانییە ئەساسییەکە ئی زێهنییەتێکە کە زێهنییەتێکی کۆنەپەرستانەی دژی ژنە. بەڵام لێرەدا جیاوازییەک هەیە، جیاوازییەکە ئەوەیە کە لە ئەفغانستان دەستبەجێ لە بەرنامەی تێلێڤیزۆنیدا – وەک ئەوەی دیتمان – بە کراوەیی، تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر گەورەترین کاربەدەستانی ئەمنییەتی یان پایەبەرزانی دەوڵەتی قسە دەکرێ. خەباتکارێکی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی یان ئەندامێکی پارتییەکی سیاسی دێ قسە دەکا. لە کاتێکدا ئەوەی کە لە مەهاباد بووە لە ڕۆژی یەکشەمە ١٣ی بانەمەڕ کە ئەو حادیسەیە ڕووی داوە و ئەو خانمە لەناو چووە و ژیانی لە دەست داوە هەتا پێنجشەمە ١٧ی بانەمەڕ کە کاردانەوە نیشان دراوە بە سووتاندنی هۆتێلی تارا کاربەدەستان کەمتا زۆر بێدەنگ بوون. دوایەش کە بێدەنگی شکاوە لە لایەن یەکێک لە کاربەدەستانی ئوستانداریی ورمێ ڕا ویستوویانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بابەتەکە پاساو بدەن و شانەی مەسەلەکەش لە سەری قوربانی دا بشکێنن. گوتوویانە ئەگەر ئێمە هێندێک شت ڕوون کەینەوە ئەوە دەبێتە چوونە ناو شتی خسووسی. یانی چی ئەو قسانە؟ چۆنی لێک دەدەیەوە؟

**قەرەداغی**: لە ڕاستیدا ڕوانگەی جیاواز هەیە بۆ مەسەلەی مەهاباد. ئەمن بۆ خۆم لە کەسی "فەریناز"دا بە قوربانی کردنی کۆمەڵگایەک دەبینم. ئەڵبەتە ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە، لە شاری مەهاباد ڕووی داوە ئەمە حادیسەی یەکەم نییە، ئەمە ڕووداوی یەکەم نییە. دەوڵەتی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ بێدەنگ کردنی کۆمەڵگا تێدەکۆشێ، ڕووداوی هاوشێوە، پلان داڕێژراو کراوە. بۆ نموونە هیچ مافێک بە تاکەکان نادا، لە چوارچێوەی خۆ پاراستنیشدا ئەو مافە بە کەسەکان نادا. دەوڵەتی ئێران سیستماتیک ئەم کارەی کردووە. باشە بابڵێین ئەوە لە کوردستان رووی داوە. لە ساڵی ڕابردوودا "ڕیحانە جەبباری" لە لایەن ئەندامێکی دەستگای ئیتیلاعاتەوە حەولی دەستدرێژی کردنە سەری درابوو بەڵام ڕیحانە جەبباری بۆ خۆ پاراستن دەستدرێژکار دەکووژێ. دەوڵەت تەنانەت ئەو مافی خۆ پاراستنە بە ژنان نادا. لە هەمان ساڵدا ڕووداوی مەرگی گومناوی "شەیدا حاتەمی" و زۆر ڕوداوی دیکە قەومان. من چەند ناوی دیکەم لە لایە کە لە قۆناغی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی و جێی دی بووە. لە زانکۆی هەمەدان ڕووداوی "سەحەر چووبینی" هەیە، لە هەمان کاتدا ڕووداوی کوشتنی "شیلان" هەیە، وەک گوتم ڕووداوی کوشتنی گومناوی "شەیدا حاتەمی" هەیە، ئەمانە بەر لە مەسەلەی فەریناز ڕوویان داوە. لە قۆناغی ڕابردوودا دەوڵەتی ئێران ئەوەی کە لانی کەمی لە ئەفغانستان، لە مێدیاکانی ئەفغانستاندا کراوە وەکوو کاردانەوە بەرانبەر بە کوشتنەکەی فەرخوندە کراوە، لە ئێران لە ڕاستییدا دەوڵەت بۆخۆی پچووکترین شتی نەکردووە. نایکا، لەبەر ئەوەی کارەکەی ئەوەیە، کاری دەوڵەت دەستدرێژکارییە، کوشتنە، بڕینە، ئاسیمیلە کردنە. ئەمن بەڕاستی وەکوو ڕۆژنامەوانێک شتەکە بابەتییانە ئاوا دەبینم. کاری دەوڵەت لە کوردستان لە کەسی "فەریناز"دا کوشتنی کۆمەلگایەکە، داگیرکردنی جەستەیی کۆمەڵگایەکە.لە خودی "فەریناز"دا دەرس دانە بە کۆمەڵگای کورد کە دەبێ بێ دەنگ بێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی چەندین خۆ پیشاندانی گەورە بووین بۆ داکۆکی کردن لە "کۆبانێ" ئەمە لە ئەفغانستانیش ڕووی دا، جگە لە کابول لە ٧ ئەیالەتی ئەفغانستان لە یەک کاتدا گەل هەستایە سەر پێ بۆ پشتگیریی کردن لە کۆبانی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هەمان شێوە بوو. دەوڵەت ئەمە هەزم ناکا، دەوڵەت ئەمەی پێ قەبووڵ ناکرێ، دەوڵەت ئەوە وەکوو خەتەرییەک دەبینێ. ئەو دەڵێ وەختێک ئێمە ڕێگایان دەدەین دەبێ تەنیا پەیامەکانی پشتگیریی لە کۆبانی ڕوویەکی دەرەوەییان هەبێ، بەڵام کۆمەڵگا لە هەمان کاتدا کە دەڕژێتە سەر جادە پشتگیریی لە کۆبانی دەکا ڕوویەکی تری



سەرچاوە
Serchawe

ئەم مەسەلەیە هەیە؛ خەڵک لە کۆبانێدا داکۆکی لە مافەکانی خۆی دەکا. بەڵام دەوڵەت لە ڕووداوی فەرینازدا دەیەوێ کۆمەڵگا بەوە تەنبێ بکا، دەڵێ من جەستەشت داگیر دەکەم، دەتکوژم، مافی ژیانیشت پێ نادەم و لە قاتی چوارەمەوە فڕێی دەداتە خوارەوە. ئەمە پەیامێکە بە کۆمەڵگا بەڵام کۆمەڵگا...

**قازی**: باشە لەو مەسەلەیەدا ئێمە ئەگەر باسی زێهنییەت بکەین یانی ئەو مێنتالیتییەی کە سەبارەت بە ژن هەیە بە تایبەتی. یانی پێت وایە ئەگەر ئەو مەسەلەیە بۆ پیاوێک ڕووی دابا، یانی پیاوێک بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ کرا با ڕێئاکسیۆنی کۆمەڵانی خەڵک هەر ئەوە دەبوو؟ مەبەست لەم پرسە ئەوەیە؛ دووشت هەیە لایەنێکی ئەوەیە کە زوڵم و زۆرێکی نەتەوەیی هەیە، ئازادیی بەیان نییە، ئەگەر بەراوەردی بکەین لەگەڵ ئەفغانستان. لە ئەفغانستان ڕەنگە لێ بوونی هێزی دەرەوەیی، و لە لایەکی دیکە ڕا گوشاری تالیبان زەمینەی ئەوەی خۆش کرد بێ کە فەزایەک هەبێ خەڵک قسە بکەن وەکوو دیتمان لە مەڕ مەسەلەی ڕووداوی کووژرانی فەرخوندە. بەڵام ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. ئەوەی کە باست کرد سەبارەت بە سیاسەتی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد بە گشتی و بەرانبەر بە ئازادیی مەدەنی و ئەو شتانەی کە ڕووی داوە لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان، ئەوانە هەموو بە جێگای خۆی، بەڵام گەلۆ ئەو مێنتالیتەیە مێنتالیتەیەکی گشتی نییە؟ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنەکەشدا هەر وا نییە؟ چونکە ئۆپۆزیسیۆنەکە ئەوەی بۆ گرینگە دەڵێ کابرای کە ئەو ئیتیهامەی لەسەرە عونسورێکی ئەمنییەتی یە، یانی ئەگەر عونسورێکی ئەمنییەتی نەبێ غەیری ئەمنییەتی بێ، کابرایەک بێ کە وەکوو باس دەکرێ ڕاوێژکار بێ بۆ کاری هۆتێلداری چ فەرق دەکا لە ئەسڵی مەسەلەکەدا؟ ژنێک فیدا بووە، ژنێک قوربانی بووە، ژنێک ئەگەر لە ڕوانگەی سونەتی، نەریتی ڕا تەماشا بکرێ لەوانەیە جۆرێکی دیکە باسی بکرێ. مەبەستم ئەوەیە.

**قەرەداغی**: لە ڕاستیدا لە ئێران ڕووداوێکی ئاوا ئەوەندە فرەڕەهەندە ئەگەر مرۆڤ باسی بکا، بە تەنیا مەسەلەکە مەسەلەیەکی جێندری نییە کە ژنێکە لە ڕوانگەی نامووس پەرستییەوە، ئەم ژنە دەستدرێژی کراوەتە سەری بۆیە ئەو پیاوانە هێرشیان کردووەتە سەر ئەم هۆتێلە. ئەوە لە وانەیە لە روانگەی هێندێک کەسەوە وەکوو دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئەوەی کە پێی دەڵێن " نامووس" ببیندرێ و لەو چوارچێوەیەدا دیفاعی لە مەسەلەکە کرد بێ. بەڵام لە گشت مەسەلەکەدا مەسەلە بە تەنیا ئەوە نییە. دەوڵەتی ئێران لە زیندانەکاندا دەستدرێژی دەکاتە سەر پیاوەکانیش. یانی دەوڵەتێکی ئاوایە. لە بەر ئەوە ئەمن لە مەسەلەی فەرینازدا یەکەم لە چوار چێوەی ژنێکدا دەیبینم، لە چوارچێوەی کورددا دەیبینم، ئەوەی کە پێیان وا بووە فەریناز کرێکار بووە لە هۆتێلەکە لە چوار چێوەی پێشێلکردنی مافی کرێکارێکدا دەیبینم. تۆ لە کام گۆشەیەوە لێی دەڕوانی لەوێ پێشێلکاری هەیە و لە خودی فەرینازدا دەستدرێژی کردن بۆ سەر کۆمەڵگایەک هەیە. دەستدرێژی کردن نە بە مانای ناموسی، دەستدرێژی کردن بۆ سەر مافە سیاسییەکان، بۆ سەر مافە کۆمەڵایەتییەکان، مافە ئابوورییەکان. هەموو ئەو مافانەی کە کۆمەڵگا دەبێ هەیبێ، مافی فەردی، تەنانەت مافە گشتییەکان ئەوەی کە دەبێ لە کۆمەڵگایەکدا هەبێ، سەرەتاییترین مافەکانی کە دەبێ کۆمەڵگا هەیبێ. لەبەر ئەوە ئەم ڕووداوەی فەریناز بە بۆچوونی من ڕووداوێکی فرە ڕەهەندە چونکە کۆمەڵێک پرسیار گرینگە ئێمە لە خۆمانی بکەین بە تایبەتی لە مەهابادا؛ مەهاباد ڕەمزە بۆ گەلی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شارێکە کە ڕەمزی پایتەختی سیاسی کوردە، ئەوێ واری پێشەوا قازیی محەمەدە. ئەمن وەک کەسێکی ڕۆژنامەوان و ژنێکی کورد وای دەبینم. مەهاباد لە گەڵ ئەوەی کە سەمبولێکی سیاسییە، ناوەندێکی گرینگی سیاسی گەلی کوردە، لە بەر ئەوە بە دەیان جار گوزارەیە بۆ ناوەندێکی گرینگ بۆ گەلی کورد. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار



سەرچاوە
Serchawe

گرینگن مرۆڤ بیان وروژێنێ: بۆ مەهاباد؟ بۆ بەرانبەر بە ژنێک؟ ئیشی ئوتێلێکی ٥ ئەستێرە لە شارێکی وەکوو مەهابادا کە نیوە و سەرووی خەڵکەکەی هەژارن ئوتێلێکی ٥ ئەستێرە چی دەکا لە شارێکی وەک ئەوەدا؟ ئەگەر هەش بێ ئایا بێجگەلە کەسانی دەوڵەمەندی کورد، بێجگەلە کەسانی دەوڵەمەندی سەر بە ڕژێم، سەر بە دەوڵەت و ئیتیلاعات کەسێکی تر بۆی هەیە، دەوڵەمەندێکی کورد بۆی هەیە ئوتێلێکی هەبێ و چۆن بییەوێ سەرمایەگوزاری لەو جێگایانە بکا؟ نەخێر، من پێم وا نییە. تەواوی ئەو شتانە لە چوارچێوەی سیستمێکی دەوڵەتیدا خۆی دەردەخا.

**قازی**: باشە ئەتۆ زیاتر دەچییەوە سەر مەسەلەی دەوڵەت. دیارە ئەوە وا بزانم بۆ زۆربەی بینەرانیشمان ڕوونە بەڵام مەسەلەیەکی کە باست کرد و پێم خۆش بوو ئەو مەسەلەیە زیاتر شی بکەیەوە ئەویش مەسەلەی زێهنییەتە. یانی مەبەستی من ئەوەیە پرسم ئەو زێهنییەتە بە بۆچوونی جەنابت بە چ شێوەیەک دەگۆڕدرێ؟ باسی ئەوەمان کرد کە قانوون و کۆنوانسیۆن و چوارچێوەی نێونەتەویی هەن و ئەو جێگایانەش دەگرنەوە کە بەشێک لە کوردستانی تێ کەوتووە. سەبارەت بە ئێران، بزووتنەوەی ژنان لە ئێران پێشینەیەکی هەیە، بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان پێشینەیەکی هەیە بەڵام هەتاکوو ئێستا ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە بنچینەوە دەبێ بکرێ یانی ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی لەمەر ئەو دوو جێندەرە لە بەرانبەر یەکتریدا، نیسبەت بە ژنان و کچان بە تایبەتی نەکراوە، پێت وایە ئەوە لە کوێ ڕا دەبێ دەست پێبکا بۆ ئەوەی کە گۆڕانێکی جیدی دروست ببێ؟ یانی ئەوە هەر دەبێ ببەسترێتەوە بە ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمی سیاسیدا؟ بەڕێزت چۆنی دەبینی؟

**قەرەداغی**: خۆی لە ڕاستیدا ئێمە کە باسی دەوڵەت دەکەین بە تەنیا باسی ئەوە ناکەین کە لە دەمووچاوی خامەنەیی یان ئەحمەدی نەژاد یان ڕووحانی و ئەمانەدا ببینین یان دامودەزگاکانیان کە کوردستانیان میلیتاریزە کردووە. تەنیا مەبەست ئەوە نییە. ئەوە زێهنییەتێکە لە ئاستێکی زۆر قەبەدا مرۆڤ دەتوانی ببینێ بەڵام، لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم زێهنییەتە لە جێگەی جیاواز، لە کایەی جیاوازدا مرۆڤ دەتوانێ ببینێ. بۆ نموونە دوانەی خێزان و دەوڵەت دوو دوانەن کە زۆر پەیوەست بە یەکترییەوە کار دەکەن. واتە ئەو عەقڵییەتەی کە لە ناو خێزاندا هەیە، لە نێو بنەماڵەدا هەیە جیاواز نییە لەو عەقڵییەتەی کە دەوڵەت بە ڕێوەی دەبا. ئەمانە یەکتری ئاو دەدەن، لە سەر یەکتری بە خێو دەبن، لە سەر یەکتری خۆیان دەژێنن. ئەم عەقڵییەتەی کە بە گشتی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە بەتایبەتی لە خێزاندا پێویستە ئەو عەقڵییەتە گۆڕانکاری بە سەردا بێ بە بۆچوونی من. ئەم عەقڵییەتە لەوانەیە لە قەبەترین کاردانەوەدا، ئەو کاردانەوەیە بوو کە خەڵک بەرانبەر بە هۆتێل تارا نیشانیان دا. من بۆ خۆم سووتانی ئۆتێلەکە بە سووتانی ئەو عەقڵییەتەی دەوڵەت دەبینم کە لەوێ دەیویست لە نێو گۆمەڵگادا بیچەسپێنێ، بییەوێ لەوێ حاکمییەتی خۆی دروست بکا. بەڵام ئەو عەقڵییەتەی کە دەبێ لە نێو کۆمەڵگادا، لە نێو عەقڵییەتی ئینسانەکاندا بسووتێندرێ هەیە.

**قازی**: ئەو عەقڵییەتە چۆن دەگۆڕدرێ؟

**قەرەداغی**: ئەو عەقڵییەتە بە بۆچوونی من بەخۆ ڕێکخستن کردن دەگۆڕێ. ئەو عەقڵییەتە تازەیە پێویستی بە خۆ بە ڕێکخستن کردنە. پێویستیی بە چالاکییە. پێویستیی بەوەیە کە ژن بگاتە ئەو باوەڕییەی کە لەو سیستمە خۆی دابڕێنێ. من کە دەڵێم دابڕان

مەبەستم دابڕانی جوگرافی نییە کە تۆ لە شارەکە بێیە دەرەوە، یان لە گوندەکە بێیە دەرەوە، یا لە خێزانەکە بێیە دەرەوە دەتوانی ئەو گۆڕانکارییە بکەی. ئەوە دەتوانێ گۆڕانکاری نیسبی دروست بکا بەڵام مەبەستم دابڕانە لەو زیهنییەتە کە دەوڵەت پایەکانی خۆی لە سەر دروست کردووە. واتە ئیعتیماد کردن لە سەر شتی دەوڵەت. پێت وا بێ دەوڵەت مەسەلەکە چارەسەر دەکا. پێت وابێ کە دەوڵەت بە یاساکانی بە دوای ئەم مەسەلەیەدا دەچێ. بە بۆچوونی من بە تایبەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا هەیە، کە من ئەو شتە دەڵێم هیوادارم بینەر وا تێ نەگا کە من دەمەوێ ئامۆژگاری ژنان بکەم کە چی بکەن...

**قازی**: بۆچوونی خۆت دەڵێی

**قەرەداغی**: ئەوە کۆمەڵگایە کە بڕیار دەدا چۆن خۆی بە ڕێکخستن بکا. بەڵام من کە ئەو قسەیە دەکەم مانای ئەوە نییە کە ژنان لە سیفرەوە دەست پێ دەکەن بە پێچەوانەوە تێکۆشانێکی بەرفراوانی ژنان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت هێزی سەربازی ڕێکخراوە کردنی ژنان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی هێزەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە چوارچێوەی سیستمێکدا کە هەم کایەی پەروەردە کردنی ژنانی هەیە، هەم کایەی خۆ ڕێکخستن کردنی هەیە لە ئاستی ناوخۆ و هەم لە ئاستی دەرەوە و کایەیەکی چالاکی هەیە واتە ژنان لە دەرەوەی کوردستان و لە ناوخۆی کوردستان بێدەنگ نەبوون لە ئاست ئەم ناحەقییانەی کە بەرانبەریان دەکرێ...

**قازی**: یانی پێت وا هەیە کە ژنان وەک لە ئەفغانستان دیتمان بۆ نموونە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی فەرخوندەدا دیارە ئەو تەجروبەیە لە وڵاتی دیکەشدا هەبووە، بە تایبەتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردلە ڕۆژئاوای کوردستان دیتوومانە وەختایەک کە گریلایەکی ژن ژیانی لە دەست داوە زۆر جار دیتوومانە ژنان دەچن تابووتەکەی هەڵدەگرن. لە تورکیاش نموونەی ئاوا هەبووە. بەڵام ئەوە لە ئەفغانستان نەریت شکاندنێکی زۆر تایبەتی بوو لە کاتی ناشتنی فەرخوندەدا ژنان تابووتەکەیان هەڵگرت. پێت وا هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئێستا بە تایبەتی لە سەر ئەوێ قسە دەکەین ژنان لە مەسەلەی فەرینازدا غاییب نەبوون؟ چونکە ئەگەر تەماشای ئەو وێنە و دیمەنانە بکەین کە لە تۆڕە کۆمەڵییەکاندا بڵاو بوونەوە، دیارە مەبەستم لە خودی مەهابادە، دواتر دیارە لە شارەکانی دیدا کە خۆپیشاندان و چالاکی کرا ژنان بەشدار بوون. پێت وا هەیە بۆ سازکردنی گۆڕانکاری ژنان بۆخۆیان دەبێ دەستپێشخەری سەرەکی بکەن یان چۆنی دەبینی؟

**قەرەداغی**: ئەو گۆڕانکارییە بە بۆچوونی من لە خودی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گۆڕانکارییەکە کە ڕووبەڕووی هەموو کەسێکە هەموو چین و توێژەکان. لە منداڵێکی ٧ ساڵەوە بیگرە هەتا بە ساڵاچوویەکی ٧٠ ساڵی، لە ژنەوە بگرە هەتا گەنج ئەرکی هەموو کەسێکە. بەڵام، بە بۆچوونی من ژنان چەند پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بکەن ئەوەندە دەتوانن بەڕاستی گۆڕانکارییەکان بکەنە ڕیشەیی. گۆڕانکارییەکان بکەنە ڕیشەیی وەک ئەوەی کە لە مەهابادا هەیە. بە بۆچوونی من لە مەهابادا بزووتنەوەیەکی ژنانەی زۆر جیدی هەیە کە دەتوانێ دڵخۆشکەر بێ بۆ ئەو قۆناغەی تێیداین.

**قازی**: ببوورە بەڕێز قەرەداغی، وەختمان زۆر کەم ماوە. چەند خاڵێکی دیکەش هەبوو پێم خۆش بوو باسی بکەین. یەک لەوانە چەواشەکاری چاپەمەنی، مێدیا لە وەختی ئاوا دایە. نموونەیەکی ئاوا لە تێلێڤیزیۆنێک ڕووی دا بوو لە باشووری کوردستان. پێم خۆش بوو باسی ئەو مەسەلەیش بکەی و دووەمیش مەسەلەی ئێفێکتی کۆبانێ لەو بارەیەوە چۆن دەبینی؟ چونکە ئێمە دیتمان بە دوای ڕووداوی مەهابادا لە کۆبانێ دەستبەجێ کاربەدەستانی هەرە گەورەی بەڕێوەبەری هەموو دروشمیان هەڵگرتبوو، دیارە بە زمانی عەرەبی بوو و لە سەریان نووسرا بوو. "هەموومان مەهابادین" و "مەهاباد دڵی کوردستان"ە ! ئەوانە چۆن لێک دەدەیەوە. وەختمان زۆر نییە بە داخەوە.

**قەرەداغی**: بە بۆچوونی من چەواشەکردنی هەواڵەکە زۆر کاریگەری نەبوو. ڕاستە هەوڵدانێک بوو بۆ ئەوەی کە تەواوی خودی ڕووداوەکە چەواشە بکرێ وا نەبوو. ئەو دیمەنانەی کە بڵاویان کردەوە گۆیا فەریناز لەگەڵ خودی ئەو کەسەی کە دەستدرێژی کردووەتە سەری و بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ڕادەستی نەبێ و خۆ کوشتن هەڵبژێرێ. ئەسڵ و ئەساسی نەبوو ئەو دیمەنانەی کە بڵاو کرانەوە. هەر کەسێک دەتوانێ ئەو دیمەنانە بۆ جێگایەکی تریش دروست بکا.ئەوە زۆر کاریگەری نەبوو بە بۆچوونی من.

**قازی**: ئەمن باسی کاناڵێکی تێلێڤیزۆنی دەکەم کە بە زمان برایەکەی فەرینازەوە قسەیەکی کرد بوو.

**قەرەداغی**: برایەکەی ئەوەی ڕەد کردەوە. پێم وایە لە تێلێڤیزۆنی کورد کاناڵەوە. ئەوەی ڕەد کردەوە کە شتێکی ئاوای نەگوتووە و بە زمان ئەوەوە ئەوان هەواڵێکی وایان بڵاو کردووەتەوە.

**قازی**: بە زمان ویبەوە هەڵیان بەستووە.

**قەرەداغی**: هەڵیان بەستووە، لە بەر ئەوە دەڵێم کاریگەری نەبووە. تا ئێستا کاردانەوەکان تەواوی سێبەری خۆیاندا بە سەر ئەو چەواشەکارییەیدا کە هەوڵ درا بکرێ. خاوەن دەرکەوتنی گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان جۆرێکە لە پەیامێکی دوو لایەنە بە یەکتری. یانی ئەوەی کە بەڕاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەیدانەکاندا داکۆکی لە کۆبانی کرد وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی و مەسەلەیەکی خۆیی، بە مەسەلەی خۆی زانی لە هەمان کاتدا ڕۆژئاوای کوردستان یەکێک بوو لەو مەیدانانەی کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا هەر سێ کانتۆنی کۆبانی و جزیرە و عەفرین داکۆکییان لە فەریناز کرد و هەتا ئێستاش چالاکی دەکرێ. لەبەر ئەوەی ئەوان یانی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان مەسەلەی فەریناز بە مەسەلەی خۆیان دەزانن چونکە ئەوان ڕووبەڕووی زیهنییەتێکی شەڕ بوونەتەوە و شەڕ لە گەڵ زێهنییەتێکدا دەکەن کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. ئەوان چەندین جار لە لێدوانەکانی خۆیاندا دەڵێن ئەو زێهنییەتەی کە فەرینازی کوشت هەمان زێهنییەتە کە بەرانبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕ دەکا. لەبەر ئەوە هەم لە باکووری کوردستان، هەم لە باشووری کوردستان داکۆکییەکی بەرفراوان کرا لە فەریناز و بە مەسەلەی خۆیان زانی. بەڵام من دەمەوێ لێرەدا ئەم بەرنامەیە وەک دەرفەتێک ببینم کە بە داخەوە ئەوەی کە وەکوو تابوو لە ئەفغانستان شکا بە داخەوە ئەوە کەلکی لێ وەرنەگیراوە لە باشووری کوردستاندا. لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩١ وە هەتا ساڵی ٢٠١٢ نزیکەی



سەرچاوە
Serchawe

**بیست هەزار ژن ژیانیان لە دەست داوە، هەم یان ناچاری خۆ کوشتن کراون، هەم یان کووژراون بە دەستی کەسێکی ناو بنەماڵە یان لە دەرەوەی بنەماڵە. بەڵام، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە نەمان بینی ژنان بێن شانی خۆیان بدەنە بن تابووتی ژنێکی کووژراو وەک ئەوەی کە ئێمە لە ئەفغانستان بینیمان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥**

**تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە رووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. رەحمان نەقشی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## رووداوەکانی مهاباد له وتووێژی گۆڤاری "لیڤین" له گەڵ کاک ئیبراهیم عەلیزاده دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە



**پرسیار**: له رۆژانی رابرۆدا لەشاری مەهاباد رووداوێک روویدا که تێیدا کچێک بەناوی فەریناز خوسرەوانی گیانی لەدەستدا. لەئاکامدا خەڵک رژانه سەر شەقامەکان و ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیه نارەزایەتیەکی بەرینی لێ کەوتەوە. ئەم رووداوە سیاسی نەبوو، بۆچی رەنگدانەوەی سیاسی پەیدا کردو حەرەکەیەکی سیاسی لێ کەوتەوە؟

**وەڵام**: سیاسی بوونەوەی رووداوەکەی مەهاباد دوو هۆکاری سەرەکی هەیە. یەکیان ئەوەی که حکوومەتی کوماری ئیسلامی هەموو کاناڵێکی ئاسایی بو شوێن گرتنی داخوازیەکان و بۆ دەربرینی نارەزایەتی، بەستووە. بۆ نموونه ئەگەر کیشەیەکی شەخسیت لەگەڵ کاربەدەستێکی حکوومەتی هەبێت یان تەنانەت لەگەڵ سەرمایەدارێکی خاوەن دەسەڵات تێ بکەوی، ناتوانیت دڵنیا بیت که لەو کێشه دیاریکراوەدا مافت ناخۆرێت.

رێگات دەکەوێتە زیندان، یان لانیکەمەکەی سەرئێشەیەکی ئیداری زۆرت بۆ دەنێنەوە. خۆ ئەگەر یەک هەنگاو لەو کیشه شەخسییە ئەولاتر بچێت و ببێ به نارەزایەتی دەربرینێکی تا رادەیێک دەستەجەمعی، ئیتر ئەوجار راستەوخۆ لەگەڵ رژیم بەرەوروو دەبێیەوە. کرێکاران له شۆینێک کۆدەبنەوە، داوای حەقدەستی دواخراویان دەکەن، هێزی ئینتزامی دەچێت و بڵاوەیان پێ دەکات، کەسانێکیش دەگرن و دەیانخەنه زیندان و پێیان دەڵێن هاندراون. ژنێک کەتۆسقاڵێک قژی سەری دەرکەوێت، دەکەوێتە بەر ئیهانەت و سووکایەتی پێ کردن و لەگەڵ دەوڵەت بەرەو روو دەبێتەوەو پێیان دەڵێن حکوومەتی ئیسلامیتان بردووته ژێر پرسیار، لەلایەن رادیوکانی بیگانه و دژه شۆرشەوە هان دراون. ئەوە تەبیعەتی دیکتاتوریەتی ئەو رژیمەیه که هەرچەشنه مافخوازیەکی تەنانەت بچۆک و سەرەتاییش، سیاسی دەکاتەوە.

هۆکاری دووهەم ئەوەیە، جەماوەری خەڵک لەو وڵاتە و لەوانە لە کوردستانیش، لەو رژیمە بیزارن. خەڵکی کرێکار و هەژار و کەمداهات، ژیانێکی کۆڵەمەرگییان هەیە، ژنان لەو هەمووە سووکایەتی پێ کردن و بێمافکردنەی کە بە پێی یاسای رەسمی وڵات بەسەریان دا سەپاوە وەزاڵە هاتوون، لاوان ئاسۆی ژیانی دوارۆژیان لێڵ و تاریکە، بە سەدان هەزار لاوی خوێندەوار کە زانکو یان دواناوندیان تەواو کردووەو هەزار هیواو ئاوات لە دڵیان دایە، بێکارن. لە وەها بارودۆخێکدا هەر ساتەوەختێک ئیمکانی هەیە پزیسکەیەک ئاورێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. چونکە رێگای چالاکی بە حیزبی سیاسی نەیاری رژێمیش نادرێت، سەرهەڵدانی عەفەوی و بێ پلان و بەرنامە، رێگای بۆ خۆش دەبێت.

**پرسیار**: ئەو فاکتەرانەی کە ئێوە باسی دەکەن لە رووداوەکەی مەهاباددا چۆن خۆی نیشاندا؟

**وەڵام**: رووداوێک کە بوو بە هۆی جینایەتی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی رۆژی دووشەممە ١٤ی مانگی گوڵان روویدا. هەواڵی ئەو رووداوە زۆر زوو لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە. لەهەموو شوێنێک باس لەوە دەکرا کە یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی ئیتلاعاتی رژیم تێوەی گلاوە. خۆپیشاندانی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربرین لە رۆژی ١٧ی گوڵان، واتە سێ رۆژ دواتر دەستیپێکرد. لەماوەی ئەم سێ رۆژەدا خەڵکی مەهاباد، مۆڵەتیان بە رژێمدا کە بە شێوەیەکی شەفاف و بەبێ پیلانگێری چۆنیەتی رووداوەکە روون بکاتەوەو تاوانبارەکە بناسێنێ و رێگای بە سزاگەیاندنی بگرێتەبەر. بەڵام بەرپرسانی رژێم لە مەهاباد لە جیاتی وەڵام دانەوە بەم داخوازییەی خەڵکی شاری مەهاباد، گوێیی خۆیان لێ خەواندو لایان وابوو ئەمەش وەکوو رووداوی دیکەی لەم چەشنە بە تێپەربوونی کات لە بیر بیروڕای گشتی دەچێتەوە. دوای ئەوەیکە خەڵک دڵنیا بوون کە رژێم بە دڵخوازی خۆی بەرانبەر بەم جینایەتە کاردانەوەیەکی نابێت، ئەوجار بوو کە رژانە سەر شەقام و خۆپیشاندانەکەیشان هێمنانە بوو. هێزەکانی رژێم لە چەند لاوە پەلاماریان بردە سەر خۆپیشاندەران. شتێکی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەنگۆی ئەوە هەبوو ژمارەیەک لە لاوان بچن و هوتێلەکە بسووتێنن، بەڵام رژێم ئەو لایەی بۆ چۆل کردبوون و تەنانەت بەجۆرێک لە جۆرەکان جەماوەری خۆپیشاندەرەی بەرەو ئەو شۆێنە پاڵ پێوەدەنا. تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رژێم بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بەئیرادە و بە ورەی بەرزەوە بوو. بە دەیان کەسیان بریندار کرد. ئەو جار هەر وەکوو باسم کرد، رووداوەکە بوو بە رووداوێکی سیاسی، بوو بە بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک و رژێم.

**پرسیار**: بۆچی رژێم هوتیل تارای نەپاراست، لەحالیکدا کە ئێوە باستان کرد، بەهۆی توڕەیی جەماوەرەوە ئەم مەترسییەی بەسەرەوە بوو؟

**وەڵام**: بەبڕوای من لە بەر دوو هۆکار پێشی بە سوتاندنی هوتێل تارا نەگرت. یەکەم، وای پێشبینی دەکرد کە بە ئاورتێبەردانی هوتێل تارا بەدوو ئامانجی خۆی بگات. یەکەم: پێی وابوو لەلایەکەوە تووڕەیی خەڵک دادەمرکێتەوە و خەڵک نفرەتی خۆیان بەسەر هوتێل و خاوەن هوتێلەکەدا دەرژێنن و نارەزایەتییەکەیان بەتاڵ دەکەن و کێشەکە لە گورو تین دەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە بەمجۆرە بەشی موحافیزەکاری خەڵکی شار و بە تایبەت چینی مامناوەندی شاری مەهاباد، دەکەونە موخالەفەت لەگەڵ خۆپیشاندەران و



سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتوویەکی جەماوەری شکل ناگرێت. دووهەم، ئەگەریش ڕووداوەکە کونترۆل نەکراو نارەزایەتی دەربڕین درێژەی پەیدا کرد، ئەوا ڕژێم پاساوی بەهێزتر بۆ سەرکوتکردن و توندوتیژی نەواندن بەدەست دینێت.

**پرسیار**: هەڵویستی ئێوە بەرانبەر بەم ڕووداوە لەسەرەتاوە تا ئێستا چۆن بوو؟

**وەڵام**: با پێشتر ئەوە بڵێم کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامدا، ئەوە یەکەم جار نییە کە ژنێک بەهەر هۆکارێک، دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە ناچار بێت بەمجۆرە کایە بە گیانی خۆی بکات، جا مەبەستی خۆکوشتن بۆبێت یان دەرباز بوون، کە من لام وایە دەرباز بوون بووە. لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا ژن ئوتوماتیک تاوانبارە، مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت. ژن سەرچاوەی گوناهە، هۆکاری گوناە و خەتایە، هەر بۆیە هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە ڕوبدات، لە کلتۆری ئەو ڕژێمەدا قامکی ئیتهام بەرەو لای ژن ڕادەکێشرێت. هەر بۆیە هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە ڕوو بدات بۆ ئێمە کە دەسەڵاتی ئەو ڕژێمەمان تەجرۆبە کردوە، فەرز ئەوەیە کە ئەو ژنە خراوەتە بارودۆخێکی ناڵەبارەوە و زۆڵمی لێ کراوە. داخوازی خەڵکی مەهابادیش هەر لە ڕۆژی ١٤ی گوڵانەوە تا ڕۆژی ١٧ی گوڵان کە خۆپیشاندان دەستی پێی کرد زۆر عادڵانە و شەفاف بوو. خەڵکی مەهاباد داوای ناساندن و دادگایی کردن و سزادانی بەڕێوەبەرانی جینایەتەکەیان هێنایە گۆڕێ. بەرپرسانی ڕژێم لە مەهاباد بەرانبەر بەو داوا ڕەوایە خەمسارد بوون و پشتگوێیان خست. تەنانەت وەکوو پیشەیانە کەوتبوونە پڕوپاگەندەکردن بۆ نێوزڕاندنی کیژی قوربانی "فەرینازی خوسرەوانی". ئەو هەڵوێستەی ڕژێم خەڵکی زۆرتر تووڕەتر کرد.

ئێمە حەرەکەتی عەفەوی کە لە ڕووی تووڕەیی و بێزاری خەڵک بەو هۆکارانەی کە باس کران دەرک دەکەین، زۆربەی کاتیش کە عادڵانە و ڕەوایە پشتیوانی لێ دەکەین، بەڵام خۆمان هاندەری نابین. ئەوەی کە خۆمان بە دانستە و بەپێی ستراتیژی خۆمان هەوڵی بۆ دەدەین، کاری وشیارانە، بەپێی پلانی ئوسولییە. ئەم ستراتیژییە بەکەمترین خەسارەت ئامانجەکەمان بەدی دێنێت. حەرەکەتیک کە لەهەمان کاتدا کە ورەی جەماوەر بەرز دەکاتەوە، هەنگاو بەهەنگاو لە دەستکەوت و سەرکەوتنی چکۆلەوە بەرەو دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورەتریان دەبات. یارمەتی دەدات کۆمەڵانی خەڵک لەو حەرەکەتدا ڕێکخراوتر بێنە دەر و ئاستی وشیارییان بچێتە سەرەوەو هەنگاو بەهەنگاو بۆ گەیشتن بەئامانجەکەیان خەبات بکەن و بەردەوام بن. گل و گوفی ئانی کە دوای ماوەیەکی کورت بنیشێتەوەو بەردەوام نەبێت، دڵخوازی ئێمە نییە.

**پرسیار**: ئێوە بە شیوەیەکی دیاریکراو لە جەریانی ڕووداوەکانی مەهابادا چیتان کرد؟

**وەڵام**: ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەک بڕوات کە سەرکوت کردن بۆ ڕژێم دژوارتر بکاتەوەو بەکەمترین زیانەوە ئەو قۆناغە تێپەڕ بکەین . مانگرتنی گشتی و بەردەوام دەتوانێ و دەتوانێ ڕژێم ناچار بە پاشەکشە بکات.

**پرسیار**: پاشەکشە لە چی؟

**وەڵام**: ئێمە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانمان لە سێ خاڵدا کۆکردەوە: یەکەم: ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوای کوردستان و کۆتایی هێنان بە میلیتاریزەکردنی شارەکان کە رژیم بەبیانووی رووداوەکەی مهاباد پەرەی پێدا. دووهەم: ئازادکردنی بێ شەرت و مەرجی هەموو گیراوەکانی ئەو رووداوانە. سێهەم: شۆێن گرتنی شەفاف و ئاشکرای رووداوەکەی هوتێل تارا و ناساندنی تاوانبارانی و سزادانیان لە هەر پلەوپایەیەکدا بن.

**پرسیار**: بۆچی حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانی بارودوخەکە بقوزنەوە و بە ئاراستەیەکیدا بەرن کە ئێوە باسی دەکەن. بۆچی نەیانتوانی بە پلانەوە دەوری تێدا بنوێنن؟

**وەڵام**: ناکۆکی و جیاوازی نێوان حیزبە سیاسیەکانی لای ئێمە پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە. بۆچوونێک هەیە کە بە تایبەتی رەوتی ناسیۆنالیزمی کورد پەرەی پێی دەدات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو واقیعەتە بە رەسمی ناناسێ کە کۆمەڵگای کوردستانیش وەکوو هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە، کۆمەڵگایەکی چینایەتییە، مەیل و بۆچوونی سیاسی و بەرژەوەندی جیاوازی تێدایە، ئەو جیاوازییە بە شێوەیەکی سروشتی حیزب و لایەنی سیاسی بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو واقیعەتە، بەردەوام داوای یەکبوون و یەکریزی دەکات کە واقیع بینانە نییەو تەوەهومە. حیزبە سیاسیەکان لە جیاتی ئەوەی وشیاری بە خەڵک بدەن کە لەو تەوەهومە رزگاریان بێت، هەستی وەحدەت تەڵەبی لە ناو خەڵک لەدژی یەکتر بە کار دێنن و کایەی پێ دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان بەرانبەر بە هەستی جەماوەری خەڵک بە دڵسوز نیشان بدەن.

ئێمە بۆچونمان ئەوەیە، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک لە کەم ژانەسەرترین رێگاوە، بە خەسارەتی کەمترەوە داخۆازییە گشتیەکانی خۆیان بەرانبەر بە دەولەتی مەرکەزی بەدەست بینن، باشتر وایە لە هەموو ئەو کێشانەدا کە بەرەورووی رژیم دەبێتەوە، یەکپارچە دەرکەون، رێگا نەدەن کە رژیم لە کەلێنی نێوان حیزبە سیاسییەکا بۆ مەبەستی خۆی کەڵک وەربگرێت. کە وایە کاتیک کە مەسەلەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی باڵای خەڵک بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە هەیە، پێویستە هەوڵ بدرێت کە هەڵوێستی هاوبەشمان هەبێت. ئەگەر پێکهێنانی بەرە یان هەر پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی بۆ ئەو مەبەستە مومکین نەبێت، لانیکەم لە وەها کاتێکدا هاوکاری نزیک بکرێت.

**پرسیار**: بۆ ئەو حاڵەتە دیاریکراوەی مەهاباد چیتان کرد؟ چی دەکرا؟

**وەڵام**: ئێمە پەیوەندیمان بە چەند لایەنەوە گرت و پێمان وتن ئامادەین لەگەل هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران، لە پێناوی راگەیاندنی مانگرتنی گشتی هاوکاری و هاوهەڵوێست بین. هەڵبەت تا رادەیەک وەڵامی ئیجابیشمان وەرگرتەوە. هیوادارین هەلی لەبار بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی لەمبارەوە زیاتر بڕەخسێت. بەڵام دەمهەوێت لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بە راستی جاری وایش هەیە کە هەڵوێست و بۆچونگەلێک دەبینی کە هەست ئەکەی لە هەموو هاوکاری دوورت دەخاتەوە. بۆنموونە هەر لە پەیوەند لەگەڵ رووداوەکەی مەهابادا، لایەن هەیە کە شایی لوغان بۆ ئاورتێبەربوونی هوتێلەکە دەکات، لایەن هەیە لە روانگەی ناموسپەرەستیەوە

دەچێتە سوراغی کێشەکەوە، گۆیا ئەو هەموو جۆش و خرۆشە بۆ ئەوەیە کە ناموسی کورد لەکەدار بووە، هەڵبەت لە بیریشی دەباتەوە لەوانەیە سەبەبکاری ئەو رووداوە هەر خۆی کورد بوویێت، گۆیا بە هەزاران کچ و ژنی شەنگالی کە کەوتوونەتە دەستی داعش ئەو هەستەی نەجۆڵاندبێت، کە لام وایە جەماوەری راپەڕیو لە شاری مەهاباد بە هیچ جۆرێ لە جۆرەکان ئەو بۆچون و هەڵویستەی نەبووە، تەنیا کەسانێکی دابراو و نامەربوت نەبێت کە ئەو جۆرە پروپاگەندەیە دەکەن. لایەن هەیە کە پێی وایە هەل بۆ وەشاندنی زەربەی چەکداری رخساوە، کاتی ئەوە هاتووە هەڵبوکتێتە سەر پاسگایەک و سەربازێکی داماو بکوژن، ئەوجۆرەی کە لە پاسگاکەی نزیک بانەدا روویدا. یەکخستنی ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام نابێ بێ ئومید بین. پێویستە هەوڵ بدەین ئەو تەفرەقەیە شۆڕ نەبێتەوە بۆ نیو جەماوەری خەباتکار.

**پرسیار**: ئایا پێتان وایە ئەگەر ئەو حەرەکەیە، یان حەرەکەیەکی لەو چەشنە درێژەی هەبێ، کوردستانی رۆژهەڵات دەتوانێ بە ئاراستەیەکی جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بڕوات؟

**وەڵام**: لەم پەیوەندیەدا چەند واقعیەت هەیە کە پێویستە بیانسەلمێنین. یەکەم، ئەوەیکە کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبیە و خەڵک لە ئاستی جەماوەریدا سۆزی خۆیان بۆ ئەم حیزب یان ئەو حیزب هەیەو بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێت دەریدەبڕن. تەنها جیاوازی کوردستان لەشوێنەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە. لەوێیشدا نارەزایەتی هەیە، خەباتیش هەیە، هێشتا پێک نەهاتووە. ئەو حاڵەتە ئەو ئیمکانە بە خەڵکی کوردستان دەدات کە بە ئاراستەیەکی وشیارانەتردا بڕوات و تووشی داهاتوویەکی نادیار نەبێت. دووهەم، رژێمی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک ئیستعدادی ئەوەی نییە کە مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کورد بسەلمێنێت و دانیان پیا بنێت. ئەو رژێمە هەر چەندیش ئیسلامی بێت، لەم بابەتەوە ئەوە هەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانیە کە جیهت و سیاسەتی دیاری دەکات و بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانیش کێشەی نەتەوەکان هێڵی سوورە. سێهەم، بەبێ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە تاران، بەبێ خەباتی سەراسەری لە ئێران، بەبێ ئەزمەیەکی چارەهەڵنەگر کە بەربین بە رژێم بگرێ، چاوەڕوان ناکرێت مافەکانی خەڵکی کورد دابین بێت. کەوابێت باشترین رێگا ئەوەیە خەڵک لە کوردستانی ئێران، خەباتی خۆی لە چوارچێوەی خەباتی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا ببینیتەوە. ستراتیژێک کە خەڵکی کوردی ئێران بەو ئاراستەیەدا بەرێت دڵسوزانەو واقیعبینانەیە.

بەهەمووی ئەوانەوە، ئێمە تایبەتمەندیەکانی کوردستان و خەباتەکەی دەناسین و بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین ئەو خەباتە بەرەوپێش بچێت و لە هەر قۆناغێکیشدا دەستکەوتی دیاریکراوی خۆی هەبێت.

سەرچاوە: دیواری فیس بووک - رێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠١٥

تێبینی: تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە رووداوەکانی مەهابادەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە. رەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## "مافی بەکارهێنانی "لەگەڵتانین!




**ناسر فەتحی**

کاتێک لە نێوخۆی وڵات ڕووداوێک ڕوودەدا، کوردەکانی دەرەوەی وڵات، بەشێکیان بە گوتنی "لەگەڵتانین" پشتگیری لە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆ دەکەن و بەشێکی تریشیان زوویەکی ئەو کەسانەی گوتوویانە لەگەڵتانین سەرکۆنە دەکەن و پێیان دەڵێن: ئەگەر ڕاست دەکەن بڕۆنەوە نێوخۆ و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان بن، دەنا دەمتان داخەن!

ئەم سەرکۆنەیە بۆ ئەوکەسانەی لەژیانیاندا هیچ خێرێکیان بۆ خاک و خەڵکەکەیان نەبووە زۆر سەرکۆنەیەکی بەجێیە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی سەردەمایەکی لە نێوخۆی وڵات چالاکیی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و بوارە جۆراوجۆرە مرۆڤدۆستەکانی تر بوون و دواتر بەناچاری ڕوویان لە دەرەوە کردووە، تا بڵێی ڕەخنەیەکی بێ مانایە!

ماوەیەکە کەسانێک دانستە یان نادانستە، جا ئامانجدارانە یان بێ ئامانج، خەریکن ئەقڵییەتێک لە نێو خەڵکدا باو دەکەن کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە ویستەکانی کۆماری سێدارەی ئێران دەکات. ئەو ئەقڵییەتەش بریتییە لەوەی دەڵێ: مادام ناتوانی بوونی جەستەییت هەبێ و بەشێک بی لە ئازارەکانی خەڵکی نێوخۆ، هیچ نەڵێی باشە!

ئەگەر ئەم قسەیە بەو کەسانە بگوترێ کە لە فڕۆکەخانەی تاران، یان ڕێگە هاوشێوەکانیەوە هەڵفڕیونەتە دەرەوەی وڵات بە بەبێ ئەوەی بچووکترین هەڕەشەیان لەسەر بووبێت، قسەیەکی بەجێیە؛ دیارە ئەو جۆرە کەسانە کە بە درۆ و دەلەسە مافی پەنابەرییان لەدەرەوە وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانن سەفەری نێوخۆ بکەنەوە و بنەماڵەکانیان لەنێوخۆ تووشی کێشە نەبن، قەت نایەن بە خەڵکی نێوخۆ بڵێن لەگەڵتانین، بەڵکوو بۆ پاساودانەوەی ترسەنۆکی خۆیان هەڵدەکوتنە سەر ئەوکەسانەی کە کاتی خۆی باجیان بۆ خەڵک

و خاکی خۆیان داوە و ئەمڕۆ لەدوورەوە پشتگیرییان دەکەن.

یەکێک کەوا بەشێک، لە کاتە زێڕینەکانی ژیانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە، یەکێک کە پێشتر پێشمەرگەی حیزبە دژبەرەکانی دەسەڵات بووە، یەکێک کە چالاکی بواری ژنان، منداڵان، مافی مرۆڤ و... بووە و ئێستا بەهەر هۆکارێکی ئەمنی یان چی، نەیانتوانیوە لەنێوخۆدا بمێننەوە و روویان کردۆتە هەندەران، مافی خۆیانە بە سەربەرزییەوە بە خەڵکی نێوخۆ بڵێ لەگەڵتانین و، چاوەڕوانیی درێژەدانی رێگای خۆیانیشان لێ بکەن، چوونکە ئەوانیش کاتی خۆی، تا بواریان بووە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ گەیاندووە و ئێستاش مافی خۆیانە جگە لە پشتوانی مەعنەوەی خەڵک، چاوەڕوانیی درێژەدانی رێگایانەیان لێیان هەبێ!

بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو قسەیە وەک منەتێک بێتە بەرچاو ـ کە دیارە خەڵکانی تێکۆشەر هیچ منەتێک لەسەر خەڵک ناکەن ـ هێشتاش هەر پشتیوانی دەربڕین لە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵک بە "لەگەڵتانین" زۆر بەنرخترە لە بێدەنگی لێکردن و پشتگوێ خستنیان.

بەو تێبینییەی کە دەبێ خەڵک پشتگیری بکرێن نەک بە هاندان و تیندانیان شعووریان بەکەم بگیردرێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## کارەسات!



**برایم جەهانگیری**

کاتێ باس لە کارەسات دەکرێ راست مرۆڤ زەینی تەقڵە کوت بۆ پێکدادانی دوو ماشێن، وەرگەڕانی ماشێنێک، خۆکوژی و کوشتنی کەس یان کەسانێک... کەچی زۆر جار کارەساتی هێندە گەورەمان لە دەوروبەرییە و نایبینین بە سەدان قات گەورەتر و کارەساتتر لە کوشتن و بڕینی کەس یان کەسانێک.

خۆ لەبیر کردن کارەساتی هەرە گەورەیە، مێژووی خۆت ون کردن، باوەڕ بە خۆو بە نیشتمان و بە گەل نەمان گەورەترین کارەساتی نەتەوەیەکە کە بە شێوەی رێکخراو و نا رێکخراو، بە شێوەی کۆ و گشتی و بە شێوەی تاک رۆژانە دەیبینین و هەر بە خشکە بە پەنایان دا دەخوشین و خێسەیەکیان نادەینێ!

حیزب هەیە خۆی بە ٧ مانگای زاو ناگۆڕێتەوە، کەسی پێ حێزب نییە خۆی نەبێ کەچی نە بۆ خۆی و نە ئەندامەکانی سەبارەت بە راپەڕینە خوێناویەکەی لاوانی مەهاباد متەقی لێوە نەهاتووە! تازە هی وایە گەلێکیشی پێناخۆشە و بە ئاڵۆزی و بشێوی نێو دەبات! تاک هەیە ساڵانی ڕابردوو کادر حیزبەکان بووە، لە لای سەرووی مەجلیسان نەبا دا نەدەنیشت! کەچی وا لەو هەندەرانە هەش بەسەرە وەها خۆی لەبیر کردووە ، کە تەلەیفوونی بۆ دەکەی، ئیمایلی بۆ دەنێری، تێکسی بۆ دەکەی، بە قوربان و سەدەقەی دەبێ و بە تەلەیفوون پێی دەڵێی کورە کاکی من رۆژی تەنگانەیە و ئەو لاوانەی من و تۆ تینمان داون و کاتی خۆی بە کوردایەتی گۆشمان کردوون ئەوە سینگی خۆیان بە گوللەوە دەنێن تۆش بە یەکشەمەیەی کە هەموو جێگایەک تەعتیل و شار بۆ چووڵەیە قامک دەپانێی کەوشەکانت نێ و نێوی خواو رەسوانی لێ بێنەو وەرە دیار بە، ببە دەنگێک لەو سەر شەقامە و سەرنجی ٤ کەسی ئەو کانادایە بۆ لایە خۆت ڕاکێشە، بۆ لای مەسەلەی کورد، بۆ لای بێکەسی کورد....

کە دەگەیە وێندەرێ و چاو دەگێڕی و ئەو دۆستانە نابینی و تا کۆتاییش هەر ئاسەواریان دیار نابێ، ئیتر دەفکرانەوە دەچی و

ناچاری بڵێی کارەساتی هەرە گەورە ئەمەیە کە تۆ خۆت ون کردبێ، شوناس و هەستی نەتەوییت ون کردبێ! کاتێ بەدەیان کەسی "خاریجی" لە نەتەوە و رەنگە جۆراوجۆرەکان کە بەوێدا دەهاتن و لەو تەزاهۆرات و دەنگە دەنگە فیلم و وێنەیان هەڵدەگرتەوە، تەنانەت لە ماشێنەکاندا هەڵوێستەیەکیان دەکرد و دوو وێنەیان دەگرت، خەڵکی دیکە، ژن و مێرد هاتبوون و لە پەنامان ڕاوەستابوون و دەیان کوت ئێمە دەزانین کورد مەزلوومە و هاتووین ساپۆرتیان دەکەین ... بەڵام کە هی خۆت نابینی ....

**بەڵێ کارەساتی گەورە و هەرە گەورە ئەمەیە کە تۆ شوناس و هەستی نەتەوەییت بزر کەی.**

سەرچاوە: وێبلاگی کوردستان بیری ئازاد - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

---

## بەیانیت باش مەهاباد ئەی قەڵای پیرۆزی ئازادی.

**خاڵە قازی**

**بەیانیت باش مەهاباد ئەی قەڵای پیرۆزی ئازادی**
**بەیانیت باش کچی سەربەرز، کوڕی ناو هۆزی ئازادی**
**بەیانیت باش، ڕقی پیرۆز، گڕی ژێر خۆڵە مێشی کۆن**
**بەیانیت باش، هەتاوی کورد، نەسیم و سۆزی ئازادی**
**بەیانیت باش قەڵای کۆمار، یەکەم پێتەختی خاکی من**
**بەیانیت باش، بەهاری کورد، یەکەم نەورۆزی ئازادی**
**بەیانیت باش، قەڵای سارم، خەزایی، قوڵقوڵاغ، خەڵوە**
**چیای داشامەجید، لایبرد، خەوی ئاڵۆزی ئازادی**
**بەیانیت باش، وڵاتی من، هەمیشە سەرفەراز و شاد**
**گوڵی سوور پێشکەشت بێ، ئەی مەهاباد ڕۆژی ئازادی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# پەیام و ڕاگەیاندراوی حیزب و ڕێکخراوەکان

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو ڕێکخراوو دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ

ناڕەزایەتی دەربڕینی هەزاران کەسیی ڕۆژی ٧ی مای ئەمساڵی خەڵکی مەهاباد لە پێوەندی لە گەڵ تاوانی گیانلەدەستدانی خانمی فەریناز خوسرەوانی لە یەکێک لە هوتێلەکانی ئەم شارە، لە گەڵ توندوتیژی نواندنی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوو. تەقەی هێزە حکوومەتییەکان لە خۆپێشاندەران، برینداربوونی چەندین کەسی لێکەوتەوە. هێندێک لەو بریندارانە لە دۆخێکی ناجێگیر دانو مەترسیی گیانلەدەستدانیان لە سەرە. زیاتر لە ١٠٠ کەس لە لاوانی خەڵکی ئەو شارە بە تاوانی بەشداری لە خۆپێشاندانەکە، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیراونو چارەنووسیان ناڕوونە. هێندێک لە بریندارەکانیش بۆ ئەوەی نەکەونە دەست هێزە ئەمنییەتییەکانو لە جیاتی دەرمانکران بە برینداری ڕەوانەی بەندیخانە نەکرێن، نەیانوێراوە خۆیان بە نەخۆشخانەکان بناسێنن.

بە دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانی مەهاباد، خەڵکی ژمارەیەک لە شارەکانی کوردستان، بە نیازی هاودەردی لە گەڵ خەڵکی ئەو شارەو پشتیوانی لە داخوازەکانیان، هەوڵیان دا ڕێپێوانو کۆبوونەوەی هێمنانە بکەن. لە سەردەشت ڕێپێوانی ژنانو لاوانی ئەو شارە کەوتە بە پەلاماری هێزی چەکداری حکوومەتیو تەنانەت تەقەیان لێ کرا. کۆمەڵێکی ١٥-٢٠ کەسیشیان قۆڵبەست کراون کە



سەرچاوە
Serchawe

زۆربەیان هەتا ئەم کاتەش لە دەستبەسەری دان. لە شارەکانی دیکەش لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ژمارەیەک لە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان گیراون.
ئێستا جگە لەوەی شەپۆلی گرتنو ڕاوەدوونان لە شارەکانی کوردستان بەردەوامە، کەشوهەوایەکی پۆلیسیو نیزامی بە سەر شارەکاندا زاڵ کراوە. ڕێگە بە هیچ کۆبوونەوەو ڕێپێوانێکی هێمنانە بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد نادرێ. کۆنترۆڵێکی توند خراوەتە سەر پێوەندییە تەلەفۆنییەکانو کۆسپ دەخرێتە سەر ڕێی دەستڕاگەیشتنی هاونیشتمانان بە هێڵی ئەنترنێت. هێندێک لە بەندییە سیاسییەکانو یەک لەوان "مەنسوور ئاروەند" کە حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپێندراوە، لە شوێنی خۆیان راگوێزراونو نیگەرانیی ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترساندنی خەڵک، وەک زۆر جاری دیکە، پەنا بباتە بەر ئێعدامی بەندییەکان. لەم بارودۆخەشدا، دەزگا ئەمنییەتییەکان لە دەستبەسەرکردنی پێشەنگانی بزووتنەوەی کرێکاریو بانگ کردنی ئەو مامۆستایانە غافڵ نین کە لە مانگرتنەکانی ئەم دوایانە بە مەبەستی خستنەڕووی داخوازە سینفییەکانیان بەشدار بوون.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا، بە پیویستی دەزانین، دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤو بیروڕای گشتی لەو سەرکوتو هەڕەشانە ئاگاداربکەینەوە کە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چالاکانی بەشدار لە حەرەکەتە ئێعترازییەکان لە گەڵیان بەروڕوون. ئێمە سەرنجتان بۆ لای چارەنووسی بەندکراوانو برینندارەکانی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە رادەکێشین. هەر وەها چارەنووسی دەیان بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیتاندا وەبیردێنینەوە کە چەندین کەس لەوان، حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپێندراوەو هیچ دوور نییە ئەو ڕێژیمە بۆ چاوترساندنی خەڵک، گیانیان لێ نەستێنێ. وەبیریشتان دێنینەوە هەر لە کۆنەوە ستاندنی گیانی ئینسانە بێتاوانەکانو بێسەروشوێنکردنی جیابیرانو نارازییان لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانو هێزە چەکدارەکان بە داخەوە ڕەواڵێکی ئاسایی بووە. هەر بۆیە ئەگەر گوشاری نێودەوڵەتیو چاوەدێرییەکی جیهانی لە سەر ئەو ڕێژیمەو ڕەفتارو کردەوەکانی لە کوردستان نەبێ، بە خەیاڵێکی ئاسوودەتر درێژە بە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتووو خنکاندنی دەنگی نارازیی ئەوان دەدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێوەو هەموو داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان داوا دەکا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەستبردن بۆ سەرکوتو توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خەڵکی نارازیدا و، بە بۆنەی ڕێگەنەدان بە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵک، بخەنە ژێر گوشارو ناچاری بکەن دەست لە کوشتنو گرتنو بەندکردنی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان هەڵ بگرێ.

وەدەنگهاتنی بە وەختی ئێوە، خەڵکی داواکاری ئازادی، دیموکراسیو مافە نەتەوەییەکان لە دەستدرێژیو سەرکوتو تۆڵەستاندنەوە دەپارێزێ.

١٤ی مای ٢٠١٥ - ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامە: خەڵکی زامداری مەهاباد چاوەڕوانی پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانن

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**
**دۆستانو دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

دوانیوەڕۆی دوێنێ پێنجشەممە ١٧ی بانەمەڕ، هەزاران کەس لە خەڵکی قارەمانی شاری مەهاباد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر تاوانی کوژرانی فەریناز خوسرەوانی، لە بەر دەرکی هوتێل تارا کە تاوانەکەی تیدا ڕوودابوو، کۆ بوونەوە. هێزەکانی ناسراو بە دژە شۆڕش کە لە پێشترەوە لە دەوروبەری ئەو هوتێلە جێگیر کرابوون، بۆ بڵاوە پێکردنی خەڵکەکە دەست بە کار بوون و بە لێدان بە باتووم و بە گازی فرمێسکرێژ و تەنانەت بە چەکی گەرم بەرەوڕووی خەڵکی نارازی بوونەوە. توندو تیژی نواندنی هێزە چەکدارەکان لە لایەک وموتتەهەمبوونی دامودەزگای ئیتلاعاتو دەزگا حکوومەتییە پێوەندیدارەکان لە ڕوودانی تاوانەکەو لێنەپرسینەوەی لە لایەکی دیکەوە، خەڵکی خرۆشاوی مەهابادی لە سەر پەلاماربردن بۆ سەر ئەو هوتێلە و بە گژداچوونەوەی هێزە چەکدارەکان شێلگیرتر کرد. لە ئاکامی تێکهەڵچوونی هیزە چەکدارەکان و خەڵک دا چەندین کەس لە خۆپێشاندەران بریندار بوون کە برینی ژمارەیەکیان جێگای مەترسیە. خەڵکی تووڕە لە دەستدرێژیو ستەمی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانو مۆرە بەدناو و فاسدەکانی ئەو ڕێژیمە، لە درێژەی خۆپێشاندانەکە دا هۆتێلەکەیان ئاگر تێبەردا. نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک و تێکهەڵچوونیان لە گەڵ هیزە چەکدارەکان هەتا کۆتاییەکانی شەوی رابردوو بەردەوام بوو. بە گوێرەی هەواڵەکان دەیان کەس لە لاوەکان گیراون و ژمارەیەک لەوان بۆ میاندواو ڕاگویزراون. زۆر لە بریندارەکانیش لە ترسی گیران بە برینداری، نەیانتوانیوە بچنە نەخۆشخانەی دەوڵەتیو لە بارودۆخێکی خراپ دا دەرمان کراون. لە ئیستا دا بارودۆخی مەهاباد بە تەواوی نیزامییە. هێزێکی زۆری سەرکوتکەر کە لە شارەکانی دیکە ڕا بۆ سەرکوتی خەڵک و کۆنترۆڵکردنەوەی وەزعەکە هێنراون، شاریان بە تەواوی تەنیوە.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی دووبارەی پەلاماری دەستدرێژیکەرانە بۆ سەر فەریناز خوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو، بێدەنگنەبوون و هەڵویستگرتنی خەڵکی قارەمانی مەهاباد لە ئاست ئەو تاوانە، بەرز دەنرخێنێ. خەڵکی مەهاباد، نیشانیان دایەوە کە لە ئاست سووکایەتی و تاوان دەرحەق ڕۆڵەکانی خۆیان بێدەنگ نابن و چاویان لە ئاست خوینی بە ناحەق ڕژاو و گیانی بە ناحەق ئەستیندراوی کچێکی لاوی شارەکەیان نانووقێنن. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەو کاتە دا توندوتیژی نواندنی دامودەزگا پیوەندیدارەکانو هیزە سەرکوتکەرەکان کە لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی سووکایەتی پێکردن وگیانلەدەستدانی کچێکی کورد، کەوتوونە دەسرێژ لە خەڵکی نارازی، بە توندی مەحکووم دەکا.
داوای لە خەڵکی سەرجەم شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بە کردەوە پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی زامداری مەهاباد ڕابگەیەنن . ئیستا نۆرەی خەلکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتە کە بە پشتیوانیی مەهابادی خرۆشاوی زامدارەوە بچن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی دیکەوە هێزی چەکداری بۆ سەرکوتی مەهابادییە خرۆشاوەکان هێناوە، پێویستە لەمرۆوە و بە تایبەتی بە دوای نوێژی هەینی دا، خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکان ڕێپێوانی نارەزایەتی بەرێوە ببەن، هەم تاوانی پەلامار بۆ سەر فەریناز و دەیان تاوانی دیکەی کاربەدەستانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دژی ڕۆڵەکانیان مەحکووم بکەن، هەم هاودەنگی و پشتیوانیی خۆیان لە نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی مەهاباد رابگەیەنن.
لەم کاتوساتەش دا بە دەرفەتی دەزانین هەموو ئەو چەکدار و کاربەدەستە کوردانەی خزمەتی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەکەن، وریا بکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەوان بۆ سەرکوتی خەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان بە کار بێنێ. وەختی ئەوە هاتوە چاوی خۆیان بکەنەوە و لە جیاتی جێبەجیکردنی پیلانی بکوژانی خوشک و برا وخەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان ، لە گەڵ خەڵکی بێزار لە ستەم و تاوان، هاودەنگی بنوێنن و ڕابردووی خۆیان بەهەڵویستێکی بوێرانە و شەرافەتمەندانە بکرنەوە.
لە رۆلەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە دۆستان و دلسۆزانی گەلی بەشخوراوی کورد لە ڕادەی ئێران و جیهان دا داوا دەکەین لەم بارودۆخە هەستیارە دا، پشتیوانی خەڵکی وەزالەهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان بن و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەگونجێ،لە بەرامبەر هێرش و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دا، پشتیوانیان لێ بکەن.

ئێمە جارێکی دیکە سلاو بۆهەڵوێستی بوێرانە و خرۆشانی جەماوەریی خەڵکی قارەمانی مەهاباد دەنێرین. بۆ برینداراەکان چاکبوونەوەی هەر چی زووترو بۆ گیراوەکان ئازاد بوون و گەڕانەوە بۆ نیو بنەمالەکانیان بە ئاوات دەخوازین.
چاوەروانو هیواداریین خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی بسەلمێنن کە خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد بە تەنیا نین و لە بەرامبەر سەرکوت و دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی هەر شارو ناوچەیەک، یەکگرتووانە دێنە مەیدان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤ - ٨ی مای ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## راگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد




دوێنێ و شەوی رابردوو شاری مەهاباد شاهیدی نارەزاییەتی و خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە شارۆمەندان و لاوانی ئەو شارە بوو. ئەو خۆپیشاندانە لە بەردەم بینای هۆتێل تارا و بۆ نارەزاییەتی بە دەستدرێژی و فەسادی ئیخلاقی کاربەدەستانی رژیم کە لە رۆژی دووشەممەی رابردوو، بۆ هۆی مەرگی دەڵتەزێنی فریناز خوسرەوانی هاتە ئاراوە. لە ئاکامدا بە هێرش و تەقەی هێزەکانی رژیم ، تێکهەڵچوونی ئەوان لەگەڵ خەڵک توندوتیژی لێکەوتەوە. بەڵام سەرەڕای توندوتیژی بەربڵاوی هێزەکانی ئینتزامی کە بووە هۆی برینداری بوونی ژمارەیەک لە شارۆمەندان، خەڵکی تورەی مەهاباد بە هیچ شێوەییەک بڵاوەیان پێ نەکراو و رژیم ناچار بوو چەندین گوردانی تایبەت لە هێزەکانی سپای پاسداران بۆ رووبەروو بوونەوە بێنێتە سەر شەقامەکان.

بەڵام نارەزاییەتی رەواو بەرحەقی خەڵکی مهاباد، نە تەنیا لە بەر فەسادی ئیخلاقی بەڵکوو نارەزایەتیش بوو بە گەندەڵی ماڵی و رانتخاری دەست وپەیوەندییەکانی رژیم. خەڵکی شاری مهاباد زۆر بە باشی ئاگادارن و دەیانزانی کە ئەو هۆتێلە بەرهەمی ئەو سەرمایە گەلەیە کە لە گەندەڵییە ماڵییەکان و دزییە سەرسووهێنەرەکان لە لایەن هێزە بەکرێگراوەکان بە هاودەستی لەگەڵ بەرپرسانی رژیم بە دەست هاتووە.

لە وەها زەمینەگەلێک و لە وەها فەزاییەکی گەندەڵ ، روون و ئاشکرایە کە گەندەڵی ماڵی و دەستدرێژی کەسێک بە ناوی مورتەزا هاشمیوەند بە هاوکاری و هاودەستی لەگەڵ خاوەنی هۆتێلەکە بە ناوی "نادر مەولەوی" مەبەستیان بووە دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر فەریناز خوسرەوانی کارمەندی هۆتێلەکە کە کچێکی خوێندەوار و لە بنەماڵەی بەرێزی خوسرەوانییە . فەریناز لە بەرامبەر هەوڵی دەستدرێژی توندوتیژ ئامێزی ئەو کەسە خۆراگری کردوە و لە ئاکامدا لە رووی ناچار و بۆ پارێزگاری کردن لە ئابرووی و حەیسیەتی خۆی لە تەبەقەی چوارەمی هۆتلێلەکەوە دەکەوێتە خوارەوە و بەم شێوە گیان لە دەست دەدات. دێکۆمێنتە سەرەتاییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە فەریناز لە دوایین ساتەکان بۆ هاوکارەکانی خۆی کورتە نامەی تەلەفونی ناردوە و داوای یارمەتی لەوان کردوە. هەروەها لە سەر جەستەی قوربانیەکە جێگەی لێدان و بریندار بوون دیارە کە ئەوە نیشان دەدات فەریناز خوسەرەوانی لە بەردەم کەسی دەستدرێژیکەر چەند سات پێش لە هەوڵی خۆکۆژی بەرنگاری و خۆڕاگری کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەرەڕای دەربڕینی پەژاری قووڵی خۆی سەبارەت بە مەرگی فەریناز خوسەرەوانی کە لە کۆمەڵگاییەکی تەندورستدا دەیتوانی لە داهاتوودا دنیایەک سەرکەوتن بۆ خۆی بە دەست بێنێت، هاوخەمی و هاودەردی خۆمان بە بنەماڵە و کەس و کار و دۆستانی ئەو خۆشکە بەڕێزە و خەڵکی قارەمانی شاری مهاباد رادەگەیەنێت. کۆمەڵە لە هەمان حالدا خۆی بە هەموو شێوەییەک لە پاڵ خەڵکی خۆڕاگر و چۆکدانەداوی شاری مەهاباد دا دەبینێ و پشتیوانی لە خەباتیان و ناڕەزاییەتی و خواستی بەر حەقی ئەوان دەکا. لە هەمان کاتدا داوا دەکات هەموو خەڵکی کوردستان و شارە جیاجیاکان هاوپشتی و پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی مەهاباد دەربڕن. هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکا هەموو خەڵک و هێزە ئازادیخوازەکان لە بەرامبەر ئەو جینایەت و رووداوەدا بێ دەنگ نەبن و بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێت هەوڵی خۆیان بۆ ریسواکردنی رژیم و پشتیوانی لە خەڵکی مهاباد وەکار بخەن. رژیمی کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی سەرکوتکەر و بەکرێگیراوەکانیان دەبێت ئەوە بزانن کە گەندەڵییەکان، سەرکوتەکان، ئیعدامەکان و دەستدرێژکانی دەست و پەیوەندییەکانی ئەوان بێ وڵام نامێنێتەوە.ئەو جینایەتانە بە بزوتنەوەی بەربڵاوی خەڵک و سەرئەنجام هەڵپێچانی دام ودەزگا سەرکوتگەرەکانی رژیم وەڵام دەدرێتەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵە شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

رێکەوتی ١٨ی گوڵان ١٣٩٤ بەرابەر لەگەڵ ٨ی مانگی مەی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵە - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## راگەیاندنی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵە

## خۆپیشاندانی جەماوەریی رۆژی ١٧ی گوڵانی شاری خەباتکاری مەهاباد



رۆژی دووشەممە ١٤ی گوڵان مامورێکی ئیتلاعات لە هوتێل تارای شاری مەهاباد پلان بۆ کچە کارمەندێکی ئەو هۆتێلە بەناوی فەریناز خوسرەوانی دادەڕێژێت تا دەستدرێژی بکاتەسەر، بۆ ئەم مەبەستە لە یەکێک لەژوورەکانی هۆتێلەکەدا دەرگای لەسەر دادەخات، بەڵام لەگەڵ نارەزایی‌و بەرگریی فەریناز بەرەوڕوو دەبێتەوەو لەئەنجامدا فەریناز ناچار دەبێت لە نهۆمی چواری هۆتێلەکەوە خۆی بخاتەخوارەوە کە بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە وەک بروسکەیەک جارێکی دیکە خەڵکی کوردستانی خرۆشاند. خەباتکارانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی، نەک تەنیا لە مەهابادو باقی شارەکان، بەڵکو لە ئاستێکی بەرینی جیهانیی تۆڕێکی یەکگرتوویان بۆ دەربڕینی نارەزایی‌و راپەڕین دژی ئەم تاوانەو، دژی دەسەڵاتی ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامی پێکهێنا. بەدوای ئەوە پێنجشەممە وەک رۆژی خۆپیشاندانو نارەزایی دیاریکراو هەموو چالاکوانان، رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان کەوتنە ئامادەکاری سازادنی خۆپیشاندان لەو رۆژەدا.

رۆژی ١٧ی گوڵان شاری خەباتکاری مەهاباد هاتنەسەر شەقام. لەکاتێکدا شار بەتەواویی میلیتاریزە کرابوو، لەکاتێکدا هێزەکانی رژیم لەحاڵی ئامادەباشیدا بوون، لەکاتێکدا لەماوەی ئەو چەند رۆژەدا بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی هەڕەشەیان لێکرابوو، خەڵکی خەباتکاری مەهابادو لەپێشیانەوە ژنانو لاوان لە کاتژمێر ٥ی پاشنیوەرۆ بەکۆبوونەوە لەبەردەم هۆتێل تارا دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە تا دژی ئەو تاوانە دەنگی خۆیان بە گوێ هەمووان بگەیەنن.

وەک هەمیشەش بە دەستێوەردانو هێرشی هێزەکانی رژیم بۆ سەر خۆپیشاندەران، خەڵکی خەباتکاری شاری مەهاباد کاردانەوەیان نیشاندا. سەرەتا هۆتێل تارا، ئەو شوێنەی فەریناز خوسرەوانی تێیدا بوو بەقوربانی، ئاگریان تێبەرداو پاشان بە هەڵدانی دروشمو بەخۆپیشاندان لە مەیدانە سەرەکییەکانی شار بەرەوڕووی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە. سەرکوتگەرانی رژیم کە بە سەدان کەسیان لە شارەکانی دەوروبەر بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران هێنابوو، تەقەیان لەخەڵک کرد کە بەپێی ئامارەکان تا ئێستا ١٨ کەس



سەرچاوە
Serchawe

برینداربوونو دەنگۆی گیانبەختکردنی دوو کەس لە بریندارەکان هەیە.

خرۆشانو نارەزایی خەڵکی مەهاباد تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو. ئەم خۆپیشاندانو ئاخێزەی خەڵکی مەهاباد بەشێوەیەکی بەربڵاو دەنگی دایەوەو سۆزو پشتیوانی بەرینی هەموو شارەکانو خەباتکارانی کوردستانو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ لای خۆی راکێشا.

## خەڵکی خەباتکاری کوردستان

ئەوەی لە مەهاباد روویدا، هەم تاوانی بێ شەرمانەی مەرگی فەریناز خوسرەوانیو هەم بەرگریی خەباتکارانەی خەڵکی مەهاباد، لە ٣٦ ساڵی رابردوو نە تازەیەو نە کەموێنە. دەیان ساڵەو، لە یەکەم رۆژی دانانی بەردی بناغەی رژیمی ئیسلامی، کوردستان گەمارۆ دراوەو یاساکانی وڵاتانی داگیرکراو تێیدا پەیرەو دەکرێت.

کۆمەڵە رێز لە کاردانەوەی بەرپرسیارانە، ئازایانەو خەباتکارانەی خەڵکی مەهابادو هەموو خەباتکارانی کوردستان بۆ مەرگی فەریناز خوسرەوانی دەگرێتو هەموو کەسیش چاوەروانی ئەوەی لە خەڵکی کوردستانو بزوتنەوە زیندوو و چالاکەکەی دەکرد. ناوی فەریناز، چووە ریزی ناوی هەموو خەباتکارانی کوردستانو جارێکی دیکە مەهاباد وەک پێشرەو ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازیی نەتەوەیی خۆی نیشانداو، پێگەی شیاوو لەمێژینەی خۆی پاراست.

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی فەریناز خوسرەوانی دەکاتو دڵنیایان دەکاتەوە ناوی رۆڵەکەیان ون نابێتو بەزیندوویی دەمێنێتەوە. هەروەها هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئاخێزەکەی ١٧ی گوڵانی مەهاباد دەخوازین.

کۆمەڵە وەک ساڵانی رابردوو جەخت لەسەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی دەکاتەوە کە لەم قۆناغە لە خەباتی سیاسی لە بزوتنەوەی کوردستان، یەکگرتوویی، هاوپشتیو گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش دەتوانێت خێراییو هیواو دڵگەرمی زیاتر بە خەباتی ئێستامان بدات.

**بژی خەڵکی خەباتکاری شاری مەهاباد**
**سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان**

**دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

١٨ی گوڵانی ١٣٩٤ — ٨ی مەی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە پێوەند لەگەڵ رووداوەکانی ئەم رۆژانەی دوایی لە شاری مهاباد

خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی شاری مهاباد لە نارەزایەتی بە جەنایەتێک کە بەکرێگیراوانی رژیمی کۆماری ئیسلامی سەبەبکاری بوون، لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە بەرەو توندوتیژی برا. خەڵکی خەباتگێری مهاباد کوژرانی کچێک کە تەسلیمی مەیلی هەوەسبازانەی یەکێک لە دەست و پێوەندەکانی ئیتلاعاتی رژیم و پیلانی مودیری هوتێلی شوێنی کارەکەی نەبوو، تەحەمول نەکرد. ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ١٧ی مانگی گوڵان هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مهاباد لە گەڕەکە جیاجیاکانی شارەوە بەرەو هوتێلی شوێنی ئەم جەنایەتە کەوتنەڕێ. خۆپیشاندانەکە هێمنانە بوو. خواستی خەڵکی خۆپیشاندەر، روون و عادڵانە بوو. خەڵک دەیانهەویست سەبەبکارانی ئەم پیلانگێڕییە جەنایەتکارانەیە بناسێندرێن و لە زووترین کاتدا دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. خەڵک هەر لە رۆژی دووشەممە ١٤ی گوڵانەوە کە "فەریناز خوسرەوانی" لە هۆتێل تاران ببووە قوربانی پیلانی هاوبەشی مودیر و خاوەنی هۆتێل و یەکێک لە دەست و پێوەندەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ریم لە مهاباد، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم خواستە سروشتییەیان نایە بەردەم کاربەدەستانی رژیم.

بەڵام رژیمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، لەباتی وڵامدانەوە بەم داخوازییە رەوایەی خەڵکی شاری مهاباد، دەستیکرد بە تەیار کردنی هێزە سەرکوتگەرەکانی و بەکردەوە بووە هاودەستی ئەنجامدەرانی ئەم جەنایەتە. هەر بۆیە خەڵکی شاری مهاباد رژانە سەر شەقام و داخوازییەکەیان بە دەنگی بەرز هاوکار کرد. لە بەرامبەردا رژیم، هێزی سەرکوتگەری یارمەتیدەری لە شارەکانی نەغەدە و ورمێیەوە هێنایە مەیدان و لە ناوچە جیاجیاکانی شار جێگیری کردن. ریزی نارەزایەتی هێمنانەی خەڵک درایە بەر هێرش. خەڵکی خەباتکار لە بەرامبەر توندوتیژی رژیم بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە ئیرادەی پۆڵایین، دەستیان کردەوە. لەم نێوەدا لە زۆرێک لە شوێنەکانی شار، هێزەکانی رژیم پاشەکشەیان پێکرا. شەڕ و تێکهەڵچوون دەوروپشتی شوێنی ئەم جەنایەتەی داگرت و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شار و بە تایبەت لاوان بریندار بوون. راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە بارودۆخی جەستەیی هەندێک لە برینداەکان زۆر خراپە. لە



سەرچاوە Serchawe

درێژەی ئەم تێکهەڵچوونانەدا بینای هوتێلەکە ئاگرتێبەردرا. کەشوهەوای گشتی شار هێشتا گرژ و ئێعترازییە. خەڵکی شاری مهاباد هەروا لەسەر خواستەکانیان پێداگری دەکەن.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هێرش بۆسەر ریزی خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی مهاباد بە توندی مەحکوم دەکات و نەفرەتی خۆی لەو پیلانە جەنایەتکارانەیە کە بووە هۆی گیان بەختکردنی فەریناز خوسرەوانی دەردەبڕێت. خواستی خەڵکی مهاباد بۆ ناساندن، دادگایی کردن و سزادانی هەرچی خێراتری ئەنجامدەرانی ئەم جەنایەتە نەک هەر خواستی خەڵکی ئەو شارە، بەڵکوو خواستی هەموو خەڵکی کوردستانیشە. خۆبواردنی رژێم لە وڵامدانەوەی خێرا بەم داخوازییە، نیشانەی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئیرادەی هەموو خەڵکی کوردستانە. رژیمی کۆماری ئیسلامی لە رابردووشدا هاوپشتی خەڵکی کوردستانی لە حاڵەتی هاوشێوەی ئەم جەنایەتە تەجروبە کردووە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٨٤ ئەو کاتەی کە "شوانەی سەید قادر" ئەو لاوە خەباتکار و خۆش نێوەی شاری مهاباد کە لە لایەن هێزەکانی رژێمەوە ئەشکەنجە درا و کوژرا، بۆ ماوەی یەکمانگ سەرانسەری کوردستانی ئێران بووبە مەیدانی ململانێی خەڵک و رژێم. مانگرتنی سەراسەری ١٦ی گەلاوێژی هەمانساڵ کە لە لایەن کۆمەڵەوە بانگەوازی بۆکرا، لوتکەی هاوپشتی خەڵکی کوردستان لەم خەباتەی نیشان دا. دوور نییە کە ئەمجۆرە دیمەنە پڕ لە گوڕوتینەی خەباتی سیاسی لە کوردستان دووپات بێتەوە. بە دڵنیایەوە خەڵکی کوردستان لە هێنانەدی ئەم داخوازییە رەوایە، خەڵکی شاری مهاباد بە تەنیا ناهێڵنەوە.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٧ی گوڵانی ١

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات: خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر چارەنووسی رۆڵە فیداکارەکانیان بێتەفاوت نامێننەوە




**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ !**

به دوای خرۆشانی ئەم دوایی‌یانەی خەڵک لە شاری مەهاباد، دژ بە ستەمکاریی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و رەفتاری کەرامەت شکێنانەی دەست و پێوەندەکانی رێژیم لە کوردستان. دەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی و باقی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بۆ دامرکاندنەوەی رق و قینی هەمیشەیی‌یان لە خۆپێشاندەران شەپۆلێکی دیکە و بەرینیان لە تاقیبکردن، گرتن و زیندانی‌کردنی رۆڵەکانی کورد لە شارەکانی کوردستان وەرێخست و لە ماوەی رۆژانی رابردوودا چەند سەد کەسیان لە لاوان و خەڵکی شارەکان بە تاوانانی بەشداری لە خۆپیشاندان تەنانەت بە تۆمەتی بەشداریی‌کردن لە ناڕەزایەتی دەربڕین دەستگیر و زیندانی کردووە و حوکمی زاڵمانە و ناڕەوایان بەسەردا سەپاندوون.

لەو پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم‌کردنی ئەو رەوتە تازەیە لە گرتن و زیندانی‌کردن دڵنیایە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر چارەنووسی رۆڵە فیداکارەکانیان بێتەفاوت نامێننەوە و بە هاسانی بەسەریدا تێپەڕ نابن. لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەکا کە دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی زیندانییەکاندا بەرز کەنەوە بەدانی زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی گیراوەکان و رەفتاری هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەندکراوان، یارمەتیدەر بن لە گەیاندنی رەفتاری زاڵمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد و رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان.



سەرچاوە
Serchawe

لەو پێوەنـدییەدا حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران هەوڵـی جیـددی و بەردەوام دەدا بـۆ پێوەنـدی گـرتن بە کـۆڕ و کـۆمەڵە نێونەتەوەییەکـان و ڕێکخراوەکـانی داکۆکیکـار لە مـافی مـرۆڤ و وڵاتـانی خـاوەن نفـووز بە مەبەسـتی فشـار هێنـان بۆسـەر کۆمـاری ئیسلامیی ئێران لە پێناو وەستاندنی رەوتی تاقیب و گرتن و زیندانی کردنـی رۆڵەکـانی کـورد و بـۆ ئـازادکردنی ئەو زینـدانییانەی کە بە تـاوانی دەنـگ هەڵبـڕین و ئیعتـراز بە بـێعەداڵەتـی و کەرامەت شکێنییەکانی دەستوپێوەندەکانی کۆمـاری ئیسـلامی رژاونەتە سـەر شەقامەکان.

## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

هەرچەنـد ئەم حەرەکەتە بـوێرانەی خەڵکـی شـاری مەهابـاد و هاوسـۆزیی شـارەکانی دیـکەی کوردسـتان لە سـنە، مەریـوان، بۆکـان، سەردەشت، بانە، سەقز و... دەنگدانەوەیەکی جیهـانی و نـاوچەیی لێکەوتەوە و زۆر لایەنـی شوێنـدانەر هەڵویسـتی بـوێرانەی خەڵکـی مهاباد و هاوسۆزی بەجێی شارەکانی دیکەی کوردستانیان بەرز نرخاند و ئەم رەفتـارە دژ مروڤـانەی دەسـتوپێوەندەکانی ڕێـژیمی کۆمـاری ئیسلامیان مەحکووم کرد و داوای سزادانی تـاوانبارانیان کـرد، بەڵام وەک دیتـرا بە رەواڵـی هەمیشـەیی، ڕێـژیم بە هێنـانەوەی پـاساوی نەشیاو، تـاوانبارانیـان دەربـاز کـرد و کەوتـنە گـرتن و زندانیکردنی رۆڵەکـانی کـورد کە داکۆکیـیـان لە بەهـا مرۆییەکـان کـردووە و کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە.

جارێکی دیکە داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان، رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بەتـایبەتی چالاکوانـانی نێوخـۆی وڵات و سـەرجەم رۆڵەکـانی نەتەوەی کـورد دەکەیـن کە بە شـێوەیەکی بەرینتـر، بە کردەوەتـر بـۆ ئـازادکردنی بەنـدکراوەکان و فشـارهێنان بـۆ سـەر کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و کۆتـایی هێنـان بە رەوتـی تـاقیب، راوەنـان، گـرتن و زینـدانیکردنی رۆڵەکانی کورد تێبکۆش و خاوەن هەڵوێستی شیاو بن.

**ئازادی بۆ زیندانییەکان**
**سەرکەوتن بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی**

**١٨ی مەی ٢٠١٥ی زایینی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## حیزبی دێموکرات سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەڵویستی جوانمێرانەی خەڵکی مەهاباد دەربڕی



**کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!**
**رۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەی کورد!**

به دوای هەواڵی دەستدرێژی بۆسەر کیژێکی کوردی خەڵکی مەهاباد کارمەندی هوتیل تارا بە ناوی "فەریناز خوسرەوانی" لەلایەن مۆرەیەکی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە و خۆ فرێدانی ئەو کیژە لە نهۆمی چوارمی ئەو هۆتیلە لە رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی کە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی بە نرخی گیان لە دەستدانی، رووی دا لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم هەڕەشەیان لە بنەماڵەی قوربانییەکە و خەڵکی مەهاباد کردبوو کە ئەگەر ئیعتراز بکەن لەگەڵ دژکردەوەی توندی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبن، بەڵام خەڵکی چاونەترسی شاری مەهاباد ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەر لە خۆپیشاندانێکی چەند هەزار کەسیدا و بە کۆبوونەوە لە بەر هۆتیلی تارا بێزاریی خۆیان لە کەرامەتشکێنی و بێحورمەتی کردنی مۆرەکانی ئیتلاعات لە مەهاباد دەربڕی. خۆپیشاندەران بە ئاگر تێبەردان و بەردباران کردنی هۆتیلەکە نیشانیان دا کە ئەم کردەوە کەرامەتشکێنانە قەبووڵ ناکەن و بە دژکردەوە نیشانیاندان، هەڵوێستی شیاو و شۆڕشگێڕانە لە خۆیان نیشان دەدەن.

هێزە دژی گەلی و ئیتلاعاتییەکان بە مەبەستی بڵاوەکردن بە خۆپیشاندەران تەقەی راستەوخۆیان لە خەڵک کرد و ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانیان بریندار کرد، خەڵک بۆ بەرگری کردن لە خۆیان کەوتنە بەردباران کردنی هێزە سەرکوتکەرەکان.

ئێستا وەزعی شاری مەهاباد بە تەواوی نائاسایی، پۆلیسی و ئەمنیەتی‌تر کراوە و دەوری شار بە هێزی هاوردە گیراوە و لە نێو شاریشدا هێزەکانی ڕێژیم لە هەموو شوێنەکان حوزووریان هەیە، بەم حاڵەش حەرەکەتە ئیعترازیەکە هەتا نووسینی ئەم راگەیەندراوە بەردەوامە.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

ئەو بێ‌ڕێزی و سووکایەتی کردنە کە دوایین نموونەی لە مەهاباد دیترا، لە مێژە بەرانبەر بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و وەک سیاسەتێکی گشتیی رێژیم بەرانبەر بە کورد خۆی دەرخستووە و بێدەنگی لە بەرانبەریدا دەبێتە هۆی بەردەوامی ئەم کردەوە دژ مرۆڤانەیە، بۆیە لەم کات و وەختەدا کە خوشک و برایانتان لە مەهاباد بوێرانە لە بەرانبە سەرکوتی هێزە دژی گەلییەکاندا راوەستاون، پێویستە وێرای مەحکووم کردنی ئەم تاوانە بە مەبەستی هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵ خەڵکی مەهاباد ناڕەزایەتیی خۆتان لە رێژیم و پاڵپشتی کردنتان لە خەڵکی مەهاباد نیشان بدەن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی رەفتاری جینایەتکارانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم، سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەڵویستی شیاو و جوانمێرانەی خەڵکی مەهاباد دەردەبڕێ و هیوای چاکبوونەوە بۆ خۆپیشاندەرانی زام هەڵگرتوو دەخوازێ و لە هەمان کاتدا لەگەڵ بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی، قوربانیی پیلانی دەست و پێوندییەکانی رێژیم هاودەردی دەکا.

**سڵاو لە بەرنگاری قارەمانانەی خەڵکی مەهاباد**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژ بە ستم و زۆرداریی رێژیمی کۆماری ئیسلامی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**کاتژمێر ٢٢**

**١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی**

**٧ی مای ٢٠١٥ی زایینی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیێندراوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هەڵویستی جوانمێرانەی خەڵکی خۆراگری مەهاباد



...بۆ ڕێز گرتن لەم شێرە کچەی خەڵکی کوردستان، خەڵکی شاری قارەمان پەروەری مەهاباد ،لەگەڵ ئەوەی هەڕەشەی توندی هێزە چڵکاوخۆرەکانی رژێمیان لەسەر بوو،رژانە سەر شەقام وبە گوتنەوەی شێعارو سوتاندنی هوتێل تارا ،ڕق وبیزاری خۆیان سەبارەت بەو کارەو تەواویەتی نیزامی ئاخوندی دەربڕی.خۆپیشاندەرانی تورەو ناڕازی کە بەو کردەوە جینایەتکارانەی رژێم تورەو بێزار بوون،هاووکات کردیانە دەرفەتێک تا ڕق و بێزاری پەنگ خواردووی خۆیان لە رژێم دەرببڕن وجارێکی دیکە نا بە ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی بڵێنەوە..ئەم خۆپیشاندان وتوورەبوونەی جەماوەری مەهاباد سەرانی رژێمی هێناوەتە دەنگ ورۆحانی سەرۆک کۆماری ئاخوندی داوای لێکۆڵینەوە و هێور بوونەوەی بارودۆخەکە دەکات.

لەگەڵ وەدەنگ هاتنی ڕژێم،بە هێزە سەکوتگەرەکان کوچەو کۆڵانی ئەو شارە قارەمانەیان تەنیوە وفەزاییێکی ئەمنیەتی وترسێنەریان بە سەر مەهابادیدا سەپاندووە، هێزە سەرکوتگەرەکانیش بە تەقەی کوێرانە لە خەڵک تا ئێستا چەند کەسیان شەهید وبریندار کردوە.بەڵام بە قسەی رۆخانی ونە چاوسورکردنەوەو هەرەشە وئاخنینی شار بە هێزە سەرکوتگەرەکان و دەستڕێژ و شەهید وبریندار کردن،ئەو ڕابوونە دانەمرکایەوە،

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سڵاو دەنێرێت بۆ گیانی پاکی فەریناز وسپاسی گەرمی خەڵکی شاری هەمیشە قارەمانی مەهاباد دەکات کە ڕق وبیزاریان لە رژێم دەربڕی ونەیانهێشت خوێنی ئەم لاوە کوردە بە فیڕۆ بڕوات.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٥

## ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان لەسەر شەپۆلی خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد

### بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە ڕۆژی دووشەممە ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ (٢٠١٥/٥/٤) یەکێک لە مۆرەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی ڕژێم لە هوتێلێکی شاری مەهاباد بە نێوی هوتێل (تارا) هەوڵی داوە دەستدرێژیی بکاتە سەرناموسی کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵەی ئەو شارە بە نێوی (فەریناز خوسرەوانی). فەرینازیش بۆ خۆقوتارکردن و پاراستنی ناموسی خۆی لە تەبەقی چوارەمی هوتێلکەوە خۆی فڕێداوەتە خوار و گیانی لەدەست داوە.

ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایەتیی و جووڵاندنی هەستی برینداری خەڵکی نیشتمانپەروەر و بەشەرەفی شاری مەهاباد و دەوروبەری. هەر بۆیە دوانیوەڕۆی پێنجشەممە ١٧ی بانەمەڕ هەزاران کەس لە خەڵکی خەباتگێڕ و لاوانی لاوچاک و دڵپاکی ئەو شارە بە نیشانەی ناڕەزایەتیی لەو تاوانە و ڕیسواکردنی کردەوە قێزەونەکانی مۆرە دژەئینسانییەکانی ڕژێم لە شەقامە سەرەکییەکانی شار و بە تایبەتییش لە بەردەم هوتێلی ناوبراودا کۆبوونەوە. هەرچەندە ڕژێم و دەزگا سەرکوتکەرەکانی زۆربەی کۆڵان و جادە و شوێنە سەرەکییەکانی شاریان بە هێزی زۆر و زەوەند تەنیبوو، بەڵام خەڵکی وەزاڵەهاتوو و خرۆشاوی شار بە دانی دروشم دژی ڕژێم و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بە گژ چەکدارەکانی ڕژێمدا چوونەوە. لە ئەنجامی ئەو خۆڕاگریی و ئازایەتییە بێوێنەی خەڵک هێزەکانی ڕژێم خۆیان ڕانەگرت، بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکان تا ئێستا دەیان کەس لە بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانانە دەستگیرکراون و دەیانی دیکەش بریندار بوون و تەنانەت باس لە شەهیدبوونی دوو کەسیش لە خۆپیشاندەران دەکرێ.

هەمووومان دەزانین کە ڕژێمی دژەئیسلامیی و دژەئینسانیی کۆماری تاوانبارانی تاران زیاتر لە ٣٥ ساڵە بوونە ملۆزم و مۆتەی گیان و



سەرچاوە
Serchawe

سەرشان و ملی خەڵکی مافخواز و ئازادیپەروەر. سێ دەیە و نیو زیاترە دەزگا و کاربەدەست و مۆرە درندەخووەکانی ئەو ڕژیمە دەستیان ناوەتە بینەقاقای ئازادیخوازان و وەک زەروو دەمیان ژەنیوەتە خوێن و دڵ و دەماری خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان و ئێران. لەو ماوەدا ڕۆژ نەبووە لەژێر ئێو و بیانووی هەمەجۆری هەڵبەستراودا سووکایەتیی بە نیشتمان و دین و خاک و خەڵک نەکرێ و ناموس و پیرۆزییەکانیان ئەتک نەکرێن و شکۆ و شەرەفیان نەشکێندرێ و ماف و داوا ئینسانییە ڕەواکانیان پێخوست نەکرێن.

هاتنەمەیدانی لاوانی ئازا و ئازادیخوازی مەهاباد و بەچۆکداهێنانی هێزە داپلۆسێنەرەکانی ڕژیم لە لایەک نیشانەی هەستی بەرزی نیشتمانویستیی و ناموسپارێزیی و ئازایەتیی و ورە و هێزی لەبننەهاتووی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانە و، لە لایەکی دیکەش داماویی و زەبوونیی ڕژیم و دەزگا سەرکوتکەرە ئیتتیلاعاتیی و ئەمنیەتییەکانیەتی. ئاپۆرەی خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد ئەمڕۆ سەلماندی کە لاوانی کورد هیچ کاتێک لە بەرابەر زەبروزەنگ و زیندان و کوشتوبڕی دوژمندا بەچۆکدا نایەن و، بگرە لە هەر کات و دەرفەت و کەلێنێکدا بەگژ داگیرکەر و هێزە سەرکوتکەرەکانیدا دەچنەوە.

## خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان!

بەشداریی ئازایانە و بەرچاوی خەڵکی مەهاباد لە خۆپێشاندانەکان و ئەو ورە و وزە و یەکرێزییەی لەو خۆپیشاندانانەدا نیشانیان دا هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتیی و لاوانی بەهەست و هەڵوێستی کوردی ئەرکدار کرد تا ئەوانیش بە مەبەستی نارەزایەتیی لە ڕژیم و دامودەزگا و کاربەدەستە خوێنرێژ و ستەمکارەکانی و، بە نیشانەی هاوخەباتیی و هاوئامانجی لەگەڵ یەکتر وەک گەلێکی مافخوراو و وڵاتداگیرکراو لە ڕیزی یەکگرتوودا بێنە سەرشەقام و جادەکان و بە ڕووی دوژمنی سەرسەختی ماف و ئازادییەکانیان، واتە کۆماری ئائیسلامیی تاران دا، بچنەوە. هەر بۆیە هەستی نیشتمانپەروەریی و باوەڕ بەو ڕاستییە کە ئازادیی دەستێندرێ و نادرێ، ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی هەر کوردێکی دڵسۆز و تێکۆشەر کە بە دەنگ و هاواری خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەهابادەوە بچن. بە تایبەتییش کە سبەینێ جومعەیە و، ڕاپەڕینە گەورەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکەش گرنگیی و گەورەیی نوێژی جومعە و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی جومعەی سەردەمی "بەهاری عەرەبیی" بە دنیا نیشان دا. بۆیە پێویستە کچان و کورانی خوێنگەرم و خەباتگێڕ و جەماوەری فیداکاری شار و شوێنەکانی دیکە بە چاولێکەریی و لێفێربوون لە دەرسە شۆڕشگێڕییەکانی ڕۆژانی جومعە دوا بە دوای تەواوبوونی نوێژی جومعە لە ڕیزی یەگرتوودا بێنە سەر جادە و شەقامەکان و دەنگ و داواکانیان بخەنە پاڵ دەنگ و داوای خەڵکی مەهاباد و، ئەو شارە و خەڵکە خۆڕاگر و چاونەترسەکەی تەنیا و تەریک نەهێڵنەوە.

## هێزە سیاسییە شۆڕشگێر و تێکۆشەرەکانی کوردستان!

خرۆشانی کەموێنە و ئازایانەی مەهاباد و یەکگرتوویی خۆپیشاندەران و دروشم و پەیامەکانی ئەو خۆپیشاندانانەش لە ئێمەی لایەن و هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات و هەموو ئازادیخوازێک دەخوازێ کە گرفت و دردۆنگییەکانمان وەلانێین و لە ئاست گەورەیی پەیامی یەگرتنخوازانەی خەڵکدا سەری ڕێز دابنوێنین. هەر بۆیە پێویستە هەموومان بە کردەوە ناتەباییەکانمان بخەینە لاوە و، یەکدەنگ و یەکرەنگ و یەکرێز لە پێناو ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی گەلی کوردستاندا یەک هەڵوێست و یەک بەرنامە



سەرچاوە Serchawe

بگرینەبەر.

**سڵاو لە هاوار و هەست و هەڵوێست و هەڵوێست و ئازایەتیی و خۆڕاگریی خەڵكی مافخواز و قارەمانی مەهاباد!**
**سڵاو لە یەكگرتوویی لاوان و ژنان و پیاوانی كوردستان!**

**ڕێكخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی كوردستان**

**كومیتەی ناوەندیی**

**١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی كۆچیی- هەتاویی = ٧ - ٥ - ٢٠١٥ی زاینیی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێكخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی كوردستان - ڕێكەوتی: ٧ی مەی ٢٠١٥**

---

## پەیامێک لە زۆری عەمەلیاتی ناوەندیی راپەرینی رۆژهەڵاتەوە

**بۆ ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتی ئازادیی کوردستان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**

بە مەبەستی درێژە پێدان و پەرسەندنی هەستان و خۆپیشاندانەکانی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، داواتان لێدەکەین، لە لای خۆتانەوە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١- بە هەموو تواناوە بە بەشداریی خۆتان و ئەندامانی خێزان و بنەماڵە و دەر و دراوسێ و دۆستانتان، هاندەر بن بۆ درێژەپێدان و پەرسەندنی خۆپیشاندانەکان و پەرینەوەی بۆ یەک بە دوای یەکی شارەکان.

٢- هەر لەم پێناوەدا و بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی خەڵک بێنە ریزی خۆپیشاندانەکانەوە، حەول بدەن و تێبکۆشن، خۆ لە توند و تیژی و پەلاماردان و سووتاندنی شوێن و دامەزراوەکان بپارێزن و توند و تیژیی هێزەکانی دەوڵەت پووچەڵ بکەنەوە.

٣- هەر چەند هێزە داگیرکەرەکانی بەرفەرمانی تاران بۆ کوشتار و سەرکوت، پێویستیان بە بیانوو نییە، بەڵام تا کاتی گونجاوی خۆی، پێویستە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەڵمەت بردن و تێکهەڵچوون لە گەڵیان لە ناو شارەکاندا، خۆ ببوێرن. دیارە دیفاع لە خۆ کردن، لە هەر حاڵێکدا، مافێکی رەوایە.

٤- خۆپیشاندانەکان مولکی هەموو نەتەوەی کوردن. بە حیزبیی کردنی جووڵە و هەنگاوەکان، پرش و بڵاوی و دابەشبوونی لێدەکەوێتەوە. با هەموو پێکەوە وەک رۆڵەی یەک نەتەوە و یەک نیشتمان و تەنیا لە ژێر یەک ئاڵادا، ئاڵای کوردستان، بەرانبەر تاوان و جینایەتەکانی تاران و هێز و دام و دەزگا داگیرکەرییەکانی دەنگ هەڵبڕین.

٥- ئێستا کە سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان، تەنانەت لە کاتی تەنگانەی نەتەوە و نیشتماندا، هیچ پلان و نیازێکی هاوکارییان



سەرچاوە
Serchawe

پێکەوە نییە، ئێوە رۆڵەکانی کوردستان، لە گەڕەک و سەر شەقامی شارەکان،خۆتان پێکەوە یەکگرتووانە، ئەو کارە بکەن.

٦- سەرەڕای تینوێتی خەڵک بۆ دەست بردن بۆ چەک و هاتنە مەیدانی پێشمەرگە، بەڵام لە حاڵی حازردا خۆپیشاندانی هێمانە، بەردەوامیی بزاوتەکە دەستەبەر دەکا. پێشمەرگە لە ئێستادا وەک هێزێکی مەعنەوی و پاڵپشت لە گەڵ خەڵک و لە تەنیشت خۆپیشاندەراندایە و لە کاتی گونجاودا ، ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکا.

٧- هەر چەندی لە تواناتاندایە هەواڵ و زانیاریی و وێنەی خۆپیشاندانەکان، بڵاو بکەنەوە و بیانگەیەننە ژووری عەمەلیات و ناوەندەکانی راگەیاندن ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی.

ژووری عەمەلیاتی ناوەندیی راپەڕینی رۆژهەڵاتی کوردستان

١٩ گوڵانی ٢٧١٥ = ٩ی مایسی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی ئازادیی کوردستان - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

**بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان!**
**مهاباد سەربەرزییەکی دیکەی لە مێژوودا تۆمار کرد.**




**خەڵکی تێکۆشەر و وڵاتداگیرکراوی  کوردستان!**

شاری مهاباد شاری مەکۆی کوردایەتی و شاری یەکەم کۆماری کوردستان، جارێکی دیکە لە بەرامبەر زوڵم و زۆر و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی  ئێران ڕاپەرییەوە.

لە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژی بۆسەر کیژێکی لاوی ئەو شارە کوردپەروەرە، کە کارمەندی هوتیل تارا لە مهاباد بوو بە ناوی فەریناز خوسرەوانی، لەلایەن کەسێکی سەربەدەزگای داپلۆسێنەری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە. فەریناز بە ناچارو بۆ پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی خۆی لە دەستی ئەو گورگە جینایەتکارەی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە نهۆمی چوارەمی ئەو هۆتیلە، لە رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی١٤ی بانەمەڕی ٢٧١٥ی کوردی خۆی فرێدەداتە خوارەوە گیان لە دەستدەدات.

خەڵکی دڵگەرمی شارەکەی پێشەوا لەبەرامبەر ئەم جینایەتەش بێدەنگ نەبوون و بە هەزاران کەس لە رۆژی پێنجشەممە ١٧ی بانەمەر، ڕژانە سەر شەقام و لە بەردەرکی هوتێل تارا کۆبوونەوەو وەک یەکەم هەنگاوی تۆڵەکردنەوە هوتێل تارایان ئاگر تێبەردا، و پاشان بە وتنەوەی دروشمی شۆرشگێری و کوردپەروەری درێژەیان بە هەڵویستەکانیان دا. دەسگای ئیتلاعاتی ڕێژیم بە سەدان چەکداری خۆی لە دەوری خۆپێشاندەران کۆکردبووە، و بە مەبەستی چاترساندن و بڵاوەپێکردنی خۆپێشاندەرانی تێکۆشەر، دەستیاندایە تەقەی ڕاستەوخۆ لە خەڵک، کە مخابن نزیک بە ٢٠ کەس لە خۆپێشاندەران بریندارکراون. کە هیندێک لە برینداره‌کان زۆر دژوار و مەترسیدارە. هیندێک سەرچاوەش ئاماژە بە مردنی لاوێکی ناوخۆپێشاندەران دەکەن، کە گوایا هێزەکانی ڕێژیم نایانەوێ گیان لە دەستدانی ئەو لاوە ئاشکرابکرێت بۆ ئەوەی خۆپێشاندانەکان پەرە نەسێنن.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەو کەس و کاری کچە شەهیدی ڕێگەی کەرامەت فەریناز خوسرەوانی دەکات. بە تووندی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بەو کچە لاوە و بریندارکردنی دەیان خۆپێشاندەر ئیدانە دەکات. هەر وەها دەستخۆشانە ئاراستەی گشت تێکۆشەرانی بەشدار لە خۆپێشاندانەکەی رۆژی١٧ی بانەمەر دەکەین. پێیان دەڵێین کە جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی شارەکەی پێشەوای مەزن مێژوویەکی نوێتان تۆمار کرد.

هەر لەو پێوەندییەدا داوا لە گشت شار و ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشورو باکورو رۆژئاوای کوردستان دەکەین، کە بۆ پشتیوانی لەو دەنگەی مهاباد بێنە سەرشەقامەکان و ئەو کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیدانە بکەن.

جارێکی دیکە دەستخۆشانەو ماندوونەبوونی ئاراستەی خەڵکی شاری مەکۆی ناسیونالیزمی کوردی دەکەین.
هەر شەکاوە بێت خەباتی سیاسی و جەماوەری لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و سەربەست و دیمۆکراتدا.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان،

١٨ی بانەمەری ٢٧١٥ی کوردی بەرامبەر بە ٨ - ٥ - ٢٠١٥ ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی سەربەستیی کوردستان - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## ڕاپەڕینی مەهابادی هەمیشە پێشەنگی شۆڕش، نابێ بە تەنیا بمێنێتەوە!




### راگەیاندن

**کوردستانیانی تێکۆشەر**
**ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز**

هەروەک ئاگادارن، مەهابادی هەمیشە پێشەنگی شۆڕش، پایتەختەکەی یەکەم کۆماری کوردستان، لە دوانیوەڕۆی دوێنێوە، بە بەشداریی هەزاران کەس لە دانیشتوانی شار، پێشەنگی ڕاپەڕینێکی تری دەست پێکردۆتەوە و بە ورەی هەمیشە پۆڵایینییەوە ، چۆتەوە جەنگی هێزە چنگبەخوێنەکانی کۆماری ئیسلامیی داگیرکەر و دلێرانە بانگەوازی هەموو کوردستان دەکات، کە لە دەوری مەشخەڵی چوارچرای خوێنین کۆببنەوە و مەهابادئاسا بە گژ داگیرکەری زەبووندا بچنەوە، و پێیان بسەلمێنن کە کوردستان و سەرشۆڕییان نەوتووە و ئاڵای پێشەوا هیچ کات نانەوێ و فەرینازئاسا بۆ سەربەرزییمان ئامادەی هەموو گیانبازییەکین. سڵاو لە مەهابادی قارەمانی خرۆشاو. سڵاو لە گیانی پاکی فەرینازی سەربەرز و نەمر.

**خەڵکی قارەمانی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**کوردستانیانی هێژا لە باکوور و باشوور و ڕۆژاوای وڵات و دەرەوەی کوردستان**

داگیرەکەرانی کوردستان، پاشماوەکانی ئیمپراتۆریەکانی سەفەوی و عوسمانی، واژۆکەرانی پەیمانی نەنگینی "چاڵدێران"، بە درێژایی مێژوو لە جەنگێکی بەردەوامی فیزیکیی و دەروونییدا بوونە لە دژی خەڵکی کوردستان و ناسنامە و شکۆی کوردستانیی ئێمە. هەوڵی دەستدرێژیی بۆ سەر " فەریناز خوسرەوانی" و فەرینازەکانی تر، بەشێکی نەپساوەی ئەم جەنگەی داگیرکەران بووە و هەیە، کە مێژوویێکی دوور و درێژە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لەلایەن شۆڤێنیزمی داگیرکەری عەرەب و تورک و فارسەوە بەسەر ئێمەدا

سەپاوە.

بۆیە ئەو تاوانەی کە چەند ڕۆژ لەمەوپێش بە دەستی کەسانی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ئێران و گوێلەمستانیان لە مەهاباد ئەنجام درا، ڕوداوێکی سەربەخۆ و ئاسایی نییە، کە پەیوەندی بە تاکێکی سەر بە ڕژیمەوە هەبێت و بکرێت لە ڕێگەی دادگا و لێپرسینەوەی پۆلیسی ڕژیمێکی داگیرکەرەوە چارسەر بکرێت. ئەم تاوانە گەورەیە، بەشێکە لە تاوانێکی زۆر گەورەتر، کە ئەویش بوونی دەوڵەتی ئێران و داگیرکەرانی ترە لە کوردستان. گەورەترین دەسدرێژی بۆ سەر هەموو خەڵکی کوردستان ئەوەیە، کە پۆلیس و کاربەدەستانی ڕژیمێکی داگیرکەری کۆنەپەرست لە وڵاتەکەت دەسەڵاتدار بن و بێن و لە وڵاتەکەی خۆت داوای پێناسی ئێرانیی و عێراقی و تورکی و سورياييت لێ بکەن.

## کوردستانیانی شۆڕشوان

خۆتان ئاگادارن کە لە چەند ڕۆژی ڕابرووودا یەکێک لە کاربەدەستانی مۆڵگەی هەوالگری ئێران لە هۆتێل "تارا"ی مەهاباد، هەوڵی داوە دەسدرێژیی بکاتە سەر کچە کوردێک بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" و دوای ئەوە کە ئەم کچە بۆ پاراستنی شکۆ و سەربەرزیی خۆی، خۆی لە قاتی چواری هۆتێلەکەوە دەخاتە خوارەوە و گیانی لەدەست دەدات، دوا نیوەڕۆی دوێنی ١٧ی گوڵان، هەزاران کەس لە دانیشتوانی مەهاباد خرۆشانە سەر شەقامەکان و خوازیاری بە سزاگەیاندنی تاوانکاران بوون. لە ئاکامدا هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ئاسایشی ئێران، هەروەک چاوەڕوان دەکرا، بە چەکی ساچمەیی و گازی فرمێسکڕێژ و چەکی تر، هێرش دەکەنە سەر خەڵک و ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران بریندار و دەستگیر دەکەن. لە میانەی ئەم خرۆشانەدا، خەڵکی ڕاپەڕیوی مەهاباد هۆتێل "تارا" ئاگر دەدەن و دوای ئەوەش هێرش دەکەنە سەر مۆڵگەیەکی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران. خەڵکی شاری مەهاباد تا ئێستاش لە بەرخۆدانی خۆیاندا بەردەوامن و ڕژیمی ئێران بە هێنانی هێزێکی سەربازیی زۆر لە شارەکانی مياندوا و نەغەدە و تەورێزەوە، مەهابادی بە تەواوەتی میلیتاریزە کردووە.

## خەڵکی قارەمانی کوردستان

ئەرکی سەرشانی هەموو دانیشتوانی کوردستانە، کە بە ڕاپەڕینی خۆمان پشگیریی بەرخۆدانی مەهابادی قارەمان بکەین و بە تەنیایان نەهێڵینەوە. وەرن با بە خەباتی یەکگرتووانەمان وانەیەک بە داگیرکەری ئێرانیی بدەین، کە لە کوبانی بە داگیرکەرانی تیرۆریستی ئیسلامیی درا.

لە بەرخۆدانی دژی داگیرکەراندا هیوای پێشرەوی سەرکەوتن بۆ هەموو کوردستان دەخوازین. بێگومان هەر هەنگاوێک لە سەرکەوتنی ئێمە، بەندە بە پلەی یەکێتیی و ڕێکخراوبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هاودەنگی لایەنە سیاسیەکان. ئێمە وەک کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان هیواداریـن، کە لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیدی ئەرکی پێکهێنانی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی وکوردستان



سەرچاوە
Serchawe

دوانەخەین و هەرچی زووتر و لێبڕاوانە بۆ پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە بە کردەوە هەنگاو بنێین.

**سڵاو بۆ خۆڕاگریی و قارەمانێتیی خەڵکی مەهاباد!**
**سەرشۆڕیی و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان!**

**کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

**١٨ی گوڵانی ٢٧١٥ = ٨ی مای ٢٠١٥**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## کۆدار: سیاسەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوبردنی پێوانەکانی کۆمەڵگایە



سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەردەم لە ڕاستای بێ ئیرادە کردن و تێکشکاندنی ورەی گەل بووە و دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئاوالا کردووە بۆ ئەنجامدانی هەر چەشنە هێرشێکی درندانە بۆ سەر گەل و لەم ڕاستایەدا هەمو سنورەکانی ئەخلاقی و ئینسانی و حقوقی بەزێندراوە.

دەستگا ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕوداوی دەستدرێژی لە سەر فەریناز خوسرەوانی تاوانباری سەرەکین و بە سیاسەتی قڕ کردن، بێ ئیرادە کردن و داپلۆساندنی کۆمەڵگا دەیانەوێت فەساد و بێئەخلاقی و هەمو پێوانەکانی نائینسانی ڕەوایی پێبدەن.

لە کەسایەتی فەریناز دا هێرش و دەستدرێژی کراوەتە سەر کەرامەت و هەمو نرخەکانی ئینسانی گەلەکەمان. هۆشیاری گەلەکەمان بۆ خاوەنداریەتی لە فەریناز و دژکردەوەی گەل لە هەمبەر ئەم ڕوداوە قێزەونە بەرز و پیرۆز دەنرخێنین و ئەم خۆپێشاندانە نیشانەی زیندویی و بە ئیرادە بوون و هەڵویست وەرگرتنی گەلەکەمانە لە بەرامبەر سیستەمی فەساد و بی ئەخلاقی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ڕژیمی ئێران بە پەرەپێدانی لە ناو بردنی کۆمەڵگا بە ڕێگای فەساد، سیاسەتی تواندنەوە، و لە ناو بردنی پێوانەکانی کۆمەڵگا، بەردەوام گەلەکەمانی کردۆتە ئامانج. گەلی کورد بە ڕوحێکی شۆڕشگێرانە لە هەر کات و سات دا خاوەن هەڵویست بووە و دژکردەوەی ئەنجام داوە. لە ڕوداوەکانی شوانە سەید قادری و لە سێدارەدانی هەڤاڵانی ئێمە لە ١٩ گوڵان، نارەزایەتیە سەراسەری و پشتیوانی هەموو شارەکانی کوردستان و هاودەنگیان، نیشانەی ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانەیە کە حاکمانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەتاکو ئەمرۆکە نەیان توانیوە لە گەلی ئێمەی بستێنن. هاوکات بوونی ڕوداوی دەستدرێژی سەر فەریناز لە گە ڕوداوی ١٩ی گوڵان بە ڕێکەوت نیە و بە شێوازێک بە سیستەم کار کردنی حکومەت بۆ ترۆریزە کردنی کۆمەڵگای کوردستان دەسەلمێنێت.

دژکردەوە و ڕێئاکسیۆنی شۆڕشگێڕانەی خەلکی مهاباد لەم ڕوداوە هەڵویستێکی پیرۆزە و پێویستە هەمو شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و

ئینسانێکی بە شەرەف لە هەموو شارەکان و بەشەکانی تری کوردستان و بە تایبەت کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، پشتیوانی خۆیان بە کردەوە لە خۆپێشاندانی خەلکی مهاباد نیشان بدەن و هەموو کوردستان خاوەنداریەتی لە سەرهەڵدانی خەلکی مهاباد بکەن و ئیزن بە دەستگاکانی فەساد و دەستەڵات نەدەن چیتر لە کوردستان بەردەوامی بە سیاسەتە دژە مرۆڤانە و وحشیانەی خۆیان بدەن. بەردەوامی و پەرەسەندنی نارەزایەتیەکان نیشانەی زیندوویی و ئازادیخوازی گەلەکەمانە.

ئێمە وەک کۆمەڵگای دێمۆکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان (کۆدار) پشتیوانی خۆمان لە هەڵویستی بوێری خەلکی مهاباد دەردەبرین و داوا لە هەموو شارەکان و هەموو خەلکی ئازادیخواز دەکەین لە بەرامبەر ئەم رووداوە دا هەڵویست بگرن. هاوکات ئێران وشیار دەکەینەوە کە لە بەرامبەر کردەوەی ناشایست لە بەرامبەر گەلەکەمان بێ وڵام نامێنینەوە. هەروەها راپدەگەیەنین کە سیاسەتی توندوتیژی بەرامبەر بە گەلەکەمان کایەکردنە با ئاگر.

لە کۆتایی دا سەرەخۆشی خۆمان بۆ بنەماڵەی فەریناز و هەموو خەلکی مهاباد رادەگەیەنین و با گەلەکەمان بزانێت خوێنی فەرینازەکان بە فیرۆدا ناچێت.

کۆمەڵگای دێمۆکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان - KODAR

سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی گشتی لە کوردستان

لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، هەڵسووڕاوانی مەدەنی لە کوردستان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بانگەوازی مانگرتنی گشتیان بۆ رۆژی پێنجشەممە ٢٤ی مانگی گوڵان راگەیاندووە.

کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لەسەر زاری دەبیری ئەوەڵی ئەم رێکخراوە رایگەیاندووە کە لە هەر چەشنە حەرەکەتێکی نارەزایەتی لەسەر بنەمای ویست و داخوازی دیاریکراو، لەوانە لە مانگرتنی گشتی رۆژی ٢٤ی گوڵان پشتیوانی دەکات.

کۆمەڵە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی لە سێ خاڵدا بەم شێوەی خوارەوەی راگەیاندووە:

- کۆتایی هێنان بە بارودۆخی نائاسایی میلیتاریزە لە شارەکان.
- ئازادی بێ شەرت و مەرجی هەموو گیراوەکانی رۆژانی رابردوو.
- پێڕاگەیشتنێکی شەفاف، بە بێ پەردەپۆشی و پیلانگێڕی بە رووداوی گیان بەختکردنی فەریناز خوسرەوانی.

پێویستە بوترێت کە کۆمەڵە لە هەمان حاڵدا لە هەوڵدایە بە هەماهەنگی لەگەڵ باقی هێزە سیاسییەکانی هەڵسووڕاو لە کوردستان، رەوتی نارەزایەتی دەربڕینی جەماوەریی و لەوانە مانگرتنی گشتی بکات بە پەیامێکی بەهێز روو لە کۆماری ئیسلامی بۆ ناچار کردنی ئەم رژیمە بە پاشەکشە لە بەرامبەر داواکارییە رەواکانی خەڵکی کوردستان. بەرەوپێش چوونی وەها ئەمرێکی خەباتکارانە، پێویستی بە ئامادەیی هەڵسووڕاوانی مەحەللی و گەیاندنی زانیاری بە شێوەیەکی بەرینە، کە پێویستە لە ئێستاوە و لە رۆژانی داهاتوودا و لەوانە لە پێوەند لەگەڵ ئەو مانگرتنە گشتییەی کە بانگەوازی بۆکراوە بەکردەوە دەربێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) - رێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوێستی رەسمیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەر مەرگی دڵتەزێن و بە ناحەقی فەریناز خوسرەوانی

هەڵوێستی رەسمیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەر مەرگی دڵتەزێن و بە ناحەقی فەریناز خوسرەوانیرۆژی ١٣ی بانەمەڕ کچێکی خەڵکی مهاباد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە دایکبووی ١٣٦٨ی هەتاوی و لیسانسی کۆمپیوتەر و کارمەندی هۆتێل "تارا"ی مهاباد لە ترسی ئەوە کە مەئمووریکی ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستدرێژی نەکاتە سەری لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەمی ئەم هۆتێلە خۆی فرێدەداو و بە شێوەیەکی دڵتەزێن گیانی لە دەست دەدات .

فەریناز کچە کوردی بە ناحەق کوژراو، بوو بە قوربانی سات و سەودایەک کە بەرپرسی ئەم هۆتێلە کە بۆ مەبەستی قازانجی مادیی و گەورە کردنەوە و بوون بە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە ، ویستی کایە بە ناموس و شەرەفی کچێک بکات و لەگەڵ مەئمورێکی رێژیمی تاسەر ئێسقان دژ لەگەڵ مرۆڤایەتی دەسەتیان دایە دەستی یەک و بە تەڵەکە لە ژوورێکی نهۆمی چواری هۆتێلەکەیدا دەرگا لەسەر فەریناز و ئەم مەئموورەی رێژیم دادەخا و پێی وایە کە دەرگا داخرا ئیتر فەریناز ناتوانێ لەچنگی ئەوان دەربازی بێت و ئیتر خۆی بە دەستەوە دەدات. بەڵام فەریناز مردنێکی سەربەرزانە هەڵدەبژێرێ و ناهێڵی دەستی ناحەزو ناپاکی مەئمووری ئیتلاعات بیگاتێ و بە کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی، ناموسی خۆی پاراست و پاکیزەیی خۆی نەخستە ژێر پێی دوژمنانی مرۆڤایەتی.

راستە ئەمە یەکەم جینایەت و کۆتا جینایەتیش نابێ کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دارو دەستە زەبوونەکەی دەرحەق بە کچان و ژنانی ئەم وڵاتە کردویانەو دەیکەن، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئیتر چیدیکە خەڵکی کوردستان، ژنان و پیاوان، کۆمەڵگای مەدەنی و فەرهەنگی، مامۆستایان، بازاریان، خوێندکاران و بەتایبەتی خەڵکی هەمیشە بە هەڵویست و خاوەن مێژووی شاری مهاباد بێهەڵوێست و بێدەنگ نەبن و لە بەرامبەر ئەم جینایەتە و بە حەرەکەتی شیاوی کۆمەڵگای کوردی کە هەمیشە پێشەنگ بوون بۆ ئازایەتی و ناحەقی قوبووڵ نەکردن بێنە دەنگ و دەنگی نارەزایەتی خۆیان تا بە سزا گەیاندنی بەرپرسیارانی ئەم جینایەتەو رێژیمە دژە



سەرچاوە
Serchawe

ئینسانیەکەی چیدیکە شاهیدی زوڵم و زۆر و گیان لێئەستاندنی ژنان وکچانی وڵاتەکەمان نەبن.

بێگومان لەو نێوەشدا ئەرکی چالاکانی ژن بە تایبەتی و دەزگای دادوەریی و نوێنەرانی کوردی مەجلیس بەرچاوتر و بەرهەستترە کە دەبێ دەنگی خەڵکی کوردستان بن و نەهێڵن خوێنی بە ناحەق رژاوی فەریناز بە فیڕۆ بڕاوت و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناک و جەرگبڕانە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و تۆڵەی ئەم هەموو خوێنە بە ناحەق رژاوەی ژنان بکەنەوە و بکەرانی بگەیەننە سزای خۆیان و تا ئەم کاتەش لە هەوڵدان نەوەستن .

ئێمە وەک یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەم جینایەتە دڵتەزێنە مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین کە فەریناز و فەرینازەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان چیدیکە تەنیا نەبن و خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ژنانی هەمیشە بوێری کورد یەکگرتوانە دەنگی نارەزایەتی خۆتان هەڵبڕن و جینایەتکاران بە سزای خۆیان بگەیەنن . وەختی هاتوە کە چیدیکە ژنان لەبەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆر و خەفەقانەی کە ئەم ریژیمە دەرحەق بە ئەوان کردوویەتی و ژیانی بۆ کردوون بە دۆزەخ هەڵوێستیان هەبێ .داوا لە خەباتکارانی مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنانی کورد دەکەین کە یەک دەنگ و یەکگرتوانە دژی ئەم پیلانە تا سەر ئێسقان دژە ئینسانیە دەنگ هەڵبڕین و ئەم ریساییە چیدی پەرەپۆش نەکری .

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٥

## کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات بە بۆنەی مەرگی دڵتەزێنی فەرینا خوسرەوانی راگەیاندنێکی بڵاوکردۆتەوە

بۆ جارێکی دیکە  چەوساندنەوە ی ژنـان ، دەستدرێژی، خۆکوژی، یاسای پیاوسالارانە و دژە ژنەکـانی  کۆماری ئیسلامی ،کردەوەی ناشبرینی دژە مرۆڤانە  و دژە ژن بە قوربانی بونی کچێکی کورد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی ئاشکرا بوو.

مەرگی فەریناز هەواڵێکی دڵتەزێن و نمونەیەک بوو لە جینایەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە ژنان. بە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی خۆکوژی فەریناز خوسرەوانی کارمەندی هۆتێلی تارا لە شاری مەهاباد کە لەلایەن خاوەنی هۆتێلەکەوە بە ناوی نادر مەولودی دەخرێتە ژێر گوشارەوە تا ناچاری بکات لەگەڵ کارمەندێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەوشارە کردەوەی سێکسی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا هۆتێلی ناوبراو بکرێتە 5 ئەستێرە، فەریناز لە وڵام دا  و لە بێ دەرەتانی ناچار دەبێت لە تەبەقەی چوارەمی ئەو هۆتێلەوە خۆی بخاتە خوارەوە و لە ئاکامدا  گیانی لە دەست دەدات  ئەمە یەکەمجار نییە کە کاربەدەستانی  رژێمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی وەحشیانە دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان، نمونەی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت  کوردستان زۆرە و پێشوتریش و لە چەند هەواڵێکی هاوشێوەدا هەواڵی کوژرانی ژنان بە تایبەت لە کوردستان بڵاو بووە تەوە و ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەیە کە لە کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی هەموو یاساکان دژ بە ژنان و، ژنانی کۆمەڵگای ئێران لە ئەگەری تووش بوون بە بارودۆخێکی هاوشێوە و بۆ دەربازبوون لە مەترسی دەستدرێژی جینسی زۆربەی کات  گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە و دەست دەدەنە کردەوەی خۆکوژی ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی یاسا لە  ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان  هۆکاری سەرەکین لە دروست کردنی فەزای ترس و تۆقاندن بۆ ژنان و لەوانەش ڕێژەی بەرچاوی زیندانی و ئێعدامی ژنان ،دیاردەی ئەسید پرژاندن و کوشتن و دەستدرێژی کردنی سەر ژنان  ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە  یاساکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبەرانی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe

سەرەکیترین پێشێلکاری مافی ژنان .

ئێمە وەک کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات ئەو جۆرە کردەوەیە و فەزای داخراو و سیاسەتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکەین و وەک هەمیشە خۆمان بە پشتیوان و پاڵپشتی لێبڕاوی ژنان لە هەموو بوارەکان دەزانین داوا دەکەین لە هەموو چالاکانی کۆمەڵگای کوردستان بە سازدان و دروست کردنی کەمپەینی ئێعترازی و هەروەها بەشداریان لە کۆبونەوەی نارەزایەتی ڕۆژی هەینی ڕیکەوتی ١٨ی گوڵان لە بەردەم هۆتێلی تارا لە شاری مهاباد دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی ئەو ژنانەو ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە مەحکووم بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## راگەیەندراوی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان- نینا، سەبارەت بە گیان بەختکردنی فەریناز خوسرەوانی

لە درێژەی جەنایەت و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە حاست رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمجارەیان فەریناز خوسرەوانی خەڵکی شاری مهاباد، بوو بە قوربانی حەز و ویستە چەپەڵەکانی پیاوانی گوێ لەمستی دام و دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و گیانی بەخت کرد.

فەریناز ئەگەرچی بە هۆی کارکردن لە هۆتێل تارای شاری مهاباد کەوتە بەر تەماح و بۆسەی خۆفرۆشان و پیاوانی نەفس نزمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام بۆ پارێزگاریکردن لە کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی خۆی و بەرز راگرتنی پێگە و ناو و ناوبانگی ژنی کورد، نەک هەر ملی بە حەز و ویستی چەپەڵی کاربەدەستان و پیاوانی ئیتلاعات نەدا، بەڵکوو بە بەخت کردنی گیانی داستانی قارەمانێتی و داوێن پاکی و ئازایەتی بۆ خۆی ژنانی کورد تۆمار کرد.

ئەم کارەساتە جگە لەوەی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە لە کوردستان، بێحورمەتی و بێ ڕێزی کردنە بە پێگە و کەسایەتی ژن بە شێوەی گشتی و تاوانێکی مەزنە بەرانبەر ژنی کورد بە تایبەتی، حەولێکی ئاشکرایە بۆ تێکدان و هەڵتەکاندنی شیرازەی بایەخ و بەها جوانەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بە هەند نەگرتن و حیساب نەکردنە بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد و هەنگاوێکی بە ئەنقەستە بۆ رووشاندنی کەسایەتی نەتەوەیی کورد و کوردستانییەکان. بەڵام فەریناز و کچان و ژنانی ئازا و چاونەترسی ئەم نیشتمانە نەک هەرگیز دەستەمۆی داگیرکەران و کەسانی خۆفرۆش نەبوون و نابن، ئازایانە بەرانبەر هەر دەسدرێژییەک وەستاون و بە خەبات و پێشکەشکردنی قوربانی تا ئاستی بەخت کردنی گیانیان دەستی دوژمنانی کوردیان کورت کردووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە خەڵکی قارەمان و نیشتمانپەروەری نەتەوەکەمان هەرگیز و لە هیچ قۆناغێک لە مێژوودا بەرانبەر دەسدرێژی و تاوانی داگیرکەرانی کوردستان بێدەنگ نەبوون و لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و تیرۆری مادی و



سەرچاوە
Serchawe

مەعنەوی خەڵکی کوردستان قوڵی بەرەنگاریی و بەرپەرچدانەوەیان هەڵماڵیوە و بەرگرییان کردووە. خۆپیشاندان و تووڕەیی خەڵکی ئازا و چاونەترسی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرانبەر ئەم تاوانەدا بەڵگەی ئەم راستییەن.

رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان-نینا، وەک هەموو جارێک سەرانی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی داگیرکەری تاران بە خۆڵقێنەری راستەقینەی ئەم تاوانە و سەدان تاوانی دیکەی لەو چەشنە دژ بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ و داوا لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکا، بەرانبەر تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان بێدەنگ نەبن و پشتگیری خۆیان لە خۆپیشاندەران و نارەزایەتی و خەباتی خەڵکی قارەمانی کوردستان رابگەیەنن و رێگە لە کوشت و بڕ و قەتڵوعامی خەڵکی سڤیل بە دەستی کاربەدەستانی تاران بگرن.

رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان - نینا، وێرای پرۆتستۆ کردنی تاوانی قێزەونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری فەریناز خوسرەوانی و خەڵکی کوردستان بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەم پەژارەیان دەزانێ.

رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان نینا

٨ی مای ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی ئازادیی کوردستان - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## راگەیەندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، سەبارەت بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی



هاونیشتمانانی بەرێز،ژنانی خەباتگێری کوردستان، رۆژی ١٤ی بانەمەری ١٣٩٤ی هەتاوی خوشکێکی لاوی مهابادی بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" کارگێڕی هۆتێلی "تارا" لە شاری مهاباد لە پێناو پاراستنی کەرامەتی خۆی، بۆ دەربازبوون لە دەستدرێژی فەرمانبەرێکی سەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نهۆمی چوارەمی ئەو هۆتێلە کە دەرەتانی دەربازبوونی بەهۆی داخستنی دەرگا لەلایەن ئەو فەرمانبەرە دژی گەلیە بۆ نەمابۆوە بە ناچاری لە پەنجەرە و لە بالکۆنی ئەو نهۆمەوە خۆی فرێدەداتە خوارەوە و بەشێوەیەکی زۆر دڵتەزێن گیانی لەدەست دەدا.

باس لە رووداوە و ئاسانکاری بەرپرسی هوتێل تارا بۆ ئەو کارە دزێوە بووەتە هۆی رقوقینی خەڵکی شاری مهاباد بەگشتی و ژنان و کچان بە تایبەتی و جارێکی دیکە برینی ژنانی کوردی لە بێڕێزی کۆماری ئیسلامی بە کەرامەتی ژنانی کورد کولاندەوە.

لەو پەیوەندییەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێرای محکوم کردنی ئەو هەوڵە دەستدرێژی کەرانەیە و ئەو ئاسانکاری بەرپرسی هۆتێل بۆ ئەو جینایەتە داوا لە هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژن و لایەنگرانی یەکسانی بە گشتی و خەڵکی چاو نەترسی شاری مهاباد بە ژن و پیاوەوە و سەرجەم تێکۆشەرانی کورد و خەڵکی کوردستان دەکات لە ئاست ئەم بێکەرامەتیانە بە ژن و رەفتاری دەستدرێژی کەرانەی دەست و پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگی نارەزایەتی و بێزرای خۆیان بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەکرێ‌دەرببڕن و نیشان بدەن کە ژنی کورد و خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیانەدا بێدەنگ نابن، با لەو پەیوەندییەدا هاودەنگ و هاوهەنگاو بین و رێگا نەدەین چارەنووسی فەرنیاز و فەرنیازەکان دووپات ببنەوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئیران سەبارەت بە مەرگی دڵتەزینی فەریناز خوسرەوانی

رۆژی ١٣ی بانەمەر کچێکی خەڵکی مهاباد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە ترسی دەستدرێژی مەئمورانی ئیتلاعاتی سەر بە رژیم خوی لە نهۆمی چوارەمی هوتێل تارای مەهاباد هەڵدایە خوارو گیانی دا.هێزەکانی رژیمی مرۆڤ کوژی ئاخوندی بەم کردەوەیان جارێکی دیکە ڕووی خۆیان بۆ خەڵک دەرخستەوە.

لەئیرانی ژێر دەسەڵاتی دڕەندەو زوڵم و ستەم، ئەمە یەکەم و دواییین تاوان نیەونابێت کە دەرحەق بە ژنان و کچانی وڵاتەکمان ئەنجام ئەدرێت و بەم شێوە وەحشیانەیە هەڵس وکەووتیان لەگەڵ دەکرێ.

...ئێمە رۆژانە گوێبیستی هەواڵی چەندین ڕووداو کارەسات وچەوسانەوەو نابەراری و دەستدرێژی لە زیندانەکانی رژیمین،کە بەداخەوە بە هۆی خەفەقانێ کە لەم وەڵاتە لە ئارادایە ڕووداوەکان وەک خۆی ناگوێزرێنەوە و بەم هۆیەوە زۆربەی کارەساتەکان دەشاردرێنەوەو دیزەبەدەرخۆنە دەکرێن. بە داخەوە فەریناز لەو کارەساتە بە زیندوی رزگاری نەبوو تا چیرۆکی دڕندەی و پیلانی ڕەشی خاوەن هوتێل وسات و سەودا بە ژنان و کچانی کارمەند و کارە چەپەڵەکانی ڕژیمی دواکەتوو باس بکات.

ئێمە رێکخراوی ئافرەتان ئەو کردەوە قیزەونە مەحکوم و ریسوا دەکەین و درود و سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی فەریناز و سەرجەم ئەو ژنانەی کە وەک فەریناز بونەتە قوربانی و داوادەکەین کە خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بێ هەڵویست نەبن و بە ریپێوان وخۆنیشان دان توڕەیی خۆیان دەرببڕن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

رێکخراوی ئافرەتان

٦ - ٥ - ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەباتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## راگەیاندنی ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
## مەرگی فەریناز تراژدیایەکی دڵتەزێن و نمونەیەک لە جینایەت دژی ژنان لە ئێران




بڵاو بوونەوەی هەواڵی خۆکوژی فەریناز خسروانی لە شاری مەهاباد، پەردەی لە سەر لاپەرەیەکی دیکە لە جینایەتەکانی دەست و پەیوەندەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنان هەڵدایەوە. رۆژی دووشەممە 14ی گوڵان، فەریناز خسروانی میوانداری هۆتێلی تارا لە شاری مەهاباد کە پێشتر لە لایەن خاوەنی هۆتێلەوە هەستی بە مەترسی دەستدرێژی کردن کردبوو، دوای ئەوەی مەئمورێکی ئیتلاعات دەیهەوێت بچێتە ژوورەکەی و دەستدرێژی بکاتە سەری، ناچار دەبێ لە پەنجەرەی ژوورەکەی لە قاتی چواری هۆتێلەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە و بەم هۆیەوە گیانی لە دەست بدات.

ئەمە یەکەمجار نییە کە دەست و پەیوەندەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی وەحشیانە دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان، نمونەی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان زۆر لەوە زیاترە و دەیان و سەدان ژن بوونەتە قوربانی. ریحانەی جەباری نمونەیەکی هەر بەرچاوی ئەم کارە قێزەونەیە کە بە هۆی کوشتنی مەئمورێکی ئیتلاعات کە ویستبووی دەستدرێژی بکاتە سەری ئێعدام کرا. هەڵدانەوەی ئەم جینایەتانە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی دیکە ژنان دەکەونە بەر مەترسی دەستدرێژی و توندوتیژی، ئەوە پەنا دەبەنە بەر یاسا و حکومەت، بەڵام لە ئێران نەتەنیا یاسا و بەرێوەبەرانی یاسا پاڵپشت نین بۆ ژنان، بەڵکوو خۆیان تاوانبارانی سەرەکین لە پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و توقاندن بە سەر ژناندا.

لە کۆمەڵگایەک وەک ئەفغانستان کە ساڵانێکی زۆر لە ژێر سێبەری رەشی تالیبان و ئیسلامی توندرەو بووە، کاتێک ئیسلامیەکان فەرخوندە ٢٧ ساڵ تەمەن بە بیانووی سوکایەتی بە قورئان ئاگر دەدەن و دەیکوژن، ژنان و پیاوانی ئەفغانی دەرژێنە سەر شەقامەکان و دژی ئەم جینایەتە خۆپیشاندان دەکەن و دەوڵەتیش لە زووترین کات لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەم کارە دادەنێت.

بەڵام بە داخەوە لە ئێران نەتەنیا دەوڵەت خۆی وەک تاوانباری سەرەکی هیچ هەوڵێک نادات و چاوپۆشی لێدەکات، لەوە خراپتر بێدەنگی خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردستان لە ئاست ئەم جینایەتەیە.

ئێمە وەک رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد هەموو ئەو سیستەم و دابونەریت و کلتورە دواکەوتووانە و پیاوسالاریە مەحکوم دەکەین کە کەشوهەوای ترس و توقاندن بە سەر ژناندا زاڵ دەکات و ئەوان ناچار بە خۆکوژی دەکات. مەرگی فەریناز خسروانی نا یەکەم جینایەتە دژی ژنان و نا بێ گومان دوایین جینایەتیش دەبێ. هەروەها داوا لە هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی کوردستان دەکەین دژی ئەم جینایەتە و هەروەها هەموو ئەو کلتور و نەریتە دژە ژنانە بوەستنەوەو رێگە نەدەن چیتر کچان و ژنان ببنە قوربانی.

لە کۆتاییشدا داوا لە سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان و هەموو چالاکانی ئەم بوارە دەکەین یەکدەنگ و یەکگرتوو بن لە مەحکوم کردنی ئەم جینایەتە و هەموو هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ بخەن تا گوشاری دەرەکی و ناوخۆیی بخرێتە سەر بەرپرسانی رژیم بۆ بەدواداچوونی ئەم رووداوە و تاوانبارانی سەرەکی بە سزای خۆیان بگەینن.

رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

١٦ی گوڵانی ١٣٩٤ی هەتاوی

٦ی مەی ٢٠١٥ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات لە پێوەندی لەگەڵ گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی



**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**
**ژنانی ماف ویستی کورد**

مێژوویەکی دوور و درێژە کە ژنان هاوشانی پیاوانی کورد هەوڵی دابین بوونی ماف و ئازادییە مرۆییەکان لە کۆمەڵگاکەماندا دەدەن و لەو پێناوە دا گیافدایی و لە خۆبردویی زۆریان نواندوە و بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان لە هیچ تێکۆشانێک درێغیان نەکردووە و هەروا بەردەوامن لە پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان هەر بۆیە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوە گرتوو لە نێوەرۆکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتانیەت، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە کەرامەتی نەتەوەیی کورد و بەتایبەتی کەرامەتی ژنانی کورد تێک بشکێنێ، لەو پەیوەندییە دا بە داخەوە رۆژی سێ شەممە 14بانەمەری ساڵی 1394 ی هەتاوی کچێکی لاوی خەڵکی مهاباد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە پێناو پاراستنی کەرامەتی ئینسانی خۆی و بۆ دەرباز بوون لە دەست درێژی دەست و پێوەندەکانی رژێم لە نهۆمی چوارەمی هوتێل تارا دا خۆدەخاتە خوارێ و بەلە دەست دانی گیانی خۆی کەرامەتی خۆی وژنی کورد دەپارێزێ.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوە یەکەم جارنیە کە ژنی کورد وکچی کورد هەوڵی دەست درێژی کردن و کەرامەت لکەدارکردنی دەدرێ وە هەربێ دەنگیەک لەبەرامبەر ئەو کەرامەت شکێنیانەدا درێژەی ئەو شێوە رەفتار و ئەو کەرامەتشکێنیانەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەمووتاکێکی کورد بەگشتی و ئەرکی ڕێکخراوەکانی داکۆکی کارلە مافی ژنان بە تایبەتیە کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم سیاسەتەی رژێم و مەحکوم کردنی ئەو هەواڵە کەرامەت شکێنانەیە بەرزبکەنەوە، ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات وێڕای مەحکوم کردنی ئەو رەفتارە نامرۆڤانەیەی کە لەلایەن دەست وپێوەندەکانی رژێم و خۆش خزمەتیەکانی ئەوانەی پشتیان لە گەل و نیشتمان وکەرامەتی ژنی کورد کردووە، ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆگەیاندنی راستیەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژن، بە کۆڕ و کۆمەڵەنێونەتەوەیەکان وە لەهەمان کاتدا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

داوا دەکەین، کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە جنایەتەکانی رژیم بە تـایبەتی جنـایەتی لەم شێوەیە دەربـبـڕن چـاو نەترسی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و دژکردەوەنیشان دەبێتە هۆی پاشەکشەکردن بە رژیم و پاراستنی کەرامەتی ژنانی کوردستان.

هاو دەنگ و هاوهەنگاو لەگەڵتان بۆ خۆپیشاندانێکی تێکڕایی و هەڵوێست گرتنێکی کەرامەت پارێزانە.

**سڵاو لە گیانی پاکی کەرامەت پارێز، فەریناز خوسرەوانی**
**سەرکەوتوو بێ خەباتی ژنان لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانیان**

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد

رێکخراوی ئافرەتانی خەبات

١٧- ٥ - ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی چالاکانی مەدەنی بۆ مانگرتنەکەی ٢٤ ی بانەمەڕ




**ڕێکخراوەکانی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**ژنانی ئازادیخواز و پێشەنگی کوردستان**

هەروەک ئاگادارن لە ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی کەڕامەتپارێز فەریناز خوسرەوانی دوای ئەوەی کە نەیهێشت

دەستێکی پیس کە بۆ لەکەدار کردنی کەرامەتی ئەم کچە کوردە درێژ کرابوو بیگاتێ بە شێوەیەکی گوماناوی و لە نهۆمی چوارەمی هۆتێل تارا خۆی فڕێدا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا . گیانلەدەستدانی فەریناز بووبە هەوینی سەرهەڵدانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر تاکیکی کوردستان هەر لە باشوورەوە تا باکور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی نارەزایەتی و پشتگیری لە سەرهەڵدانی مهاباد بەرز کردەوە و هەموویان بوون بە گەرووی فەریناز و هاواری پێشێلکاریی مۆرەکانی کۆماری ئیسلامیان دەحەق بە کچە کوردی مهابادی نەوەی کۆمار و چوارچرا بەرز کردەوە . ئێمە وەک ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناوەندێکی یەکگرتووی ڕێکخراوەکانی ژنانی، جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە پشتیوانی لە حەرەکەتی ئێعتڕازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و تا بە سزاگەیشتنی بکەرانی ئەم تاوانە قێزەونە دەست لە نارەزایەتی خۆمان هەڵناگرین و دەنگی مەزڵومیەتی کچانی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ دەگەیەنین . لە هەمانکاتدا داوا لە هەموو کچان و ژنانی مافخوازو پێشەنگ ، پیاوانی بە هەڵویست و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەکەین کە بەشداریی لە مانگرتنی سەرانسەریی ڕۆژی ۲۴ی بانەمەڕدا بکەن بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پیوەندەکانی باش بزانن کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خوینی بە ناحەقرژاوی فەریناز خۆش نابن و پاڵپشتی لە بنەماڵەی بەڕێزی ناوبراو بکەن تا لەم کۆستەدا تەنیا نەبن.

هەڵویستی نەتەوەیی ئێوە لەپێنجشەممە شەممە ٢٤ی بانەمەڕ لە مانگرتنێکی سەرانسەرییدا سەلمێنەری زیندوو بوونی نەتەوەکەمانە

لە رۆژهەڵات و باوەڕبەخۆبوونە بۆ خەباتی داهاتووی رۆژهەڵات.

**سڵاو لە گیانی پاکی فەریناز خوسرەوانی و هەموو شەهیدانی کوردستان.**
**سلاو لە ئیرادەی بەهێزی خەڵکی راپەڕیوی رۆژهەڵات.**
**سڵاو لە خەباتکارانی مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان.**

**ناوەندی رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان ،کە لەم رێکخراوانە پێک هاتوە:**

**کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات.**
**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.**
**ئاسۆی ژنی کورد.**
**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**
**رێکخراوی ئافرەتانی خەبات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - رێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥**

## چیرۆکی مەرگی فەریناز، چیرۆکی قوربانیەکی تری کۆمەلگای پیاوسالارە.



یەکەم جار نیە ژنێک دەبێتە قوربانی نەریت و توندوتیژیەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار. بەداخەوە ژنانی بێ دەرەتان سەردەمانێکە یا دەکوژرێن یا خۆیان دەکوژن. کەم نین ئەوانەش کە بە جەستە نەکوژراون بەڵام بە رۆح دەیان قات کوژراون و خنکاون. لەوانەیە بیروڕای گشتی کۆمەڵگا بە هەواڵی مەرگ بپەشۆکێ بەڵام بەداخەوە هیچ شەپۆلێک زەریای ئارامی کولتووری باوی دژە ژن بۆ ئەوانەی بە جەستە زیندوو و بە رۆح مردوون ناشلەژێنێ.

چیرۆکی مەرگی فەریناز هەرچیەک بێت، ژنێک دیسان بوەتە قوربانی کلتووری پیاوسالار. هەر چیرۆکێک بۆ مەرگی فەریناز بوترێت و باوەڕ بکرێ، دیسان هیچ لە راستیەکانی کولتووری هەڵەی بە نزم بینین و بە کۆیلە زانین و ژنان وەک ئامرازێک بە کارگرتن کەم ناکاتەوە. مەرگێکی ئاوا دڵتەزێن تەنیا ئەو راستیە دەردەخات کە کۆمەڵگای پیاوسالارو خۆپارێز دەرەتانی بۆ ژنان نەهێشتووەتە جگە لە پەنا بردن بۆ ئامێزی مەرگ. لەوانەیە ئەگەر فەریناز وەکوو موحەبەت یان رێحانە بۆ بەرینگار بوونەوە دەستی ببردایە بۆ چەقۆیەک، ئیستا بە تاوانی قەتڵ لە زیندان بووایە.ئەگەر بەرگری نەکردایەو نەشمردایەت، ئەوە کۆمەڵگا بە تاوانی بوونە قوربانی دەستدرێژییەک هەر بە قسەو نیگاو لۆمە رۆژی سەدجار دەیانکوشت، چوونکە ژن لە کولتووری دواکەوتووی ئێمەدا هەمیشە تاوانبارە. لە لایەکی تریشەوە لە کۆمەڵگایەک کە مافی خۆشویستن و پێوەندی گرتن مافی سەرەکی مرۆڤەکان نیە بەڵکوو دەبێ گشت حەز و خواستەکانی ژن بە درۆ بشاردرێتەوە و سەرکوت بکرێ، یان بە پێوەرە باوەکانی نەریت و ئایینی پر لە تەعەسوب، ئابروو لە خنکاندنی حەزەکانی ژندا خولاسە بکرێتەوە، دیارە ژنان مافی هیچ هەلبژاردنێکیان نابێ و ئاگاداری لە پێوەندی یا حەزەکانیان، رێگاچارەی یا مەرگە یا ژیانێکی خراپتر لە مەرگ و پر لە فشاری رۆحی و دەروونی.

پارتی فێمینیستی کوردستان وێرای ئیدانە کردنی تەواوی ئەو یاسای دەوڵەتی و مەزهەبی و نەریتە کۆمەڵایەتییە دژ بە ژنانە کە ژنانی بێ دەرەتان و بێ پشتیوان کردوە، روو دەکاتە تاک بە تاکی کۆمەڵگای کوردی و دەپرسێ هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگا لە

بەرامبەر توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەر شێوازێکیدا چەندە بەرپرس و تاوانبارە؟ ئایا ئەگەر ژنی دەستدرێژی لێکراو لە کۆمەڵگادا بە سووکی سەیر نەکرابا بەڵکوو دڵدە بدرایە، دەستدرێژیکەر جەزای قورسی زیندان* بدرایە و یاسا و نەریت پشتیوانی ژن بوونایە، مافی ژیان لە ژنان زەوت دەکرا؟ ئایا ئەگەر حەز و ئەڤین و هەڵبژاردن بۆ ژن قەدەخە نەبوایە و ئابڕوو لە جەستە و حەزی ژندا خولاسە نەکرابایەوە، ئێستا زۆرێک لەو ژنە کوژراوانەی لەسەر شەرەف زیندوو نەدەبوون؟ ئایا کۆمەڵگایەکی تەندرووستترمان لە باری دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە نەدەبوو؟ کاتی ئەوە نەهاتوە تاک بە تاکمان بە خۆماندا بچینەوە و چیتر قسە و باس و تانەی خەڵکمان بۆ گرینگ نەبێ وخۆمان لە قسە و باس و تانەلێدان بە خەڵکیش بپارێزین؟ کاتی ئەوە نەهاتوە تاک بە تاکمان رێزی ژن وەک مرۆڤێکی بەرابەر و یەکسان بگرین و چیتر ئابروو لە جەستە و حەزی ژن دا خولاسە نەکەینەوە تا هەر تاکێک ببێتە سەرچاوەی گۆرینی کولتوورێکی هەلە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## راگەیەندراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانی لاوانی رۆژهەڵات




**لاوان و ژنانی ئازا و بە هەڵوێست!**

دوای ئەوەی لەهۆتێلێکی شاری مەهاباد کیژێکی کورد بەهۆی پیلانگێڕی و زات پیسی داروودەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژرا و پارێزگاری لە کەرامەت و داوێن پاکی خۆی کرد، خەڵکی شاری مەهاباد وەکوو هەمیشە راپەرین و خۆیان لە فەرینازی جوانەمەرگ و کەرامەتی، کردە خاوەن.

دوێنێ لەرۆژهەڵاتی کوردستان و لەمەهابادی قارەمان راپەرینێک دەستی پێکرد، کە لەزۆر رووەوە بۆ لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە. لەنارەزاییەتییەکانی شاری مەهاباد دا لاوان دەوری پێشەنگ و پێشڕەویان هەبوو، هەر بۆیەش لەزۆر رووەوە پەیام و ئاماژەی گرنگ بەنوخبەی سیاسیی و پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵات دەدات. لاوانی رۆژهەڵات وریان و بە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە لەرووداوەکانی دەورووبەریان دەڕوانن، ئێمە وەکوو یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام وتوومانە کە خاک و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بنەمای فیکری و تێکۆشانمانە، ئەمجارەش لاوان دووپاتیان کردەوە کە وەکوو چۆن لەناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا ئەرکی نیشتمانی خۆیان نیسبەت بەخاک لەبیر نەکردووە و ژینگەی خاکەکەیان دەپارێزن، هاوکات ئامادەن لەهەموو حاڵەتێکدا کەرامەتی خەڵکەکەشی بپارێزن، و لەهەمبەر کوشتنی لاوان بەدەستی داروودەستە خۆفرۆش و خائینان بە کوردستان بێدەنگ نابن. دەستی بەهیممەتتان دەکوشین و کڕنۆش بۆ ورە و نەبەزیتان دەبەین.

**لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان!**

ئێوە لەو ماوەیەدا چەندین جار دووپاتتان کردەوە کە بۆ هەموو ئەگەرێک بۆ هەڵگریساندنەوەی شۆرش ئامادەن، چەندین جار

بەگوێتـان دادایـن کە هەوێنـی دەسـتپێکی شـۆڕش لەرۆژهەلات ئامـادەیە، زۆریـش کوردسـتانیبوونتان لەپرسـەکانی شـەنگال و کۆبـانێ دووپاتکردەوە. ئێوەی لاوانی رۆژهەلات شێلگیرانە هەنگاوتان ناو و نەوەستان و پارێزەرانی رۆژهەلاتتـان لەنـاوخۆ پێکهێنـا و هەر زوو بەڵێنی ئەوەتـان بەخەڵکی رۆژهەڵاتتدا کە چیتر قبـووڵی هیچ بێڕێزی و بێحورمەتی و پیلانگێڕی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران نـاکەن، بەحەقیش دوێنێ لەمەهاباد هەنگاوی شۆڕشگێرانەتان هاویشت.

لەگەڵ هەمـوو ئەوانەش ئەوە دەسـتپێکە و شـۆرش لەرۆژهەلات زۆری بەبەرەوە مـاوە، ئێـوەی لاوان دیسـان پێشدەسـتیتان کـرد و بەردەوامیتـان کۆمـاری سێدارەی ئێـران دەلەرزێنێت و هەنگاوەکـانی مردنـی خێراتـر دەکـات، بەڵام گەیشتن بەدوا وێستگە بەرنـامە و ستراتیژی حیـزبە سیاسـییەکان و کـارو کـرداری نـوخبەی سیاسـی و مەدەنـی دەوێـت، ئەگەر ئەوان بەئەرکـی خۆیـان هەڵنەسـتن، راپەرینەکەتـان تووشی گرفت و لەمپەری گەورە دەبێت، هەموومـان دەبـێ بەئەرکـی مێژوویـی خۆمـان هەسـتین و هەر خـۆدزینەوە و هەڵەیەک، بەرپرسیارییەتی مێژووییمان دەخاتە ئەستۆ.

## لاوانی سەربەرزی رۆژهەڵاتی کوردستان!

گەیشـتن بە ئـاواتی دێرینـی رۆژهەلاتـی کوردسـتان لەهەنگـاوی یەکەمەوە دەسـتپێدەکات، ئێـوە هەنگاوەتـان هاویشـت و چەنـدینجار پەیامتان بەهەموماندا، دڵنیابن لاوانی پارێزەری رۆژهەلات لەناوخۆ قەڵغانێکی باشن بۆ خەڵکی کوردستان و یەکیەتییەکەتـان واتـا یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستانیش لە کۆڕوکۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان پشتیوانی کۆدەکـاتەوە و رەوایـی دۆزی کـورد بە رێکخراوەکانی لاوانی جیهان دەگەیەنێت و لەناوخۆی رۆژهەلاتیشدا وەک پێشتر سەلماندوومانە، ئێستا و داهـاتووش بەشێک دەبـین لە چالاکییە مەدەنی و چەکدارییەکان و تا گەیشتن بە ئامانجیش لەگەڵتان بەردەوام دەبین.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

هەیئەتی ئیجرایی

٢٧١٥ - ٢ - ١٨ = ٢٠١٥ - ٥ - ٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی بە مانگرتنی رۆژی پێنجشەمە ٢٤ بانەمەڕ




**لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان!**

دوابەدوای مەرگی گوماناوی کیژێک لە هۆتێل تارای شاری مەهاباد و پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان لەم شارە و لە شارەکانی دیکەی کوردستان، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیاسەتی هەمیشەیی خۆی،

بۆ سەرکوتی خەڵکی راساوی شاری مەهاباد و شارەکانی دیکە، کوردستانی میلیتاریزە کرد و بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی دەستبەسەر و زیندانی کرد.

ئەگەرچی بە پێی یاسای ئێران خۆپیشاندانی لەم چەشنە (بێ چەک و تەبا لەگەڵ ئایینی ئیسلام) رێگە پێدراوە، بەڵام رێژیم وەک هەمیشە دژی خۆپیشاندەران وەستایەوە و بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران لە شارەکانی مەهاباد و سەردەشت چەکی بەکارهێنا و ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران ئێستاکە بریندارن، رێژیم بەمەش نەوەستاوە و بە دوور لە پرەنسیپە ئینسانییەکان لە خۆپیشاندانە مەدەنییەکەی شاری سەردەشت کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی راپەڕیوی مەهاباد رێکخرابوو، کیژێکی تەمەن ١٤ ساڵەیان لەگەڵ دایکی دەستبەسەر کردوە.

**لاوان و ژنانی به‌هه‌ڵوێست!**

ئه‌مرۆکه پاش تێپه‌ڕینی یه‌ک حه‌وتوو به‌سه‌ر به‌رگری ئێوه‌ی نیشتمانپه‌روه‌ردا، دۆخی برینداره‌کان زۆر خراپه و هیچ ئاوڕێک له ده‌ستبه‌سه‌رکراوه‌کان نه‌دراوه‌ته‌وه، هه‌ر به‌م بۆنه‌یه‌وه کۆمه‌ڵێک له چالاکانی نێوخۆ له شاره‌کانی کوردستان داوایه‌کیان ئاراسته‌ی خه‌ڵکی کوردستان کردوه که رۆژی پێنجشه‌ممه ٢٤ی بانه‌مه‌ڕ بکه‌ن به مانگرتنی گشتیی و سه‌رتاسه‌ری له کوردستان و دوکان و بازاڕ دابخه‌ن و له‌و ڕۆژه‌دا بۆ ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تی له کۆماری ئیسلامی ئێران له ماڵه‌کانیان بمێننه‌وه.

ئێمه وه‌ک یه‌کیه‌تیی لاوانی دێموکراتی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆمان له‌و بانگه‌وازه ده‌رده‌بڕین و داوا له خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌تایبه‌ت لاوه خوێنگه‌رمه‌کان ده‌که‌ین به داخستنی دوکان و بازاڕه‌کان، پشتیوانی خۆیان له داوا ره‌واکانی خۆپیشانده‌ران وهه‌روه‌ها خۆپیشانده‌ره ده‌ستبه‌سه‌رکراو و برینداره‌کان ده‌رببڕن و رۆژی پێنج شه‌ممه به مانگرتنی گشتیی ناڕه‌زایه‌تی خۆیان به کۆماری ئیسلامی نیشان بده‌نه‌وه.

یه‌کیه‌تیی لاوانی دێموکراتی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان

هه‌یئه‌تی ئیجرایی

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی یه‌کیه‌تیی لاوانی دێموکراتی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان - ڕێکه‌وتی: مانگی مای ٢٠١٥



سه‌رچاوه
Serchawe

## راگەیەنراوی ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو بە بۆنەی مەرگی فەریناز خوسرەوانی

هەوڵی دەستدرێژیی بۆ سەر فەریناز خوسرەوانی، کچە کوردی مەهابادیو گیانبەختکردنی ئەو کچە، ناڕەزاییو ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئەو شارەو هەموو کوردستانی لێکەتەوەو، ڕێکخراوە سیاسییەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ناڕەزایی خۆیان لە بێ یاساییو گەندەڵییەکانی ڕژیمی ئیسلامی دەربڕیو هاوپشتی خۆیان بۆ خەڵکی مەهاباد دووپات کردەوە.

بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، کچان و ژنانی کورد لە شوێنە جیاجیاکان، چ لە زیندانەکانو لە کاتی ئێعدام، چ لە کاتی خەبات و شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و چەوسێنەرانی خەڵکی کوردستان و چ لە کاتی پەرەسەندنی دیاردە قێزەونە کۆمەڵایەتیەکان، بەرەوڕووی پەلامار و دەستدرێژیی و کردەوەی دژە مرۆییەکان بوونەتەوە.

کچ بوون و ژن بوون لەژێر دەسەڵاتێکی کۆنەپەرەستی وەک ئێران، هەمیشە بە شێوەیەکی دوو بەرابەر بەرەوڕووی نادادپەروەری و نایەکسانی بووەتەوە. کچانو ژنان ئەگەر بەرەنگاریی لە کەرامەتی خۆیان بکەن، تاوانبارن و ئەگەریش خۆیان تەسلیم بکەن یان بۆ ڕزگار بوون لە دەستدرێژی گیانی خۆیان بخەنە بەردەم مەترسیەوە، دەبنە قوربانی. بۆیە ژنان و کچانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی کە یاسای دواکەوتوو و نامرۆڤانەی بەسەریدا زاڵە، پێویستییان بە پشتیوانی و لایەنگریی هەمەلایەنەی جەماوەری خەڵکی خەباتکار هەیە.

ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو پاڵپشتیی لە هەر ناڕەزاییەتی و هەڵچوونێکی جەماوەریی لەهەمبەر ستەم و نادادپەروەریی دژی خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و بەتایبەت کچان و ژنانی بەشمەینەتی ئەم نیشتمانە دەکات و داوا لە هەموو کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکات سەبارەت بە چارەنووس و خوێنی بەناحەق رژاوی فەریناز و ئەو کەسانەی کە لەو پەیوەندەدا گیانیان کەوتووەتەوە مەترسیەوە، کەمتەرخەم نەبن، تا جارێکی دیکە دڵی خەڵکی کوردستان لە رووداوی کردەوەی هاوچەشن بریندار و زامدار نەبێ.

رێکخراوی لاوانی پێشڕەو

١٩ی گوڵانی ١٣٩٤ = ٩ی مەی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بێدەنگیی ئێمە واتای رازیبوونی ئێمەیە!!
## خۆکوژیی فەرینازی خوسرەوانی کێشەیەکی سیاسییە نەک کۆمەڵایەتی!




ئەبێت چ ترسێک پاڵنەر بێت و ئەو هێزە بدات بە کیژۆڵەیەک بۆ ئەنجامدانی خۆکوژی بەم شێوازە؟! ئەبێت چ دە سەڵاتێک ئەو توانایە بدات بە کەسانێک کە ئاوا ئازادانە مامڵە بە رۆح و جەستەی مرۆڤەکانەوە بکەن؟!

لە دوای دۆزینەوەی تەرمی" شەیدا حاتەمی" خوێندکاری بەشی کشتوکاڵ و هەروەها دۆزینەوەی تەرمی "سەحەر چووینی"، خوێندکاری تێرمی دووی پەرستاری لە زانکۆی هەمەدان ئەمە سیهەمین حاڵەتە کە ئیتر بە ئاشکرا چیروک لەو یاسا و ڕیسایانە دەکات کە لە ئەو کۆمەڵگایەداسەروەریان هەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژای تەمەنی هەوڵی داوە کە کیژان و لاوانی وڵاتی ئێران بە گشتی و کوردوستان بە تایبەتی بەرەو دیاردەی مادەسڕکەرەکان و لەشفروشی و.... ببات و لە بە شانۆ کردنی دارەکانی سێدارە لە سەر شەقامەکان هەر لە سەرەتای منداڵیەوە ڕاهێنان دەکات بۆ پەروەردە کردنی کۆمەڵگایەکی نامرۆڤانە! کە تا سەر ئێسقان کۆمەڵگای ئێرانی تۆشی تاوان و قەیران کردووە و تەنانەت هەر وا کە لە کەیسی ڕێحانە جەباریدا بینیمان ئەگەر ژنێکیش پەیدا بێت و بیهەوێت لە ناموسی خۆی دیفاع بکات لە سێدارەی ئەدەن!!

تاوانبار بەس خاوەنی ئەو هوتیلە نیە، یان ئەو کەسەی کە ئامانجی دەستدرێژی بووە یان ئەو کەسانەی کە تێزاب بە دەموچاوی ژناندا دەکەن، تاوانبار ئەو سیستەمەیە کە هەموو هێڵیکی سوری بەزاندوە و کومەڵگایەکی دروست کردووە کە ژن تەنها وەک کەرەسەیەکی جنسی دەبینێت و هەر بە و هۆیە ژنان لە هیچ جێگەیەک ئەمنیەتیان نیە. زیاد کردنی ڕێژەی خۆکوژی و خۆسوتاندن و کوشتن لە سەر شەرەف و ..... ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتەمان پیشان ئەدات کە بێگومان لە پشتی تەواوی ئەم تاوانانە خەوتوە، ئەو هێزەی کە سناریو و دیزانی لە سێدارەدان لە سەرشەقامەکان دروست دەکات، ئەو هێزەی کە ئێستاش بۆ دەست بڕین و چاو کویر کردن و بەردباران کردن بانگەشە دەکات وئیزن بە پیاوێکی ٦٠ ساڵە ئەدات کە منداڵێکی ٩ ساڵە لە خۆی مارە بکات و سیکسی لە گەڵ بکات، ئەو دەسەڵات و یاسا و ڕێسایانەی کە ژن و منداڵ بە موڵکی پیاو دائەنین.

دیاردەی توندوتیژی لە ئێران بە گشتی و لە کوردوستان بە تایبەتی هەموو سنورێکی تێپەڕاندووەوە و ئاسایی بوون و ئاسایی وەرگرتنی مەترسیەکی گەورەیە و رێ خۆشکەر بووە بو دوبارە و سەد بارە بونەوەی ئەم تاوانانە!

ئێمە وەک سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کوڵن ئیدانەی ئەو تاوانە قێزەونەی هەوڵ بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر فەریناز دەکەین و داواکارین کە ئەم دوسیە بە هەند وەر بگیردرێت و تەواوی خەڵکی کوردوستان خاوەنی هەڵویستبن.

پێوستە کە چیتر بەرانبەر ڕوودانی ئەم کارەساتانە بێدەنگی نەکرێت، بێدەنگی ئێمە واتای ڕەزایەتی ئێمەیە!!

سە نتەری ژنانی کورد لە شاری کولن - ئالمانیا / ٧ی مەی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی : ٩ی مەی ٢٠١٥

---

## بەیاننامەی "ئەنجوومەنی ژنانی مەریوان"، لە پەراوێزی مەرگی ف.خوسرەوانیدا




ساڵی رابردو، تەرمی "سەحەر چووینی"، خوێندکاری تێرمی دووی پەرستاری لە زانکۆی هەمەدان، لە بەشی ناوخۆیی زانکۆکە دۆزرابۆوە، دیسان تەرمی "شەیدا حاتەمی»، خوێندکاری ماستەری بەشی کشتوکاڵ و زەویناسی، لە ژوورەکەی خۆیدا لە زانکۆی ئازلووی ورمێدا دۆزرابۆوە. ڕیحانە جەباریش بە هۆی پاراستنی ناموسی خۆی لە بەرانبەر دەستدرێژی کردنە سەری لە سێدارە درا.

لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا بەردەوام ژنان قوربانی حەز و ئاوات و بەرژەوەندی پیاوانن، ژنان نەتەنیا لە بنەماڵەدا، بەڵکوو لە شەقام و کۆڵانەکان، لە شوێنی کار و خوێندنگەکانیش ئەمنیەتیان نییە و هەرگیز دڵەڕاوکێ دەستبەرداری ژیانیان نابێت، نمونەی لەم چەشنە لە کۆمەڵگا زۆرە و پێشوتریش و لە چەند هەواڵێکی هاوشێوەدا، هەواڵی کوژرانی ژنان بڵاوبۆتەوە. ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەموو یاساکان دژ بە ژنان و ژنانی کۆمەڵگا، لە ئەگەری تووشبوون بە بارودۆخێکی هاوشێوە و بۆ دەربازبوون لە مەترسی دەستدرێژی جینسی، زۆربەی کات گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و دەست دەدەنە کردەوەی خۆکوژی.

نەمابیستووە هیواداریشین قەد نەیبیستین پیاوێک لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەری، خۆی بکوژێت، یان پیاوێک لە شوێنی کار و لە لایەن خاوەن کارەوە هەوڵی دەستدرێژی کردنەسەری بدرێت و بە هۆی توندوتیژی ژنەکەیەوە ئاگر لە جەستەی خۆی بەر بدا، تێزاب بە دەم و چاویاندا بڕژێنن و لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف بکوژرێن.
بۆیە وەک چالاکانی ژنانی شاری مەریوان، خوازیاری پێداچوونەوەی بیری ناحەزی پیاوسالاریی داسەپاوی دژ بە ژنان لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکین، لە ڕووناکبیر و نووسەر و چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە تا خەڵکی ئاسایی و بەتایبەت خودی ژنان دەکەین، بێگومان باشترین ڕێگای کۆمەڵگای پێشکەوتوو و ئینسانی ڕێزنان لە بیروباوەڕی ژنان و زانیاریی هەمەلایەنەی خەڵکی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنان وەک دایکانی کۆمەڵگایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

**بەیاننامەی کومیتەی "هاوکاری هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان" سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری مەهاباد.**



ڕۆژی دووشەممە ٤ - ٥ - ٢٠١٥ی زایینی، "فەریناز خوسرەوانی" خاوەن بڕوانامەی لیسانسی کۆمپیوتەر و کارمەند لە هوتێل تارا"ی شاری مەهاباد، بە شێوەیەکی گوماناوی لەلایەن کەسێکی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ناچار دەکرێ پەنا بەرێتە بەر خۆکوشتن و لەنهۆمی چوارەمی هوتێلەکەوە خۆی دەخاتە خوارەوە و گیانی لەدەست دەدات.

خەڵکی شاری مەهاباد کوژرانی "فەریناز" یان بەوشێوەیە وەک بێ ڕێزی کردنێک بە شەڕەف و کەرامەتی کورد هەستی پێکرد و دەستیان دایە نارەزایەتی دژ بە ئەنجامدەرانی ئەو جەنایەت و کاربەدەستانی ڕژیم و لەو شارەدا.

ڕۆژی پێنج شەممە ٧ - ٥ - ٢٠١٥ی زایینی، خۆپێشاندانێکی بەربڵاو بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و نیشاندانی رق و تورەیی بەرانبەر ئێران و ئاگادار کردنەوەی کاربەدەستانی ڕژیم لە هەمبەر هەر چەشنە تاوانێکی دیکە، لە ژێر هەر ناوێکی بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا خەڵکی خوێن گەرم و لاوانی شاری پێشەوای نەمر، هوتێل " تارا" یان ئاگری تێبەردا، لەو خۆپێشاندانەدا سەرەڕای ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی ئەو شارە و بریندار بوون و گرتن و بێ سەرەوشوێن کردنی چەندین کەس، خەڵکی خۆڕاگری ئەو شارە بێ هەڵوێست نەبوون و بەرانبەر بە جەنایەتکارانی ڕژیم بێ دەنگیان شکاند.

کومیتەی "هاوکاری هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان" لە وڵاتی سوید، کوژرانی گوماناوی " فەریناز خوسرەوانی" مەحکوم دەکات، هاوکات پشتیوانی خۆی بۆ هەر چەشنە نارەزاییەتیەکی خۆپیشاندەرانی شاری مەهاباد و سەرجەم شارەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەردەبڕێت.

لەو پێوەندییەدا داوا لە ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵی مەدەنی و هێزە سیاسییەکان دەکات کە لە بەرامبەر کار بەدەستانی ئێران بۆ شکاندنی کەرامەتی مرۆڤی کورد، بێدەنگ نەبن و وێڕای مەحکوم کردنی کوژرانی " فەریناز خوسرەوانی" کار بکرێت بۆ بەسزاگەیاندنی پلان داڕێژەرانی سەرەکی ئەو رووداوە.

لە کۆتاییدا کومیتەی "هاوکاری هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان" خۆی بە شەریکی خەمی بنەماڵەی " فەریناز خوسرەوانی" دەزانێ و هیوای زوو چاک بوونەوە بۆ بریندارانی خۆپێشاندانەکە دەخوازێت.

**به هیوای کوردستانێکی ئازاد و دوور لە هێرش و هەڕەشەی داگیرکەران.**

**کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان لە سوید**

**٨ی مای ٢٠١٥ی زایینی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی نارەزای ناوەندی یەکێتی کوردان لە وڵاتی سوئید



**فەریناز خوسرەوانی**

ناوەندی یەکێتی کوردانی سوئید بە توندی ئیدانەی ئەو کارە نامرۆڤانەی دەسڵاتدارانی ڕەژیمی دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەکات. ئەو دەست درێژییەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە فەرینازی شۆڕشگێر و قارەمان لە شاری مەهاباد لە هوتێل تارا، دەست درێژیە بۆ سەر کەرامەتی هەموو مرۆڤایەتی و گەلی کورد بە تایبەت. ڕەژیمێک لە سەر پایەی سەرکوت ، دیکتاتۆریەت، نژاد پەرەستی و مەزهەب گەرای پێک هاتبێ، هەر ئەم چاوە ڕوانیانەی لێ ئەکرێ و لەمەش باشتریان پێ نابێ بۆ گەلی قارەمانی کورد و گەلانی ئێران. چونکە ساختار و کرداری کاربە دەستان و پەروەردە کراوانی ڕەژیمی ئاخۆندی هەر ئەمە ئەزان و بەم شێوە پەروەردەکارون.

بۆیە بەرهەمەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئازادیخوازی ئێران هیچی دیکەیان پێ نابێ و پێ نییە. ئەمە ئەوڵ و ئاخرین تاوان نییە کاربەدەستانی ڕەژیم کردبیان بێ. دەیان تاوانی گەورەتریان لە ناو چاڵە ڕەشەکان و لە پەشت درگا داخروەکان ئەنجام داوە و ئەنجامی ئەدەن. هەر بۆیە گەلانی ئێران و گەلی کورد بەتایبەتی بە یەکریزی و یەک هەڵوێستی بە توندی بەگژ کردەوەکانی ڕەژیمدا بچنەوە، و هەروەها ئەرکی خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستانە بە شێوەی ڕژانە ناو کۆڵانەکان پشتیوانی خۆیان لە شاری قارەمان و ڕاپەڕیوی مەهاباد دەرببڕن وڵامی توندی کردەوە قێزێونەکانی ڕەژیمی ئاخوندی بدەنەوە، ئەگینان ئەورۆ بە فەریناز کراوە لە مەهاباد سبەی بە دایک و خوشکانی دیکەمان ئەکرێت لە شارەکانی دیکە. ڕەژیمی ئاخوندی لە سەر ساختاری وەلی فەقی خۆی سەپاندووە بە سەر خەڵکی ئێراندا.

واتە لە جێی خودا لە سەر زەویی کار ئەکەن، کەچی کردارەکانیان پێچەوانەی هەموو کاری خوایە و شەریعەت و قورعانی ئیسلامە. ئێمە وەک ناوەندی یەکێتی کوردانی وڵاتی سوئید بە هەموو شێوەیەک پشتوو پشتیوانی شاری ڕاپەڕیوی مەهاباد و کۆمەڵانی خەڵکی



سەرچاوە Serchawe

کوردستانین. جارێکی دیکە بە توندی ئیدانەی ئەو کارە و کارە ناڕەوایەکانی دەسڵاتدارانی ڕەژیمی و دژە مرۆیی ئاخوندی دەکەین. هەروەها داوا لە هەموو وڵاتی دیموکرات و ئازادیخواز ئەکەین لە مەڕ جەنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ دەنگ نەبن.

ناوەندی یەکێتی کوردان لە وڵاتی سوئید

٨ - ٥ - ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی ئاشتی کەمپینی یەکبوون - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بانگەوازی کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی




**کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان کردوە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ لە کوردستان ببێتە مانگرتنێکی گشتی.**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**
**چالاکانی سیاسیو مەدەنی!**

هەر وەک هەمووان ئاگادارن ڕۆژی ١٣٩٤/٢/١٤ کچێک بە ناوی فەریناز خوسرەوانی بە شێوەیەکی گوماناوی لە شاری مەهاباد گیانی لە دە ست دا. ئەم ڕووداوە لەگەڵ دژکردەوەی بەرینی کومەلانی خەڵکی تیکوشەری کوردستان بەرەوڕوو بۆوە و لە ئەنجامدا خەڵکی تێکوشەرو قارەمانی شاری مەهابادو چە ند شارێکی دیکەی کوردستان هاتنە سە ر شەقام دەنگی ناڕەزایەتیی خویان بە رز کردەوە و داوای لێپرسینەوە لە تاوانبارا و بە دواداچوونی ورد بە پەروەندەکەیان کرد کە لە ئاکامی ئەم خوپیشاندانانەدا بە داخەوە کومەڵێک لاوی خوینگەرمو خەباتکاری کورد بریندارو کومەڵێکیش لە لایەن ئورگانە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کران.

جیگای ئاماژیە کە بۆ بە لاڕێ دابردن و دوورکردنەوەی ڕووداوە کە لە بنەما ڕاستییەکانی، کورتە فیلمیکی سازکراو و کومەڵێک قسەو قسەلۆکی بە دوور لە ڕاستی لەو ڕاستایەدا بڵاو کراوەتەوە.

ئیمە وەک کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەخوشی لە بنەماڵەو کەسو کاری فەریناز خوسرەوانی دەکەینو خۆمان بە شەریکە خەمو پەژارەیان دەزانین. هەروەها سوپاس و ڕێز و پێیزانینی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان لە شاری

مەهابادو شارو ناوچەکانی دیکە ڕادەگەیەنین کە لە چەند ڕۆژی رابردوودا دژی ئەو تاوانەو دژی سەرکوتی خەڵکی نارازیی مەهاباد، دەنگی خۆیان بەرز کردۆتەوە. ئەم هەوڵانەش کە بۆ بەلاڕێدابردن وشێواندنی ڕاستیی ڕووداوەکە دراونو دەدرێن مەحکووم دەکەین. سڵاو و ڕێز دەنێرین بۆ هاتنە مەیدانی وریایانەی خەڵکی کوردستانو نیشاندانی نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر تاوانی مەرگی فەرینازو سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد.

## خەڵکی بە هەڵویستی کوردستان!

بۆ ئەوەی دەستدرێژی و تاوان دژی دایکانو خوشکانمان دووپات نەبنەوە، بۆ ئەوەی پەلاماردەرانی شەرەفو ناموسی خەڵکی کوردستانو بکوژانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان هەموو جارێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچنو دام و دەزگا حکوومەتییەکان پشتیوانییان لێ نەکەن، بۆ ئەوەی نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنییانەی خەڵک چی دیکە بە توندترین شێوە سەرکوت نەکرێ، بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە ڕاشکاوانەترین شێوە دەنگی خەڵکی کوردستان ببیسێو چاو بە سیاسەتو کردەوەو رەفتاری دەیان ساڵەی خۆیدا بخشێنێتەوە،

داواتان لێ دەکەین بەشداری مانگرتنێکی گشتی بن. داواتان لێ دەکەین ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی گوڵان بکەن بە ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە هەموو کوردستان. با لە پێنج ساڵەی مانگرتنە گشتیو پڕشکۆکەی ساڵی ١٣٨٩دا، کە بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامی بە کۆمەڵێ ڕۆڵەکانمان بەڕێوە چوو، جارێکی دیکە یەکگرتوویی خۆمان پێشان بدەینەوە. با لە هەلومەرجی ئێستا دا کە جارێکی دیکە ڕۆڵەکانمان بەرەورووی دەسرێژی هێزە ئەمنییەتییەکان بوونەوەو بە سەدان کەسیان بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین کەوتوونە زیندان، دیسان دەنگی نارەزایەتیی خۆمان بەرز بکەینەوە.

داوا لە سەرجە م چین و تویژەکانی خهڵکی تێکوشەری کوردستان دەکەین بو پشتگیری لە خەلکی تێکۆشەری شاری مهاباد و خواستە بەر حەقەکانیان، واتە بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی ئەم رووداوە بە داخستنی دوکا و بازار لە چوونە سەر کار خوبپاریزنو ئەرکی نیشتمانیی خویان وەک هاووڵاتییەکی کورد کە چاە نووسمان پێکەوە بەستراوەتەوە بەجێ بێنن.

**داوا لە سەرجەم چالاکانی سیاسیو مەدەنی و سەرجەم حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکەین پشتیوانمان بن . سەرکەوتن لە یەکڕیزیی ئێمە دایە.**

بە سپاسەوە

کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٢ی گوڵانی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرامبەر ١٢ی مەی ٢٠١٥ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبە کوردستانیەکان لە شاری ئۆرێبروو بۆ پشتگیری لە خەڵکی مەهاباد و داوا ڕەواکانیان




رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٧ - ٥ - ٢٠١٥ی زایینی دانیشتنێک لە لایەن چەند حیزبی کوردستانی، بۆ باس لەسەر رووداوەکانی ئەم دوایەی رۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە خەڵکی رۆژهەڵات بۆ داوا رەواکانیان، لە شاری ئورەبرو وڵاتی سوئد پێک هات.

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ١٧ی مانگی گوڵان خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی بە دەور و نەخشی کەسانی سەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر مەرگی فەریناز خوسرەوانی، کچێکی گەنجی تەمەن ٢٥ ساڵە و کارمەندی هوتێل تارای مهاباد، رژانەسەر شەقامەکان.

ئیمە کوردە کانی دانیشتوی ئورەبرۆی سوید وێرای محکووم کردنی ئەو کردەوە قێزەونەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی خومان لە خەباتی خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین.

کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە پاش هاتنە سەر کاری, تەواوی مافە نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و ئینسانی ئەو گەلە چەند میلیونیان پێی شێل کردوە و لە راستیدا کوردستانیان کردۆتە بەندیخانەیەکی چەند میلیۆنی.

ئێمە وێرای دەربڕین داخ و کەسەر بەبۆنەی مەرگی دڵتەزێنی خاتوو فریناز خوسرەوانی، بۆ جارێکی دیکەش پشتیوانی خۆمان بۆ خەباتی خەڵکی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی سەرجەم مافە نەتەوایەتی و ئینسانیەکانیان دەردەبڕین و داوا کارین کە:

١- عامیلانی جەنایەتی قەتڵی فەریناز، بناسێندرێن و محاکەمە بکرێن و سزای شایستەی خۆیان وەربگرن.

٢- سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە نارەزایەتیەکانی ئەم دواییەدا دەستبەسەر کراون، هەرچی خێراتر ئازاد بکرێن.

٣- حکومەتی نیزامی رانەگەندراو لە کوردستان هەڵبوەشێتەوە و کۆتایی بە حزوری بەرینی هێزەکانی رژیم، کە بە ئامانجی سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵک لە شارەکاندا جێگیر کراون بهێندرێت.

**نوێنەرانی حیزبەکان:**

- **حیزبی دیموکڕاتی کوردستان**
- **پارتی دێموکڕاتی کوردستان**
- **.پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
- **.پارتی کرێکارانی کوردستان. پ.ک.ک**
- **کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ( لقی ئۆرەبرو )**
- **یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
- **بزووتنەی گۆڕان**
- **کۆمەڵەی کوردی شاری ئۆرەبرو**

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥

## ئەمنستی ئینتەرناشناڵ راگەیێندراوێک لەسەر رووداوەکانی مهاباد بڵاودەکاتەوە

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ راپۆرتێکی سەبارەت بە خۆپیشاندان و گرژیی و ئاڵۆزییەکانی شاری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردەوەو داوادەکات دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێز لە مافی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی ئاشتیخوازانە بگرن.

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ٧ی ئایاری ٢٠١٥، دوای بانگەوازی هەندێک لە ڕێکخراوی ژنانی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەدژی گیانلەدەستدانی گوماناوی فریناز خوسرەوانی، کارمەندی هوتێل تارا، هەزاران کەس لە هاونیشتمانیانی مەهاباد، لەبەردەم هۆتێل تارا خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا. خۆپیشاندەران ئاگریان لە هۆتێلەکە بەردا. پاشانیش شەڕ لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روویدا، پۆلیس دوای بەکارهێنانی گازی فرمێسکرێژ، تەقەشی لە خۆپیشاندەران کرد.

لە راپۆرتەکەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵدا هاتووە: "هێزە ئەمنییەکانی ئێران مافی خۆیانە پارێزگاری لەخۆیان بکەن، دەبێ ئەو پارێزگاری لەخۆکردنە بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەکانی بەکارهێنانی هێزبێت لەلایەن حکومەتەوە هەر خۆپیشاندانێکی نوێش لە مهاباد بکرێت لەسەر بنەمای ئەو ستانداردانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت".

ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ئاماژەی بەوەشکردووە، کە بەکارهێنانی هێز لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە بەرامبەر زۆرینەیەکی خۆپیشاندەر بووە، کە توندوتیژییان نەویستووە. ئەوەشخراوەتەروو "ئەم کردەوانە هەستەوەرییەکان لەناوچەکەدا زیاتر دەکەن لەوەی کە ئێستا هەیە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێز لە مافی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی ئاشتیخوازانە بگرن".

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا ئەمنستی ئینتەرناشناڵ رایگەیاندووە "ئێمە بە بەڵگەنامەوە دەیسەلمێنین کە ئێران مێژوویەکی درێژی لەگەڵ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا هەیە، بۆیە پێویستە ئێران لەجیاتی بەکارهێنانی هێز، لیژنەیەکی بێلایەنانە بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوی کوژرانی کچەکەی مهاباد دروستبکات".

حکومەتی ئێران ئاماری فەرمی بریندارانی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی رۆژی پێنجشەممەی مهابادی بڵاوکردەوەو هەڕەشەی ئەوەش

دەکـات، ئەگەر نارەزایەتییەکـان بەردەوامـبن بە تووندی رووبەڕوویـان دەوەسـتنەوە. عەلیـرەزا رادفەر، جێگـری سیاسـی و ئەمنـی پارێزگـاری ورمـێ، رۆژی هەینـی ٨ - ٥ - ٢٠١٥ بە میـدیاکانی ئەو وڵاتەی راگەیانـدووە، لە رووداوەکـانی ئەو رۆژەدا ٢٥ کەس بریندارببوون، کە ٧یان فەرمانبەری پۆلیسی مهابادن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## راگەیاندن

### راپەرینە خوێناویەکەی مەهاباد و لایەنە سیاسیەکان، کەسایەتی خاوەن را و...




**گەلی هێژا و قارەمانی رۆژهەڵاتی وڵات**

هەر وەک ئاگادارن لە ئەنجامی پنگ خواردنی زەخت و گوشاری درندانەی مەغول ئاسای حکومەتی داعشی شیعەی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ سەر رۆژهەڵاتی وڵات دیسان لە شاری مەکۆی کۆماری کوردان، مەهابادی ئاگر و خوێن گەل خرۆشا و داکۆکیان لە کەرامەت و ناموس و ئازادی و پێناسەی نەتەوەیان کرد. پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتی گرنگی راگەیاندنەکە پر بە دڵ خۆ بە شەریکی خەمی بنەماڵەی کیژۆڵەی قوربانی، بەرێز ( فەریناز خوسرەوانی ) دەردەبرین و تەمەنای سەبوریان بۆ دەخوازین و هاوکات سەری رێز بۆ یەک بە یەکی ئەو قارەمان و داکۆکی کاری کوردایەتیانە دا دەنەوێنین کە لە کاتێک دا حکومەتی نگریس کوردستانی میلیتارە کردوە و جاش و چڵکاو خورانی تەنانەت بیانیشی بۆ سەرکوت و قرانی کورد وەگەر خستوە بەڵام ئەم بەرێزانەی کورد حەماسەی مەهابادیان خولقاند، تەمەنای تەندورستی برینداراەکان و ئازادی دەسبەسەر کراوەکانمان هەیە و هەر وەها سپاس و پێ زانینمان بۆ تاک بە تاکی ئەو کەسانەی لەم چەن رۆژە بە هەر شێوەیەک بەردێکیان لە سەر بەردێ داناوە و لە میدیا و دەستگای راگەیاندن و تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک و ..... و تەنانەت خۆپیشاندانی پشتیوانی کردن لە مەهابادیان رێخستوە، رادەگەیەنین و بە گەرمی دەستیان دەگوشێن .

**بەرێزان؛**

هەتا حکومەتی نگریسی داگیرکەری ئێرانی بوونی هەبێ نارەزایەتیەکان بەردەوام و بەرفراوانتر دەبێ و هەوڵمان داوە بە وێنەش ئەو

واقع و راستیانە لە ماوەی ئەم ٣٧ ساڵە لە رێژەی درندەیی حکومەتی جمهوری ئیسلامی و بەرنگاری گەل بخەینە روو، هەر چەن هەمو کات گەلی قارەمانی کورد هێمەنەی ئەم درندە و تیرۆریست پەروەرەیان شکاندوە و لمپوزیانی وە عەرز داوە بەڵام بە داخەوە نە گەیشتوەتە ئاستی راپەرینێکی یەکجاری بۆ رزگار بوون لە ژێر چەپۆکەیی و بە تالان بردنی سەرووەت و سامانمان و دەس درێژی ماڵ و گیان و ناموسمان و داب و نەریتمان !

بە هەبوونی ئەم پرسیارە دەبینین مەهاباد هەستایەوە سەر پێ، ئێمە وەک ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانیمان ئاگادارن یەکەم کۆر بووین بە بێ لە دەس دانی کات و ئیستفارە کردن هەم رامانگەیاند، هەم پشتیوانیمان کرد وە لە هەمو گرنگتر ؛ روو لە گەلەکەمان پەنجەمان لە سەر ئەوە دانا کە ئێمە نوسخەتان بۆ ناپێچینەوە و ئێوەن کە لە ناو واقعەکەن و خاوەن رای کۆتایین پێشنیاری بە نرخیشمان ئاراستە کردن، نا مانەوێت و مەبەستمان دەهۆڵ لێدان بۆ خۆ نییە و هەمو هەوڵێکمان بە یەک لە سەر هەزاری نەعرەتە و هەڵمەتی ئەو تاکی کوردە نابێ کە سینگیان دەکەنە قەڵغانی گوللەی دوژمن بۆ پاراستنی کەرامەتی کورد. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە بلێین : کۆر و کۆمەڵی نەتەوەیی لە وەها کاتێ دەبێ هەوڵی ئەوە بێت ؛ بە رێکار گەلی زانستی و رچاوی بەرژەوەندی گەل بێتە مەیدانی راگەیاندن. مەبەستمان ئەوەیە واقع و گرنگی خرۆشانی گەل بۆ مەرامی ئایدیولوژیا بە نوسخە پێچانەوەی دور بە دور لە خشتەی نەبەن و لێیان زەوت نەکەن. مەبەستمان ئەوەیە بە کردوە و مەیدانی بروا و پابەند بوونمان ئەوە بێت : گەل خاوەنی رای کۆتاییە.

ئێستە کە چەند رۆژێکی خایاندوە پێویستە و ئەرکە لایەنی سیاسی، خاوەن را و شارەزایان شەن و کەوی واقعەکە بە شێوازی زانستی بکەن و توێشوی درێژەی رێگاو و مەڵهەمی زام و برینان و هیوا و ئومێدی دوارۆژ بن. گەل بەرانبەر بە دوژمنی نگریس بۆتەوە و دووبارە خوێنی داوە، حەماسەتی خولقاندوە، تاج و تەختی مەکۆی تیروریستانی خستوەتە لەرزە و بە چرکە سات پێ دەچێ بەرفراوان و گشتگیر بێت، کاتی لاوانەوە و پێدا هەڵگوتن نییە و گەلیش حەوجێی بەوە نییە. کاتی هەڵدانی پەرۆیان نییە و بە ناوەخۆ کردن، کاتی دیمانە و چاو پێکەوتنی بێ بنەما و نازانستی نییە. کاتی خۆ مەلاسدان و چاوەروانی و دواکەوتن نییە، بەڵکو کاتی ئەوەیە ئەگەر لە دەقێقەکانی یەکەم پێ رانەگەیشتن بە هەر هۆکارێ ئێستە چیو لە برک دایە پێشکەشی دەرگای گەلی بکەن. بیسەلمێنن بە گەل ئێوە لە ئاستی رێبەری کردن دان و گەل گوێتان لێ بگرن و رێنوێنی و بەرنامەکانتان رچاو کەن. هەر جورێک بیر دەکەنەوە بوێرانە رای خۆتان دەرببرن و بە دڵنیایەوە گەل لە ئاستێکی وەها بەرز دایە کە سەرپشک بێت کام رێکار و بەرنامە و پلان لە قازانج و بەرژەوەندی دایە ، حکومەتی نگریسی ئێران سەرباری وەی پەلاماری درندانەی دەسدرێژی کردن بە ناموس و کەرامەتی کیژۆڵەی کوردی مەهابادی گرتە بەر، سەرباری وەی فریناز مەجبور کرا بە کوشتنی خۆی و بنەماڵەی و گەلی تازیەبار کات، سەرباری ئەوەی زیاتر لە بیست کەس و کاری کوردەواریمانی درندانە بریندار و کۆمەڵێکی دەسبەسەر و ئەشکەنجە داوە، بە هەمو هێز و تواناوە بە یارمەتی جاش و چڵکاو خۆرەکانی قەلەمە ژهراویەکان دەیانەوێت واقع و راستیەکان بەلارێدا بەرن و تازە کەوتونەتە هەرەشە و گورەشە ! دوێنێ یەک لە هەمان جاشانی بێ وێژدانی زرەکورد کە بە ناوی ئیسلاح تەڵەب و کۆنگرەی نەتەوەی کرد ! لە هەوڵی گەوجاندنی گەل بوون و تەنانەت لایەنی سیاسی لە سەر لێشواوی خۆی ملی بۆ شور کرد و بانگەشەی بۆ دەکردن ! لە تۆرە کۆمەلایەتیەکان کەوتونەتە پاساو هێناوە بۆ ئەربابەکانیان و لەو پەری بێ وێژدانی بە جۆرێ قەڵەمی ژهراوی تاو داوە کە خەڵک

بکەوێتە گومان ! یەک لە شەکەر شکاندنەکانی ئەوەیە: ئایا باشتر نەبو خەڵک بوێستابان تا رەوتی یاسایی کاری لێکولینەوەی بە ئەنجام دەگەیاند ؟!! هەر لە درێژەدا دەڤلتێنی: هاندانی خەڵک دەستی نادیاری لە پشتە و ...... !! بە کوردیەکەی تەنیا ئەوە ماوە بلێن : ئەوی پلانی بۆ فەریناز دارشت، ئەوی بو بە هۆی قوربانی بوونی، ئەوی خۆپیشاندانی ئەنجام دا، ئەوی تەقەی کرد و برینداری لێ کەوتەوە و ...... هەمو ئەمریکا و ئیسرائیل و نەیارەکانی جەمبوری نوێنەری خوان !! پێویستە هەرچی زوتر بە ویژدانەوە و بێ باکانە لەمەر بەرپرسیارەتی مێژوویی شەن و کەوی رووداوەکە بکەن و رێکاری دیاری و هەنگاوی بە جد و مەیدانی بۆ هەڵگرن. لەم پێوەندیەدا، رای خۆمان پێشکەش دەکەین و بە ئومێدی ئەوەی سودمان بە گەل و نیشتمان گەیاندبێ، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە وە بکەین، لەم حیزب و رێکخراو و پەرۆیان یان ئەوی دی نییە و بۆ پاساو هێنانەوە مەیکەنە قاو و قیر، بەڵکو مەبەستمان کۆی گشتی واقعە و هەتا وی کاتی بوێرانە واقع و راستیەکان دەسنیشان نەکرێ و دانی پێدا نە نێن هیچ کات ناتوانین بکەوینە بواری خزمەت و سود گەیاندن بە کۆمەڵگا .

**نەعرەتەی دڵێرانە و کوردانەی مەهاباد خاوەنی ئەم پەیامانەیە:**

- روو لە داگیرکەر کە ؛ کورد بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ هەلومەرجێکدا و هیچ دەسەڵاتداریەکدا، بیر و هزر و داب و نەریت و زمان و مێژوو و فەرهەنگی خۆی لە بیر ناکا و تا مردن پایبەندیەتی.

- دڵنیا کردنەوەی دووبارەی داگیرکەر کە ؛ هەتا گوشار و بێ دەرەتانی و بێ کاری و سیخوری کردن و بەند کردن و لە سێدارەدان و خۆ و رەوشتی داگیرکاری بەردەوام بێت، کورد زیاتر رق ئەستورتر دەبێ بەرانبەر ئەو بێدادیانە و پەیامێکی راستەوخۆ بۆ ویلایەتی تەقیەی ئیمامانی ئێرانی و هەر وەها پەیامی راستەوخۆ بۆ جیهان کە: دیارە ئێوە لە بەرژەوەندی خۆتان دەروانن و بەردەوامن دەگەڵ مامەلە کردنی ئیمامانی ئێرانی بەڵام چیدی ناتوانن مامەلە بە گەل بکەن.

- پەیامێکی راستەوخۆ بو بۆ لایەنی سیاسی کوردی رۆژهەڵاتی : کە لەتکە بوونتان و پێکەوە لکاندنتان ! بیری سەقەت و ئێرانچییەتیتان ! بە تەمای رەحمی خولا و وڵاتانی بیانی بوونتان ! بە تەمای با دانەوەی دەسبەیەکی لە گەڵ نەیاران و زرەکوردانی بە ناو ئیسلاحی و ....... نتان .! گەل قوتابی مەکتەبی پێشەوا قازی پەک کەوتە نییە، پەیامێ بو بۆ لایەنی سیاسی کوردستان لە باکور کە رۆژهەڵات و شاری مەهاباد مەکۆی بونیادی کۆمارە و پلانی رووسان چاک دەناسێ، پەیامێ بو بۆ لایەنی سیاسی باشور کە لە بەر خۆشامادییان بۆ داعشی شیعەی تیرۆریست پەروەری ئێرانی چەندە دژی بیری نەتەوەیی و نرم چاو لێکردنی رۆژهەڵاتیانی وڵات بوون، سەلماندیان رۆژهەڵاتی وڵات هەر هیچ نەبێ توانای حەرەکەی خۆ رسکی ئاواهی هەیە و هەرگیز ناتوێتەوە، دیارە ئێوەی لایەنی سیاسی رۆژهەڵاتی وڵات بە ناو پێشرەوانی ئەم گەلەن و بوونتان لە مەیدان بە شێوازێکی پازەتیف و چالاک خاوەن فەلسەفەی نەتەوەیی لە هەمو بوارەکان دەتوانن ئەم حەرەکەی خۆرسکانە پەرەدارتر و شکۆمەندتر و لە ئاکام بە دامەزراوەیی بکەن و لە ئامانجی سەربەخۆ بوون نزیک بینەوە، بەڵام ئەو دورە پەرێزیەتان، ئەو هەست نەکردن بە بەرپرسیارەتیەتان ، ئەو پابەند بوون بە بیرۆکەی کۆن و سەقەت، ئەو شەرە دندۆکەی بەردەوامتان و .... ئەوە ناسەلمێنێ گەل خاوەنی ئیرادەی کوردایەتی خۆی نییە و


سەرچاوە
Serchawe

پەک کەوتەیە.!

- خاوەنی ئەو پەیامە مێژووییە بۆ بیری سەقەتان بو کە: ئەوەی حەرەکەی خۆرسک لە ناو چین و توێژی کۆمەڵگا دەخولقێنێ و دەیبینن، لە سەر بیر و هزر و فەلسەفەی نەتەوییە نەک ئیسم و میسمان و ئایینان. یەک لە گرێ پوچکەی سەرەکی، خۆ نەبینینەوەتان لە یەک بەرەدا درێژەدانی هەمان ئەقلیەتی کۆنە ! گەر لە ئاستی کوردستان لە بابەتەکە بروانین وزەی جولێنەری بەشی زورێنەی کۆمەڵگا بە هۆی ئەوەی ژێر دەستەیە و شتەیەک بە ناوی سەرمایەدار بوونی نییە کە قورخی دەسەڵاتی کردبێ و زورێنە کرێکار و چەوساوەکان بن، کە واتە هیچ ئیسم و میسمێ یان ئاینێ جگە لە بیر و فەلسەفەی نەتەوەیی ناتوانێ ببێتە سوتەمەنی حەرەکەی خۆ رسک و هاتنە مەیدان، لە ئاستی داگیرکەرەکەی ئێران یان بە قەولی ئێرانچییەکان رەفیقای موبارز، هەر چەن سەرمایەداری دابەستەی زاڵە و کرێکار و چینی هەژاری زۆر، بەڵام لە لایەکی دی لێغاوی ئایینیشی لە دم کراوە، بیری شوڤێنی زاڵ، غەرق بوون لە ناو ئایینی داعشی مەیدانیەن بۆ داگیر کردن و کوشتار و قرانی کورد کە جگە لە مافی مرۆڤ و ئازادی چاوی تەماحی لە هیچ کەس و شوێن و خاک و نەتەوە و ئایینی دی نییە، رەفیقای موبارزی کرێکار خوێنی کورد دەرژێنن ! یارڵمە و پیاز فرۆشی حەجەمان سەردار و ژێرداری سپای پاسدارانی جەهل و خورافە و تیروریستی جیهانین ! کە واتە لەو سۆنگەوەش کلڵوی کرمی کتێبانتان سەرچوە ! بابەتی دەنگی دلێرانەی کورد لە مەهاباد لە هەمو رویەکەوە سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، ئایینی، یاسایی و ئینسانی بەحەق و جێگەی پشتیبانی و داکۆکی کردن و رێزە. ئێمە هەر بە دەس ئانقەست و لە بەر دڵی حیزبانی سیاسی هاو پیاڵەی نەچیرەی رەزا ژانداری پەهلەوی کە خۆ بە پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانێ و هەندێ لە برادەرانی ئێمەش لە سەر لێشێواویان بونەتە هاو پیاڵەی سەوزان و پەمەیی ئێرانی ! گرتەیەکی داواکاری لە حەجەمان کردوە نەک بێنە کوردستان و بە هانای مەهابادوە ! نەک دەس دەنە رێگە گرتن لەو لەشکری مەغولەی داعشی شیعە وا دەرژێنە کوردستان ! نەک بۆ وەی رەفیقای موبارز و برادەرانی سەوزە پۆش و خاهەرانی پەمەیی لە سەر هەلکوتنە سەر پێگە و مۆڵگەی حکومەتی نگریسی جمهوری ئیسلامی ،! تەنیا داوایان کردبو گەر بە باری زەحمەت نابێ بە شەمێکی داگیرساو لە دەوری مەیدانی یادی شا خر بنەوە ! بڵاومان کردەوە و بە هەزاران لایک و حەزی گرتەوە ! بەڵام هەی هات تێگەیەشتن لە واقع چەندە لە پڵاو خواردن خوشترە، تۆ بروانە کەسیان مەتەقیان لێوە هات ؟ ئێمە بە دوو رەنگی رەش و سپی هەموان نابینین بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە زۆرینەیان ئەوەن کە ئەم حکومەتە و دەسەڵاتەیان وەسەر پێ هێشتوە. کابرای بەرەڵای تەورێزی تۆ لە کوێ و دەسەڵاتداری لە کوێ و بە کەڵک وەرگرتن لەوە هەوڵی دەسترێژی بۆ کێژۆڵەی کورد لە کوێ!

- سەرباری وەلا نانی هەمو مەترسیەکان و گوشارەکان دیتتان لە چرکە ساتێک مەهاباد بوە گرپەی ئاگری تۆڵە و خوێنی فەرینازی لە بەر چاوان بو، بەڵام خاوەنی پەیامێکی گرنگ و راچلەکانێکی مەزنی لایەن و گروپی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتی وڵات بو ! ئەوەی وەک دەلێن ئەهلی فەن و بە دڵ چوبێتە ناو قوڵایی بابەتەکان بە جوانی و ئاشکرا هەست بەو پەیامە دەکا کە: دروشمیان لە سەر بنەمایەکی دیاری رەچاو نەکرد ! ئەوەش لە نەزانین نییە بەڵکو بە پێچەوانە زۆر ژیرانە و زانستی بو، هەر چەن دانان بە واقع و راستیەکان هەندێ جار تاڵە بەڵام نە حاشا کردن لە واقع و راستیەکان شیاو و زانستیە و نە دەتوانین ئامانج بەرەو پێش ببەین، شوعار یان دروشم دان کە دڵنیایی بداتە گەل بۆ بەردەوامی و سەرکەوتن و هەر کات و ساتە بەرفراوانتر و گشگیر بوون، بۆیە

نەهاتە ئارا چۆن لە پاڵپشتی مەیدانی ئەم هەمو لایەنی سیاسیەی رۆژهەڵاتی کە خۆیان بە ( وتەبێژ و وەرەسە و رەسەن و موڵکداری بوون ) دەکەن، لە هەر بوارێکەوە نائومێدن ! بۆیە ئەو پەیامەی نارد کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەو هێز و توانا و وزە و لێهاتویی و هەستی کوردایەتیان ماوە و لە بن نایەت بەڵام وەدوای کلاوی با بردو ناکەون و قومار بە حەرەکەی گەلەوە ناکەن، ئەم پەیامە دەبێ زۆر بە هەند وەربگیرێ و لایەنی سیاسی بایەخی بدەنێ، ئەم پەیامە جۆرێ لە تورەیی و عاجزی گەل لە رۆڵە سیاسیەکانی بو کە پاشی لانی کەم ١٥ ساڵ داوا کردن لە لایەنی سیاسی لە بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرنەوە و پشتو پەنای یەکدی بن، گوێ نادن و ئێستەش لایان وایە ئەوان زانا و شارەزان و گەل لە زانستی سیاسی دورە ! بۆیە ئاراستەی دروشمەکان سنور دار بو، ئەوان کە دانیشتوی شاری مەکۆی کۆماری کوردستانن بۆ دروشمێکی سیاسی لە بواری کۆمار یان نەهێنایە ئارا ؟ چون دەبینن لایەنە سیاسیەکانیان پاشی ٧٠ ساڵ لە رۆح و ناوەرۆک و بایەخداری کۆمار تێنەگەیشتون یان خۆیانی لێ لا دەدەن و لکاون بە بیرۆکەی حیزبی. بە کام چاو رونیەک ئەو دروشمەی بهێنایەتە ئارا و دڵنیا لە بەر فراوانی و پشتیوانی زۆرینەی لایەنگەلی سیاسی بێت کە مەستی حیزبایەتی و کورسین ! بە دیوێکی دی نەبوونی هێزێکی مەیدانی پێشمەرگە کە بە هانایانەوە بێت. بۆ چرکە ساتێ بیهێننە بەرچاو، گەر لایەنی سیاسی وەڵامدەری ویستی گەل بان، گەر نیمچە بەرەیەک لە ئارادا با، گەر هێزی پێشمەرگە لە هەوێل دابا، تۆبی ویژدانتان ئەو هەستانە سەرپێ و نەعرەتەی کوردانەی مەهاباد مۆڵگە لە دوای مۆڵگەی حکومەتی نگریسی جمهوری ئیسلامیان کاول نەدەکرد ؟ حکومەتی نگریس و درندە دەیتوانی ئاوا بە سانایی لە مابەینی چەند کاتژمێر جوڵە بە هێزی جەهل و نادانی خۆی بکا و لە شارەکانی دیکەوە رەوەی ئاژەڵانی سپای پاسداران بێنێتە سەر کوردان ؟

## لە کۆی ئەم خاڵانەی ئاماژەی پێ کرا و زۆر بابەتی دی بەرەو رووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە:

- هەمو ئاگادارن و دەزانن لە پاش دوو شەری داسەپاو و کوشت و کوشتار و چاو ترساندنی خەلک و بەردەوام لە سێدارەدانی رۆلەی ئەم گەلە و کوشتاری کرێکار و کاسپی کورد، ئاوێتە کردنی لاوان و کچان بە مادەی هۆشبەر و ....... بە بەردەوامی حەرەکەی خۆ رسکی گەل لە شارەکان هەبوە، بە داخەوە شەهید و برینداری و زیندانی زۆری بە دواوە بوە، کۆمەڵگای کوردەواری دابراو لە ئایین نەبوە بەڵام نارەزایەتی بۆ یەکەم جار بەو ئاستە گەیشت لە شاری سەقز مزگەوتی شیعەیان تەفرو تونا کەن. گەر هەڵە نەبین ١٨ شەهید و برینداری زۆری لێ کەوتەوە.

پرسیار ئەوەیە؛ بۆ ئەم حەرەکە خۆرسکانە لێک دابراو و ماوەی زەمەنی کەوتوەتە نێوان و نەیتوانیوە درێژ خایەن و یەکلا کەرەوە بێت؟

- ئایا لە هێز و توانا و پلانی زانستی حکومەتی نگریس سەرچاوە دەگرێ یان سوچ لە پێشرەوانی سیاسی کوردی رۆژهەڵاتە ؟ یان نا جیهان هەمو دژی کوردی رۆژهەڵاتن؟

- ئایا ئەو فەرمایشانەی حیزبانی سیاسی رۆژهەڵاتی کە دەفەرمون : ئێمە لە بەر پاراستنی باشوری وڵات بێ پلان و بەرنامەی کورت

خایەن و درێژ خایەنین!

- ئایا لایەنی سیاسی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی دابراون و پێگەیەکی وایان نەماوە حەسێبی بۆ بکرێ ؟ گەر چاوێ بخشێنین بە سەر راپۆرتەکانی خۆیان تەنیا لە بواری ئاموزشی سیاسی و نیزامی پۆلەکانی پێشمەرگە ئێستا بە پێی ئەو ئامارانە بە هەمویان لانی کەم ١٥٠٠٠ هەزار پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتی بوونی دەبو، کوا ؟ راستیەکان لە کێهەیە؟

- پرسیار و بابەتی گرنگی دی زۆرن و تەنیا ئاماژە بەم پرسیاری کۆتاییە دەکەین: ئایا زمانمان لال هەمو پرسیارەکان هەو نییە و ئێوە شارەزا و پسپۆر لە بابەتەکانن، فەریناز تیا چو، خەڵکی مەهاباد دلێرانە هاتنە مەیدان، بە داخەوە دەنگۆی ئەوەش هەیە دوو لە بریندارەکان شەهید و یەک هەر دوو چاوی لە دەس داوە و ئەژمارێ گیراون، ئایا ئەم حەرەکە پیرۆزەش وەک ئەوانی دی کاتییە ؟ ئایا بە جرتەو فرتە و بەیانیە دەر کردن و خۆپیشاندان کردن هەر یەکە بە پەرۆی خۆیەوە بە ئەرک و فەرمانی زانستی و سیاسیانە هەستاون و وەڵامدەری قارەمانەتەی خەڵکی مەهاباد بوون، سارێژ و مەڵهەمی دایک و باوکی جەرگ سوتاو و وزە بەخشی بریندارانن؟

**گەلی هێژا و قارەمان،**
**لایەن و رێکخراوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی،**
**شارەزایان و پسپۆران و چالاکوانانی بەرێز،**

ئێمە بە مشت و مرێکی زۆری زانستی و هەمەلایەنە لەم چەن ڕۆژەدا بۆ مێژوو و ئەرکی نەتەوایەتیمان ئەوەتان پێ دەلێین و ئاگادارتان دەکەینەوە:

پێشەکی هیوادارین یەک دڵۆپە خوێنی کورد نەرژێ بەڵام سەرهەڵدانی مەهاباد زۆر لە ئاستی جاران جیاواز و راستەوخۆ پێوەندی بە ناوچەکەوە هەیە، حکومەتی تگریسی ئێرانی دەیەوێت ئەم بابەتە بۆ مەبەستی کە بقوازێتەوە و وای بۆ دەچەین کە مەیدانی فراوانی کۆنترۆڵ کراوی بداتێ، چەندین ئامانجی پێ بپێکێت وەک:

- بیانوی باش بۆ هێنانی هێز بۆ سەر کوردستان و ئامادە کردنی بەرەیەکی شەر.
- بەو بیانوە حەجەمان سەر قاڵی کوردستان و گەرانەوەی تۆپاوەکانیان دەکات تا نەپەرژێنە باس و خواستی مل کەچ کردنی دانوسانی یەک زێدە پێنج .

- لەو سەفەرەی میری کوردان بۆ ئەمریکا، ئاگادارە و دڵنیایە کە پلانی سەربەخۆیی کوردستان براوەتەوە و بۆ هەلومەرجی گونجاو ماونەتەوە لە راگەیاندنی و بە پێی ئیمزای پەیمان نامەی سنوری ئێران - ئێراق لە هەولێر، بە بیانوی راوەدوو نانی حیزبانی سیاسی ڕۆژهەلات کە بە هانای درێژەی هاتنە مەیدانی مەهاباد هاتون شەر بەرەو باشوری وڵات ببات.

- له بێنه و بەردەی حوسیەکان و کۆدەنگی عەرەبی سونه داوەت کردنیان بۆ دانوسان، ئێران له هەوڵ و پلانی ئەوەدایه حوسیەکان بکاته قوربانی عەرەبی ئێراق و دەسەڵاتداری خۆی بەهێز بکات ، که سیخور و چڵکاوخۆرەکانی لەو بابەته ئاگادارن، ئەوەی که حەیدەر عبادی تەشقەڵەی نه ناردنی پاره به هەرێم دەکا، ئەوەی که حەشدی شەعبی رێگه له کاروانی کوردی سەرۆک کۆمار دەگرن و بێ رێزیان پێ دەکەن، ئەوەی که نەجمه کەریم باسی کەرکوک به هەرێمی سەربەخۆ دەکا، ئەوەی که قاتر عادل دەڵێت کوردستان له سەر دەستی بارزانی به سەربەخۆیی بگات من دژی هەم و ... هەمو نیشانەی گرنگی هەستانه سەر پێی مەهاباده .

- به دیوێکی دیکەش لایەنی سیاسی روژهەڵاتی نیشتەجێی باشوری وڵات راستەوخۆ له مەیدان دا توشی ئەم گرفته کوشەندەیه دەبنەوە:

[ گەر بیانەوێت جەوله بەره ڕۆژهەڵات بکەن، یەکەم هێزی پۆشته و پەرداخ و له هەبوونی بەرەیەک دەکرێ که بوونی نییه ! ]
[ دووهەم رێگا و بنەیەکی دیاری و متمانه پێ کراوی دەوێت که پێداویستی بەردەوامیان بۆ دابین بکات ، که ئەوەش بوونی نییه ! ]
[ سێهەم یەکییەتی ئیجازەی خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی مەهابادی پێ نەدان، بەو ئەقلیەته هیچ کات به کردەوە مەیدانی دابەزاندیان بۆ رۆژهەڵات پێ نادا و تەنانەت گەر لایەنێک دەس له هەمو شت بشورێ و بێتەوە ڕۆژهەڵات، به سانایی پەکەکەی ئاوقه دەکات ! ]
[ چوارەم گەر هەستانه سەر پێی مەهاباد به فرو فێلی حکومەتی سێداره له ژێر چاوەدێری دور به دوری خۆی له مەر ئامانجەکانی بەرفراوانتر بێت لایەنه سیاسیەکانی رۆژهەڵات نەتوانن به تەنگیانەوە بێن، درزێکی کوشەنده له مابەینی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی لایەنه سیاسیەکان پەیدا دەبێ و شتی کەی لێ دەکەوێتەوە ]
[ پەنجەم گەر لەو دابەزینه بۆ ناوخۆ پاشگەز بن، لەو بشێوی و ئالۆزییەی ئێران رچاوی دەکا سڵامەت بوون و پرشو بڵاو بوونیان ئەستەم دەبێ ]

وه زۆر ئەگەری به هێزی که له ئارادایه ناکرێ ئاماژەی پێ بکرێ و لامان وایه ئەم خاڵی ئەگەرانه و پێشبینیانه ئەوەی ئەزمونی بوارەکانی ببێ بەوانیش دەگات.

پرسیاری هەره گرنگ و چارەنوس ساز که بەرۆکمان دەگرێ به ئاماژه به هەمو رەهەندەکان و ئەگەرەکان و جەنایەت کارانی جمهوری ئیسلامی ئێران چ رێکارێکی زانستی و عیلمی و عەقلانی هەیه تا کورد به گشتی و رۆژهەڵاتیانی وڵات به تایبەتی لێی رزگار بن و سەرجەم ئەو داو پلانی درندانه و بێ ویژدانانەی داگیرکەران پوچەڵ بکرێتەوە و گەل به ئامانج بگات ؟

به دڵنیایەوە لانی کەم زۆربەی زۆری رۆڵەی ئەم گەله هێژایه لەو بابەته فەلسەفیه ئاگاداره که هیچ پرسیاری بێ وەڵام نییه، گرنگ بایەخ دان به واقع و مەنتقه و دەستەبەری پرسیاری سەرەکی و چارەنوس ساز له سەر بنەمای زانستی عیلمی و سیاسی رۆژ. ئاشکرایه به شەن و کەو کردنی ئەم بابەته و خستنه رووی ئەگەر و گریمانەکان وەڵامیشمان له بەر دەس دایه و ئامادەین کەی بابەتەکه به هەند وەرگیرا و ئاوریان لێ دایەوە له خزمەتا بین به بێ بەرانبەر بوونی کورسی و پایه و ..... چون ئامانجی ئێمه نه ساز دانی

حیزبایەتیە، نە بردنە پێشەوەی ئایدولوژیای بەستراوە، نە ئاییینە و نە ناو و ناوبانگ، تەنیا وەک مامۆستای هێژا دەفەرمێ : خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردین.

**بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای لە خوێن شەلالی کورد**

**پێداگرانی بەرەی نیشتمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە ناوخۆی وڵات)**

**رێکەوتی : ٩ - ٥ - ٢٠١٥**

**Kurdistan.r.b.n@gmail.com**
**www.kurdistan-r-b-n.com**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی: بەرەو پێک هێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی رۆژهەڵاتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥**

---




**کاریکاتۆریست: یەحیا سلۆ**

**ڕۆژئاوای کوردستان**

# بۆڵتەی هەواڵ

## خۆکوژیی کچێک لە مەهاباد، بۆ ئەوەی دەستدرێژیی نەکرێتە سەر



کچێکی لاوی شاری مەهاباد لەترسی ئەوەی لەلایەن کارمەندێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەستدرێژی نەکرێتەسەر، خۆی لە بینای هۆتێلێکی ٤ نهۆمی خستۆتە خوارەوەو گیانی لەدەست داوە.

کەسێکی نزیک لەبنەماڵەی ئەو کچە ئاشکرای کردوە کە فەریناز کارمەندی هۆتێلی "تارا" لەشاری مەهاباد بووەو کاتێک لەلایەن کاربەدەستێکی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بە نیازی دەستدرێژیی سێکسی کەوتۆتە بەر پەلامار، هەوڵی داوە خۆی ڕزگار بکا، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەرکەی ژوورەکە پێشترقفڵ کراوە، لە پەنجەرەی ژوورەکە کە لە نهۆمی ٤ ی هۆتێلەکە بووە خۆی فڕێ داوەتە خوارێ‌و لەجێدا گیانی لە دەست داوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بنەماڵەی ئەو کچە داوای ڕوونبوونەوەی وردی ئەو ڕووداوە دەکەن‌و پزیشکی قانوونیی ئەو شارەش هەوڵی دیزەبەدەرخۆنە کردنی ئەو ڕووداوە داوە، بەڵام بنەماڵەی پەریناز دڵی شێلگیرانە بەدووی ئەو پەروەندەیەن.

شایانی باسە تا ئێستا زۆر لایەنی ئەو ڕووداوە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ئەو ڕووداوە خەڵکی شاری مەهابادی نیگەران‌و تووڕە کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٥

# هەڕەشەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەڕەشەی ئەوەیان لە بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی کردوە کە ئەگەر لەگەڵ میدیاکان لەسەر چۆنیەتیی خۆکوژیی کچەکەیان قسە بکەن، تووشی کێشە دەبن.

فەریناز خوسرەوی، کچێکی لاوی شاری مەهاباد بوو کە ڕۆژی سێشەممە، ١٥ ی بانەمەڕ لەترسی ئەوەی لەلایەن بازڕەسێکی سەر بە ڕێژیم لەو شارە دەستدرێژی بکرێتەسەر، خۆی لە نهۆمی ٤ ی هۆتێل تارا خستە خوارەوەو گیانی لەدەست داوە.

هێرش مەهابادی، چالاکی مەدەنیی شاری مەهابادو نیزیک لە بنەماڵەی فەریناز لە لێدوانێکی تەلەفونیدا بۆ کوردستانو کورد ڕایگەیاند کە ئیدارەی ئیتلاعات بنەماڵەی فەرینازی بانگ کردووەو هەڕەشەیان لێکردوون کە نابێ لە میدیاکاندا لەسەر ئەو ڕووداوە لێدوان بدەن، ئەگینا جیا لە ونکردنی خوێنی فەریناز بۆ خۆشیان تووشی کێشە دەبنەوە.


هێرش دەڵێ کاریگەریی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بە خەستی بەسەر شارەوە دیارەو لاوانی شاری مەهاباد دەیانەوێ بە خۆپیشاندانو کۆبوونەوە فشار بخەنە سەر لایەنە بەرپرسیارەکان تا لەسەر ئەو پەروەندەیە هەم شەففاف بنو هەم بە زووترین کات تاوانبارانی ئەو ڕووداوە بە خەڵکی بناسێننو سزایان بدەن.

ئەو چالاکە مەدەنییەی شاری مەهاباد دەڵێ بنەماڵەی فەریناز بۆخۆیان ڕێگرییان لێکراوە لەگەڵ میدیاکان قسە بکەن، بەڵام داوایان لە میدیاکانو بە گشتی بیروڕای گشتی ئەوەیە پشتیوانیان بنو لە پێناو ڕوونبوونەوەی ئەو جینایەتەو ئەو ڕووداوەدا یارمەتیی بنەماڵەی فەریناز بدەن.

لەلایەکی دیکەوە جەعفەر کەتانی، فەرمانداری شاری مەهاباد لە وتوویژ لەگەڵ میدیا دەوڵەتییەکاندا ئیدیعای کردوە کە ئەو پەروەندەیە لە دادگادا خراوەتە گەڕو تۆمەتباری سەرەکیی ڕووداوەکە گیراوە، بەڵام داوای کردوە کە خەڵک نابێ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی وەڕێ بخەنو دەبێ چاوەڕوانی بەدواداچوونو بڕیاری دادگا بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٥

## مەهاباد لەسەر فەریناز هاتە دەنگ



لە کاردانەوە بە ڕووداوەکەی خۆکوژیی فەریناز خوسرەوانی خەڵکی مەهاباد ڕژانە سەرشەقامو هۆتێلی "تارا"یان ئاگر دا.

خەڵکی تووڕەو دڵبریندراری مەهاباد لە ڕووداوی خۆکوژییەکەی فەریناز خوسرەوانی ڕژانە سەرشەقامو بەرگرییان لە کەرامەتی خۆیان کرد.

ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە پتر لە چەند هەزار کەس لە خەڵکی مەهاباد هەڵیان کوتایە سەر هۆتێلی تارا و چەند کەس بە نارنجۆکی دەستی هێرشیان کردە نێو هۆتێلەکەو ئاگریان دا.
ناوەندە ئەمنیەتیو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کە زۆریان هەوڵ دابوو پێش بە کۆبوونەوەی جەماوەریی خەڵک بگرن، دواجار کەوتوونەتە سەرکوتی خەڵکو تەقەیان لێکردوون. لەو تەقەو پێکدادانەدا لاوێک کە تا ئێستا ناوەکەی نەزانراوە گوللەی بەر ملی کەوتوەو شەهید بووەو کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکەکەش بریندار بوون.

هەروەها لاوانی خوێنگەرمو ئازای شارەکەش لە هێزەکانی ڕێژیم وەدەست هاتوونو بەوەی لەبەر دەستیاندا بووە لێیان داونو بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کۆمەڵێک لە هێزەکانی ڕێژیمیش بریندار بوون.

فەریناز خوسرەوی، کچێکی لاوی شاری مەهاباد بوو کە ڕۆژی سێشەممە، ١٥ ی بانەمەڕ لەترسی ئەوەی لەلایەن بازرەسێکی سەر بە ڕێژیم لەو شارە دەستدرێژی بکرێتەسەر، خۆی لە نهۆمی ٤ی هۆتێل تارا خستە خوارەوەو گیانی لەدەست دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٥

## زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر شاری مەهابادا



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە مەهاباد بە زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر شارەکەدا دەیانەوێ کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی شار کۆنترۆڵ بکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان و کورد خەڵکی توورە لە جینایەتو حەفکوژیی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە سووکایەتیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بە دوای ڕووداوی مەرگی فەریناز خوسرەوانی هۆتێل "تارا" بە تەواوی ئاگر داوەو کۆمەڵێک جاشو بەکرێگیراوی ڕێژیمیان کە ویستوویانە لە خەڵکەکە بدەن لە ماڵی حاجی هەمزەدا گەمارۆ داوە.
هەر بەپێی زانیارییەکان هێزە ئینتیزامییەکان بە گازی فرمێسکرێژو تەقە لە خەڵکی هەوڵی بڵاوەپێکردن بە جەماوەریان داوە، بەڵام خەڵکەکە کۆڵیان نەداوەو زۆر کەس لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیان چەک کردوە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە هێزی چەکداری دیکە لە شاری میاندواو و بۆکانەوە بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتوون.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد ئەو ڕووداوە بە داخەوە کوژراو برینداربوونی خەڵکی لێکەوتۆتەوەو بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کۆمەڵێک لە هێزەکانی ڕێژیمیش بریندار بوون.

شایانی باسە ئەو نارەزایەتی دەربڕینە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە خۆکوژیی فەریناز خوسرەوانی ڕووی داوە. فەریناز خوسرەوی، کچێکی لاوی شاری مەهاباد بوو کە ڕۆژی سێشەممە، ١٥ ی بانەمەڕ لەترسی ئەوەی لەلایەن بازرەسێکی سەر بە ڕێژیم لەو شارە دەستدرێژی بکرێتەسەر، خۆی لە نهۆمی ٤ ی هۆتێل تارا خستە خوارەوەو گیانی لەدەست دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٥

## حیزبی دێموکراتی کوردستان: با چەکدارە کوردەکانی ڕێژیم لە کوردستان بەجێی سەرکوتی هاونەتەوەکانی خۆیان هاودەنگیان بن



حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی پەلاماری دەستدرێژی کردنە سەر فەریناز خوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو؛ داوای لە چەکدارە کوردەکانی ڕێژیم لە مەهاباد کردوە تا بەجێی سەرکوتی خوشکو براو هاوشاریو هاونەتەوەی خۆیان هاودەنگیان بن.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا کە لە پێوەندی لەگەڵ خرۆشانی رۆژی پێنجشەممەی خەڵکی مەهاباد بەردەم هۆتێل "تارا"ی ئەو شارەدا بڵاوی کردۆتەوە، وێڕای بانگەواز بۆ پشتیوانیی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە شاری مەهاباد دەڵێ: بە دەرفەتی دەزانین هەموو ئەو چەکدار و کاربەدەستە کوردانەی خزمەتی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەکەن، وریا بکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەوان بۆ سەرکوتی خەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان بە کار بێنێ.

لەو بەیاننامەیەی حیزبی دێموکڕاتدا هاتووە کە وەختی ئەوە هاتوە ئەو هێزە چەکدار و کاربەدەستە کوردانە لە کوردستان چاوی خۆیان بکەنەوەو لە جیاتی جێبەجێکردنی پیلانی بکوژانی خوش و برا وخەڵکی هاوشاری و هاوزمان و هاونەتەوەی خۆیان، لە گەڵ خەڵکی بێزار لە ستەم و تاوان، هاودەنگی بنوێنن و ڕابردووی خۆیان بەهەڵویستێکی بوێرانە و شەرافەتمەندانە بکڕنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٨ی مای ٢٠١٥

## داوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانیی هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان لە مەهاباد



حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستان کردوە بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکی مەهاباد بێنە مەیدان.
حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی پەلاماری دەستدرێژیکەرانە بۆ سەر فەریناز خوسرەوانی کە بووە هۆی مەرگی ناوبراو؛ بێدەنگنەبوونو هەڵویستگرتنی خەڵکی قارەمانی مەهابادی لە ئاست ئەو تاوانە، بەرز نرخاندوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ خەڵکی مەهاباد، نیشانیان دایەوە کە لە ئاست سووکایەتی و تاوان دەرحەق رۆڵەکانی خۆیان بێدەنگ نابنو چاویان لە ئاست خوینی بە ناحەق رژاوو گیانی بە ناحەق ئەستیندراوی کچێکی لاوی شارەکەیان نانووقێنن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو بەیاننامەیەدا توندوتیژی نواندنی دامودەزگا پیوەندیدارەکانو هیزە سەرکوتکەرەکانی بە توندی مەحکووم کردوە، کە لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی سووکایەتی پێکردن وگیانلەدەستدانی کچێکی کورد، کەوتوونە دەسڕێژ لە خەڵکی نارازی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها داوای لە خەڵکی سەرجەم شارو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە بە کردەوە پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی زامداری مەهاباد رابگەیەننو دەڵێ ئیستا نۆرەی خەلکی شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتە کە بە پشتیوانیی مەهابادی خرۆشاوی زامدارەوە بچن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی دیکەوە هێزی چەکداری بۆ سەرکوتی مەهابادییە خرۆشاوەکان هێناوە، پیویستە لەمرۆوە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکان رێپێوانی نارەزایەتی بەرێوە ببەن، هەم تاوانی پەلامار بۆ سەر فەریناز و دەیان تاوانی دیکەی کاربەدەستانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دژی رۆڵەکانیان مەحکووم بکەن، هەم هاودەنگی و پشتیوانیی خۆیان لە نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی مەهاباد رابگەیەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئامادەیی دەربڕینی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خرۆشانەکەی شاری مەهاباد ( سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ)



لە حاڵێکدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی لە زۆربەی شوێنەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان زراویان لە هەستانی خەڵک چووە، خەڵکی کوردستان بڕیاریان داوە سەعات ٥ ی ئێوارەی ئەمڕۆ بە کاتی ئێران بێنە سەر شەقام.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنیری کوردستانو کورد لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بڕیار دراوە سەعات ٥ بۆ پشتیوانی کە خوشکو براکانیان لە مەهاباد بێنە سەر شەقامو هاوویستو هاوهەڵوێست سیاسەتو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیو مۆرەو بەکرێگیراوەکانیان مەحکووم بکەن.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتی و زانیارییانەی پەیامنیرانی کوردستانو کورد بۆیان ناردووین قەرارە سەعات ٥ ی ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنە کە مەیدانی ئیقباڵ، لە مەهاباد لە چوارچرا، لە بۆکان لە مەیدانی فەرمانداری، لە سەقز لە مەیدانی هەڵۆ و لە شارەکانی مەریوان، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار، کامیاران، دێولانو کرماشانیش لە مەیدانی سەرەکیی شار کۆبوونەوەی جەماوەری وەڕێ بخرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## مەهاباد هەروا نائارامە



له حاڵێکدا لاوانی شاری مەهاباد له تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕایان گەیاندوە له چوارچراو لە بەر دەرکی هۆتێله سووتاوەکەی تارا درێژە بە نارەزایەتییەکانی خۆیان دەدەن، هەواڵەکان لەو شارە باس لەوە دەکەن دۆخێکی ئەمنیەتی بەسەر شاردا زاڵ کراوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە شاری مەهاباد لە دۆینێ ئێوارەوە شاڵاوی گرتنو دەسبەسەرکردنی لاوانو هەڵسووراوانی سیاسیو مەدەنییان دەست پێکردوەو دۆینێو ئەمڕۆ بە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارەیان بەتۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانەکەی دۆینێ پێنجشەممەدا دەسبەسەر کردوە.

بە پێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد زۆربەی ئەو گرتنو بردنانە بۆ شوێنە نادیارەکان سەرەڕۆیانەو بێ پێبوونی بڕیاری دادگا بووە. هەروەها زۆربەی بریندارانی تەقەو هێرشەکەی دۆینێی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵک لە ترسی گیرانو دەسبەسەرکردنیان لە ماڵان چارەسەریی پزیشکییان بۆ دەکرێو بارودۆخی سڵامەتیی زۆر لەوان ناجێگیرەو کەوتۆتە مەترسییەوە.

لەلایەکی دیکەوە هێزی تایبەتو سەرکوتگەر لە شارەکانی بۆکانو مەهابادو نەغەدەوە بەڕێی مەهاباد کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## جێگری ئەمنیەتیو سیاسیی پارێزگای ورمێ: مەهاباد ئاوا دەیەوێ سەرمایە بۆ شارەکەی ڕاکێشێ!




کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی سووکایەتی پێکردن وگیانلەدەستدانی کچێکی کورد لە مەهاباد کەوتوونەتە هەڕەشە لە خەڵکی شارەکە.

جێگری ئەمنیەتیو سیاسیی پارێزگای ورمێ لە کاردانەوە بە ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی مەهابادو نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکەکە بە سووکایەتیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەڕەشەی ئەوە لە خەلکی مەهاباد دەکا کە ئیدی چاوەڕوان مەبن سەرمایەو دەوڵەت بۆ سەرمایەدانان ڕوو کەو شارە بکەن.

عەلیڕەزا رادفەر بە خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی کارو کردوە ڤیزەونەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارە دەرحەق بەخەڵکو شاری مەهاباد دەڵێ خەڵکی مەهاباد ئاوا دەیەوێ سەرمایە بۆ شارەکەی ڕاکێشێ!

ناوبراو لە وتووێژ لە گەڵ هەواڵدەریی " بورنا"دا کەوتۆتە پاکانەکردن بۆ تاوانباری سەرەکیی ڕووداوی پەلامار بۆ دەسدرێژی کردنە سەر فەریناز خوسرەوانیو ئیدیعای ئەوەی کردوە کە ناوبراو نەیویستوە دەستدرێژی بکاتە سەر فەریناز، بەڵکوو خوازبێنی لێکردوە.

ڕادفەر دەڵێ دوای ئەوەی فەریناز وەڵامی" نا"ی بەو داوایە داوەتەوە بەپەلە ویستوویەتی ژوورەکە بەجێ بێڵێ، بەڵام لاقی هەڵخلیسکاوەو لە پەنجەرەڕا بەربۆتەوەو گیانی لە دەست داوە.

ناوبراو هەڕەشەی ئەوەی لە خەڵکی مەهاباد کردوە کە بەو کاردانەوەیە کۆسپ دەخەنە سەر ڕێی بووژاندنەوەی شارەکەو ڕێگری لە سەرمایەدانان لەو شارەدا.

جێگری ئەمنیەتیو سیاسیی پارێزگای ورمێ لە درێژەدا ئیدیعای ئەوە دەکا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە هیچ شێوەیەک تەقەیان لە خەڵکی نەکردووەو کەسیان سەرکوت نەکردوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە سەدان ویدیۆو وێنەی بریندارانی دەستی پەلاماری هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە میدیاکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەتەوەو بڵاو دەبنەوە.

شایانی باسە بە دەیان کەس لە خۆپیشاندانەکەی ئێوارەی پێنجشەممەی بەردەم هۆتێلی تارا لە مەهاباد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بریندار بوون کە زۆریان لە ترسی گیران ئامادە نەبوون سەردانی ناوەندە پزیشکییەکان بکەنو لە ماڵاندا چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێ کە بارودۆخی ژمارەیەک لەوان مەترسیدارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## خۆپیشاندانی کوردانی شاری یۆتێبۆری سۆئێد، بۆ پشتگیری لە خەڵکی شاری مەهاباد




کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات لە وەڵام بە بانگەوازی خەڵکی مەهابادو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان لە خۆپیشاندانەکانیان بۆ پشتگیری لە خەڵکی مەهاباد بەردەوامن.

ڕۆژی هەینی، ١٨ی بانەمەڕ کۆمەڵێک لە کوردانی نیشتەجێ لە شاری یۆتێبۆریی وڵاتی سۆئێد، لە "بۆرنێس پارک" کۆبوونەوەو بە دانی درووشمی جۆراوجۆرو دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی، بیزاریی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتە دژی مرۆڤایەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەربڕیو پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی ئازاو چاونەترسی شاری مەهاباد ڕاگەیاند.

لەو خۆپیشاندانە بە بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستانو چەندین درووشمی جیاواز، داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵە نیودەوڵەتییەکانو حکومەتی سۆئێد کرد کە چی دیکە لە بەرامبەر سیاسەتی ئینکارو قڕکردنو پڕ لە سووکایەتیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بێدەنگ نەبن و نارەزایەتیی توندی خۆیان دەرحەق بەو ڕووداوە ناشایستانەی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی نیشان بدەن.

شایانی باسە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری لەو خۆپیشاندانەدا بەشدار بوونو دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی هەموو ئازادی خوازانی کوردو نەیارانی سیاسەتی ئینکار و کوشت و بڕی ڕژیمی ئیسلامی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---

## پشتیوانیی سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان لە ڕاسانی خەڵکی مەهاباد

لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی خۆی بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمبەر ڕاسانیان لە هەمبەر تاوانەکەی مهاباد دەربڕی.

لە ڕاگەیەندراوی سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستاندا هاتوە کە بەناوی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستانەوە پشتگیریی خۆمان بۆ خوشکو برایانمان لە ڕۆژهەڵات دووپات دەکەینەوەو ئەو تاوانە گەورەیەش کە دەرحەق فەرینازو بنەماڵەکەیو کورد کراوە بە توندی مەحکووم دەکەین.

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەڵێ ئەو تاوانە هاوشێوەی تاوانەکانی ڕێژیمی بەعسە کە لە سەربازگەی تۆپزاوا و گرتووخانەی نوگرە سەلمان دژی ئافرەتانی باشوور کردبوویان. هەر بۆیەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتو خۆپیشاندەرانو پاڵپشتی داوا رەواکانیانین.

لقی هەولیری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەڵێ هیواداریین ڕاگەیاندنەکانی نێوخۆو جیهان لە شکۆی خەڵکی شۆڕشگێڕو ڕاپەڕیوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم نەکەنەوەو ڕووماڵی ڕووداوەکان وەک خۆیان بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## لە سەردەشت تەقە لە کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران کرا



لە کۆبوونەوەی جەماوەریی خەڵکی سەردەشتدا کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد رێکخرابوو، تەقە لە خۆپیشاندەران کرا.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد چەند سەد کەس لە خەڵکی سەردەشت بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانەکەی خەڵکی مەهاباد لە دوو شوێنی کەمەربەندیو پارکی کودەک کۆبوونەتەوەو داکۆکییان لە خەڵکی مەهاباد کردوە.

لەو کۆبوونەوانەدا بەر لەوەی بڵاوەیان پێبکرێ، دروشمەکانی " مەهاباد بە تەنیا نییە، سەردەشیشی لە پشتە" بەرز کراوەتەوە. ئەو کۆبوونەوانە کە بڕیار بوو بۆ ناوەندی شار پەرە بستێنن، بە تەقەی هێزە چەکدارو لیباس شەخسییەکانی رژێم بڵاوەیان پێکراوە.

وەک لەو وێنانەی لەو کۆبوونەوانەدا دەردەکەوێ، هێزە لیباس شەخسییەکانیش بە هانای هێزە چەکدارو ئەمنیەتییەکانی دیکەی رژێم لەو شارەوە هاتوونو تەقەیان لە خەڵکی کردوە. هەروها کۆمەڵێک کەسیان دەسبەسەر کردوەو یەک لەو گیراوانە بەر لەوەی لە ماشێنی پەستاون بە توندی لێیان داوە و دەستیان شکاندوە. خەڵکەکەش لە گردەسوور را هێزەکانی رێژیمیان بەردەباران کردووەو چەند کەس لە هێزەکانی رێژیم بریندار بوون.

شایانی باسە ئەو کۆبوونەوانە لە حاڵێکدا بوون کە رێژیم لە دوو رۆژ لەوە پێشەوە بە تەواوی شاری بە ئەمنیەتی کردوەو بە هەزاران چەکداری خۆیان لە نێو شاردا بۆ پێشگرتن بە جموجۆڵو نارەزایەتیی خەڵک سازمان داوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## بەردەوامیی شەپۆلی هاخەمیو پاڵپشتییەکان لە باشووری کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەو خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو.

دوای خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی هەینی لە شاری سلێمانی، ڕۆژی شەممەش لە شارەکانی هەولێر، کەلارو سەیدسادق لە باشووری کوردستان کۆبوونەوەو خۆپیشاندان بۆ پشتگیریی خەڵکی مەهابادو دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتوە.

لە هەموو ئەو خۆپیشاندانو کۆبوونەوانەدا داوا لە سەرجەم حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستان لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە خۆپیشاندانەی خەڵکی شاری مەهابادبە خاوەن بکەنو پشتگیری بکەن. هەروەها داوا لە حیزبە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان کراوە هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئەو رووداوەدا یەکبخەن و هۆکاری گیانلەدەستدانی فەریناز خەسرەوانی لە هۆتێل تارای شاری مەهاباد مەحکووم بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مەی ٢٠١٥

## قسە دژبە یەکەکانی کاربەدەستانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهابادا



جێگری یەکەمی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکەی شاری مەهابادا وێڕای ئاماژە بە دەسبەسەرکرانی کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەم شارە گوتی هێشتا ئەو پەروەندەیە کراوەیەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکان بەردەوامن.

غوڵامرەزا موحسینیی ئێژەیی بێ ئەوەی لەبارەی پەروەندەی ڕووداوی مەهاباد ڕوونکردنەوەی زیاتر بدا گوتی، وردەکارییەکانی ئەم پەروەندەیە لەگەڵ بەردەوامیی لێکۆڵینەوەکان ڕوونتر دەبنەوەو رادەگەیەندرێن.

لەلایەکی دیکەوە سەعید مونتەزیری مێهدی، جێگری کۆمەڵایەتیی هێزی ئینتزامیش گوتبووی کە تاوانبارەکەی پەروەندەی مەهاباد کە یەکێک لە کارمەندانی هوتێل تارا بووە لەم شارە دەسبەسەر کراوەو دانی بە تاوانەکەشی ناوە. ناوبراو بێ ئەوەیکە ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەم دان پێدانانە بکا، لە بارەیڕووداوەی خۆکوژییەکەی فەریناز ئیدیعای کردوە کە فەریناز پاش ئاگادار کرانەوەی بنەماڵەکەی لەلایەن خاوەن هۆتێلەکەوە کە ئەو لە پاڵ پیاوێک دایە، بە تەمابووە لە باڵکۆنی ژوورەکەوە بچێتە ژوورێکی دیکە کە لە کاتی چوونە خوارەوەدا بەربۆتەوە.

قسەکانی ئەم کاربەدەستەی هێزی ئینتزامی تەواو دژایەتی لەگەڵ قسەکانی عەلیرەزا ڕادفەر، جێگری سیاسی - ئەمنیەتیی پارێزگاری ورمێ هەیە.

عەلیرەزا ڕادفەر ڕۆژی هەینی بە هەواڵدەریی بۆرنای ڕاگەیاندبوو کە، تاوانبار بەنیاز بووە خوازبێنی لە فەریناز بکا، بەڵام ئەم کچە کە بەتەما بووە لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، بەهۆی پەلە کردن لە پەنجەرەکەڕا بەربۆتەوە خوارەوە.

شایانی باسە کاردانەوەی دژ بەیەکو خولانەوە بە دەوری سیناریۆی سووککردنی فەرینازو کەمکردنەوەی لە بایەخی سیاسیو ئەمنیەتی

ئەو ڕووداوە لە حالێک دایە کە ناوندە ئەمنیەتیو نیزامییەکانی ڕێژیم لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە تەواوی کوردستانیان میلیتاریزە کردوەو لە ترسی سەرهەڵدانی جەماوەریی بەرین بەو ڕووداوەو بۆ سەرکەوتی ئەو نارەزایەتییانە لە زۆربەی ناوچەکانی ئێرانەوە هێزیان بۆ کوردستان ناردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

## پشتیوانیی پۆلێک لە کچانی سنە لە فەریناز خوسرەوانی




پۆلێک لە چالاکانی مەدەنیی کچ لە شاری سنە دوای ئەوەی ڕێگەیان پێنەدرا لە نێو شار خۆپیشاندان بکەن، لە ئاویەر کۆبوونەوەو پشتیوانیی خۆیان بۆ نارەزایەتییەکانی خەڵکی مەهاباد ڕاگەیاند.

یەک لەو کچانە بە هەواڵدەریی کوردستانو کوردی ڕاگەیاند کە هەموو هەوڵەکانی ئەوان بۆ خۆپیشاندانو نارەزایەتی دەربڕین بەو ڕووداوەی لە مەهاباد هاتۆتە پێشو مەرگی فەریناز خوسرەوانی لێکەوتەوە، لە شاری سنە بێ ئاکام ماوەتەوە و هۆیەکەشی کەشی ئەمنیەتیی توند بەسەر شارەکەدا بووە.

ئەو دەڵێ دڵیان لەگەڵ فەرینازو خەڵکی مەهابادە، بۆیە چوونەتە ئاویەرو لەوێ هاواری حەقخوازیی خۆیان بەرز کردۆتەوە.

هەر لە سنەش هەواڵەکان باس لەوە دەکەن هێزێکی نیزامیی زۆر لە کرماشانەوە هێندراونەتە نێو شار کە هەموویان تەیار بە چەکو کەرستەی تایبەت بە سەرکوتی خەڵک بوون، هەروەها لە "پارکی کودەک"ی ئەو شارەش 4 کەس لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

## سولەیمان خوسرەوانی: لە هیچ کوێ نەمگوتوە فەریناز لەگەڵ تاوانبارەکە پێوەندی بووە



سولەیمان خوسرەوانی، برای فەریناز خوسرەوانی لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان‌و کورد دەڵێ بە ناوی ئەو و بنەماڵەکەیەوە لە هەندێ شوێن و میدیا قسە کراوە، بەڵام ئەو هەموو ئەو قسانە بەبێ بنەما دەزانێ‌و ڕەتیان دەکاتەوە.

سولەیمان خوسرەوانی دەڵێ هەندێ میدیای کوردی لە باشووری کوردستان لە زمان منەوەو بێ ئەوەی من ئاگادار بم گوتویانە کە فەریناز لەگەڵ تاوانباری پەروەندەکە پێوەندیی بووەو ئەوەی لە زمان منەوە بڵاو بۆتەوە فرێ بەسەر ڕاستییەوە نییەو هەر هەمووی ڕەت دەکەمەوە.

سولەیمان خوسرەوانی دەڵێ لەو بارودۆخەدا کە ئێمە تێیدان ڕەوا نییە لە زمان ئێمەوە شتی ناڕاست بڵاو بکرێنەوەو ئەوەندەی دیکەش دڵمان بریندار بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی بەرین لە هەولێر بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە بە سەدان کەس تێیدا بەشداربوون، سیاسەتی توندو تیژو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە داوا ڕەواکانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم کرد.

ئەندامانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو دانیشتووانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٠ی بانەمەڕ لە بەردەم پارلمانی کوردستاندا وێڕای کۆبوونەوەو دەربڕینی ناڕەزایەتی بە نیسبەت مەرگی فەریناز خوسرەوانی، داوای ئازاد کردنی گیراوانی ئەم ڕووداوانەیان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا سۆران عومەر، سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤی کوردستان قسەی کردو وێڕای مەحکووم ردنی ڕووداوی مەرگی فەریناز لە مەهاباد گوتی کە ئێمە لە ڕێگای دیپلۆماسیو پێوەندییەکانی خۆمانەوە ئەو داواکارییەی خۆپیشاندەرانی بەر دەم پارلمان ڕادەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات دەکەین.

سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤی کوردستان کە وێڕای ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتارانی کوردستان لە نێو خەڵکدا ئامادە ببوون، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی ئێمە ئەو داوایەمان لە دەسەڵاتدارانی ئێران هەیە کە ئەو زیندانییانەی بە هۆی ڕووداوی مەرگی فەریناز خوسرەوانی یەوە لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا گیراوان ئازاد بکرێن. سۆران عومەر پێداگری لە سەر ئەوەش کرد کە دەبێ فایلی ئەم ڕووداوە بە زووترین کات بدرێتە دادگاو تاوانباران سەزا بدرێن.

خوێندنەوەی پەیامی هێزە سیاسییەکان لە لایەن خاتوو سوهەیلا قادری، ئەندامی رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

ناوبراو وێڕای مەحکوومکردنی ڕەفتاری هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووداوی گوماناویی مەرگی فەریناز خوسرەوانیو دەربڕینی پشتیوانی بە نیسبەت خەڵکی رۆژهەلات بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی گوتی کە ئێمە وەک حیزب و لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان داوا لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین کە بە نیسبەت ئەم رووداوەوە کە پیلانی داگیرکەرانی کوردستانە بێلایەن نەبن.

پەیامی ناوەندی رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەلات لە لایەن خاتوو فاتمە عوسمانی بڕگەیەکی دیکەی ئەم خوپیشاندانە بوو. شایانی باسە دوایین بەشی ئەم رێورەسمە بە درووشمی جۆراوجۆری وەک "مەهاباد تەنها نییە". رۆژهەلات تەنها نییەو " ئێمە گشتمان فەرینازین" کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## سەردانی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان لە دەفتەری سیاسیی حدک بۆ پشتیوانی دەربڕین لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان کە لە ١٤ حیزبی چوارپارچەی کوردستان پێکهاتوون، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لەو کۆبوونەوەیەدا دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کران.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ی بانەمەڕی ٩٤ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٠ - ٥ - ٢٠١٥ زایینی) نوینەرانی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی کوردستان بە مەبەستی هاودەردیو پشتیوانی لە خۆپێشاندانی خەلکی وەزاڵە هاوتوی شاری مەهاباد و باقی شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن شاندی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

خالید عزیز، سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەخێرهێنانی شاندی میوان بە کورتی باسێکی لە بارودۆخی ئەم دوایانەی رۆژهەلاتی کوردستان و ئیرانی لە پێوەندی لەگەل خوپێشاندانی ئەم دوایانە شارەکانی کوردستان بە تایبەتی شاری مەهاباد کرد کە خەلک بە شێوەیەکی مەدەنیانە بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان لە چۆنیەتیی مەرگی فەریناز خوسرەوانیوهێنانە ئارای ویستو داخوازییەکانیان هاتنە سەر شەقام، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە بە توندی بەرپەرچ دراونەوەو ئەوەش لە ئاکامدا، توندو تیژی لێکەتەوە.

سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرپرسایەتیی توندو تیژییەکانی ئەو چەند ڕۆژەی خستە ئەستۆی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیو تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە کردوە لە کێشەکانی کورد تەنیا لە ڕێگەی دانیشتنو وتوێژەوە چارەسەر دەنم، بەڵام بە داخەوە کاربەدەستانی ریژیم تا

ئێستاش ئامادە نەبوون کە گوێ بۆ ویستو داخوازییەکانی خەلک بگرن.

هەر لەو پێوەندییەدا خالید عەزیزی ئاماژی بە چاوەروانیی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە حیزبو لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد کە لە رووی سیاسیو مەعنەوییەوە هاوکارو پشتیوانی رۆڵەکانی خۆیان لە رۆژهەلاتی کوردستان بن کە هەموو کاتی خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوان ویارمەتیدەری پارچەکانی دیکە کوردستانو بەتایبەتی باشووری کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکە دا نوینەرانی حیزبو لایەنەکانی بەشدار لە کووبوونەوەکە دا هاودەو پالپشتی خۆیان بۆ خەباتی رەوای خەڵکی کورد لە رۆژڵای کوردستانو بەتایبەت خوپێشاندانە ئاشتیخوازەکانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەربری.

**شایانی باسە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان کە لە ١٤ حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتوون بریتین لە:**

- پارتی دێموکڕاتی کوردستان.
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان.
- بزووتنەوەی گۆڕان.
- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان.
- حیزبی دێموکراتی کوردستان.
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستان.
- حیزبی ئایندەی کوردستان.
- یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان.
- بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستان.
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
- حیزبی بەیتونەهرەینی دێموکراتی ئاشووری.
- پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی کورد.
- پارتی ئازادیی کوردستان (باکوور).
- پارتی سەربەستیی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## ئاشکرابوونی ناوی گیراوانو برینداربووانی ڕووداوەکانی دوای خۆپیشاندانەکانی مەهاباد



دوای چەند ڕۆک لە رووداوەکانی دوای خۆپیشاندانەکان لە شاری مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان ناوی ژمارەیەک لە بریندارانو گیراوانی ئەو ڕووداوانە ئاشکرا بوون.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد ئەگەرچی ژمارەی گیراوانو بریندارانی ڕووداوەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی مەهاباد زۆرو ڕاگیرانی زۆربەی ئەوان لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان بووە، بەڵام تا ئێستا ناونیشانی ژمارەیەک لەوان زاندراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی کوردستانو کورد لە مەهاباد تا ئێستا ناونیشانی ژمارەیەک برینداری ئەو رووداوە ئاشکرابوون کە ئاکام تەلاج، ئۆمید کەریمیو کاوە عینایەتی سێ لەو کەسانەن.

بە گوێرەی هەواڵی پەیامنێری کوردستانو کورد ئۆمید کەریمیو کاوە عینایەتی خەڵکی وسوکەندی مەهابادنو بە برینداری گیراون.

هەروەها لە گەرەکی ئەسحابە سپیی مەهابادیش ٥ کەس گیراون کە ناونیشانیان بریتین لە ئەنوەر ئەبووبەکری، برایمە سوور، فوئاد خاکیو دوو کەس بە ناوکانی ئیدریس و جەلالو؛ لە نەغەدەش لاوێک بە ناوی ”ئەمیر پیرۆتی“ دەسبەسەر کراوە.

لە ناوچەی سەردەشتیش زیاتر لە ٢٠ لە کەس دوای خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی شەممە، ١٩ ی بانەمەڕ لە نێو شاری سەردەشت گیراون کە ناوو نیشانی چەند کەس لەوان بریتین لە: تاهیر ڕۆستەمی، ڕەزا رەزازادە، مستەفا بێتووشی، هێمن مەعرووفیو فایق ئەمینی و دوو کەس بە ناوەکانی کوڕی مامە خاڵەو وەستا ئیرەج.

لە نێو گیراوەکاندا دایکو کچێک بە ناوی سۆهەلا زۆبەیەریو سەفا حسەنپوور بەرچاو دەکەون کە دوای گیرانیان بۆ زیندانی ورمێ

**بەڕێ کراون.**

**شایانی باسە ژمارەی گیراوانو برینداربووانی ڕووداوەکانی دوای خۆپیشاندانەکانی مەهاباد زۆر لەوە زیاترن کە ڕاگەیەندراون، بەڵام هێشتا ناوو نیشانی زۆر لەوان بۆ ناوەندی هەواڵی کوردستانو کورد پشڕاست نەکراوەتەوە.**

**زۆر لەوان بۆ ناوەندی هەواڵی کوردستانو کورد پشڕاست نەکراوەتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## کۆبوونەوەی کوردانی دانیشتووی باشووری سۆئێد بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی مەهاباد



کوردانی دانیشتووی باشووری سۆئێد، بۆ پشتگیری لە خەڵکی شاری مەهاباد، لە شاری مالمۆ، کۆبوونەوەیەکیان وەڕێ خست.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ی بانەمەڕ لە سەر بانگهێشتی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بە پشتگیری و بە پیرەوە هاتنی کومیتەی هاوکاری کومەڵە کوردییەکان لەو ناوچەیە و بەمەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەهابادو هەروەها ڕیسوا کردنی سیاسەتی دژ بە کورد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری وڵاتی سۆئێد، لە شاری مالمو کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا شێرزاد خەراجیان وەک یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی گیان لە دەستدانی فەریناز و ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی مەهابادو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کردو بە دوای ئەودا بێهروز هەمزەیی، بەپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی سکۆنە، وتارێکی سەبارەت بە ڕووداوەکە خوێندەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ریورەسمەدا پارچە سروودێک لە لایەن هونەمەندی دەنگی خۆش "جەمال فەتحیان"ەوە پێشکەش کرا. دوابەدوای ئەو ئازاد بانەیی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەسەر ئەو ڕووداوە پێشکێش کردو لە درێژەی بەرنامەکەدا چەند وتارو بابەتی دیکە لە ڕەوتی ئەو کۆبوونەوەیەدا خوێندرانەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە ئامادە بووان بە دانی دەیان دروشمی جۆراوجۆر دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانو مەحکومکردنی ڕووداوی مەرگی فەریناز پشتگیری خەڵکی خۆڕاگری شاری مەهابادیان کردو دەیان بەیاننامە کە لەو پەیوەندی دا لە لایەن کومیتەی حیزبی دیموکراتی

کوردستان له سکۆنه به زمانی سۆئێید ئامادەو چاپ کرابوون، به سەر ڕێبوارانی ئەو گۆڕەپانه دا دابەش کران. ئەو خۆپیشاندان و کۆبوونه نارەزایەتییه کاتژمێر ٢ به کاتی سۆئێد به سروودی دوژمن شکێنی ئەر ڕەقیب کۆتایی پێ هات.

شایانی باسه باسه که نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر له حیزب و ڕێکخراوه کوردستانییەکان لەو کۆبوونەوەیه دا بەشدار بوون که بریتی بوون له:

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## مامۆستا حەسەن ئەمینی: ئەوەی لە مهاباد رووی داوە جینایەتەو مەحکوومی دەکەم



بيانيه ی کاک حسن امینی حاکم شرع مردمی کردستان در رابطه با قتل دختر مهابادی

دسته: مصاحبه‌ها و نامه‌ها    نمایش از شنبه ۱۹ اردیبهشت ۱۳۹۴ ۱۹:۴۶    نوشته شده توسط rebwar    بازدید: ۳۹    کد خبر:۱۹۳۷

بسم الله الرحمن الرحيم

«... مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا...» (مائده/32)

با توجّه به این آیه ی قرآنی، کشتن یک انسان به ناحق و ظالمانه به منزله ی کشتن همه ی انسانهاست، به عبارت دیگر نابود کردن انسانیت می باشد.

در صورت صحّت ماجرای عامل مرگ فریناز خسروانی، واداشتن و ناچارکردن آن دختر شرافتمند کُرد مهابادی به جان باختن، از این گونه قتلها به شمار می آید.

این فریناز نبود که به زندگی پر از آرزوهای شیرین یک دختر جوان پایان داد بلکه یک جنایتکار پلید هوس پرست بود که وحشیانه او را در میان قربانی کردن عصمت و شرف، یا باختن جان عزیزش قرار داد.

اما او گُردانه و فداکارانه مرگ توأم با شرافت را بر حیات همراه با ننگ و ذلّت ترجیح داد.

بنابر آنچه گذشت، قتل فریناز با این شیوه ی درندانه و بیرحمانه، قتل همه ی انسانها به خصوص ملّت کُرد شمرده خواهد شد، لذا اینجانب به عنوان یک مسلمان معتقد به آن آیه، و یک کُرد قایل به حقوق اسلامی و انسانی مساوی با دیگران برای ملّتم، ضمن تقبیح و محکوم کردن این عمل ددمنشانه و، تأیید اعتراضاتِ مسالمت آمیز و به حقّ مردم شریف و غیور مهاباد و دیگر مناطق کُردنشین، از مسؤلین مربوطه به ویژه قوّه ی قضاییه جداً میخواهم بدون تعلّل و دفع الوقت در اسرع زمان، قاتل و همدستانش را به اشدّ مجازات رسانیده، و اجرای حکم در شهر مهاباد و در ملأعام انجام پذیرد، تا از یک طرف موجب تشفّی قلوب مردم این دیار و خانواده ی آن جان باخته شده، و از طرف دیگر درس عبرتی گردد برای دیگر جنایتکاران و سوءقصدداراندگان به ناموس مردم مهاباد و ملّت کُرد.

در پایان این رخداد تلخ و دردناک را به خانواده ی دردمند فریناز تسلیت می گویم.

حسن امینی

حاکم شرع مردمی کردستان

مامۆستا حەسەن ئەمینی کەسایەتیی ئاییینی شاری سنە رایگەیاند ڕووداوی گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی جینایەتەو مەحکوومی دەکەم.

مامۆستا حەسەن ئەمینی کە شەوی رابردوو بەشداری لە بەرنامەی ئەمرۆی رۆژهەڵات لە کوردکاناڵدا کردبوو، لە قسەکانیدا رایگەیاند کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام کوشتنی هەر کەسێکی بێ تاوان کوشتنی مرۆڤایەتیە. مامۆستا ئەمینی کە بە تەلەفۆن لە شاری سنەوە قسەی دەکرد لە درێژەدا گوتی ئەو کارەساتەی بۆ فەریناز خوسرەوانی ڕووی داوە جینایەتەو مەحکوومی دەکەم.

مامۆستا ئەمینی هەروەها داوای لە خەڵک کرد بە شێوەیەکی ئارامو مەدەنی لە ناڕەزایەتییەکانیان بەردەوام بن، بەڵام بیانووی سورکوتکردن بە دەست هیچ هێزێکەوە نەدە.

مامۆستا ئەمینی هەروەها داوای لە بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی کرد کە هەرچی زووتر راستییەکان بۆ خەڵک روون کەنەوەو تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن.

بەڕێزیان دەڵێ ئەوە فەریناز نەبوو کە بە خۆکوشتنی کۆتایی بە ژیانی پڕ لە خۆزیاو هیوای کچێکی لاو هێنا، بەڵکوو ئەوە جینایەتکارێکی گڵاوی داوێن پیس بوو کە ئەوی ناچار کرد لە نێوان فیداکردنی پاکیو شەڕەف یان گیانی یەکیان هەڵبژێرێ.

ماموستا حەسەن ئەمینی وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خوسرەوانی داوای بەدواداچوون بۆ ئەو باسەی بە شێوەی مەدەنی لەلایەن هەموو خەڵکی کوردستانەوە کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## پشتیوانیی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە بۆ پشتیوانی کردن  لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی دەستی پێکردوە، کۆبوونەوەیەکیان وەڕێ خست.

ڕۆژی دووشەمە، ٢١ ی بانەمەڕ فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بە هاوکاریی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو پاڕکی شارداو لە ئاکسیۆنێکدا پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی مهابادو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی.

ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی بەڕێز لوقمان، سەرۆکی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە دەستی پێکرد. ناوبراو ئەو کردەوە دژە مرۆڤیو حەفکوژییەی دەرحەق بە پەریناز خوسرەوانی کراوە مەحکوم کردو دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی نارازییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بە دواداچوون بۆ پەروەندەی فەریناز. بە دوای ئەودا پەیامی هاوبەشی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سۆهەیلا قادرییەوە پێشکەش کراو لە بڕگەیەکی دیکەی ئاکسیۆنەکەدا کۆمەڵێک بروسکەو پەیام هاتبوون کە لەبەر کەمی کات تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا.

دوایین بەشی ئەم ئاکسیۆنە لێدوانی فاتمە عوسمانی، وتەبێژی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات بوو کە ڕوو بە ڕاگەیەنەکان پێشکەشی کرد.

پێویستە بگوترێ کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە لەو ئاکسیۆنەدا بەشدار بوونو دەنگی خۆیان

خستە پاڵ دەنگی خۆپێشاندەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ریسوا کردنی بکەرانی تـاوانی گیانلەدەست دانـی فەریناز خوسرەوانیو ئەو سەرکوتو کوشتبوڕەی دوای ئەو ڕووداوە لە خەڵکی کوردستان کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥

## پشتیوانیی یەکیەتیی لاوان لە قەڵادزێ لە ناڕەزایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان بەمەبەستی پشتگیری کردن لە نارەزایەتییەکانی ڕوژهەلاتی کوردستان کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢١ ی بانەمەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕوژهەلاتی کوردستانو ئەندامانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەفەری پشدەر بەڕێوەچوو، پشتیوانی لە داخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو نارەزایەتییەکانیان کرا.

ئەو کۆبوونەویە بە سرودی ئەی رەقیب دەستی پێکردو پەیامی یەکیەتی لاوان لەلایەن شەپول زارعی خوێندرایەوەو پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایە بێستون ئازەری پێشکێش کرا.

لە هەر دوو ئەو پەیامانەدا لەگەڵ مەحکومکردنی سیاسەتی سەرکوتو زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە ڕووداوەکانی حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کورستان پێداگری لەسەر پشتیوانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوان لە ڕاپەڕینو خۆپیشاندانانە کرابوو.

لەو پەیامانەدا هاتبوو کە هیواو هەوڵەکانمان وایە ئەم ڕاپەڕینە کە لە ئەساسدا بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی بۆ دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکان سەری هەڵداوە، ئامانجەکانی خۆی بپێکێو دەستی ڕەشی تڕۆرو سەرکوتو داگیرکاری دوژمنانی گەلەکەمان لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کورت بکاتەوەو هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا بە هۆی پشتیوانی خەڵکو لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە کوردستان لەم ڕاپەڕینە جاریکی دیکە رووحی یەکپارچەیی‌و یەکیەتی نەتەوەیی گەلی کورد لێک گرێ بداتەوە.

خوێندنەوەی پەیامی یە کیەتی ژنانی کوردستان لەلایەن شلێر محمودی‌و خوێندنەوەی پەیامی ڕێکخراوەکانی شاری قەڵا دزێ دوو بڕگەی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## دیاریکردنی بارمتەی ۲۰۰ میلیۆن تمەنی بۆ دو کەس لە گیراوەکانی شاری سەردەشت




دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ بۆ ئازادکردنی کاتیی دوو گیراوی خۆپیشاندانەکەی رۆژی شەممەی سەردەشت داوای بارمتەی قورسی ۲۰۰ میلیۆن تمەنییان کردوە.

بەپێی راپۆتی پەیامنیری کوردستانو کورد دوو کەس لە گیراوەکانی خۆپیشاندانەکەی رۆژی شەممەی سەردەشت کە ئێستا لە گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێدا بەند کراون، بۆ ئازادکرانی کاتییان هەر کام داوای ۱۰۰ میلیۆن تمەن بارمتە کراوە.

هەر بەپێی ئەو راپۆرتە لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی پێنجشەممەی مەهاباد کە دوایە پشتیوانیی شاری سەردەشتی لەگەڵ خۆی هێنا، تا ئێستا زیاتر لە ۱۰۰ کەس دەسبەسەر کراون کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ ئازادکردنی کاتیی ئەوان تا کاتی دادگاییو حوکم دانیان بارمتەی قورسیان بۆ دیاری کردوون کە زۆر کەس لە بنەماڵەی ئەو گیراوانە توانای دابینکردنی ئەو بارمەتەیەیان نییە.

شایانی باسە زۆربەی ئەو گیراوانە تا ئێستا لە مافی سەردانو چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بێبەش کراونو ئەوەش پتر بنەماڵەی ئەوانی سەبارەت بە دۆخی سڵامەتیو چۆنیەتیی راگیرانیان نیگەران کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## قادر وریا بۆ " الشرق الاوسط ": ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزی زۆری سەرکوتکەر تەنراوەو خەڵک چاوەڕوانی دەرفەتن بۆ نارەزایەتی دەربڕین



ڕۆژنامەی بەناوبانگی عەرەبیی "الشرق الاوسط" لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوەو باسی لە کەشی کوردستان بە دوای خۆپیشاندانەکەی شاری مەهاباددا کردوە.

ئەو ڕۆژنامەیە بە ئاماژە بە ژمارەی زۆری گیراوەکان دەڵێ دەستگیرکراوەکان زۆربەیان ئەو کەسانەن لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدار بوون کە لەو شارانەدا بە نیشانەی دەربڕینی تووڕەیی لە ڕووداوی خۆکوژیی کچێکی کورد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی بەڕێوە چوون. خۆکوژییەکە دوای ئەوە ڕووی دا کە مەئموورێکی ئیتلاعاتی ڕێژیم ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لەو هۆتێلەی مەهابادکە کچەکە کاری لێ دەکرد هەوڵی دابوو دەستدرێژیی بکاتە سەر.

قادر وریا ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە "الشرق الاوسط"ی گوتوە: "حکومەتی ئێران ئەوپەڕی حاڵەتی ئامادەباشی لە شارەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندووە و لەسەر ناردنی هێزەکانی بۆ ئەو ناوچانە بەردەوام بووە. هاووڵاتیانیش لەو شارانەدا تووڕەن‌و چاوەڕوانی دەرفەتێکن بۆ ئەوەی بۆ نیشاندانی تووڕەیی خۆیان لە کار و کردەوەکانی ڕێژیم بۆ خۆپێشاندان برژێنە شەقامەکان. ڕێژیم ڕێگە لە خەڵک دەگرێ کە خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانە بەڕێوە ببەن، بەڵام هەوڵەکان بەو مەبەستە درێژەیان هەیە و چالاکانی مەدەنی لەپێناو درێژەدانی خۆپێشاندانەکان لەنێوان خۆیاندا پلان دادەڕێژن. لەنێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکانیشدا کۆبوونەوەکان لەپێناو یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ کارکردنی زیاتر لەسەر ئەم خۆپێشاندانانە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەردەوامن".

قادر وریا لە درێژەدا گوتی :" ئێستا خۆپێشاندەران بۆ دەربڕینی تووڕەیی خۆیان هەوڵ دەدەن ڕێگەی ئاشتییانە بگرنە بەر، بەڵام

ئه‌گه‌ر تاران هه‌روا به‌رده‌وام بێ له پێشگرتنی خه‌ڵک له خۆپێشاندان، ئه‌و کاته هاووڵاتییان رێگای دیکه ده‌گرنه به‌ر".

قادر وریا هه‌روه‌ها ئاشکرای کرد که ژماره‌ی گیراوه‌کان به‌ته‌نیا له مه‌هاباد له ٢٠٠ که‌س تێپه‌ڕیوه. ناوبراو پێی له‌سه‌ر ئه‌وه داگرته‌وه که حکومه‌تی ئێران "هیچ جێگه و پێگه‌یه‌کی له کوردستانی ئێراندا نیه و جێگه‌ی متمانه‌ی [خه‌ڵک] نیه، و [رژێمێکه] که له سه‌رکوت و له په‌راوێزخستنی کورده‌کان به‌رده‌وامه و له ساڵانی رابردوودا ده‌یان که‌سی له لاوانی کورد ئێعدام کردوه.

"الشرق الاوسط" باسی له ڕووداوه‌که‌ی ڕۆژی یه‌کشه‌ممه‌ی به‌لوچستانیش کردوه. ئه‌و ڕۆژنامه‌یه ده‌ڵێ له هه‌رێمی به‌لوچستانیش که ده‌که‌وێته رۆژهه‌ڵاتی ئێران و به‌لوچه‌کان که به‌شێکی گه‌وره‌ی سوننه‌کانی ئێران پێک دێنن له‌وێ نیشته‌جێن، خۆپێشاندانی جه‌ماوه‌ری وه‌ڕێ خراوه. ئه‌وه‌ش دوای ئه‌وه که هێزه چه‌کداره‌کانی ئێران دوو به‌لووچیان کوشت.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی کوردستان و کورد - رێکه‌وتی: ١٥ی مای ٢٠١٥

---



سه‌رچاوه
Serchawe

## ناڕوونیی چارەنووسی گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی مەهابادو سەردەشت



چارەنووسی گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی مەهابادو سەردەشت ناڕوونەو ئیدارەی ئیتلاعات ئیزن نادا بنەماڵەکانیان چاویان پێیان بکەوێ‌و لە دۆخی ڕۆڵەکانیان ئاگادار بن.

بەپێی ڕاپۆرتی کوردستان‌و کورد دوای خۆپیشاندانەکەی شاری مەهاباد لە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ی بانەمەڕ کە دوایە شاری سەردەشتیشی گرتەوە، زیاتر لە ٢٠٠ کەس دەسبەسەر کراون، کە ئەگەرچی ژمارەیەک لەوان ئازاد کراون، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا ماونەتەوەو بنەماڵەی هیندێک لەوانیش ئاگادار کراونەتەوە کە دەتوانن بە دانانی بارمتەی ٥٠ تا ١٠٠ میلیۆن تمەنی کوڕەکانیان بە شێوەی کاتی ئازاد ببن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە کەسانی نیزیک بە گیراوەکان بڵاو کراوەتەوە ئەگەرچی هێشتا بە ڕوونی ناونیشانی ژمارەیەکی زۆر لەو گیراوانە نەزاندراوە، بەڵام ناوی بەشێک لە گیراوەکانی سەردەشت بریتین لە: سەهەیلا زوبەیری، سەفا حەسەن پوور، ئاوات هاشم‌زادە، هێمن مەعروفی، فایق ئەمینی، مەنسوور زاهیدی، تاهیر ڕۆستەمی، محەمەد خزری، مستەفا بێتووشی، ئیرەج محەممەدی، ڕەزا ڕەزازادە، ناهید وافری و عەلی مەعرووفی.

لە شاری مەهابادیش کە چەقی ڕووداوەکان بووەو زۆرترین گیراوەکان لەو شارە بوون، ناونیشانی ئەو چەند کەسە پشتڕاست کراوەتەوە کە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون:

**ئۆمید کەریمی، کاوە عینایەتی، فوئاد خاکی، ئەمیر ئەبوبەکری، حوسێن ئەمینی، کەریم ئابراهام، عەلی ئەشک تەلخ، ئاکام آپاپ و چەند کەسی دیکە بە ناوەکانی برایمە سوور، ئیدریسو جەلال.**

بەپێی زانیارییەکان ئاکام تەلاج کە خوێندکارێکی خەڵکی نەغەدە لە شاری مەهاباد بووە یەکێکی دیکە لە گیراوەکانی ئەم ڕووداوەیە کە زۆر بە توندی بریندارەو هەواڵی ڕاستوناڕاست لە مردنی بڵاو کراوەتەوە. ئاکام تەلاج لە نەخۆشخانەی خومەینیی شاری ورمێ لە ژێر چاوەدێری پزیشکیو ئەمنیەتی دابوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٤ی مەی ٢٠١٥

## کۆبوونەوە لە بەردەم پارلمانی نۆرویژو باڵویزخانەی کۆماری ئیسلامی لە برۆکسێل بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە درێژەی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهابادو نارەزاتییەکانی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوویی نۆرویژ لە بەردەم پارلمانی ئەو وڵاتە لە ئۆسلۆ کۆبوونەوەو وێرای ڕیسواکردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانی، دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتوویی مەهابادو شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی خۆپێشاندەران لە لایەن خاتوو مەحبوبە رەحیمی خوێندرایەوەو لەو پەیامەدا وێرای مەحکومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانو ئاماژەدان بە گرتنی سەدان کەسو بریندار کردنی دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی ئەم دواییانە پشتیوانیی خۆپیشاندەرانی لە نارەزایەتییەکانی خەڵک ڕاگەیاندو داوای لە پارلمانو داموو دەزگا حکومەتیو مەدەنییەکانی نۆرویژ کرد وێرای مەحکوم کردنی ئەو جینایەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، فشاری خۆیان بخەنە سەر ڕێژیم بۆ لێکۆڵینەوە لەو پەروەندەیەو ئازادکرانی گیراوانی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا " هەیکی هۆڵمۆس"، ئەندامی پارلمانی نۆرویژ سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپ قسەی کردو وێرای مەحکوم کردنی ڕووداوی مەرگی فەریناز خوسرەوانی، پشتیوانی خۆی و حیزبەکەی بۆ خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. نابراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کوژرانی فەریناز خوسرەوانیی بەو شێوە گوماناوییە دایە بەر ڕخنەی توندو هاوکات نارەزایەتیی توندی حیزبەکەیو خۆی دژ بە کەمتەرخەمیی دامودەزگای دادوەریی ئێران دەربڕی و داوای کرد کە حکومەتی ئێران بە زووترین کات جگە لە لیپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە، گیراوانی خۆپیشاندانەکان ئازاد بکا.

له برگەیەكی دیكەی ئەو كۆبوونەوەیەدا دوكتور مەحمود ئەمیری موقەددەم، سەرۆكی رێكخراوی مافی مرۆڤی ئێران وتارێكی پێشكەش كردو خوێندنەوەی پەیامی پشتیوانیی حیزبی خەڵكی بەلوچستانو پەیامی خۆپێشاندەران بە زمانی نۆروێژی لە لایەن شوانە ئوستادی دوو برگەی دیكەی ئەو كۆبوونەوەیە بوونو لە كۆتایی خۆپێشاندانەكەدا هەیئەتێك سەردانی پارڵمانیان كردو داوای خۆپێشاندەرانیان بە نامەیەك لەگەڵ راپۆرتی كۆمیتەی مافی مرۆڤ حیزبی دێموكراتی كوردستان كە كۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حدك ئامادەی كردبوو، پێشكەشی كۆمیتەی دەرەوەی پارڵمانی نۆرویژ كرد.

شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە بە دەستپێشخەری و پشتگیری ئەو رێكخراوانە بەرێوە چوو،

یەكیەتی ژنانی دێموكراتی كوردستان، یەكیەتی لاوانی دێموكراتی رۆژهەڵاتی كوردستان، كۆمەڵەی كولتووری كوردی ناوچەی رۆمەریكە، كۆمیتەی پشتگیری لە سەربەخۆیی كوردستانو كۆمیتەی پشتیوانی لە سەرۆكی مافی مرۆڤی كوردستان، محەممەد سەدیق كەبوودوەند.

بە گوێرەی هەواڵێكیش كە لە برۆكسێلی پایتەخی بلژیكەوە بە دەستمان گەشتووە، دوانیوەرۆی رۆژی چوارشەممە، 23 ی بانەمەڕ لە سەر بانگەوازی حیزبو لایەنە سیاسیو رێكخراوە مەدەنییەكانی هەرچوار پارچەی كوردستانو بە مەبەستی پشتگیریو پشتیوانی لە سەر هەڵدانی خەڵكی شاری مەهاباد و بۆ هەرچی زیاتر ریسوا كردنی سیاسەتی سەركوت و ئینكاری رژیمی ئیلامی ئێران، كۆمەڵێكی بەرچاو لە كوردانی هەر چوار پارچەی كوردستان، لە بەر دەركی باڵوێزخانەی رژیمی ئێران لە برۆكسێل، پایتەختی وڵاتی بلژیك كۆبوونەوە.

خۆپیشاندەران بە دانی دروشم و بەرزكردنەوەی وێنەی فەریناز خوسرەوانیو بریندارانی خۆپیشاندانەكەی شاری مەهاباد، نارەزایەتی توندی خۆیان دژ بەو رژیمە و دەست پێوەندەكانی دەربڕی و داوایان لە كۆمەڵگای نیودەولەتی، بەتایبەت پارلەمانی ئوروپا و كۆڕ و كۆمەلە مرۆڤ دۆست و رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ كرد لە ئاست جینایەتو دەغەڵكارییەكانی حكومەتی ئێران بێدەنگ نەبنو هاوكات داخوازی ئازاد كردنی بە پەلە و بێ قەید و شەرتی وبەندكراوانی مەهاباد و باقی شارەكانی دیكە كوردستان بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - رێكەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## خالید عەزیزی بۆ ئەلجەزیرە: بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ




خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرەدا بەرگریی لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی مەهابادو سەردەشت کردو گوتی هەموو هەوڵی ناوەندە ئەمنیەتییەکان ئەوەیە لە ڕێگەی سەرکوتەوە نەهێڵن ئەو خۆپیشاندانو ڕاپەڕینانە پەرە بستێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وتووێژەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکاو جیا لە هێزە چەکدارە هەمیشە جێگیرەکانی خۆی لە کوردستان؛ لەو ماوەیەدا هێزێکی زۆری دیکەی سەرکوتی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە خزاندۆتە کوردستانو دەیەوێ لەئەگەری هەر ڕاپەڕینێکدا بەکاریان بێنێ.

خالید عەزیزی لە وەڵامی هۆکارەکانی بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە کوردستان باسی ئەوەی کرد کە هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نیزامی سیاسیی وڵات نەیویستوە گوێ بۆ داوای کورد بگرێ، هەر بۆیە شەڕێکی ناحەقو نارەوای بەسەر کورددا سەپاندوە کە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان وایکردوە بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیی کوردستان زۆر لە پاش ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بێ، نیزامی سیاسیی ئێران بە چاوی غەیرەخودی لە کورد دەڕوانێو کوردەکانیش هیچ متمانەیەکیان بە دەسەڵات نییەو هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ ڕووداوی لە چەشنی ئەوەی لە مەهاباد ڕووی دا لە هەر شوێنێکی کوردستان ڕوو بدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی ئەم ڕووداوانە ئەو دەرفەتە بە کوردەکان، وەک نەتەوەیەکی

جیاواز لە ئێران دەدا کە دژی سیاسەتی جیاوازیدانان کە ڕێژیم بەسەر کوردستاندا زاڵی کردوە دەنگ هەڵبڕن، ڕێژیمیش هەوڵ دەدا نەیەڵێ ئەو نارەزایەتیانە ناوچەکانی کوردستان هەمووی بگرێتەوە، بەڵام خەڵکی کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی هەیەو بۆ ئێران ئەوەندە ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## ناڕاستبوونی هەواڵی ئازادکرانی بێ مەرجی ١٠ کەس لە گیراوەکانی شاری سەردەشت



ئازاد کرانی تەواوو بێ مەرجی ١٠ کەس لە گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە لە شاری سەردەشت وەدرۆ خرایەوە.

پاش بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئازادکرانی تەواوی ١٠ کەس لە دەستبەسەر کراوەکانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی شاری سەردەشت کە لە لایەن کۆمەڵێک لە ڕاگەیەنەکان باسی کرا، بنەماڵەی ئەم گیراوانە بە ماف نیووزیان ڕاگەیاندووە کە ئەم کەسانە تەنیا بە مەرج ئازاد کراونو لە ڕێکەوتێکی دیاریکراودا، دادگایی دەکرێن.

چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکانی ئەم زیندانییانە دەڵێن ئازیزەکانیان بە دانانی بارمتەی جۆراوجۆری لە ٤٥ میلیۆن تمەنەوە تا٣٠٠ میلیۆن تمەن، بە مەرج ئازاد کراونو پێیان گوتوون کە لە داهاتوودا کاتی بەرێوەچوونی کۆبوونەوەی دادگاکەیان پێ ڕادەگەیەندرێ. هەروەها بەم ١٠ کەسەیان گوتوە تا کاتی پێڕاگەیشتن بە پەروەندەکانیان لە دادگا، مافی چوونە دەر لە وڵاتیان نییە.
پێشتر کۆمەڵێک لە ڕاگەیەنەکان ئیدیعایان کردبوو کە ئەم ١٠ کەسە، بەبێ هیچ مەرجێک لە زیندان ئازاد کراونو تەنیا کەسێک لە گیراوەکانی سەردەشت کە دانی بە بەشداری کردن لە خۆپێشاندانەکاندا هێناوە، لە زینداندا ڕاگیراوە.

جێی باسە کە زیاتر لە ١٥٠ کەس لە شاری مەهابادو سەردەشت لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای کۆبوونەوەکانی پشتیوانی کردن لە نارەزایەتییەکانی شاری مەهاباد دەستبەسەر کراون و تا ئێستاش کەشێکی تەواو ئەمنیەتی باڵی بەسەر شار و ناوچەکانی کوردستاندا کێشاوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٥

## بەردەوامیی خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی لە مەهاباد لە وڵاتی دانمارک



کوردانی وڵاتی دانمارک بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی مەهابادو رۆژهەڵاتی کوردستان بە رووداوەکەی هۆتێل تارا بەشداریی چەند رێپێوانو خۆپیشاندانیان کردوە.

لە سەر بانگەوازی هاوبەشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان لە وڵاتی دانمارک رۆژی هەینی ۲۵ی بانەمەڕ کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی دەربڕین بە رەفتارو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاوی کوردستانیانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئیران لە کۆپینهاگ بەرێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا جارێکی دیکە کوردانی تاراوگە یەکگرتووانە پشتیوانیی خۆیان لە راپەرینی رۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕیو دەیان درووشمی جۆراوجۆر، دژی کۆماری ئیسلامی ئیران بە زمانەکانی کوردی، فارسی ، دانمارکی و ئینگلیسی گوترانەوە.

هەر لە دریژەی خۆپیشاندانەکەدا بەیاننامەیەک بە ناوی رەوەندی کوردی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بە دژی کۆماری دژی گەلی ئیسلامی ئیرانو بە پشتیوانی فەرینازی بیتاوانو سەرهەڵدان و بەرخودانی مەهابادو سەردەشت و باقی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانەکانی کوردی وفارسی و دانمارکی خویندرایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٥

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە پێتەختی سویس بۆ پشتگیری لە خەڵکی شاری مەهاباد



ناوەندی هەواڵ- سویس: ڕۆژی هەینی ٢٠١٥ - ٥ - ١٥ی زایینی لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شاری بەڕن،ی پایتەختی سوئیس لە نزیک باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و بە بەشداری کۆمەڵێک لە کوردانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە، بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندان و داخوازیەکانی خەڵکی مهاباد و سەردەشت و باقی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانێک وەڕێخرا. ئەم خۆپیشاندانە کە لە لایان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێک خرابوو، لە لایان زۆرێک لە حیزب و ریکخراوە کوردستانیەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە پێشوازی لێکرا و دەنگی خۆیان تێکەڵاوی دەنگی نارەزایەتیەکانی مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایان هاوڕێ زاهید شاعیری داخوازی خۆپیشاندەران بەزمانی کوردی خوێندرایەوە. هەروەها هەمان پەیام بەزمانی ئاڵمانی لە لایان تاڤگە شاعیری خوێندرایەوە. پاشان لە لایان مامۆستا عەزیز ئەحمەدی پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خاتوو ئاوێزان ڕەحمانزادە پەیامی یەکیەتی ژنان خوێندرایەوە. لە درێژەی ئەم چالاکیە دا هەریەک لە حیزبی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سوریە، پارتی دێموکراتی کورد لە سوریە و کانونی دێموکراتیکی پەناخوازانی ئێرانی، پەیامی پشتیوانی خۆیان پێشکەش کرد. بە دوای ئەواندا پەیامی کەسایەتی سیاسی و ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ئەحمەد شێربەگی، لە لایان شاخەوان عەزیزیەوە خوێندرایەوە. مەحەمەد سێوەتاڵی و هەڵبەستوانێکی لاوی ڕۆژئاوای کوردستان هەریەکە پارچە هەڵبەستێکیان پێشکەش کرد. شایانی باسە کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی گۆڕەپانەکە بە چەندین ئاڵای کوردستان، وێنەو درووشم و پلاکارت کە چیرۆکی درندەی ڕێژیمی ئێرانیان دەگێڕایەوە، ڕازیندرابووەوە، چەندین دروشمیش بە زمانەکانی کوردی و ئاڵمانی دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە دەنگی بەرز گووترانەوە و دەیان لاپەرە بەیاننامە کە بە زمانی ئاڵمانی نووسرابوون، لە ناو ڕێبوارانی ئەم گۆڕەپانەدا بڵاوکرانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## خۆپیشاندانی کوردەکان لە ترۆندهایمی نۆڕویژ بۆ پشتگیری لە خەڵکی مەهاباد



کوردەکانی دانیشتووی ترۆندهایم بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهابادو داواکانیان خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ، ٢٥ی بانەمەڕ ڕەوەندی کوردی لە شاری "ترۆندهایم"ی لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی هاوکاریی کوردستانییەکانو بەمەبەستی پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی مەهابادو پشتیوانی لە داوای خەڵکی ئەو شارە خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی نارازی لە سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراو هاوکات داوا کرا دەستبەسەرکراو و گیراوانی بەشدار لە خۆپیشاندانەکان ئازاد بکرێن.

لەو کۆبوونەوەیەدا بێکەس بەرواری لەلایەن کۆمیتەی هاوکاریی کوردستانییەکانەوە ئامانجی خۆپیشاندانەکە ڕوون کرایەوەو پاشان پەیامی " هێزە کوردستانیو ڕێکخراوەکان بۆ پشتیوانیی لە خەڵکی مەهاباد و مەحکومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە زمانی نۆڕویژی " لە لایەن خاتوو " سۆما فەتووڵای"و دەقی ئەو پەیامە بە زمانی کوردی لەلایەن خاتوو" ڕووناک خاتوونی " خوێندرایەوە.

لە بەشیکی دیکەدا " یان بیۆر ڤیندهایم " لە پارتی ژینگەپارێزی نۆرویژو ئەندامی شارەوانی شاری ترۆندهایم پەیامێکی پشتیوانی لە خەڵکی مەهابادی پێشکەش کرد. خوێندنەوەی پەیامەکانی ئیسماعیل سەلاد ئیلمی، سەرۆکی " دەستە ی ڕاوێژکاری کۆمەڵگای فرەڕەنگ" لە شارەوانی ترۆندهایمو پەیامی سەرۆکی "دەستەی ڕاوێژکاری لە مافی مرۆڤی نۆرویژ" لەلایەن " بێنت هاوگەوە " دوو

برِگەی دیکەی ئەو خۆپیشاندانە بوو.

خۆپێشاندەران لەو کۆبوونەوەیەدا بە بەرزکردنەوەی ئاڵای نە رویج و کوردستان، هەروەها وێنەی جوانەمەرگ "فەریناز خوسرەوانی" و وێنەی بریندارانی نارەزاییەتییەکان و وێنەی چالاکانی سیاسی لە نێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و بێزاریی خۆیان لە سیاسەتی سەرکوتی ئەو رژێمە دەربڕی.

**شایانی باسە کۆمیتەی کوردستانییەکان لە ترِوندهایم لەو حیزبانە پێک هاتووە:**

- حیزبی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- بزوتنەوەی گۆڕان
- پارتی دیموکراتی کوردستان
- پارتی کرێکارانی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- پارتی یەکێتی دیموکرات
- کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان
- ڕێکخراوی کەلتوری کوردی سورێن
- ڕێکخراوی کەلتوری کوردی خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگای نەرویجی لە ترۆندهایم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## پشتیوانیی کوردانی دانیشتووی شاری "زوریخ"ی سویس بۆ پشتگیری لە داوای خەڵکی مەهاباد



کوردانی دانیشتووی شاری "زوریخ"ی سویس بۆ پشتگیری لە داوا و نارەزایەتیی خەڵکی مەهاباد خۆپیشاندانێکیان وەرێخست.

لە درێژەی ئەو کارو چالاکییانەدا کە ئەندامانو لایانگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئیس بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانەکەی ئەم دواییانەی مەهابادو مەحکومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویانە، لە شاری "زوریخ"یش خۆپیشاندانێک بەرێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە لە سەر بانگەوازی کومیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گرووپی ئاراراتو بە بەشداریی دەیان کەس لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەرێوەچوو، پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان کراو، داوای ئازادکرانی گیراوانی رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی شارەکانی مەهابادو سەردەشت بەرز کرایەوە.

لەم خۆپیشاندانەدا جگە لە بەرز کردنەوەی دەیان دروشم و پلاکاردی جۆراوجۆر کە هەڵگری داوای خۆپیشاندەران بوو، سەدان لاپەرەش لە داوانامەی خۆپیشاندەران، بەزمانی ئەڵمانی بە نێو خەڵدا بڵاوکرانەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە لەم ئاکسیۆنەدا چەندین پەیامو برووسکەی پشتیوانی لە لەیان حیزبو رێکخراوە و کەسایەتیە سیاسیەکانەوە خوێندرایەوەو پەیامی کومیتەی حیزب لە لایەن ئەحمەد رەسووڵیەوە پێشکەش کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خۆپیشاندانی هاوبەش لەشاری کۆڵنی ئاڵمان، بۆ پشتگیری راپەڕینی خەڵکی شاری مەهاباد



ناوەندی هەواڵ- ئاڵمان: رۆژی سێ شەمە ١٢ی مانگی مەی لە سەر بانگهێشتی کومیتەکانی چوار حیزبی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەی کە لە هوتیل تارای شاری مەهاباد روویدا رووید کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی فەرینازخوسرەوانی و هەروەها بۆ پشتیوانی لە خەڵکی تێکۆشەر و شورشگێری شاری مەهاباد و هاوخەمی و هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە ئاکسیونێکی ئیعترازی لە شاری کوڵن ئاڵمان بە رێوە چوو.

سەرەتای بەرنامەکە بە پێشکەشکاری هاورێ سوهەیلا بابەک بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی فەریناز خوسرەوانی و سەرجەم گیان بەخت کردوانی رێگای رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەستی پێکرد و پاشان پەیامی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی کوردستان خوێندرایەوە و هاوکاتیش دەقی ئەو پەیامە بە زمانی ئاڵمانی لە لایەن کچە کوردێکەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا کاک سوڵتان گوڵاوی سەبارەت بەم روداوە بە زمانی ئاڵمانی قسە و باسێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. پاشان کاک بەکر لەگز بسرودێکی پشۆرشگێرانەی ێشکەش بە بەشدار بووان کرد و هەروەها پەیامی هاوبەشی چەند رێکخراوی ژنان لە لایەن کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵاتەوە خوێندرایەوە.

لە لایەن کاک موستەفا ئەمینیەوە بە خێرهاتنی بەشداربووانی فار س زمان کرا و سەبارەت بەم کارەساتە قسە و باسێکی پێشکەش کرد.

هەروەها پەیامی سەنتەری ژنانی کوڵن خوێندرایەوە.

لەم ئاکسیونەدا چالاکانی ماڤی مرۆڤ،رێکخراوەکانی ژنان ،کەسایتیە سیاسیەکان و هەروەها کەسایتیە سەربەخۆکان بەشداریان کرد و بە ئیدانە کردنی ئەم حرکەتەی کۆماری ئیسلامی دەنگی ئیعترازی خۆیان هەڵبڕی و نارەزایتیان لە ئاست ئەم کردویە دەربڕی.

شایانی باسە کە لە کۆتاییدا بەشدار بووان بە نیشانەی ڕێزگرتن لە گیانی پاکی فەریناز خوسرەوانی و هەموو ئەو کچ و ژنانەی کە بوونە قوربانی فەرهەنگی دواکەوتویی و کۆنەپرستانەی کۆمەڵگا بە دەستەوە گرتنی شاخە گوڵێک ڕێپێوانیان کرد.

- کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- حیزبی دیموکراتی کوردستان
- پارتی ئازادی کوردستان
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان– ئاڵمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە بەردەم کۆنسوڵی ئێران لە فڕانکفۆرتی ئاڵمان بۆ پشتگری لە خەڵکی مەهاباد



ناوەندی هەواڵ- ئاڵمان: رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٣ی مەی ٢٠١٥ی زایینی، لە سەر بانگەوازی کومیتەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی ئاڵمان، لە سەر بانگەوازی کومیتەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی ئاڵمان، کە زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕیکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکانی نەیاری ڕژیمی ئیسلامی ئێران، تێیدا بەشدارن، خۆپیشاندانێک لە بەردەم کۆنسوڵگەری ڕژیمی ئیسلامی، لە شاری فڕانکفۆرت ڕێکخرا. بەشداری ئەو نارەزایەتی کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی ئاڵمان، لە بەردەم جاسوسخانەی ڕژێم دا کۆبوونەوە و بە بەرز کردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و دەیان دروشم و وێنەی جۆراوجۆر سیاسەتە دژی گەلەبیەکانی ڕژیمی ئێرانیان لە قاو دا. هاوکات بۆ دەربرینی هاوپشتی بۆ خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکە کوردستان و هەروەها ریسوا و مەحکوم کردنی سیاسەتی سەرکوت و گرتنی ئەو ڕژیمە دژ بە خەڵکی کوردستانیان دەیان دروشمی جۆراوجۆریان وتووەوە.

دەیان لاپەرە بەیاننامە کە سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان بە زمانی ئاڵمانی نووسرابوون، بە سەر ڕێبوارانی ئەو ناوچەیە دا بڵاو کرایەوە. پێویست بە ئاماژەیە کە لە درێژەی کۆمبوونەکە دا چەندین پەیام لە لایەن بەشدارانەوە خوێندرانەوە کە تێیاندا جگە لە مەحکووم کردنی سیاسەتی سەرکوتی ڕژێم لە کوردستان، داوای ئازاد کردنی دەستبەجێی گیراوانی ڕرووداوەکانی چەند رۆژی رابردوویان کردبوو و هاوکات پشتگیری قاییمی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردبووەوە.

ئاکسیۆنی بەڕێوەبردنی نارەزایەتییەکان دژ بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## ڕێپێوانی کوردانی دانیشتوی وڵاتی ئوتریش بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ناوەندی هەواڵ- ئۆتریش: لە درێژەی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی کوردانی تاواراوگە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و سەرجەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوی ئوتریش، لە شاری ویەن ڕێپێوانیکی چەند کیلومتریان لە ناوەندی شارەوە تاکوو بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی پێک هێنا و نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. خۆپیشاندەران بە دانی دروشم و بڵاو کردنەوەی نوسراوە لە نێوان دانیشتوانی ئەو وڵاتە، بێزاری خۆیان دژ بە سیاسەتی سەرکوت و کوشتار و ئینکاری گەلەکەمان نیشاندا.

لەو خۆپیشاندانە دا پەیامی خۆپیشاندەران لە لایەن دوکتۆر عەلی مازوچی ( ح د ک ) وە دوکتۆر جەزا ساڵحی ( ح د ک ا ) لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران خویندرایەوە و وێڕای مەحکوم کردنی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وە دەست بە سەر کردن وە بریندار کردنی دەیان هاوڵاتی کورد، دەنگی نارەزایەتی کوردانی دانیشتوی وڵاتی ئوتریشیان گەیاندە گوێی خەڵکی ئەو وڵاتە.

شایانی باسە لەو خۆپیشاندانە هاووڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان هاودەردی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی دەربڕی وە کۆماری ئیسلامییان هۆکاری سەرەکی ئەو کارەساتە ناساند و مەحکومیان کرد، بە تایبەت کە ناراستەوخۆ پشتگیری لە بکوژانی پشتی پەردەی فەریناز دەکات و بە درووست کردنی سیناریۆی جۆراوجۆر، هەواڵی چەواشە کردن و بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتێ دەدات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئوتریش

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥

## خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی بلژیک، لە بەردەم باڵویزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە برۆکسێل



ناوەندی هەواڵ- بلژیک: بە گوێرەی هەواڵێک کە لە برۆکسێلی پایتەخی بلژیکەوە بە دەستمان گەشتووە، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی مەی ٢٠١٥ی زایینی، لە سەر بانگەوازی پارت و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و بە مەبەستی پشتگیری و پشتیوانی لە سەر هەڵدانی خەڵکی شاری مەهاباد و بۆ هەرچی زیاتر ڕیسوا کردنی سیاسەتی سەرکوت و ئینکاری ڕژیمی ئیلامی ئێران، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی ڕژیمی ئێران لە برۆکسێل،ی پایتەختی وڵاتی بلژیک کۆبوونەوە. خۆپیشاندەران بە دانی دروشم و بەرزکردنەوەی وێنەی فەریناز خوسرەوانی و بریندارانی خۆپیشاندانەکەی شاری مەهاباد، ناڕەزایەتی توندی خۆیان دژ بەو ڕژیمە و دەست پێوەندەکانی دەربڕی و داوایان لە کۆمەڵگای نیودەولەتی، بەتایبەت پارلەمانی ئوروپا و کۆڕ و کۆمەلە مرۆڤ دۆست و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد لە ئاست جەنایەت و دەغەڵ کارییەکانی حکومەتی ئێران بێ دەنگ نەبن و هاوکات داخوازی ئازاد کردنی بە پەلە و بێ قەید و شەرتی وبەندکراوانی مەهاباد و باقی شارەکانی دیکە کوردستان بوون.

کوردستانیان بە بەرز کردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وێنەی فەریناز و بەندکراوە سیاسییەکان، بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و شاری مەهاباد بە تایبەتی دووپات کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥

## خۆپیشاندانی کوردانی ئۆپسالای سوئێد بۆ پشتیوانی له ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی مەهاباد



کوردانی دانیشتووی ئۆپسالای سۆئێد بە خۆپیشاندانێک پشتیوانیی خۆیان له داواو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی مەهاباد ڕاگەیاند.

له وڵاتی سۆئێدو به دەستپێشخەری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان له شاری "ئوپسالا" و به هاوکاریی کۆمەڵەی سویدی-کوردیو یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەو شارە، خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری سەرهەڵدانو داوای خەڵکی مەهابادو شارەکانی دیکه ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێکخرا.

لەو خۆپیشاندانەدا چەندین درووشم و وێنەی تایبەت به ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی مەهابادو شاری سەردەشت بەرز کرانەوەو له درێژەی خۆپیشاندانەکەدا، پەیامێک به زمانی کوردی له لایەن عەبدووڵا کەریمی، بەپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو شارەو پەیامێک به زمانی سۆئێدی لەلایەن سەید عەزیز نژادیان، ئەندامی کومیتەی گشتیی حیزب له وڵاتی سوید خوێندرانەوە.

لەو پەیامانه دا وێڕای باس له ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی مەهابادو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئەو شارە، داوا له کۆڕ و کۆمەڵه مرۆڤدۆست و دامودەزگا پێوەندیدارە سویدییەکان کرابوو فشار بخەنه سەر ڕژیمی ئیسلامی ئێران که گیراوەکانی خۆپیشاندانەکانی مەهەبادو سەردەشت ئازاد بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥

## کوردانی ڤانکۆڤێری کاناداش پشتگیری خۆیان بۆ مەهاباد دەربڕی




ناوەندی هەواڵ- کانادا: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥ی مانگی مەی ٢٠١٥ی زایینی لە سەر داوای چەند حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕەوەندی کورد، لە ناوەندی شاری ڤانکۆڤێر لە ڕۆژئاوای کانادا ،خۆپێشاندانێک بۆ پشتگری کردن لە خۆ پێشاندانی ١٧ی مانگی بانەمەڕی مەهاباد و مەحکوم کردنی هەوڵی دەست درێژی مۆرەیەکی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بۆ سەر خاتوو فەریناز خوسرەوانی کە لە ئاکام دا بوە هۆیی گیان لە دەست دانی ئەو کیژە کوردە ڕێکخرا. لەو خۆپێشاندانەی کوردستانیانی ڤانکۆڤێری کانادا وێرای هاودەنگی و هاوپێوەندی دەربڕین لەگەڵ خەڵکی بە هەڵوێست و شۆڕشگێری مەهاباد،چەندین دروشم بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە دەنگی بەرز گوترانەوە. هەروەها پەیامێک بە زمانی کوردی لە لایەن ئەنوەر کەریمی بە نوێنەرایەتی کومیتەی ڕێکخستنی ئەو خۆ پێشاندانە پێشکەش کرا و پەیامێکیش بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن سمایل ئیبراهیمی پێشکەش کرا. کاتژمێر یەک و نیوی دوانیوەڕۆ کۆتایی بە خۆپێشاندانەکە هات.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

کومیتەی ڕۆژئاوای کانادا - ڤانکۆڤێر

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## دەستەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی کورد لە فینلاند: دەوڵەتی فینلاند بۆ ئازاکردنی گیراوەکانی مەهاباد تێبکۆشی



ناوەندی هەواڵ- فینلاند: دەستەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی کورد لە فینلاند داوای لە دەوڵەتی ئەو وڵاتە کردوە بۆ ئازادی گیراوەکانو دەرمانی بریندارەکانی مەهاباد هەنگاو هەڵگرێ.

دەستەیەک لە نوێنەرانی سێ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد.

ڕۆژی هەینی ٢٥ ی بانەمەڕ ( ١٥ ی مەی ٢٠١٥ ) دەستەیەکی چوارکەسی بریتی لە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی وەزارەتی دەرەوەیان کرد و لەلایەن شاندێکی وەزارەت بە سەرپەرستیی خاتوو تینا لاروالا(Tina Larvala) بەرپرسی کاروباری کەنداوی فارسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا دەستەی نوێنەرایەتیی کوردانی ڕۆژهەڵات، وێڕای دانی ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی، ڕاپۆرتێکی گشتی لە سەر ڕەشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیستەمی زیندان و ئەشکەنجەی زیندانیان لە ئێرانو هەروەها ڕاپۆرتێکی لە سەر پرسی کورد لە ئێران پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند کرد.

لەو دیدارەدا دەستەی نوێنەرایەتی کوردانی ڕۆژهەڵات داوانامەیەکیان پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی فینلاند کرد بە مەبەستی:

ئازادیی خێرای گیراوەکانی رووداوەکانی دوای گیان لە دەستدانی فەریناز خوسرەوانی و مسۆگەرکردنی هێمنایەتیی دەرمانکردن بۆ بریندارەکانی رووداوەکانو هەروەها داوا کرا فینلاند لە پێوەندییەکانی خۆی بە شێوەی راستەوخۆو لە رێگای یەکیەتیی ئورووپاوە زەخت بخاتە سەر ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی ئەمنیەتی، کۆمەلایەتی، دەروونی و ئابووری رۆژهەلاتی کوردستان.

نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیش لە لایەن خۆیانەوە وادەی بەدواچوونو ئاگادارکردنەوەی چالاکیەکانیان بە دەستەی نوێنەرایەتی کوردانی رۆژهەلات دا.

کۆبوونەوەکە دوای یەک کاتژمێر و پێشنیاری درێژەدانی دیداری نوێنەرایەتی کوردستانیانی رۆژهەلات لە داهاتوودا کۆتایی پێهات. دەستەی نوێنەرایەتی رۆژهەلاتی کوردستان بریتی بوون لە شنە رەزابی، خەلیل عەلیزادە، ناسر بیرزۆیی و مەجید حەقی.

ئەوەی خوارەوە دەقی داوانامەی دەستەی نوێنەرایەتی رێکخراوەکانی کورد لە فینلاند لە دەولەتی ئەو ولاتە بۆ بەدواداچوون بۆ رەوشی گیراوەکانو بریندارانی دوای خۆپیشاندانەکەی مەهابادە:

داوا لە دەولەتی فینلاند دەکەین، زەخت بخاتە سەر ئێران بۆ ئازادکردنی زیندانیان و مسۆگەر کردنی هێمنایەتی لە دەرمانکردنی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکاندا بە بێ ترسی گیران و دەستبەسەرداگیران. رۆژی ۴ / ۵ / ۲۰۱۵ فەریناز خوسرەوانی کچێکی 25 سالەی کورد بۆ رزگاری لە هەولی دەستدرێژی کاربەدەستێکی دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی خۆی لە نهۆمی چوارەمی هۆتێل تارا فرێدەدات و گیانی لە دەست دەدات. فەریناز کارمەندی هۆتێل تارابوو.

گیان لەدەستدانی فەریناز بوو بە هۆی توورەیی خەلکی مەهاباد و بەو هۆیەوە خۆپیشاندانی نارەزایەتیان دژی کاربەدەستی کۆماری ئیسلامی و بەرێوەبەری هۆتێل تارا وەرێخست.

دەزگاکانی سەربازی کۆماری ئیسلامی بە ئاگر و ئاسن وەلامی خەلکی نارازیان داوە و لەئەنجامدا کوردەکان لە شارەکانی جیاوازی رۆژهەلاتی کوردستان دەستیان بە خۆپیشاندانی نارەزایەتی و مانگرتن دا. لە ئەنجامی تەقەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە ۲۰۰ کەس بریندار و دەستگیر کراون. دەستگیر کراوەکان بۆ ئەشکەنجەگاکانی شاری مەهاباد و نەغەدە راگویزراون. شوێن و چارەنووسی بەشێکی زۆر لە گیراوەکان نادیارە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ۳٦ سالی رابردوودا سیاسەتی شەری سەربازی، ئابووری، کولتووری و دەروونی دژی خەلکی کوردستان بەکار بردووە. دەستدرێژی بەسەر ژنان، کچان و مێرمنالان بەشێک لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە دژی گەلی کورد. سالانە بە دەیان ژن بە هۆی ئەوەی بووتە قوربانی دەستدرێژی کۆتایی بە ژیانی خۆی دینێت.



سەرچاوە
Serchawe

له ماوەی زیاتر له سێ دەیەی رابردوودا کۆماری ئیسلامی به شێوەی بەردەوام پێشێلکاری مافی مرۆڤی کردووه له کوردستان:
بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی مادەهۆشبەرەکان له ناو لاوانی کوردستان، پەخشی تۆری مینه زنجیریەکان له ناوچه سنووریەکان، تەقه و کوشتنی کۆڵبەرانی کوردستان، ئێعدام و لەسێدارەدانی ئاشکرای زیندانیان له کوردستان. جێبەجێکردنی هەموو ئەو سیاسەتانه سیاسەتی رۆژانەی کۆماری ئیسلامی ئێران له کوردستاندایه.

به پێی راپۆرتی "ئەحمەد شەهید" نێردراوی مافی مرۆڤی نەتەوه یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠١٤ لانی کەم ٨٥٠ کەس له ئێران ئێعدام کراون و له سێداره دراون. به پێی راپۆرتی نێردراوی مافی مرۆڤی نەتەوه یەکگرتووەکان له چوارمانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دا لانی کەم ٣٤٠ کەس له ئێران ئێعدام کراون که لەوانەی ٦ زیندانی سیاسی و ٧ کەس ژن بوون.

دەوڵەتی فینلاند به شێوەیەکی ئەرێنی له پێناو بەرەوپێش چوونی مافی مرۆڤ له ئاستی ناونەتەوەییدا هەوڵی داوه. له ماوەی پانزده ساڵی رابردوودا پێوەندیەکانی ئابووری و دیپلۆماتیکی نێوان ئێران و فینلاند پێشوەچوونی باشیان بەخۆیەوه بینیوه.

ئێمه داوا له فینلاند دەکەین، چ وەک ئەندامێکی نەتەوه یەکگرتووەکان و وەک ئەندامێکی یەکیەتی ئورووپا له رێگای پێوەندیەکانی دووقوولی و پێوەندیەکانی ئورووپاییەوه ئێران بخاته ژێر گوشار بۆ پابەندبوون و جێبەجێ کردنی پەیمانه ناونەتەوەییەکانی پێوەندیدار به مافی مرۆڤ که ئێران بۆخۆی پەسەندی کردووه. داوا له دەوڵەتی فینلاند دەکەین له رێگای پێوەندی دیپلۆماتیکەوه ئێران هان بدات بۆ:

١- رزگارکردنی هەموو گیراوەکانی دوای رووداوی ٥ - ٥ - ٢٠١٥ له رۆژهەڵاتی کوردستان
٢- دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی راستیەکان له ژێر چاوەدێری کۆمەڵگای ناونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوه له سەر هۆیەکانی گیانلەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی.
٣- کۆتایی هێنان به سیاسەتی سەرکوتی خەڵکی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان
٤- ئێران توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی خۆی دژی گەلی کورد کۆتایی پێ بێنێت
٥- مسۆگەرکردنی ئازادی کۆبوونەوه و خۆپێشاندان که له یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا رێپێدراون.
داوا له دەوڵەتی فینلاند دەکەین، ببێته هاندەری ئێران له پێناو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد له ئێراندا.
هێلسینکی ١٥ - ٥ - ٢٠١٥

سەرچاوه: ماڵپەڕی حدک میدیا - رێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٥


سەرچاوە Serchawe

## ڕێپێوانی ئەنجوومەنی کۆمەڵە کوردیەکان و ١٠ حیزبی سیاسی کوردستانی لە شار یۆتێبۆری سوید، بۆ پشتگیری لە ڕاپەڕینی مەهاباد و ڕۆژهەڵات



ناوەندی هەواڵ- سوید: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ - ٥ - ٢٠١٥ی زایینی کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ، ئەنجومەنی کۆمەڵەکوردییەکان لە ڕۆژئاوی یوتەلاند لە وڵاتی سوید بە هاوکاری و پشتیوانی ١٠ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی لە شاری یۆتۆبۆری سوید ڕێپیوانێکیان ساز کرد. ئەو ڕێپێوانە بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی شاری مهاباد وەڕێخرابوو. ڕێپیوانەکە لە ناوەندی شاری یۆتۆبۆری، لە جێیەک بە ناوی برونس پارک،وە دەستی پێکرد و تا ناوەندی تیاتری گەورەی شار " ستورا تیاتر" درێژەی هەبوو. لەو ڕێپیوانەدا درووشم گەلێکی وەک مەهاباد تەنیا نیە، لە خوێنی لاوانی کورد بێ دەنگ نابن، کوردستان پشتیوانی ڕۆژهەڵاتە و چەندین درووشی دیکە، بە زمانەکانی کوردی و سویدی گوترانەوە و بە شێوەی پلاکارد بەرزکرانەوە. لە کۆتای ڕێپیوانەکەدا پەیامی هاوبەشی ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ڕۆژئاوی یوتەلاند و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان خویندرایەوە کە تیدا جینایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و بەتایبەتی مهاباد مەحکوم کران و هەروەها پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی .پێویست بە ئاماژەیە کە جگە لە پەیامی حیزبە سیاسییەکان و ئەنجومەنی کومەڵە کوردییەکان، ڕێکخراوی تۆڕی ژنانی کورد لە شاری یۆتێبۆریش پەیامی پشتگیری خۆیان خوێندەوە.

گرینی ئەورێپیوانە لەوە دابوو کە ئەوە بۆ جاری یەکەمە کە چەندین ١٠ حیزب و ڕێکخراوی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئاوا بە شیوەیەکی هاودەنگ و دەست لە ناو دەستی یەکدی، دژ بە یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان هەڵویست بگرن و ڕێپێوان ساز کەن. گرینگییەکی دیکەی ئەو ئەو ڕێپێوانە لەوە دایە کە دیسان بۆ جاری یەکەم کە ڕیکخراوە غەیرە حیزبییەکانی وەک کۆمەڵە کلتووری و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان جڵەوی چالاکییەکی لەو جۆرە بگرنە دەست، کە ئەوە تەواوییەتی خۆی دا بە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە کاری ڕێکخراوی و جەماوەر دادەنرێ و جێی خۆیەتی وێڕای دەستخۆشی وتن بە ڕێکخەرانی ئەو خپۆیشاندان و ڕێپێوانە، هەوڵ بدەرێ کە لەو بوارە دا هاوکاری زیاتر بێتە ئاراوە.

**ئەو ڕێکخراو و حیزبانەی لە خۆپیشاندانی شاری یۆتێبۆری دا بەشدار بوون بریتی بوون لە:**

**– ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای سوید**
**– حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**– پارتی دیموکراتی کوردستان**
**– یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**– بزووتنەوەی گۆڕان**
**– پارتی کرێکارانی کوردستان**
**– حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**– کومەڵە– ڕێکخراوی حیزبی کمۆنیستی ئێران**
**– کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– کومەڵەی شۆڕشگێڕ زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– حیزبی شیوعی کوردستان**

**کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی یۆتۆبۆری سوید**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥**



سەرچاوە
Serchawe

## خۆپیشاندانی کوردانی هولەند لە بەردەم باڵویزخانەی ڕژیمی ئیسلامی لە دێنهاخ، بۆ پشتگیری لە سەرهەڵدانی مەهاباد



ناوەندی هەواڵ- هولەند: رۆژی یەکشەممە ١٧ی مەی ٢٠١٥ بە دەست پێشخەری کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەوڵ و ماندووبوونی رەوەندی کوردی لە وڵاتی هولەند، کۆبوونەوەیەکی نارەزایی لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری دێنهاخ رێکخرا. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و دواتر بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد. پاشان پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن شۆرش سوڵتانیەوە خوێندرایەوە ، بە دوای ئەو دا پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن ئەحمەد مورتەزایی خوێندرایەوە.

دواتر وتارێک بە زمانی ئینگلیسی لە لایە کاک موحسین بەرخانە ئەندامی حدک خوێندرایەوە، بە دوای ئەو دا وتەیەک لە لایان کاک بەکر لشکری بە زمانی هۆڵەندی پێشکەش کرا. پەیامی پارتی ئازادی کوردستان لە لایەن چیمەن نەقشەندیەوە خوێندرایەوە، پارتی سوسیالیستی باکوری کوردستان بەم بۆنەیەوە پەیامێکیان ئامادە کردبوو کە لە لایەن سیدار بینگولی خوێندرایەوە. ئینجا پەیامی کوردانی رۆژئاوای کوردستان لە لایەن هۆگر ئەحەددوە خوێدرایەوە و دواتر نامەی داخوازی حزب و لایەنەکانی کوردستان بۆ باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی رەوانە کرا.

شایەنی باسە کە لیمۆ محەمەد ئەمینی ئەندامی حدک بەرێوەبەری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- هولەند

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆگلاندی نۆرویژ، خۆپیشاندانێکیان دژ بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران ڕێکخست



ناوەندی هەواڵ- نۆرویژ: بە درووشمی هەموومان فەرینازین، بە دەست پێشخەری کومیتە ناوچەی ڕۆگەلاندی یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپێشاندانێکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ستاوانگێر بەڕیوەچوو. ڕۆژی هەینی ١٥ی مای کاتژمێر ٤و نیوی پاشنیوەڕۆ، بە دەستپێشخەری کومیتەی یەکێتی لاوان لە پارێزگای ڕۆگەلاند، خۆپێشاندانێکی جەماوەری بە بەشداری کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە نۆروێژیەکان لەو ناوچەیە بەڕێوەچوو. سەرەتای خۆپێشاندانەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی لاوان لە لایەن خاتوو دڵنیا مەحموودی ئەندامی بەڕێوەبەری کومیتە خوێندرایەوە. لە پەیامەکەی یەکێتی لاواندا هاتبوو: ئێمە وەک لاوانی کوردی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بە توندترین شێوە دەستدرێژی و بێ ڕێزی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامی و دەزگای بەڕێوەبەری ئەو حکومەتە کە دەرحەق بە فەریناز و خۆپێشاندەرانی کورد لە مهاباد و سەردەشت و شارەکانی دیکە دەکرێ مەحکووم دەکەین و پشتیوانی خۆمان بۆ داخوازیە ڕەواکانی سەرجەم خۆپێشاندەران دەردەبڕین و هەموو هەوڵەکانی خۆمان بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی بە زاڵە هاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان دریغی ناکەین. پاشان لە درێژەی پەیامەکەی لاواندا هاتبوو کە لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتی ریژیمی سێدارەی ئێران، کورد و بە تایبەت لاوەکانی هەردەم کەوتوونە بەر هێرشی دڕندانەی ئەو ڕژیمە و دوایین نموونەش فەریناز بوو. بە دوای ئەو پەیامەدا دا پارچە شێعرێک بە ناوی مهاباد لە لایەن هەڵگورد جەمال ئەندامی یەکێتی لاوان خوێندرایەوە. پاشان پەیامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەو ناوچەیە لە لایەن شارە عەلی خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی پارتی " ئێس وێ،ی" نۆروێژی لەو ناوچەیە لە لایەن ئێریک فارەت و پەیامی پارتی ڕاستی نۆرێژی لە لایەن تور ماگنە سێلاند خوێندرایەوە.

یەکێتی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کومیتە ناوچەی ڕۆگەلاند

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٥

## "خۆپێشاندەران گێرەشێوێن و هەلپەرست بوون"



مەلا قادر سۆهرابی، ئیمام جومعەی مهاباد لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی مێهر نیوز، خۆپێشاندەرانی مهابادی بە "کۆمەڵێکی ١٠٠ کەسی لە خەڵکانی گێرەشێوێن" ناساندووە کە "ئامانجیان بەرژەوەندیخوازی" بووە و "هەلپەرستانە ئەو کارە ناشایستەیان ئەنجام داوە".

مەبەستی مەلا قادر لە "کاری ناشایست"، خۆپێشاندانی کۆمەڵێک لە هاووڵاتییانی ناڕازی مهابادی بە مەرگیی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی و ئاگرتێبەردانی هوتێل تارا، شوێنی کارکردن و گیانلەدەستدانی ئەو کچە کوردە بوو.

"ڕەحیم فەرەهمەند"، سەرۆکی بەرەی یەکگرتووی کوردیش لە نووسراوەیەکدا، بە پرسینی ئەوەی کە "گەلۆ بۆچی تا دێ کارێک بۆ گەشەپێدان لە ناوچەکە ئەنجام بدرێ، کردەوەیەکی تیرۆریستی یا ڕووداوێکی گوماناوی دەقەومێ؟"، خۆپێشاندانەکەی مهابادی بە "گێرەشێوێنی" شوبهاندبوو و بە زیانی گەشەسەندنی ئابووری مهاباد و "ناوچە کوردنشینەکان"ی لەقەڵەم دابوو.

دوو لێدوان، کە دژکردەوەی توندی چالاکانی کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەدواوە بووە. م.م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خۆپیشاندانەکانی رۆژهەڵات خۆڕسکن یان حیزبین؟




خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات، حزبی بن یان خۆرسک، وەک زۆریەک لەچالاکان و هاووڵاتییانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان لێی دەڕوانن، دەلاقەیەکی هیوایە بۆ ڕابوون و هەستانەسەرپێی دووەم گەورەپارچەی کوردستان و شکاندنی ئەو بێدەنگیەی، کە ماوەیەکە باڵی بەسەر ئەو بەشەدا کێشاوە.

بەشێکی بەرچاو لە چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆڕسکن و پەیوەندییان بە حیزبەکانەوە نییە، بەڵام سەرکردەی حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان لە پشت ئەو خۆپیشاندانانەوەن. لەبەرامبەریشدا سەرکردەی حیزبێکی تری ڕۆژهەڵات جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەستنەوەی ئەو خۆپیشاندانانە بە حیزبەکانەوە، دەستی بەرپرسانی ئێرانی بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران کراوەتر دەکات.

خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە دژی خۆکوشتنی "فەریناز خوسرەوانی" درێژەی هەیە و لێرە و لەوێش خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت. مشتومڕێکی گەرم لەو بارەوە لە نێوان چالاکانی سیاسیی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە ناو مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتۆتە ئاراوە.

کەم نین ئەو چالاکوان و چاودێرە سیاسیانەی پێیان وایە خۆپیشاندانەکان کاردانەوەیەکی خۆڕسکی مەدەنین و بە دەستپێشخەریی چالاکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات ئەنجام دەدرێن و حیزبەکان کەمترین ڕۆڵیان تێیدا هەیە.

"خالید عەزیزی"، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک) بەڵام لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئێن.ئار.تی باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی ئێرانیش ڕایانگەیاندووە، ئەو خۆپیشاندانانە لە لایەن حیزبەکانەوە ڕێکخراوە و لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی ئەواندایە، بۆیە جەخت لە ڕۆڵی خۆیان دەکاتەوە لە ئاراستەکردنی خۆپیشاندەراندا.



سەرچاوە Serchawe

بەپێچەوانەی قسەکانی عەزیزییەوە، "کاوە جەوانمەرد"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) سەبارەت بە لێدوانی بەرپرسانی ئێران لە بارەی بەستنەوەی ئەو خۆپیشاندانانە بە ئۆپۆزیسیۆنەوە، بە سایتی "باس نیوز"ی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئەوە سیاسەتێکە کە حکوومەت خۆی دەست دەکات بە یارییەکی لەم چەشنە، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو خەڵکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵ بەو نارەزایەتیانە دەبن، هەندێکیان، نەک هەموویان، لایەنگری حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتن کە ئێستا لە تاراوگەن و لەوێ ئامادە نین."

ناوبراو گوتووشیەتی: "ئەو گوتانەی جێگری پارێزگاری ورمێ، وەک بەرپرسێکی حکوومی، بە ئەنقەست ئەو پرسە دێنێتە گۆڕێ کە ئەو حەرەکەتە حەرەکەتێکی خەڵکی و مەدەنی نییە و دەیبەستنەوە بە هێزە سیاسییەکانەوە کە حکوومەت بە "دژە شۆڕش" ناودێریان دەکات، بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بێ سڵەمینەوە ڕووبەڕووی خەڵک ببنەوە."

ڕۆژی دووشەممە ٤ی مانگی مەی، هەواڵی خۆکوشتنی فەریناز خوسرەوانی کارمەندی بەشی کۆمپیوتەری هۆتێل تارای مهاباد بڵاو بوویەوە و باس لەوەکراوە کە ئەو کچە، بۆ ئەوەی لەلایەن کەسێکی سەر بە دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستدرێژیی نەکرێتەسەر، خۆی لە نهۆمی چوارەمی ئەو هۆتێلەوە خستۆتەخوارەوە.

چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لەوە دەکەن کە خاوەنی هۆتێلەکە، ئاسانکاریی بۆ ئەو کارمەندەی هێزە ئەمنییەکان کردووە، تا دەستدرێژی بکاتە سەر کارمەندەکەی، لەبەرامبەر ئەوەی هۆتێلەکەی لە چوار ئەستێرەوە بۆ بکات بە پێنج ئەستێرە.

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە کاردانەوەیەکی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا و ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی مانگی مای ئەو نارەزایەتیانە شۆڕبوونەوە بۆ شەقام و ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ناڕازی، لەبەردەم هۆتێل تارا کۆ بوونەوە و دواجار ئاگریان لە هوتێلەکە بەردا.

هەر سەبارەت بەو بابەتە "سلێمان خوسرەوانی"، برای فەریناز، بە سایتی "روزئانلاین"ی گوتووە: بنەماڵەکەیان هیچ ڕۆڵێکیان لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی بەردەم هۆتێل تارادا نەبووە و هاووڵاتیان بەشێوەیەکی خۆڕسک و بە دەستپێشخەریی خۆیان ئەو گردبوونەوەیان ئەنجامداوە.

بەڵام "ناسر مەولودی" یەکێک لە بەڕێوەبەرانی هۆتێلەکە پێی وایە حیزبە سیاسییەکان، هەستی هاووڵاتیانیان بەهەڵە لە دژی ئەوان هەڵخڕاندووە و خەڵک هەڵیانکوتاوەتە سەر هۆتێلەکە و سوتاندویانە و "تاڵانیان کردووە".

بەهۆی ئەو توندوتیژیانەی لە خۆپیشاندانەکەی مهاباددا هاتنە ئاراوە، لانیکەم ٢٥ کەس بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیش قۆڵبەست کراون.



سەرچاوە
Serchawe

"عەلیرەزا ڕادفەر"، جێگری پارێزگاری ورمێ بۆ کاروباری سیاسی و ئەمنی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان بە ئاژنسی مێهری ڕایگەیاندوە ئەو خۆپیشاندانانە "لە لایەن حیزبە کوردییەکانی وەک کۆمەڵە و دیموکراتەوە ئاڕاستە کراوە و دەیانەوێت بە شێواندنی ئارامیی ئەو شارە، مهاباد وەک شارێکی ناسەقامگیر نیشان بدەن."

م. ئەلف.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## سێ چالاکیی تر بە پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکەی مهاباد




بە دەستپێشخەری کۆما ژنانی ئازاد [KJA] و بەشداری بەرپرسانی و ئەندامانی پارتی دێمۆکراتیکی گەلان، پارتی هەرێمە دێمۆکراتیکەکان، دایکانی ئاشتی، چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دوو چالاکی تر بۆ شەرمەزارکردنی تاوانبارانی مەرگی فەریناز خوسرەوانی و بە پشتیوانی لە خۆپێشاندەرانی مهابادی لە جۆڵەمێرگ و باتمانی باکووری کوردستان بەڕێوەچوو.

خوێندکارانی کوردی زانکۆی تکنیکیی ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئیستانبووڵیش، دوێنێ هەینی، چالاکییەکیان ئەنجام دا و پاش دروشمدان و خوێندنەوەی چەند وتار، بەیاننامەیەکیان لە پشتیوانی ویست و داخوازی خۆپێشاندەرانی مهابادی خوێندەوە و داوای دادگاییکران و سزادانی تۆمەتبارانی گیانلەدەستدانی فەریناز خوسرەویان کرد.

م.م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## جێگری پارێزگاری ورمێ، بەشێک لە دەنگۆکانی پێوەندیدار بە مەرگی فەریناز پشتڕاست کردەوە



"عەلیرەزا ڕادفەر"، جێگری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاسایشیی پارێزگاری ورمێ، لە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بەشیک لەو دەنگۆیانەی پشتڕاست کردۆتەوە کە لەو ڕۆژانەی دواییدا سەبارەت بە چۆنییەتی گیانلەدەستدانی "فەریناز خوسرەوانی" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبوونەوە.

ناوبراو هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی داوە دەنگۆکان وەدرۆ بخاتەوە و "بە ناڕاست و هەڵبەستراو"یان لەقەڵەم بدات، پشتڕاستی کردۆتەوە کە "فەریناز خوسرەوانی" لەگەڵ کەسیک، کە ڕاوێژکاری کەرتی تایبەت لە بواری پەرەپێدان، دیکۆراسیۆن و بردنەسەری ئاستی خزمەتگوزاریی هوتێلەکەیە، لە ژوورێکی قاتی چواری هوتێل تارادا بووە و پاش ئەوەی بە گوتەی ڕادفەر، فەریناز لە لایەن ئەو کەسەوە خوازبێنی لێکراوە، "ویستوویەکی لە ژوورەکە بچێتە دەر بەڵام بەهۆی خێرایی زۆرەوە لە پەنجەرەوە کەوتۆتە خوار" و گیانی لەدەست داوە.

لە تۆڕە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا باس لەوە دەکرا کە ئەو کچە مهابادییە، کاتێک هەوڵی داوە خۆی لەچەنگ دەستدرێژی ڕزگار بکات، لە قاتی چواری هوتێلەکەوە کەوتۆتە خوار و گیانی لەدەست داوە.

جێگری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاسایشیی پارێزگاری ورمێ هەروەها تەییدی قۆڵبەستکرانی کەسی تۆمەتباری کردووە بەڵام ڕەتیکردۆتەوە کە ناوبراو ئەندامی ناوەندە ئاسایشییەکان یا فەرمانبەری ئیدارەیەکی دەوڵەتی بێت.

دەنگۆیەک کە بیروڕای گشتی بە گومانەوە لێی دەڕوانن و لە ئاکامیدا، خۆپێشاندانی نارەزایەتیی ئێوارەی پێنجشەممە ١٧ی گوڵانی کۆمەڵێک لە شارۆمەندانی مهابادی و سووتێنرانی هوتێل تارای لێکەوتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

## حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر خۆپێشاندانەکەی مهاباد هاتنە گۆ



پاش تێپەڕبوونی چەند کاتژمێر لە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکەی مهاباد، چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان، بەیاننامەیان سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵاوکردەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران[حدکا]، وێڕای ئاماژە بە چۆنییەتی گیانلەدەستدانی "فەریناز خوسرەوانی" و خۆپێشاندانەکەی مهاباد، داوای لە خەڵکی کوردستان کردووە کە وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە، ناڕەزایەتی لە ڕێژیم دەرببڕن و پاڵپشتی لە خەڵکی مهاباد نیشان بدەن. حدکا هاوکات سپاسی خەڵکی ئەو شارەشی کردووە هەڵوێستەکەیانی بە "شیاو و جوانمێرانە" لەقەڵەم داوە.

لە ئاکامی خۆپێشاندانەکەی ئێوارەی پێنجشەممە ١٧ی گوڵانی مهاباددا، هوتێل تارا، شوێنی کارکردن و گیانلەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی ئاگری تێبەردرابوو و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵک و هێزە ئاسایشییەکاندا هاتبۆ ئاراوە.

کۆمەڵگای دێمۆکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[کۆدار]یش، تاوانی گیانلەدەستانی ئەو کچە مهابادییەی خستۆتە پاڵ دەزگا ئەمنییەکانی ئێران و پێی وایە کە ئەو ڕەژیمە لە ڕێگەی "فەساد، سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنی پێوانەکانی کۆمەڵگا"، گەلی کوردی کردۆتە ئامانج. کۆدار هەڵوێستی مهابادییەکانی بە پیرۆز زانیوە و ویڕای پشتیوانیکردن لەم چالاکییە، داوای لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت کوردانی نیشتەجێی هەندەران کردووە لە بەرانبەر ئەو ڕووداوەدا بێ هەڵوێست نەمێننەوە.

پارتی تازەدامەزراوی فێمینیستی کوردستانیش بەیاننامەیەکی سەبارەت بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی بڵاوکردۆتەوە و ڕەخنەی لە ناخی دژە ژنی یاساکان و کۆمەڵگا گرتووە و پێی وایە کە ئەگەر بیروڕای گشتی، پشتیوانی ئەو ژنانە بان کە دەستدرێژیان کراوەتە سەر و بە چاوێکی سووک و خەتابار سەیریان نەکردبان و هەوڵی شوێنەونکەپێکردنی تاوانی لەم چەشنە نەدرابا و لە جێگەی یاساکان و کۆمەڵگا، یارمەتیدەری قوربانیانی دەستدرێژی بان، بەدوور نەبوو کە ئێستا فەریناز لەناومان با.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان[حدک]ش وێڕای پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندانی خەڵکی مهاباد، بە دەرفەتی زانیوە کە هەڕەشەی لە چەکدار و کاربەدەستە کوردەکان بکات تا "چاویان بکەنەوە و لەگەڵ خەڵکی بێزار لە ستەم و تاوان هاودەنگی بنوێنن" و بەم شێوە ڕابردووی خۆیان بکڕنەوە.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران[ک.ش.ز.ک]یش، خەڵکی مهابادی بە شایانی پشتیوانی و دەستخۆشی زانیوە و هەروەها چاوەڕوانی ئەوەی کردووە کە هەموو خەڵک و هێزە ئازادیخوازەکان، لە بەرامبەر ئەو جینایەتەدا بێدەنگیان بشکێنن و بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێت، "هەوڵی خۆیان بۆ ڕیسواکردنی ڕەژیم" وەگەڕ بخەن.

دەستەی ڕێوەبەریی تەڤگەری جڤاکی دێمۆکراتیک[تەڤدەم] لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە، بەیاننامەیەکی نووسراوی لەمبارەوە بڵاوکردەوە. تەڤدەم دەڵێ کە "کردەوەکانی ڕەژیمی مەلایان دژ بە گەلی ئاشتیخوازی خۆمان شەرمەزار دەکەین و بانگ لە هەموو گەل دەکەین کە پشتیوانی لە سەرهەڵدانی خوشک و برایانی خۆیان لە مهاباد بکەن".

پارتی یەکێتیی دێمۆکراتیک[پەیەدە]ش خۆپێشاندانی خەڵکی مهابادی بە "سەرهەڵدانێکی شەرعی بۆ پاراستنی خۆ لە بەرانبەر کردەوە ناشەرعییەکانی ڕەژیم" پێناسە کردووە و وتوویەتی کە "هاوخەباتیی هەمەلایەنەی خۆمان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات بەرانبەر بە دەسەڵاتدارە بێ ڕەحم و فاشیستەکانی ئێران، کە جیاوازییان لەگەڵ داعش نییە، ڕادەگەیەنین".

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کورد لە سووریا، ئەلپارتی، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، تەڤگەری ئازادی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان و ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەجیا بەیاننامەی هاوشێوەیان لەمبارەوە بڵاوکردۆتەوە.

م.م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## لە ئامەد، سلێمانی و هەولێر، پشتیوانی لە خۆپێشاندەرانی مهاباد کرا




ڕۆژێک دوای خۆپێشاندانەکەی مهاباد و ئاگرتێبەردرانی هوتێل تارا، چەند چالاکی بە مەبەستی پشتیوانی لە داخوازیی ناڕازیانی مهابادی ئەنجام درا.

ئەمڕۆ هەینی، ٨ی ئاپریل-١٨ی گوڵان، بە دەستپێشخەریی کۆنگرەی ژنانی ئازاد[KJA] لە ئامەد و بە بەشداری گوڵتەن کشاناک و فرات ئانلی، هاوسەرۆکانی شارەوانیی ئامەد و گرووپێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنانی ئەو شارە، چالاکییەک بە پشتیوانی لە "فەریناز خوسرەوانی"ی ئەنجام درا.

لە چالاکییەکەدا کە لە گەڕەکی "یەنی شەهیر"ی ئامەد ئەنجام درا، پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکەی مهاباد کرا و خۆپێشاندەران کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو کەسانەی دەستیان لە گیانلەدەستدانی "فەریناز خوسرەوانی"دا هەیە، شەرمەزار کران.

بە گوێرەی ئاژانسی فرات، "گوڵتەن کشاناک"، شارەداریی ئامەد لە لێدوانێکدا، ئەو جەنایەتەی شەرمەزار کرد و بەرپرسانی حکوومەتی لە خوڵقانیدا بە خەتابار زانی و خوازیاریی پشتیوانیی هەمەلایەنە لە هەوڵی ژنان بە تایبەت ژنانی کورد بۆ دەستبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیان لە ئێران بوو.

ناوبراو هەروەها ڕەخنەی لە کوشتن، لەسێدارەدان و زینداناکردنی بەردەوامی گەنجانی کورد و ناڕازیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کرد و داوای کرد کە تاوانباران لە کوشتنی فەریناز بدرێنە دادگا و سزا بدرێن.

بەشداربووانی چالاکییەکە، هەڵگری لافیتەگەلێک بوون کە لە سەر هەندێکیان نووسرابوو "دەوڵەتی ئێران، دوژمنی ژنانە"، "مهاباد بەرخۆدان دەکا"، "نا بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان"، "پاراستنی خۆ، ڕەوایە".

هەر ئەمڕۆ، کۆمەڵێک لە چالاکانی کورد، لە پارکی نالیی شاری سلێمانیش، کۆبوونەوەیەکیان بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانەکەی مهاباد ئەنجام دا.

خوێندکارانی کوردی زانکۆی تکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیستانبووڵیش، کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست و تێیدا وێڕای شەرمەزارکردنی تاوانبارانی دۆسیەی مەرگی فەریناز، ئێران و یاساکانی ئەو وڵاتەیان بە سەرچاوەی سەرەکیی مافخوران و ئازاری ژنان زانی.

باتمان، شوێنێکی تری چالاکییەکانی کوردانی باکوور بە پشتیوانی لە خۆپیشاندانی مهاباد بوو. لەو شارەش کۆمەڵێک لە چالاکانی بواری ژنان و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێپێوانێکیان لە ناوەندی شار ئەنجام دا و پاشان بەیاننامەیەکیان سەبارەت بە گیانلەدەستدانی فەریناز و ئاڵۆزییەکانی مهاباد خوێندەوە و پشتیوانیان خۆیان لە ناڕەزایەتییەکان دەربڕی.

لە شاری هەولێریش، گرووپێک لە چالاکانی ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی و باشووری، لە پارکی شانەدر کۆبوونەوە و خوازیاری ئەوە بوون کە تاوانبارانی مەرگی فەریناز خوسرەوی سزا بدرێن و خەڵکی باقی شار و پارچەکانی تری کوردستانیش پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکەی مهاباد بکەن.

م.م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## دوا هەواڵەکان لە مهابادەوە؛ دەیان بریندار و قۆڵبەستکراو هەیە



لە ئاکامی تێکهەڵچوونی ئێوارەی پێنجشەممەی نێوان خۆپێشاندەرانی ناڕازی و هێزە ئاسایشییەکان، زیاتر لە ٢٠ کەس بریندار بوونە و هەژمارێکی زۆر لە گەنجانی ئەو شارەش قۆڵبەست کراون.

بە گوێرەی ئەو زانیارییەی کە لەمبارەوە بە ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ گەیشتووە، لە خۆپێشاندانەکەی ئێوارەی پێنجشەممە ١٧ی گوڵاندا، هەریکەم ١٧ هاووڵاتیی مەدەنی و شەش کەس لە هێزەکانی ئاسایشییەکان بریندار بوونە.

بریندارەکان بۆ ئورژانسی نەخۆشخانەی مهاباد گوازراونەتەوە و لەوێ دەرمان دەکرێن.

دەگوترێ ڕەوشی تەندروستی یەکێک لە بریندااران نالەبارە و هەر ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکی دایە.

یەکێک لەو کەسانەش کە لە ئاکامی تەقەی هێزە ئاسایشییەکاندا چاوی بە سەختی بریندار بووە، بۆ تەورێز گوازراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی هەواڵ بە ئێنئێنئێس‌رۆژی ڕاگەیاند کە هێزە ئاسایشییەکان، زیاتر لە ٣٠ کەسیان قۆڵبەست کردووە.

ئاڵۆزی پاش ئەوە هاتە ئاراوە کە کۆمەڵێک لە هاووڵاتییانی مهابادی، لەبەر دەرگای هوتێل تارا کۆبوونەوە و خوازیاری ئەوە بوون کە هۆکاری مەرگی "فەریناز خوسرەوانی"یان بۆ ڕوون بکرێتەوە و تاوانباران بناسێنرێن و سزا بدرێن.

بە دەستێوەردانی پۆلیس و هێزی دژەشۆڕش، کۆبوونەوەکە شێوا و تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە.

هوتێل تارا ئەو شوێنەیە کە ڕۆژی دووشەممە ١٤ی گوڵان، "فەریناز خوسرەوانی"، تێیدا گیانی لەدەست دابوو.

بە گوێرەی ئەو دەنگۆ تەییدنەکراوانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەو کچە مهابادییە، ویستوویەتی خۆ لە دەستدرێژی کەسێک ڕزگار بکا و بۆیە خۆی لە قاتی چواری هوتێلەکەوە فڕێداوەتە خوار و گیانی لەدەست داوە.

هەرچەند خاوەنی هوتێل و بەرپرسانی ئەمنی و ئاسایشیی مهاباد و پارێزگای ورمێ، دەنگۆیەکە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ئێن‌ئێن‌ئێس‌رۆژ زانیویەتی کەسیک، لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەکەدا قۆڵبەست کراوە و لە ئیتلاعاتی مهاباد لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## مەرگی گوماناویی کچێکی مهابادی




زانرا کە کچێکی مهابادی بە ناوی "فەریناز خوسرەوانی"، ڕۆژی ١٤ی گوڵان، لە هوتێلێک کە تێیدا کاری کردووە، گیانی لەدەست داوە.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، کۆمەڵێک دەنگۆی جیاواز سەبارەت بە چۆنییەتی گیانلەدەستدانی ئەو کچە کوردە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبۆوە. بە گوێرەی یەکێک لە گێڕانەوەکان، فەریناز خوسرەوانی، بۆ دەربازبوون لە دەستدرێژییەکی سێکسی، خۆی لە قاتی چواری هوتێلەکەوە فڕێداوەتەوە خوارێ و لە ئاکامدا گیانی لەدەست داوە.

ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ، سەرەڕای بەدواداچوونی زۆر بۆ هەواڵەکە، تا ئێستا زانیارییەکی باوەڕپێکراو و بەڵگەمەندی بۆ سەلماندن یا ڕەتکردنەوەی ئەو بانگەشانەی کە باس لە چۆنیەتیی خۆکوشتن یا کوژرانی فەریناز دەکەن، دەست نەکەوتووە.

هاوکات، سەرچاوەیەکی تر لەمبارەوە بە ئێنئێنئێس‌ڕۆژی ڕاگەیاند کە چەند کامێرای چاودێری، هاتن و چوونی ئەو ڕۆژەی فەریناز، میوان و کارگێڕانی هوتێلەکەیان تۆمار کردووە و تۆمارە ڤیدیۆییەکە ئێستا لەدەستی پۆلیسی مهاباد دایە.

هەروەها دەگوترێ کە فەرمانبەرێکی سەر بە ئیدارەی گەشتیاری، لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەکەدا قۆڵبەست کراوە و لێپێچینەوەی سەرەتایی لەگەڵ خاوەن و هەژمارێک لە کارگێڕانی هوتێلەکە کراوە.

"جەعفەر کەتانی"، فەرمانداری مهاباد، لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕێکی ناوخۆییدا، ڕەتیکردۆتەوە کە تاکە تۆمەتباری قۆڵبەستکراوی

دۆسیەکە، فەرمانبەری ئیدارەیەکی دەوڵەتی بێت. بە گوتەی ناوبراو، دەزگای قەزایی و هێزە ئاسایشییەکان، خەریکە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆسیەکە دەکەن و بەڵگە، لێدوانی شایەتحاڵان و ناوەڕۆکی هەندێک گفتگۆی تەلەفۆنیی پێویستیان کۆکردۆتەوە و بە کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکان، دادوەر، بڕیار لەسەر دۆسیەکە دەدات.

ساڵی ڕابردووش، تەرمی "شەیدا حاتەمی»، خوێندکاری ماستەری بەشی کشتوکاڵ و زەویناسی، لە ژوورەکەی خۆیدا لە «خەوتنگەی بینتولهودا"ی زانکۆی نازلووی ورمێدا دۆزرابۆوە. جگە لە بنەماڵەی ناوبراو، ئەو شایەتحاڵانەی کە دوای مەرگی لە ژوورەکەی چاویان بە تەرمی شەیدا کەوتووە، بانگەشەیان کرد کە ئەو کچەخوێندکارە کوژراوە بەڵام بەرپرسانی قەزایی و ئاساییشی شارەکە ڕایانگەیاند کە ناوبراو خۆی کوشتووە.

بەر لە ناوبراو، تەرمی "سەحەر چووینی"، خوێندکاری تێرمی دووی پەرستاری لە زانکۆی هەمەدان، شەوی ١٨ی ڕەزبەری ٢٠١٣، لە ژوورەکەی خۆیدا لە بەشی ناوخۆیی زانکۆکە دۆزرابۆوە. خوێندکارانی کوردی زانکۆکە و بنەماڵەی ئەو خوێندکارە، مەرگی سەحەریان بە گوماناوی وەسف کردبوو و لە میتینگێکی بەرین و چەند لێدوان و نامەی سەرئاوەڵدا ڕوو لە بەرپرسان و بیروڕای گشتی، داوای ڕوونکردەوەی ڕووداوەکەیان کردبوو.

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر ئەو دۆسیانەدا، تا ئێستاش، هۆکاریی ڕاستەقینەی ئەو مەرگە گوماناویانە ڕوون نەبوونەتەوە.

م.م.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکەی مەهاباد دەکا




پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا (PCF) وێڕای دەربڕینی پشتیوانی لە ڕاپەڕیوانی شاری مەهاباد، سەرەخۆشی ئاڕاستەی بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی و قوربانیەکانی تری توندوتیژییەکانی ئەم دواییە کرد.

پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا لە لێدوانێکی نووسراودا ڕایگەیاند: سەرەڕای زەبر و زەنگی ئێران دژ بە کوردەکان، خەڵکی مەهاباد بوێرانە ڕاپەڕین و ڕق و قینی خۆیان بەرامبەر بە تراژیدیای خۆکوشتنی فەریناز خوسرەوانی کرێکاری هۆتێل تارا نیشان دا.
بە پێی لێدوانی پارتی ئاماژەپێکراو، "ئەم کردەوە گیانبازییە، نیشانەی مەحکوومکردنی توندوتیژیی ڕۆژانەیە دژ بە ژنانی ئێران. ئەگەر چی سەرهەڵدانی مەهاباد بێبەزەییانە سەرکوت کراوە و پتر لە پەنجا کەس بریندار بوون، بەڵام ناڕەزایی و خۆپیشاندان هەروا بەردەوامە."

پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا پشتیوانی خۆی لەگەڵ قوربانیانی ڕاپەڕینەکەی مەهاباد دەربڕیوە.

"ژنانی ئێران، وەک سەرجەم ژنانی سەر گۆی زەوی، مافی ئەوەیان هەیە قانوونێکیان هەبێ کە بیانپارێزێ. ملنەدانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بە کنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ شیاوی پەسند نییە"، پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا ئاوا درێژەی بە لێدوانە نووسراوەکەی داوە.
پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا پێی وایە ژنانی کورد لە ئێران دوو جار قوربانین، جارێک لە بەر کوردبوونیان و جارێک لەبەر ژن بوونیان و داوای لە ئەندامانی کردووە بەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە فەڕەنسا دژ بە ئێران ببن.

س.ب

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ١٢ی مای ٢٠١٥

## کوردستان لە شڵەژان دایە/ دەنگی تەقە لە مەریوان و شنۆ بیستراوە + تەکمیلی



ئاژانسی کوردپا: هێزەکانی یەگانی تایبەت لە بۆکان خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و هەروەها تێکڕای دەست و پێوەندییەکانی سەربە حکوومەت بۆ هاوکاریی هێزە نیزامییەکان ڕێکخراون.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی هەواڵنێرانی ئاژانسی هەواڵدەیی کوردپا لە شارەکانی کوردستان، بارودۆخی ئێستای شارەکانی سەقز و بۆکان نائاسایی‌یە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەواڵنێری کوردپای ڕاگەیاند: ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی یەگانی تایبەت لە شاری شاهیندژەوە ڕەوانەی شاری بۆکان کراون.

تەکمیلی: سەرچاوە ئاگادارەکان بڵاویان کردووەتەوە، کە ژمارەیەک لە دەست و پێوەندییەکانی سەربە سپای پاسداران وەکوو هێزی پشتیوان لە ئەگەری تەشەنە سەندنی نائارامییەکان لە بۆکان ڕێکخراون.

تەکمیلی ١: نوێترین هەواڵەکان، باس لە میلیتاریزەکرانی پیرانشار دەکەن.

تەکمیلی ٢ ـ سەقز: هەواڵنێری کوردپا ڕایگەیاند: سەرلە بەیانیی ئەمڕۆ شاری سەقز لەگەڵ هێزی یەگانی تایبەتی سەربە هێزی ئینتزامی و سپای پاسداران تەنراوە و حاڵەتێکی نائاسایی بەخۆیەوە گرتووە.

چالاکانی فەرهەنگی و "مەدەنی"ی شاری سەقز چەشنی شارەکانی دیکەی کوردستان داوایان لە خەڵکی ئەو شارە کردووە کەلە

کۆبوونەوە نارەزایەتییەکاندا بەشدار بکەن.

تەکمیلی ٣ ـ مەریوان: بەپێی راپۆرتەکان هێزەکانی یەگانی تایبەتی حکوومەتی لە چوارڕێیانی شەبەرەنگ لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە تەقەیان لێ کراوە. هەواڵنێری کوردپا لە مەریوان بیستنی دەنگی تەقەی پڕاست کردووەتەوە، بەڵام هەتا ئێستا کاتژمێر ١٨:٥٠ خولەک بە کاتی تاران، هەواڵی تەقەکران لە هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لەلایەن ئاژانسی کوردپا تەیید نەکراوە.

ژمارەیەک چالاکی "مەدەنی" و سیاسی لە ناوچە کورنشینەکانی ئێران لەو بڕوایە دان، بە شێوەیەکی رێکخراو و سازماندراو رێژیم لە هەوڵی رکێشکرانی نارەزایەتییەکانی بەرەو ئاراستەیەکی توندوتیژ دایە.

تەکمیلی ٤ ـ شنۆ، مەریوان، مەهاباد: بەپێی هەواڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شارەوانیی مەهاباد لەلایەن هاووڵاتییانی ناڕازییەوە بەردباران کراوە.

هەروەها کۆمەڵێک لەو هەواڵانە کەبە کوردپا گەیشتووە، باس لە هاتنە ئارای تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە دەرەوەی شاری شنۆ دەکەن کە ئاژانسی کوردپا هەتا ئەم چرکە ساتە (کاتژمێر ١٩:١٨ خولەک بە کاتی تاران) لە تەییدکرانی ئەم تەقەکردنە خۆ دەبوێرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵی داخرانی تێکڕای بازاری شاری مەریوان دەبیسرێت و هێڵی تەلەفوون ئینتێرنێتیش لەو شارەدا پچڕاوە.

هەنووکە شاری مەریوان بە تەواوی میلیتاریزە کراوە و بە هێزی یەگانی تایبەت، سپای پاسداران و هێزی ئینتزامی تەنراو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## رەتکردنەوە/ دەفتەری رۆحانی لەبارەی رووداوەکانی ئەمڕۆی مەهابادەوە هیچ بەیاننامەیەکی بڵاو نەکردووەتەوە



رەتکردنەوە/ دەفتەری رۆحانی لەبارەی رووداوەکانی ئەمڕۆی مەهابادەوە هیچ بەیاننامەیەکی بڵاو نەکردووەتەوەئاژانسی کوردپا: پاش کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی مەهاباد لەهەمبەر مەرگی گوماناویی کچێک لە هۆتێلێکی ئەو شارەدا، تەلەفزیۆنێکی هەرێمی کوردستان هەواڵێکی لە بارەی بەیاننامەی دەفتەری سەرکۆماریی ئێران لەمەڕ پێشگیری لە تەقەی نیزامییان لە ناڕازییان بڵاو کردەوە کە ئەم هەواڵە لەلایەن ئاژانسی کوردپاوە بە درۆ دەخرێتەوە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاش تێکهەڵچوونەکانی شاری مەهاباد، هێزە نیزامییەکان و یەگانی تایبەت، ناڕازییانی مەهابادیان کردووەتە ئامانج و بە چەکە ساچمەییەکانیان ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییانیان بریندار کردووە.

کۆمەڵێک هەواڵی پشتڕاست نەکراوەی دیکە باس لە کوژرانی ٢ هاووڵاتیی کورد لەو ناڕەزایەتییانەدا دەکەن.

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی هەواڵی رووداوەکانی ئەمڕۆی مەهاباد، تۆڕی میدیایی رووداو لە هەرێمی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە زاری دەفتەری سەرکۆماریی ئێرانەوە، رایگەیاند: "هێزە نیزامییەکانی نابێ تەقە لە ناڕازییان بکەن"، ئەمە لە حاڵێک دایە کە ژمارەیەکی زۆر لەو ناڕازییانە بەهۆی تەقەی هێزەکانی حکوومەتەوە بریندار بوون.

پاش بەدواداچوونی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، روون بووەوە کە دەفتەری سەرکۆماریی ئێران هیچ بەیاننامەیەکی بڵاو نەکردووەتەوە و ئاژانسی هەواڵدەریی "کوردپا"ش ئەو هەواڵە بە درۆ دەخاتەوە.

لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک دەنگۆ لە زاری فەرمانداری مەهابادەوە بڵاو و گێڕدراوەتەوە کە بە سەرنجدان بە یاسا نێوخۆییەکانی

ئێران و بنەماکانی راگەیاندن، ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ.

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە تۆری میدیایی "رووداو"دا، بووەتە هۆی نیگەرانیی هاووڵاتییانی کوردستانی ئێران و بە تایبەت دانیشتوانی شاری مەهاباد کە ئەمڕۆ کەوتبوونە بەر تەقە و هێرشی هێزە نیزامییانەکانی حکوومەتی ئێران لەو شارەدا.

کۆبوونەوەی نارەزایەتیی هاووڵاتییان لە مەهاباد لە بەرانبەر هۆتێل "تارا" لەمەڕ مەحکووم کردنی مەرگی گوماناویی "فەریناز خوسرەوانی" بەهۆی دەستێوەردانی هێزە حکوومەتییەکان، توندوتیژیی لێکەوتەوە.

هەواڵی تەکمیلی: هەواڵنێری کوردپا لەنێو نارازییاندا ناسنامەی یەکێک لە برینداران کۆبوونەوەی نارەزایەتیی شاری مەهابادی بەناوی "خالید دەریانووش" راگەیاندووە.

هەواڵی تەکمیلی ١: هێزە ئەمنیەتییەکان و یەگانی تایبەتی حکوومەت، "نادر مەولوودی" کارگێڕ و خاوەنی هۆتێل تارای شاری مەهابادیان لەگەڵ خۆیان بردووە، هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا هۆکاری ئەو هەوڵەی هێزەکانی حکوومەتی، بۆ پاراستنی ناوبراو لە بەرانبەر تووڕەیی نارازییان راگەیاندووە.

شایەتحاڵێک بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپای راگەیاند: ئەو هەوڵەی هێزە نیزامییەکان، گومانی گرێدراویی خاوەن هۆتێلەکەی بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە زیاتر کردووە، بەڵام ئەم ئیدیعایە تەنیا لەلایەن هاووڵاتییانی شاری مەهابادەوە راگەیەنراوە.

هەواڵی تەکمیلی ٢: بەپێی راپۆرتەکان یەکێک لە نارازییان لە ئەنجامی قووڵی برینەکەی گیانی لە دەست داوە، بەڵام هەتا ئێستا هەواڵنێری کوردپا راستی و دروستیی ئەو هەواڵەی پشڕاست نەکردووەتەوە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٧ی بانەمەڕ، هاووڵاتییانی مەهاباد بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان لەهەمبەر مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی، لە بەرانبەر هۆتێل تارا کۆبوونەوە و خوازیاری دادگایی کردنی کەسانی پێوەندیدار بە مەرگی ناوبراوەوە بوون.

هەواڵنێری کوردپا لە مەهاباد رایگەیاند: ئەو کۆبوونەوەی هاووڵاتییانی مەهاباد بە دەستێوەردانی گاردی تایبەت و هێزە ئینتزامییەکان توندوتیژیی لێکەوتەوە و هێزە حکوومەتییەکان بە "چەکی ساچمەزەن" و گازی فرمێسکهێنەر، لە هەوڵی بڵاوەکردن بە نارازییان بوون.

بە وتەی یەکێک لە شایەتحاڵەکان، ئەو کۆبوونەوە نارەزایەتییە بە شێوەیەکی هێمنانە دەستی پێ کرد، بەڵام بە ئامادەبوون و



سەرچاوە
Serchawe

دەستیوەردانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی حکوومەت، توندوتیژیی لێکەوتەوە.

یەکێک لە ناڕازییان بە هەواڵنێری کوردپای راگەیاند: لەو کۆبەنەوەدا ژمارەیەک لە ناڕازییان بەهۆی بەرەنگاریی توندی هێزە نیزامییەکان بریندار بوون.

بە وتەی ئەم سەرچاوەیە، هەنووکە شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی گاردی تایبەتەوە میلیتاریزە کراوە و هاتوچۆی ئاسایی هاووڵاتییان کۆنترۆڵ دەکرێت.

هەتا کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە هیچ راپۆرتێک لەبارەی دەسبەسەر کرانی ناڕازییان لەلایەن هێزەکانی گاردی تایبەت و ئینتزامییەوە بڵاو نەکراوەتەوە.

بە پێی راپۆرتەکان، بەهۆی بەرەنگاریی هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی شاری مەهاباد توندوتیژیی لێکەوتووەتەوە و ناڕازییان بە بەردهاویشتن، شووشەی درگا و پەنجەرەکانی "هۆتێل تارا"یان شکاندووە.

هەواڵنێری کوردپا، هەواڵی هۆکاربوونی ناڕازییانی لەمەڕ رکێش کرانی کۆبوونەوەکان بەرەو لای توندوتیژی، پشتڕاست نەکردووەتەوە.

هەروەها چەند وێنەیەکی بڵاو کراوە دەرخەری ئاگرکەوتنەوە لە نهۆمەکانی خوارەوەی هۆتێل تارا دان کە لەلایەن ئاژانسی کوردپاوە بڵاو دەکرێنەوە.

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ، کچێکی لاوی خەڵکی مەهاباد بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" کە فەرمانبەری هۆتێلی تارای ئەو شارە بووە، بەگوێرەی ئەو راپۆرتانە کە بڵاو کراونەتەوە، ناوبراو بۆ پاراستنی "ناموس" و پێشگیری لە دەسدرێژیی مەئموورێکی سەربە ئیدارەی ئیتلاعات، لە نهۆمی چواری ئەو هۆتێلەوە خۆی خستووەتەوە خوارەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگی ئەو کچە لاوە مەهابادییە، شەپۆلێکی بەرینی نارەزایەتیی هاووڵاتییانی مەهابادیی لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دواوە بووە.

فەریناز خوسرەوانی تەمەن ٢٦ ساڵ، دانیشتووی شاری مەهاباد و خاوەنی بڕوانامەی لیسانسی کامپیوتێر بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان:بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی خۆپێشاندانی رۆژهەڵات دەکەین

**وشە / باز**

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، پشتگیری و پشتیوانی بەهەموو شێوەیەک بۆ خۆپێشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رادەگەیەنێت.

سۆران عومەر سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان بە"وشە"ی راگەیاند، ئێمە بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی خۆپێشاندانی مەدەنیانەی رۆژهەڵاتی کوردستانین دژ بە هەر زوڵم و ستەمێک، دژی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر خۆپێشاندەرانیش دەوەستینەوە.

هەروەها گوتی، وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاگەدار دەکەینەوە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی پەرلەمانیش بەکاردێنن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ ئەوەی توندوتیژی دژ بە خۆپێشاندەران ئەنجام نەدرێت.

ئاماژەی دا، لەگەڵ هەر خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکین لە هەر پارچەیەکی کوردستان دژ بە زوڵم و ستەم بکرێت، بریارە بەیانیش خۆپێشاندان لە هەولێر بۆ پشتیوانی مەهاباد ئەنجام بدرێ، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بەشدار دەبین لەگەڵیاندا .

سەرچاوە: ماڵپەری وشە نێت - ریکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---

## لێدوانی فراکسیۆنی پارتی لەبارەی رووداوەکانی مەهاباد



**وشە/گوڵستان**

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات، کە ئەوان پشتگیری لە داواکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و ئیدانەی ئەو تاوانە گەورەیەش دەکەن کە دژ بەو کچە کوردە و خەڵکی مەهاباد ئەنجام دراوە.

فەرحان جەوهەر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی بە"وشە" رایگەیاند، ئێمە پشتگیری لە داوا رەواکانی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات دەکەین و پێمان وایە دەبێ روونکردنەوەیەک لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی ئێرانەوە بدرێ لە سەر چۆنییەتی ئەم رووداوە و خۆ کوشتنی ئەو کچە لاوە لە هۆتێل تارای شاری مەهاباد، هاوکات پشتگیری لە داخوازییەکانی خەڵک دەکەین و مەحکومی ئەو تاوانە گەورەیە دەکەین کە دژی ئەو کچە و خەڵکی کورد کراوە.

لەبارەی پشتگیری فراکسیۆنەکەیان بۆ گردبوونەوەی پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی شاری مەهاباد، ناوبراو گوتی: پشتگیری لە نارەزایەتییەکەی سبەی لە شاری هەولێر دەکەین، هیوادارین نارەزایەتییەکانیش لە چوارچێوەی دیموکراتییەت و مەدەنیەت دەرنەچن و نەچنە خانەی توندوتیژییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕیکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## کوردستانیان لە خۆپێشاندنێکدا دەنگی نارەزایەتییان لە بارەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە گەیاندە پەرلەمانی کوردستانە




کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی ئەمرۆ یەکشەممە، کۆمەڵێکی بەرچاو بە نوێنەرایەتیی هێز و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، لە هەولێر لەبەردەم پەرلمانی کوردستان کۆبوونەوە و داوایان لە پەرلەمان کرد، یارمەتیی بەجێگەیاندنی داواکانیان بکات .

دوای ڕووداوکانی هەفتەی رابردووی شاری مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کوژرانی کچێک و بریندارbوون و دەستبەسەرکردنی دەیان کەسی لێکەوتەوە، ئەندامان و لایەنگرانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە خۆپێشاندانێکدا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، داواکانیان لە سێ خاڵدا پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد و سێ خاڵەکان بریتی بوون لە:

١- لێکۆڵینەوە لە دۆسیەیەی کوژرانی "فەریناز خوسرەوانی" لە دادگایەکی تایبەت، بێلایەن وئاشکرادا بکرێت و تاوانبارانی ئەم تاوانە بە سزا بگەینرێن.
٢- گیراوانی خۆپێشاندانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد بکرێن و بۆ چارەسەری بریندارەکان کارئاسانی بکرێت.
٣- ئەو بارودۆخە ئەمنیەتییەی کە بە هۆی هێزە نیزامی و سیخوڕیەکانیەوە بە سەر ژیانی خەڵیکدا سەپاندووە لاببردرێت.

لە خۆپێشاندانەکەدا ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە راگەیاندراوێکی جیاوازدا کوژرانی "فەریناز خوسرەوانی"یان شەرمەزار کرد و بە کەرامەتشکێنیان زانی.

ژنانی کوردستان کە لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەلات، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد و رێکخراوی ئافرەتانی خەبات پێکهاتبوون، لە راگەیەندراوەکەیاندا دەڵێن: " ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کورد بە گشتی و ئەرکی رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنە ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیە مەحکوم بکەن".

لە درێژەی گردبوونەوەکەدا، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، سۆران عومەر، وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و گوتی:

"

وێڕای بەخێرهێنانی لایەنەکانی چوارپارچەی کوردستان، لەم بۆنەیەدا کە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆبوونەتەوە، بۆ ئەو زوڵم وستەمانەی کە لێمان دەکرێ کۆدەبینەوە، بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەم کاتەدا بەرانبەر بە گەلەکەمان ئەنجام دەدرێ. ئەوەی لە مەهاباد روویداوە کارێکی وەحشیگەرانە و دڕندانەیە، ئیدانەی دەکەین وە هاوهەڵوێستین لەگەڵ ناڕەزایەتیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەهاباد و لە شوێنەکانی تر. لێرەشەوە بە نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باشوور دەڵێین، پێویستە توندوتیژی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران بە کار نەهێنن. ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە لە دادگایەکی عادیلانە بە سزا بگەینن وە داوای رەوای خەڵکی رۆژهەڵاتمان لەوێ بە هەند وەربگرن و چیتر رۆڵەکانمان نە لە نێو زیندانەکانیان بە ناوی ئیتیمای سیاسی بکەن بە پەتی قەنارە لەسەر جادە لە پیش چاوی خەڵک و چیتر رۆلەکانمان بە ناوی جۆراوجۆرەوە لە زیندانە مەترسیدارەکانیان توند نەکەن. جارێکیتر ئیدانەی کارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەکەین بەرانبەر بە کوردانمان لە رۆژهەڵات وە داوایان لێدەکەین ئەوەی کە بەرانبەر بە ئەو خوشکەمان فەریناز ئەنجام درا، بە زوویی تاوانباران بە سزا بگەیەندرێن وە هەرچی لە پەرلەمانی کوردستان وە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی بۆ پشتیوانی خەڵکی خۆمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ توانای دیپلۆماسیمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکاری دێنین وە پشتیوانی هەموو ناڕەزایەتییەکی مەدەنیانە و هەمووداوا گەلی خۆمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین" .

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر - ڕیکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاپۆرتێک لەسەر ناڕەزایەتییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ١٤ی گوڵانی ٢٧١٥ (٥ی مەی ٢٠١٥) دوای ئەوەی کچە کوردێکی مەهابادی بە ناوی فەرییناز خوسرەوانی کە کارمەندی هۆتێل تارای ئەم شارە بوو، لە لایەن یەکێک لە بەرپرسە ئەمنیەتییەکانی ڕژیم لە شاری مەهاباد و لەم هۆتێلەدا هەوڵ دەدرێ دەسدرێژیی بکرێتە سەر، ئەویش بەرگریی لە خۆی دەکات و لە کۆتاییدا بۆ خۆپاراستن لەم دەسدرێژییە خۆی لە نهۆمی چوارەمی ئەم هۆتێلەوە دەخاتە خوارەوە و هەر بەم هۆیەشەوە گیانی لەدەست دەدات.

ئەم کارەساتە بە ماوەیەکی کورت لە شاری مەهاباد دەنگی دایەوە و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاو بۆوە و کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر هەست و هزری خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان هەبوو. هەر بەم هۆیەوە ڕۆژی١٧ی گوڵان خەڵکی مەهاباد لە بەردەم هۆتێل تارای ئەم شارە کۆبوونەوە و وێڕای بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژیم لە مەهاباد، هۆتێلەکەشیان ئاگر تێبەردا. لەم خۆپێشاندانەدا چەندیین کەس لە خەڵک لە لایەن هێزەکانی "یگان ویژە" بریندار کران کە خەڵکیش بە بەرد وڵامیان دانەوە و چەند کەسێکیان لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم بریندار کرد و هەروەها ژمارەیەکیش خەڵک لە لایەن هێزی پەلاماردەری ڕژیمەوە دەسبەسەر کران.

ئەم سەرهەڵدانەی شاری مەهاباد پشتگریی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی بە دوای خۆیدا هێنا و بەم هۆیەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە داوای یەکگرتوویی و سەرهەڵدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان کرا. هەر بۆیەش چالاکوانانی ڕۆژهەڵات بڕیاریان دا لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٩ی گوڵان خۆپێشاندانی ناڕەزایەتیی بەڕێوە ببەن. دوای ئەمە ڕژیم هەم لە ڕاگەیاندنەکانی و هەم لە ڕێی کەسانی نزییک لە خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک هەوڵی چەواشەکردنی ڕووداوەکەی دا و لە لایەکی تریش هەڕەشەی سەرکوتکردنی خەڵکی کرد و لە ڕێی تاوانبارکردنی


سەرچاوە
Serchawe

خۆپێشاندەران بە "نائەوەی نائەمنی بە پیلانی گرووپەکانی زیددی ئینقلاب" هەوڵی ترساندنی خەڵک و پێشگرتن لە پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی دا.

بۆ ڕۆژی خۆپێشاندان و سەرهەڵدانەکە واتە بۆ ڕۆژی ١٩ی گوڵان، ڕژێم هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی تەنیی و دەستی کرد بە هەڕەشەکردن و گرتنی چالاکوانانی مەدەنی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەرەڕای ئەوەش خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەلات لە چەندین شار بە شێوازی جیاواز ناڕەزایەتیی و هاوپشتیی خۆیان بۆ سەرهەڵدانی خەڵکی مەهاباد و هاوپشتیی فەریناز خوسرەوانیی ڕاگەیاند.

ئەو هەواڵانەی تا ئێستا لەسەر ناڕەزایەتیەکانی شارەکانی کوردستان بە دەستی ئێمە گەیشتوون بە کورتی بریتیین لە:

**یەکەم**: خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی سەردەشت لە ئێوارەی ١٩ی گوڵاندا و بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک درووشم لە ڕێپێوانێکی مەدەنییدا کە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە دوو درووشمی " هەمووماان فەریینازین" و "مەهاباد تەنیا نییە!" بە پێی هەواڵەکان چەندین کەس لەم خۆپیشاندانەدا بریندار و دەسگیرکراوون.

**دووهەم**: بەردەوامیی ناڕەزایەتیی خەڵکی مەهاباد و داخستنی دووکان و بازاڕی ئەم شارە لە ڕۆژی ١٩ی گوڵاندا.

**سێهەم**: بەڕێوەچوونی مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕی شاری مەریوان لەکاتێکدا کە هەر لە دوای سەرهەڵدانەکەی مەهاباد لە مەریوان هێزە تایبەتییەکانی ڕژێم بە لیباس شەخسییەکانییشەوە بە شەو و ڕۆژ حکومەت نیزامیان لەم شارە بەڕێوە بردوە.

هەروەها هەواڵی نائاساییبوون و گەمارۆدانی شەقامەکانی شارەکانی سنە، سەقز، بۆکان، کامیاران، شنۆ و پیرانشار و دەسبەسەرکرانی چەندین کەس بەتایبەت لە سنە بە ئێمە گیشتوون و تا ئێستا ئەم بارە نائاساییە بەردەوامە و لەم بابەتەوە بە هۆی ئەمنیەتییبوونی شارەکان و داخرانی هێڵەکانی پێوەندییکردن، چەند و چۆنیی بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان ناڕوونن.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە ڕژێم لە ڕێی دەست و پێوەندییەکانی خۆیەوە وێڕای هەوڵی ترساندنی خەڵک بۆ بێدەنگردنی ئەم ناڕەزایەتییە و پێشگرتن بە فراوانبوونی، دەستیشی کردوە بە چەواشەکردنی کارەساتی خۆکوشتنی فەریناز و تۆمەتبارکردنی بە شێوازی جیاواز بۆ تیرۆری کەسایەتیی ئەو و ئەوانەی بەم هۆیەوە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە. هەروەها تا ئێستا چەندیین کەس دەسبەسەر کراون و چەندین کەسیش لە خۆپێشاندانەکاندا بریندار بوونە کە ژمارەیان ناڕوونە.

هاوکات پشتگیریی کردنی کوردستانیان لە هەر سێ بەشی تری کوردستان و لە دەرەوەش بەردەوام بووە. لە هەر سێ بەشەکەی تری کوردستان تا ئێستا هەواڵی خۆپێشاندانی شارەکانی ئامەد، کۆبانی، هەولێر، سلێمانی، کەلار، دهۆک و سەیدسادق گەیشتووە و

خەڵکی ئەم شارانە بە شێوازی جیاواز پشتگیریی خۆیان بۆ سەرهەڵدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندوە.

لە دەرەوەی کوردستانیش تا ئێستا لە چەندین شاری ئاڵمان، سوید و فەنلاند و ئینگلستان خۆپیشاندانی کوردستانیان بەڕێوە چووە و کوردستانییان وێڕای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەم ڕژیمە، پشتگیریی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەروەها بۆ بەردەوامیی و پەرەپێدانی سەرهەڵدانەکە ڕاگەیاندوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠ی گوڵانی ٢٧١٥

١٠ی مەی ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی یوکسانیی کوردستان - ڕیکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئێران سوتێنرا



لەبەرامبەر بێ دەنگ بونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر دۆسیەی کوژرانی کچە کوردێکی خۆرهەڵاتی کوردستان لەشاری مەهاباد، لایەنە سیاسیەکان و چالاکانی مەدەنی خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا و لەخۆپێشاندنەکەدا بەیاننامەیەکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد کە تێیدا داوای لێکۆڵینەوەیان دەکرد لەسەر کوژرانیی (فەریناز خوسرەوانی) و لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئێران سوتێنرا.

لەبەیاننامەکەدا کە بەناوی سەرجەم لایەنە سیاسیەکانەوە نوسرابوو بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خوێندرایەوە و تێیدا هاتبوو، ڕۆژ نیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕوی کێشە و مەینەتی نە بنەوە، ڕۆژی یەکشەمەی رابڕدو لەدواین ڕوداودا کچەکوردێک بەناوی (فەریناز خوسرەوانی) دەکوژرێت، بەڵام بەهۆی بونی دەستی یەکێک لەپیاوانی حکومەتی ئێران، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بێ دەنگ دەبن لەسەر لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە کە داوای خەڵکی مەهاباد بوو، ئەمەش وایکرد خەڵکی ڕۆژهەڵات کۆبونەوەی نارەزای ئەنجام بدەن و لەئەنجامیشدا هێزە ئەمنیەکان هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و زیاتر لە 20 کەسیان بریندار کرد و بەدەیان کەسیان دەستگیرکرد.

هەر لەبەیاننامەکەدا خۆپێشاندەران داوای دەکەن لێکۆڵینەوە بکرێ لەدۆسیەی کوژرانی (فەریناز خوسرەوانی) لەدادگایەکی بێ لایەن و و تاوانباران سزا بدرێن، هەروەها گیراوانی خۆپێشاندانەکانی مەهاباد ئازاد بکرێن و بریندارنیش چارەسەر بکرێن، ئەو بارودۆخەی ئەمنیەی سیخوریەی بەسەر ژیانی خەڵکەوە دروست کراوە لاببرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێستانیوز - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

## دەسەڵاتی دادوەری ئێران دانیپێدانا .. کاردانەوەکانی رووداوی خۆکوشتنی فەریناز بەردەوامن



کاردانەوەکان دژی رووداوی گیانلەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی بەردەوامە و لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێزە ئەمنییەکان سەدان خۆپیشاندەر دەستگیر دەکەن، لە ئەستەنبول و هەولێر و چەمچەماڵیش خۆپیشاندانی پشتیوانی بەڕێوەچو، دەسەڵاتی دادوەری ئێرانیش دانی بەوەداناوە هۆکاری گیانلەدەستدانەکەی فەریناز بۆ خۆپاراستن لە هەوڵی دەستدرێژی کردنەسەری بوە.

سەرباری گرتنەبەری رێوشوێنی توندی ئەمنی لە سەرجەم شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە زۆربەی شارەکان بەردەوامە و بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی کوردپا لە شارەکانی سنە و سەقز و سەردەشت سەدان کەس رژاونەتە سەرشەقامەکان و هێزە ئەمنیەکانیش دەیان خۆپیشاندەریان لەو سێ شارە دەستگیرکردوە، هاوکات رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئیدانەی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و داوای لە دەسەڵاتدارانی تاران کردوە لە بری سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە پێکبهێنێت.

ئەوە لە کاتێکدایە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست و لێکدانەوەی جیاوازیان سەبارەت بە رووداوەکە بڵاوکردوەتەوە، دەسەڵاتی دادوەری ئێران دەربیڕیوە و لەو چوارچێوەیەشدا، غوڵام حوسێن ئەژەیی، وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەریی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دانی بەوەداناوە کەسێک ویستویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەر فەریناز خوسرەوانی، بەو هۆیەشەوە فەریناز خۆی لە نهۆمی چوارەمی هۆتێلەکەوە خستوەتە خوارەوە.

وتیشی: "ئەو کەسەی تۆمەتبارە بە دەستدرێژیکردنە سەر فەریناز، دەستگیرکراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامە".

هاوکات لە درێژەی کاردانەوەکان لە هەولێر و چەند شار و شارۆچکەیەکی هەرێمی کوردستان، پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی ژنانی خۆرهەلاتی کوردستان لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و شوێنە گشتیەکاندا خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی خۆپیشاندانەکانی مەهاباد ئەنجامدرا.

لە لایەکی دیکەوە رێکخستنەکانی هەدەپە لە شاری ئەستەنبوڵ لە تورکیا، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم کونسوڵخانەی ئێران بۆ پشتیوانیی لە داواکاری خۆپیشاندەرانی مهاباد بۆ دۆسیەی گیانلەدەستدانی کچەکەی ئوتێل تارا، رێکخست و تێیدا ئیدانەی روداوەکە کراو و داوایان کرد: "تۆمەتباران دەستگیربکرێن و لە دادگایەکی سەربەخۆدا سزای خۆیان وەرگرن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥

---

## کەرکوکیەکان رژێمی ئێرانیان شەرمەزار کرد و پشتگیری خۆیان بۆ هەدەپە دەربڕی

تاوانی ئەم جارەی رژێمیش لەکەسایەتی"فەریناز خوسرەوانی"دژ بەهەموو ژنانی کورد و مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە



**ئا/ ئەحمەد حەبیب**

ڕێکخراوە مەدەنی و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی شاری کەرکوک لەگردبوونەوەیەکیدا رژێمی ئێرانیان شەرمەزار کرد و هاوکاتیش داوایان لەهەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان کرد دەست لەهەڵوێستی شەرمنانەی خۆیان لەبەرامبەر بە رژێمی ئێران بەردەن و هەڵوێستێک لەئاستی دەنگی ناڕەزایەتی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەرببڕن و هاوکاتیش هەر لەو گردبوونەوەیەدا پشتگیری خۆیان بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی مانگی حوزەیران لەتورکیا و باکوری کوردستان بۆ پارتی دیموکراتی گەلان"هەدەپە"نیشاندا.

ئەمڕۆ کاتژمێر"٤"ی پاش نیوەڕۆ بەدەستپێشخەری هەریەکە لەرێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، گروپی کەرکوک بۆ پرسە نەتەوەیەکان و کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و بەبەشداری لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی شاری کەرکوک لەباخچەی قەڵای شارەکە گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دژ بەرژێمی ئێران و پاڵپشتی بۆ هەدەپە لەهەڵبژاردنەکانی حەوتی حوزەیران لەتورکیا و باکوری کوردستان بەرێوە چوو.

گردبوونەوەکە بەخۆلەکێک راوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادیخوازی گەلی کوردستان و گیانبەختکردنی فەرینا خوسرەوانی دەستی پێکرد و پاشان بەیاننامەی هەریەکە لەرێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان و گروپی کەرکوک بۆ پرسە

نەتەوەییەکان و کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و رێکخراوی پێگە بۆ داکۆکی لەپرسی ژنان دەستی پێکرد.

لەبەیاننامەکەی لایەنەکاندا وێرای شەرمەزارکردنی رژێمی ئێران لەبەرامبەر بە کۆشتنی ژنە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری مەهاباد"فەرینا خوسرەوانی"، داوا کرا کە نارەزایەتیەکانی شاری مەهاباد لە هەموو شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات پشتگیری بکرێت؛ چونکە رژێمی ئیسلامی ئێران هاوشێوەی داعش رۆژانە گەنجانی کورد لەسێدارە دەدات و تاوانی ئەم جارەی رژێمیش لەکەسایەتی"فەریناز خوسرەوانی"دژ بەهەموو ژنانی کورد و مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە و ئەمەش دوا هەوڵی رژێم نابێت بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی ئیرادەی ئازادی گەلەکەمان. لەهەمانکاتیشدا لایەنەکان رەخنەیان لەهەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان کرد کە بەهەڵوێستێکی شەرمنانەوە نزیکی رژێمی ئێران دەبنەوە و هیچ هەڵوێستێکیان لەئاستی سەرهەڵدان و نارەزایەتیەکانی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەرنابڕن و ئەمەش مایەی شەرمە. دەبێت گەلی کورد لەهەرچوار بەشی کوردستان و هەندەرانیش پشتگیری نارەزایەتیەکانی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و رژێمی ئیسلامی ئێران بەتوندی شەرمەزار و ریسوا بکەن.

هاوکات لەگردبوونەوەکەدا شەهیدانی ٩ی گوڵان کە بەشێوەی بەکۆمەڵ لەلایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە لەسێدارە دران یادیان کرایەوە و سەری رێزونەوازش بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دانرا.

هەروەها لایەنەکانی بەشداربووی گردبوونەوەکە پشتگیری خۆیان بۆ پارتی دیموکراتی گەلان"هەدەپە"دەربڕی و ئاماژەیان بەوەش کرد کە سەرکەوتنی هەدەپە لەباکوری کوردستان و تورکیا دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لەتێکۆشانی دیموکراسیانە و سیاسییانە و ئاشتیخوازانەی گەلەکەمان لەکوردستان و تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرکەش بەهەر بیانۆیەک پشتگیری ئاکەپە بکات، ئەوا خیانەتێکی گەورەی نیشتمانی لەگەلەکەمان دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی تەڤگەری ئازادی - رێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خەڵکی مەهاباد خرۆشا



ڕۆژی سێشەممە ١٥ی بانەمەڕ یەکێک لە کاربەدەستانی سەر بە ئیتتیلاعاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری مەهاباد بە ناوی هوتێل (تارا) هەوڵی داوە دەستدرێژیی بکاتە سەر نامووسی کچێکی ٢٦ ساڵە بە ناوی ( فەریناز خوسرەوانیی). هەر بە گوێرەی هەواڵەکان فەریناز بۆ پاراستنی نامووس و ئابڕووی خۆی و خۆدەربازکردن لە چنگی ئەو کاربەدەستەی

ڕژیم لە تەبەقی چوارەمی هوتێلەکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارێ و گیانی لەدەست داوە.

ئەو کارەساتە هەستبزوێن و دڵتەزێنە بووە هەوێنی هەستانی شەپۆلێکی توندی نارەزایەتیی و تووڕەیی شاری مەهاباد و دەوروبەری. هەر بۆیە ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٧ی بانەمەڕ خەڵکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەری مەهاباد بە گشتیی و لاوانی بەهەست و هەڵوێستی ئەو شارە لە دژی ڕژیم و زوڵم و بێحورمەتییە بەردەوامەکانی ڕاپەڕین و لە هەڵوێستێکی یەکگرتووانەی شۆڕشگێڕانەدا لە دژی مەحکومکردنی ئەو کردەوە نائینسانییە و لە تۆڵەی خوێنی فەریناز هاتنە سەر جادە و شەقامە سەرەکییەکانی شار و بە تایبەتییش لە بەردەم هوتێلی ناوبراو و لە دەوروبەری شوێنی کارەساتەکە کۆبوونەوە و بە دانی دروشم و هێرشکردنە سەر هوتێلەکە دەستیان بە خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەریی کرد.

بە سەدان کەس لە چەکداران و هێزە بەناو ئەمنیەتییەکانی ڕژیم زۆر بە توونديی هەوڵیان دا بەرپەرچی خۆپیشاندەران و خەڵکی خرۆشاو و لاوانی ڕاپەڕیو بدەنەوە و بە گورز کوتەک و گازی فرمێسکرێژ و تەنانەت چەک ویستیان بەر بە ئاپۆرەی خەڵکی تووڕە و ناڕازیی بگرن، بەڵام ورە و هێزی لاوانی نیشتمانپەروەر و خەڵکی خۆڕاگری مەهاباد نەک هەر تۆزقاڵێک لە عەزم و ئیرادەی خۆیان کەم نەکردەوە بگرە زۆر بە توونديی بەگژ چەکدارانی ڕژیمدا چوونەوە و بە دار و بەرد و مۆلۆتۆف و چەکی ساردی دیکە هێرشیان کردە سەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم و چەند کەسیان لێ بریندار کردن و ناچار بە پاشەکشەیان کردن.

لێشاوی لاوانی خرۆشاو تا بەردەرکەی هوتێل (تارا) نەوەستا و لەوێش بە سەدان کەس کۆبوونەوە و زۆر ئازایانە و چاونەترسانە بە دروشمی جۆراوجۆر ڕژیم و کردەوە چەپەڵەکانی کاربەدەستەکانیان مەحکوم و ڕیسوا کرد و داوای تۆڵەی ئەو بێحورمەتیی و ئەتکە و خوێنی بەناحەقڕژاوی (فەریناز خوسرەوانی)یان دەکرد.

جێگەی باسە کە تا کاتی نووسینی ئەم هەواڵە بە هۆی تەقەی هێزە ئیتتیلاعاتیی و بەناو ئەمنیەتییەکانی ڕژیم چەند کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەهابد بریندار بوون و، تەنانەت هەواڵەکان باس لە شەهیدبوونی دوو کەس لە خۆپیشاندەران دەکەن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە هەر بە مەبەستی مەحکومردنی هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر فەریناز خوسرەوانی و لە تۆڵەی خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەو کچە کوردە و بۆ نیشاندانی هاوخەباتیی و هاوئامانجیی لەگەڵ خەڵکی خۆڕاگری مەهاباد بڕیارە سبەینێ جومعە ١٨ی بانەمەڕ لە دوای نوێژی جومعە لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورە بەڕێوەبچن.

ئێمە لە ماڵپەڕی (خەبات)، ماڵپەڕی ناوەندیی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان، دەستی ماندووی یەکە بە یەکەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە گشتیی و شاری ئازا و ئازادیخوازی مەهاباد دەگوشین و، بە نیشانەی ڕێز لە بەرابەر هەستی نیشتمانویستیی و ناموسپارێزیی لاوانی خوێنگەرم و خاوەنهەڵوێستی کورددا سەر دادەنوێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان - ڕێکەوتی: مانگی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## بیروڕای گشتیی کوردستان بەهۆی بەدوادانەچوون بە ناڕوونییەکانی مەرگی کچە مەهابادییەکە، تووڕەیە




بیروڕای گشتیی کوردستان بەهۆی بەدوادانەچوون بە ناڕوونییەکانی مەرگی کچە مەهابادییەکە، تووڕەیەئاژانسی کوردپا: ناڕوونی و گوماناوی بوونی مەرگی کچێکی لاوی خەڵکی مەهاباد و فەرمانبەری هۆتێلی تارا لەو شارە، بەهۆی تووڕەیی هاووڵاتییانی مەهابادی و بیروڕای گشتیی کوردستان ئاراستەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا و بە پشت بەستن بۆ کۆمەڵێک سەرچاوە کە هەواڵەکەیان پشڕاست نەکردووەتەوە، کچێکی لاوی خەڵکی شاری مەهاباد بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" کە فەرمانبەری "هۆتێل تارا"ی ئەو شارە بووە، رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ، بە مەبەستی "پاراستنی نامووس" و پێشگیری لە دەسدرێژیی مەئموورێکی سەربە "ئیدارەی ئیتلاعات"، لە نهۆمی چوارەمی بینای هۆتێلەکەوە خۆی بەر داوەتە خوارەوە.

بە وتەی هاووڵاتییانی دانیشتووی مەهاباد و شەپۆلێکی بەربڵاوی رووماڵی خەبەریی ئەو رووداوە لە دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەسێک کە هەوڵی دەسدرێژی کردن بۆسەر ئەو کچەی داوە، لە مۆرەکانی سەربە ئیدارەی ئیتلاعات بووە.

بەپێی راپۆرتەکان، خاوەنی "هۆتێل تارا" لە مەهاباد بەناوی "نادر مەولوودی" بەستێنی دەسدرێژیی ئەو مەئموورەی ئیتلاعاتی بۆسەر ئەو کچە لەمەڕ وەرگرتنی ئیمتیازی ٥ ئەستێرە بۆ هۆتێلەکەی رەخساندووە و لە ئەنجامدا فەریناز بە ناچاری خۆی کوشتووە، بەڵام کارگێڕی هۆتێلەکە و کەسانی نزیک لەو کارگێڕە، هەواڵەکانیان بە درۆ خستووەتەوە.

کەسێکی نزیک لە کارگێڕی هۆتێل تارا بە هەواڵنێری کوردپای راگەیاندووە، هەواڵە بڵاوکراوەکان لەبارەی ئەم رووداوەوە لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکاندا ناڕاستە، بەڵام هەواڵی مەرگی "فەریناز خوسرەوانی"، لە هۆتێل تارا پشڕاست کردووەتەوە و هۆکاری مەرگەکەشی بۆ بەربوونەوە لە نهۆمی سێیەمی ئەو هۆتێلە گەڕاندووەتەوە.

ئاژانسی کوردپا لە ئەگەری ناڕاست بوونی ئیدعای ئەم سەرچاوەیە، ناو و ناوبانگی ناوبراو لەمەڕ روونکردنەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک بڵاو دەکاتەوە.

ئەو سەرچاوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ لە درێژەدا وتی: فەرمانبەری ئیدارەی گەشتیاری لەلایەن ئیدارەی ئاگاهیی مەهابادەوە دەسبەسەر و ٢ رۆژە لە پێوەندی لەگەڵ مەرگی ئەو کچە مەهابادییە لەژێر لێپێچینەوە دایە.

ئەو سەرچاوە پێوەندیی فەرمانبەری ئیدارەی گەشتیاری بە ئیتلاعاتەوە بە درۆ دەخاتەوە، بەڵام تێکڕای هەواڵە بڵاوکراوەکان باس لەوە دەکەن کە ناوبراو مەئمووری ئیدارەی ئیتلاعاتە و لە دۆستانی نزیکی کارگێڕی هۆتێل تارا بووە.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، شەپۆلێکی بەرینی نارەزایەتیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێ کەوتووەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە میدیاکاندا، هاووڵاتییانی مەهابادی رایانگەیاندووە کەلە رۆژانی داهاتوودا، کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەمەڕ دادگایی کردنی خاوەنی هۆتێلی تارا و بکەرانی ئەو رووداوە لە بەرانبەر ئەو هۆتێلەدا بەڕێوە دەبەن.

فەریناز خوسرەوانی تەمەن ٢٦ ساڵە و دانیشتووی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵەبجە پشتیوانە بۆ مەهاباد



گردبونەوەی ئەمرۆی چالاکوانان و دەستەی خانمانی هەلەبجەی شەهیدان ،،بۆشەرمەزارکردنی کردوە نامرۆڤانەکانی کاربەدەستانی کۆماری سیدارەی ئیران دەرهەقی فەریناز خوسرەوانی و پشتیوانی هەلویستی کوردانەی خەڵکی مەهاباد.لەو گردبونەوەیەدا پەیامێک خوێنرایەوە ئەمە دەقەکەیەتی

### هەڵەبجە پشتیوانە بۆ مەهاباد

ئەمرۆ ئەنجومەنی خانمان و چالاکوانانی هەلەبجە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهابادوە بۆ شەرمەزارکردنی کرداری نا مرۆڤانەو ملهورانەی کار بەدەستانی رژێمی پەتو سێدارە هاتنە سەرجادە، بەهۆی دەسدرێژی کاربەدەستان و خۆفرۆشانی رژێم بۆ سەر کێژێکی مەهابادی لەئوتیل کاری دەکرد بۆ بژێوی خۆیی و خانەوادەکەی،بەلام عیزەتی نەفس و پێگەی کۆمەلاتی ئەو کیژە رێگەی نەدا کە ملهورانی رژێم بەئاوات بگەن، دەستی پیسیان پێی بگات، لە بالکۆنی ئوتێلەکە خۆی خستە خوارەوە و گیانی لەدەست دا.

گیان لەدەست دانی ئەم کیژە بوە هۆی وروژانی هەستی مرۆڤانەو شۆرشگێرانەی خەڵکی مەهاباد سەرئەنجام هێرشیان بردە سەر ئوتێلکەو ئاگریان تێ بەردا، ئەنجامدەرو تاوانباری کوشتنەکەش هەڵهاتن، گرژی وئالۆزی پەیدا بوو بەهۆی هاتنی هیزە سەرکوت کەرەکانی رژێمەوە، شەهیدو برینداریکی زۆرهەیە، رەشبگیر دەستی پێ کردوە، ئالۆزی و بلاو کردنەوەی هێز لەشارە کورد نشینەکانی رۆژهەلات هەیە، لەجەندین شار پشتیوانی بۆ خەڵکی مەهاباد راگەیەنرا،لەباشوریش بەردەوامە (سلێمانی،هەولێر، گەرمیان دهۆک، هەلەبجە)، هاوکات رێکخراوەکانی ژنان لە ولاتانی ئەوروپا پشتیوانی نارەزایەتیەکانیان بەردەوامە.

ڕژێمی پەتو سێدارە ڕۆژانە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی ئیران پێشێل دەکات بەتایبەت کوردستان، زیندانەکان پڕن لەجەوانی کورد، لەسێدارەدان بەردەوامە، کوشتنی کۆڵبەرانی کورد بەردەوامە، هەژاری و نەداری و دەسکورتی و باری ئابوری نالەباری خەڵکی کوردستان لەئاستی هەرەبەرزدایە، مامەلەی جەستە و ئازاردانی ڕۆحی ژنان بەردەوامە،

نمونەی فەریناز خوسرەوانی، نمونەی ژنی کوردی بەشەرف و پاک، خاوەن پێگەی کەسایتی بوو،بۆیە ماوەی نەدا دەستی چەپەڵی نەفس نزمان و خۆفرۆشانی ڕژێمی پێ بگات،خۆی کردە قوربانی تا پێگە و شکۆی ژنی کورد بپارێزێ.

ئەم تاوانە ئەگەر چی پێشێلکردنی سەرەتایی مافەکانی مرۆڤە، لەهەمان کاتاد بێ حورمەتیە بە پێگە وشکۆی ژن و بەتایبەتی ژنی کوردستان،و هەوڵێکە بۆ هەڵتەکاندن و شێواندنی شیرازەو بەها جوانەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

ئێمە لەهەلەبجەوە گیان بەخت کردنی فەریناز و سەرهەڵدان و خۆراگری خەڵکی مەهاباد بەرز دەنرخێنین ، وەدڵنیاین خەڵکی بەشەرفی کوردستان لەئاست هەر دەستدرێژو سەرکوتێک وەلامیان دەبێت و تاسەر دیلی و بن دەستی قبوڵ ناکەن.

بەتایبەت ژنانی کوردستان هەرگیز ژنانی مەهابادو ڕۆژهەلات بەتەنیا ناهێڵن و پشتیوان و خاوەنداریان لێ دەکەن لەخەباتیان دژ بە توندوتیژی و دەستدرێژی هەرجۆرە پێشێلیکی مافەکانی مرۆڤ.

دەستەی خانمان و چالاکوانانی هەلەبجە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاک - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## هونەرمەندانی کورد بە دروستکردنی ئەنیمەیشن، پشتیوانییان لە ناڕەزایەتییەکانی مەهاباد کرد + ئەنیمەیشن



هونەرمەندانی کورد بە دروستکردنی ئەنیمەیشن، پشتیوانییان لە ناڕەزایەتییەکانی مەهاباد کرد + ئەنیمەیشنئاژانسی کوردپا: ژمارەیەک چالاکی فەرهەنگیی کورد بە دروستکردنی ئەنیمەیشن، پاڵپشتیی خۆیان بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی ئەم دوایی‌یەی مەهاباد دەربڕی.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ژمارەیەک لە چالاکانی فەرهەنگیی کورد لەژێر دروشمی "خاوەنی راستەقینەی ئەم رێبازە ئێمەین" ئەنیمەیشنێکیان لەبارەی رووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی مەهاباد دروست کرد.

داڕێژەرانی ئەم ئەنیمەیشنە دەڵێن: لەم بارودۆخەدا، نابێ بە هەڵبژاردنی بێدەنگی، چاوەڕێ کردن، کەمتەرخەمی و مانەوە لە ماڵاندا خۆمان هەڵخەڵەتێنین.

داڕیژەرانی ئەم ئەنیمەیشنە داوایان کردووە کە دەبێ بە نووسین، راگەیاندن، بەشداری لەم بوارە، هۆنینەوە سروود و وێنەکێشان، ئەرکی فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبیی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

کاوە پەرویزی (ئاژوان کامیاران)، داهێنەری ئەم بەرهەمە بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپای راگەیاند: ئەم ئەنیمەیشنە هەڵقوڵاوی سەرهەڵدانی ئەم دوایی‌یەی مەهاباد و پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی ئازادیخوازان دەکات.

ناوبراو دروستکردنی ئەو ئەنیمەیشنەی بۆ پشتیوانی لە فەریناز خوسرەوانی و خەڵکی مەهاباد راگەیاندووە.

داهێنەرانی ئەو بەرهەمە، ئەو ئەنیمەیشنە پێشکەش بە تێکڕای ئەو کەسانە دەکەن کە جارێکی دەنگی جەماوەریان کردە خاوەنی راستەقینەی سەرهەڵدانی ئازادیخوانەیان.

رۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕ، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی کەلە بەرانبەر هۆتێل تارا بۆ دەبڕینی ناڕەزایەتی لەهەمبەر مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی ڕێکخرابوو، بە دەستێوەردانی هێزە حکوومەتییەکان بەرەو توندوتیژی کێشرا.

هاووڵاتییان مەهابادی لەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەدا خوازیاری دادگایی کردنی دەست و پێوەندییەکانی مەرگی فەریناز خوسرەوانی بوون.

ئەو کۆبوونەوە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە دەستی پێ کردبوو کە بە ئامادەبوونی هێزێکی زۆری ئەمنیەتی و نیزامی توندوتیژیی لێکەوتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## پشتیوانیی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ کوردانی مەهاباد بەردەوامە



**باسنیوز – هێرش ڕەحمان**

لە شارەکانی (باشوور، باکوور و رۆژئاوا)ی کوردستان، هاووڵاتییانی کورد بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی شاری مەهاباد و مەحکووم کردنی مەرگی "فەریناز خوسرەوانی"، خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

بە گوێرەی زانیارییەکانی (باسنیوز)، لە شارەکانی (ئامەد و باتمان)ی باکووری کوردستان، هاووڵاتییان پشتیوانییان لە خەڵکی شاری مەهاباد کرد و لەو چالاکییانەدا، "گوڵتان کشاناک"، سەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئامەد پەیامێکی پێشکەش کرد. هەروەها لە کۆنفرانسی (لاوانی کورد) کە لە ئامەد بەڕێوە دەچێت، کۆنفرانسکە رێزی لە گیانی پاکی "فەریناز خوسرەوانی" گرت و وێنەکەیان وەکو سیمبولی بەرخۆدانی ژنانی کورد هەڵواسیوە.

پێشتر (باسنیوز) بڵاوی کردەوە کە ئەمڕۆ شەممە ٩ - ٥ - ٢٠١٥ ، لە شارۆچکەی (سۆران)ی سەر بە پارێزگای هەولێر، خوێندکارانی زانکۆی سۆران و ژمارەیەک چالاکوانی مەدەنی، خۆپیشاندانێکیان لە گۆڕەپانی پێشمەرگەوە بۆ گۆڕەپانی ناو شار بەڕێوە برد کە وێنەی رێبەرانی کورد و رێبەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە دەستەوە بوو و درووشمی (مەهاباد تەنیا نییە)یان گوتەوە.

هەر ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر، گردبوونەوەیەک لە بەردەم پارکی شانەدەر بۆ پشتیوانی کردن لە نارەزایەتییەکانی مەهاباد بەڕێوە چوو.

بڕیاریشە سبەی یەکشەممە ١٠ - ٥ - ٢٠١٥، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، خۆپیشاندانی نارەزاییی بۆ مەرگی فەریناز بەڕێوە بچێت.

لە شاری سلێمانیش، خۆپیشاندان بەڕێوەچوو و ژمارەیەک هاووڵاتیی تێیدا بەشدار بوون.

هەر ئەمڕۆ لە شاری (قامیشلۆ)ی ڕۆژئاوای کوردستان، هاووڵاتییان پشتیوانییان لە شاری مەهاباد کرد و دروشمی "مەهاباد تەنیا نییە"یان بە دەستەوە بوو. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزەکانی ئاسایش لە شارەکە، بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٥

---

# پۆستیر و وێنە

دیزاین و ئامادە کردنی : ئاگری باڵەکی









سەرچاوە
Serchawe









سەرچاوە
Serchawe


مەهاباد
MAHABAD
مەهاباد بۆ پارێزگاریی لە کەرامەتی ژن ڕاپەڕیوە
مەهاباد، چاوەڕوانی ڕاپەڕینی سەرتاسەریە
د: ئاگری . ب









سەرچاوە
Serchawe


ئەمڕۆ مەهاباد، سبەی گشت کوردستان
مەهاباد چاوەڕێی پشتیوانی ئێوەیە..
ڕۆژی هەینی سەعات ٥ بەکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات پشتیوانی لە مەهاباد دەکەن
خۆپێشاندانی ئەوڕۆی مەهاباد
د: ئاگری . ب


لەفەیسبوک سەدانمان بکەن..
سەرهەڵدانی رۆژهەڵاتی کوردستان
Uprising of Eastern Kurdistan
ئێرە کوردستانە!
ئێرە مەهابادە!
سەرهەڵدانی مەهاباد پێویستی بە پشتیوانیە
کوردەکان بۆ پاراستنی کەرامەتی ژن راپەریون
یک شنبه ۲۰ اردیبهشت
سعات ٦ ، میدان شهر
یەک شەممە ۲۰ بانەمەر،
سەعات ٦ لە گۆرەپانی شاڕ
Sunday 10 may
Time 6 in the city Center


مەهاباد بۆ پارێزگاریی
لە کەرامەتی ژن ڕاپەریوە
د: ئاگری . ب









سەرچاوە
Serchawe









سەرچاوە
Serchawe









سەرچاوە
Serchawe



لەبەرامبەر مەرگی
فەریناز خوسرەوانی دا
بێ دەنگ نابین
هەمووومان پێکەوە..
رۆژی پینج شەممە
کاتژمێر ٥ی ئێوارێ
لە بەر دەم هۆتێل تارا
A.B


THIS IS MAHABAD
THIS IS EASTERN KURDISTAN
مەهاباد
MAHABAD
7 May 2015
D: Agri Balaki






سەرچاوە
Serchawe


MAHABAD
EAST OF KURDISTAN
7 May 2015
Kurdistan Democratic Praty
Abroad Committee Media Centre
www.kurdistanukurd.com
Email: kdpeu@yahoo.com
kdp_uk@yahoo.com
nawendi.hewal@gmail.com
Tel: 0044 7947645239
0046 737695662
0047 40163445


"ئاکام تەلاج"
یەکێک لە بریندارەکانی مەهاباد..
ئێرە کوردستانە!
ئێرە مەهابادە!
٢٠ی بانەمەڕ ١٣٩٤
وێنە لە روداوو وەرگیراوە.
سەرهەڵدانی رۆژهەڵاتی کوردستان
Uprising of Eastern Kurdistan









سەرچاوە
Serchawe


ئێرە کوردستانە!
ئێرە سەردەشتە!
١٩ی بانەمەڕ ١٣٩٤
ژنانی پێشەنگی خۆپێشاندانی سەردەشت
بەهاری رۆژهەڵات لە مەهابادەوە دەستی پێکرد
کومیتەی هەماهەنگی
خۆپێشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان


ئێرە کوردستانە!
ئێرە مەهابادە!
١٧ی بانەمەڕ ١٣٩٤
ئاگری . ب


ئێرە کوردستانە!
ئێرە سەردەشتە!
١٩ ی بانەمەڕ ١٣٩٤
هه مومان فه رینازین
مه هاباد ته نیا نیه
سەردەشت، لە وەڵامی مەهاباد هاتە سەر شەقام
کومیتەی هەماهەنگی
خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


هێزەکانی گوردانی ویژەی مەهاباد
وێنە: ١٧ی بانەڕی ١٣٩٤
شوێن مەهاباد، بەردەم هوتێل تارا






سەرچاوە
Serchawe









سەرچاوە
Serchawe







سەرچاوە
Serchawe


له ئاست كوشتنی
فەریناز خوسرەوانی
بێ دەنگ مەبن
وا بڕیارە سبەی 16ی بانەمەڕ لەکاتی ناشتنی
فەریناز خوسرەوانی لەشاری مەهاباد،
کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لەشاری مەهاباد
بەڕێوە بچێ و هەورەهاکۆبوونەوەکە تا بەردەم
هوتێل "تارا" درێژە بکێشێ.


مانگرتنی گشتی
اعتصاب عمومی
14 May
General Strike in
Iranian Kurdistan
اعتصاب عمومی
٢٤ اردیبهشت
پنج شنبه
مانگرتنی گشتی
٢٤ بانەمەڕ
پێنج شەممە
ئازادی زیندانیانی خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵات
ئازادی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە ئێراندا
چالاکانی سیاسی و مەدەنی
نێو خۆی کوردوستان




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧١٥ی کوردی = مای ٢٠١٥ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

